بریان ڕۆبەرت گیبسن

# ئەریَ کورد بوونە بەردەباز؟!

## سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، عێراق، کورد و جەنگی سارد

## لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تا ٢٠ی ئازاری ١٩٧٥

و. لە ئینگلیزییەوە:

**شەفیقی حاجی خدر**



هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟!

نووسەر: بریان ڕۆبەرت گیبسن

و. لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر

بابەت: مێژووی هاوچەرخ

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٩

بەرگ: حەمە سەعاتچی

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی «٢٢٩»ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە ©

بێ ڕەزامەندی وەرگێڕ، هیچ کەس و لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا چ بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی یان هەر شێوازێکی دیکەی لەبەرگرتنەوە بێت.



هەواڵنامەی کتێب

## ناوەڕۆک


پێشباری وەرگێڕ ........ 7
کورتەپێشەکی نووسەر بۆ ئەم وەرگێڕانە ........ 13
دەستپێک ........ 15
بەندی: ١ ئایزنهاوەر و ڕژێمەکەی قاسم: تەممووزی ١٩٥٨ - کانوونی دووەمی ١٩٦١ ........ 35
ناوچەیەکی شێواو (پاشاگەردان) ........ 36
کودەتاکەی تەمموز ........ 40
چەسپاندنی دەسەڵات ........ 48
کاردانەوە بۆ سەختانگ ........ 51
ئایا سوور دەبێ؟ ........ 59
کۆمیتە تایبەتەکە ........ 75
سەختانگەکە بەردەوامە ........ 82
ئەنجام ........ 96
بەندی: ٢ کەنەدی و ڕژێمی قاسم: کانوونی دووەمی ١٩٦١ - شوباتی ١٩٦٣ ........ 101
جەنگی ساردی جیهانی ........ 102
سێ سەختانگەکە ........ 105
لە بێباکییەوە بۆ پەیوەستبوون ........ 122
هەڵسەنگاندنەوەی عێراق ........ 127
لە نەجووڵانەوە بۆ تەکاندان ........ 134
ئەنجام ........ 146
بەندی: ٣ کەنەدی و یەکەمین ڕژێمی بەعسی: شوبات - تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ........ 151
هەڵسەنگاندنی کودەتاکە ........ 154




هەواڵنامەی کتێب

سۆڤیەتییەکان و کورد ........................................................................ 161
چەکفرۆشتن بە عێراق؟ ........................................................................ 165
شەڕی کورد ........................................................................ 173
یەکەمین کەناڵی نهێنی ........................................................................ 183
ڕووخانی حیزبی بەعس ........................................................................ 194
ئەنجام ........................................................................ 199
بەندی: ٤ جۆنسن و ناسیونالیستە عەرەبەکان: تشرینی دووەمی ١٩٦٣ – حوزەیرانی ١٩٦٧ ........................................................................ 203
هەڵسەنگاندنی عارف ........................................................................ 205
بگرەوبەردەی دۆستان ........................................................................ 208
وێنەیەکی گەورەتر ........................................................................ 215
پەیوەندییەکەی ئیسرائیل ........................................................................ 216
تەکان بەرەو ئاشتی ........................................................................ 227
بەهارەکەی بەغدا ........................................................................ 237
بەر لە جەنگ ........................................................................ 239
ئەنجام ........................................................................ 243
بەندی: ٥ جۆنسن و کشانەوەی بەریتانیا لە کەنداو: حوزەیرانی ١٩٦٧ – کانوونی دووەمی ١٩٦٩ ........................................................................ 247
پچڕاندنی پەیوەندییەکان ........................................................................ 249
کشانەوەکەی بەریتانیا لە کەنداو ........................................................................ 257
گەڕانەوەی حیزبی بەعس ........................................................................ 266
ئەنجام ........................................................................ 275
بەندی: ٦ نیکسن و دووەمین ڕژێمی بەعس: کانوونی دووەم ١٩٦٩ – تەمموزی ١٩٧٢ ....... 277



هەواڵنامەی کتێب

کێشەکەی عێراق ........................................................................ 281
سەختانگی شەتولعەرەب ................................................................ 283
ڕێککەوتنی ئازار ........................................................................ 289
کردنەوەی لوغزەکانی ڕێککەوتنەکە .................................................. 294
(دیسان) سوور؟ ........................................................................ 311
بڕیارە نهێنییەکە........................................................................ 318
ئەنجام ................................................................................. 332
بەندی: ٧ نیکسن و دەستوەردان لە کاروباری کورد: ئابی ١٩٧٢ – ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ ...... 335
سیاسەتێکی دووسەرە ................................................................ 337
ململانێی دەسەڵاتی ناوخۆی عێراق ................................................. 341
ڕاوێژ لەگەڵ شا......................................................................... 358
ئاماژە تێکەڵەکان........................................................................ 367
شەڕی ئۆکتۆبەر ........................................................................ 371
ئەنجام ................................................................................. 376
بەندی: ٨ کیسنجەر و شەڕی کورد: ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ – ئازاری ١٩٧٥ ........................ 379
دەستوپێ بەستنەوەی عێراق ......................................................... 381
ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی؟ .............................................................. 387
دووەمین کەناڵی نهێنیی عێراقی .................................................... 398
سەروسەودای چەکی ئیسرائیلی ..................................................... 411
شەڕەکەی زستان ..................................................................... 420
فرۆشتنەکە ........................................................................... 433
ئەنجام ................................................................................. 453
ئەنجام ................................................................................. 457



هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە و پەراوێزەکان ............ 473
پاشکۆی یەکەم: ............ 519
تراژیدیای کورد، ............ 519
نووسینی: هێنری کیسنجەر ............ 519
بنچینەکانی بەرنامەکە ............ 520
مشتومڕی ناوخۆ ............ 531
کۆتاییەکەی ئۆتۆنۆمی کورد ............ 538
هەرەسهێنانی بەرگریی کورد ............ 547
سەرچاوە: ............ 557
پاشکۆی دووەم: ............ 559
لە کتێبەکەی «تریتا پارسی»یدا: ............ 559
ئیسرائیل، ئێران و کوردی عێراق ............ 559
دەست و پێ کردنەوەی عێراق ............ 569
سەرچاوە: ئەم گوتارە لە لاپەڕەکانی ٥٢ تا ٦٠ ی ئەم کتێبەی خوارەوە وەرگیراوە: ............ 575
پاشکۆی سێیەم، مەلا مستەفا بارزانی لە ئەمریکا ١٩٧٥-١٩٧٩ ............ 579
دەرهەست ............ 579
پاشکۆی چوارەم، دوو ڕاگواستە لە کتێبی «گەشتی ژیانم»ی مامۆستا مەسعوود محەمەد 597
ڕاگواستەی یەکەم ............ 597
ڕاگواستەی دوەم ............ 601


هەواڵنامەی کتێب

## پێشباری وەرگێڕ

کاتێک باسی نووسینەوەی مێژوو دێتەگۆڕێ، بەڵگە فەرمییەکان شاڕۆڵ بۆ پاشڕوونی ڕووداوەکان دەبینن. لەوانەشە ڕووداوەکانی سەر مەیدان، پڕاوپڕ وەک ناواخنی بەڵگەنامە فەرمییەکان نەیەنەوە، بەڵام ئەمەیان دەرووی بابەتێکی دیکەمان لێدەکاتەوە، لەم کورتە پێشەکییەکەدا جێگەی نابێتەوە.

ئەم کتێبەی بەردەست، لە بنەڕەتدا دکتۆرانامەیەکی «بریان ڕۆبەرت گیبسن»ـە، لە ٣٠ی نیسانی ٢٠١٣ لە ژێر ناوی «سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، عێراق و جەنگی سارد ١٩٥٨- ١٩٧٥» بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر «نیگل ئاشتۆن Nigel J.Ashton» لە لەندەنسکوول بۆ ئابووری و زانستە سیاسییەکان - بەشی مێژووی نێودەوڵەتی پێشکەشکراوە و بڕوانامەی دکتۆرای پێوەرگرتووە. پاشان لە ٢٠١٥ کردوویەتییە کتێبێک چاپی کردووە.

جێی ئاماژەیە کە نووسەر ئاگەداری زیادکردنی پاشکۆکانە (کە خۆی بەشێکیانی وەک سەرچاوە بەکارهێناوە) ڕەزامەندانەیش کورتەپێشەکییەکی بۆ ئەم وەرگێڕانە نووسیوە.

لێرەدا باسکردنی ناوەڕۆکی تێزی دکتۆرانامەکەی نە مەبەستە و نە پێویست، بەڵام پێشاندانی چەند سەرەداوێک، گرنگن.

یەکەم: نووسەر خۆی لە دەستپێکدا ئاماژەی بە پۆلێنکردنی سەرچاوەکان داوە. هەرچی بەڵگەنامە (کە هی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، سی ئای ئەی) و چاوپێکەوتنەکانیەتی (لەگەڵ بەرپرسەکانی وەزارەت و دەزگە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلی هی ئەو سەردەمەی کتێبەکە ١٩٥٨-١٩٧٥)، بە سەرەکی دەزانێ، و کتێبەکانیش بە سەرچاوەی ئاسایی.

دووەم: کتێبەکە باسی قۆناغێکی زۆر هەستیاری مێژووی عێراق و کوردستان دەکات. ڕووخاندنی پاشایەتی و کودەتاکەی «عەبدولکەریم قاسم» و



هەواڵنامەی کتێب

ئەنجامگیری ئەو ڕەوشە لە لایەک، شۆڕشی ئەیلوول هەر لە دەستپێکییەوە تا هەرەسهێنانی لە لایەکی دیکەوە. هەموو ئەم باسانەش لە ڕەهەندی سیاسەتی دەوڵەتە زلهێز و کەمەرەییەکانی ناوچەکەن. زۆر لە زانیارییەکان هەم نوێ و قووڵن، هەم بەڵگەدار.

ئەوەی ڕاستی بێ، مێژووی عێراق و کوردستانی نێوان ١٩٥٨ تا ١٩٧٥ زۆری لەسەر نووسراوە، بەڵام زیاتر لە ڕوانگەی خۆماڵی و لە ڕێی مێژوونووس و سیاسەتبازەکانی عێراق و کوردەوە بووە. هەرچی ئەم کتێبەیە ڕووکاری دەرەوەیەتی، ڕوانینی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەزگەی سی ئای ئەی، ئیسرائیل و دەزگەی مۆساد و شای ئێران و دەزگەی ساواکە بە هەندێک وردەکاریی قووڵەوە. هەر ئەم بەڵگەوبەندەشە هۆکاری بەپێزی ئەم بەرهەمە. لە دەرهاوێشتەشدا شتگەلێک خویادەبێ لەسەر گەمەی زلهێز و دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، کە چ گەمەیەکی نەگریسیان لەسەر پێستی کورد کردووە و چۆن بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا چوون. چۆن بەرژەوەندبینانە هیوای ڕزگاریخوازانەی جووڵانەوەی نەتەوەیەکی بندەستی وەک کوردیان کردووەتە سووتار؟!

هەر بۆیە ئەم بەرهەمە بۆ هەڵسەنگاندنی مێژووییەکی ناڕوون، بۆ سەرەدەری لە گەمەی سیاسەت (کە بەداخەوە ئێمە هەردەم قوربانییەکەی بووین) گرنگە بکرێتە سەرشار[1]، بەڵکو لە ژێر تیشکی سەرەداوەکانیدا، بۆ داهاتوو، داودۆز[2] بین!

ئەم کتێبە چوارپاشکۆی بۆ زیادکراوە کە لە دووتوێی کتێبەکەدا نەبووە. من بە پرسوڕا لەگەڵ هاوکارەکانم (دواتر نووسەر) پێمانباشبوو زێدەباری بکەین، بۆ ئەمەش بەڵگەوبەندی ڕەوامان هەبوو، چونکە:

---

[1] سەرشار: خاڵی دەسپێک

[2] داودۆز: ئەو کەوەیە کە دەچێتە سەر داو و پێوەنابێ. واتە زیرەک، ئەوەی بە ئاسانی ڕاوناکرێ و بە داوەوە نابێ.



هەواڵنامەی کتێب

**یەکەم:** بەندێکی کتێبە قەبەکەی یادەوەری کیسنجەر، کە تایبەتە بە کورد، لەبن ناونیشانی «تراژیدیای کورد» هاوپێچەی یەکەمە، لە دوابەشی کتێبەکەشدا زۆرترین ئاماژەی بۆ دەکرێت.

**دووەم:** پاشکۆی دووەم نیوە بەندێکی کتێبەکەی «تریتا پارسی»یە سەبارەت بە پەیوەندی ژێربەژێری مۆساد، ئیسرائیل، شا و کورد، لە چەند شوێنێکی کتێبەکەشدا بەسەرچاوە گیراوە.

**سێیەم:** گوتارێک بە دوو بەڵگەنامەی گرنگی دوو ئاژانی سی ئای ئەی سەبارەت بە سەفەری «مەلا مستەفا بارزانی» سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول دوای هەرەسهێنانەکەی بۆ ئەمریکا تا چارەسەری نەخۆشییەکەی بۆ بکرێ.

**چوارەم:** دوو ڕاگواستە لە کتێبی «گەشتی ژیانم»ی مامۆستا «مەسعوود محەمەد» دەربارەی چۆنەتی دەستتێکەڵکردنی دەزگە هەواڵگرییەکانی دەوڵەتانی زلهێزە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا.

مخابن نەمانتوانی «*ڕاپۆرتەکەی پایک*» لەم کتێبەدا جێبکەینەوە، چونکە خۆی بەقەد ئەم کتێبە دەبێ. ئەم ڕاپۆرتە بۆ لێکدانەوەی شۆڕشی کورد، نەخاسمە هەرەسهێنانەکەی زۆر گرنگە، لە ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکاوە دەرچووە، بەدواداچونێکە بۆ هۆکاری شکستهێنانەکە و ڕۆڵی ئەمریکا تێیدا. لەم کتێبەشدا زۆر باسیکراوە، لە هەندێ شوێندا دژی بەرەنجامەکانیشی وەستاوەتەوە. بەڵکو بەخت یار بێت لە دەرفەتێکی دیکەدا بچینەوە سەری و بیخەینە بەردەست خوێنەران.

هەرچی پەراوێزەکانە بۆ بەرچاوڕوونی، لایەنی وشەسازی، ناوبەناویش ڕوونکردنەوەیە دەربارەی ئەو ڕووداوە، دانراون. هەرچی زمانی وەرگێڕانەکەیشە، دەمەوێ شتێک بڵێم. لەو کتێبانەی تا ئێستا وەرمگێڕاون، ئەمەیان سەختترینیان بووە، زۆرترین کاتیشی لێگرتووم، زۆرترین پرسوڕاوێژیشم کردووە. نووسەر لەبەر زۆری ڕووداوەکان و شیکردنەوەکان، زمانێکی زۆر چڕ و ئەکادیمیانەی بەکارهێناوە، لە زۆر شوێن لە ڕێی خاڵبەندی


هەواڵنامەی کتێب

و نیشانە ئاماژەدارەکانەوە، کارێکی وەهای کردووە وەرگێڕانەکەی ئاسان نەبێ. منیش هەوڵمداوە زۆر بە دەستپاکی وەریبگێڕم و پەیامی دوولایەنەی ناوەڕۆک و شێوەی نووسینی بگەیەنمە بەر چاوی خوێنەر. بەڕای خاکەڕایانەی خۆمەوە، کارێکی وەهام کردووە، خوێنەر، تۆژەر، خوێندکاری مێژوو و سیاسەتی نێواندەوڵەتی بە ئاسانی و بێ دوودڵی دەستی بۆ ببا و برگە و لاپەڕەکانی نێو کتێبەکە لە نووسین و لێکۆڵینەوەی خۆیدا بە ئاماژەپێکردنەوە بهێنێتەوە. بۆیە ئەم وەرگێڕانەم جیاوازە لە کتێبێکی دیکەی ئەدەبی، ڕۆمانێکی وەک هی «قادر عەبدوڵڵا» بە نموونە. تکاشم لە خوێنەر ئەوەیە، هەندێ قووڵتر و پشوودرێژتر ئەم وەرگێڕانەم بخوێنێتەوە. هەڵبەتە هەر تێبینی و سەرنجێکیش مایەی سوپاس و پێزانینە، چونکە بۆ کاری داهاتوو، بۆ چاپی داهاتوو دەبێتە بەرچاوڕوونی.

ماوەتەوە بڵێم! ئەم وەرگێڕانەم کاری تاکەکەسییم نییە، بەڵکو دەستەیەک جوامێر لەگەڵم ماندووبوونە، ئەگەر پشوودرێژی و وردپێوی ئەوان نەبوایە، بێگومان کتێبەکە بەم جۆرەی لێنەدەهات.

چیرۆکی خوێندنەوە و وەرگێڕانی ئەم کتێبە لەگەڵ کاک «چالاک محەمەد»ی هەڵسوڕێنەری «هەواڵنامەی کتێب» لەسەر ئینتەرنێت، دەستپێکرد. ئەوەبوو لە کۆتایی ئەیلوولی پار کورتەنامەیەکی بۆ ناردم لەگەڵ دانەیەکی ئەم کتێبە بە پی دی ئێیف. نووسیبووی: "*سەیری بکە، کتێبێکە بۆ وەرگێڕان نایابە*!" دوای خوێندنەوە، قسەکەی بەزیادەوە ڕاست بوو! ئیدی منیش ڕەزامەندی نووسەرم وەرگرت و وازم لە کارەکانی دیکە هێنا و ئەمەی لێدەرچوو.

ئەم بەڕێزانەی خوارەوەش بەسەر دەستنووسی وەرگێڕانەکەمدا چوونەتەوە، وەنەبێ هەر هەڵەیان بۆ ڕاستکردبمەوە و بژاریان کردبێ، بەڵکو تێبینی زۆر گرانبەهاشیان سەبارەت بە شیکردنەوەی هەندێ لە ڕووداوەکان پێگوتووم. هەروەها لە کاتی ماندووبوون و شلبوون هانیانداوم سارد نەبمەوە و تەواوی بکەم. جاربەجار لەنێوان خۆماندا تاوتوێی ناوەڕۆکەکەیشمان کردووە. ئیدی وەک گوتم کارەکەم بە هاوکاری ئەوان تەواوکرد.


هەواڵنامەی کتێب

هەریەک لەو برا خۆشەویستانەم مایەی ڕێز و پێزانینینی بێسنوورن: «شێخ شەماڵ گەزنەیی»، «لوقمان محەمەد شلانی»، «حەیدەری حاجی خدر»، «بارام سوبحی»، «ئەحمەد باوەڕ»، «د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور»، «د. کامەران مەنتک» و «کاروان عارف». ڕیزبەندی ناوەکان بەگوێرەی بەدوای یەکداهاتنی پێداچووەنەوەکانە.

ئەرکی نەخشاندنی بەرگیش کاری کاک حەمە سەعاتچییە، ئوستادیان جێی پێزانینە!

هەڵبەتە ئەگەر پاڵشتی «کنێر جەمیل خەیلانی» هاوسەریشم نەبوایە، ئەوا کارەکەم ئاستەنگ دەبوو. جاربەجاریش لەسەر واتای هەندێ لە دەستەواژەکان لەگەڵ کاکە «ڕا»ی کوڕ دەبووە مشتومڕێکی گەرم!

ئینجا دەمێنێتەوە خوێنەری کوردیزمان، کە ئارام دڵودەروون لەم بەرهەمەدا بگێڕێت بەو ئومێدەی بە تروسکایەکی نوێ ئەو گۆشە نادیارەی مێژوومان ڕۆشەن ببێتەوە.

ش.ح.خ
هەولێر
١٨شوباتی ٢٠١٩


هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## کورتەپێشەکی نووسەر بۆ ئەم وەرگێڕانە

دکتۆرانامەکەم بەناونیشانی «سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، عێراق، کوردەکان و جەنگی سارد»، چاودێریکردنێکی مێژوویانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە بەرانبەر بە عێراق و کورد لە نێوان شۆڕشی عێراق لە تەمموزی ١٩٥٨ و کۆتایی جەنگی کورد لە ئازاری ١٩٧٥. بۆ ئەم کارە سوودم لە بەڵگەنامەی نهێنی، دیدار و چاوپێکەوتن، ڕاپۆرتەهەواڵییەکان و شیکارییەکی ئاگایانەی ئەزموونەکانی پێشینەم لەم بوارەدا، وەرگرتووە. وەک تۆژەرێکیش لە مێژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق، ویستوومە لە کاریگەریی جەنگی سارد لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا – عێراق بکۆڵمەوە، بەڵام کە لە تۆماری ئەرشیفیم کۆڵیەوە، ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە کورد لە چەقی بازنەی مێژووەکەدا وەستابوو. ئەوەی شاسەرنجە، ئەم کارە مێژووی کوردان نییە، بەڵکو لێکدانەوەیە، ئاخۆ چۆن سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا ڕوانیویانەتە ڕووداوەکان و چۆن ئەو ڕامانەیان باندۆری لەسەر پرۆسەی بڕیاردانیان هەبووە. لەهەمان کاتیشدا، تێزەکە پەردە لەسەر وردەکاری نوێ هەڵدەداتەوە سەبارەت بە چۆنەتی بەکارهێنانی کورد لە لایەن سەرکردە ئێرانی، ئیسرائیلی و ئەمریکییەکان بۆ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیان لە جەنگی ساردا.

تێگەیشتنی خوێنەری کورد لە سیاسەتی ئەمەریکا لەو ماوە چارەنووسسازەی مێژووی نەتەوەکەیان و پەرەسەندنی ئەمڕۆی، هیوای منە لەم وەرگێڕانە کوردییە.

بریان ڕۆبەرت گیبسن

١٥ی ئازاری ٢٠١٩

هۆنۆلولو– هاوای



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## دەستپێک

لە سەرنجێکی دەرکپێکراویدا و لە میانەی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دا، «جۆن فۆرستەر دەلەس»ی وەزیری دەرەوە تێبینی ئەوەی کردووە، کە ئەمریکا "بە کاریگەرییەکی ناپێشچاو" دەستیوەرداوەتەوە باری ئاڵۆزی سیاسەتی ناوەخۆی عێراق.[١] ئینجا نزیکەی دوو دەیە دواتر و لە ١٩٧٦دا، وەزیرێکی دیکەی کاروباری دەرەوە، «هێنری کیسنجەر»، کە هەر خۆشی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆک «جیرالد فۆرد» بوو، لەو کۆبوونەوەی لە بەغدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق، «سەعدون حەمادی»یدا کردی نائاسوودەبوو. هەر تەنیا یەک دوو هەفتە پێشتر، «دانییل سکۆر» پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی CBS، پەردەی لەسەر وردەکارییەکی زۆر نهێنی ئۆپەراسیۆنی دەزگەی هەواڵگریی ئەمریکی (سی ئای ئەی) بۆ کۆمەککردنی کەمایەتی کوردی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٥ دا هەڵدابووەوە.[٢] کاتێکیش «حەمادی» پرسیاری دزەپێکردنی زانیارییەکانی کرد، هەرچەندە کیسنجەر حاشای لە پشتگیری ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کورد کرد، بەڵام ڕوونیشکردەوە، ئەو "دژ"ی پشتگیری ئێران نەبووە بۆ کوردەکانی عێراق، چونکە لەو کاتەدا ئەو "پێیوابوو [عێراق ببووە] پاشکۆی سۆڤیەت." دوای دڵنیاکردنەوەی «حەمادی» بەوەی ئەمریکا، چیدی تێکەڵی کردەیەکی نهێنی نابێ لە دژی عێراق، کیسنجەر ڕوونیکردەوە، "ئێمە ئێستا تێگەیشتنێکی زۆر باشترمان {بۆ عێراق} هەیە".[٣] ئەم کتێبەش ئەوە نیشاندەدا، کە چۆن ئەمریکا لە چاودێریکردنێکی ساویلکانەی ڕووداوەکانی ١٩٥٨ - ١٩٥٩ بەرەو جووڵە و تەکانێکی ڕاستەوخۆ دژ بە عێراق ڕۆیشت لە ماوەی ١٩٧٢ - ١٩٧٥ دا، ئەمەش لە ڕێی بەرنامەی تایبەت بە پشتگیریکردنی یاخیبووانی کوردی عێراق. بزوێنەری ئەو وەرچەرخانەی ئەمریکا وێدەچێ ڕوون بێ: لە ماوەی دوو دەیەی سەرهەڵدانی شۆڕشەکە، عێراق بووبێتە یاریکەرێکی گرنگ لە ڕوانگەی مەودای



هەواڵنامەی کتێب

جیهانیی و ناوخۆیی لە ستراتیژی جەنگی ساردی ئەمریکا بۆ وەستانەوە لە بەرانبەر یەکێتیی سۆڤیەتدا.[٤]

وێڕای ئەو ڕۆڵە گرنگەی عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە جەنگی سارددا گێڕای، کەچی تەنیا لە یەک دوو بۆنەدا بە تەواوی سەرنجی بڕیاردارێژەرانی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لەو دوو دەیەی دواییدا بۆ خۆی ڕاکێشاوە. ئاخر تیشکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ نزیکەی پەنجا ساڵ خرابووە سەر یەکێتیی سۆڤیەت، هەرچی دەوڵەتە لاوەکییەکانی وەک کۆریا، ڤێتنام، کوبا، ئەفغانستان و عێراق لەگەڵ زۆر دەوڵەتی دیکەدا، هەر ئەوەندە گرنگ بوون، ئاخۆ تا چەند مەیدانی شەڕی سارد بوون. هەر لەبەرئەوەش، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە میانەی شەڕی ساردا و بە سروشتی خۆی کارلێککەر و بەدەنگەوەچوونی هەڕەشە سەرهەڵدراوەکان بوو - ئەمەش چ ڕاستی و چ خەیاڵکردە بووبێ -. بە دەرەنجامیش سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراقدا لە ڕوانگەی ئەمریکاوە بۆ گەف و هەڕەشەکانی سۆڤیەتەوە بەڕێوەبرا. ئەم کتێبەش هێڵ بەژێر ئەو کاردانەوە سروشتییانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەهێنێ لە میانەی جەنگی سارددا، لەکاتێکدا سیاسەتەکانی ئەمریکا لە هەمبەر عێراقیشدا هەڵدەسەنگێنێ.

وەک لێکۆڵینەوەیەکی شەڕی سارد، ئەم کتێبە دەرخەری دەمەتەقێیەکی فرەوانە سەبارەت بە دەستتێوەردانی زلهێزەکان لە جیهانی سێدا. «ئۆد ئارنە ویستاد» لە کتێبە هەرە بایەخدارەکەی خۆی "شەڕی ساردی گلۆباڵ"دا لەسەرئەوە ڕژدە، کە دەستتێوەردانی ئەمریکا و سۆڤیەت لە جیهانی سێیەم و لە میانەی شەڕی سارددا، کاریگەرییەکی ناجێگیری لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمڕۆش پەیداکردووە.[٥] لێکەوتەکانی دەستتێوەردان لە کاروباری دەوڵەتەکانی دوای (پۆست) کۆلۆنیالییدا، هیچیان بەقەد ڕەوشی عێراق کاریگەر نەبوون. ئەم کتێبە مێژووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ – و دەستتێوەردانی لە – عێراق لە ماوەی نێوان ١٩٥٨ - ١٩٧٥ دا، سەردەمی نێودەوڵەتی و پشێوی ناوخۆیی (نیشتمانی) بەکاردەهێنێ، کە لە ڕێی خۆتێهەڵقورتاندنی ئەمریکییەکانەوە


هەواڵنامەی کتێب

پەیدابووە. لەپێناو هاورێکی لەگەڵ لێکدانەوەکانی «وێستاد»دا، ئەم کتێبە پابەندە بە پێناسەی ئەو بۆ شەڕی سارد، جیهانی سێیەم و دەستتێوەردان.

> "شەڕی سارد" واتای ئەو ماوەیە کە ناکۆکی گلۆباڵی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتدا باڵی بەسەر کاروباری دەرەکییدا کێشابوو، نەخاسمە ئەو ماوە گرژەی نێوان ١٩٤٥ و ١٩٩١. "جیهانی سێیەم"یش واتای وڵاتە کۆلۆنیکراوەکان و نیمچەکۆلینکراوەکانی پێشوو دەدا، کە کەوتبوونە کیشوەرەکانی ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین [و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست] کە لە ڕووی ئابووری یان هەژموونی سیاسییەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەورووپییەکاندا بوون (یان پان ئەورووپی بە ئەمریکایی و ڕووسەکانیشەوە)... "دەستتێوەردان"یش واتای هەر هاوئاهەنگی و کارڕاییەکی دەوڵەتێک دەگەیەنێ، کە ئاڕاستە سیاسییەکەی لە لایەن دەوڵەتێکی دیکەوە دیارکرابێ.[٦]

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێناسانە، ئەم دەقە ئەوە دەردەخا، کە دەستتێوەردانی ئەمریکا لە عێراق – دەوڵەتێکی جیهانی سێیەم - لە گەرمەی شەڕی سارددا بووە مایەی ناجێگیربوونی باری ئابووری و سیاسی وڵاتەکە و بەردەوام پەرەسەندنی پشێوی و کوێرەوەرییەکان.

ئەم کتێبە ژمارەیەک لە گەف و هەڕەشەکانی – سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ستراتیژی شەڕی سارد، شەڕی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شەڕی ساردی عەرەب، ناسیونالیزمی عەرەب، بەعسێتی، کۆمۆنیزم و پرسی کورد - بە تانوپۆی بەرژەوەندییەکان، پیلانگێڕان، ناپاکی و دەسخەڕۆیی دەچنێ. ئەمە نیشاندەدا، هەر کاتێک کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە «واشنتن»، هاتبنە سەر ئەو بڕوایە، کە بەغدا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆسکۆدا بەرەو پێشەوە چووە، ئەوا ئەوان هەنگاوی دژە دەستڕۆیشتنی سۆڤیەتییان ناوە، بەزۆریش وابووە ئەم هەنگاوانە بە دەستتێوەردانێکی شاراوە پەیوەستبووە. سێ حاڵەت



هەواڵنامەی کتێب

سەریان هەڵداوە: (١) لە ١٩٥٨ – ١٩٥٩ ئەو کاتەی ئیدارەی «ئایزنهاوەر» دەستی لەگەڵ سەرۆکی میسر «جەمال عەبدولناسر» تێکەڵکردبوو، تا ڕێگەیەک بدۆزنەوە، کە بەربەرست لەبەردەم کۆمۆنیستەکان دابنێن، نەوەک لە عێراق بێنەسەر تەختی فەرمانڕەوایی، ئەم کردەوەیەش بە لەخۆگرتنی ئەو ئەگەرەی کە سەروەزیری عێراق «عەبدولکەریم قاسم» بە زۆرەملێ لەسەر تەخت لاببەن؛ (٢) لە ١٩٦٢ دا ئیدارەی «کەنەدی» فەرمانی بە سی ئای ئەی کرد، ڕێگەیەک بۆ لەسەر تەخت لادانی «قاسم» بدۆزێتەوە، ئەمەش دوابەدوای ئەوە هات، کە «قاسم» دەستی بە خۆماڵیکردنی ئیمتیازی کۆمپانیایەکی نەوت کرد، کە هی ئەمریکییەکان بوو؛ لەگەڵ (٣) قۆناغی ساڵانی ١٩٧٢ – ١٩٧٥، ئەو کاتەی ئیدارەی «نیکسن» بە پارە و چەک پشتگیری یاخیبووانی کوردی کرد تا ڕژێمی عێراق شلۆق بکا و ڕێگەشبگرێ لەوەی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ حکوومەت ڕێکبکەون، ئەمەش دوای ئەوەی عێراق پەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا بەست. هەرچەندە ئەوکاتەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو بڕوایەدا بوو، کە ڕژێمی عێراق دژەکۆمۆنیست بوو، ئەوا بەبێ ڕەچاوکردنی ڕوانینی هاوپەیمانەکانی، هەنگاوی ئەوەی نا پشتگیری ڕژێم بکا و لە دەسەڵات بیهێڵێتەوە. لێرەدا دوو نموونە باڵکێشن: (١) دوای ئەوەی لە شوباتی ١٩٦٣ دا «قاسم» لەسەر تەخت لادرا، ئیدارەی «کەنەدی» پشتگیری خۆی بۆ حیزبی بەعس دەربڕی، لە کاتێکدا ڕژێمەکە لەگەڵ یاخیبووە کوردەکان لە شەڕێکی دڕندانەدا بوو، ئەوانیش لەو گۆشەنیگاوە لە لایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە پشتگیری دەکران؛ نموونەی دووەمیشیان (٢) لە ناوەڕاستی١٩٦٠کاندا، ئیدارەی «جۆنسۆن»، پشتگیری دژەکۆمۆنیستیانەی ڕژێمەکانی ناسیونالیستە عەرەبەکانی «عەبدولسەلام عارف» و «عەبدولرەحمان»ی برای کرد، لەکاتێکدا بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل هەوڵیان دەدا بیانڕوخێنن. لەو هەموو بارەدا، دەستتێوەردانی ئەمریکا لە عێراق لەسەر بنەمای دەرککردن بە چاودێریی دەستڕۆیشتنی سۆڤیەت، لەسەر پشتگیریکردنی ئەگەر و توانستەکانی لایەنگری هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی کاریگەری دوژمنەکانەوە ڕۆنرابوو. ئەمەش لێککێشانەوەی لۆژیکی بەرفرەوانکردنی ستراتیژی شەڕی سارد بوو.


هەواڵنامەی کتێب

نەریتئاسا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنداوی بە "دەریاچەیەکی بەریتانی" دەبینی و واشی پێباش بوو پاراستنەکەشی هەر پشت بە بەریتانیاوە ببەستێ.[٧] هەرچەندە دوابەدوای جەنگی دووەمی جیهان، گرژی نێوان واشنتن و مۆسکۆ توندتر بوو، هەریەک لە ئەمریکا و سۆڤیەت خەریکبوون لەوە تێبگەن، کە ڕۆڵی چارەنووسسازانە بۆ گەیشتن بە نەوتی کەنداو، ڕۆڵی خۆی لە سەر ڕووداوەکانی جەنگی سێهەمی جیهاندا دەگێڕێ. لە سەرەتای ١٩٤٥دا، بڕیاردارڕێژەرانی ئەمریکا ڕایان وابوو، نەخشەی سۆڤیەت بۆ کەنداو پێشهاتە، ئەمەش لەو کاتەی داوایان لە ئێرانییەکان کرد، کە پێگەیەکی هێزی دەریاییان لەسەر گەرووی هورمز بدەنێ و هەر ئەو کاتیش دەستیان بە کۆمەککردنی هەردوو کۆمارە هەڵگەڕاوە ساواکەی ئازربایجان و کوردستان کرد، کە بە دوای ئەوەدا دەگەڕان لە ئێران ببنەوە و سەربەخۆ بن.[٨] بەهەمان شێوەش لێکۆڵینەوەیەکی سەربازییانەی ئەمریکا لە ١٩٤٦ەوە گەیشبووە ئەو بەرەنجامە، کە لەدەستدانی سەرچاوەی داهاتی نەوتی عێراق و عەرەبستانی سعوودی، کارێکی وادەکا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ناچاربکا "جەنگێکی قاتیبوونی نەوت" دژی یەکێتیی سۆڤیەت بەرپابکەن، هەروەها پێچەوانەکەشی هەر ڕاست بوو.[٩] ئەمەش ئەوەی دەگەیاند، کە ستراتیژی هەرێمانەی ئەمریکا بەرگریکردن بوو لە کەنداو، تا ڕێگربێ لەوەی سۆڤیەت دەست بەسەر سەرچاوەی داهاتە نەوتییەکانی ناوچەکەدا بگرێ و ئەوەش دڵنیابکاتەوە، دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانی ناوچەکە، کە سەر بە ڕۆژئاوان، لەسەر دەسەڵات بمێننەوە.[١٠] بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، وڵاتە یەکگرتووەکان سپۆنسەری بەرەوپێشبردنی سیستمێکی بەرگری هەرێمایەتی کرد، مەبەست لێی هێزدانەبەری ئەو شتە بوو، کە «دەلەس»ی وەزیری دەرەوە ناوی لێنابوو وڵاتەکانی " تویێژ (تیر)ی باکوور"، کە لە ئێران، عێراق، پاکستان و تورکیا پێکهاتبوون. لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا ئەم گرووپە هاوپەیمانییێکی ئاسایشییان لەنێو خۆیاندا دروستکرد، کە بە پەیمانی بەغدا ناسرا.[١١] ئەم لێکۆڵینەوە دەریدەخا، چۆن ڕووخاندنی تەختی پاشایەتی هاشمییەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا لە ١٩٥٨ دا، ستراتیژی شەڕی ساردی لە ناوچەی کەنداودا سەراوبن کرد، جێگەی دەستڕۆیشتنی بەریتانییەکانی گرتەوە و بووە مایەی ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەمریکا لەگەڵ یەکێتیی


هەواڵنامەی کتێب

سۆڤیەت بکەوێتە کێبڕکێ بۆ ئەوەی، ئاخۆ ڕژێمی نوێ لە بەغدا چ ئاراستەیەک وەربگرێ.

کێبڕکێکە ١٧ ساڵی خایاند – چوار کودەتا، پێنج ڕژێمی جیاواز، بێژمار هەوڵی پیلانگێڕی سەرنەگرتوو و ١٤ ساڵی شەڕی درێژخایەنی کوردی لێکەوتەوە – ئەمە هەمووی بەر لەوەی حیزبی بەعس بە سەرکردایەتی «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر» و «سەدام حوسێن» لە ساڵی ١٩٧٥ دا بە تەواوی عێراق کۆنترۆڵبکەن.[١٢] لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا – عێراق لەو سەردەمەدا، ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە هێزی پاڵنەری سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراقدا، پەیڕەوکردنی بنەماییانەی بەرفرەوانی ستراتیژی شەڕی ساردی ئەمریکا بوو لەسەر ئاستی سیاسەتی لۆکالی پەرەستێندا. بە دەستەواژەی تایبەت، ئەمە واتای ئەوەی دەدا، کە لە هەڵقوولانی تەوژمی نەوتی ناوچەکە خاترجەم بن، لە کاتێکدا لە ڕێی هاوکاری بەخشندانەی سەربازی، ئابووری و پشتگیری پەرەسەندنەکانی هاوپەیمانەکانی هەرێمەکە بۆ لەباربردنی دەستڕۆیشتنی سۆڤیەت لەکاردابوون.

بەکردەوە ستراتیژییەکەی یەکێتیی سۆڤیەتیش لە بەرانبەر عێراق و کەنداودا پێچەوانەی ئەمریکا بوو. هەروەک «گالیا گۆلان» دەستینشانی کردووە، "بەرژەوەندی سۆڤیەت لە عێراق، گرێدراوبوو بەو ڕاستییەی، کە سنوورەکانی عێراق دەکەوێتە سەر ژمارەیەک لەو دەوڵەتانەی لایەنگری ڕۆژئاوابوون، وەک ئوردن، عەرەبستانی سعوودی، کوەیت، تورکیا و ئێران، ئەم دوو دەوڵەتانەی دواییش لەگەڵ خودی یەکێتیی سۆڤیەتدا هاوسنوور بوون."[١٣] لە پەنجاکان، ڕۆڵی چەقی بازنەییانەی عێراق لە سیستمی هاوپەیمانی پەیماننامەی بەغدای دژەسۆڤییەتییدا، تەنیا ڕوانگەی سۆڤیەتی بۆ بەگرنگزانینی عێراق لە شەڕی سارددا پتەوترکرد. بەکورتی عێراق وەک هەڕەشەیەک دەبینرا. هەرچەندە شۆڕشی عێراق لە ١٩٥٨ دا و ئەو لەیەکترازانە لەناکاوەی لەگەڵ پەیمانی بەغدا لە ١٩٥٩ دا ڕوویدا، هاوکێشەی جیاکاری و تەواوکاری ستراتیژی یەکێتیی سۆڤیەتی بۆ ناوچەی کەنداو وەرچەرخاند. لە ئەنجامیشدا، مەبەستی سەرەکی



هەواڵنامەی کتێب

مۆسکۆ لە عێراق لە ماوەی شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوەبوو بەغدا لە تەوەری ڕۆژئاوا یان ئەمریکا بەدووربگرێ. لە کەشێکی سەربازیانەشدا، سۆڤیەت بەدوای ئەوەدا گەڕا، پەیوەندییەکی چەکپێدان پەیدابکا تا وا لە عێراق بکا، لەبارەی دابینکردنی چەکەوە بە سۆڤیەتەوە بەند بێ. لە نێوانی ١٩٥٨ و ١٩٧٥ یشدا، سۆڤییەت و عێراق زنجیرەیەک ڕێککەوتننامەی گرنگی سەربازییان مۆرکرد، کە بایی ملیۆنان دۆلار بوون. هەر وەک «گۆلان» تێبینیکردووە، "سۆڤییەت ڕۆڵی تایبەتی عێراقیان لە ناوچەی کەنداودا دەبینی، ئەمەش بۆ ئەوەی یارمەتی مۆسکۆ بدا تا جێپێی خۆی لەو بنکانە بکاتەوە."[١٤] ئەمەش ڕووەرگێڕانێکی لاوەکی بوو لە سیاسەتی سۆڤیەت لە شەستەکان، کە دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هێزی چەکداری ژێردەریایی ناوەکی ئەمریکا لە بەری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و ئۆقیانووسی هیندیدا هات.[١٥] لەشکری سۆڤیەتیش پڕۆژەی خۆی بۆ کشان بەرەو باشوور، بەرەو عێراق و کەنداو هەبوو، دەیویست مەودابینی خۆی فرەوان بێ، ئەمە وای لە مۆسکۆ کرد مافی ئاسایشپارێزی تاکە بنکەی دەریایی لەسەر کەنداو کە «ئوم قەسر» بوو لەئەستۆبگرێ، ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریش لە نیسانی ١٩٧٢ دا بەدوادا هات. سۆڤیەت مرخی خۆی لە نەوتی عێراقیش خۆشکردبوو، هانی ڕژێمە سەرکەوتووەکەی عێراقی دەدا، تا کۆمپانیا نەوتییە ڕۆژئاواییەکان خۆماڵیبکا. هەر بۆ نموونە، کاتێ عێراق دوای خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC) لە حوزەیرانی ١٩٧٢ دا تووشی ئابڵووقە بوو، مۆسکۆ بووە بازاڕی جێگرەوەی نەوتی عێراق و پشتی عێراقی گرت لە پەرەپێدانی بەرهەمی کێڵگەکانی نەوت لە باشووردا.[١٦] بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو هەنگاوانە، مۆسکۆ پێیوابوو سیاسەتی نزیکبوونەوە لە عێراق کە دوابەدوای شۆڕشەکەوە هات، سەرکەوتوو بووە؛ هەرچەندە دەکرێ ئەمە بووبێتە مایەی بەلاڕێدابردن. ئاخر شەقڵ و شێوەی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتییانە هەرگیز ئایدۆلۆژییێکی دڵگیر و سەرنجڕاکێش نەبووە لە عێراق، هەروەها ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی بەغداش زۆر جار ململانێی زلهێزەکانی شەڕی ساردییان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنا.



هەواڵنامەی کتێب

مێژووناسیی - یان دیرۆکی پەرەسەندنی دەمەتەقێی مێژوویانە - ی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق لە میانەی شەڕی ساردا هێشتا هەر ساوایە. تا ئەمڕۆش، تەنیا یەک کتێب تیشکی خستۆتە سەر پەیوەندیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان - عێراق ئەویش کتێبەکەی: «پیتەر هانس»ە بە ناوی «*ئەری ئەرکەکان تەواوکران؟» وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە*.[١٧] بە زۆریش پشتی بەو بەڵگەنامە سەرەکییە بەردەستانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەستووە، لێکدانەوەکانی «هان» بۆ پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق بە مەبەستی "نامەی دەرچوونی خوێندکاران" و مەیلی کردنەوەی ڕازی زۆر کلیلی ڕووداوەکان بووە، کە شاراوەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پاڵپشتکردنی بەڵگەوبەند (ئەرگومێنت)ی ناوەندی خۆیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەمریکا "لە دوورەوە چاودێری عێراقی کردووە، بە مەبەستی نکۆڵیکردن لەهەر دزەکردنێکی کۆمۆنیزم کە سۆڤیەت پشتی گرتبێ و ڕێگریش بێ لەبەردەم تەقینەوەی هەر ناکۆکییەک لە نێوان عێراق و دراوسێکانیدا.[١٨]

بەتایبەتیش «هان» و توێژەرە بەرچاوەکانی دیکە، شۆڕشی عێراقیان لە ١٩٥٨ وەک ڕووداوێکی وەرچەرخێنەر هەم بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەم بۆ شەڕی ساردیش دانابوو. هەر بۆ نموونە «مالکۆلم کێرر» کودەتاکەی وادەبینی، کە خاڵێکی وەرچەرخانە لەوەی ئەو ناوی لێناوە "شەڕی ساردی عەرەب"، چونکە ڕژێمی «قاسم» دژی دەستەی ڕادیکاڵی «ناسر» لە نێو ناسیونالیزمی عەرەبدا وەستایەوە – ئایدیۆلۆژییەکی ناسیونالیستییانە کە شایی بە شارستانێتی عەرەب، شانازی بە زمان و وێژەی دەکرد و بانگی یەکگرتنێکی سیاسییانەی بە جیهانی عەرەبدا دەدا - بە جۆرێک هەوڵی «عەبدولناسر»ی پەکخست، بەوەی جیهانی عەرەب بخاتە ژێر جڵەوی خۆیەوە.[١٩] هەروەها شۆڕشەکە بووە خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان لە چاوی ژمارەیەکی زۆر لە توێژەرانی شەڕی ساردا.[٢٠] هەر لە بەرایی شەڕی ساردەوە، عێراق ببووە دەروازە کلیلێک بۆ نەخشەی لەخۆگرتنی "توێژی باکوور" و بووە جێناو بۆ هاوپەیمانیی بەغدا. هەر بۆیە ڕووخاندنی پاشایەتی لایەنگری ڕۆژئاوا لەلایەن


هەواڵنامەی کتێب

گرووپێکی ڕادیکاڵ، کە ئەفسەرە ناسیونالستە عەرەبەکانی نێو سوپا پێیهەڵسان، ستراتیژی شەڕی ساردی ئەمریکای خستە مەترسییەوە. سەرباری ئەمەش، هەندێ مشتومڕ لە نێوان توێژەرەکان سەبارەت بە بەدەنگەوەچوونی ئەمریکا بۆ شۆڕشەکە هەبوو. هەر بۆ نموونە، «ستیڤن بلاکوێل» ئەوەی دەرخستبوو، کە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا "ڕوانینێکی هاوبەشیان" بۆ گەفی کۆمۆنیست لە سەر عێراق لە پاش کودەتاکە هەبوو، بەڵام هی دیکە، وەک «نیگل ئاشتن» پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو، کە ڕوانینی ئەنگلۆ - ئەمریکایی لەبەرانبەر عێراقدا زۆرباش لەگەڵ یەک نەدەگونجا.[٢١] ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستتان لەگەڵ بیرۆکەی «بلاکوێل» ناکۆکە و لەسەر ئەوەش ڕژدە کە ئیدارەی ئایزنهاوەر وەها چاوی لە عێراق کردوە، وەک ئەوەی بەشێکی جیۆستراتیژی ڕکابەر بێ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا، لەکاتێکدا بەریتانیا وایدەبینی، کە «قاسم» جێگرەوەیەکە بۆ «ناسر» لە جیهانی عەرەب و بەو ئاراستەش دەیڕوانی بەڵکو دەست بە باڵییەوە بگرێ. هەڵبەتە ئەم هەڵسەنگاندنە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی بە بەرفرەوانی لەو ماوە "پەیوەندییە تایبەتیە"ی ئەنگلۆ - ئەمریکادا هەبووە، نەیاربوو.[٢٢]

کرۆکی ئەو بابەتەی لەم کتێبەدا هاتووە ئەوەیە، ئەمریکا کردەیەکی ڕووپۆشکراوی بۆ دەستوەردان لە عێراق بەکارهێناوە تا ڕێگە لە دەستڕۆیشتنی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێ.[٢٣] ئەوەش لەنێو توێژەراندا پەسەندکراوە، کە «سی ئای ئەی» هەوڵیداوە «قاسم» لە پایزی ١٩٥٩ دا لەناوبەرێ.[٢٤] هەروەها ئەو لە ١٩٦٠ یشدا کەسێکی"پەسەندکراو" نەبوو.[٢٥] لە کۆتاییشدا یارمەتی حیزبی بەعسی دا تا لە شوباتی ١٩٦٣ دا ڕژێمەکەی بڕووخێنێ.[٢٦] هەروەها ئەو بڕوایەش لەگۆڕێدا هەبوو، کە سی ئای ئەی لیستێکی بە ناوی کۆمۆنیستە ناودارەکان دابووە دەستەی بکوژی حیزبی بەعس، ئەوانیش لێرەو لەوێ کۆکرانەوە و لەزۆر حاڵەتیشدا کوژران.[٢٧] لەم ساڵانەی دواییشدا، گرووپێک لە توێژەرە گەنجەکان ئەو باسوخواسانەیان تاوتوێکردەوە، لەو باسکردنەشیاندا بەڵگەی نهێنی بەردەستیان لە کتێبخانەی سەرۆکایەتی «کەنەدی» بەکارهێنا. لەکاتێکدا ئەو لێکدانەوەیە لە بابەتی لێکۆڵینەوە لە


هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق بەرەوپێشەوە دەچوو، کەچی هیچیان نەیانتوانی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەسەر سەلماندنی دەستتێکەڵبوونی سی ئای ئەی لە پیلانەکەدا بخەنەڕوو.[28] لەگەڵ ئەوەش، پشکنینێکی ورد و وریایانە سەبارەت بەو بەڵگەنامە و دیدارانە پرسیاری گرنگ سەبارەت بە ڕاستی ئەو داخوازییانە دەوروژێنن، ئاخۆ سی ئای ئەی لە پشت کودەتاکەی ١٩٦٣ی بەعسەوە بووبێ یان نا.

وێڕای ئەمە، بەڵگەیەکی بەهەندهەڵگیراو لەسەر ئەوە هەیە، کە سی ئای ئەی هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە مەیلی بەرژەوەندییانەی لەگەڵ حیزبی بەعس پەیداکردووە. «میشێل عەفلەق»، کریستیانێکی لوبنانی و «سەلاحەدین بەیتار»یش، سونییەکی سووری، لە ١٩٤٣دا حیزبی بەعس دادەمەزرێنن. دروشمی حیزبەکەش "یەکێتی، ئازادی و سۆشیالیزم" بوو، حیزبەکە بۆ ناسیونالیستی عەرەب، دژەئیمپریالیستی و ئایدۆلۆژیایەکی سۆسیالیستیانەی هەبوو، خۆیشی بۆ ئەوە تەرخانکردبوو، لە ڕێی چالاکی شۆڕشگێڕانەدا گۆڕانکارییەکی تەواو بەسەر کۆمەڵگەی عەرەبدا بێنێ. دوای هاتنە سەرتەختیان بۆ یەکەمین جار لە ١٩٦٣ و ئینجا دوای ساڵێک لە لابردنیان، دیسان حیزبی بەعس لە ١٩٦٨ هاتەوە سەر دەسەڵات و حوکمی عێراقی کرد تا لە ٢٠٠٣دا ئەمریکا هێرشی کردەسەر.[29] «جۆزیف ساسون» مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکا، هەرچەندە "ئایدیۆلۆژیای حیزبەکە لەگەڵ دیمۆکراسیەتی ڕۆژئاوا نامۆ بوو" چونکە پێیوابوو دیمۆکراسی دەبێتە دەمامک بۆ ستەمکاری و ئاپۆرای خەڵکەکەشی دەچەوسێنێتەوە، کەچی حیزبی بەعس شێلگیرانە دژەڕۆژئاوا نەبوو.[30] ئەم کتێبەش ئەوە نیشاندەدا، کە ئەمە بەڵگەیەک بوو لە ماوەی ڕژێمی بەعس لە عێراق لە ١٩٦٣، لە ١٩٧٣ - ١٩٧٥، ئەو کاتەی حیزبی بەعس پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ فەرەنسا و ڕۆژئاوا باشکرد و لە کۆتاییش لە ماوەی شەڕی ئێران - عێراق، ئەوکاتەی عێراق پەیوەندییەکی ژێربەژێری سەربازی، ئابووری و دیپلۆماتییانەی لەگەڵ ئەمریکا ڕاچاند.[31]


هەواڵنامەی کتێب

بۆ ماوەیەکی زۆر لە سالآنی (١٩٥٨ – ١٩٧٥)دا، پرسی باڵکێش کە کاری لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق کردبوو، ئەو شەڕە ناوخۆیە بەردەوامەی نێوان گەلی کوردی عێراق و حکوومەتی ناوەندی بوو لە بەغدا، کە لە ١٩٦١ دا تەقییەوە. ڕەگوڕیشەی ململانێی کورد بۆ پاشماوەی جەنگی یەکەمی جیهان دەگەڕێتەوە، لەوکاتەی وڵاتە هاوپەیمانەکان لە ڕێککەوتننامەی سیڤەردا بەڵێنێکیان بە کورد دابوو، کە لە گۆشەی باشووری تورکیادا دەوڵەتێک بۆ کورد ڕێکبخەن. کەچی لەبری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، هاوپەیمانان هەرێمە کوردییەکەیان لە ڕێککەوتننامەی لۆزانی ١٩٢٣دا بەسەر تورکیا، ئێران، عێراق و سووریای ئێستا دابەشکرد.[٣٢] بۆ باقی بیستەکانیش، کوردەکان لە عێراق دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەریتانیا هەڵگەڕانەوە و تەنیا هەر بە هێزیش دامرکێنرایەوە.[٣٣] سەرکردەی کوردەکانی عێراق، لەمیانەی ئەو لێکدانەوەی بەردەست باسیدەکا، «مەلا مستەفا بارزانی» بوو، کەسێک بە شۆڕشگێڕی لەدایکببوو. سەرەتا لە ماوەی یاخیبوون دژی دەسەڵاتی بەریتانی لە ١٩١٩دا پاشان دیسان لە سییەکاندا خزابووە نێو شەڕوپێکدادان،[٣٤] پاشان ڕۆڵێکی بایەخداری لە پێکهێنانی کۆمارە کوردییە کەمتەمەنەکەی مهاباد لە ماوەی ١٩٤٥ – ١٩٤٦، لەو ناوچە ئێرانییەی بن داگیرکاری سۆڤیەتدا بینی. هەروەک «ئارکی ڕۆزڤێلت» لە لێکدانەوەی خۆی بۆ کۆماری کوردی ڕوونیکردۆتەوە، دوای کەوتنی مهاباد لە کۆتایی ١٩٤٦دا، بارزانی و شوێنکەوتووانی شەڕێکی ٥٠ ڕۆژەی دووروودرێژیان لەگەڵ سوپای ئێرانیدا کرد، تا ئەو کاتەی بە سەلامەتی گەیشتنە ئازربایجانی سۆڤیەتی.[٣٥] هەوڵی ڕاشەکاوانەی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ بەیەکەوەلکاندنی هەرێمەکانی کورد و ئازربایجانی ئێرانی لە ١٩٤٦دا کارێکی درێژخایەنی کردە سەر ڕوانینی ئەمریکا بۆ کورد.[٣٦]

دوابەدوای شۆڕشی عێراق لە ١٩٥٨ دا، سۆڤیەت کێشەی کوردی لەگەڵ بەغدا قۆستەوە، بڕی چەکپێفرۆشتنی زۆروزەوەندی بۆ ئەوە بەکارهێنا، تا عێراق لەبارەی دابینکردنی چەکەوە بە سۆڤیەتەوە پابەندبێ.[٣٧] دوابەدوای هەڵگیرسانی شەڕی کوردیش لە ١٩٦١ دا، مۆسکۆ کێشەی کوردی بە قازانجی تەواوی خۆی قۆستەوە، بەوەی بەگوێرەی ئاراستەی شەڕی سارد و مانەوەی ڕژێم لە


هەواڵنامەی کتێب

دەسەڵات کۆمەکی خۆی بۆ بەغدا و بۆ کوردەکان دەگۆڕی. هەر بۆ نموونە لە ماوەی ڕژێمی قاسمدا، سۆڤیەتییەکان پاڵپشتی ئۆتۆنۆمییەکی بەرفرەوانتر بوون بۆ کورد، ئەوەش بە شێوەیەکی سادە بۆ ئەوە بوو، کە بڕوایان وابوو کوردەکان لەو پێگەیەدان ڕژێمێکی لایەنگری سۆڤیەتی بشلەقێنن. هەرچەندە کاتێ حیزبی بەعس بۆ یەکەمین جار لە ١٩٦٣ دا دەسەڵاتی گرتەدەست، سۆڤیەت ڕووی پشتگیری خۆی بۆ لای کوردەکان وەرسووڕاند، بە ئاشکرا کۆمەکی سیاسی و دیپلۆماتییانەی کردن. بەهەمان شێوەش لە ماوەی حوکمی ڕژێمەکانی ناسیونالیستانەی عارفییەکان لە شەستەکاندا، مۆسکۆ هەندێک خۆی لە بەغدا بەدوور گرت، لە جیاتی ئەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ «ناسر» لە قاهیرەدا توندوتۆڵ کرد. بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراویش، دووەمین گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ سەر دەسەڵات لە ١٩٦٨، بووە مایەی بەرەوپێشچوونێکی خێرای پەیوەندییەکانی سۆڤیەت - عێراق. سۆڤیەت هانی بەعسی دەدا، بەڵکو ناکۆکییەکانی لەگەڵ کورد چارەسەر بکا و لە ئازاری ١٩٧٠ دا یارمەتی چوار ساڵی شەڕراگرتنی دا. هەرچەندە ڕێککەوتننامەکەش لە ١٩٧٤ دا هەرەسی هێنا، سۆڤیەتیەکان پشتگیرییەکی بەرچاوی سەربازییانەی عێراقیان لە ماوەی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ لە شەڕی کوردا کرد بۆ ئەوەی عێراق بتوانێ بە یەک جار و بە تەواوی کورد تێکبشکێنێ.

ئەم تۆژینەوەیە ئەوە دەردەخا، چۆن پشتگیری مۆسکۆ بۆ پڕۆژە ماوە کورتخایەنەکەی کورد لە چلەکاندا وای لە کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد بێنەسەر ئەو بڕوایە، کە نیازی سۆڤییەت بۆ ئەوەیە کورد بەکاربهێنێ بۆ لێسووڕانەوە لە لەخۆگرتنی ستراتیژی ئەمریکای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەنجاکان و شەشتەکاندا. هاوشێوەش ئەو وەرگەڕانە گەورەیەی لە ئاراستە هاوسەنگی جیۆستراتیژی کەنداودا هات، ئەمەش دوابەدوای بڕیاری بەریتانییەکان بوو لە ١٩٦٨ بۆ کێشانەوەی هێزی سەربازییان، کە وای لە ئیدارەی «نیکسن» کرد پێگەی کوردەکان هەڵبسەنگێنێتەوە، هەرئەمەش سەریکێشا بۆ بەرنامەی ئەو یارمەتییە زۆروزەوەندە ژێربەژێرەی ١٩٧٢ - ١٩٧٥.[٣٨]


هەواڵنامەی کتێب

به گوێرەی دەستەواژەکانی مێژوناسی بێ، تەنیا لەو دواییانەدا سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بایەخێکی نوێ بەخۆیەوە بینیوە، کە هەندێ لە توێژەران چەندین وتاریان بڵاوکردۆتەوە، پەردەیان لەسەر ئەوە هەڵداوەتەوە. «دۆگلاس لیتل» لە وتارەکەی خۆی لە ٢٠١٠ ئەوە دەڵێ، ئیدارەی «کەنەدی» ڕۆڵێکی هاندەرانەی لە هەڵگیرسانیدنی جەنگی کورددا بینیوە.[٣٩] «ڕۆهام ئەلڤەندی»یش لە پێداچونەوەی وتارەکەی خۆیدا مشتومڕ لەسەر بەرانبەرەکە (دژکە)ی دەکا، بەوەی لەوێدا "هیچ بەڵگەیەکی جەوهەری بۆ پشتڕاستکردنەوەی گوتەکەی «لیتل» لەبەردەستدا نییە"، کە وڵاتە یەکگرتووەکان دنەی یاخیبووانی کوردی دابێ دژی بەغدا بوەستنەوە.[٤٠] بەڵگە لە ١٩٩٤ و لە ئەرشیفی سۆڤیەتیدا و لەلایەن «ڤلادیساڤ زوبۆک» لێکۆڵەرەوەی سەنتەری «ودرۆ ولسن» دۆزرایەوە، تێیدا ئاماژە بەوە دەکا، هەڵگیرسانی جەنگی کورد بەشێک بووبێ لە پلانی سۆڤیەت.[٤١] ئەمەش لەگەڵ لێکدانەوەکەی «گۆلان» یەکدەگرێتەوە، کە ئاماژەی بەوەدابوو، "سۆڤیەت دەیەویست پلەیەک لە نائارامی کوردی لە باکووری عێراقدا بەردەوام بێ... بۆ ئەوەی وا لەعێراق بکا پێویستی بە چەک و پشتگیری سیاسی سۆڤیەتی و پاڵپشتی کۆمۆنیستی بۆ ڕژێم هەبێ تا بتوانێ لەسەر تەختی دەسەڵات بمێنێتەوە.[٤٢] بە بەکارهێنانی ئەو کەرەستە نهێنییانە لەگەڵ دیدارەکان، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێ پشتگیری ئەنجامەکانی «ئەلڤەندی»، «زوبۆک» و «گۆلان» بکا و نیشانبدا، کە ئەمریکا هیچ ڕۆڵی لە هەڵگیرسانی شەڕی کورددا نەبینیوە. بەپێچەوانەوە «هان» وا پیشاندەدا، کە ئیدارەی «کەنەدی» گومانی ئەوەی هەبوو سۆڤیەتییەکان "پاڵنەر و هاندەر"ی کوردەکان بن تا "جێدەستێک بۆخۆیان لەوڵاتەکە پەیدا بکەن."[٤٣] ئەم بەڵگەوبەندەش لەگەڵ هی «لیتل» نەیارە بەوەی مکوڕە لەسەرئەوەی، کە سی ئای ئەی هانی ئێران و ئیسرائیلیشی داوە تا پشتگیری کورد بکەن.[٤٤] دیسان ئەمە مایەی ناکۆکییە. هەروەک «ئەلڤەندی» تێبینی کردووە، "ڕەنگە سی ئای بەبێ زانیاری وەزارەتی دەرەوە لە ڕێی دەستوەردانێکی ژێربەژێرەوە بە دوای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆیدا چووبێ."[٤٥] لە کۆتاییدا «ئەمۆند غەریب» ئەوە دەڵێ، ئیدارەی «نیکسن» لە ١٩٦٩ دا پەیوەندی نهێنی لەگەڵ کورددا بەستبوو.[٤٦] دیسان ئەمە ئەم جەختکردنەوەیە لەژێر پرسیاردایە. لە کاتێکدا ئەم لێکدانەوەیە



هەواڵنامەی کتێب

بەڵگەی بەرچاو لەسەر کۆمەکی ئێرانی و ئیسرائیل بۆ کورد لە سەرەتای شەستەکان و بە دواوە ئاشکرادەکا،٤٧ کەچی ئەمڕۆ هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەوە لەبەردەستدا نییە، نیشانبدا، کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەر لە ١٩٧٢ پشتگیری کوردی کردبێ یان هانیدابن.

توێژینەوە لە سیاسەتی ئیدارەی «لیندۆن جۆنسۆن» لە بەرانبەر عێراقدا سنووردار بوو، بە توێژینەوەی «لیتل» و «هان» سەرەتاکانی دەرکەوت. «هان» لە کتێبەکەی خۆی بەناوی «ئەرکەکە کۆتایهات» مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکا، کە ئیدارەیی «جۆنسن» "سیاسەتی دۆستایەتییەکی دوورەپەرێزانە بانابووەوە"[3]، لە کاتێکدا چاوەڕێی دەرفەتی دەکرد بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان - عێراق. ئەم لەیەکنزیکبوونەوەیە لە سەردەمی ئیدارەی «جۆنسن» سەرکەوتوو بوو، بەکردەوەش یارمەتی کۆمەکی دەرەوەی بۆ عێراق، ڕاوێژی لەبواری سیاسی و شێوەی دیکەی چالاکی دیپلۆماتی لێکەوتەوە. نووسینەکەی «هان» شتێکی بەرچاویش بوو، چونکە بۆ یەکەمین جار نیشانیدا، لە دوو ڕووداوی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراقدا، ئەمەریکییەکان بە دەنگی عێراقەوە چوونە: شکاندنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان لە حوزەیرانی ١٩٦٧ لە ماوەی شەڕی عەرەب - ئیسرائیل و لە دووەمین جاریش هاتنەوەی بەعس بۆ سەر تەختی حوکمڕانی لە کودەتای ١٩٦٨ دا.٤٨ ئەو وای نیشاندا، کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە پچڕاندنی پەیوەندییەکانی عێراق پەشیمان بوو و بە ناچاری وایلێهات لە دوورەوە چاودێری ڕووداوەکان بکا – هەروەک کودەتای بەعسییەکان لە ١٩٦٨دا - و ئەو زانیارییانە بەکاربهێنێ کە لە لایەن «بەلجیکا»وە پێیدەدرا، چونکە ڕازیبووە بەلجیکا بە هەڵسووڕاندنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق هەڵبستێ. مشتومڕی «هان» لەسەر ئەوەیە، کە مەزندەی بەرایی مەیلی ئیدارەی «جۆنسۆن» بۆ حیزبی بەعس کەمبووەوە کاتێک «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر» و برازاکەی[4] «سەددام حوسێن» دڵڕەقانە دەسەڵاتیان گرتەدەست، عێراقیان بەرەو تەوەری سۆڤیەت برد.٤٩

[3] بانانەوە: گونجاندن، متوبوون، لەگەڵ کۆکبوون.

[4] نووسەری ئەم کتێبە قسەی توێژەرێکی دیکە دێنێتەوە کە سەدامی بە برازای بەکر زانیوە. وەرگێڕ



هەواڵنامەی کتێب

هەرچەندە توێژینەوەکەی «هان» کاریگەری کشانەوەی بەریتانیا لەسەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکان لە بەرانبەر عێراق و هەرێمەکە پشتگوێ دەخا، لێرەدا چەندین لێکۆڵینەوەی نایاب سەبارەت بە وردەکاری لە خۆگرتنی ئیدارەیی «جۆنسۆن» بۆ سیاسەتی "جووت دینگەیی" هەن، کە بەدوای ئەوەدا گەڕاون لە ئێران و عەرەبستانی سعوودیدا جێگەی بەریتانیا بگرنەوە و ڕێگەش لە یەکێتیی سۆڤیەت بگرێ ئەو بۆشایەی لە دوای جێهێشتنی بەریتانا مابووەوە، پڕبکاتەوە.٥٠ سەرباری ئەمەش، ئەم توێژینەوەیە وردەکاری گەورەتر دەخاتە بەردەست لەوەی کە پێشتر لەبەردەستدا بووە لەو داڕسانەی کە لەبارەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر عێراق لە ماوەی شەستەکاندا ڕووبەڕووی ئیدارەی جۆنسۆن ببووەوە.

تا ئەم دواییانە لێکۆڵینەوە لەبارەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق لە نێوان ١٩٦٩ - ١٩٧١ سنووردار بوو، تەنانەت لە ماوەی سیاسەتەکانی ئیدارەی «جۆنسۆن» لە بەرانبەر عێراقدا ببووە مایەی مشتومڕێکی بەرچاو. تەنانەت «کیسنجەر» لە یاداشتەکانی خۆی لە کتێبی "ساڵەکانی نوێبوونەوە"دا خۆی لەوە بەدوور گرتووە باسوخواسی سیاسەتی ئەمریکای بەر لە ١٩٧٢ بێنێتە گۆ و تاوتوێیان بکا.٥١ ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە «نیکسن» لە ماوەی حوکمی یەکەمیدا حەزی لە کاروباری عێراق و ناوچەی کەنداو نەبوو، لە بری ئەوە، ئەو تیشکی سیاسەتی خۆی زیاتر خستبووە سەر پرسە پێشەمییەکانی[5] وەک تەشەنەسەندنی جەنگی ڤێتنام، کرانەوە بەسەر چین و خاوکردنەوەی ئاڵۆزییەکان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا.٥٢ هەروەک ئیدارەکانی پێشخۆی، حکوومەتی «نیکسن» پارێزگاری لە سیاسەتی توندوتۆڵی دەستوەرنەدانی لە عێراق و کوردەکان کرد. هەرچەندە لە ناوەڕاستی ١٩٧٢ دا، سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکان لەهەمبەر عێراق، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، ئەوەبوو گۆڕانکارییەکە سەری کێشا بۆ پەسەندنامەی «نیکسن» لەسەر پشتگیری ئۆپەراسیۆنی ژێربەژێری کورد.

---

[5] پێشەم، پێشنۆرە، ئەولەوییەت



هەواڵنامەی کتێب

لێرەدا تاوتوێکردنێکی هەرەگرنگ هەیە سەبارەت بەوەی، ئاخۆ بۆچی «نیکسن» کردەی دەستوەردانی لە کاروباری کوردییدا پەسەندکرد. بەشی هەرەزۆری توێژەران ئەوە ڕووندەکەنەوە، ئەمە کاردانەوەیەکی تۆڵەستێن بووە بۆ ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاری سۆڤیەت - عێراق کە لە نیسانی ١٩٧٢ دا واژۆکرا،[٥٣] بە مشتومڕەکەی «لیتل»، ئەو ئۆپەراسیۆنە لەسەر بنەمای "لۆژیکی جەنگی سارد" ڕۆنرابوو.[٥٤] لە پێداچوونەوەی خۆی بۆ وتارەکەی «لیتل»دا، «ئەلڤەندی»ی بەڵگەوبەندی جەنگی سارد ڕەتدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکا، کە «لیتل» ڕۆڵی (شا)ی ئێرانی لە نەخشەکێشانی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای سەبارەت بە جەنگی کورد بە کەم زانیوە.[٥٥] "ئەلڤەندی» لە وتارێک دەربارەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - ئێران جەخت لەسەر ئەو بەڵگەوبەندەی دەکاتەوە و دەنووسێ، "نیکسن و کیسنجەر، عێراق و کەنداویان لە چاوەکانی (شا)دا دەبینی."[٥٦] ئەم تیۆریەش لە لایەن «جۆناتان ڕاندال»ـەوە پشتگیری لێکرا، ئەویش مشتومڕی ئەوەی بوو، کە شا سەبارەت بە هەڕەشەی سۆڤیەت - عێراق زێدەڕۆیی کردبوو و ڕۆڵی "کارتێکی نەیاری زلهێزی" دەبینی تا قەناعەت بە «نیکسن» بێنێ، بۆ ئەوەی ئێران بکەنە هێزێکی باڵادەستی هەرێمی و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ عێراق تێکبدات، کە تاکە ڕکابەری هەرێمایەتی ئەو بوو.[٥٧] لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان، «ئەلڤەندی» و «ڕاندال» دیاربوو زۆر توانستی هێز بدەنە پاڵ شا، وەک بەڵگەکان نیشانی دەدەن، بڕیاری ئەمریکا بۆ پشتگیری کورد لە سۆنگەی بەهەندهەڵگرتنی ستراتیژی جەنگی ساردەوە بووە، ئەمەش لە کاردانەوەی گەشەکردنی بایەخی عێراق بۆ یەکێتیی سۆڤیەتەوە هاتبوو.

ناونیشانی کتێبەکەش ئاماژەیەکە بە کلیلێکی دژبەر کە دەوروخولی ئەو ڕێگەیەی داوە چۆن دەستوەردان لە کاروباری کورد لەپڕێکەوە لە مارتی ١٩٧٥ دا وەستا، توێژەرێکیش ئەوەی دەربڕیوە، کە ئیدارەی «نیکسن - فۆرت» هەرگیز "بەقەد سەرەدەزییێکیش باکیان" بە کورد نەبووە و لەوکاتەی شا پشتگیرییەکەی کورددانی فرۆشت و سازشی لەسەر سنوور لەگەڵ عێراق لە کۆنفرانسی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت (ئۆپیک) لە ئازاری ١٩٧٥ دا کرد، ئیدی



هەواڵنامەی کتێب

ئەمریکاش دەستی لە کورد هەڵگرت.[٥٨] بناوانی ئەم تەقینەوەی توورەییەش لە وتارەکانی «ولیام سافایر»ەوە هات، کە لە ١٩٧٦دا بڵاویکردنەوە، لەوێدا ئیدارەی نیکسنی بە فرۆشتنی کوردەکان و لەپڕ وەستاندنی دەستوەردان بۆ پشتگیریکردنیان تاوانبارکرد، بەمەش پشتیان لە بارزانی کرد، کە لە ناخی دڵیەوە داوای یارمەتیلێکردن و لە کۆمەکردنی مرۆییانەی کورددا شکستیان هێنا.[٥٩] ئەو گوتەیەی «سافایر» لەسەر بنەمای دزەکردنی کۆپی ڕاپۆرتێکی زۆر نهێنی کۆنگرێس لەسەر چالاکییەکانی «سی ئای ئەی»یەوە هەڵهێنجرابوو، کە بە «ڕاپۆرتی پایک» ناسرا.[٦٠] لەوکاتەی ڕاپۆرتەکە زانیاری گرانبەها لە ڕووەکانی دەستوەردانی کورد باسدەکا، ئەم لێکۆڵینەوەیەش ئەوە نیشاندەدا، کە ئەو لێکدانەوەیە بابەتیانە نەبوو. لەوەش زیاتر، لەو کاتەی لە ١٩٧٦ـەوە بەڵگەنامەکە دزەپێکراوە، ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران بێ بەدواداچوون هەر ئەو بەڵگەوبەندانە دووبارەدەکەنەوە کە نوێنەر «ئۆتیس پایک»، کە خۆی سەرۆکی کۆمیتەی هەواڵگری خانەی نوێنەران بوو، کە ڕاپۆرتی «پایک»ی ڕەشنووسکردبوو، خستبوونیە ڕوو، هەروەها «سافایر»یش بەبێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی سەرچاوەکان دەربڕینەکانی خۆی لەسەر هەڵێنهێنجاوە.

لەم ساڵانەی دواییشدا، «کیسنجەر» هەوڵیدا دابڕسێتە سەر خاترجەمییەکانی ڕاپۆرتەکەی پایک. دوای ئەوەی کە ١٩٧٧دا کۆشکی سپی بەجێهێشت، یادەوەری خۆی بە ناوی "ساڵانی کۆشکی سپی" بڵاوکردەوە، بەڵام لەوێدا ئامادەنەبوو ڕووەکەی خۆی بۆ چیرۆکەکە واڵابکا، لەوێدا لە سێ ڕستە و لە پەراوێزێکی کورتدا بەڵێنیدابوو لە "بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکان، ئەم [ڕووداوانە] ڕوونبکاتەوە."[٦١] «کیسنجەر» دوای دوو دەیە لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، «ساڵانی نوێبوونەوە» بەچاپگەیاند، کە تێدا ئەم بابەتانەی خوارەوەی تێدا باسکردووە؛ وردەکاری سەبارەت بە بڕیاری «نیکسن» بۆ بەهاناوەچوونی کورد لە ١٩٧٢؛ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو ئۆپەراسیۆنە؛ هەوڵوکۆششی خۆی بۆ خۆبەدوورگرتنی کورد لە هێرشکردنە سەر عێراق لە ماوەی جەنگی عەرەب – ئیسرائیل لە ١٩٧٣؛ لەگەڵ وردەکاری سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی ئەمریکا – ئیسرائیل بۆ گواستنەوەی چەکە سۆڤیەتیە


هەواڵنامەی کتێب

دەستبەسەرداگیراوەکان بۆ کورد لە ماوەی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ دا.[٦٢] ڕاستییەکەی لەوێدا «کیسنجەر» دادەڕسێتە سەر ئەو لێکدانەوە مێژووناسییە و هۆکارەکانی خۆی بۆ پشتگرتنی دەستتێکەڵی لەگەڵ کورد ڕووندەکاتەوە. بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی، هیچ لەو وردەکارییانە بڵاونەکرابوونەوە. لەکاتی خۆی ئەو خۆخزمەتکردنەدا، ئەوەی کیسنجەر باسیکردووە، ڕەنگدانەوەی ئەو تۆمارەیە کە لە کتێبخانەی سەرۆکایەتی «نیکسن» و «فۆرد» و بڵاونامەی ئەم دواییانەی وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە بەڵگەنامەکانی وردەکاری سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەمبەر ئێران و عێراق لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٦دا بەردەستە. ئەوەی ڕوونبووەوە ئەوەیە، کە ڕاپۆرتی «پایک» توێژینەوەی لەبارەی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان - عێراق و دەستوردانی کاروباری کورد شێواند. لەم دواییانەدا بەڵگەنامەی نهێنی دەرچوون کە پاڵپشتی بەڵگەوبەندەکانی «کیسنجەر»یان کرد، بەوەی بڕیارەکەی شا بۆ بەلاوەنانی کورد وەک داکەوت[6] خرایە بەردەم وڵاتە یەکگرتووەکان. کەواتە، ئەم لێکدانەوەیە، تا ڕاددەیەک ئەستۆپاکی دەداتە «کیسنجەر» و زۆر لە خاترجەمبوونە دژبەیەکەکانی ڕاپۆرتەکەی «پایک» بەدرۆدەخاتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی نوێی بەردەست پێداچوونەوەیەکە بەسەر لێتێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٨ - ١٩٧٥ دا. بە گشتی، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە بەڵگەنامە سەرەکییە بەردەستەکان، چاوپێکەوتنەکان و سەرچاوەی لاوەکی بەردەست بەستووە بۆ ڕۆنانی بونیادی گێڕانەوەی وردەکاری پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق و جەنگی کورد لە نێوان ١٩٥٨ - ١٩٧٥ دا.[٦٣] لەپێشدا و لە ڕێی هێنانەوەی سەرچاوە لاوەکییە نوێیە بەردەستەکان ئەو موناقەشە مێژووناسییە هەیە و باسکراوە. بۆ ئەم کارەش، هێڵ بەژێر ئەوەی مێژووناسی پێشتر لە سۆنگەی پەیوەستبوونی تایبەت بە ڕاپۆرتەکەی «پایک»دا، هێنراوە، کە بووەتە مایەی سەرلێتێکدانی تێگەیشتنمان لە ڕەوتی ڕووادوەکان. وەک تەواوکاری ئەم لێکۆڵینەوەیە، دیدارەکان کە لەگەڵ ژەنەڕاڵ «برێنت سکۆکرۆفت»، باڵوێز

[6] داکەوت، أمر واقع



هەواڵنامەی کتێب

«ڕۆناڵد نێومان»، ڕۆژنامەنووسی واشنتن پۆستی براوەی پاداشتی پوبلیتزەر «جیم هۆگلاند» و کاربەدەستی پلەباڵای پێشووتری سی ئای ئەی ڕێکخران. ئەم کاربەدەستە پێشووترەی سی ئای ئەی بەشدارێکی ڕاستوڕەوانی وردەکاری ڕووداوەکانی نێو ئەم کتێبە بووە. ئەو لە نێوان ١٩٥٨ تا حوزەیرانی ١٩٦٣ دا لە ئێران بنگرتی ببوو، لەوێ لە تەورێز تایبەتمەند بوو بە چاودێری کورد لە ١٩٥٨، لە کۆتایی ١٩٦٨ و لە میانەی حوزەیرانی ١٩٧٠ دا بەرپرس بووە لە ئۆپەراسیۆنی "ناوچەی حاشالێکراو" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها لە نێوان ئابی ١٩٧٣ تا ١٩٧٦دا جێگری بەرپرسی وێستگەی تاران بووە. داوایلێکراوە هەر بە نەناسراوی بمێنێتەوە، چونکە تا ئێستاش سی ئای ئەی پرسوڕای پێدەکا.[٦٤] هەروەها چاوپێکەوتنن لەگەڵ دوو کاربەدەستی هەواڵگریی ئیسرائیلیش بە ناوەکانی «زوری ساگی» و «ئێلیازەر تسافریر» کراوە، ئەوانەی لە لایەنی ئیسرائیلەوە بە جەنگی کورد پەیوەستبوون. «ساگی» لە ماوەی شەستەکان و دواتر لە ١٩٧٤ - ١٩٧٥ دا ڕۆڵێکی چارەنووسسازانەی لە ئاراستەکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی کورد دژی عێراق بینیوە، «تسافریر»یش ئەفسەرێکی پلە باڵای دەزگەی مۆسادە. هەردووکیان بە وردی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیلیان لە نێو عێراق لە شەستەکان و هەفتاکان ڕوونکردەوە. لەوکاتەی دیدارەکان بە شێوەیەکی لۆژیکییانە سنووورداربوون، لێ ئەو وردەکارییانەی لێرەدا خراونەتە ڕوو، بە بەڵگەنامەی سەرچاوەی لاوەکییەکانی دیکەش پشتڕاستکراونەتەوە.

ئەم کتێبە بە دوای ڕاستکردنەوەی کەموکورتییە مێژوویەکاندا دەچێ و زیاتریش بە نێو ئەو بەڵگەوبەندەدا ڕۆدەچێ، کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکان لە هەمبەر عێراقدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٨ تا ١٩٧٥ دا لەسەر بنەمای حاشاکردن بوو لە زاڵبوونی سۆڤیەت بەسەر عێراقدا، کە هاوئاهەنگبوو لەگەڵ ستراتیژی جەنگی سارددا. بەندی ١ بەدەنگەوەچوونی ئیدارەی ئایزنهاوەر بۆ شۆڕشی عێراق و سەرکردەکەی «عەبدولکەریم قاسم» هەڵدەسەنگێنێ. بەندی ٢ سیاسەتی ئیدارەیی کەنەدی دەربارەی «قاسم» باسدەکا، ئەویش لەو ماوەیەی کە «کەنەدی» دەستبەکار دەبێ تا ئەو کاتەی لە ١٩٦٣ دا قاسم



هەواڵنامەی کتێب

لەسەر تەخت لادەبەن. بەندی ٣ بە دوای سیاسەتی «کەنەدی»دا دەچێ لەو ماوە کورتە نۆ مانگییەی کە حیزبی بەعس حوکمڕانبوو، لەگەڵ مشتومڕکردن لەسەر ئەوەی کە عێراق مەیدانی جەنگی سارد بووە. بەندی ٤ ئەو پەیوەندییەی ئیدارەیی «جۆنسۆن» لێکدەداتەوە، کە پەیوەندی لەگەڵ هەردوو ڕژێمە ناسیونالیستەکە، «عەبدولسەلام عارف» و «عەبدولڕەحمان»ی برای هەبوو، هەروەها باسی ئەو ڕوانینە لەیەک جیاوازییە ڕوون و ئاشکرایەی دەکا، کە سەبارەت بە پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە نزیکەکانی، بەتایبەتیش بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل لەئارادابوو. بەندی ٥ لەبارەی کاردانەوەی ئیدارەی «جۆنسۆن» لە شەڕی شەش ڕۆژە، لە بڕیاری بەریتانییەکان بە کشانەوە لە کەنداو و هاتنەوەی دووەم جاری ڕژێمی بەعس دەکۆڵێتەوە. بەندی ٦ سیاسەتی ئیدارەی «نیکسن» لەهەمبەر عێراق و پرۆسەی بڕیاردان لەوەی سەریکێشا بۆ ئەوەی لە ١٩٧٢ دا دەستبخەنە ناو کاروباری کورد. بەندی ٧ وردەکاری دەستوەردانی ئیدارەی «نیکسن»ی بۆ کاوروباری کورد تێدایە، ماوەکەشی دەگاتە شەڕی جەنگی عەرەب – ئیسرائیل لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٣. لە کۆتاییشدا بەندی ٨ تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی جەوهەرییانەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، «هینری کیسنجەر» لە هەردوو دیوی دەستوەردان لەکاروباری کورد و لەو ڕێگەچارە تراژیدیایەی کە لە ئازاری ١٩٧٥ دا کۆتاییپێهات. بەم جۆرە، ئەوە ڕووندەبێتەوە، لە «ئایزنهاوەر»ەوە تا «فۆرد»، بڕیار و کردەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر یەک بنەما، ڕوانینێکی یەکگرتوو ڕۆنرابوو، ئەویش: یەکێتیی سۆڤیەت ببووە مایەی گەف بەسەر سەروەری عێراق. هەر لەبەر ئەوەش، سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراقدا و لە ساڵەکانی نێوان ١٩٥٨ تا ١٩٧٥ دا لەسەر بنەمای ڕۆڵی دەرکپێکراوی عێراق لە سەر جەنگی سارد ڕۆنرابوو، کە سەریکێشا بۆ زنجیرەیەک لە دەستوەردانی سەرەکی و لاوەکی، ئەمەش بووە مایەی شلۆقییەکی بەردەوامی وڵاتەکە.


هەواڵنامەی کتێب

**بەندی: ١**

**ئایزنهاوەر و ڕژێمەکەی قاسم:**

**تەمموزی ١٩٥٨ - کانوونی دووەمی ١٩٦١**

شۆڕشی عێراق لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، ستراتیژی لەخۆگرتنی هەریمایەتی ئەمریکایی سەراوبنکرد و دەروویەکی دراماتیکی نوێی بەسەر ڕکابەریی زلهێزەکانی شەڕی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردەوە. ئەم بەندە پوختەیەک لە ستراتیژی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەخاتەڕوو، کە دوابەدوای دووەم جەنگی جیهانی و لێکدانەوەی بەدەنگەوەچوونی ئیدارەی «دوایت ئایزنهاوەر» بۆ شۆڕشی عێراق و ئەو پاشاگەردانییەی بەدوایدا هات. لەوەش زیاتر، ئەم شتانەش تاوتوێدەکا، پرۆسەی داڕشتنی بڕیار، هەڵسەنگاندنی کاریگەری نزیکبوونەوەی ئیدارەی ئایزنهاوەر لە ڕەوشەکە و ناسینەوەی هەر دەرفەتێکی لەدەستچوو، لەو کاتەی کە ئەمریکا بە شێوەیەکی جیاواز بجووڵابایەوە، دەکرا بیتوانیبا کارێکی ڕزگارکەرانەی بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی نوێی عێراقی گرتبایەبەر. لە کۆتاییشدا، ئەوە زۆر گرنگە تێبگەین، کاربەدەستانی ئەمریکا لە واشنتن و بەغدادا دەرکیان بەو ڕووداوانە کرد، چۆن ئەو ڕوانینەیان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان بەراوردبکرێن یان دژبەری بن، هەروەها چۆن ئەوان ئەو ڕوانینانەیان کردە سیاسەتی ئەمریکا و جێبەجێشیان کرد. بۆ ئەم کارەش شتەکە ڕوون و ئاشکرا بوو، دوابەدوای شۆڕشی عێراق، سیاسەتەکەی «ئایزنهاوەر» دژی لەیەکنزیکبوونەوە بوو لە هاوپەیمانە خۆجێییەکان، ئەمەش لەبەر نیگەرانییەکان بوو سەبارەت بەوەی ڕژێمی نوێ چاوباشقی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق دەکات، کە ڕەگەڵ سۆڤیەت کەوتبوو. بە لێکەوتیش بڕیاری توند دران، ئەو دەرفەتانەش لەدەستچوون، کە بکرێ عێراق لە شەڕی ساردەوە نەگلێ و کردەوەکانی ئەمریکاش پاڵی بە ڕژێمی عێراقەوە نا تا لە سۆڤیەت نزیکتربێتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

**ناوچەیەکی شێواو (پاشاگەردان)**

بەر لەوەی لە بەدەمەوەچوونی ئیدارەی ئایزنهاوەر بۆ شۆڕشی عێراق بکۆڵینەوە، پێویستە لێتێگەیشتنی سیاسەتەکانی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق و ناوچەکە بخرێتە بەردەست. شکستپێهێنانی ئیسرائیل بە سوپا عەرەبییەکان لە ١٩٤٨دا سەریکێشا بۆ گۆڕانکارییەکی گەورە لە سەرتاپای هەرێمەکە، ناسیونالیزمی عەرەب وەک ئایدیۆلۆژییەکی زاڵ سەریهەڵدا. شۆڕشی میسر لە ١٩٥٢دا یەکەمین حاڵەت بوو، کە ناسیونالیستی عەرەب، ئەفسەرانی سوپا تەختوبەختی پاشایەتی «مەلیک فاروق»ی گەندەڵ و پشتبەستوو بە ڕۆژئاوایان سەروابنکرد و لە کۆتاییدا «جەمال عەبدولناسر»، سەرۆکێکی کاریزمایی بۆ ماوەیەکی درێژ هێنایە سەرتەخت، کە هەر زوو سەرۆکەکە هەڵوێستێکی توندی دژەبەریتانیای گرتەبەر. کاتێک میسر لەدەست بەرەی ڕۆژئاوا دەرچوو، بووە مایەی نیگەرانی ئیدارەی ئایزنهاوەر و وای لە «جۆن فۆستەر دالەس»ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کرد، بیر لەوە بکاتەوە دەوڵەتەکانی "تویێژی باکوور" وەک تورکیا، ئێران، عێراق و پاکستان بخاتە نێو هاوپەیمانییەکی ئاسایشپارێزی بە مەبەستی لەخۆگرتنی توانستی تەکانی سۆڤیەت بەرەو کەنداوی دەوڵەمەند بە نەوت[1]. بەدەستپێشخەری سەروەزیری عێراق «نوری ئەلسەعید» پەیمانی بەغدا – وەک ناوە هاوبەشەکەی هاوپەیمانی – کە لە ١٩٥٥دا پێکهێنرا، مقۆمقۆیەکی گەرمی لەنێوان وڵاتە عەرەبییەکانی وەک ئوردن، عەرەبستانی سعوودی و سووریاش نایەوە – ئاخۆ بچنە ڕیزی پەیمانەکە یان نا. هەرچەندە کاتێ بەریتانیا لە نیسانی ١٩٥٥دا چووە نێو پەیمانەکە، «ناسر» ئەمەی قۆستەوە تا هاوپەیمانییەکی ئاسایشیپارێزی دووقۆڵی لەگەڵ هەریەک لە عەرەبستانی سعوودی و سووریادا پێکبهێنێ[2]. ئەو مشتومڕ و گفتوگۆیانەی دوابەدوای جەنگی ١٩٤٨ هاتن، دەریانخست کە بازاڕەکەی لە نێو سیاسییەکانی عەرەب گەرموگوڕ و توند بووە. هەروەها ئەوەشی دەرخست چۆن عێراق لە دەرەوەی بازنەی ئەوانی دیکە بووە، چۆن چووەتە نێو هاوپەیمانییەکی ناعەرەبی لایەنگری ڕۆژئاوایی.



هەواڵنامەی کتێب

ئەمریکا و بەریتانیا لە تێگەیەشتنیان و لە باری نزیکبوونەوەیان لە ناسیونالیزمی عەرەب، جیاوازی گەورەیان هەبوو. هەروەک «فیێن» سەرنجیداوە، وڵاتە یەکگرتووەکان مەیلی بەلای هاوسۆزی لەگەڵ هەڵوێستی دژەکۆلۆنیالستی هەبووە و لەباریشدا هەبووە ئەوە ببینێ، کە ئیمپریالیزمی بەریتانی لە هەرێمەکەدا هەم "لە ڕووی مۆڕالییەوە هەڵەبووە و هەم لە ڕووی سیاسیشەوە مایەی ناسەقامگیری بووە".[٣] لە ناوەڕاستی پەنجاکانیشدا، کاربەدەستانی ئەمریکا خەریکبوون ئەوە بناسنەوە، کە دەکرا ناسیونالیزمی عەرەبی لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربێنن، بەوەی ڕووی ئایدیۆلۆژیان لەگەڵ سیاسەتەکانی خۆیان بۆ لەخۆگرتن ئاراستەبکرێ.[٤] هەڵبەتە ئەمەش وایکرد، ئەمریکا ڕاستەخۆ لەگەڵ بەریتانیا ناڕێک بێ، ئەو بەریتانیایەی کە بەیداخهەڵکردنی «ناسر»ی بەسەر سەری ناسیونالیزمی عەرەبی بە گەفی ڕاستەخۆی سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی زانی، بەتایبەتیش، کە بەوێدا نزیکەی دووسێیەکی نەوتی بەریتانیای پێدا دەڕۆیشت. دیاربوو هەڕەشەکەش ئەوەندە بەهەندهەڵگیراو بوو، لە ئەنجامدا بەریتانیا – لەگەڵ فەرەنسا و ئیسرائل - پیلانێکیان گێڕا و لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٦دا بە مەبەستی لادانی «ناسر» لە دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنەوەی دەوڵەتە ستراتیژەکە، پەلاماری میسریان دا. هەرچەندە بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی پێشوەخت لە ڕاوێژپێکردن بە ئەمریکا شکستیان هێنا، ئیدارەی «ئایزنهاوەر» ناچاربوو گەفیان لێبکا تا وایان لێبکا بەنابەدڵی بکشێنەوە. بە شێوەیەکی ڕێژەیی «ناسر» لە شەڕەکەدا بێوەی دەرچوو، وای لێکرد وەک پاڵەوانێک دژی ئیمپریالیزمی نوێ دەربکەوێ، ئیدی پان عەرەبایەتی و ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی بە ناسریزم (ناسرایەتی) ناسرا. ناسریش بەم سەرکەوتنە بوژایەوە، هەوڵی ئەوەشیدا بەڵکو ئەو ڕژێمانەی لەناوچەکەدا هەن و سەر بەڕۆژئاوان بڕوخێنێ و شانشینە "کۆنەپەرستەکان" بە ڕژێمی ناسیونالیستی عەرەب بگۆڕێ. ئەو دۆخە دوژمنکارییەش ئەوەبوو، کە «مالکۆلم کێرر» ناوی لێنا "شەڕی ساردی عەرەب".[٥]

وەک کاردانەوەیەک لەمەڕ شڵەژانی بارودۆخی ڕۆژهەڵات، سەرۆک ئایزنهاوەر لە کانوونی دووەمی ١٩٥٧دا و لە وتاری ساڵانەی بۆ فیدراڵی جاڕی شەڕی دا،


هەواڵنامەی کتێب

لەوێدا جاڕی ڕێبازێکی دا، بەناوی خۆی ناودێر کرا، تێیدا بانگی پشتگیری ئابووری یان سەربازی هەڵدا "بۆ ئاسایشپاراستن و بەرگریکردن لە یەکێتیی خاک و سەربەخۆیی قەوارەی سیاسی ئەو جۆرە دەوڵەتانە... ئەمەش لە بەرانبەر دەستدرێژی ئاشکرای هەر دەوڵەتێک کە لەلایەن کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵکرابێ." مەبەست لە ڕێبازەکەی ئایزنهاوەر هەر بۆ لەخۆگرتنی یەکێتیی سۆڤیەت نەبوو، بەڵکو بۆ ڕەوتی ڕادیکالیانەی ناسر بۆ ناسیونالیزمی عەرەبیش نیشانە بوو.[٦] ڕێبازەکە لە چەند مانگی دواتردا بایەخی خۆی سەلماند، بەوەی خەڵک لەسەر شەقامی عەرەبی کەوتە پرسیارکردن، ئاخۆ یەکێتیی عەرەب چارەسەرە بۆ کێشەکانی ناوچەکە، نەخاسمە کێشەی ئیسرائیل؟ لەو نێوەشدا، بارودۆخ لە سووریا بە خێرایی شێوا، توخمگەلی کۆمۆنیستی لە مانۆڕێکدا بوو تا دەسەڵات لەوێ بگرێتە دەست، بۆ ڕێگرتن لەم ڕەوتە و لە ١٩٥٨ یەکێتییەکی چاوەڕواننەکراو بەرپابوو. ئەم یەکگرتنە بووە پێکهاتەی کۆماری یەکگرتووی عەرەب.[٧]

هاتنەکایەی ئەم کۆمارە یەکگرتووە بووە زەنگی وشیارکردنەوە بۆ «نوری ئەلسەعید»ی سەروەزیری عێراق، ئەوەی بە دوای ئەوەدا دەگەڕا لە ڕێی یەکگرتن لەگەڵ ئوردن بەناوی یەکێتیی عەرەب، دژەهاوسەنگییەک پێکبهێنێ، ئەمەش هەر دوو هەفتە دوای کۆماری یەکگرتوو سەریهەڵدا. کاتێکیش پشێوییەکان پەرەیانسەند، لە سەرەتای ١٩٥٨ دا «شا حوسێن»ی ئوردن داوای یارمەتی لە عێراق کرد، تا پشێوی و ئاژاوەی نێوخۆی دابمرکێنێتەوە. ئەوەی بۆ «نوری ئەلسەعید» زانراو نەبوو، ئەو یەکە سەربازییەی بۆ ئوردنی دەنارد، ئەوانەی پێیاندەگوترا ئەفسەرە ئازادیخوازەکان، ئەوانەی بە شکۆوە دەیانڕوانیە جووڵانەوەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی میسر، دزەیان کردبووە نێوڕیزەکانی فەرماندەیی سوپا. یەکەکە بۆ چوون بۆ ئوردن دەبوایە بە نزیک بەغدا تێپەڕێ، بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و فەرمانەکان «عەبدولسەلام عارف» بەرەو بەغدا کشا و لەوێ دەستی بەسەر ڕادیۆدا گرت، هەموو باڵەخانە ستراتیژییەکانی گرتن، ئینجا جاڕی پێکهێنانی کۆماری عێراقی دا. دوای شەڕێکی درێژخایەن، یاخیبووەکان شا فەیسەلی دووەم، عەبدولئیلاهی (وصي) و لە دواییشدا «نوری


هەواڵنامەی کتێب

ئەلسەعید»یشیان کوشت، هەرچەندە «نوری ئەسەعید» هەڵات، بەڵام زوو دۆزیانەوە، وەک دواتر دەرکەوت بە جلی ژنانە ڕایکردبوو، هەر لەوێشدا لەسێدارەیان دا.[٨]

لە ناوەڕاستی ١٩٥٨ دا سیاسەتەکانی بەریتانیا و ئەمریکا لە بەرانبەر ناسیونالیزمی عەرەب لەگەڵ یەک نەگونجاوبوو. دیاربوو بەریتانیا بە خۆرئاوابوونی ئیمپراتۆریەتە کۆلۆنیالییەکەی، بێهوودە هەوڵی دەدا دەست بەسەر سامانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێ، کە مانەوەی بۆ باری ئابووری خۆی دوای جەنگەکە شتێکی چارەنووسسازانە بوو. هەر ئەم ڕووداوەش بە دنەدانی بەریتانیا و – لەڕێی دەزگەی ناوەندی هەواڵگری ئەمریکا (سی ئای ئەی) – لە ١٩٥٣دا سەری کێشا بۆ کودەتایەک لە ئێران.[٩] وەک لێکەوتەیەکیش بەریتانیا ئاماژەی «ناسر» بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی بە هەڕەشەیەک لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دانا و نەیدەتوانی ڕێگەی ناسر – یان هەر کەسێکی بۆ ئەو پرسە بدا - بۆ ئەوەی دەست بەسەر ناوچەی کەنداو و کێڵگە نەوتییە پڕبایەخەکانیدا بگرێ. ئەمریکییەکانیش ناوچەکەیان لە چاوی مەرجەکانی ڕکابەری شەڕی ساردا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا دەبینی و سیاسەتەکەشی گرێدراوبوو بە ڕێگرتن لە سۆڤیەت، نەبادا سەرچاوەکانی داهاتی نەوت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، تەنانەت ئەگەر ئەمەش واتای ئەوەی بگەیاندبا، کە بەریتانیا هەراسانببێ یان «ناسر» دەستەمۆبکا. سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمریکا بە تەواوی لەسەر بەهەندهەڵگرتنی جەنگی سارد ڕۆنرابوو. هەروەک یەکێ لە لێکدەرەوەکانی ئەمریکی تاوتوێی کردووە، "لە درەنگانێکی پەنجاکان ئێمە بۆماندەرکەوت، کە یەکێتیی سۆڤیەت هێڵی بەربەستی توێژی باکووری بەزاندووە، بنەمای سیاسی و ڕێگەی ئابووری بەکارهێنا و لەڕاستیدا بووە هێزێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست."[١٠] هەرچەندە تاکە پێشمەرجی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کارکردن لەگەڵ «ناسر» ئەوەبوو، کە کۆمۆنیستەکان لەپەراوێزی دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە، بەوەی ئەو ئامادەیە پێشنیازی یەکگرتن لەگەڵ سووریا بگەیەنێتەسەر. بەکورتی، تا ئەو کاتەی شۆڕشی عێراق لە ١٩٥٨ ڕوویدا، سەکۆی ڕووداوەکان پێشتر ناکۆکی نێوان واشنتن و لەندەنی



هەواڵنامەی کتێب

لێکەوتبووەوە بەوەی نەوەک چۆن شۆڕشەکە هەڵبسەنگێنن، بەڵکو چۆن بە دەنگییەوە بچن.

## کودەتاکەی تەمموز

١١ سەعاتی پێچوو تا کاربەدەستانی واشنتن لەوە خاترجەم بن، کە کودەتایەک لە سەعات ٨ (بەکاتی ستانداری ڕۆژهەڵات)ی بەیانی ڕۆژی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە بەغدا ڕوویداوە، «فۆستەر دەلەس» بە سەرۆک «ئایزنهەوەر»ی ڕاگەیاند، کە چەند کەسێک لە سوپای عێراقی "بەرەو کۆشکی پاشایەتی کشاون و لەوێدا شازادە «ئەمیر عەبدولئیلاهـ»ی جێنشینیان کوشتووە". ئەو لە چارەنووسی پاشا و سەروەزیرەکەی دڵنیانەبوو، بەڵام ئاماژەی بەوەدا، بارودۆخی خراپتریشی لێدەکەوێتەوە. ئەمەش وای لە «ئایزنهاوەر» کرد، بانگی دەستەی ئاسایشی نیشتمانی بکا تا چاوێک بەڕەوشەکەدا بخشێننەوە و "دڵنیابن کە هیچ لایەنێکی ڕەوشەکەیان پشتگوێ نەخستووە." کاتێکیش دەستەکە لە «ئۆڤال ئۆفیس» کۆبووەوە، «ئاللن دەلەس» کە برای وەزیری دەرەوە و بەڕێوەبەری دەزگەی هەواڵگری ناوەندیی (DCI) بوو، ڕوونیکردەوە، کە "کەسە هەوادارەکانی ناسر لە نێو سوپای عێراقدا" کودەتاکەیان کردووە، واش دادەندرێ «مەلیک فەیسەل» و «نوری ئەلسەعید» کوژرابن و حکوومەتێکی کۆماریش دامەزرابێ. هەرچەندە بەڕێوبەری دەزگەی سی ئای ئەی دڵنیانەبوو ئاخۆ «ناسر» لەپشت کودەتایەکەوە یان نا، لێ تێبینیکردبوو، پیلانگێڕەکان هەواداری «ناسر» بوون، بەڵام سی ئای ئەی "لە بەڵگەی جەوهەری کورتهێنە، بەوەی [ئەو] دەستی لە کودەتاکەدا هەبێ." ئەم بەرەنجامە ئەو بیرۆکەیەی بەلاوەنا، کە ئەمریکا وەها بزانێ «ناسر» ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە کودەتاکەدا هەبووبێ.[11] «ئایزنهاوەر» قایلبوو بەوەی لە ماوەیەکی کورتخایەندا شتی کەم دەکرێ و سیاسەتی "چاوەڕێ بکە و ببینە"یان گرتەبەر.[12]



هەواڵنامەی کتێب

کودەتاکەی عێراق باندۆرێکی گەورەی لەسەر ستراتیژی ئەمریکا بۆ بەربەستکردنی یەکێتیی سۆڤیەت دانا. وەک ئەندامێکی زیندووی پەیمانی بەغدا، عێراق هەواداری ڕۆژئاوا بوو، سەرچاوەیەکی شایستەی دەرامەتی نەوتیش بوو، کۆمپانیاکانی ئەمریکی پشکی 23.75 ی لە کۆمپانیای نەوتی عێراقدا هەبوو.[١٣] بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی بڕی سفربوونەوە لە جەنگی سارددا، بەوەی لەدەستدانی لایەک وەها دەشکێتەوە، کە قازانج بەلایەکی دیکە بگەیەنێ، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، بۆیە سیاسەتدارێژەرانی ئەمریکا ترسان نەبادا سۆڤیەت بەسەر قەڵغانی لەخۆگرەی توێژی باکوور بازبدا و دەوڵەتێکی پاشکۆ بەخۆی لە کەنداو دابمەزرێنێ، ئیدی جڵەوی داهاتی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بگرێتەدەست و هاوسەنگی هێزی جەنگی ساردی هەرێمەکەش بگۆڕێ. لە کاتێکدا ئەمە بەدترین سیناریۆ بوو، لەگەڵ ئەوەش لە دەرەوەی بازنەی توانست نەبوو. کێشەکە ئەوەبوو، پرسی دەستوەردان لە کاروباری عێراق، بەریتانیا و ئەمریکای لەیەککردبوو. لەوکاتەی بەریتانیا خوازیاربوو ئەمریکا بە هێزی سەربازی خۆی لە عێراق هەڵبقورتێنێ، کەچی ئیدارەی ئایزنهاوەر زیاتر مەیلی بە لای سیاسەتی "چاوەڕێبکە و ببینە"دا دەڕۆیشت، بەوەی ئاخۆ حکوومەتی نوێی عێراق بەر لەهەر کاردانەوەیەک چۆن ڕەفتار دەکا. ئەمەش واتای ئەوەی نەدەگەیاند، کە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا پشتگیری پێگە لەرزۆکەکەی ڕۆژئاوا لە هەرێمەکەدا نەکەن.

کودەتاکە هانی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیای دا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا خۆیان لە کاروباری لوبنان و ئوردن هەڵبقورتێنن. سەختانگێکی[7] مەدەنی لە حوزەیرانی ١٩٥٨ دا لە لوبنان سەریهەڵدا، کۆماری عەرەبی یەکگرتووش سەلماندی، کە جێگرەوەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ حوکمڕانیکردنی کریستیانەکان لەو دەوڵەتانەی کە ژمارەیەکی زۆری سوننە و کەمینەی شیعەی تێدایە.[١٤] هەر تەنیا بە چەند سەعاتیک دوای کودەتاکەی عێراق، سەرۆکی گەمارۆدراوی لوبنان، «کەمیل شمعون»، ئیدارەی ئایزنهاوەری ئاگادارکردەوە، کە "دەیەوێ سوپای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەماوەی ٤٨

[7] سەختانگ، قەیران



هەواڵنامەی کتێب

سەعاتدا دەستبخاتە ناو کاروباری لوبنان." ئەمەش واتای ئەوەی گەیاند، دەکرێ ئەمریکا لەژێر ڕێبازی ئایزنهاوردا هێزی سەربازی بۆ پاڵپشتی لوبنان بەکاربهێنێ. لە ١٤ی تەمموزدا و دوای پرسوڕایەکی بە پەلە لەگەڵ کۆنگرێس، «ئایزنهاوەر» فەرمانی بە فەرماندەی هێزی کەشتیگەلی شەشەم کرد، کە مارێنزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ڕۆژی پاشتر لە بەیروت داببەزێنێ.[١٥] کاتێکیش مارێنزەکان لە ڕۆژێکی خۆرەتاودا گەیشتنە سەر کەناراوەکانی بەیروت، بەوە سەرسامبوون کە نەوەک هەر بەرانبەر هێزێکی دوژمنکارانە نەبوونەوە، بەڵکو لە لایەن ئاپۆرایەکی دۆستانەی ئافرەتی جوان بە خۆیان و مەمکدانەکانیانەوە بەخێرهاتنیان لێکرا و شەقامەکانیش پڕبوون لە فرۆشیاری گەڕۆک کە وەک قوتووی عەتار هەموو شتێکیان دەفرۆشت[8].

لە هەمان ماوەدا، سەختانگی سیاسی و ئابووری بەرۆکی ئوردنیشی گرتەوە. لە دوای پێکهێنانی یەکێتیی عەرەب، «حوسێن» تووشی کێشە سەختگیرەکانی[9] یەکێتییەکە ببوو، نیگەرانیشبوو لەوەی پشێوی و ئاڵۆزییەکانی لوبنان بەرەو ئوردینش بپەڕنەوە.[١٧] هەڵبەتە نیگەرانیەکەشی لەسۆنگەی کودەتاکەی عێراق زیاتر کڵپەیسەند، بەوەی نەوەک هەر هۆبەیەکی خانەوادەکەی لەدەستدا، کە ئەمەش واتای ئەوەی دەگەیاند، کێشەی پاڵپشتکردنی نەوتی بۆ پەیدابێ و سەریشبکێشی بۆ کورتهێنانێکی زۆر لەنێو ئوردندا. ئەوەبوو لە ١٧ی تەمموزدا، وەزیری دەرەوەی ئوردن بە باڵوێزەکەی ئەمریکای ڕاگەیاند، کە حەزیان لە پاڵپشتێکی سەربازییە بۆ "سەرکوتکردنەوەی ئەو یاخیبوونەی لە بەغدا ڕوویداوە [و] بۆ گەڕاندندەوەی ئاشتی، ئەمەش بە گوێرەی دەستوری یەکێتیی عەرەب ڕێگەپێدراو بووە.[١٨] لەو کاتەی «شا حوسێن» میراتگرەوەی ڕەوای تەختی عێراق بوو – هەروەک لە دەستوری یەکێتیی عەرەبیدا هاتبوو – ئەو لەو بڕوایەدابوو بە ناوی عێراق دەتوانێ داوای یارمەتی لە ئەمریکا بکا، بەڵام ئیدارەی ئایزنهاوەر دڕدۆنگی خۆی سەلماند.[١٩] لێرەدا چەندین هۆکار بۆ ئەمە لە

---

[8] دێرەکە وەهابوو فرشیارە گەڕۆکەکان هەر لە کۆکا کۆلا تا نۆکی هاڕدراوی ڕۆنداریان دەفرۆشت، پێموایە ئیدیۆمە کوردیەکە دەربڕی ماناکەیەتی وەرگێڕ.

[9] سەختگیر، جددی



هەواڵنامەی کتێب

ئارادابوون: (١) مسۆگەرییەک لە ئارادانەبوو بەوەی کارێکی وەها بۆ دەستوەردانی ئەمریکا لە عێراق سەربگرێ؛ (٢) دەکرا ببێتە مایەی نانەوەی جەنگ لە ناوچەکەدا؛ (٣) مایەی سەرکێشی بوو بەوەی پاڵ بە ڕژێمی عێراقەوە بنرێ، کە پێشتر هەندێ نەرمی نواندبوو، نەوەک ڕاستەوخۆ بکەوێتە باوەشی سۆڤیەتەوە. لەبەر ئەوە ئەمریکا ڕەتیکردەوە جووڵەیەکی وەها بکا، وەک شا حوسێن داوایکردبوو:

> وڵاتە یەکگرتووەکان پێیوایە، کە نیگەرانییە سەرەکییەکە لەو کاتەدا.... دەبێ سەربەخۆیی و قەوارەی یەکگرتووی ئوردن بپارێزێ. داوای نوێ بۆ پشتگیری تێکشکاندنی هەڵگەڕانەوەکەی عێراق دوورترە و مەودای ئەو ئامانجەی کە بە هۆیەوە داوا لە هەر یەک لە وڵاتە یەکگرتووەکان و شانشینی یەکگرتوو کراوە و ئەوانیش قایلبوون، یارمەتی ئوردن بدەن.[٢٠]

هەرچەندە بەگوێرەی قسەی «ئەشتۆن» بێ، بەریتانیا هەر زوو پیلانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بۆ لەسەرتەختلادانی شا حوسێن بۆ دەرکەوت، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی بڕیاری ناردنی هێزێکی تایبەتی خێرا بۆ ئوردن بدرێ و لە ڕێی گواستنەوەی ئاسمانیشەوە مشووری نەوتی بۆ خوارد تا ئەو سەختانگە ئابوورییەی تووشی ببوو، سووکبکا. ئیدارەی ئایزنهاوەریش پشتیوانی ئەرکەکەی کرد و لە ڕووی دیپلۆماتی و لۆجستیکییەوە پاڵپشتی بەریتانیای کرد، بەڵام ڕەتیشی کردەوە هیچ هێزێکی سەربازی بۆ ئۆپەراسیۆنەکە بنێرێتە مەیدان.[٢١] هەمووی بەسەریەکەوە، کودەتاکەی عێراق بە ڕاشەکاوی بووە مایەی هۆکاری بزوێنەری هەردوو لایان چ دەستوەردانی ئەمریکییەکان لە لوبنان و ئۆپەراسیۆنی بەریتانییەکانیش لە ئوردن، کە مەبەستیان چەسپاندنی پێگەی ناڕوونی ڕۆژئاواییەکان بوو لە هەرێمەکەدا.

لە ١٥ی تەممووزدا سەرکردەی نوێی عێراق، «عەبدولکەریم قاسم»ی فەرماندە چاوی بە «والدەمار گالمان» باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق کەوت، تا لە ئاسایشپارێزیی هاوڵاتیان و سەروسامانی وڵاتە یەکگرتووەکان دڵنیایبکاتەوە.


هەواڵنامەی کتێب

«گالمان» له ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ واشنتن وەها وێنای «قاسم»ی کردبوو، کە کەسێکی "ڕووخۆشە" بەڵام دیارە "مەراقیش بوو کە ڕژێمە شۆڕگێڕییەکە تا بکرێ سەرەتایەکی باش لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان دەستپێبکا." وێڕای ئەو کورتە بیروڕاگۆڕینەوەیە، «گالمان» دڵخۆشبوو بەوەی قاسم هەر زوو دوای کودەتاکە ویستی ببینێ. ئینجا ئەو گەڕایەوە باڵوێزخانەکە، لەوێوە بۆی ڕوونبووەوە، کە «نوری ئەلسەعید» هەوڵیداوە لە بەغدا هەڵبێ، کەچی لەو کاتەدا تەقەی لێکراوە.[٢٢] لەو کاتەشدا «ئاشتن» ئاماژە بەوە دەکا، تەرمی «نوری ئەلسەعید» بەسەر شەقامەکاندا ڕاکێشرا و جەستەکەشی شێوێندرابوو چونکە چەندین جار کەوتبووە بن ئەو ترومبێلەی ڕایدەکێشا.[٢٣] «گالمان» نەیدەتوانی هیچ بکا بەڵام ئەوکاتەی ڕاپۆرتی کوشتنەکەی بۆ واشنتن نارد، سەرنجێکی تەوسئامێزی لەسەر ڕەوشەکە دا: "ئای چەند حاڵەتێکی تراژیدیای تەوساوییە، لەو ڕۆژەی گەشتیگەلی شەشەم [لە کەناراوی لوبنان] دەست بەدابەزینی خۆی دەکا، کە خودی «نوری ئەلسەعید» دەمێکی درێژ بوو داوای دەکرد، کەچی [ئەو] لە هەمان ڕۆژدا بەرەو مەرگ دەبرێ."[٢٤]

شکستی ئیدارەی ئایزنهاوەر لە پێشبینیکردنی کودەتاکە، سەریکێشا بۆ لێکۆڵینەوەیەک، کە نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک (NEA) لە وەزارەتی دەرەوەدا پێیهەڵسا. ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکەش لە ١٦ی تەممووزدا ئاشکراکرا و بەرەنجامەکەشی ئەوە بوو، "هیچ سەرەداوێکی ئاماژەداری بەرچاو لەسەر ئەو کردەیەی لە عێراقدا ڕوویدا لە هیچ سەرچاوەیەکی بەردەستی [نووسینگەی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە یان نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INR] نەبوو، ئەمە و وێڕای ئەوەی چاودێرییەکی چڕوپڕی ئەو جۆرە پێشهاتانەش لەئارادابوو." لەکاتێکدا دەنگۆی ئەو هەبوو گوایە کودەتایەکی وا لە پێشە، کەچی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک بڕوای وابوو، کە «نوری ئەلسەعید» ڕووبەڕووی ئەو پیلانگێڕیانە ببووەوە. دیاربوو کێشەکە ئەوبوو، کودەتاکە لە لایەن کۆمەڵەیەکی بچووک، دەستەیەکی زۆر لەیەکنزیکی پڕ لە متمانە هەڵسوڕێنرا و لەو کاتەش هەواڵگری عێراقی و ئەمریکا کە قاسمیان دەناسی، هەرگیز بڕوا نەدەکرا، ئەو ببێتە سەرچاوەی نیگەرانییەکە.



هەواڵنامەی کتێب

حکوومەتی پێشووی عێراق تۆڕێکی تەواوی هەواڵگرییان لەنێو خودی سوپادا پێکهێنابوو، هیچ شتێکی گومانلێکراویان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی زەعیم «عەبدولکەریم قاسم» هەڵنەکراندبوو، تەنانەت حکوومەتی پێشووی عێراق خۆی لەوە ئاگاداربوو (وەک خۆشمان دەمانزانی)، کە زەعیم «عەبدولکەریم قاسم» لەو کاتەی لە کۆتایی ١٩٥٦دا لە ئوردن جێگیرببوو، کەوتبووە بەر هەوڵی تێکدەرانەی سوورییەکان.

نووسینگەی ڕۆژهەلاتی نزیک NEA گەیشتبووە ئەو بەرەنجامەی، کەوا لەبەر لەیەکنێزیکی پیلانگێڕان، نەبوونی نیشانەی دەرەکی (وەک ناڕەزایەتییەکی جەماوەری) بۆ کردەنیازی کودەتا و هەوڵی لەخشتەبردنی کارامەیی هەڵسوڕێنەرانی کودەتاکە، کارێکی وایکرد دۆزینەوەی پێشوەختەی کارێکی ئاوەها سەخت بێ.[٢٥]

تیمی ئەمریکایی لەسەر مەیدان لە بەغدا لە ڕۆژانی دوای ڕوودانی کودەتاکە زۆر ماندووبوون تا ڕەوشەکە هەڵبسەنگێنن. لە ١٧ی تەممووزدا «گالمان»ی باڵوێز چاوی بە وەزیرە نوێیە دەستنیشانکراوەکەی دەرەوەی عێراق «عەبدولجەبار ئەلجومرد» کەوت، ئەویش هەمان دڵنیاییەکانی قاسمی دووبارەکردنەوە، کە ئارەزووی ڕژێم ئەوەیە پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بمێنێ. هەروەها ئەو پێشی لەسەر ئەوە داگرت، کە عێراق پابەندی هەموو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان دەبێ، نەوتیش وەک خۆی هەر دەڕوا و ئارەزووی ئەوەشی خواست، یارمەتی تەکنیکی ڕۆژئاوایی وەک خۆی بمێنێتەوە. ئەمەش ئاماژەی باش بوون، وای لە «گالمان» کرد ئەوەی لێهەڵبهێنجێ، کە دەکرێ هەندێ فشاری مەدەنیانەی نەرمڕەو لەنێو حکوومەتە نوێیەکەدا هەبێ.[٢٦] لە ١٩ی تەممووزیشدا، باڵوێزخانەکەی ئەمریکا لە بەغدا ڕوونیکردەوە، کە کودەتاکە "بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش تەڕدەستانە و سەرکەوتوو بوو،" ڕژێمە نوێکەش لەبن جڵەوی بیچمە سەربازییەکاندایە و هەوڵیشیداوە "هانی وەزارەتە مەدەنییە ئاساییەکان بدا تا بەگەڕبکەونەوە."[٢٧] بۆ ڕۆژی پاشتر، نووسینگەی


هەواڵنامەی کتێب

هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INR گەیشتە ئەو دەرەنجامە، کە ڕژێم جڵەوی تەواوی وڵاتەکەی گرتۆتە دەست و هۆشداری ئەوەشی دا، "هەر هێزێکی دەرەکیش دەست لە کاروباری ناوخۆی لە عێراق وەربدا، ئەوا پشتگیرییەکی ئەوتۆی لەلایەن عێراقییەکانەوە نابێ و زۆریش ئاساییە کارێکی وەها سەرکەوتوو نەبێ."[٢٨] هەر ئەو ڕۆژە «هەگ کەمینگ»ی بەڕێوەبەری INR یاداشتێکی بۆ «فۆستەر دەلەس» نارد، ئاماژەی هێمای زیاتری کرد کە لە عێراقەوە هاتبوون.

> ئەو ڕاپۆرتانەی لە بەغداوە گەیشتوون ئاماژە بەوە دەدەن، کە ڕژێمی نوێ لە عێراق (١) ئارەزووی پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەیە، (٢) دەیەوێ ڕێککەوتنە نێوەدەوڵەتییە هەبووەکان وەک خۆیان بمێننەوە، (٣) بەلای کەمییەوە بۆ ئەم کاتە دەیەوێ ئەندامێتی لە پەیمانی بەغدا بپارێزێ، (٤) نایەوێ بەرهەمە نەوتییەکان خۆماڵی بکات و (٥) دان بە کۆماری یەکگرتووی عەرەبدا دەنێ، بەڵام ناچێتە ڕیزی کۆمارەکە.[٢٩]

بەم دڵنیاکردنەوانە عێراق هەموو داخوازییەکی نەریتئاسای بۆ دانپێدانانی دیپلۆماتیانە دەستەبەرکرد: دیفاکتۆی کۆنترۆڵکردنی وڵات، پەسەندنامەی خەڵکەکە و نیشاندانی ئارەزوو و خواستی بۆ پەیڕەوکردنی ئەرکەکانی بەگوێرەی ڕێکەوتننامەکان. درەنگانی ڕۆژەکەش، «فۆستەر دەلەس» لە ڕووی بنەماییەوە قایلبوو، دانپێدانانی دیپلۆماتییانە بۆ ڕژێمە نوێکەی عێراق درێژبکاتەوە، بەڵام ویستی سەرەتا ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی پەیمانی بەغدادا بکا. بۆ خۆشبەختیش پێشتر کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی پەیمانەکە لە کۆتایی مانگەکەدا ڕێکخرابوو.[٣٠]

کاتێکیش ئەندامانی پەیمانی بەغدا لە ڕۆژانی ٢٨ - ٢٩ی تەممووزدا کۆبوونەوە، وتووێژەکانیان لەسەر سێ پرس چڕبووبنەوە: (١) داڕشتنی هاوپەیمانییەکی نوێ؛ (٢) ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەچێتە ڕیز یان نا؛ (٣) داننانی دیپلۆماتییانە بە عێراق. وەک دواتر « فۆستەر دەلەس» ڕاپۆرتی خۆی بۆ «ئایزنهاوەر» بەرزکردەوە، "ئێمە ئەو ڕایانەمان تاوتوێکرد... داڕشتەیەکی نوێ بۆ دەربڕینێکی



هەواڵنامەی کتێب

دوولایەنەی پابەندییە ئاسایاشپارێزییەکانی دەوڵەتانی تاسەمەندی تەوەرەی باکوور." ئەو کەوتبووە بن فشار بەڵکو وڵاتەکەشی بچێتە نێو ئەو پەیمانە نوێیە، بەڵام ئەو خۆی ساغنەکردەوە، دۆخەکەش "زۆر نەرمونیانیانە" مایەوە بەوەی داوای ڕاوێژ دەکرا و لەبری ئەوەش ئەوە بەچاک زانرا، ئەندامانی پەیماننامەی ئێستا "دارِشتەیەکی" نوێ لەسەر بنەمای ڕێکخراوە هەبووەکە بدۆزنەوە. ئەوەش مایەی هاتنەکایەی ڕێکخراوی پەیماننامەی ناوەندی (سەنتۆ CENTO) بوو، وڵاتە یەکگرتوەکانیش هەرگیز نەچووە ڕیزی ڕێکخراوەکە، ئەوسا ڕێکخراوەکە دووقۆڵی ڕێککەوتننامەی سەربازی لەگەڵ هەر یەک لە ئێران، پاکستان، تورکیا – ئەندامە سەرەکییەکان – بەست و لە ڕۆڵی ڕاوێژکارییانەش بەشداربوون.[٣١] سەبارەت بە پرسی داننان بە عێراقیش، ئەندامانی پەیمانەکە داوایان لە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد، ئەم کارە "بەبێ دواخستن" بکا، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ، لەکاتێکدا فشاری بنیادنەرانە لەسەر ڕژێمە نوێکە لە دەستی خۆی بهێڵێتەوە. هەر یەکسەریش دوای ئەوەی «فۆستەر دەلەس» هەواڵەکەی گەیاندە واشنتن، «ئایزنهاوەر» فەرمانی بە وەزارەتی دەرەوە کرد تا پەسەندنامەی داننانی دیپلۆماتییانە بە عێراق دەربکەن.[٣٢]

دەکرێ کۆمەڵێک بەرەنجام لەو سەردەمەدا هەڵبهێنجێنرێ. شایانی باسە وڵاتە یەکگرتووەکان لەو باوەڕەدابوو، کە کودەتاکەی عێراق هەرچەندە بە دنەدانی «ناسر»یش بوو، بەڵام شتێکی سروشتی بوو. لە ترسی ئەوەی نەبادا سەختانگەکان بەسەرتاپای هەرێمەکەدا بڵاوببنەوە، ئەمریکا دەستی خستە نێو کاروباری لوبنان و پشتگیری لۆجستیانەی دەستوەردانی بەریتانیاشی لە ئوردن کرد و لە ڕێی ئاسمانیشەوە کۆمەکی نەوتی پێویستی گەیاندە عەممان. هەر زووش دوای ئەوە، ڕژێمی عێراق ڕوون و ئاشکرا بوو، کە بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان پابەند دەبێ، لە هەمانکاتیشدا سەروسامانی ئەمریکاییەکانیشی پاراست. بە هەبوونی ڕژێمێکی میللی کە جڵەوی وڵاتی کەوتەدەست، ئەوەبوو ئیدارەی ئایزنهاوەر بەراوێژ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە پەیمانی بەغدا قایلببوو بەوەی دانپێدانانامەی دیپلۆماتیانە بۆ عێراق درێژبکاتەوە، ئەمەش لە ٣٠ تەمموزی ١٩٥٨ دا بوو.



هەواڵنامەی کتێب

**چەسپاندنی دەسەڵات**

لە پایزی ١٩٥٨ دا، ململانێی دەسەڵات لە عێراق لەنێو سێ گرووپی دیارەوە سەریهەڵدا: (١) سەرکردەی کودەتاکە زەعیم «عەبدولکەریم قاسم» و شوێنکەوتووانی؛ (٢) ناسیونالەستەکانی عەرەب، ئەوانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی پاڵشتیان بوو، کە عەقید «عەبدولسەلام عارف»یش سەرکردەیان بوو؛ (٣) حیزبی شیوعی کە یەکێتیی سۆڤیەت پشتیدەگرت. ململانێی دەسەڵاتەکە بە دوو قۆناغی بەرچاو ڕەتبوو. یەکەمیان ئەو کێبڕکێیە بوو لەسەر دەسەڵات لە نێوان دوو ئەفسەری عێراقی، کە پاشایەتیتان ڕووخاند، ئەوانیش: «قاسم» عەقڵی تەگبیرکەری کودەتاکە و «عارف» ئەوەی بەکردەوە سەرکردایەتیی ئۆپەراسیۆنەکەی کرد. کەلێنی نێوانی ئەو دوو کەسە پرسی چوونەڕیزی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بوو لەگەڵ میسر و سووریا. هەرچی «قاسم» بوو بەلای خۆیەوە بەدگومان بوو لەوەی هەرشتێک لەگەڵ «ناسر»دا بکا، لەکاتێکدا «عارف» ڕاشەکاوانە لەسەر بیرۆکەی چوونەڕیز پێداگیربوو.[٣٣] قۆناغی دووەمی کێبڕکێیەکەش بە کۆتاییەکانی ١٩٥٨ سەریهەڵدا، ئەمەش دوای ئەوەی قاسم پیلانێکی «ناسر»ی لەباربرد، ناچاریشیکرد پتر پشت بە حیزبی شیوعی ببەستێ. هەڵبەتە ئەمەش بووە مایەی نیگەرانییەکی گەورە لەنێو کاربەدەستانی ئەمریکا لە واشنتن، ئەوانەی لە قووڵایی پشتیوانی مۆسکۆ بۆ حیزبی شیوعی عێراق بەهەڵەداچووبوون.[٣٤]

ململانێ لەسەر دەسەڵاتی عێراق لە ئیدارەی ئایزنهاوەر نەبووە مایەی لەدەستدان. لە میانەی مانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەمدا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بە شێوەیەکی ئاساییانە تاوتوێی ڕەوشی کراوەی عێراقی دەکرد. یەکەمین کۆبوونەوەش لە ١٨ی ئەیلوولدا کرا، لەوێ «چارلس جابێل» جێگری بەڕێوبەری سی ئای ئەی بە ئەنجوومەنەکەی ڕاگەیاند، کە «ناسر» "سەبارەت بە ململانێی دەستەگەریی نێو سەرکردەکانی ڕژێمی نوێی عێراق" نیگەرانە. هەفتەیەک دواتریش ناوبراو ڕاپۆرتێکی پێشکەشکرد بەوەی "وێڕای



هەواڵنامەی کتێب

نەیاربوونی «قاسم» بۆ یەکگرتنەکە "مانۆڕە ناوخۆییەکە" بەردەوامبوو، "هێشتاش هاوکاری سەربازیی نێوان میسر و عێراق ڕاشەکاوانەیە."[٣٥]

«قاسم» ئاگای لە مجێزی بەرزەفڕانەی عارف بوو، بەڵام لەسەری وەستا تا سەرەتای ئەیلوول، ئەو کاتەی «عارف» گەشتێکی بە پارێزگاکاندا کرد تا هەستونەستی جەماوەر بۆ یەکگرتنەکە بجۆشێنێ. دوای ئەوە «قاسم» پلەوپایەی سەربازی لە «عارف» داماڵی، پەیوەندی ئاسایینەی لەگەڵ سوپادا پچڕی و لەکاتێکدا لێیگەڕا «عارف هەروەک جێگری سەروەزیر و وەزیری کاروباری ناوخۆ بمێنێتەوە، بەڵام وەنەبێ بۆ ماوەیەکی درێژ بێ. لە ٣٠ی ئەیلوولدا، «قاسم»، عارفی وەک باڵوێزی عێراق بۆ ئاڵمانی ڕۆژئاوا دوورخستەوە. بەمە خەریکبوو بەڕەی نەخشەکانی «ناسر» لە عێراق لەبن پێی ڕابکێشی. لە یەکی تشرینی یەکەمیشدا ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا تاوتوێی دۆخی لادانی عارفی لەگەڵ ژەنەڕاڵ «ئەندریۆ گودپاستەر»دا کرد، سەرنجی ئەوەش درا، کە «قاسم» دوو ئەندامی دیکەی لایەنگری یەکێتیی کۆماری عەرەبی لە کابینەکەی دوور خستوونەتەوە. بۆ ڕۆژی پاشتر، «ئالن دەلەس» هەڵسەنگاندننامەی سی ئای ئەی دایە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، بەوەی «قاسم» دەسەڵاتی خۆی چەسپاندووە، لەکاتێکدا خۆی وەک قورساییەکی ئایدیۆلۆژی دژ بە هێمای ناسرەتی لە نێو ناسیونالیزمی عەرەبی دەخاتەڕوو. لەمەڕ پرسیارێک سەبارەت بە عارف، «دەلەس» ئەوەی لێزیادکرد، "بە هەموو ئەگەرەکان... دوا شتمان لەو گوێلێنەبووە."[٣٦] ئەویش ڕاست بوو.

دوابەدوای نەفیکردنی عارف بۆ ئاڵمانیای ڕۆژئاوا، «ناسر» ئاژانەکانی خۆی ڕەوانەی «بۆن» کردن بەڵکو پیلانی گەڕاندنەوەی دابڕێژن. پیلانەکە دنەدانی هەوادارانی «ناسر» بوو تا لەناو عێراقدا، لە پارێزگەکاندا ڕابپەڕن، لەو کاتەشدا «عارف» بەرەو بەغدا بڕفێنن، بەڵکو لەوێ سەرکردایەتیی ئەو کەسانە بکا، کە لایەنگری کۆماری یەگکرتووی عەرەبیین، کودەتایەک لەدژی قاسم بکەن. لە ٤ی تشرینی دووەمدا کاری پشێوی و گێرەشێوێنی لە لادێکاندا ڕوویدا و «عارف»یش وەک نەخشەی بۆ کێشرابوو بە سەلامەتی گەیشتەوە بەغدا، بەڵام


هەواڵنامەی کتێب

هەر زوو ئاشكرابوو ئینجا گیرا[10]. پیلانەكە سەرینەگرت.[٣٧] لە عێراقەوە هیچ پرسیارێک سەبارەت بە تێوەگلانی ڕاستەوخۆی «ناسر» نەوروژا. بەگوێرەی ڕاپۆرتێكی نووسینگەی هەواڵگری و لێكۆڵینەوە INR، هەوڵی كودەتاكە "باڵكێشانی قۆناغی ململانێی دەسەڵاتی لە نێو عێراقدا خێراتركرد، بەڵام بووە مایەی داڕسانێكی كراوەش بۆ سەرۆک «ناسر»." بە زیندانیكردنی «عارف» و لایەنگرانی كۆماری یەكگرتووی عەرەب، دەستی ناسیونالستەكان لەدەسەڵات بڕا، «قاسم»یش بووە "تاقە سەكردە" كە خۆیشی حەزی لێبوو لە عێراق هەروا بانگبكرێ. لە هەمان كاتیشدا، لێكدەرەوە ئەمریكییەكان بە "زللەی خەڵک" ناویان دەبرد، بەمە قاسم پەیامێكی ئاشكرای نارد . كە ئەو نیازی نییە ڕەگەڵ میسر بكەوێ، هەر بەخۆشی ئاماژەی ئەوەی دا، كە خۆی وەک كۆڵەگەیەكی جێگرەوەی دەسترۆیشتوو لە جیهانی عەرەبدا دەبینێتەوە.[38] ئەمەش نیشانەنمای كۆتایی قۆناغی یەكەمی ململانێی دەسەڵات بوو لە عێراق، ئینجا قۆناغێكی نوێ

[10] لێرەدا هەقە سەربردەیەكی خاڵی ڕەحمەتییم «حاجی سەعدەدین مەلا وەیسی گرتكی (١٩٣٧–٢٠٠٨)» بگێڕمەوە. ئەو زۆر جار بۆی گێڕاوینەتەوە: "لە كاتی كودەتاكەی زەعیم عەبدولكەریمدا سەرباز بووم، ئینزباتی حەرەس بووم لە سجن. عەبدولسەلام عارف لای ئێمە بەندكراو بوو. من لەگەڵی باش بووم، كە زانی من كوردم زیاتر لێم هاتەپێش و دواندمی. گوتی من كوردم خۆش دەوێن، دەزانم تۆش كوڕێكی باشی و ئەمانەت هەڵدەگری. دوای ماوەیەک متمانەی پێكردم، ڕۆژێكیان بانگی كردم، گوتی بڕۆ فلانە دوكان لە شەقامی ڕەشید، پیاوێک بەو سەروشكڵە ببینە، دوای سەلامكردن، ئەم قسە نهێنییەی منی پێبڵێ و ئیدی هەر چییەكیان پێڕاسپاردی بۆم بێنە. منیش دوای دوودڵی، ڕۆژێكیان چوومە هەمان شوێن. دوای چاودێری كە كەس بە دوامەوە نییە، سەلامم كرد، ئاسایی وەڵامیان دامەوە، پاشان كە كۆدەكەم بە كابرا گوت، زۆری بەخێرهێنام، منی بردە ژوورێک لەژێر زەمین. ئەوەبوو نامەیەكی نووسی. نامەیەک و هەندێک پارەی دامەدەست كە بۆ عەبدولسەلامی ببەم، كاغەزەكە سپی سپی بوو، هیچی لێنەنووسرابوو، پێم، سەیر بوو. وام لێكدایەوە بۆ ئەوەیانە تاقیمبكەنەوە، ئاخۆ نامەكە دەگەیەنم یان نا. كە هاتمەوە گرتووخانەكە، لەكاتی نۆبەتی من، پارە و نامە سپییەكەم دایە دەست عەبدولسەلام، ئەویش لەبەر چرا ڕایگرت، نووسین بەدەركەوت و خوێندیەوە. ئینجا نامەكەی دڕاند. ئەوكات دە دیناری وەک بەخشیش پێدام، یەک دوو نامەی دیكەم بۆ هێنان، لەسێیەم نامە، لەنێو خواردندا دانرابوو، گیرا، منیان لەوێ گواستەوە، بەڵام پێشتر پێیگوتم، كە زۆر ناخایەنێ ئەو لەوێ دەردەچێ و دەبێتە كاربەدەستیش. بۆیە هەر كاتێ ئەوە ڕوویدا، دەبێ سەری بدەمەوە تا پاداشتم بكاتەوە. زۆری نەبرد ماوەی عەسكەرییەكەم تەواو بوو، تەسریح كرام، گەڕامەوە «گرتک»ی. پاشان وادەرچوو، ئینقلاب كرایەوە، عەبدولسەلام بووە سەرۆک، بەڵام ئەوكاتیش شۆڕشی كورد هەڵگیرسابوو، من حەزملێبوو بچم و بیبینم، كەچی لەبەرئەوەی نەبادا بە ناپاكی لێكبدرێتەوە «مەلا وەیسی» بابم گوتی نابێ بچی." وەرگێڕ.



هەواڵنامەی كتێب

داهات، قاسم ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی بێزراند، هەنووکە پێویستی بە بنەمایەکی سیاسی نوێ بوو تا پشتی پێ ببەستێ، ئەو پشتیوانەش تەنیا یەک جێگرەوەی هەبوو، ئەویش: شیوعییەکان بوون.

### کاردانەوە بۆ سەختانگ

لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دا ئیدارەی ئایزنهاوەر لە پێداچوونەوەی سیاسەتی هەرێمییانەیان بوونەوە. هەر لە ئادارەوە "بنەمای سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی"ی ئیدارەی ئایزنهاوەر ئەوەی لە بەرانبەر ڕوداوەکەدا دانابوو، کە "خەریکە لە ناوەوە لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێ یان هەر بە کردەوەش کۆنترۆڵ کراوە،" بۆیە دەبێ ئەمریکا "ڕێکاری بەرچاو بۆ سەرکوتکردنی بگرێتەبەر، بە کردەی سەربازیشەوە ئەگەر وای پێویست کرد و شتەکە لەگەڵ دۆخی کودەتاکەدا هاتەوە.[٣٩] ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە پێداچوونەوەی خۆیدا، ڕەزامەندبوو بەوەی، هێشتا ئەم سیاسەتە دەگونجێ بۆ ڕەفتارکردن لە گەڵ سەختانگی هەرێمی و ڕێنمایی NSC 5820 لەخۆگرت کە بەهەندهەڵگرتنی پێنج سیاسەتی لاوەکی پێناسە دەکا: (١) گەڕان بە دوای چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی عەرەب - ئیسرائیل؛ (٢) تا بکرێ بەردەوامبوون لەسەر دانوستانی ئاشتیانە لە هەرێمەکەدا؛ (٣) برەودان بە سەقامگیریی حکوومەتەکان، پەرەپێدانی پێشکەوتنی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەو مەبەستەی ڕێگری پێ لە دەستڕۆیشتنی کۆمۆنیستی بکرێ؛ (٤) بەردەوامبوون لەسەر پێگە و دۆخی ستراتیژیانە بەگوێرەی لوان، فڕینی سەربازی بەسەر ناوچەکە و دانانی بنکە (وەک بەحرەین)؛ و (٥) بەرفرەوانکردنی دەستڕۆیشتنی ئەمریکا لەسەر حیسابی یەکێتیی سۆڤیەت. لە هەر یەک لەم دۆخانەدا، مەبەستە هەرە سەرەکییەکەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەتکردنەوەی هەژموونی سۆڤیەت بوو لە هەرێمەکە لەگەڵ دڵنیابوون لەوەی نەوتی ناوچەکە بەرەو ڕۆژئاوا بڕوا.[٤٠]



هەواڵنامەی کتێب

هەرچی سەبارەت بە عێراقیش بوو، ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی سیاسەتە هەبووەکەی "چاوەڕێ بکە و ببینە" سەلماندەوە، ئەمەش بریتیبوو لەوەی بە وریاییەکی زۆرەوە لە پێشهاتەکانی بڕوانن لەکاتێکدا خۆشیان بۆ حاڵەتی خراپتر ئامادەبکەن.[٤١] ئاماژەی دەقاودەقیش بۆ عێراق ئەوەبوو، ئەنجوومەنەکە ڕێنماییەکانی ژمارە 1/5820ی پەسەندکرد، کە ئەم خاڵانەی خوارەوە بوون: (١) پاراستنی پەیوەندی دۆستانە؛ (٢) بێدەنگبوون (ملدان) لەسەر ڕووداوی خۆکێشانەوەی عێراق لە پەیمانی بەغدا؛ (٣) هاوسۆزی لەسەر بەردەوامبوونی یارمەتی سەربازی بە "بڕی سنووردار" و (٤) هاندانی "توخم"ی دۆست لە عێراق لەکاتێکدا خۆبەدوورگرتن لە ناسینەوە و خۆبردنەپێش لە "کەسانی دیاریکراو و پرسە سیاسییەکان."[٤٢] بۆ بەدبەختیش هەرزوو سەرەداوی پێشهاتی وا دەرکەوتن، خەوشی ڕێنماییەکانی دەرخست، ئاخر دەرکەوت ڕێنماییەکان لەسەر بنەمایەکی شیمانەی ساختەوە ڕۆنراون، بەوەی عێراق هەر "بە سەقامگیرییەکی ڕێژەییانە" دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەش "بە پلەی جیاوازجیاواز لەگەڵ عەرەبە ناسیونالەستەکاندا هاوکار دەبێ."[٤٣]

لە پایزی ١٩٥٨ دا، سەرەتای نیگەرانبوونی کاربەدەستانی ئەمریکا بوو سەبارەت بە کاری تێکدەرانەی سۆڤیەت لە عێراق. ئەم لێکدانەوەیەش لەسەر سێ گریمانە بنیادرابوو: (١) نیگەرانبوون سەبارەت بە گەڕانەوەی «مەلا مستەفا بارزانی» سەرکردەی ناسیونالستی کورد، کە هەر لە ١٩٤٦ ـەوە لە یەکێتیی سۆڤیەت، لە تاراوگەدا دەژیا؛ (٢) دامەزراندنی پەیوەندی دابینکردنی چەکی سۆڤیەت بۆ عێراق؛ و (٣) پەرەسەندنی پشتبەستنی قاسم بە حیزبی شیوعی عێراق، ئەمەش دوای تێکچوونی پەیوەندی بوو لەگەڵ «عارف» و عەرەبە ناسیونالیستەکان.

دوابەدوای شۆڕشەکە، قاسم پێویستی بە دۆزینەوەی پێگەیەکی ئاسایشپارێزانە بۆ پاڵپشتیکردن هەبوو، کوردیشی وەک هاوپەیمانییەکی خۆکردی دەبینی (ئاخر دایکی بە ڕەچەڵەک کورد بوو).[٤٤] بۆ ئەم کارەش، دەیزانی دەبوایە بارزانی بۆ خۆی کێشبکا، ئەوەبوو هەر دوای شۆڕشەکە نێردەیەکی ناردە «پراگ» تا تامی



هەواڵنامەی کتێب

زاریان بزانێ و لێخۆشبوونێک بخاتە بەردەم بارزانی و یاوەرانی. سەرکردەی کوردیش شتەکەی پەسەندکرد، بارزانی کاروباری خۆی ڕاییکرد و دوای وەستانێکی کورت لە قاهیرە و دیتنی «ناسر» گەڕایەوە عێراق. کاتێکیش لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دا گەڕایەوە بەغدا، قاسم وەک پاڵەوانێک بەخێرهاتنەوەی کرد، لە بری عێراقیش داوای لێبووردنی لێکرد، قەرەبووی دارایی خستەبەردەم – جێشوێنی مانەوەی «نوری ئەلسەعید»یشی لە بەغدا پێدا – و بەڵێنیشی بە کورد دا پلەیەک لە ئۆتۆنۆمییان بداتێ. هەڵەی هەرە گەورەی قاسم ناتوانایی خۆی بوو لە ڕێڕۆیشتن لەگەڵ بەڵینە چەورەکانی. لە ١٩٦١ دا گەلی کورد شۆڕشی[11] هەڵگیرساند و بارزانیش بووە سەرکردەی ١٤ ساڵ خەباتی چەکداری لە دژی دەوڵەتی عێراق.٤٥

ئەوە ڕوونە کەوا چەند کاربەدەستێکی پلەباڵای ئەمریکایی ژمارە کەم لە سروشتی بارزانی یان لە ناسیۆنالیزمی کورد گەیشتبوون. بە بیستنی هەواڵی گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانبوون لە هاتنەوەی ئەوەی پێیدەگوترا (مەلای سوور)، کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرا گوایە وەک ئاژانێکی سۆڤیەت بجووڵێتەوە. ئاخر خۆ دوای هەمووشتێک، بارزانی پاشخانێکی کێشەدروستکردنی لە هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێراندا هەبوو و دۆستی تورکیاش نەبوو، خۆ ئەوانیش کەمایەتییەکی گەورەی کوردیان دەچەوساندەوە. بارزانی بە هەبوونی ئەو جەماوەرە زۆرەی لەنێو بەشێکی زۆری دانیشتوانی کورددا، وای لە کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد، بە نیشانەیەکی شوومی بۆ سەر سەقامگیری دۆخی عێراق ببینن. «گالمان» لە ٤ی تشرینی یەکەمدا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بارزانی بۆ واشنتن دەربڕی، بە بڕوای خۆی، سۆڤیەت ئەو بۆ تێکدانی ڕژێمی نوێ بەکاردەهێنێ. هەروەها ئەو ئاماژەی بە گەڕانەوەی نزیکی یاوەرانی بارزانیش دا، کە بە خۆیان و

---

[11] نووسەر وشەی rebellionی بەکارهێناوە نەوەک .revolution. لەڕاستیدا هەردوو وشەش واتای هەڵگەڕانەوە بەڕووی دەسەڵاتدا دەدەن، بەڵام واتای یەکەم تەنیا گۆڕینی دەسەڵاتدارانە، هەرچی واتای وشەی دووەمە گۆڕینی سیستمە. لە کوردیشدا هەڵگەڕانەوە، یان یاخیبوون دەکرێ بەکاربێ، بەڵام وشەی شۆڕشم بەکارهێنا، کە دەکرێ هەردوو واتاکە بەدەستەوە بدا. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

خێزانەکانیانەوە دێنەوە، ئەوان زیادبوون و بوونەتە ٨٥٠ کەس بە ژمارەیەک ژنی ڕووسیشەوە، گوایە ئەوانیش بوونەتە ئاژانی سۆڤیەتی. پەیوەندییەکانی سۆڤیەتی بارزانی و جەماوەرییە بێڕکابەرییەکەی لەنێو کوردی عێراقدا واتای ئەوەی دەگەیاند "توانست بۆ شلۆقکردنی [عێراق] خەریکە بێسنوور بێ.[٤٦] بە ئاوڕدانەوە بۆ ڕابردوو، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەردوو لایان چ «گالمان» و چ کاربەدەستانی ئەمریکا لە واشنتندا، لەوەدا سەرنەکەوتن بارزانی بناسن، کە وا ئاژانێکی سۆڤیەت نییە یان هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستی لەگوێدا بخوێنێ شکستی خوارد و لێیگەڕابوو لە سۆشیالیزم بێتاقەت بێ و متمانەشی بە نیازەکانی مۆسکۆ نەبێ.[٤٨] بە نەزانینی ئەمە، سروشتی «گالمان» بۆ ئەوەچوو بڕوا بە بارزانی نەکا و وەک دوژمنێکیش دایبنێ. هەرچەندە بەم ڕەفتارە وڵاتە یەکگرتووەکان دەرفەتێکی لەدەستچوو تا شتی زیاتر لەبارەی سەرکردەیەک بزانێ، کە وێڕای تاراوگەبوونی، بەکردەوە نەبووە هەڕەشە بەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و دەکرا ببێتە هاوپەیمانێکی بەهێزیش. ١٥ ساڵی ڕەبەقی دیکەی خایاند تا وڵاتە یەکگرتووەکان ڕاستی شتەکەیان بۆ دەرکەوت.

لە پایزی ١٩٥٨ دا، پێشهاتی زیاتر ئەو بڕوایەیان لای ئیدارەی ئایزنهاوەر چەسپاند، تا دێ هەژموونی سۆڤیەت لە عێراقدا پەرەدەستێنێ. لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا «ئالن دەلەس» بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ڕاگەیاند، ڕژێمی عێراق ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانی گشتگری لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا مۆرکردوە و لەو بڕوایەشدایە بەشێکی ڕێککەوتننامەکە پەیوەستبێ بە توانستێکی گەورەی سەربازی.[٤٩] لە ٢٥ی تشرینی دووەمیشدا «کەمینگ» یاداشتێکی بۆ «فۆستەر دەلەس» نارد، تێیدا لە هەڕەشەی پەرەسەندنی کۆمۆنیست لە عێراق ئاگاداری دەکاتەوە. بەگوێرەی یاداشتەکە، "گرژیی نێوان قاسم و [دەستەی هەواداری ناسر] هانی قاسمی دابێ، کە بە قورسی پشت بە باڵی چەپی حیزبی دیمۆکراتی نیشتمانی بەسەرکردایەتیی «کامل چادرچی» و کۆمۆنیستەکان ببەستێ.[٥٠] دۆخەکەش تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو، لە ٢ی کانوونی یەکەمدا، وڵاتە یەکگرتووەکان زانییان، کەشتییەکی سۆڤیەتی کەلوپەل و تفاقی




هەواڵنامەی کتێب

سەربازی بۆ عێراق هێناوە، بڕواش دەکرا ئەمە دەستپێکی بەرنامەیەکی بەرفرەوانی دابینکردنی چەکی سۆڤیەتی بێ. لە واشنتنەوە وا دەبینرا، کە کاربەدەستانی ئەمریکا دڵنیانەبوون ئاخۆ عێراق لەدەست دەرچووە، بۆ دابینکردنی چەک ڕووی لە سۆڤیەت کردوە و ئاراستەی خۆی گۆڕیوە یان هەر سیاسەتی "بێلایەنی ئەرێیانە"ی هاوشێوەی میسر لەخۆدەگرێ، کە ئەویش پێشوازیکردن بوو لە پەیوەندی بازرگانی و سەربازییانە لەگەڵ هەردوو بلۆکدا، بەڵام سەبارەت بە بەرفرەوانی بەرەی جەنگی سارد بێلایەن دەمێنێتەوە.[٥١]



هەواڵنامەی کتێب






هەواڵنامەی کتێب

لێرەدا خاڵێکی مێژوویی پێویستی بەتاوتوێکردن هەیە. بە کۆتاییهاتنی ساڵی ١٩٥٨، ئیدارەی ئایزنهاوەر پێدەچوو هاتبێتە سەر ئەو بڕوایە، کە حیزبی شیوعی عێراقی لە جیاتی یەکێتیی سۆڤیەت بجووڵێتەوە. هەرچەندە وەک «جۆن فرانزن» لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (ئەستێرەیەکی سوور بە سەر عێراقدا) ڕوونیدەکاتەوە، لە کاتێکدا مۆسکۆ بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری کردەوەکانی حیزبی شیوعی عێراقی دەکرد، بەڵام ڕاستییەکەی پەیوەندییەکی کەمی لەگەڵ سەرکردەکانیدا هەبوو. لەکاتێکدا هەندێ لە توخمەکانی ناو حیزب چاویان لەسەر مۆسکۆ بوو بۆ دنەدان و بەهرەلێوەرگرتن، کەچی لەکاتی شۆڕشەکەدا، حیزبی شیوعی عێراقی ڕاستەوخۆ توخنی بیرۆکەی دەسەڵاتگرتنەدەست نەکەوت، ئەوەی پێباشتربوو پشتگیری ئەوەی پێیدەگوترا بۆرژوازی نیشتمانیی بکا، دیاربوو «قاسم» نوێنەرایەتی دەکرد.[٥٢] «تریپ» پشتگیری ئەو ڕوانینەی کرد. ئەو مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، حیزبی شیوعی عێراقی لە گرووپە کۆمۆنیستەکانی دیکەی جیهان نەدەچوو. وەک ئەو نووسی، بۆ ئەوەی لە عێراقدا شیوعی بی، ئەوا واتای ئەوەی نەدەگەیاند، بە کوڵکوپێستەوە بە ڕێبازی مارکسیزم – لینیزم گرێبدرێی. لە جیاتی ئەو حاڵەتە، «حشع» بە شێوەیەکی سەرەکی تیشکۆی کاری خۆی خستبووە سەر نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، چەوساندنەوەی ئابووری و پرسی کرێ و مزە و هەلومەرجی کرێکاران، بەمەش پێگەیەکی بەرفرەوانی پشتیوانییان پەیداکرد.[٥٣] تۆژەری دیکە وەک «واڵتەر لاکویرەر»، حیزبە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان وەک بێگانە دەبینی و هاوار و بانگیان تەنیا بۆ ڕۆشنبیرانی شارستان بوو، ئەمەش بە پێچەوانەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کە توانیبوویان پاڵپشتێکی جەماوەری بەرفرەوان بۆخۆیان پەیدابکەن.[٥٤] هەر بەڕاستیش لە ماوەی کرانەوە بەسەر شەڕی ساردا، وا بڕواکرا، ئیسلام لەباریدا هەبێ ببێتە سەنگەرێکی سەخت لە بەرانبەر کۆمۆنیزم، کە ئایدۆلۆژییەکی خوانەناسانەی هەیە.[٥٥] لەکاتێکدا ئەو بۆچوونانە بە شێوەیەکی بەرفرەوان لەکاتی خۆی لە ئارادابوون، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر جیاوازتربوو لە سەرتاپای جیهان، ئەمەش بە زۆری لەبەر ئەوەبوو، کە "پرۆلیتاریا" یان "چینی کارکەر"ی لێدروستنەببوو، بەم جۆرە دەبوایە کۆمۆنیستەکان بە هاواروبانگی خۆیاندا بچنەوە بۆ ئەوەی ڕوو لە



هەواڵنامەی کتێب

"پێکهاتەی کۆمەڵایەتییانەی خەڵکی ماک (ڕەسەن)ی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن."[٥٦] هەرچی سەبارەت بە عێراقیشە، بە گوێرەی «گالیا گۆلان» بێ، ڕەوشی ڕاستییانەی عێراق ئەوەبوو، قاسم لە ماوەی دوای سەردەمی شۆڕشگێڕیی ناسەقامگیریی ناوخۆدا، پێویستی بە پشتگیری شیوعییەکان هەبوو تا دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێ. بە جۆرێکی هاوشێوەش، کە قاسم دەستی بە داواکردنی پشتگیری حیزبی شیوعی عێراقی کرد، سۆڤیەت ئەمەیان بەکارهێنا تا پەیوەندی دۆستانە بۆ دابینکردنی چەک لەگەڵ عێراق دابمەزرێنن.[٥٧] هەرچەندە ئەمە بۆ ئەمریکا پرسێکی ڕەش و سپی بوو: پێویستە دژایەتی هەر گرووپێکی دنەدەری کۆمۆنیستی بکرێ؛ ئەمە ڕوانینێک بوو بۆ ململانێی دەسەڵاتی دوای شۆڕشی عێراق باڵی بەسەر توانستی لێتێگەیشتنی ئیدارەی ئایزنهاوەردا کێشابوو.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ دا ململانێی نێوان قاسم و ناسیونالیستەکان یەکلابووەوە، ئەمەش لەوکاتەی بەریتانیا بەڕژێمی ڕاگەیاند، کە پیلانێکی میسری بۆ لەسەر تەختلادانیان لە گۆڕیدا هەیە. ئەمریکاش ئاگای لەو پیلانە هەبوو. لە ٣ی کانوونی یەکەمدا، نوێنەرێکی ناونەهاتووی "بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان"ی عێراق لە بەغدا لە باڵوێزخانەی ئەمریکا چووەپێش و داوای پشتگیری لێکردن تا ڕژێمی «قاسم» بڕوخێنن.[58] لە کاتێکدا ئەفسەرانی باڵوێزخانەکە پێخۆشحاڵبوون و ڕێنمایی ئەوەی کردن، واشنتن "پشتگیرییەکی سنووردارانە"یان دەداتێ، ئینجا وەزارەتی دەرەوەی لە پیلانەکە بەئاگاهێنایەوە، وەزارەتیش برووسکەی بۆ باڵوێزخانەکە لێدایەوە و داوایلێکردن " تا ئەوپەڕی وریا و تەیاربن" و بە شەڕفرۆشانیش بڵێن، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێ دەست لە کاروباری ناوەخۆی عێراق وەربدا.[٥٩] هەڵسەنگاندنەکەی وەزارەت ڕاست دەرچوو. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بێ، بەریتانیەکانیش بۆنی پیلانگێڕییەکەیان کردبوو، ترسان نەبادا دەستەیەکی لایەنگری «ناسر» لە عێراق دەسەڵات وەربگرێ، بۆیە ڕژێمی عێراقییان ئاگادارکردەوە.[٦٠] ئینجا ڕژێم بەو هەموو زانیاریانەوە دزەی کردە نێو پیلانگێڕان، وردەکاری پیلانەکەیان تۆمارکرد، ئەوسا لە ٧ی کانوونی یەکەمدا لە



هەواڵنامەی کتێب

دژیان جوولا، «ڕەشید عالی ئەلگەیلانی» و دوو کەسی دیکەیان گرتن. ڕژێم تەواوی ئەو نەوارە تۆمارکراوانەی لە ڕادیۆدا بڵاوکردنەوە، هیچ گومانێکی تێدا نەهێشتەوە بەوەی حکوومەتی «ناسر» لەپشت ئەم پیلانەوە بووە.[٦١]

لێرەدا نابێ بایەخی ڕۆڵی بەریتانییەکان لە شکستپێهێنانی پیلانەکەی «ڕەشید عالی گەیلانی» کەمبکرێتەوە. بەریتانییەکان هیوایان وابوو بە ئاگادارکردنەوەی قاسم، دەتوانن بیکەنە جێگرەوەیەک بۆ هەژموونی «ناسر» لە دنیای عەرەبدا. ئەو ستراتیژیەی «پەرتکە و زاڵ بە»، دیاربوو لە ماوەیەکی کورتخایەن، لە ماوەی گرژبوونی ڕکابەری قاسم - ناسر لە ماوەی ١٩٥٨ - ١٩٥٩ دا خواردی. هەرچەندە لە کۆتاییدا و لەساڵی ١٩٦١، سەبارەت بە تەنگژەی «کوێت»دا سیاسەتەکە ئاوەژوو بووەوە، کە لە بەندی داهاتوودا وردەکارییەکەی تاوتوێدەکرێ. سەبارەت بە ئەمریکییەکان، پیلانی «ڕەشید عالی گەیلانی» سەلمێنەری خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە تێگەیشتنی عێراق، چونکە هەرزوو خۆتێهەڵقورتاندنی ناسر، قاسمی ناچارکرد بگەڕێتەوە بۆ لای کۆمۆنیستەکان تا بنکەی پشتگیری بۆ ڕژێمەکەی لە دەست ناسیونالیستەکان بپارێزێ. ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی، ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ کاربەدەستەکانی واشنتن، هانی ئیدارەی ئایزنهاوەری دا تا بۆ ڕاگرتنی ئەو دۆخە، بیر لە ڕێگەچارەیەک بکاتەوە، تا بە کارکردن لەگەڵ ناسری دوژمنی سەرسەختی بەریتانییەکانیشەوە بژارەگەلێک لەبەردەم خۆیدا دابنێ.

### ئایا سوور دەبێ؟

بادانەوەیەکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا - میسر لە ناوەڕاستی دیسامبەری ١٩٥٨ دا ڕوویدا، لە١٩٥٩ دا شتەکە سەریکێشا بۆ کردەی هەماهەنگی ئیدارەی ئایزنهاوەر لەگەڵ «ناسر» دژی عێراق بەڵکو ڕێگە لە زاڵبوونی کۆمۆنیستەکان بگرن. بە نیاز و مەرامی جیاجیاوە هەر یەک لە «ناسر» و ئەمریکییەکان بەدوای ئەوەدا گەڕان، «قاسم» لەسەر تەخت لابەرن،


هەواڵنامەی کتێب

مایەی مجێزخۆشیشە مرۆ بەو ئەنجامە بگا، کە «ناسر» ئیدارەی ئایزنهاوەری بە ترسان لە کۆمۆنیزم تەفرە دا تا یارمەتی بەدەستبێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا پشتبەستنی «قاسم» بە کۆمۆنیستەکان و هەوڵ و تێکۆشانی بۆ کەمکردنەوە لە «ناسر»، بووە مایەی ئەوەی ئاراستەی هزری بڕیاڕداڕێژەرانی ئەمریکا بۆ ئەوە بچێ، بەڵکو بۆ گەیشتن بە ئامانجە هەرێمییەکان بقۆزرێتەوە. لە کاتێکدا ئیدارەی ئایزنهاوەر لە تێگەیشتنی ئاڵۆزوبڵۆزی سیاسەتەکانی ناوخۆی عێراق شکستی هێنا، کەچی «ناسر» بەڕوونی کاریکرد. هەر لەبەر ئەوەش بوو، ئیدارەی ئایزنهاوەر بژارەی کارکردن لەگەڵ ئەوشێوەی «ناسر»ی بۆ دژایەتیکردنی «قاسم» گرتەبەر تا بە فرەوانترین شێوە لە بەرژەوەندییەکانی لە عێراق بچێتەپێش، ئەمەش سەرباری ئەوەی قاهیرەی لە مۆسکۆ دووردەخستەوە. هەرچۆنێک بێ، وەک «فین» تێبینیکردبوو، کردەکەی ئیدارەی ئایزنهاوەر لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیا بۆ پشتگرتنی «قاسم» تا دژە هاوسەنگییەک لە هەمبەر «ناسردا» دروستبکا، تێکگیرا. ئەمەش نیشانەیەک بوو لەسەر "ڕامانی زۆر لەیەکجیاواز سەبارەت بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی [هەردوولا]."[٦٢]

بە کۆتاییهاتنی ١٩٥٨ ڕوانینی هەمەڕەنگ سەبارەت بە سروشتی شۆڕشەکەی عێراق لە نێو حکوومەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان پەیدا بوو. بەگوێرەی ڕامانی «ویلیەم ڕاونتری» یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، بەرەیەکیان لەوە نیگەران بوو، کە کۆمۆنیستەکان لەوێ دەستی باڵایان لەنێو حکوومەتدا هەیە و بۆیە سیاسەتەکانی ئەمریکا پێویستی بەوە هەیە "لەسەر ئەو گریمانەیە ڕۆبنرێ، کە ئێمەش لەوێ بین یان دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕژێمێکی کۆمۆنیستی نادۆستانە بکەین." بەرەی دووەمیش لەگەڵ بەڵگەوبەندی بنەمای ئەو گریمانەیە ناکۆک بوو، لەبری ئەوە داوایان دەکرد هێزوگوڕی «قاسم» بەردەوام بێت تا کۆمۆنیستەکان جڵەوبکا. بۆ تاقیکردنەوەی ئەو بەڵگەوبەندەش، «ڕاونتری» بە دوای «فۆستەر دەلەس»دا گەڕا بۆ پێسپاردنی ئەرکێک لە بەغدا، «فۆستەر دەلەس»یش قایلبوو، ئیدی لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمدا، «ڕاونتری» بە گەشتێک بۆ هەرێمەکە واشنتنی بەجێهێشت، لە گەشتەکەیدا قاهیرە و بەغدا


هەواڵنامەی کتێب

وێستگەی ئەو بوون. هەر ڕاستەوخۆ لە ئانوساتی دوای ڕاگەیاندنی گەشتەکە، حیزبی شیوعی عێراقی هەروەک حیزبی کۆمۆنستی سۆڤیەت و هەروەها چینیش دەستپێشخەری هەڵمەتێکیان بۆ سارکردنەوەی گەشتەکە کرد. زۆری نەبرد ئاپۆرای خەڵکی بەسەر شەقامەکان وەربوون، دروشمەکانیشیان چەندین پەیامی تێدابوو، لەوانە "«ڕاونتری» بگەڕێوە وڵاتەکەت" و "«ڕاونتری» خاکەکەمان گڵاومەکە. ئیدی ڕوونبووەوە، کە گەشتە هەرێمیەکەی «ڕاونتری» لە گەشتێکی خۆش نەدەچوو.[٦٣]

«ڕاونتری» لە میانەی گەشتەکەی خۆی بۆ قاهیرە، لە ١٤ی کانوونی یەکەمدا چاوی بە «ناسر» کەوت، ئەویش بۆ یەکەمین جار ئەگەری هاوکاری ئەمریکا – میسری لەدژی عێراق هێنایە سەرمێز. «ناسر» لە پرسەکەدا دەستپێشخەربوو، بە «ڕاونتری» ڕاگەیاند، گوایە لەو کاتەی ئامراز (شێواز)ی خۆکردی[12] هەن بۆ جووڵانەوە لەگەڵ "کێشەی کۆمۆنیستەکان"ی میسر، بەڵام هەمان شت لەگەڵ وڵاتێکی دیکە "پرسێکی تەواو جیاوازە." ئەو تێبینی ئەوەشی دا، کە ئەمریکا ئەزموونێکی مەزنی سەبارەت بە کردەوەی ژێربەژێر هەیە و داوای لە «ڕاونتری» کرد ئاخۆ "هیچ بیرۆکە"ی وا هەیە، کە لە عێراقدا چی بکرێ. یاریدەدەری وەزیریش وەها وەڵامیدایەوە کە ئەمریکا "بە پەرۆشەوە بە دوای پرسەکەدا دەڕوا" بەڵام هەستدەکا باشتر وایە وڵاتە عەرەبەکان خۆیان چارەسەرێک بدۆزنەوە. «ناسر» ئەمەی پشتگوێخست و گوتی، هەڕەشەی کۆمۆنیزم "کێشەیەکی هاوبەشە،" شتەکە سنووری پەیوەندییە نێوخۆییەکانی عەرەب دەترازێنێ و سووریشبوو لەسەر ئەوەی میسر بەرەنگاری هەر هەوڵێکی سۆڤیەتی دەبێتەوە تا پێگەی خۆی لە جیهانی عەرەبدا بەهێز بکات، هەروەک چۆن ئەمریکا لە ڕۆژئاوادا دەیکا.[٦٤] ئەم وتووێژە بووە بزوێنەری لەیەکنزیکبوونەوەی ئەمریکا – میسر لە ١٩٥٩ – ١٩٦٠ و بووە هۆی هاوکارییەکی تەکتیکی – هەرچەندە پشتگیرییەکی ڕاشەکاوانەی ئەمریکییەکانی بەدەستنەهێنا – بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی میسر لە دژی عێراق.

---

[12] لێرەدا وشەی خۆکردیم لە بەرانبەر وشەی Indigenous کە بە عەرەبی دەکاتە اصلي، بەکارهێناوە.



هەواڵنامەی کتێب

کاتێکیش لە ١٥ی کانوونی یەکەمدا «ڕاونتری» گەیشتە بەغدا، ئەوە ڕوونبوو، دۆخەکە مەترسیدارە. دوای چەند دەیەیەک «ڕاونتری» باسی ڕووداوەکەی کرد و ڕوونیکردەوە، کە حەشاماتێکی تووڕە خەریکبوو ترومبێلەکەی بدەنە بەر بەرد، تەماتە و هەر شتێک کە دەستیان بگەیشتبایێ. دوای هەڵاتنی لە فڕۆکەخانە، ئاپۆرایەکی زیاتر لەکاتی هاتنی خڕببوونەوە:

> بەر لەوەی بگەینە باڵوێزخانە بە هەزاران کەس دەورەیان داین. ئەوان گاڕانە چێڵێکی بچووکیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، کاتێکێش ترومبێلەکە گەیشتە ترافیکەکە، مانگاکانیان بەزۆر بەرەو پێشەوەی ترۆمبێلەکەمان هاژۆت. بۆ خۆشبەختی شوفێرەکەم یەکسەر بەرەو دەستە ڕاست بایدایەوە و ئەوانی لەوێ بەجێهێشت، گەر وانەبا ترومبێلەکەم لەوێ عاسێ دەبوو؛ گوڕدەمی خەڵکەکە ڕێیان لە ترومبێلی دواتر گرت. ئێمە ڕانەوەستاین، لەکاتی تێپەڕین بەلای ئاپۆراکەدا، دەربڕینی سەر دەموچاوی ئەو خەڵکەم بە منداڵەکانیشەوە بینی... هەرگیز ڕوخساری ئادەمیزادم نەبینیوە بەم جۆرە پڕ لە ڕق و قین بێ.[٦٥]

کاتێک «ڕاونتری» چاوی بە قاسم کەوت، ئەو سەرکردە عێراقییە لەسەر ڕووداوەکە "پەشیمانی دەربڕی" و ئاماژەشی بە تیۆەگلانی "هێزێکی بیانی" لەو پیلانە نوێیەی دژ بە خۆی کرد. «ڕاونتری»یش لەبەرانبەردا بە ڕەهایی حاشای لەهەر تێوەگلانێکی ئەمریکادا کرد، ئەوەشی پێگوت، ئەمریکا "نیازی تەواوی خۆی هەیە بۆ کارکردن لەپێناو پەیوەندییەکی باش" لەگەڵ عێراقدا و ئاگاداریشیکردەوە، کە دەوڵەتە نەیارەکان "هەموو ئامرازێک کە مێشکی مرۆڤ بۆی بچێ، بەکاردەهێنن بەڵکو گومان و تۆمەت" سەبارەت بە نیازەکانی ئەمریکا هەڵبەستن.[٦٦] سەرباری دڵنیاکردنەوەکانی «قاسم» بەوەی دەیەوێ پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ ئەمریکادا هەبێ، لێ «ڕاونتری» قاسمی بەو سەرنجە بەجێهێشت "ئەو پیاوێکە توانستی ئاوەزمەندی جێگەی پرسیارە" ئەوەی


هەواڵنامەی کتێب

بیچم و ڕوخسارەکەی هی کەسێکی زۆر ناجێگیر بوو."[٦٧] تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا «ڕاونتری» بەغدای بەو باوەڕە بەجێهێشت، کە قاسم نیازی نییە وڵاتەکەی بکاتە وڵاتێکی کۆمۆنیستی. ئەم باری سەرنجە کاریگەرییەکی گەورەی کردە کردەوەکانی دواتری ئایزنهاوەر.

لەپاش کۆتاییهاتنی ئەرکی «ڕاونتری» و لە ١٧ی کانوونی یەکەمدا دەزگەی سی ئای ئەی گەلاڵەنامەیەکی خستەپێش، بەوەی پێدەچێ کۆمۆنیستەکان دەست بەسەر عێراقدا بگرن. لەکاتێکدا سی ئای ئەی دانیپێدانا، کە ڕەوشی عێراق "شێواوە" و هەواڵگریی خۆشی "دروست نییە لە گەلاڵەکردنێکی متمانەداردا،" بۆیە ئاژانسەکە هەستیکرد ڕاپۆرتەکە شایانی ئەوەیە دەستاودەست بکات، چونکە ڕامانی زاڵبوونی کۆمۆنیست "پرسێکە مایەی بەهەندهەڵگرتنێکی زۆرە." ئەوەی شایانی باسە، لەو کاتەی سی ئای ئەی گەیشتبووە ئەو ئەنجامە، کە «قاسم» کۆمۆنیست نەبوو، بەڵام نیگەرانبوو لەوەی بڕیاری یەکلاکەرەوەی «قاسم» بۆ پاراستنی عێراق لە دەستی هەژموونی میسر وای لێکردبوو، کۆمۆنیستەکان پێگەیەکی بێپێشینە لە نێو حکوومەتدا بەدەستبهێنن. دەزگەی سی ئای ئەی لەوباوەڕەدابوو تەنها سوپا توانای دارِسانی لە بەرانبەر قاسمدا هەیە، بەڵام ئەویش ئەگەر لەم "یەک دوو هەفتەی دادێدا" نەجووڵێ، ئەوا ئەو توانایەش پێدەچێ بەخێرایی بەرەو پووکانەوە بڕوا. بۆ بەدبەختی سی ئای ئەی هۆشداریدا، کە لەوێ "هیچ ئاماژەی سەرچاوەی دیکەی هێزوگوڕی دژەکۆمۆنیستی و هەژموونی دیکە لەنێو عەرەبەکان لە عێراقی ئێستادا نییە." ئەم واقیعە سەری بۆ ئەم ئەنجامە کێشا: "زاڵبوونی کۆمۆنیست بەسەر عێراقدا دەبێتە مایەی هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەمەش دەکرێ وەک ئاراستەی قیتارێکی لێبێت، کە زۆر سەخت و دژوار دەبێ بۆ پشتەوە بگەڕێتەوە."[٦٨]

لە سۆنگەی ئەو بەرەنجامە سامناکانەی سی ئای ئەی و ئەو پێشوازییە نەیارانەی لە بەغدا لە «ڕاونتری» کرا، کەشوهەوای ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بۆ ڕۆژی دواتر مڕومۆن بوو. وێڕای سنووردداربوونی ئاگایی سی


هەواڵنامەی کتێب

ئای ئەی لە عێراق و کورتهێنان لە سەلماندنی دەرەنجامەکانی، «ئالن دەلەس»ی بەڕێوبەر، بە ئەنجوومەنەکەی ڕاگەیاند، کە «قاسم» "کەوتووەتە دەست گوڕدەمی کۆمۆنیست" و پرسیش ئەوەیە ئاخۆ دەسەڵاتەکەی خۆی پێدەپارێزرێ. بە وردبوونەوە لە ڕەوشەکە، «ئایزنهاوەر» پێی سەیر بوو "ئاخۆ سیاسەتێکی باش دەبێ کۆمەکی [ناسر] بکرێ بەڵکو دەست بەسەر عێراقدا بگرێ." لادانی قاسمیش ئەرکێکی ئاسان نەبوو، «ئالن دەلەس»یش لە وەڵامدا گوتی، تەنانەت ئەگەر سەرکەوتووش بین، "ئەوا هیچ بیچمێکی سیاسی مەدەنیی گرنگ لە عێراقدا نییە" تا جێگەی قاسم بگرێتەوە. تاکە جێگرەوەی لۆژیک ئەوەیە دەبێ کەسێک لە سوپاوە بێ، بەڵام نابێ «عارف» بێ، ئاخر ئەو هەستی ئەوە بوو کە «عارف» "هی جڵەوکردن نییە". ئایزنهاوەریش مشتومڕی ئەوەی بوو، مادام "کرێملن دوژمنی سەرەکی ئێمەیە" و "ناسریش نایەوێ بچێتە ژێر باڵی سۆڤیەت،" کەواتە چارەسەری لۆژیکیانە ئەوەیە هاوکاری لەگەڵ ناسردا بکرێ تا سۆڤیەت عێراق قووت نەدا. ئەمەش ڕاگەیەندراوێکی قووڵ بوو. لەنێو هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانییدا، ئایزنهاوەر لە هەموویان پێیخۆشتربوو کار لەگەڵ ناسردا بکەن. لەو گۆشەنیگایەوە، «گۆردۆن گرێی» یاریدەدەری تایبەتی ئایزنهاوەر بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی، ڕاسپاردەی بۆ بۆردی پلاندانانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەوەبوو، بە سیاسەتی هەنووکەیان لەبەرانبەر عێراقدا بچنەوە، ڕاسپاردەکەش لەسەر ئەو گریمانەیە ڕۆنرابوو، کە حکوومەتی عێراق "یەکێکە لەو حکوومەتانەی دەکرێ پشتگیری بکرێ." ئایزنهاوەریش لەبەر نەبوونی جێگرەوەیەکی شایستە پەسەندی کرد.[٦٩] ئەم گۆڕانکارییەش زۆر نیشانەئامێز بوو. نەوەک هەر ئەوەی نیشاندا، کە ئایزنهاوەر ئامادەبوو لە دژی قاسم کار لەگەڵ ناسردا بکا، بەڵکو ئەوەی ئاشکراکرد، کە شیوعییەکانی عێراق و سۆڤیەتییەکانیش وەک یەک قەوارە بەدوای ئەوەدا دەگەڕان عێراق ڕکێفبکەن.

بەر لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کە لە ٢٣ی کانوونی یەکەمدا بەسترا، «ڕاونتری» وەک خۆی بەتایبەت «ئایزنهاوەر»، «ڕیچارد نیکسن»ی جێگری سەرۆک، «کریستیان هێرتر»ی هەڵسوڕێنەری



هەواڵنامەی کتێب

وەزارەتی کاروباری دەرەوە (ئەوکات فۆستەر دەلەس لەبن چارەسەری دەردی تیراوەدا بوو) بینی تا تاوتوێی پێشنیازە نهێنییەکەی قاسمییان لەگەڵدا بکا. «ڕاونتری» ئەوەی نیشاندا، کە برووسکەیەکی بۆ «ناسر» لێداوە، تێیدا پێزانینی خۆی بۆ ئەو گفتوگۆیە ڕاشەکاوانەیە دەربڕیوە، بەسەرهاتەکەی لە عێراق بۆ گێڕاوەتەوە و ئاماژەشی بەوە کردووە، کە سەرۆکیش "بە شێوەیەکی نافەرمی" لە پێشنیازەکەی ئاگادارکراوەتەوە. ئایزنهاوەریش ڕەزامەند بوو، هەر هەمان ئەنگۆرەش برووسکەیەکی بۆ قاهیرە لێدا.[٧٠] کاتێک درەنگانێکی هەمان ڕۆژیش ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کۆبووەوە، «ڕاونتری» بە ئەنجوومەنی ڕاگەیاند، کە «ناسر» لە مەترسی کۆمۆنیزم تێدەگا و لە دوا هەنگاوی ئامادەکاریشدایە بۆ ئەوەی "شتێک بکا". ئەو ڕوونیکردەوە، کە قاهیرە و مۆسکۆ سەبارەت بە پرسی عێراق لەیەک جیاوازن، لە کاتێکدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا - میسر زۆر لەیەک نێزیکن، هەرچەندە پرسی ئەوەش لە ئاردا هەیە، ئاخۆ وڵاتە یەکگرتوەکان دەکرێ متمانە بە «ناسر» بکا.[٧١] بۆ بەیانییەکەی «ناسر» ئاماژەیەکی ڕوونی بە نیازەکانی بۆ ئەمریکا نارد، ئەو کاتەی دووانەکەی دا، تێیدا کۆمۆنیزمی بەوە شەرمەزارکرد، کە "یەکێکە لە دوژمنەکانی ناسیونالیزمی عەرەب."[٧٢]

لە ماوەی یەک دوو هەفتەی دواتردا، «ناسر» بۆ هەڵمەتێکی دژەکۆمۆنیست لە میسر دەستپێشخەر بوو، هەروەها هێرشی لەبلەبانی وتاری خۆشی دژ بە «قاسم» زیدەتر کرد. ئیدی لە ئاخروئۆخری کانوونی یەکەمدا ئیدارەی ئایزنهاوەر کردەکەی ناسری پەسەندکرد، ئەویش بە دابینکردنی خۆراکی بە پەلە و پێویست بۆ میسر، هەڵبەتە ئەمەش هەر دوای ٢٤ سەعات دوابەدوای داواکاریەکەی هات.[٧٣] ئەو بەیەکگەیشتنەی بەرژەوەندی بۆ نینۆککردنی کۆمۆنیزم باندۆری لەسەر هەریەک لە میسر و عێراق دانا و بووە مایەی ئەوەی بە خێرایی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و میسر لە کۆتایی پەنجاکان بەرەوباشتربوون بڕوا. وەها پێدەچوو لە کۆتاییدا ئەو پەیوەندییە ساردوسڕەی سەردەمی سەختانگی سوێس لە ١٩٥٦دا لەبەیندا نەمێنێ.


هەواڵنامەی کتێب

ئەوکات لە نێو ئیدارەی ئایزنهاوەردا گفتوگۆیەکی گەرموگوڕ سەبارەت بە لێکەوتەی شوومی قووتدانی عێراق لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە نەبوو. لەبری ئەوە وتووێژەکە لەسەر ئەوە بوو ئاخۆ قووتدانەکە "نزیکە یان کردەییە". سی ئای ئەی یش لەسەر هەڵسەنگاندنەکەی ڕاست بوو: "کۆنترۆڵکردنی عێراق لە لایەن کۆمۆنیستیەکانەوە دەبێتەی مایەی جێگیربوونی یەکێتیی سۆڤیەت لەناوجەرگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی هاوسنوور لەگەڵ سووریا، عەرەبستانی سعوودی، ئوردن و کوێت و دەوروخولی تورکیا و ئێرانیش دەدا، کە دوو هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتوەکانن". ئاژانسەکە بڕوای وابوو، زاڵبوونی سۆڤیەت بەسەر عێراقدا دەبێتە هەڕەشە لەسەر وەبەرهێنانی ڕۆژئاواییەکان و دابینکردنە چارەنووسازیانەکەی نەوتی هەرێمەکە و دەشبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی بەرفرەوانی پەرتبوونی پرووشکی سەختانگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.[٧٤] لەگەڵ ئەوەشدا لەم تێڕوانینەدا خاڵە ناوبراوەکان تەنیا مەزندەکردنێکی بیرکردەییانە بوون: ئاخر «قاسم» کۆمۆنیست نەبوو، سۆڤیەتیش عێراقی ڕکێف نەکردبوو، هەروەها توێژینەوەکانی دواتر ئەوەیان خستبووە بن پرسیار، ئاخۆ حیزبی شیوعی عێراق فەرمانی لە مۆسکۆ وەردەگرت یان نا.[٧٥] هێشتاش ئایزنهاوەر هەر پەرۆشی ئەوە بوو، بۆ دژایەتی قاسم و حیزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ ناسردا هاوکار بێ. لەم خاڵەشیاندا، سیاسەتی بنەڕەتی ئاسایشی نیشتمانی لە کۆشکی سپی دەخواست "هەموو ڕێکارە بەرچاوەکان بگرێتەبەر" بۆ ڕێگرتن لەوەی کۆمۆنیستەکان بە شێوەیەکی "نزیکەیی یان بە کردەیی" عێراق قووتبدەن، بەڵام دۆخێکی خۆییانە بوو، بە ڕامانی تاکی لێکدەرەوەکانەوە بەندبوو. لە ئەنجامدا دامەزراوەی هەواڵگریی ئەمریکا لە بەهاری ١٩٥٩ دا گیرۆدەی ئەوە بوو، بگاتە ئەنجامێکی سەلمێنەر کە لە عێراقدا "خاڵێکی نەگەڕانەوە" هاتۆتەپێش.

لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دا لەنێو دەزگەی سی ئای ئەیدا گەلالەنامەیەکی تایبەتی هەواڵگری نیشتیمانی دەستاودەستی دەکرد، بە دەستەواژەی تەمومژاویەوە پێداگری ئەوەبوو، کە دەبوایە قاسم دەستبەجێ بۆ لە لەقاڵبدانی هەژموونی کۆمۆنیستەکان بجووڵێ، دەنا عێراق " لەوانەیە ببێتە دەوڵەتێکی


هەواڵنامەی کتێب

کۆمۆنیستی."[٧٦] لەگەڵ ئەوەشدا دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لە بەغدا هەمان ڕوانینیان نەبوو. لە ١٣ی کانوونی دووەمدا، «جۆن جێرنیگان» باڵوێزی نوێی ئەمریکا لە عێراق، برووسکەیەکی بۆ واشنتن لێدا، داوایکرد دژی بابەتی "خاڵێک هاتۆتەپێش کە گەڕانەوەی بۆ نییە" بوەستنەوە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو، هێزی دژەکۆمۆنیستی هێشتا لە نێو حکوومەتی عێراقدا هەن.[٧٧] هەر یەک دوو ڕۆژیش دوای ئەوە، ڕاپۆرتێکی نووسینگەی هەواڵگری و تۆژینەوە INR بە هەمان بەرەنجام گەیشت، بێنەوبەردەی لەسەر ئەوە کرد، کە کۆمۆنیستەکان "سووکە بەروپێشوەچوونێک بەڵام یەکلاکەرەوانەیان هەیە،" لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ناسیونالیستە عەرەبەکانی لایەنگرانی ناسر کۆتاییان پێنەهاتووە.[٧٨] بەڕوون و ئاشکرا کاربەدەستانی ئەمریکا ڕامانی تێکەڵەیان سەبارەت بەوە هەبوو ئاخۆ کۆمۆنیستەکان مەترسییەکی ڕوون و هەنووکەیین بەسەر عێراقەوە یان نا.

هەروەها ئەو ڕوانینەش لە نێو کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کارکردن لەگەڵ ناسر بە دژی عێراق ڕامانێکی تێکەڵەبوو. هەر بۆ نموونە، بەڵگەنامەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ وە ئاماژە بەوە دەکا، کە دەزگەی سی ئای ئەی متمانەی نەبوو بەوەی دەزگەیەکی ڕێکوپێکی پیلانگێڕی لە نێو عێراقدا هەبێ، کە "بە دروستی کارەکانی خۆی بە مەبەستی کودەتایەکی سەرکەوتوو لەوێ ڕاییبکات"، هەرچەندە ئەوەشی دەزانی، کە ناسر "هێشتا لە توانایدا هەیە ئەفسەرە پلەباڵاکانی ناو سوپای عێراق بجووڵێنێ تا هەوڵی کودەتایەک بە مەبەستی دامەزراندنی حکوومەتێکی نیشتمانی دوور لە کۆنترۆڵی کۆمۆنیستەوە بدەن."[٧٩] ڕامانەکەی INR لە هی سی ئای ئەی نزیکبوو. وای دەبینی کە بەرهەڵستە نوێیەکەی ناسر بۆ کۆمۆنیزم یارمەتیدەرە، چونکە دنەی توخمە دژە کۆمۆنیستەکانی عێراق دەدا و دەیانوروژێنێ. لە هەمان کاتیشدا، INR سەرچڵییەکی بەرچاویشی بینی: "هەوڵێکی کودەتای ناتەواو" لە لایەن میسرەوە دەکرێ ببێتە مایەی "ململانێیەکی ناوەخۆی درێژخایەن." دراوسێکانی عێراقیش – ئێران و عەرەبستانی سعوودی – بە هەمان شێوە لە ڕامانی هەژموونی ناسر بەسەر بەغداوە نیگەران بوون، ترسان ئەمە سەربکێشێ بۆ کردەیەکی ژێربەژێر دژی هەوڵ و تەقەلاکانی.[٨٠] لە



هەواڵنامەی کتێب

بەغداش «جێرنیگان»ی باڵوێز، ڕاوێژی خۆی بۆ وریابوونەوەی زیاتر لەم نزیکبوونەوەیە دەدا و ئاگاداریشیکردنەوە، هاوکاری زیاتری ناسر لەوانەیە ببێتە مایەی ئەوەی قاسم زیاتر بەرەو باوەشی سۆڤیەت پاڵبنرێ.[٨١] هۆشدارییەکەی «جێنریگان» لە کۆتاییدا سەرمەشقی وتووێژەکان بوو، تەنانەت خودی ئایزنهاوەریش پێیوابوو، کارکردن لەگەڵ ناسر بۆ ڕێگرتن لەوەی کۆمۆنیستیەکان عێراق بە خڕی قووت نەدا، هی ئەوەیە مەترسی تێدا بێ.

کاتێکیش ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە ١٥ی کانوونی دووەمدا کۆبووەوە، «ئالن دەلەس» پیلانێکی نوێی دژی قاسم بە ئەندامانی ئەنجوومەن ڕاگەیاند، هەرچەندە دەرفەتی ئەو هەوڵە پیلانگێڕییەش دیاربوو سەرکەوتوو نەبوو.[٨٢] «فۆستەر دەلەس» ڕاپۆرتی دا، کە بەریتانییەکان سەبارەت بە بارودۆخی عێراق "کەمتر ڕەشبینن". ئەو وای دەبینی کە "شتێکی چارەنووسازییە دەستمان لە عێراق هەڵبگرین." ئەوەش لەو کاتەی لە ئەمریکا "بایی ئەوەندە نەچۆتە پێش تا خۆی تێکەڵ دۆخە ئاڵۆزەکە بکا." هەرچۆنێک بێ ئایزنهاوەر مەیلی خۆی بەلای بژاردەی ناسر دووپاتکردەوە و فەرمانی بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کرد، ئەوە یەکلابکەنەوە ئاخۆ حکوومەتی ئەمریکا لەو پرسەدا تا چەند ئامادەیی تێدا هەیە. لەم بارەیەوە «فۆستەر دەلەس» هۆشداری دژی "پەسەندکردنی ڕێگەپێدانێکی ڕەها بۆ ناسر"ی دا. لە کۆتاییشدا، ئەنجوومەن قایلبوو، وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو بژاردەیەکی لەتواناهاتوو تاقیبکاتەوە بۆ ئەوەی لێنەگەڕێ کۆمۆنیست عێراق قووت بدا. لەکاتێکدا هیچ بڕیارێک نەدرا، دیسان دەزگەی سی ئای ئەی دەستی بە پێداچوونەوەی ڕەوشەکە کردەوە.[٨٣]

لە حەوتی شوباتدا تەنگژەکانی عێراق ئاراستەیەکی نەرێنیانەی وەرگرت، ئەمەش لەو کاتەدا بوو، کە شەش ناسیونالیستی گرنگ بە «عەبدولجەبار ئەلجومرد»ی وەزیری دەرەوەشەوە لەبەرانبەر ئەوەی، کە قاسم بەرنامەیەکی "بەرفرەوانی" یارمەتی تەکنیکی لەگەڵ سۆڤیەتدا مۆرکردووە، دەستیان لەکار کێشایەوە. بە گوێرەی کاربەدەستانی ئەمریکا، وەزیرەکان هیوایان وابوو دەستلەکارکێشانەوەکانیان فشارێک بێ بۆ سەر قاسم، بەڵکو ڕووی خۆی لە



هەواڵنامەی کتێب

سیاسەتی لایەنداریی سۆڤیەتییەوە وەربگیرێ، بەڵام پێچەوانەکەی ڕوویدا. لەجیاتی ئەوەی هەژموونی کۆمۆنیستەکان لەنێو عێراقدا کزببێ، دەستلەکارکێشانەوەکان ڕێگەی بە قاسم دا کەسانی سەر بەچەپ و کۆمۆنیست بکاتە وەزیر.[٨٤]

دانانی لایەنگرەکانی کۆمۆنیست لە کابینەی حکوومەتەکەی قاسمدا، بووە مایەی هۆشیاربوونەوەی سی ئای ئەی لە واشنتن و وایکرد جارێکی دیکە بە گەڵاڵەنامەکەی خۆی لەمەڕ عێراقدا بچێتەوە. لە ١٧ی فێبرایەردا، سی ئای ئەی گەلاڵەنامەیەکی تایبەتی هەواڵگری نیشتمانی نوێی دەستاودەستپێکرد، کە تێدا سەرەداوی جیاوازی سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەمرییەکییەکان لەگەڵ هاوپەیمانەکانی سەبارەت بە عێراق تۆخ کردبوو. لە کاتێکدا بەریتانیا لە "کەمتەرخەمی و بێباکیی" سەبارەت بە مەترسی کۆمۆنیزم دووربوو، بەڵام ناحەزییە ڕاشەکاوەکەی لە بەرانبەر ناسردا سەریکێشا بۆ بەرەنجامێک، کە قاسم بە جێگرەوەیەکی شایستە بزانێ. وەک حاڵەت و وەک خاڵێکی ڕەچاوکراو، سی ئای ئەی ئاماژەی بە بڕیاری بەریتانییەکان دا، کە قاسمیان لە پیلانگێڕی «ڕەشید عالی گەیلانی» ئاگادارکردبووەوە، ئەو پیلانەی بە پاڵپشتی ناسر نەخشەی بۆکێشرابوو. بە کورتی کێبڕکێی جیۆسیاسیانەی بەریتانیا لەگەڵ ڕقئەستووریيان لە بەرانبەر ناسردا، لەچاوی ئەمریکییەکان ببووە کۆسپ لەسەر ڕێگەی پیادەکردنی سیاسەتێکی پراگماتیکی، کە مەبەست لێی ڕێگرتن بوو لە دزەکردنی سۆڤیەت بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئیسرائیلیش کە هاوپەیمانێکی گرنگی دیکە بوو، لەیەک کاتدا بەهەمان شێوە هاوبەشی نیگەرانییەکانی ئەمریکا بوو سەبارەت بە هەڕەشەی کۆمۆنیست لەسەر عێراق و هەروەها هەمان نیگەرانی بەریتانیاشی دەربارەی ناسر هەبوو. هەربۆیە، هەر جوڵەیەک کە ناسری لە ئەمریکای نزیک بکردبایەوە، لەبەرژەوەندیدا نەبوو، بەتایبەتیش ئەگەر لە ئەنجامدا وای لە ناسر بکردبایە عێراق بۆ خۆی ببا و وای لێهاتبایە لە جیهانی عەرەبدا ببایە سەرکردەیەکی بێڕکابەر. لە هەردوو باردا، نزیکبوونەوەی ئەمریکا لە سەختانگی عێراق بە توندی دژیەکبوو لەگەڵ دوو هاوپەیمانی هەرەنزیکییەوە. دیاربوو هۆکارەکەشی جیاوازی ڕامان بوو. گەڵالەنامەی تایبەتی هەواڵگری



هەواڵنامەی کتێب

نیشتمانی لەسەر ئەوە ڕۆیشتبوو، کە ڕوانینی ئەمریکییەکان بۆ سەختانگی عێراق لە چاوی کێبڕکێی جەنگی ساردا بوو لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا، لەو بڕوایەدابوون کە کۆمۆنیستەکانی عێراق بریکاری سۆڤیەتن، لەوکاتەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا نیگەرانی بەرەوپێشچوون یان پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان بوون. ئەم جیاوازیانەش تا شەستەکان درێژەیان کێشا و مانەوە.[٨٥]

بۆ ڕۆژی دواتر، بۆردی هاوئاهەنگی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، ڕێبەرنامەیەکی بۆ ئەو کەسانەی پەیوەستن بە کاروبارەکانی عێراقەوە دەرکرد. ڕێبەرنامەکە لە زۆر ڕووەوە لەسەر بنەمای ڕێبەرنامەی ژمارە 1/5820ی هەمان ئەنجوومەن دەرچووبوو، تێدا ڕاسپاردەی دایە وڵاتە یەکگرتووەکان، هەموو گومانێک سەبارەت بەوە بڕەوێنێتەوە کە پیلانیان لەدژ عێراق گێڕابێ؛ پێدانی ڕێکاری ڕاوێژکاری بە هاوپەیمانان لە دژی هەر ڕێکارێکی هاندەرانە؛ هەروەها هێشتنەوەی کاربەدەستی پێویستی ئەمریکا لە عێراق بۆ ئەوەی پێشوازی لە هەر داخوازییەکی حکوومەت بکەن. لەهەمان کاتیشدا، ئەمریکا پێویستی بەوە هەبوو، هەڵوێستێکی "دروست" نیشانی عێراق بدا و خوازیاری پەیوەندییەکی دۆستانەش بێ لەگەڵی؛ بە دوای سازدانی پەیوەندییەکی دۆستانەی شێنەییدا بگەڕێ، کە "کەشێکی لەبارتر بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا بئافرێنێ"؛ لەگەڵ "لە دەستنەدانی هەر دەرفەتێکی لەبار" بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرکردە عێراقییەکان لە گەف و هەڕەشەی کۆمۆنیستی.[٨٦] بەیەکەوە ڕێنمایی ئۆپەراسیۆنەکە پێشنیازی ئەوەی کردبوو، کە ئامانجی باڵای سیاسەتی ئەمریکا ئەوەبوو، پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ڕژێمی قاسمدا دروستبکا، لەکاتێکدا لە کردەی وروژێنەرانەشدا دووربکەوێتەوە. هەر چۆنێک بێ، بەڵگەی ئەوە هەیە، چەند توخمێک لە ئیدارەی ئایزنهاوەردا بەدوای جێبەجێکردنی سیاسەتەکەی خۆیدا نەڕۆیشتوون.

بەگوێرەی ڕاپۆتەکەی (Church Report) بێ، لە ماوەی ڕۆژانی ڕێبەرنامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیدا، هۆبەی ڕۆژهەڵاتی نزیکی



هەواڵنامەی کتێب

دەزگەی سی ئای ئەی داوای لە "کۆمیتەی دەستکاریکردنی تەندروستی" کردووە، دەربڕینێکی خۆشەویستانە بۆ یەکەی لەناوبردنی دەزگەی سی ئای ئەی بدا، تا پێشنیازی "ئۆپەراسیۆنێکی تایبەت بۆ لەکەڵکخستنی" عەقید (کۆلۆنێلێک)ی عێراقی بکەن، کە بڕوا بووە "هانی چەسپاندنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی بلۆکی کۆمۆنیستی داوە لە عێراق." هەر چەندە کاربەدەستانی سی ئای ئەی دوای پازدە ساڵ ئیفادەی ئەوەیان دا، کە ناتوانن کتومت ئەوە بناسنەوە ئاخۆ ئەو کۆلۆنێلە کێ بووە،[٨٧] بەڵام بە بەرفرەوانی ئەوە گوترا، مەبەستەکە «قاسم» بووە.[٨٨] لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بگوترێ ئەم قسەیە لە بەر سێ هۆکار نیشانەی پرسی لەسەرە: (١) پێدەچێ ئەوە دروستنەبێ، کە کاربەدەستانی سی ئای ئەی نەتوانن لە دوای ١٥ ساڵدا کەسێک نەناسنەوە، کە سەرۆکی دەوڵەتێک بووبێ؛ (٢) قاسمیش ڕاشکاوانە دنەی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەتی نەدابوو، هەرچەندە ئاماژەش لەگۆڕێدا هەبووبن، (٣) قاسم زەعیم بوو نەوەک عەقید (کۆلۆنێل)، لەو حاڵەتەدا عەقید «فازڵ ئەلمەهداوی» لایەنگری سۆڤیەت پڕ بە پێستی وەسفەکە بوو. بۆ نموونە «مەهداوی» بە ڕۆڵوازی خۆی وەک سەرۆکی ئەوەی پێیدەگوترا دادگەی گەل، ڕۆڵێکی دەروازەییانەی لە چەوساندنەوەی ڕژێم بۆ هێزە دژەکۆمۆنیستەکان بینی و یەکێک بوو لە هەوادارانی کۆمۆنیست.[٨٩] وێڕای ئەمەش *ڕاپۆرتی چەرچ*، ئەوەی ڕوونکردبووە، کە سەرۆکی هۆبەی ناوبراو کتومت بە دوای فتکردنی ئەو کەسەدا وەک ئاماژەی پێکرابوو نەگەڕابوو،[٩٠] بەڵکو کاری ئەوە بووە "لێنەگەڕێ کەسی مەبەست چالاکییە ئاساییەکانی خۆی بەلای کەمییەوە بۆ ماوەی سێ مانگ ڕابپەڕێنێ." لە کۆتاییشدا، سی ئای ئەی ئەوەی لێزیادکرد، "ئێمە بە ئەنقەست بە دوای ئەوەدا نەگەڕاین، کە بابەتی مەبەستەکە بەتەواوی لەسەر شانۆ لابەرین،" هەرچەندە "ئێمە ڕێگریش نەبووین لە پێشهاتی لەم جۆرە."[٩١] ئەم خاڵانە ئەو پرسیارانە دەوروژێنن ئاخۆ هەر بە کردەوە مەبەستی سی ئای ئەی قاسم بووبێ، ئەگەر واش بێ، تۆبڵێی ئەنجامی نیازی لەناوبردنەکە چی بووبێ. تەنانەت ئەگەر واش بێ، ئەوا ئاماژەیەکی گرنگ هەبووە، گرووپێک لە کاربەدەستانی سی ئای ئەی بە دوای پەسەندنامەیەک بۆ کردەیەکی



هەواڵنامەی کتێب

ڕووپۆشکراو لەنێو عێراقدا گەڕاون، ئەمەش لەو ڕۆژانەی کە ڕێبەرنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی تەواو بە باری پێچەوانە ڕێنمایی دەرکردووە.

لە شەشی ئازاردا گرژی سەختانگەکانی عێراق گەیشتە لووتکە، ئەویش کاتێک نارەزایەتی بە پاڵشتی کۆمۆنیستەکان لە شاری موسڵی باکووری عێراق بە ناوی "لایەنگرانی ئاشتی" ڕێکخرا، تا دەهاتیش خۆنیشاندانەکە فرەوانتر دەبوو، تا گەیشتە ٢٥٠٠٠٠ کەس. لەمێژیش بوو لە شارەکەدا گرژی پەیداببوو، گرووپێکی زۆر تووڕەش لە ئەفسەرە ئازادەکانی ناسیونالیستی عەرەب دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتبوو، خستبوویانە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. لە کۆتاییشدا، لە ٩ ئازاردا، قاسم فەرمانی بە هێزی ئاسمانی عێراق کرد، شارەکە بۆمباباران بکەن و هێزی بەرگری میللییش (المقاومة الشعبية) کە میلیشایەکی سەربەڕژێم بوو لە ئابی ١٩٥٨ دا دامەزرابوو، بە پشتیوانی بارزانی هەڵمەتێکی بۆ کۆنترۆلکردنەوەی شارەکە دەستپێکرد.[٩٢] لەو نێوەدا لە نێوان ٢٠٠٠ تا ٢٥٠٠ کەسی مەدەنی کوژران.[٩٣] کاربەدەستانی ئەمریکاش لە بەغدا بە شکستی ناسیونالیستەکان لە موسڵ سەرسام بوون. لەو باوەڕەدابوون شکستی ڕاپەڕینەکە، قاسم و هاوپەیمانەکەی کە لایەنگرانی کۆمۆنیست بوون لەسەر حیسابی ناسیونالیستەکانی سەربە ناسر بەهێزتربوون. [دیاربوو] هەوڵەکەی موسڵ دوا تەکانی ناسیونالیستەکان، هێزەکانی دژە کۆمۆنیست بێ لە عێراق،" ئەمەش ڕەوایەتییەکی زۆری دایە دەست، تا ناسیونالیستە عروبییەکان لە پێگەکانی دەسەڵات ڕابماڵرێن. لە ٢٦ی ئازاردا باڵوێزخانەی ئەمریکا ڕاپۆرتێکی دا، تێیدا هاتبوو، هێزەکانی ئاسایشی عێراقی نزیکەی ١٥٠٠٠ کەسیان لە نەیار و ناسیونالیستەکان بەدەر لەوەزارەتی دەرەوە لە هەموو دامودەزگە و وەزارەتەکانی حکوومەتدا پاککردۆتەوە.[٩٤] قاسمیش بە دەوری خۆی لایەنگرەکانی خۆی لە شوێندا دانان، بەم جۆرە "تۆڕی کارمەندی لایەنداری خۆی بەرفرەوان کرد." هەروەک «تریپ»یش تێبینی کردبوو، "حیزبی شیوعی عێراق لە ڕێی کۆکردنەوەی جەماوەردا باندۆرێکی زۆری پەیداکرد، دەیتوانی لەهەر هەوڵێکی کودەتا ئاگاداربێ، ئیدی بیروباوەڕی خۆی بەوە جۆشدایەوە، کە هەنووکە دەتوانێ ڕۆڵێکی کارا لە ئاراستەکردنی دەوڵەتی عێراقدا بگێڕێ.[٩٥] هەر



هەواڵنامەی کتێب

لە سۆنگەی ئەو بەرڕەوتەدا[13] بوو، عێراق لە ٢٤ی ئازاردا خۆکێشانەوەی لە پەیمانی بەغدادا ڕاگەیاند، ئەمەش وای لە کاربەدەستانی ئەمریکا لە بەغدا کرد، هۆشداری بدەنە واشنتن کە "پەردەی ئاسنین" بەسەر عێراقدا دادەندرێ.[٩٦]

کاتێکیش ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە ٢ی نیسان بۆ تاوتوێکردنی پرسی موسڵ کۆبووەوە، ئایزنهاوەر بۆ جاری سێهەم، مەیلی خۆی بۆ کارکردن لەگەڵ ناسر بۆ ڕزگارکردنی عێراق سێپاتەکردەوە، ئاماژەیەک هێشتا بڕیاری پێ لەسەر دۆزەکە نەدرابوو. «ئالن دەلەس» دڵنیانەبوو، بیرۆکەکە بیرۆکەکی باش بێ، ئەمەش بەو نیشانەیەی، "نە هەموو دۆست و نە هەموو هاوپەیمانەکانیشمان هەمان ڕوانینی ئێمەیان دەربارەی عێراق هەبوو." «س. دۆگلاس دیلۆن» جێگری وەزیرە نوێکەی وەزارەتی دەرەوە، ڕاستەوڕاست هۆشداری ئەوەی دا، ئەگەر هاتوو بزانرێ، ئەمریکا لەگەڵ ناسر خەریکی پیلانگێڕانە لەدژی قاسم، ئەوا دەبێتە مایەی ئەوەی عێراق زیاتر لە کۆمۆنیستەکان نزیکببێتەوە. «گۆردۆن گرێی» لەسەر ئەم خاڵە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی بە بیر ئەنجوومەن هێنایەوە، کە لێیان داوادەکرا "هەموو ڕێکارێکی شیاو بگرنەبەر... بە کردەی سەربازیشەوە" بۆ ئەوەی بوارنەدەن کۆمۆنیستەکان جڵەوی عێراق بگرنەدەست. هەمووان بەمە قایلبوون، بەڵام لێرەدا هیچ بیرۆکەیەکی نوێ نەبوو، چۆن ڕێگە لەوە بگرن.[٩٧] ئایزنهاوەر فەرمانی بە وەزارەتی دەرەوە کرد، سەبارەت بە ڕەوشی عێراق لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیدا لێکدانەوەیەک پێشکەش بکەن و داواشی لە «هێرتەر»ی هەڵسوڕێنەری وەزارەت کرد (کە لە ٢٢ی نیساندا بووە وەزیری دەرەوە) لیژنەیەکی هاوبەشی لە سەرانی هۆبە پەیوەندیدارەکانی وەزارەت و ئاژانسەکانی (بەرگری، سی ئای ئەی، سوپاسالار و ...هتد) بۆ پێداچوونەوەی دۆزەکە و دانانی کردەپلانێک پێکبهێنێ.[٩٨]

کاتێکیش کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنەکە لە ١٧ی نیساندا گرێدرا، «ڕیچارد نیکسن»ی جێگری سەرۆک، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی کرد.

---

[13] بەرڕەوت: کۆنتێکست، سیاق.



هەواڵنامەی کتێب

کۆبوونەوەکە گەیشتە بەرەنجامێکی ڕەشبینانە. لە کۆبوونەوەکەدا ڕاپۆرتی وەزارەتەکان خوێندرانەوە، «نیکسن» لەوە نیگەرانبوو کە کارێکی کەم دەتوانرێ بکرێ بۆ ئەوەی ڕێگە لە کۆمۆنسیت بگیرێ عێراق قووتبدات و هەروەها دوودڵیش بوو لە کارکردن لەگەڵ ناسر. ئەو بڕوای وابوو "پێناچێ هیچ چارەسەرێکی مامناوەند لە نێوان دەستبەسەرداگرتنی کۆمۆنیست و ناسر بۆسەر عێراق هەبێ." بە هەمان شێوەش ژەنەڕاڵ «ناتان توینگ» سەرۆکی دەستەی هاوبەشی ئەرکانیش لەبارەی نەخشەی باری ناکاو نیگەران بوو، بە بیر ئەنجومەنی هێنایەوە، کە کردەی سەربازی بەگوێرەی ڕێنماییینامەی سیاسەتی هەنووکەیی بڕیاری لێدراوە. لەکاتێک دەبوایە بڕیارە سەرەکییەکان تا گەڕانەوەی ئایزنهاوەر بوەخرابایە، کەچی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ڕێنماییینامەی پێشووی سەرۆکی بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی سەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکان پەسەندکرد، بەوەی هەفتانە ڕاپۆرت بۆ ئەنجوومەن بەرزبکەنەوە، مەگەر بە ڕوویێکی دیکە ڕێنمایی بدرێ. ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کۆمیتەکەی ڕاسپارد بە لێکدانەوە نوێکەی وەزارەتی دەرەوەدا بچێتەوە، چاودێری پەرەسەندنە هەنووکەییەکان بکا و ئاراستەکارێکی شایستە بۆ کردەوە دابڕێژێ، ئەمە لەکاتێکدا دەبێ داخوازی باری پێویست و ناکاوی وا لەبەرچاوبگرێ، نەبادا کۆمۆنیست عێراق بە خڕی قووت بدا.[٩٩] بەم جۆرە کۆمیتەیەکی تایبەت بە عێراق (SCI) پێکهات.

لەو کاتەی ئیدارەی ئایزنهاوەر لە نیسانی ١٩٥٩ دا کۆمیتەیەکی تایبەتی بە عێراق پێکهێنا، نیگەرانبوون لە هەژموونی کۆمۆنیست بەسەر عێراقدا باڵی بەسەر بیرکردنەوەکانی کۆمیتەکەدا کێشابوو. لەم پنتەشدا سی ئای ئەی ئاماژەی بەوە کرد، کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبەرانبەر عێراقدا بە تەواوی لەگەڵ هاوپەیمانە سەرەکییەکانی هەرێمیدا، وەک بەریتانیا و ئیسرائیل تەواو لەیەک جیاوازن. لە هەردوو حاڵەتیشدا، ئەوان لەوە زیاتر دەترسان نەبادا ناسر دەست بەسەر عێراقدا بگرێ لەوەی کۆمۆنیستەکان. هێشتاش نیگەرانی ئیدارەکە سەبارەت بە هەژموونی کۆمۆنیست بەسەر عێراق کارتێکی دیکەشی پێڕاکێشا. بە هاتنی مانگی نیسان هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بەکارکردن لەگەڵ



هەواڵنامەی کتێب

ناسر نەدرا، هەرچەندە سەرۆک لەگەڵ کردەوەیەکی وەهادا بوو، بەڵام زۆرینەی ڕاوێژکارەکانی دژبوون. ئەم ناکۆکبوونەش بووە مایەی دژیەکیەک لەنێوان سیاسەتی فەرمی و کردەوەی ئەمریکیدا، هەروەک داوانامەی سی ئای ئەی بۆ کردەیەکی ژێربەژێر هەروەک چۆن ڕێنماییینامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی نەخشەی بۆ کێشابوو تا پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق بسەلمێنێ. ئەوەی لەمیانەی ئەمەدا دەرکەوت ئەوەبوو، ترسی ئیدارەی ئایزنهاوەر لەوەی کۆمۆنیست لە عێراق وای لێکردن نەوەک هەر لەگەڵ هاوپەیمانەکانی سەیر و نامۆ بێتەوە بەڵکو لەگەڵ خودی خۆشی.[١٠٠]

## کۆمیتە تایبەتەکە

لە بەهاری ١٩٥٩ دا کۆمیتەی تایبەت دەربارەی عێراق و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بەڕێکوپێکی لەسەر سەختانگە بەردەوامەکانی عێراق کۆدەبوونەوە. لەو ماوەیەدا دابەشبوونێکی ڕوون و ئاشکرا هەبوو سەبارەت بەوەی چۆن بە دەم بارودۆخی عێراقەوە بچن. لە لایەکەوە، وەزارەتی دەرەوە داوای دەکرد لەسەر سیاسەتی "دەست لە عێراق هەڵگرن" بەردەوام بن، هەستیکرد نابێ ئەمریکا "کردەوەیەکی بە هەڵپە دەرهەق بە عێراق بکا، چونکە لەوانەیە لە گۆشەنیگای [ئەو] ئەو هەموو بەرژەوەندییانە، کە لەو کاتەدا هیچ تەکانێکی بۆ نەدرا، لێکەوتەیەکی خراپی لێ پەیدابێ. لە دیوێکی دیکەشەوە، سی ئای ئەی و بەرگری هەستیانکرد، لەو بڕوایەدا هەڵەیان کردووە گوایە سەختانگەکان گەیشتوونەتە سەر ئەو خاڵەی دەڵێ "ئێستا دەنا هەرگیز" و داوای کردەوەیەکی تەڕدەستانەیان کرد دەنا لە دواساتی نەخشەی باری ناکاودا کۆمۆنیستەکان بەکردەوە دەسەڵاتیان دەگرتەدەست. «ڕاونتری»یش قایلبوو، فەرمانی بە سی ئای ئەی و بەرگری کرد، پلانی باری ناکاو دابڕێژن.[١٠١] ئەم دابەشبوونەش زەحمەتی دابووە بەر ئەمریکا تا سەبارەت بە کاروباری عێراق بگەنە ئەنجامێک.



هەواڵنامەی کتێب

لە ئاخروئۆخری مانگی نیساندا، کۆمیتەی تایبەت بە عێراق بژاردەی توانستی هەمەجۆری بۆ دەرکەوت، کە بە هۆیەوە ئەمریکا یارمەتی ئەوە بدا تا ڕێ لە کۆمۆنیستەکان بگیرێ نەبادا دەست بەسەر عێراقدا بگرن. لێرەدا ئەوەی گرنگە ڕوونبکرێتەوە، لەڕاستیدا ئەم شتانەی کۆمیتە تایبەتەکە بژارە بوون، کردەنیاز نەبوون بۆ پەیڕەوکردن. سی ئای ئەی تیشکی خستبووە سەر ئەو ڕێگەیانە، کە چۆن پشتی ناسر لە دژی قاسمدا بگرێ، ئەم پشتگیرییەش بە کۆکردنەوە، بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان، پێشکەشکردنی دڵنیایی دارایی و چەک بوو بۆ ئەو گرووپانەی پیلان دژی قاسم دەگێڕن؛ لەگەڵ پاڵپشتکردنی ڕادیۆی قاهیرە لە هەوڵ و تەقەلای پڕوپاگەندەکانی دژی قاسم. سی ئای ئەی هەستیکرد ئەو مژارانە ڕێک لەگەڵ ئەو داخوازیەی "کردنی شتێک" دێتەوە کە بەربەست بێت لەبەرانبەر کشانی کۆمۆنیست بۆ عێراق.[١٠٢] دەستەی ئەرکانی دەوڵەتیش JCS ئاراستەیەکی زۆر نەیارانەتری گرتبەر، کە ئەمانەی گرتەوە: (١) هاندانی وڵاتە عەرەبییەکان تا فشار بخەنە سەر عێراق بۆ نینۆککردنی کۆمۆنیستەکان؛ (٢) سڕکردنی هەموو یارمەتییە ئابووری و سەربازییەکان بۆ عێراق؛ (٣) ڕاگرتنی هەموو کردەکانی نەوتکڕین لە عێراق تا باری دارایی ڕژێم تەنگەتاو بکرێ؛ لەگەڵ (٤) یارمەتیدانی ئەو عێراقییانەی لایەنگری ڕۆژئاوان، ئەوانەی دەکرا وەک بەرهەڵستکارێک پشتیان پێببەسترێ. هەروەها دەستەی ئەرکانی هاوبەشی دەوڵەت دنەی یاخیبوون و کودەتای سەربازی لە ناو عێراقیش دا، بەڵام ئەوەشی زانی، ئەم کردەوەیە سەرچڵی ئەوەی تێدایە، کۆمۆنیستەکان خۆیان بەهێزبکەنەوە. لەوەش بەرفرەوانتر، دەستەی ئەرکان داوایکرد بنکەکانی سەربازی لە تورکیا، ئێران، پاکستان و ئوردن بەهێزتربکرێن و هانی بەریتانیاش بدرێ، هێزەکانی لە کوێت مەحکەمتر بکات؛ پترکردنی هێزی سەربازی لە هەرێمەکە؛ بەڵکو فەرماندەیەکی ئەمریکایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا دابندرێ؛ سەپاندنی ئابلۆقەیەکی دەریایی لەسەر کەناراوەکانی عێراق بۆ ئەوەی ڕێ لە دابینکردنی چەکی سۆڤیەتی بگیرێ؛ بێبەشکردنی عێراق لە توانستی هەناردەکردنی نەوت لەگەڵ هاندانی تورکیا و ئوردن بۆ دەستتێوەردانی سەربازییانە. لەو هەموو بژارە بەردەستانەدا، دەستەی ئەرکانی دەوڵەت ئەوەی ڕاسپارد، ئەمریکا بە دوای کارکردن لەگەڵ ناسردا بگەڕێ،



هەواڵنامەی کتێب

ئەوسا چ کارکردنێکی ئاشکرا یان ژێربەژێر بێ، "چ پڕ وردەکاری بێ یاخود لەسەر بنەمای کتوپڕی بێ." لە کۆتاییدا دەستەی ئەرکانی دەوڵەت داوای پێکهێنانی نەخشەیەکی لە ناکاوی بۆ دەستوەردانی سەربازیانە لە عێراقدا کرد، بەڵام ئەم ڕێکارە پێویستی بەوە هەبوو لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان، ئەندامانی پەیمانی بەغدا و ناتۆ ڕاوێژبکەن، ئەمەش ئەگەری سەرچڵی دزەپێکردنی زانیارییەکانی زیادترکرد.[١٠٣] دوای پێداچوونەوە بەو بژارانە، دەستەی ئەرکانی دەوڵەت بڕیاری دا دەبێ "بێ ڕاوێژکردن بە هیچ دەوڵەتێکی دیکە" بە نەخشەی سەربازی هەبوویاندا بچنەوە، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند، هەر یەک لە بەریتانیا و ئیسرائیل لەو بازنەیە دەربهێنن.[١٠٤] دەستەی ئەرکانی دەوڵەت بەو بژارانەوە، لە ٣٠ی نیسانەوە ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بەرزکردەوە.[١٠٥]

کاتێکیش ئەو بژارانەی دەستەی ئەرکانی دەوڵەت و سی ئای ئەی گەیشتنە دەست «جێرینگان»ی باڵوێز لە بەغدا، ئەو "تۆقی" و داوایکرد بۆ ڕاوێژکردن بگەڕێتەوە واشنتن.[١٠٦] لەو نێوەشدا داوای لێکرا لەبەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانییدا هەڵسەنگاندنی خۆی پێشکەش بکات، لەوێدا ئەویش ڕوونکردنەوەیەکی پێنج خاڵی سەبارەت بە ئاراستەی چەپخوازییانەی عێراق خستەڕوو.

> یەکەم... شتەکە کاردانەوەیەک بوو لە بەرانبەر هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشووی نووری و لایەنگری ڕۆژئاوا. دووەم، خودی قاسم و زۆر لە سەرکردەکانی دیکەی عێراق متمانەیان بە ڕۆژئاوا نییە و دەترسن ئێمە بۆ تێکدانی ڕژێمی نوێ تێبکۆشین. هۆکاری سێیەمیش بڵاوبوونەوەی ئەو ترسەیە گوایە ڕژێم لە لایەن ناسر و کۆماری یەکگرتووی عەرەبییەوە دەڕووخێندرێ... [چوارەمیشیان] خودی کۆمۆنیستەکان لە عێراق زۆر باش و ماندوونەناسانە کاریان کردووە و زۆر بە باشی و ڕێکوپێکیش خۆیان ڕێکخستووە. هۆکاری پێنجەم


هەواڵنامەی کتێب

ئەوەیە هەر بەڕاستی قاسم خۆی دەیەوێ ڕووداوەکان ئەو ئاراستەیەی کە هەیە وەربگرن. دەکرێ ئەو کۆمۆنیست یان لایەنگری کۆمۆنیستی بێ. [بەڵام جێرنیگان هەستیکرد]... کە قاسم ترساوە و [هەر بۆیەشە] ڕێگەی بە چالاکی کۆمۆنیستی داوە.

«جێرنیگان» سەبارەت بە نەخشەی لەناکاو هۆشداریدا، بەوەی "کردەوەیەکی ئاشکرا" دەکرێ قاسم زیاتر"بخاتەوە نێو لەپی سۆڤیەت." هەر بۆ نموونەش خۆ هەر تێوەگلانی ناسر بوو لە پیلانەکەی «ڕەشید عالی گەیلانی» و ڕاپەڕینەکەی موسڵ، کە پاڵی بە قاسمەوە نا بە پلەی یەکەم بەرەو کۆمۆنیستەکان و یەکێتیی سۆڤیەتەوە هەنگاوبنێ. خۆ ئەگەر هاتبا و قاسمیش لابرابا، "ئەوا لەوێدا کەسێکی پێشچاو نەبوو جێگەی قاسم بگرێتەوە." بە هێنانەوەی ئەو بەڵگەوبەندانە، پێشنیازی «جێرینگان» لەوەدا خۆی بینیەوە، کە باشترین هەنگاو ئەوەیە ناسر هەڵمەت و پەلامارە ڕاستەوخۆکانی لە دژی قاسم ڕابگرێ و لە جیاتی ئەوە تیشک بخاتە سەر کۆمۆنیستەکانی عێراق، کە دوژمنی ڕاستەقینە ئەوانن. ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیش ئەم ڕاسپاردەیەی باڵوێزی پەسەندکرد.[١٠٧]

کاتێکیش کۆمیتەی تایبەت بە عێراق لە ١٩ی ئایاردا کۆبووەوە، ڕاپۆرتی بۆ هاتبوو، کەوا ناسر قایلبووە ئاراستەی پڕوپاگەندەکەی لە قاسمەوە وەربگێڕێتە سەر کۆمۆنیستەکان.[١٠٨] کاتێکیش بۆ ڕۆژی دواتر ڕاپۆرتی ئەو پێشهاتانە درایە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، کۆکبوونێک لە نێو ئەنجوومەندا هەبوو بەوەی "هەندێ پێشکەوتن" لە عێراق بەدیهاتووە.[١٠٩] بە کۆتاییهاتنی مانگی ئایاریش، ناسر فشارەکانی لەسەر قاسم سووککرد، ئەوەش لە کاتێک بە هاوجووتکردنی داواکانی حیزبی شیوعی عێراقی بۆ ڕەوایەتیدان بە پارتە سیاسییەکاندا بوو،[١١٠] ئیدی خەریکبوو کاریگەری خۆی هەبێ. بۆ نموونە، لە کۆتایی ئایاردا، هەر تەنیا بەر لە دیداری قاسم لەگەڵ «جێرنیگان»، قاسم وتارێکی دا، لەوتارەکەدا جەختی لەسەر بێلایەنی عێراق لە بەرانبەر شەڕی ساردا کردەوە، ئەمەش کردەوەیەک


هەواڵنامەی کتێب

بوو وای لە «جێرنیگان» کرد دواتر، کە لە ٢٦ی ئایاردا قاسمی بینی، بە زمانێکی دۆستانە لەگەڵی بدوێ.[١١١]

وێڕای سەرکەوتنی وەزارەتی دەرەوە لەم تاوتوێکردنەدا، لێ هێشتاش جیاوازییەکانی لەگەڵ سی ئای ئەی و دەستەی ئەرکانی دەوڵەت هەر مابوو. لە سەرەتای حوزەیراندا، «فیلیپ هالا» سکرتێری کۆمیتەی تایبەت بە عێراق و ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، یاداشتێکی بۆ «گرێی» نارد، تێیدا پوختەی وتووێژی لەگەڵ کاربەدەستێکی پلەباڵای سی ئای ئەی تێدابوو. بە گوێرەی یاداشتەکە، سی ئای ئەی هەستیکردبوو، کەوا سەبارەت بە عێراق "لە ڕاددەبەدەر وریایە"، لە گەڵ ئەو ئاستە زێدەڕۆییەی کۆمۆنیستیش کۆک نییە، هەروەها بە هەوڵەکانی قاسمیش بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان هەڵناخەڵەتێ.[١١٢] کەچی وێڕای ئەمەش لە میانەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە ٤٦ حوزەیراندا، «ئالن دەلەس» هەمان هەستی گەشبینی و وریایی «جێرنیگان»ی ڕەنگدایەوە و تێبین کرد، لەو کاتەی عێراق "زۆر لە مەترسییەوە دوورە،" و "بادانەوەش بەرەو ئاراستەی کۆمۆنیزم لە عێراق خاوبووەتەوە". ئەم حاڵەتەش بە گوێرەی بەڕێوەبەری دەزگەی سی ئای ئەی، لەبەرئەوەبوو، کە دیاربوو ئاگاداری قاسمی کردبووەوە لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق "هەندێ خاو دەڕوا"و بە کردەوەش جاڕدانی "بێلایەنی ئەرێیانە" هەر "تاکتیکێکە مەبەست لێی ڕەواندنەوەی ترسی ڕۆژئاواییەکانە لە زێدەڕۆیی کۆمۆنیست.[١١٣]

لە ناوەڕاستی حوزەیراندا وەها دیاربوو دۆخی عێراق جێگیر بووبێ، ئەمە وای لە هەندێ کاربەدەستی ئەمریکا کرد، بپرسن ئاخۆ پێویست دەکات کۆمیتەی تایبەت بە عێراق هەفتانە کۆببێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەوە ڕەزامەندبوون، کە لەسەر سیاسەتی "چاوەڕێ بکە و ببینە"دا بەردەوام بن.[١١٤] «ڕاونتری» بەمە قایل بوو، ڕاسپاردەی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی نارد، کە کۆمیتەی تایبەت بە عێراق لە پابەندییەکانی ببەخشێ، بەوەی هەفتانە ڕاپۆرتی خۆی نەنووسێ بەو مەرجەی هیچ پێشهاتی



هەواڵنامەی کتێب

نوێ نەیتەپێش. ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیش لە کۆبوونەوی داهاتووی خۆی کە لە ١٨ی حوزەیران بەسترا، پێشنیازەکەی پەسەندکرد.[١١٥] ئینجا کەمێک دوای ئەوە، سی ئای ئەی لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا دانی بەوەدانا، کە ئەوان لە گەلاڵەنامەی پێشتریان "زۆر ڕەشبین بوون" و لەوێدا "نیشانەی چارەسەرکردنی لە لایەن قاسمەوە سەریهەڵداوە، کە لێبڕاوانە لە دژی کۆمۆنیستەکانی عێراق بجووڵێتەوە." وێڕای ئەمەش هێشتا سی ئای ئەی هەر وریابوو، "ئەمەش واتای ئەوەی نەدەگەیاند، کەوا بەرزاوی شەپۆڵەکان ڕوویان وەرگێڕاوە و دژایەتی کۆمۆنیست بۆتە شتێکی حاشاهەڵنەگر." ئەو خۆبەدوورگرتنەی ئەم دواییانەی قاسم لە حیزبی شیوعی عێراقی دەکرا سەربکێشی بۆ "زەبروەشاندنەوە لەپێناوی پاراستنی سەروماڵی خۆیان و پێگەکانیان لە بەرانبەر تۆڵەسەندنەوەی ئەگەر هاتبا و ناسیونالیستەکان دەستی خۆیان ببینیبایەوە."[١١٦] ئەم هەڵسەنگاندنەش ڕاستیی خۆی سەلماند.

لە دەی تەممووزدا هەراوزەنایەک بە دنەدانی شیوعییەکان لە باشوری عێراقدا پەیدابوو، ئاژاوەکە سەریکێشا بۆ بەیەکدانان لە نێوان کۆمۆنیستەکان و هێزەکانی ئاسایش. زۆری پێنەچوو، کاربەدەستانی ئەمریکا لە بەغدا زانییان، زۆری پێناچێ دوای ساڵیادی شۆڕشەکە، دامودەزگەکانی میری لە کاربەدەستانی شیوعی پاکدەکرێنەوە.[١١٧] لە ١٣ی تەممووزدا قاسم سۆزیدا، هەڵبژاردن سازبدرێ و لە ماوەی ساڵێکدا پەرلەمانێکی نوێ بێتەکایە و جاڕی فرەوانکردنی کابینەی حکوومەتەکەی بە چوار ئەندامی دیکەدا، لە نێویشیاندا «نەزیهە دلێمی» کۆمۆنیستێکی ژن بوو.[١١٨] شیوعییەکان ئەو جموجۆڵەی قاسمیان بۆ چوونە دەسەلآت وەک سووکایەتیەک لێکدایەوە، هەر ڕۆژی دواتر شیوعییەکان بوونە مایەی نانەوەی سەختانگێکی گەورە لە شاری کەرکووک ی باکووری وڵات.

ڕاپەڕینەکەی کەرکووک خاڵێکی وەرچەرخانبوو لە مێژووی دوای شۆڕشی عێراق. لە تەممووزی ١٩٥٩ دا گرژی لە نێوان دانیشتوانە زۆرەکەی کورد و تورکمانی کەرکووک پەرەیسەند، ئەمەش بە هۆی هاتنی لێشاوی کوردە



هەواڵنامەی کتێب

هەژارەکان بوو بەرەو شارەکە بۆ ڕێگرتن لە تێکچوونی بارودۆخی ئابووری لە دێهاتدا.[١١٩] هەر لە هەراکەی موسڵەوە، کورد خۆیان لەگەڵ کۆمۆنیستەکان لە دژی تورکمانەکان ڕێکخست، دۆخێکی وایان ئافراند، کە بەشێوەیەکی بەرفرەوان بە "تەقینەوە" وێنا دەکرا. بەیەکەوە لەگەڵ جموجۆڵەکەی قاسم، هۆکاری بزوێنەری خۆجێی بۆ سەختانگەکان، دانانی کوردێک بوو وەک موتەسریف (پارێزگار)ی کەرکووک لە سەرەتای تەمموزی ١٩٥٩، ئەمەش یەکەم دانانێک بوو لەو جۆرە. لە ١٤ی تەمموز و لەو کاتەی گردبوونەوەیەکی کۆمۆنیستەکان بەلای خۆپیشاندانێکی تورکمانەکاندا ڕۆیشت، شەڕوپێکدادان بەرپابوو. کوردەکانیش بە پشتگیری هێزی بەرگری میللی "دەهریبوون" و پەلاماری دوکان و خاوەنەکانیان دا.[١٢٠] دوو ڕۆژی پێچوو تا سوپای عێراق توانی کۆتایی بە توندوتیژییەکە بێنێ، هەرایەکە بە دەیان کوژراوی لێکەوتەوە و ژمارەی بریندارەکانیش زۆرتر بوو. لە ١٩ تەممووزیشدا قاسم توندوتیژییەکەی شەرمەزارکرد، بە دەستەواژەی تەموومژاوی "گێرەشێوێنان"ی بە خەتابار زانی.[١٢١] زۆریشی نەخایاند، وێنەی تەرم و جەستەی شێوێندراو لە تەلەفزیۆنی عێراقی بەسەروتارێک پەخشکرا؛ ئەمە "ئەوەبوو کە بەڕاستی کۆمۆنیستەکان دەیانویست"[١٢٢]

پاش هەندێ پەشۆکان، سیاسەتدارِێژەرانی ئەمریکا دەرکیان بەوەکرد، کە کوشتارگەی کەرکووک خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ لەسەرپێوەستانی کۆمۆنیستەکان لە نێو عێراقدا. کاتێکیش «ئالن دەلەس» لە ٢٣ی تەممووزدا ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە پێکدادانەکان ئاگادارکردەوە، ئەمەش ڕاستەخۆ بەڵگەیەک بوو لەسەر ئەوەی، کە سەرچاوەکانی سی ئای ئەی لە نێو عێراقدا چەند سنووردارن: "دیاربوو تەقینەوەی هەرای کەرکووک زۆر زووتر لەوەی ئێمە ڕەچاوماندەکرد یان وەک ڕۆژنامەگەری ئاماژەی بۆکرد دامرکێنرایەوە. ماوەیەکیش بوو کەس شتی زیاتری نەدەزانی ئاخۆ هەراوزەنایەکە بۆ یان چۆن دەستیپێکرد. "لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی گرنگبوو، قاسم کۆمۆنیستەکانی بۆ سەرکۆنەکردن لێبژارد. هەڵبەتە ئەمە مایەی نیگەرانی بوو بۆ مۆسکۆ، قاسمیان بۆ سەردانێکی فەرمی دەوڵەت بانگهێشتکرد، بۆ


هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی وا لێکبدرێتەوە، سەلمێنەری پەیوەندییەکانی حیزبی شیوعی – سۆڤیەتە.[١٢٣] لە کۆتایی تەممووزدا قاسم ڕاستەوخۆ کۆمۆنیستەکانی بە کوشتارگەکە خەتابارکرد، ئەمەش حیزبی شیوعی ناچارکرد لە سەرەتای ئابدا داوای لێبوردنێکی گشتی بکا. لەو نێوەشدا قاسم دەستی بە پاکتاوکردنی کۆمۆنیستەکان و لایەنگرەکانیان لە نێو ڕیزی سوپا و هێزی بەرگری میللییەوە کرد و ئەو دەزگەیەی لێخاوێنکردنەوە.[١٢٤]

ئەم هەموو شتانە وای لە «جێرنیگان» کرد لە ٩ی ئابدا بە برووسکە هەڵسەنگاندێکی گەشبینانە بۆ واشنتن بنێرێ، تێیدا نووسیبووی "شەپۆلەکە دژی کۆمۆنیزم بووەتەوە"؛ حیزبی شیوعی عێراقی "لە پێستی خۆی دەرچووبوو"؛ و قاسمیش "وەنەبێ هەر بەتەنیا ... هەر هەوڵ و تەقەلایەکی کۆمۆنیزم بخاتە بن چاودێری نەبادا دەسەڵاتیان زیاد بکات، بەڵکو هەنگاوی مەحکەمیش دەهاوێ تا ئەو دەسەڵاتەی هەشیانە کەمبکاتەوە." هەروەها ڕژێم دژی سەرچاوە سەرەکییەکانی کۆمۆنیستیش جووڵاوەتەوە، وەک هێزی بەرگری میللی، نەقابەی کرێکاران و خوێندکاران و ئەفسەرە لایەنگرەکانی کۆمۆنیست لە نیو سوپادا.[١٢٥] بە هاتنی ئەو پێشهاتە ئەرێیانە، کە لە هاوینی ١٩٥٩ دا کەڵەکەبوون، هەندێ لە کاربەدەستانی ئەمریکا باوەڕیان وابوو، بەرزاوی تەوژمی کۆمۆنیزم بەرەو نیشتنەوە دەڕوا، ئەمەش ئەنجامێک بوو، لە ماوەیەکی کورتدا ئەوەی سەلماند، کە زۆر گەشبینانەیە.

**سەختانگەکە بەردەوامە**

دوابەدوای کوشتارگە بە کۆمەڵەکەی کەرکووک، کردەوەکانی قاسم هەم دژبەیەک و هەم سەرلێشێوێنەرانەش بوون، وای لە سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا کرد، بە زەحمەت ڕەوشەکە بە شێوەیەکی ڕاستودروست هەڵبسەنگێنن. هەر بۆ نموونە، لە هەڵسەنگاندنێکی دەزگەی سی ئای ئەی و لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ دا، وەسفی قاسم کراوە کە "بیچمێکی تەمومژاوییە،" کەسێکە "خۆی لەسەر هیچ


هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵ و هۆبەیەکدا ساخ ناکاتەوە، پێیوایە دەتوانێ ڕۆڵێک لەسەرووی ململانێکان بگێڕێ." لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆ مەودایەکی کورتخایەن لەعێراقدا چەقی بازنە بوو.[١٢٦] لە کاتێکدا کۆشکی سپی دڵخۆشبوو بەو دامرکاندنەوەیە، هەر زوو قاسم هاتەسەر ئەو بڕوایە کە سیاسەتی هاوسەنگڕاگرتنی لە نێوان کۆمۆنیست و ناسیونالیستەکان دژوار بووەوە، ئیدی کەوتەخۆ تا ئەو ناهاوسەنگییەکە ڕزگاربکا.

لە میانەی مانگی ئابدا ڕۆڵێکی درامایی لەنێوان قاسم و ناسیونالیستەکان بینرا، ئەوەش لەو کاتەی گرووپێک لە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لە ڕاپەڕینی موسڵ تێوەگلابوون و هێنرانە بەردەم دادگەکەی مەهداوی.[١٢٧] لە ئەنجامی دادگەییەکەدا، لە ٢٥ی ئابدا مەهداوی بڕیاری لەسێدارەدانی پێنج لە ئەفسەرانی سوپا و مەدەنییەکی دا.[١٢٥] هەردوولایان، چ ناسر و چ ناسیونالیستە عێراقییەکان دەهریبوون و سی ئای ئەیش لە سەرەتای ئەیلوولدا زانی، کە ناسر ڕایسپاردبوو پیلان لە دژی عێراق بگێڕن.[١٢٩] خاڵی وەرچەرخانە ڕاستییەکەش لە ٢٠ی ئەیلوولدا هات، ئەو کاتەی قاسم حوکمی لەسێدارەدانی ئەفسەرێکی پلەباڵا و ١٢ کەسی دیکەی لە ئەفسەرە ناسیونالیستەکان پەسەند کرد، ئەوانەی لە هەراکەی موسڵ تێوەگلابوون، سەرباری ئەمەش بۆ ئەوەی هاوسەنگی ڕەخنەکان ڕابگرێ، حوکمی لەسێدارەدانی چوار مەدەنی دیکەی سەر بە خانەوادەی پاشایەتی دەرکرد.[١٣٠]

پەیدابوونەوەی شڵۆقی بارودۆخی عێراق لەچاوی کردەی لەسێدارەدانەکانەوە، وای لە ئەمریکا کرد، جارێکی دیکە ڕوانینەکەی خۆی سەبارەت بە عێراق هەڵبسەنگێنێتەوە. لە ٢٤ی ئەیلوولدا ڕاپۆرتێکی نوێ، گەلاڵەنامەی تایبەتی هەواڵگری تایبەتی نیشتمانی دەستاودەست کرا، کە گەیشتبووە ئەو دەرەنجامە کەوا "ناسەقامگیری و ناڕوونی لە جاران زیاتر" لە عێراقدا پەرەیسەندووە. تێبینی ئەوەشیکردبوو، لە کاتێکدا چالاکییەکانی حیزبی شیوعی عێراقی لەم چەند هەفتانەی دواییدا سنووردارکراوە، کەچی قاسم لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆسکۆ "بەردەوام و تەنانەت بەرفرەوانتریش" بووە. لەو نێوەشدا "ڕاپۆرتەکانی


هەواڵنامەی کتێب

پیلانگێڕی کودەتا بە لەناوبردنی قاسمیشەوە، لەم چەند هەفتەی دواییدا زیاد [بوون]،" هەرچەندە هیچ ڕێکخراوێکیش "ڕێکخراوێکی ناسراویش، کە توانای کارێکی سەرکەوتووانەی لەم جۆرەی [هەبووبێ] لە ئارادانەبوو."[١٣١]

هەروەها بارە شڵۆقەکەی عێراق وای لە کۆمیتەی تایبەت بە عێراق کرد لە ٢٤ی ئەیلوولدا بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکە کۆببێتەوە، لە پاش حوزەیرانی ١٩٥٨ دا ئەمە یەکەمین کۆبوونەوەی بوو. «گی لویس جۆنز» کە ببووە یاریدەدەری وەزیر بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جێگەی «ویلیام ڕاونتریێ»ی لە سەرۆکایەتیکردنی کۆمیتەکەدا گرتەوە. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا نوێنەری دەزگەی سی ئای ئەی ئاگاداریکردنەوە، کە " پێدەچێ هەوڵێکی لەناوبردن [هەبووبێ]" و "دەکرێ توندوتیژیشی لێبکەوێتەوە،" بەڵام لەبەر ئەوەی کۆشکی سپی "سیاسەتی دەستتێوەردانی دوورخستۆتەوە" لەوێدا دەکرێ چەند بژارەیەکی کەم بۆ پەیدابوونی کودەتا هەبن. یەکێکیان قەناعەتپێهێنانی میسر و ئوردنن، کە بەیەکەوە کار بۆ عێراق بکەن؛ ئەویدیکەشیان کارکردنە لە نێو کۆمکاری عەرەبی، کە دەکرێ لەلایەن عەرەبستانی سعوودی و لوبنانیشەوە پشتگیری بکرێت. هەرچەندە بە هۆی سیاسەتی دەستوەرنەردانی ئەمریکا، هەموو ئەوەی سی ئای ئەی پێیدەکرا، ئامادەکاری بوو بۆ "کارێکی ئۆپەراسیۆنانە لە هەرێمەکەدا." هەرچەندە نوێنەرەکەی سی ئای ئەی ڕوونیکردەوە، کە "جبەخانەیەکی کەمی چەک لە ناوچەکەدا هەیە" و ئەمەش بۆ پشتگیریکردنی "توخمەکانی ناو ئوردن و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بووە تا بەهۆیەوە یارمەتیەک بێ بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق." کۆمیتەی تایبەت بە عێراق ئەوەی پەسەندکرد، کە سیاسەتی دەستوەرنەدان باشترین سیاسەتە و بڕیاریدا لەسەر هەڵسەنگاندنامەکەی «جێرنیگان» هەنگاوهەڵبنێ.[١٣٢] ئەم بەڵگەنامەیەش لەبەر سێ هۆ بایەخدار بوو: (١) ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە سیاسەتی ئیدارەی ئایزنهاوەر سیاسەتی دەستتێوەرنەدان بوو؛ (٢) سی ئای ئەی لەگەڵ هەندێ لایەنی بەرگری بۆ پێشنیازکردنی نەخشەیەکی لەناکاو ئامادە و لە ئارادا بوو؛ (٣)سێیەمیش تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ، ئەمەیان بەرفرەوانترین دانپێدانانی ئیدارەی ئایزنهاوەرە کە لە دژی عێراق کاریان لەگەڵ ناسردا کردووە.


هەواڵنامەی کتێب

کاتێکیش لە ٢٨ی ئەیلوولدا «جیرنیگان» وەڵامیدایەوە، ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە بارودۆخی عێراق خراپتر بووە و هۆشداری ئەگەری توانستی کودەتاشی دا. ئەو گوتی ڕامانی کورتمەودای بۆ سەقامگیری باری ناوەخۆی عێراق خراپ بووە؛ ئاڕاستەی دژەکۆمۆنیستیش خاوبووەتەوە؛ توانستی ئەمریکاش سنووردار بووە و دەستتێوەردانیش "دەکرێ ڕەوشەکە تەنیا و تەنیا خراپتر لێبکات."[١٣٣] لەوەش زیاتر، ئەو ئاگادارییەی دا، دەکرێ لە ماوەی "کەمتر لە مانگێکدا" شتێک ڕووبدا، کە بە "کوشتنی قاسمیش دەستپێدەکا." دوای دوو ڕۆژ، هۆشدارییەکەی «جیرنیگان» سەلمێنرا، ئەوەش لەوکاتەدا بوو، کە ئەمریکا پێیزانی، کە "ناسر سەرقاڵی ڕاوێژ بووە بە پیلانگێڕان، ئەوانەی نەخشەیان بۆ کودەتایەک دانابوو، لە ماوەی هەفتەیەکدا بکرێ، پیلانەکە کوشتنی قاسمیشی تێدابوو لەگەڵ خۆئامادەکردن بۆ ناردنی هێز بۆ ئەوەی بەرپەرچی هەر بەرتەکێکی دوای کۆدەتاکە بدەنەوە."[١٣٤]

پوختەنامە ڕاستینە ئاگادارییەکەی «جیرنیگان» وای لە کۆمیتەی تایبەت بە عێراق کرد، ڕاپۆرتێک بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بنێرێ، تییدا هێڵ بە ژێر بژارەکانی ئەمریکادا بهێنێ تا ڕێبگرن لەوەی کۆمۆنیست عێراق قووتبدات. لەسەر بنەمای پێشهاتە نوێکانی ناوەخۆی عێراق، کۆمیتەی تایبەت بە عێراق مەترسیی گرنگی خۆی سەبارەت بە سەقامگیری دەروونی قاسم دەربڕی، توانستی ئەو بۆ جڵەوکردنی عێراق و هەوڵی بێکەڵکی ئەو بۆ بەدواداگەڕانی کۆمۆنیستەکان. ئەوەی گرنگبوو، کۆمیتەی تایبەت بە عێراق بڕوای وابوو، لە سێدارەدانی ناسیونالیستە عەرەبەکان هەموو توانستێکی سەرکردەکانی کودەتای بەترسوبیمەوە پەکخستووە، "کەواتە پێنەدەچوو کودەتایەکی نزیک ڕووبدا، کە بە باشی ڕێککخرابێ." ئەمەش لە بەرتەکدا دەبووە مایەی پترکردنی گریمانەی "شەڕی ناوخۆ و پشێوی و پاشاگەردانی، لەوانەبوو هەموو ئەمانە بە هۆی کوشتنی قاسمەوە سەرهەڵبدەن، کە دەبووە مایەی ئەوەی کۆمۆنیستەکان (کە باشترین گرووپی سیاسی ڕێکخراون) لە هەموو ئەوانی دیکە پتر لە ڕەوشەکە سوودمەند بن." ڕاپۆرتەکە گەیشتبووە کۆمەڵە بەرەنجامێکی گرنگ. شایانی باسە، هەر داڕشتەیەکی "دەستتێوردانی سەربازی لەلایەن ئەمریکا یان



هەواڵنامەی کتێب

هاوپەیمانەکانی شتێکی ئاوەزمەندانە نەبوو،" چونکە دەبووە مایەی جڵەوبەردانی تەوژمی نەیاریی ناسیونالستی لە نێو دنیای عەرەبدا، دەشکرا یەکێتیی سۆڤیەت پرسەکە لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بقۆزێتەوە. بارە خراپەکەش ئەوەبوو، لەوانەبوو هەرایەکە سەریکێشابا بۆ ئەوەی سۆڤیەت ناڕاستەوخۆ خۆی تێهەڵقورتاندبا، "کەواتە دەبووە مەترسی بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی گشتگیر." ڕاپۆرتەکە جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە، کە کردەوەی سەربازییانەی ڕۆژئاوایی تەنیا لەو بارەدا کاریگەری دەبوو، "کە هێزەکانمان عێراقیان داگیرکردبا، ئینجا دوای کشانەوە لەوێ بارودۆخەکە خراپتر بووبا." هەڵبەتە ئەمەش دۆخێک نەبوو هی بەرگریلێکردن بێ. دووەمین بەرەنجامی سەرەکی ڕاپۆرتەکەش ئەوەبوو، بۆ ئەمریکا شتێکی بێکەڵک بوو، لە بەرگی بەرهەڵستکارێکی ئاشکرا خۆی بنوێنێ، وەک ڕاگەیاندنێکی ئاشکرا، دانانی ماوە یاخود هەڵکردنی نیشانەی ئاگاادرکردنەوە. سێهەمینیشیان دەربڕی ئەوە بوو، کە هەر هەوڵوتەقەلایەکی ژێربەژێر دژی عێراق "دەکرێ گەوجانە بێ"، چونکە وڵاتەکە دەمێکە ڕادەیەکی بەرزی بەدگومانی سەبارەت بە ئەمریکا هەیە. لە کۆتایشدا ڕاپۆرتەکە گەیشتبووە ئەو بەرەنجامە، کە باشترین هیوای ئەمریکاییەکان "لە کاریگەری و کردەوەی هەڵقوڵاوی وڵاتە عەرەبە دراوسێکانی عێراقدایە، نەخاسمە {لە میسرەوە]". هەر لەو پەیوەندییەدا، ڕاپۆرتەکە ئەوەشی زیادکردبوو، هەوڵ و تەقەللای ناسر بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەدا و بەرهەڵستکاری ئەو بۆ کۆمۆنیزم، بەشێوەیەکی هەرەباش بە بەرژەوەندی ئەمریکا دەشکێتەوە.[١٣٥]

ڕاپۆرتەکە لیستێک ئاڕاستەی کردەنیازی ڕیزکردبوو، کە دەکرا ئەمریکا و عەرەبە هاوپەیمانەکانی لە دژی عێراق بیگرنەبەر. لیستەکەش ئەمانەی لەخۆگرتبوو: (١) دابڕانی عێراق لە دەوڵەتەکانی دیکەی عەرەب بە شێوەیەکی دەروونی؛ (٢) بڕینی شادەماری لوولەی نەوتی عێراق لە سووریاوە و ڕێگەنەدان بە هاتوچۆی ئاسمانی لە دەرچوون و گەڕانەوە بۆ وڵاتەکە؛ (٣) پەیوەستبوون بە کردەی سیاسی و تێکدەرانە لە دژی عێراق؛ و (٤) وەک دوا چارەسەریش پشتگیریکردنی میسر و ئوردن بۆ دەستوەردان لە کاروباری


هەواڵنامەی کتێب

عێراق. هەرچی سەبارەت بە کردەی ڕاستەوخۆی ئەمریکییەکانەوە بوو، وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بەوەبوو، خۆی لە تەشەنەسەندنی کێشە دەرەکییەکان بەدووربگرێ، ئەو کێشانەی دەبوونە مایەی "لەڕێلادانی ناسر [لە ئەرکەکەی] سەبارەت بە عێراق"؛ فشارکردنە سەر هاوپەیمانییە خۆجێییەکان، بەوەی دان بەخۆیاندا بگرن لەوکاتەی پرسەکە تایبەت بێ بە عێراق؛ هەروەها ڕاوێژکردن بە بەریتانییەکان بۆ "هەماهەنگییەکی لەیەکنزیک: سەبارەت بە سەختانگەکە. بە شێوەیەکی دەقاودەقیش، کۆمیتەی تایبەت بە عێراق ڕاسپاردەی وابوو، بۆ نزیکبوونەوە لە عێراق بە توندی دەست بە "کاروباری ئاسایی"یەوە بگرن، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت بە شێوەیەکی دروست پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ عێراقییەکان پەیدابکەن (بەڵام نەوەک پەیوەندییەکی چالاکانە)؛ تەکاندان بۆ پشتگرتنی توخمە غەیرە کۆمۆنیستەکان لە نێو عێراقدا، پشتگیرییەکەش بە بەرنامەی مەشقپێکردن و ئاڵوگۆڕی کەلتووریشەوە؛ هەروەها ڕاگرتنی "پەیوەندی خۆپارێزی و نهێنی" لەگەڵ ناسر و بەوەی ئاخۆ چۆن بە شێوەیەکی دەروونیانە عێراق داببڕن، لەگەڵ بەردەوامبوونی سی ئای ئەی و دەستەی سەرۆکایەتی ئەرکانی هاوبەش لەسەر دانانی نەخشەیەکی ناچار و ناکاو بۆ ئەگەری هەر کردەیەکی دراماتیکی لەپڕ، کە داهاتوو بیخوازێ.[١٣٦]

هەر زووش بایەخی ئەو لێکدانەوەیە کەوتەڕوو. لە ١ی تشرینی یەکەمدا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بانگی هەریەک لە «جۆن» و «ئارمین مایەر» (بەڕێوبەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک)ی کرد، تا بۆچوونی خۆیان بە ئەنجوومەن ڕابگەیەنن. بە پشتبەستن بەو ڕاپۆرتە، ئەوان ڕوونیان کردەوە کە کۆمیتەی تایبەت بە عێراق گەیشتۆتە سێ بەرەنجامی گرنگ:

> ١ - کردەیەکی دراماتیکی لەلایەن ئەمریکاوە پەسەند نەبوو؛ ٢ – خۆگیریی وڵاتە عەرەبییەکان باشترین ئامرازی جڵەوکردنی عێراق [بوو]؛ ٣ - لە ڕێی لایەنی سێهەمەوە قاسم هانبدرێ، کە سەربەخۆیی عێراق بپارێزێ بە جۆرێک بەرەنگاری هەڕەشەی کۆمۆنیستی ببێتەوە.[١٣٧]



هەواڵنامەی کتێب

«جۆنز» لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە هەوڵێکی بەو دواییانەی لەناوبردنی قاسم دا، بەڵام هێمای بۆ ئەوەشکرد، لەوانەیە شتەکە "شەڕپێفرۆشتنێکی کۆمۆنیست" بێ. «دەلەس»ی بەڕێوەبەریش بە کۆمیتەوە، بە ئەنجوومەنی گوت، ناسر "داوای لە لەناوبەرانی قاسم کردووە زۆر پەلە نەکەن" و لەوانەیە "سەرقاڵی نەخشەیەک بن تا لە کاتی پاشاگەردانیدا بتوانن خۆیان تێهەڵقورتێنن." لەبەر کورتهێنانی زانیاری دەقاودەق، ئەو پێشبینیکرد، هەوڵی لەناوبردنەکە لە ماوەی "دوو مانگی داهاتوودا" بدرێ.[138] کەچی سەرۆکی دەزگەی سووسەکاری ئەمریکی هەڵە بوو. لە ٧ی تشرینی یەکەمدا، حیزبی بەعسی بۆ یەکەمین جار تەکانی بەرەو نێو سیاسەتی عێراق دا، ئەویش ئەو کاتەی دەستەی لەناوبردن، کە سەدام حوسێنی گەنجیشی تێدابوو، هەوڵیاندا قاسم بکوژن، تەقەیان لێکرد و بەر قۆڵی کەوت بەڵام نەکوژرا. بەمەش شەش هەفتە لەسەریەک قاسم کەوتە نەخۆشخانەوە.[139]

بە پێچەوانەی دەنگۆکانیشەوە[140]، پێکهاتەی بەڵگە بەردەستەکان ئاماژەیان بەوە نەدا، کە ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەستی لە هەوڵی لەناوبردنەکەدا هەبووبێ. سەرەتا، لێکدانەوەکانی کۆمیتە تایبەتییەکەی سەبارەت بە عێراق ڕوونیکردەوە، لەوانەیە بە پلەی یەکەم کۆمۆنیستەکان لە کردەی ژێربەژێر دژی قاسم سوودمەند بن. دووەم شتیش، هەر بە دوو ڕۆژ بەر لە هەوڵی لەناوبردنەکە، «ئالن دەلەس» پێشبینی ئەوەی کردبوو، هەوڵێکی کوشتنی قاسم لەوانەیە لە ماوەی "دوو مانگی داهاتوودا" نەوەک لە ماوەی هەفتەیەکدا بدرێ. سێهەمیان، کۆمیتەی تایبەت بە عێراق و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی تازە سیاسەتی دەستتێوەرنەدانیان لە کاروباری عێراقدا سەلماندبووەوە. چوارەم شتیش، کۆمیتەی تایبەت بە عێراق ئەو نیگەرانییانەی وروژاندبوون، کە لەوانەبوو لەناوبردنی قاسم ببێتە مایەی ئەوەی کۆمۆنیستەکان دەست بەسەر عێراقدا بگرن.[141] پێنجەمیشیان، لەوکاتەی سی ئای ئەی لە ئامادەکاری نەخشەیەکی لەناکاو بوو بۆ ئەو بارەی ئەگەر هاتوو کۆمۆنیستەکان دەسەڵات بۆخۆیان وەربگرن، پێشتر ئاماژەی بەوەدا بوو، کە شتی کەمی لەدەستدایە بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر قۆناغی دوای قاسم.[142] لە کۆتاییشدا، سی ئای ئەی لەو بڕوایەدا نەبوو، توخمەکانی سەر بە ناسر لە



هەواڵنامەی کتێب

توانایاندا هەبێ کودەتایەک بکەن، هەڵسەنگاندنەکەش دروست هاتەوە.[١٤٣] ئەمەش ئەو پرسیارانە دەوروژێنێ، تۆبڵێی بۆچی ئەمریکا لە پشت پیلانێک بێ کە پێدەچوو شکستبێنێ؟ ویڕای ئەمەش، کردە تایبەت و ئاشکراکانی ئیدارەی ئایزنهاوەر ئاماژەیان بە تێوەگلان لە کردەیەکی وەهادا نەدەکرد. لە١٠ی تشرینی یەکەمیشدا، ئایزنهاوەر "پەیامێکی دۆستانە"ی بۆ قاسم نارد، تێیدا خۆشحاڵی خۆی بە "ڕزگاربوونی لەو زیانە گەورەیەدا" دەربڕیبوو، هەروەها هیوای "چاکبوونەوەیەکی خێرا"شی بۆ خواستبوو.[١٤٤] کاتێکیش «جێرنیگان» بۆ ڕۆژی پاشتر لە نەخۆشخانەدا سەردانی قاسمی کرد، قاسم "هیچ ئاماژەیەکی وای دەرنەبڕی، کە بڕوابکرێ ئەمریکا لە هەوڵەکە تێوەگلابێ." لەوەش زیاتر، ئیدارەی ئایزنهاوەر هەنگاوی دیکەشی گرتەبەر بۆ ئەوەی ئوردن و ئێران لە هەنگاونانی هەر "کردەیەکی سەربازی" دژی عێراق ساردبکاتەوە.[١٤٥] ئیدی ئەم هەموو بەڵگانە بەسەریەکەوە ئەو پرسیارانە دەوروژێنن ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٩ دا لەپشت هەوڵی لەناوبردنی قاسمەوە بووبێ. هەر بەڕاستیش بەڵگەنامەی وەها هەن، کە بەر لەو هەوڵی لەناوبردنی دراوە، ئەمریکاش ئاگای لە چەندین هەوڵی پیلانگێڕیێ دژی قاسم هەبووە، بەڵام هێشتاش توند هەر دەستی بە سیاسەتی دەستوەرنەدانەوە گرتبوو.

لە ١٣ی تشرینی یەکەمدا، نوێنەری سی ئای ئەی لە نێو کۆمیتەی تایبەت بە عێراق، یاداشتێکی بۆ «جۆنز» ناردبوو، تێدا هێڵی بە ژێر نەخشەی لەناکاوی ئاژانسەکەی بۆ عێرقدا هێنابوو. سی ئای ئەی پێشبینی سیناریۆیەکی پڕکێشەی کردبوو. لە کاتێکدا قاسم "فشاری کۆنترۆڵکردنی چالاکیی کۆمۆنیستەکانی دەنواند،" لە ٢٠ ئەیلولیشدا کردەی لە سێدارەدانەکان "بووە مایەی درزێکی پڕنەکراوەی نێوان قاسم و توخمە ناسیونالیستەکانی نێو وڵات." لەوێدا "ئەگەرێکی بەهێز" هەبوو، کە ڕژێم دەست بە کپکردنەوەیەکی توند و بێبەزییانەی ناسیونالیستەکان بکا، ئەگەری ئەوەشی لێدەکەوێتەوە، کاردانەوەکە بۆ هەوڵێکی نەزۆکانەی دیکەی لادانی قاسم سەربکێشێ، سی ئای ئەی هەستیکرد لەوانەیە ئەم کارە دیسان بەرەو کۆمۆنیستەکانی بگەڕێنێتەوە. ئەگەر ئەمەش ڕوویدابا، سی ئای ئەی لەو باوەڕەدابوو ناسیونالیستەکان



هەواڵنامەی کتێب

هاواریان بۆ ناسر دەبرد تا یارمەتیان بدا. سی ئای ئەی دەیزانی توخمە ناسیونالیستەکانی نێو عێراق لەگەڵ ناسر لە پەیوەندیدان و ئەویش "لەژێر بارودۆخێکی دیارکراودا دەستوردان بەهەندهەڵدەگرێ." سەبارەت بە هەلومەرجی باری ناکاویش، سی ئای ئەی زۆر تەمومژاوی بوو: "لەوێدا کۆمەڵێک ئەگەر هەبوون، بەڵام زۆریان داخوازی بڕیارێکی سیاسی بە پەلەن... کە گۆڕین و بەیەکەوەبەستنەوەیان لەسەر یەک تاکە بنەمای ڕاستی وەستابوو، ئەویش لابردنی قاسم بوو."[١٤٦]

کاتێکیش کۆمیتەی تایبەت بە عێراق لە ٢٢ی تشرینی یەکەمدا کۆبووەوە، دیسان ناکۆک بوون. گرووپەکە بەدەر لە ڕۆیشتنی قاسم سێ سیناریۆی دەبینی: (١) قاسم بەندبێ بە پشتگیری کۆمۆنیستەکان؛ (٢) ئاشتبوونەوە لەگەڵ ناسیونالیستەکان؛ یان (٣) بەردەوامبوون لەسەر دژەهاوسەنگی هێزەکانی بەرهەڵستکار. لەکاتێک زۆرینەی ئەندامانی گرووپەکە هەستیانکرد، کە دوایین سیناریۆ پێشچاوترینیانە، کەچی کەمینەیەکیش هەستی کرد، دەکرێ قاسم جارێکی دیکە کۆمۆنیستەکان لەئامێزبگرێتەوە.[١٤٧] تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، دوابەدوای هەوڵی لەناوبردنەکە، ژمارەیەکی زۆر لە ناسیۆنالیستەکان گیران و بردرانە بەردەم دادگەی مەهداوی.[١٤٨] ئەمیش پێدەچوو سەلمێنەری ترسە هەرەزۆرەکەی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق بێ، بەوەی کۆمۆنیستەکان جارێکی دیکە لە پێگەیەکدا بن دەسەڵات بگرنەدەست.

سەرکوتکردنی ناسیونالستەکان لە لایەن ڕژێمەوە بووە مایەی نیگەرانی واشنتن، ئاخر هەر تەنیا دوو گرووپ مابوونەوە کە بیانتوانیبا پشتگیری ڕژێم بکەن یان بیڕوخێنن، ئەوانیش: سوپا و کۆمۆنیستەکان بوون. کاتێکیش قاسم لە ٢ی کانوونی یەکەمدا چاکبووەوە و لە نەخۆشخانە دەرچوو، کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانی شەش سەعاتی بەست، کە لە زۆر لە هەڵوێستەکانی پێشووتری هەڵگەڕایەوە. قاسم بە شێوەیەکی تایبەت لە خۆی هەڵگەڕایەوە و پەرێزپاکی کۆمۆنیستەکانی لەهەر لۆمەکردنێکی کوشتارگەی کەرکووکی چەند مانگێک پێشتر نیشاندا، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەڵگەنامەکان ئاماژەی باری پێچەوانەیان



هەواڵنامەی کتێب

دەدا. ئەمەش وای لە سی ئای ئەی کرد داوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق بکا، تا جارێکی دیکە بە ڕەوشەکەدا بچێتەوە. کاتێکیش گرووپەکە لە ٤ی کانوونی یەکەمدا کۆبووەوە، هێشتاش کۆدەنگییەکی ڕوون نەبوو ئاخۆ عێراق بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاودەنێ، بەڵام هەموویان بڕوایان وابوو دۆخەکە زۆر شەپرێو دەبێ. بە چاودێریکردنی ڕووداوەکانی بەغدا و لە کۆتاییدا وتارەکەی قاسم «جێرنیگان»ی هێنایەسەر ئەو بڕوایە، کە هەنووکە قاسم لەگەڵ کۆمۆنیستەکان چۆتە یەک بەرەوە. بەو ئاماژانەی کاتی خۆی «ماک ئارتیست» لە سەرەتای پەنجاکانەوە دابووی، هێشتا بە تەڕوتازەیی لە یادەوەری ئەندامانی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق دەزرنگایەوە، هەردوو لایان، چ نوێنەرانی سی ئای ئەی و چ ئەوانەی دەستەی ئەرکانی هاوبەش زەنگی مەترسی ئەوەیان لێدا، کە "لەدەستدان"ی عێراقی بۆ کۆمۆنیستەکان نەبێتە مایەی کۆتاییهێنان بە کارمانەی سیاسیانەیان. کاربەدەستانی دەوڵەت بەدگومان بوون لەوەی ئاخۆ عێراق تا چەند بەرەو ڕووی کۆمۆنیستەکان دەڕوا، ئەمەش لە کاتێکدادا بوو «مایەر» وەبیر هەمووانی هێناوەیەوە، کە قاسم "پیاوێکە دەکرێ هەر بەیانی هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ." ئەو ڕەوشە ناڕوون و نادڵنیایە هانی «جۆنز»ی دا، داوا لە نوێنەری سی ئای ئەی بکا، گەڵاڵەنامەیەکی نوێ سەبارەت بە ڕەوشەکە دابڕێژێتەوە.[١٤٩] کاتێکیش سی ئای ئەی لێکدانەوەی خۆی لە ١٥ی دیسیمبەردا دایە کاربەدەستان، دەرەنجامەکانی لێکدانەوەکەی بەرەو شرۆڤەکەی «مایەر»دا ڕۆیشت. "[ئێمە] بڕوامان وایە، قاسم لە هەوڵەکانی بۆ مانەوە لەسەر دەسەڵات بەردەوامدەبێ، ئەمەش بە پشتبەستن بە هێزی چەکدار لەکاتێکدا مانۆڕێکیش لەنێوان دەستە و هۆبە سیاسییە هەمەڕەنگەکان لەگەرمەدایە." لە هەمووشی گرنگتر، لەو کاتەی نەدەکرا حیساب لەسەر لەیەکنزیکبوونەوە لەگەڵ ناسیونالیستەکان یان کۆمۆنیستەکان بکرێ، ئاژانسەکە پێیوابوو تاکە هۆکاری مانەوەی قاسم بە پشتگیری سوپاوە بەندە.[١٥٠]

بە گوێرەی قسەی «وۆلف هەنیکەت» بێ، لە سەرەتای شوباتی ١٩٦٠ دا، دوو چالاکوانی سی ئای ئەی، «مایلس کۆپلاند» و «جێمس ئایکلبێرگەر» ڕاپۆرتێکی "پلە باڵای ئاگادارکردنەوە"یان لەسەر دۆخی "واقیعی کۆمۆنیزم لە عێراق"


هەواڵنامەی کتێب

نووسی. لە لێکدانەوەیەکاندا هۆشداری ئەوەیان دابوو، حیزبی شیوعی عێراقی "بە شێوەیەکی بەربڵاو دزەیان کردۆتە نێو هەم دامودەزگەی میری و هەم سوپاشەوە، بەڵام هێشتاش قەبارەی بەرفرەوانییەکەیان پێنەپێوراوە،" ئەمە و لە کاتێکدا ئەو نوارینە درێژخایەنەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەیان ڕەتکردەوە، کە پێیوابوو لە توانای قاسمدایە هاوسەنگی هێزە سیاسییەکانی ناو وڵاتەکە ڕابگرێ. بە پێچەوانەی بڕوای کۆمیتەی تایبەت بە عێراق سەبارەت بە چارەسەری کێشەی عێراق، «کۆپلاند» و «ئایکلبێرگەر» پێیان لەسەر بیرۆکەی پشتگیری ژێربەژێری هەوڵوتەقەلای ناسردا داگرت تا قاسم لەسەر تەخت لابدرێ.

> دیاربوو هیچ کەسێکی گرنگ لە عێراق لەو بڕوایەدا نەبوو، کە هیچ دەرفەتێک لە ڕێی جۆشدانی توخمە ناکۆمۆنیستەکان بۆ وەستاندنی کۆمۆنیستەکان هەبێ. دیاربوو هەموویان هەستیان وابوو، بژاردەی ڕاستی بەردەمیان ئەوەبوو، دەبێ لەگەڵ کۆمۆنیستەکان هەڵبکەن یان لە ڕێی دەستتێوەردانی دەرەکییەوە ئەوان ڕابماڵرێن.[١٥١]

یاداشتەکەی «کۆپلاند - ئایکلبێرگەر» زۆر سەرنجڕاکێش بوو، چونکە بە تەواوی پێچەوانەی بۆچوونی باوی کاتی خۆی بوو، ئەو بۆچوونەی لەنێو ئاستباڵاکانی کۆمەڵگەی هەواڵگری ئەمریکادا هەبوو. شایانی باسە لەو کاتەی هەردووکیان یاداشتەکەیان ئامادەکرد، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە عێراق لەگۆڕێدابوو.

لە بەهاری ١٩٦٠ دا قاسم زنجیرەیەک ڕێکاری گرتنەبەر، کە بووە مایەی ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو دەستی کۆمۆنیستەکان لە نێو عێراقدا کورتببێتەوە. هەر بۆ نموونە، لە کانوونی دووەمی ١٩٦٠ دا، قاسم لە دژی حیزبی شیوعی عێراقی جوڵا، ڕەتیکردەوە مۆڵەتی فەرمی بە حیزبەکە بدا تا وەک حیزبێکی سیاسی



هەواڵنامەی کتێب

کاربکا، لەبری ئەوەدا مۆڵەتی فەرمی بە حیزبێکی ویژینگی[14] حیزبی شیوعی دا، کە هیچ توانستێکی ڕێکخراوەیی لەخۆگرتنی ئەندامانی نەبوو.[١٥٢] کاربەدەستەکانی ئەمریکا لە بەغدا و واشنتن ئەم جووڵەیان بە پەرەسەندنێکی لەبار زانی. بەگوێرەی کۆنووسی کۆبوونەوەی ٢٤ی مارتی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق، سوپا دەسەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتدا چەسپاندووە و پێدەچێ جڵەوی تەواویان لەبەر دەستدا بێ؛ ژمارەیەکیش لە ئەفسەرە لایەنگرەکانی کۆمۆنیست لە ڕیزەکانی سوپادا دەرکراون؛ ڕێکارگەلێکیش گیراونەتەبەر تا متمانەی ئابووری بۆ وڵات بگەڕێنرێتەوە؛ هەروەها عێراق دەستی بە نیشاندانی ئەو حەزە کردووە، کە ڕێککەوتنی کلتووری و ئابووری لەگەڵ ئەمریکادا ببەستێ. ویڕای ئەمەش، لەبارەی ڕووی نەرێیشەوە، قاسم بەردەوامبوو لە پشتگیریکردنی مەهداوی. تەنانەت لەگەڵ ئەو دۆخەشدا، ئەم پەرەسەندنانە کۆمەکی ئەو سەلماندنانەی بۆچوونی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای کرد، کە "سیاسەتی دۆستایەتی، خۆتێهەڵنەقورتاندن و ئامادەبوون بۆ هەڵدانەوەی پەڕەی نوێ لە هەمبەر عێراقدا بگرێتەبەر، ئەگەر هاتوو داوای لێبکرێ".[١٥٣] «گرێی»یش ڕاپۆرتە هەواڵی خۆی بۆ هاندانی دۆخەکەی عێراق لە ٢٤ی مارتدا بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بەرزکردەوە.[١٥٤]

هۆکاری ئەو ئاراستەگۆڕینە لەپڕەی قاسم و دوورکەوتنەوە لە کۆمۆنیستەکان دەگەڕایەوە بۆ سەرهەڵدان و هاتنەپێشەوەی دوو ژەنەڕاڵی میانڕەوی وەک «ساڵح ئەلعوبەیدی»ی سوپاسالار و «نەجیب ئەلڕوبەیعی»ی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەروەری «مجلس السيادة» و سەرۆکی قانوونی وڵات، ئەو کەسەی کە لەکاتی بریندابوونی قاسمدا تا چاکبوونەوەی، کاروباری حوکمڕانی عێراقی هەڵسووڕاند.[١٥٥] لەو ماوەیەدا هەردوو سەرکردەکە گەیشتنە پلەیەکی باڵای بێ پێشینە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات بە شێوەیەکی سەربەخۆ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لێکدەرەوەکانی دەزگەی سی ئای ئەی لە ئایاری ١٩٦٠ەوە تێبینیانکرد، "قاسم هیچ هەنگاوێکی بۆ سزادانی [ئەو] دوو ژەنەڕاڵە نەنا، یاخود هیچ پاشگەزبوونەوەیەکی سەبارەت بە کردەوەکانی [ئەوان] نەنا، کە

[14] ویژینگ، وەهم


هەواڵنامەی کتێب

بێباکانە لە کاتی نەخۆشخانەمانەوەی قاسمدا کردبوویان، هەروەها دیاربوو ئەو ڕەزامەندبوو لەسەر ئەوەی، ڕێگە بە سوپا بدرێ ڕۆڵێکی هەرە بەهێز لە پشتەوەی ڕووداوەکانی سەر گۆڕەپانەکە ببینێ." ئەمەش بە نۆرەی خۆی ڕۆژانێکی بێ پێشینەی لە سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا هێنایە کایە، کە وای لە کاربەدەستانی ئەمریکا کرد، بگەنە ئەو دەرەنجامە، گوایە لە دواییدا سەختانگی عێراق کۆتایی هاتووە.[١٥٦] لە ئاماژەی ئەوەی کە سەختانگی عێراق خەریکە کۆتایی بێ، کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق لە هەمان ڕۆژدا بووە دوا کۆبوونەوەی خۆی. لەم ڕوانگەیەوە ڕاپۆرتەکەی کۆپلاند - ئیکلبێر لەچاو ئەوەی کە هەر بەڕاستی بارودۆخی ناوخۆی عێراق سەقامگیر ببوو شتێکی سەیری تێدابوو.

لە ماوەی مانگی نیسانیشدا، ئەمریکا بەردەوام ئاماژەی هاندەرانەی وای دەبینی، کە لە کۆتاییدا عێراق سەقامگیربووە. لە حەوتی نیسانیشدا، «چارلس کابێل»ی جێگری بەڕێوەبەری گشتی دەزگەی هەواڵگری ناوەندی، هەواڵی ئەوەی بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ڕاگەیاند، کە سوپای عێراق ژمارەیەک لە خۆنیشاندانی نارەزایی کۆمۆنیستەکانی دامرکاندۆتەوە و عێراقیش بە فەرمی حەز و ئارەزووی خۆی بۆ بەرنامەی پەرەسەندووی ڕۆژئاوایی نیشانداوە.[١٥٧] ئەمەش وای لە سی ئای ئەی کرد لە مانگی ئایاردا بە گەلاڵەنامەی تایبەتی هەواڵگری نیشتمانیدا بچێتەوە و بگاتە ئەو بەرەنجامە، کە لەو کاتەدا "پێناچێ ئەو کردە توندەی قاسم بۆ هەتا هەتایە درێژەبکێشێ"، کەواتە ئەو "ئارامییە ڕووکەشییە"ی لەعێراقدا هەیە ئەو پێشبینییە کورتخایەنییەی بەدرۆخستەوە کە پار سەبارەت بە ڕەوشەکە کرابوو". بەردەوامبوونی قاسم لەسەر پشتبەستنی بە سوپا، ئاماژەیەکی هاندەرانە بوو، هەروەها پێدەچوو "بەرپرسیاری سەرەکیش بێ لە سەقامگیرییە لەرزۆکەکەی لەئارادا هەبوو." وەک دەرەنجامەکەی سی ئای ئەی، دەکرێ ئەم دۆخە باڵکیش بێ، ئەوا لەم بارەدا پێناچێ هیچ ڕێووڕەسمێکی نامۆ لە ماوەی ئەو شەش مانگەی دادێ ڕوویدا. هەروەک ئاژانسەکەش لەسەر بەرەنجامەکەی خۆی ڕۆیشت، تاکە شتی نادڵنیایی بەردەوامبوون، ئەگەری کوشتن (لەناوبردن)ی قاسم بوو.[١٥٨] کاتێکیش سی ئای ئەی بە چەند مانگێکی


هەواڵنامەی کتێب

کەم لە دوای تەممووزدا ڕەوشەکەی هەڵسەنگاندەوە، گەیشتبووە هەر هەمان ئەنجام.[158] بە کورتی بە هاتنی هاوینی ١٩٦٠، دەزگەی هەواڵگریی ئەمریکا گەیشتبووە ئەو ئاکامە، سەختانگی کۆمۆنیستەکان کە دوابەدوای شۆڕشەکە لەعێراق ببووە گەردەلوولێک، ئیدی لە کۆتاییدا تێپەڕی.[160]

لێرەوە و لەو خاڵەدا، ئیدارەی ئایزنهاوەر ڕووی خۆی وەرسووڕاندەوە سەر ئامادەکاری بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات بۆ ئیدارەی «جۆن ئێف کەنەدی»، کە لە کێبڕکێی سەرۆکایەتی لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠دا بۆڕی بە «ریچارد نیکسن» دا. وەک بەشێکیش لە ڕێرەوەی گواستنەوەی دەسەڵات، بۆردی هاوکاری ئۆپەراسیۆنەکان (OCB) لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمدا نەخشەیەکی سەبارەت بە ناوچەکە و عێراق بۆ ئیدارە نوێکە کێشا. بە شێوەیەکی هەرێمی، نەخشەکە ڕەنگدانەوەیەکی سیاسەتی نەریتییانەی ئیدارەکەی ئایزنهاوەر بوو، ئەویش ڕەتکردنەوەی دزەکردنی سۆڤیەت بوو بۆ ناوچەکە و ئاسایشڕاگرتنی ناوچەکە بوو بۆ ئەوەی ڕۆژئاواییەکان دەستیان بە نەوتی هەرزانی هەرێمەکە ڕابگا. هەرچی دەربارەی عێراقیش بوو، بۆردی هاوکاری ئۆپەراسیۆنەکان ئەو ڕاسپاردەیەی دایە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا، کە "لەسەر هەوڵ و تەقەلای شێلگیرانەی خۆیان لە پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ حکوومەتی عێراقدا بەردەوامبن." دوای ئەوەش، پێدەچوو عێراق سەقامگیر ببێ، بۆیە بۆردەکە بڕوای وابوو، دەکرێ گومانەکانی عێراق سەبارەت بە نیازەکانی ئەمریکا "بەردەوام کەمبکرێنەوە" و ئیدارە نوێیەکە هەوڵی پێشخستنی پەیوەندییەکانی فەرمی و نافەرمییەکان لەگەڵ ڕژێمی عێراق و تاکە دەسەڵاتدارەکان و کەسە سیاسییە گرنگەکانی بدا." سێیەم، ئەگەر عێراق هەر شێوە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکادا بخوازێ، ئەوا ڕاسپاردەی بۆردی هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنەکان ئەوە بوو؛ "هەرچەندە شتەکەش بەندبێ بە دۆخە باوەکە، بەڵام دەبێ بە چاوێکی خێرا و دۆستانە داخوازییەکە بەهەندهەڵبگیرێ." خاڵی چوارەم، لەوکاتەی کە متمانکردنەوەی عێراق بە ئەمریکا خاڵێکی چارەنووسازانە بوو، ڕاسپاردەی بۆردەکە ئەوە بوو، دەزگەی زانیاری وڵاتە یەکگرتووەکان (USIS) لەسەر ئاستی کەسەکییەوە تەونی پەیوەندییەکان ڕابچێنێ و پەرەش بە پەیوەندییە


هەواڵنامەی کتێب

کلتوورییەکان، بە بەرنامەی زمان و ئاڵوگۆڕییەکان بدا، ئەمەش بە شێوەیەکی "نهێنی و ناخۆهەڵکێشانە" بێ. لە کۆتاییشدا، خۆ ئەگەر پێکهاتەی دەسەڵاتی ناوەوەی وڵات بە شێوەیەک بوو ڕژێمەکەی بەرەو ڕۆژئاوا بادایەوە، "ئەوا ئەمریکا دەبێ خۆی بۆ هەنگاوێکی وەها ئامادەکردبێ و پشتگیری هەر دەرفەتێک بکا، ئەم ڕەوتە لە ناوچەکەدا بەهێزبکا."[١٦١] بە بوونی ڕێنماییینامەی گواستنەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراقدا، ئیدارەی ئایزنهاوەر متمانەی هەبوو ئیدارەی نوێ لەسەر ڕاستە ڕێگەدا دەبێ.

## ئەنجام

سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشەکەی عێراق، لەسەر دوو ئامانج ڕۆنرابوو: (١) ڕەتکردنەوەی هەژموونی سۆڤیەت و (٢) مانەوەی باری دەستگەیشتن بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوکات ئەمریکا ناسیونالیزمی عەرەبی وەک هێزێکی ئایدیۆلۆژی دەبینی، کە ئەگەر هاتوو بقۆزرێتەوە، ئەوا دەکرا خزمەتی هەردوو مەبەستەکە بکا. کودەتاکەی عێراق دارِسانە بەردەوامی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای لەسەر یەک کەڵەلەکرد، ناچاریکرد دەستبخاتە ناو کاروباری لوبنان و پشتگیری دەستوەردانی ئۆپەراسیۆنی سوپای بەریتانیاش لە ئوردن بکا تا پاڵپشتی باقی هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا لەوێ بکا. هەرچەندە ئەمریکا لە دەستوەردانی عێراق وەستا، چونکە لەوە نیگەران بوو نەبادا کردەیەکی سەربازیانە ببێتە ئاگری بن کایەی شەڕی ناوخۆ و ڕژێمی عێراقیش بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت ببا. بۆیە ئەمریکا لە ١٩٥٨ دا دانی بەڕژێمە نوێیەکەدا نا و هەنگاوی سیاسەتی گەڕان بە دوای پەیوەندییەکی دۆستانەی هەڵهێنا، بێدەنگیش بوو لەسەر کشانەوەی عێراق لە پەیمانی بەغدا، فرۆشتنی قەبارەیەکی کەمیش لەچەکوتفاقی بەهەندهەڵگرت و هانی توخمگەلی دۆستی لەنێو وڵاتەکەش دا. بەکورتی کاتێکیش ناسیونالستەکان تا ئەوکاتەی لەسەر دەسەڵات بوون، ئیدارەی ئایزنهاوەر توانیبووی ڕژێمی قاسم پەسەند بکا. ململانێی دەسەڵاتیش کە لە پایزی ١٩٥٨ دا سەریهەڵدا، دنەی قاسم و



هەواڵنامەی کتێب

هاوپەیمانە کۆمۆنیستەکانی دا، دژی عەرەبە ناسیونالیستە هەوادارەکانی ناسر بوەستنەوە، ئەوسا نیگەرانی لە نێو کاربەدەستانی ئەمریکادا پەیدابوو، نەبادا سۆڤیەت ئەم دۆخە بقۆزێتەوە و بەسەر سیاسەتی قەڵغانی لەخۆگرتنی ئەمریکا بازبدا و لەیەک کاتیشدا لە سێ ناوچەی دەروازەییدا بوونی خۆی بسەلمێنێ، ئەوانیش: وڵاتی شام، کەنداو و ئۆقیانووسی هیندی بوون. بنەمای نیگەرانییەکانیش گەڕانەوەی ناسیونالیستی کوردی سەربەگۆبەند «مەلا مستەفا بارزانی» لە تاراوگەی یەکێتیی سۆڤیەتەوە؛ دامەزراندنی پەیوەندی دابینکردنی چەکی ڕووسی بۆ عێراق و پشتبەستنی زیاتری قاسم بە پشتگیری کۆمۆنیستەکان بۆ لێدان لە ناسیونالیستەکان. لەکاتێکدا دوو هۆکاری سەروو مایەی نیگەرانی بوون، کەچی پێدەچوو ئەمریکا لە قووڵایی پەیوەندی حیزبی شیوعی عێراقی بە مۆسکۆ زێدەڕەوی کردبێ. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، سەبارەت بەم خاڵە و لە جەنگی سارددا سۆڤیەت مۆدێلێکی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا لە کۆتایی چلەکان و تەواوی پەنجاکانیشدا دامەزراندبوو، بەوەی کارایی خۆجێیی لە ڕێی گرووپە کۆمۆنیستە جۆجێییەکان نیشاندا، مانۆڕ و ڕووداوی لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی دروستکردن. هەر لەبەر ئەوەش نیگەرانییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە حیزبی شیوعی عێراقی بۆ نزیکبوونەوە لە دەسەڵات ڕەوابوو. هەرچەندە دواتر دەرکەوت حیزبی شیوعی لەبن باندۆری مۆسکۆ بوو، بەڵام وەهاش نەبوو کە کۆنترۆڵکرابێ.

ترسی ئیدارەی ئایزنهاوەر لە سنووربەزاندنی سۆڤیەت لە عێراق وای لێکرد کارکردن لە گەڵ ناسر بۆ دەستورەدان لەکاروباری عێراق لە پێناوی دوورخستنەوەی کۆمۆنیستەکان لەوەی جڵەوی عێراق بگرنەدەست، بەهەندبگرێ. ئەوەش ڕوونە کە حکومەتی ئەمریکا لەم پرسەدا دابەشببوو. لە سەرێکەوە، ئایزنهاوەر بە ڕوونی پێیخۆشبوو کار لەگەڵ ناسردا بکا، لەسەرێکی دیکەشەوە، ڕاوێژی «فۆستەر دەلەس» خۆپارێزی بوو، بەڵگەوبەندەکەشی ئەوەبوو، کە ئەمریکا بایی ئەوەندە زانیاریی دەربارەی کاروباری عێراقەوە نییە


هەواڵنامەی کتێب

تا متمانە بە بێگانەیەک بکا – لەوەش هەر گەڕێ کە سەرکردەیەکی کەمۆ[15]ی وەک ناسر بێ - لەگەڵ وردەکاری سیاسەتی ئەمریکادا بێتەوە. لە کۆتاییشدا، بایی ئەوەندە بەڵگە بۆ بەرەنجامەکە هەن، کە ئیدارەی ئایزنهاوەر لە هەندێ لە کردەوەکانی لە دژی عێراق لەگەڵ میسردا هاوکار بووە، بەتایبەتیش لە بواری پڕوپاگەندە و خۆجڵەوگیرییەکی وریایانە. وێڕای ئەوەش هیچ بەڵگەنامەیەک لەبەردەستدا نییە، ڕاستەخۆ ئەمریکا بە هەوڵ و تەقەلا ژێربەژێرە زۆروزەوەندەکانی ناسر بۆ لەسەر تەختلادانی قاسمی بەستبێتەوە، هەرچەندە بەڵگەی ئەوەش هەن، کە سی ئای ئەی یارمەتی ئوردنی لەو بوارە دابێ، هەروەها پشتی دزەپێکردنی عێراقییەکانی ڕیزی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی گرتبێ، کە بۆ وڵاتەکەیان بگەڕێنەوە.

کێشەیەکی دیکە ئەوە بوو، بەدەنگەوەچوونی ئەمریکا بۆ سەختانگی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو لە هی هاوپەیمانە هەرەنزیکەکانی، هەر یەک لە بەریتانیا و ئیسرائیل زۆر جیاوازبوو. ڕوون و ئاشکراشە ئەمەش لێکەوتەیەکی لاوەکی هەم بۆ ڕوانین هەم بۆ بەرژەوەندییەکانیش هەبوو. ئاشکرابوو وڵاتە یەکگرتووەکان لە چاوی هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ شەڕی سارد لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا بەدەم سەختانگەکەوە چوو، لەکاتێکدا هەر یەک لە بەریتانیا و ئیسرائیل ڕووداوەکانیان لە چاوی ڕکابەرە هەرێمیەکەییان دەبینی کە میسر بوو، دیاریشبوو هێشتا تووڕەیی سەختانگی سوێسیان نەنیشتبووەوە و حەزیشیان لێبوو چاودێربن بەسەر فرەوانبوونی دەسەڵاتی ناسر لە هەرێمەکەدا. لەبەر ئەوەی هەردوولایان لە پشیپشیکردنی ئەمریکا بۆ ناسر ناقایل بوون، بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئیدارەی ئایزنهاوەر هەوڵیدا هەڵوێستی هەردوولایان وردەکاری لێکدانەوە ناوەخۆییەکانی خۆیدا داببڕێ. ئەمەش ڕاشەکاوانە لەگەڵ بەڵگەوبەندی «بلاکوێل» ناکۆک بوو، کە لەو ماوەیەدا بەریتانیا و ئەمریکا "ڕامانی هاوبەشیان" سەبارەت بە هەڕەشەی کۆمۆنیست لەسەر عێراق هەبووە.[١٦٢]

---

[15] کەمۆ: واتە مەعلان و فێڵباز و زیرەک لەیەک کاتدا. ئەم وشەیەم لەبەرانبەر crafty leader بەکارهێناوە.



هەواڵنامەی کتێب

ترسی ئیدارەی ئایزنهاوەر لە کۆمۆنیزمی عێراق لە بەهاری ١٩٥٩ەوە دوای سەرکوتکردنی ناسیونالیستەکانی لە ڕاپەرینەکەی موسل سەریهەڵدا. ئیدارەی ئایزنهاوەر سەبارەت بە کاردانەوەکە دابەشببوو. هەروەک پێشتر، ئایزنهاوەر مەیلی لێبوو لەگەڵ ناسردا کاربکا، بەڵام «ئالن دەلەس» دڵنیانەبوو ئاخۆ ئەم کارە بەرهەمی دەبێ یان نا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەش لەوە نیگەرانبوو نەبادا کردەکانی ناسر زیاتر پاڵ بە قاسمەوە بنێن تا بەرەو باوەشی سۆڤیەت هەنگاوبنێ. ئەم دڵنیانەبوونە بووە مایەی ئەوەی، ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق پێکبهێنێ تا بژارەکانی بەردەم ئەمریکا هەڵبسەنگێنێ و ڕێگریش بێ لەبەردەم زاڵبوونی کۆمۆنیستەکان لە عێراق. هەرچەندە ئەوەش ڕوون بوو، کە کۆمیتە تایبەتەکەش هەروەک ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لەسەر پرسەکە یەکانگیرنەبوو، چونکە وەزارەتی کاروباری دەرەوە زیاتر خۆنزیککردنەوەیەکی خۆپارێزانەی بە باشتر دادەنا، هەرچی دەزگەی سی ئای ئەی و دەستەی ئەرکانی هاوبەشیش بوو خوازیاری کردەیەکی زەبروەشێن بوون. تەنانەت لەو بارەشدا کۆمیتەی تایبەت بە عێراق ڕاسپاردەی کۆمەڵە بژارەیەکی بەرفرەوان بوو، کە کردەی ژێربەژێر و کردەی سەربازیشی لەخۆگرتبوو، ئەمەش بووە مایەی تۆقانی «جۆن جێرنیگان»ی باڵوێزی ئەمریکا لە بەغدا. لە کۆتاییشدا باڵوێزەکە بڕوای بە ئیدارەکە هێنا، فشار لەسەر ناسر بکرێ تا ئاڕاستەی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی سەر عێراق لە قاسمەوە بگۆڕێتە سەر کۆمۆنیستەکان و لەهەمان کاتیشدا بەردەوامبن لە سەر دانانی نەخشەیەکی لەناکاو نەوەک کۆمۆنیستەکان بیانەوێ دەسەڵاتی عێراق بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئەو ئاڕاستە خۆپارێزییەش نەوەک هەر بردییەوە بەڵکو لە ماوەی درێژخایەنیشدا سەرکەوتنی خۆی سەلماند، بەتایبەتیش دوای ئەوەی حیزبی شیوعی عێراق لە مانگی تەممووزدا بەشداری هەوڵێکی کودەتا و کوشتارگەی خوێناوی کەرکووک بوو، ئینجا قاسم لە دژیان جوڵا. دیاربوو بە چاودێریکردنی گەف و هەڕەشەی کۆمۆنیستەکان لە١٩٦٠ دا، عێراق لەو ماوەیەدا سەقامگیرییەکی ڕێژەییانەی بەخۆیەوە بینی، ئەمیش وای لە کاربەدەستانی ئەمریکا کرد، بگەنە ئەو ئەنجامە کە سەختانگەکە بەسەر چووە.



هەواڵنامەی کتێب

لەو بەڵگانەی لێرەدا خراونەتەڕوو، ڕوونە کە بڕیار و کردەکانی ئەمریکا لە ماوەی نێوان ١٩٥٨ – ١٩٦٠ دا لەسەر بنەمای ڕامانیان سەبارەت بە دەستڕۆیشتنی یەکێتیی سۆڤیەت لە نێو عێراقدا ڕۆنرابوو.[١٦٣] کاتێکیش دووبارە هەژموونی سۆڤیەت بەسەر ڕژێمی قاسم دەرکەوتەوە، ئەمریکا وەک چۆن ستراتیژی لەخۆگرتن سەپاندی، هەنگاوی ڕۆشنی بۆ ڕووبەڕووبوونە نا. لە کۆتایی ١٩٥٨ەوە، بە ڕوونی واشنتن بەغدای بە بەشێک لە کێبڕکێی جەنگی سارد لەگەڵ مۆسکۆدا بینی، بۆیە بڕیاری یەکلاکەرەوەی دابوو، کە ڕێگربێ لەهەر پێشوەچوونێکی دیکەی سۆڤیەت. ئەم هەنگاوانە، کە مەبەست لێی گۆڕانکاری سیاسی ئاسۆی عێراق بوو، نەخاسمە لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگی سارددا، وایکرد زلهێزێک خۆی تێهەڵبقورتێنێ. هەروەها پرسەکە ئەوەشی نیشاندا، کە بەریتانیا و ئەمریکا "ڕامانی هاوبەشیان" سەبارەت بە هەڕەشەکانی کۆمۆنیست نەبوو، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی بگوترێ ئەمریکا لە هەوڵی بەعسییەکان بۆ لەناوبردنی قاسم لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ تێوەگلابوو، کەچی بە بەڵگەی سەرەکی پشتڕاست ناکرێتەوە.[١٦٤]



هەواڵنامەی کتێب

**بەندی: ٢**

**کەنەدی و ڕژێمی قاسم:**

**کانوونی دووەمی ١٩٦١ - شوباتی ١٩٦٣**

ئیدارەی کەنەدی لەو ماوەیەدا دەسەڵاتیان گرتەدەست، کە بە دەستەواژەی هەر یەک لە سیاسەتوانەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت قۆناغێکی گەورەی گواستنەوە بوو بۆ جەنگی سارد، بەتایبەتیش لە جیهانی سێدا. کاتێک کەنەدی هاتە سەرتەختی دەسەڵات، لەگەڵ خۆیدا دەستەیەکی لە سیاسەتدارڕێژەرە دەرەکییەکان هێنا، ئەوانەی جەختیان لەسەر پێگە و بایەخی ئەکادیمیایی کردەوە. یەکێک لەوان، بە دانانی مامۆستایەکی ناوداری ئابووری «والت ڕۆستۆ» دەستپێکرد، کەنەدی ئەوی کردە جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی دواتریش کردیە سەرۆکی ئەنجوومەنی پلانی سیاسەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوە. ساڵی پێشتر «ڕۆستۆ»، کەنەدی بە کتێبەکەی خۆی سەرسامکردبوو، کتیبەکەش بە ناوی قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئابووری: مانفیستۆیەکی غەیرەکۆمۆنیستی ( The Manifesto Stages of Economic Growth: A Non - Communist)، تێیدا مۆدێلێکی تیۆری بۆ پەرەسەندن پێشکەشکردبوو، کە هەنووکە بە تیۆری نوێکردنەوە ناسراوە.[1] هەروەک «وێستاد»یش ئاماژەی پێکردووە، ئەم تیۆرییە لەسەر ئەوەبوو، کە بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم لە جیهانی سێدا دەبێ تیشک بخرێتە سەر چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکان، وەک برسییەتی و پشێوی کۆمەڵایەتی، باشترکردنی باری خوێندن و فێربوون و بایەخی لەشساغی، لەگەڵ برەودان بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و دیمۆکراسی، تا ئەوە نیشانبدرێ، کە "دەستوەردانی پەرەپێدان جێگەی دەستوەردانی سەربازییانە بگرێتەوە."[2] بیرۆکەی چەقی بازنە ئەوەبوو، پێداگیری لەسەر پشتگیری پەرەپێدانی ئابووری، ئەوسا ئەگەر سوودمەندەکان چ هاوپەیمانی ئەمریکا بن یان نا، دەبێ باشترین



هەواڵنامەی کتێب

شێوازی سەقامگیری ناوچەکە و باشترین بەرگری بن دژی گەف و هەڕەشەی سۆڤیەت.[٣]

لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی کەنەدی لە بەرانبەر عێراقدا و لەماوەی دوو ساڵی یەکەمیدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەمریکا دەستپێشخەری کردووە تا داوای مۆدێلی پەرەپێدانی«ڕۆستۆ» بۆ ڕەوشی عیراق بکا، تێدەکۆشا برەو سیاسەتگەلێک پێبدا، لەجیاتی کردەی ڕاشەکاوی نەیارانە ببێتە مایەی باشکردنی پەیوەندییەکان. هەرچەندە دەبوایە لە کۆتاییدا دەست لەو سیاسەتە هەڵبگیرێ، ئەمەش لە کاردانەوە لە هەمبەر زێدەتربوونی سەختانگی ناسەقامگیری لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ - ١٩٦٢ و بەتایبەتیش دوای ڕووخاندنی ڕژێمی «عەبدولکەریم قاسم» لە شوباتی ١٩٦٣ دا، ئەو کردەیەی دیسان عێراقی کردەوە بە گۆڕەپانی جەنگی سارد.

## جەنگی ساردی جیهانی

ڕێک لەسەروبەندی ئەو کاتەی کەنەدی هاتە سەر دەسەڵات، سیاسەتی یەکێتیی سۆڤیەتیش دەرهەق جیهانی سێ گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. بەگوێرەی «گۆلان» بێ، بەر لە مەرگی ستالین لە ١٩٥٣دا، سیاسەتی سۆڤیەت لە بەرانبەر جیهانی سێدا لەسەر جووت جەمسەری - بۆ ئێمە یان دژی ئێمە - ڕۆنرابوو، هەروەها سیاسەتەکەیان وەها داڕشتبوو، کە هێزی ڕۆژئاوا نەخاسمە بەریتانیا لاوازبکەن و "ڕوانینیشیان بۆ جیهان بەشێوەیەک دانابوو، کە زەمینەیەکی حەتمی جەنگە لە نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی سەردەمی جەنگ." هەرچەندە لەگەڵ مردنی ستالین و هاتنەسەردەسەڵاتی «نیکیتا خرۆشۆف»، یەکێتیی سۆڤیەت ڕووبەڕووبوونەوەکەی هەڵسەنگاندەوە و تاکتیکەکانی ستالینی بۆ ئەوەی بەسیاسەتی "بەیەکەوە ژیانی ئاشتییانە" ناسراوبوو، بەلاوەنا؛ لەکاتێکدا ململانێ لەسەر هەبوونی کێبڕکێی جیۆسیاسی



هەواڵنامەی کتێب

لەنێوان ڕۆژئاوای سەرمایەداری و ڕۆژهەڵاتی سۆشیالیستیدا نەبوو، ئەو بڕوای بەوە بوو، کە ناکۆکیی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەبێ "کەمتر وروژێنەر، کەمتر بیروباوەڕیانە و زۆرتر پراگماتیانە بێ." حکوومەتی سۆڤیەت بە نۆرەی خۆی، خەریکبوو بێلایەنی و دوورەپەرێزی لە جەنگیی ساردا وەک ڕەتکردنەوەی ڕۆژئاوا ببینێ، هەر بۆیە وەک لێکەوتەیەکیش بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ بەوە شکانەوە، کە ململانێی لەگەڵ واشنتن بگەیەنێتە خاڵی سفر.[٤] بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، لە سەرەتای شەستەکانەوە، سۆڤیەت هەڵمەتێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانییانەی لە نێو جیهانی سێدا دەستپێکرد و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەو هەڵمەتەدا هەڵاوێرد نەکرا. ئەمەش بە دەوری خۆی، سەرکێشبوو بۆ زنجیرەیەک دەستوردانی زلهێز لە عێراق کە بارودۆخی وڵاتەکەی ناسەقامگیرکرد و کردییە مەیدانی جەنگی سارد.

ئەو وەرچەرخانەی لە سیاسەتی سۆڤیەتدا ڕوویدا، دیاربوو لە کۆتایی ١٩٦٠ دا بوو (کەمێک بەر لەوەی کەنەدی دەسەڵات بگرێتەدەست)، ئەو کاتەی «خرۆشۆف» لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دوانێکی دا، لەوێدا سەرهێڵی پشتگیری خۆی بۆ بزووتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازەکانی جیهانی سێ دەربڕی. «خرۆشف» شێلگیرانە باسی ئەوەی کرد، کە کۆلۆنیالیزم ڕاستەوخۆ پەرەسەندنی پیشەسازی لە جیهانی سێدا پووکاندووەتەوە و ئەم جووڵانەوەیەش لێکەوتەی لاوەکی ئەو بەلاڕێدابردنەی ئابووری جیهانی بوون، کە بووە مایەی سوودمەندبوونی دەسەڵاتی هێزی پیشەسازی، هەڵبەتە ئەمەش لەسەر حیسابی جیهانی سێی دواکەوتوو بوو.[٥] ئینجا یەکێتیی سۆڤیەت بڕیارێکی پێشکەش کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد، کە یەکسەر بانگی سەربەخۆیی دەستبەجێی هەموو وڵاتە کۆلۆنیکراوەکان بوو، بڕیارەکەش لە دیسامبەری ١٩٦٠ دا تێپەڕێنرا.[٦] هەر چەند هەفتەیەکی کەمیش دوای ئەوە، لە کانوونی دووەمی ١٩٦١ دا «خرۆشۆف» لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی خۆیدا لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتدا بۆچوونەکەی خۆی وردکردەوە. مشتومڕی لەسەر ئەوە کرد، پشتگیری جەنگەکانی ڕزگاری نیشتمانیی لە بەرژەوەندی یەکێتیی سۆڤیەتدا بوو، نموونەی بە ڤێتنام، جەزائیر و کوبا هێنایەوە، کە



هەواڵنامەی کتێب

نموونەی سەرەکیین و دەبوایە کۆمەکیان بکرابایە.٧ ویڕای مەیلی خرۆشۆف بۆ سیاسەتی بەیەکەوەژیانی ئاشتییانە، ئەو وەرچەرخانەی سیاسەتی سۆڤیەت بۆ پاڵپشتکردنی بزووتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازەکان بووە مایەی چوونەپێشەوەی قۆناغێکی زیاتر لە کێشە و ناکۆکی لەگەڵ ئەمریکا. ئەم ململانێیە لەگەڵ سەختانگی مووشەکەکانی کوبا لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ دا گەیشتە ئەوپەڕی هەڕەتی خۆی، ئەمەش وایکرد جیهان بگەیەنێتە سەر لێواری جەنگێکی ناوەکی کاولکەر، تا ئەوکاتەی لە دواییدا سەرە زلەکان هێوربوونەوە.

لەو بەرڕەوتەدا[16] سیاسەتی ئیدارەی کەنەدەی دەربارەی عێراق لە نیوەی دووەمی ڕژێمی قاسمدا دەبوایە جێگەی خۆی بگرتبایە. ئەوەی ڕوونبوو، ئەوەبوو سیاسەتەکانی کەنەدی لە بەرانبەر عێراقدا لێکەوتەیەکی لاوەکی هەردوو دۆخەکە بوو، واتە سیاسەتی وەرچەرخاوی ئەمریکا سەبارەت بە تیۆری نوێکردنەوە و پێویستی داڕسانی خولیا نوێکەی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ پشتگیریکردنی بزووتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازەکان. وەک لێکدەرەوەکانی وەزارەتی کاروباری دەروەوە تێبینیان کردبوو، ئیدارەی کەنەدی "هیوای وابوو، بە ڕۆڵبینینی سەرەکی [لە ناوچەکەدا]، بە شێوەیەکی قەبەش لەبارەی کۆمەکی ئابوورییەوە، ئەوا [ولاتە یەکگرتووەکان] تواناداربوو بەرپەچی هەژموونی سۆڤیەت بداتەوە و دۆستایەتی ولاتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە بەرانبەر [ولاتە یەکگرتووەکان] ڕابگرێ یان بەلای کەمییەوە بێلایەنیان بکا".٨

ویڕای ئەو ماوە کەمەی سەقامگیری لە ١٩٦٠ دا بەسەر عێراقدا باڵکێش بوو، لە ١٩٦١ - ٦٢دا عێراق تووشی زنجیرەک سەختانگی گەورۆنە ببووەوە، کە لە کۆتاییدا گەیشتە ئەوپەڕی هەڕەتی خۆی و لە شوباتی ١٩٦٣ دا قاسم لە لایەن بەعسییەکانەوە لەسەر تەخت لادرا. هەرچەندە بە پشکنینی تۆمارە بەردەستەکان ئەوە دەردەخەن، کە بە شێوەیەکی جیاواز لە مەیدانە کاتییەکانی جەنگی سارددا - وەک بەرلین، ڤێتنام، یان کوبا - و لە ماوەی نێوان ١٩٦١ - ١٩٦٢ دا ،

---

[16] بەرڕەوت: بەردەق، سیاق، کۆنتێکست.



هەواڵنامەی کتێب

ئیدارەی کەنەدی لە دەستپێشخەرییەکانی خۆیدا عێراقی وەک کێبڕکێیەکی بەرچاوی جەنگی سارد نەبینیبوو. ئەمەش بووە مایەی دەرکردنی چەند بڕیارێکی نەزۆک، وەک هەڵوەشاندنەوەی ناوەختەی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق، شکستهێنان لە دۆزینەوەی سەرچاوەی ڕاستودروست بۆ چوونەپێش لە ڕەوشەکە و کەمکردنەوە لە بایەخی زنجیرەیەک ئاماژە، کە نیشانەبوون بۆ ئەوەی بە کردەوە ڕەوتی قاسم بەرەو ئەوە دەڕوا، هەڕەشەیەکی گەورەبێ لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە هەرێمەکەدا. هەر لەبەرئەوە هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق کوشندەترین هەڵەی بڕیاردانیان بوو ئەوجا سێ سەختانگ لە ١٩٦١ دا بەدوای یەکداهاتن - سەختانگی کوێت لە حوزەیران، هەڵگیرسانی شەڕی کورد لە ئەیلوول و لێستاندنەوەی گرێبەستی خاوەندارێتی زێدەماف (ئیمتیازات)ی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کانوونی یەکەم، ئینجا عێراق تاکلانەیە لە حوزەیرانی ١٩٦٢ دا پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بڕی، ئەمەش بەر لەوەی کاربەدەستە پلەباڵاکانی ئیدارەی کەنەدی پەی بەوەببەن، کە عێراق پێویستی بە بایەخ و سەرنجی زیاتر هەبوو لەوەی پێیدرا. لەم خاڵەشیاندا کۆشکی سپی هۆشدارینامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بە شێوەیەک پەسەندکرد، کە کاریگەرییەکەی بۆ دواوەش بگەڕێتەوە و کۆمەڵە کاردانەوەیەکی توندی نواند، هەردوو باری گوشاری دیپلۆماتی و کردەی ژێربەژێری گرتەوە. ئەم دەستوەردانەشیان زیاتر عێراقی شلۆقکرد و لە کۆتاییشدا ڕێگەی بۆ ڕووخانی قاسم خۆشکرد.

**سێ سەختانگەکە**

لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦١ دا، «فیلیپ هالا»ی ئەندامی دەستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، کە لە سکرتاریەتی کۆمیتەی تایبەت بە عێراقیش بوو، یاداشتێکی بۆ «جێمس لایی»ی سکرتێری جێبەجێکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی نارد، تێیدا پوختەی ئەو مقۆمقۆیەی


هەواڵنامەی کتێب

خستبووەڕوو، ئاخۆ کۆمیتەی تایبەت بە عێراق هەڵبوەشێتەوە یاخود هەڵنەوەشێتەوە. بەڵگەوبەندی کردنەوەی گرێکوێرەکە ئەوە بوو، لە مارتی ١٩٦٠ـەوە کۆمیتەکە کۆنەبووەتەوە، ئاخر دیاربوو عێراق سەقامگیرببوو، هەڕەشەی کۆمۆنیستیش هەروەک کوبا، لاوس یان ڤێتنام هەڕەشەیەکی نزیک نەبوو، هەر لەبەرئەوەش هیچ پێویست بە کۆمیتەیەکی تایبەتی وەها نەمابوو. وێڕای ئەمەش ئەندامە سەرەکییەکانی کۆمیتەکە ڕوانینی تێکەڵەیان هەبوو. لەکاتێکدا وەزارەتی بەرگری بیرۆکەیەکی لێبڕاوانەی نەبوو، کەچی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و دەزگەی سی ئای ئەی پێیان باشبوو کۆمیتەکە لەسەر کاروبارەکانی بەردەوام بێ، چونکە ڕێگەیان بە کاربەدەستەکانیان دابوو چاودێری ڕوداوە ئاڵۆزەکانی وڵاتەکە بکەن. هۆکارێکی دیکەش بۆ درێژەپێدانی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق ئەوەبوو، بە گوێرەی یەکێک لە کاربەدەستەکانی سی ئای ئەی، ئەوەی ڕوونکردەوە، بە بوونی کۆمیتەکە سەکۆیەک هەبوو بۆ پێشکەشکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەکان و دەرفەتی پەسەندکردنیشی زیاتر بوو لەوەی هەر بە تەنیا قسە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە بکرێ. لەوەش زیاتر، بە هۆی ناسەقامگیری بەردەوامی عێراق، سی ئای ئەی هەستیکرد، گرنگ ئەوەیە میکانیزمێکی هاوکاری ئاژانسەکان هەبێ لەوەی لە پڕێکەوە بەدەم ڕووداوی سەختانگێکی نۆژەنبووەوە بچن. لە کۆتاییشدا، هەر لەبەر ئەوەی هەڕەشەی کۆمۆنیست دامرکابووەوە، سی ئای ئەی پێیوانەبوو، هەڕەشەکە بە تەواوی لەبەینچووە. کەواتە «هالا» تێبینیکردبوو، گەڵاڵەنامەی تایبەتی هەواڵگری نیشتمانی (SNIE) گەیشتبووە ئەنجامێک، کە هێشتا قاسم لەلایەن دوو بەرەوە هەڕەشەی لەسەربوو، چ لەلایەن عەرەبە ناسیونالیستەکانی لایەنگری ناسر و چ لە لایەن سوپاوە، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند، کودەتایەکی سەرکەتوو دیسان دەبووە مایەی ئەوەی لایەنە کۆمۆنیستەکان دەرفەتێکی دەسەڵاتگرتنەدەستیان بۆ بێتەوە. وێڕای ئەم بەڵگەوبەندە ڕەوایە، لەو کاتەی «ماک جۆرج بەندی» ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئاماژەی بەوە دا، کە چیدیکە مانەوەی کۆمیتەکە بە گرنگ نازانێ، ئیدی کۆمیتەکە مۆری هەڵوەشاندنەوەی لەنێوچاوان درا. لە ماوەی ئەو ڕۆژانەی سەرۆکایەتی کەنەدی جێگەی خۆی گرت، کۆشکی سپی


هەواڵنامەی کتێب

کۆمیتەی تایبەتی بە عێراق هەڵوەشاندەوە.[9] ئەمەش هەڵەیەکی زەق بوو، سیاسەتی ئەمریکایی دەرهەق بە عێراق کز و زەبوون کرد.
یەکەمین نیشانە لەسەر هەڵەبوونی هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق لە ٢٥ی حوزەیراندا بەدەرکەوت، ئەوەش لەو کاتەی قاسم داوا درێژخایەنەکەی عێراقی بۆ گێڕانەوەی کوێت بۆ بنباڵی خۆی کرد و جاڕیدا، کە کوێت "بەشێکی دانەبڕاوبووە لە عێراق" و هێزەکانیشی لەسەر سنوور کۆکردەوە. پێدەچوو بزوێنەری ئەو کردە ناعەقڵانیەش بۆ یەک دوو ڕۆژی پێشتر بگەڕێتەوە، ئەوەبوو لە ١٩ی حوزەیراندا بەریتانیا سەربەخۆیی کوێتی دەستەبەرکرد و هێزە سەربازییەکانی خۆی لەوێ کێشایەوە. لێرەدا هیچ شتێکی نوێ لە بنسەری داواکردنەوەی عێراق بۆ کوێت لەئارادا نەبوو. کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە لەو کاتەدا تێبینییان کرد، کە قاسم "بەرەوپیری داوایەکی کۆنینەی عێراقەوە دەڕوا، بەڵام لە ڕابردوودا ئەو داوایە پشتگیری زۆری لە لایەن دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە بەدەستنەهێنا و بە شێوەیەکی بەرفرەوانیش لە سەر ئاستی جیهاندا دانی پێدانەنرا."[10] بۆ بەریتانیەکان ئەو جووڵەیەی قاسم بەسوێ بوو. ئاخر ئەوان لە ماوەی بەربەرەکانێ خۆیان لەگەڵ ناسردا پشتی قاسمیان گرتبوو، پیلانەکەی «ڕەشید عالی گەیلانی»یشیان لە ئاخروئۆخری ١٩٥٨ دا بۆ ئاشکراکردبوو، ئەو جووڵەیەی کە لێیهەڵگەڕایەوە. بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کوێت بە قەد بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا پێشچاو و گرنگ نەبوون. هەر بۆ نموونە کۆمپانیای نەوتی کوێت بە یەکسانی هی کۆمپانیانی نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانی بوو، دواتر کرایە نەوتی بەریتانی و ئەمریکاش بووە خاوەنی کۆمپانیانی نەوتی کەنداو. پێدانی ڕێژەی ٥٠ لەسەد لە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانی واتای ئەوەی دەگەیاند، ڕێژەی ٢٥٪ یشی لە کۆمپانیای نەوتی کوێت هەبوو، ئەمەش بە نۆرەی خۆی میری کوێت بە بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی وەبەرهێنانی لە باری ئابووری بەریتانیاوە کردبوو.[11] هەرچەندە وەبەرهێنانێکی ناوازەش نەبوو. لەوەش زیاتر وەک «فیینت» تێبینی کردبوو، لە ١٩٦١ دا مانەوەی باری ئابووری بەریتانی لە دوای جەنگ تەنیا بە هاوردەی نەوتی هەرزانی کوێتەوە بەند نەبوو، بەڵکو بە دەستکەوتی ئاڵوگۆڕی بێگانە بەندبوو، کە لە کۆمپانیانی نەوتی کوێتەوە بە بەردەوامی سوودمەند بوو.[12]


هەواڵنامەی کتێب

بە بەراورد لەگەڵ کاردانەوەی بەریتانیا، کاردانەوەکەی ئەمریکا "ساردوسڕ" بوو.[١٣] وەک «فین»یش تێبینیکردبوو، ئیدارەی کەنەدی دوودڵ بوو لەوەی "لەگەڵ بەریتانیا هاوپێناسەبێ بۆ کردەکەی لە کوێت"، چونکە ئەمە دەبووە تێکشکاندنی وێنەی هێزی پێشکەوتنخوازی دژەکۆلۆنی، کە ئەمریکا هەوڵیدەدا بەرهەمدارانە لەگەڵ عەرەبە ناسیونالیستەکان لەسەر خەت بێ."[١٤] لە کۆبوونەوەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانییدا، کەنەدی قایلبوو، بەوەی "ئەگەر هاتوو لێیداوابکرێ، پاڵپشتێکی تەواوی سیاسی و لۆجیستی شانشینی یەکگرتوو لەهەر کردەوەیەکی دیاریکراودا لەبەرانبەر عێراقدا بکا، ئەگەر هاتوو ویستی بەهێز دەست بەسەر کوێتدا بگرێ." لە پەیامێکیشدا وەزیری کاروباری دەرەوە «دین ڕوسک» بۆ بەریتانیا، ئاماژەی بەوە کردبوو، کە ئەمریکا، "هیواخوازبوو کات بە کاری دیپلۆماسی لەنێو عەرەبەکان بدرێ بەڵکو وا لە قاسم بکەن لە هەوڵەکەی پەشیمانبێتەوە، کە بۆ بەدبەختی بە ئاراستەیەکی نەخوازراودا دەڕوا."[١٥] بە دەربڕینێکی دیکە، ئیدارەی کەنەدی هیوای بەکارکردن لەگەڵ ناسردا هەبوو بەڵکو کێشەکە چارەسەبکا. بۆ ڕێگرتن لە پەلاماردانی عێراق، بەریتانیا لە ١ی تەممووزدا هێزێکی ٥٠٠٠ کەسی ڕەوانەی کوێت کرد، ئەوەی بە ***ئۆپەراسیۆنی پێشەمی*** ناسرا و کەنەدیش هێزی دەریایی بەرەو «بەحرەین» نارد، ئەوەش تەنها بۆ وەبیرهێنانەوە بوو، تەنیا دوابەدوای سەقامگیربوونی دەستوەردانی بەرتیانیا، هێزەکە پاشەکشەی پێدەکرا.[١٦] لە ڕووی دیپلۆماتیشەوە ئەمریکا پێی باشتربوو دۆزەکە بباتە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەو بڕوایەدا بوو کارێکی فرەلایەنی وا لە دەوڵەتە عەرەبییەکان دەکا پشتگیری هەوڵوتەقەلای دژەقاسم بدەن بێئەوەی هەستبکەن ناچارکراون.[١٧] بەریتانیاش قایلبوو، لە ١ی تەممووزدا دۆزەکەی گەیاندە ئەنجوومەنی ئاسایش، بەڵام بڕیارەکە لە لایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە ڤیتۆکرا، ئەو جووڵەیەی کە سیاسەتداڕێژەران لە واشنتن هۆشداریان پێدابوو.[١٨]

سەختانگەکە تا تشرینی یەکەم چارەسەر نەکرا، تا ئەوکاتەی هێزەکانی بەریتانی کشانەوە و ٤٠٠ سەربازی سەر بە هێزی کۆمکاری عەرەبی جێگەیانی گرتەوە.[١٩] وێڕای ئەمەش، کاربەدەستێکی پێشووی سی ئای ئەی دەڵێ، قاسم


هەواڵنامەی کتێب

بڕی ٥٠ – ٦٠ ملیۆن دۆلاری لە بەرتیلی کشانەوی هێزەکانی بەریتانیا دابوو.[٢٠] نەشزانراوە ئاخۆ ئەو بڕە پارەیە لە کوێوە هاتووە، «ڕۆبەرت کۆمەر» ئەندامی پلەباڵای ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی و ڕاوێژکاری کەنەدی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و «جێرنیگان»ی باڵوێز لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١ دا گەیشتبوونە ئەو ئەنجامە، "سەربەخۆیی کوێت تەنیا ئەو کاتە مسۆگەر دەبێ، کە دەسەڵاتداران بتوانن بەو سەرچاوە نایابەی داهاتی نەوتەکە پشتگیری سەرکردە عەرەبەکان، نەخاسمە ناسر و ئوردنییەکانی پێبکڕن." بە واتایەکی دیکە، کوێت پێویستی بە کڕینی ئاسایشپارێزی بەردەوامی خۆی هەیە.[٢١] ئیدارەی کەنەدییش پێیخۆشبوو دۆزی هەرێمایەتی بەریتانیا وەک سەختانگی کوێت بوەخرێنێ، ئاخر پێداگرتن لەسەر ناوچەی کەنداو لە پێشەمییە بەهەندهەڵگیراوەکانی ئەمریکا نەبوو.

هەر لەو کاتەی سەختانگی کوێت لە باشووری عێراق خۆی نیشاندا، هەوێنی سەختانگێکی دیکەش لە ناوچەی کوردی لە باکووی عێراق هەڵدەهات. دوای گەڕانەوەی لە تاراوگە لە ١٩٥٨ دا، قاسم بەڵێنی بە «مەلا مستەفا بارزانی» دابوو، ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە باکووری عێراقدا جێبەجێدەکا. هەرچەندە لە ١٩٦١ دا حکوومەت هیچ هەنگاوێکی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە نەهاوێشتبوو، ئەمەش وای لە بارزانی کرد لە سەرەتای ساڵەکەوە بەغدا جێبێڵێ و بگەڕێتەوە زێدی خانەوادەکەی خۆی لە باکوور. لە مێژیش بوو کۆنە ناحەزیی و تۆڵەی خوێناوی سەریکێشابوو بۆ بەیەکدادانی خێڵە ڕکابەرەکان. لە ١٣ی نیساندا، بۆردی هەواڵگری ئەمریکا «ئالن دەلەس»ی ئاگادارکردەوە – دەلەس لە لایەن کەنەدییەوە تا تشرینی دووەمی ١٩٦١ بە بەڕێوەبەری سی ئای ئەی دانرابوو – کە "خاووخلیسکی ڕژێمی قاسم دنەی شەڕ و دەمەقاڵێ و دەمدرێژیی خێڵ و هۆزەکانی داوە و هێناویەتەپێش و دەرفەتی ڕاووڕووتی شارەکان و هەندێ شەڕ و پێکدادانی قەبارە مامناوەندیش لە جاران زیاترە." ئەم هۆشدارییەش بەباچوو و دواتر سی ئای ئەی دانیپێدانا، کە ئەوکات ئەوان "زۆر گەشبین بوونە".[٢٢]



هەواڵنامەی کتێب

لە ماوەی هاوینی ١٩٦١ دا تا گەیشتە مانگی حوزەیران گرژییەکان گەیشتنە ئەوپەڕی کڵپەی خۆیان، یەکێک لە کاربەدەستانی ئەمریکا بەم جۆرە وێنای باکووری عێراقی کردبوو، "هاوشێوەی پاشاگەردانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە."[٢٣] لە ناوەڕاستی تەممووزدا بارزانی گەڕایەوە باکوور و لەگەڵ خێڵە دراوسێکانی دەستی بە هەق و حیسابی کۆنینە کردەوە، ئاخر لەکاتی لە تاراوگەبوونی بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا ناوچەکەی بندەستکرابوو.[٢٤] وێڕای پەرەسەندنی توندوتیژیش، کەچی حکوومەتی عێراق لاشەڕ مایەوە.[٢٥] لەبەر سست (هیچنەکردن)ی ڕژێم، لە ناوەڕاستی ئابدا، پارتی دیموکراتی کورد – حیزبێکی چەپڕەوی سیاسی ناسیونالیست، کە لە ١٩٤٦ لە ئێران دامەزرابوو – نامەیەکی "توندداڕێژراوی بۆ قاسم نارد و داوایکردبوو "کاربەدەستە عەرەبە نەیارەکان" و هێزی حکوومەت لە ناوچەکە لاببا؛ کاربەدەستانی کورد بگوازرێنەوە ئەوێ؛ زمانی کوردیش لە هەرێمەکەدا بکرێتە فەرمی؛ ئازادییە سیاسییەکان دەستەبەربکرێن و ڕۆژنامە کوردییەکان دەربچنەوە.[٢٦] هەروەک بەرپرسێکی سی ئای ئەی دواتر باسیکرد، کە کاتی خۆی لەوێ بووە، ئەم جاڕنامەیە نیشانەی دیاری هەڵوێست بوو، ئیدی شەڕ لەنێوان عێراق و کورد بووە شتێکی حەتمی.[٢٧]

لە میانەی مانگی ئابدا، کاربەدەستانی ئەمریکا لە عێراق و ئێران ئاگادارینامەیان بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە نارد، بەوەی لە کوردستانی عێراقدا شۆڕش لە ئانوساتی تەقینەوەدایە و دەشکرێ ببێتە شڵۆقکردنی سەرتاپای هەرێمەکە. کەم کەس لە واشنتن گوێی بەو ئاگادارکردنەوانە دا. لە ٥ی ئابدا، کونسولی ئەمریکا لە «تەورێز» هۆشداریدا، کە تورکیا و ئێران خەریکی چەکدارکردنی ڕکابەرەکانی بارزانین و هانیاندەدەن هێرشبەرن.[٢٨] کاتێکیش ئەمە ڕوویدا، هەر بارزانی بوو سەرکەوت، کارێکی وایکرد لە ڕووی سەبازییەوە بەسەر باکووردا زاڵبێ. [٢٩] ئینجا لەماوەی چەند ڕۆژێکدا، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ڕاپۆرتی خۆی دا، کە کاربەدەستە پلەباڵاکانی عێراق بیرلەوە دەکەنەوە ئاخۆ چۆن "بە پێشگیرییەکی کارایانە" گوندە کوردییەکان بۆمباباران بکەن.[٣٠] لە ٣١ی ئابیشدا کاربەدەستانی ئەمریکا لە بەغداوە ڕاپۆرتێکی پڕ وردەکارییان بۆ واشنتن نارد، تێیدا هۆشداریان دا، کە هەندێ کورد خەریکی دانانی پلانێکن، مەبەست لێی


هەواڵنامەی کتێب

وروژاندنی کاردانەوەی سەربازییە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە، ئەمەش دەکرێ وەک ڕەوایەتیدانی شەڕی بەرگریلەخۆکردن و بە نێودەوڵەتیکردنی کوێرەوەرییەکانیان بەکاربهێنرێ.[31]

لە دەستپێکی مانگی ئەیلوولی ١٩٦١ دا، کاربەدەستانی ئەمریکا لە «تەورێز» ڕاپۆرتیان دا، کە گرووپێک لە کوردان، ئەوانەی سەر بە بارزانی نین، ڕێگەی سەرەکی سەرسنووری ئێرانیان خستۆتە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە. ئەم پێشهاتەش دوو بژاردەی خستەبەردەم ڕژێمی عێراق: (١) مسۆگەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد یان (٢) چارەسەرکردنیان بەهێز.[32] وێڕای ئەو هەموو ڕاپۆرتە لێکگیراوانەی لە ئاب و ئەیلوولدا بۆ واشنت ناردران، کەچی سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا بەردەوام ئەو هۆشدارییەیانی پشتگوێخست. ئیدی بە نامرادی ئەو کاربەدەستەی سی ئای ئەی کە لە «تەورێز» داندرابوو، هۆشدارییەکی سەبارەت بە هەڵگەڕانەوەی باکووری عێراق بۆ بارەگای سەرەکی سی ئای ئەی نارد، گوایە ناوچەکە لەسەر ئانوساتی تەقینەوەی خۆیدایە و داوای هەندێ شتیشی کرد، بەڵام هیچی بۆ نەگەڕایەوە. ئەو بۆی دەرکەوت، ڕاپۆرتە هۆشدارییینامەکە نەدراوەتە دەستی بەرپرسە پلەباڵاکان، چونکە "لێکدەرەوەکان لە واشنتن پێیانوابوو، ئەو شتە ڕێیتێناچێ، باندێکی خێڵەکی بە چەکێکی شڕوشەقەوە بتوانن دابڕسێنە سوپایەکی نوێ".[33] کابرا بە ناقایلبوون بەو ئەنجامە، هێشتا فشاری کردەسەر کاربەدەستە پلەباڵاکانی سی ئای ئەی، کە یاداشتەکەی لە ١٣ی سێپتێمەبەدا دەستاودەست بکرێ و ڕابگەیەنرێ، بەڵام تا ئەو کات یاخیبوونەکە هەڵگیرسابوو.[34]

لە ١٠ی ئەیلوولدا گرووپێکی کوردی غەیرەبارزانی بۆسەیەکیان بۆ ژمارەیەک لە سەربازانی سوپای عێراقی دانایەوە و هەموویان لەناوبردن.[34] شەڕەکە ئەوەندە چڕوپڕبوو، داوا لە هێزی ئاسمانی عێراقی کرا بە هانای هێزی سەربازی گەمارۆدراو بچێ.[36] دوو ڕۆژ دواتر لە بۆسەیەکی دیکەدا ٢٣ سەرباز کوژران،[37] ئەوسا کە قاسم ڕووبەڕووی ئەوە بووەوە، لە ئەگەری لە دەستدانی باکوور، فەرمانی بە جۆشدانی هێزی زەمینی و ئاسمانی کرد. لە ١٤ی ئەیلوولدا،




هەواڵنامەی کتێب

هێزی ئاسمانی عێراقی بە شێوەیەکی بەردەوام بۆمبابارانی باکووریان کرد و گوندەکانیان کردنە ئامانج.[٣٨] تا ئەو کاتەش، بارزانی توانیبووی خۆی لە دەرەوەی بازنەی بەیەکدادانەکە بهێڵێتەوە، بەڵام ئەم ڕەوشە لە ١٩ی ئەیلوولدا گۆڕا، ئەمەش ئەوکاتە بوو، کە قاسم فەرمانی بۆمبارانکردنی دەڤەری بارزانی دەرکرد.[٣٩] لە کاردانەوەشدا، بارزانی ڕەگەڵ شەڕەکە کەوت، لەگەڵ خۆیدا زانیارییە قووڵەکەی سەبارەت بە شەڕی پارتیزانی و کادرە مەشقدراوەکانی سۆڤیەت و جەنگاوەرە لێهاتووەکانی هێنایە نێو مەیدانی جەنگ.[٤٠]

هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکە، ئیدارەی کەنەدی سەرقاڵی ڕووداوگەلێکی دیکەبوو، لە ئەوروپا. تازە سۆڤیەت سەختانگی خرۆشاو بە ڕۆنانی دیواری بەرلین تاودابوو. لەو کاتدا، کاربەدەستانی واشنتن هۆکاری کەمیان سەبارەت هەڵگیرسانی شەڕی کورد لەبەردەستدابوو، بەوەی لەگەڵ سەختانگی بەرلین بە یەکەوە بەسترابنەوە، کە لە واقیعیشدا هەروابوو. بەگوێرەی «ڤلادیسلاڤ زەبوک» ڕاپەڕینەکەی کورد هەرچەندە لە نێو خەڵکی ڕەسەنی خۆشیدا بوو، بەڵام ڕێک لەگەڵ ستراتیژی سۆڤیەت هاتەوە، کە لە تەمموزی ١٩٦١ بۆ ئەو مەبەستە داڕێژرا، تا سەرنجی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر مانۆڕەکەی بەرلین وەرگێڕێ. «زەبوک» لە وتارێکیدا کە لە ١٩٩٤دا بڵاویکردەوە، دەقی یاداشتنامەیەکی «کەی گی بی K.G.B» هێناوەتەوە، کە لە «ئەلێکساندەر شێلەپین»ی سەرۆکی دەزگەکەوە بۆ خرۆشۆف لە ٢٩ی تەمموزی ١٩٦١ دا لەسەر نووسرابوو، تێیدا ڕایدەسپێرێ سەختانگ "لە ناوچەی جیاجیای جیهان دروستبکرێ تا سەرنج و هێزەکانی ئەمریکا و وڵاتە پاشکۆکانی بەلاڕێدا ببرێ و واشیان لێبکا لە ماوەی دۆزی ڕێککەوتننامەی ئاشتی ئاڵمان و بەرلینی ڕۆژاوا بیانبەستێتەوە."[٤١]



هەواڵنامەی کتێب





هەواڵنامەی کتێب

دوای دارشتنی لیستێکی بژارده سەبارەت بە نانەوەی پشێوی و ئاشووب لە سەرتاپای جیهان، «شێلەپین» دەگەڕێتەوە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو پلانێک پێشنیازدەکا، مەبەست لێی خولْقاندنی "کێشەوبێشە بۆ لە بازنەکانی حکوومەتی ئەمریکا، ئینگلستان، تورکیا و ئێران و سەبارەت بە سەقامگیریی پێگەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نزیک"دا، ئەمەش بە نوێکردنەوەی پەیوەندییە کۆنەکان بە بارزانی و کاراکردنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی لەنێو دانیشتوانی کوردی عێراق، ئێران و تورکیا بەو مەبەستەی "کوردستانێکی سەربەخۆ پێکبهێنرێ، کە پارێزگەکانی وڵاتە ناوبراوەکانیش بگرێتەوە." هەروەک ساڵی ١٩٦٤یش، «شێلەپین» بڕوای وەها بوو، کە فشارنانەوە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دەکرێ "نیگەرانییەکی بەهەندهەڵگرتوو لەنێو هێزە ڕۆژئاواییەکان بوروژێنێ و لە پێشەوەی هەموانیش بەهۆی [دەستگەیشتنی] ئینگلیز بە نەوتی عێراق و ئێران و هەبوونی پێگەی بنکەکانی سەربازی [وڵاتە یەکگرتووەکان] لە تورکیادا." هەروەها ئەم پلانە دەبێتە مایەی سەرئێشەش بۆ قاسم، "ئەو کەسەی خەریکبوو دەست بە سیاسەتی پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕۆژئاوادا بکا، بە تایبەتیش لەو دواییانەدا." ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ سەرکوتکردنە ڕاشەکاوانەکەی کۆمۆنیستەکانی عێراق لە ١٩٦٠. بۆ ئەم مەبەستە «شێلەپین» پێشنیازیکرد، هەم چەک و هەم پارەش بدرێتە بارزانی و هانیشبدرێ یاخی ببێ."[٤٣] لەکاتێکدا ئەم باسە ڕێکوڕەوان لەگەڵ گێڕانەوەی دوای خۆی دێتەوە، کەچی خشتەی سۆڤیەت لەو ڕەچاوکردنەدا شکستیهێنا بەوەی ئیدارەی کەنەدی مەیلی بەلای عێراقدا نەچووبێ یاخود خەڵکی کورد و هەروەها بارزانی متمانەیان بە سۆڤیەت بووبێ و بەنیازیش بووبن، ببنە ئاژانی.

هەرچۆنێک بێ لە پایزی ١٩٦١ دا هەردولایان، چ ڕژێمی قاسم و چ کورد هەوڵیاندا کێشەکە بە زاراوەکانی جەنگی سارد وێنابکەن. هەر بۆ نموونە، قاسم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە ٢٣ی ئەیلوولدا، بەدوای ئەوەدا گەڕا، ئەمریکا بگلێنێتە یاخیبوونەکە، کوردی بە "نۆکەری ئەمریکا" وەسفکرد، لەکاتێکدا یەکێتیی سۆڤیەتی لەهەر هەڵەیەک بێبەریکرد.[٤٤] لەو نێوەشدا و لە سەرەتای تشرینی


هەواڵنامەی کتێب

یەکەمدا، گرووپێک لە کوردان لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا نزیکبوونەوە و داوای ئەوەیان لێکردن بەڵکو لە شەڕی دژی ڕژێمدا پشتیانبگرن. ئەمەش یەکەمین جار بوو داوایەکی وەها بکرێ، زۆری دیکەش لە ماوەی ١٤ساڵی شەڕی داهاتوو ڕوویدا. لە میانەی کۆبوونەوەکەشدا، مشتومڕی کورد لەسەر ئەوە بوو، کە ئەمریکا ئەرکێکی ڕەوشتی (مۆڕاڵی) لەسەرە بەوەی پشتی کورد بگرێ، چونکە ڕایگەیاندووە کە "پشتگیری دۆزەکانی ئازادی و دادپەروەری دەکا" و پێشنیازی ئەوەشیان کرد، کوردستانێکی سەربەخۆ ببێتە "قەڵایەک دژی یەکێتیی سۆڤیەت." تا ئەو کاتیش، ئەفسەری باڵوێزخانەکە «جێمس ئاتکینس» هەر کوردەکانی لەسەر شۆڕش ساردەکردەوە و گوتی؛ کە پرسی سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە، ناتوانێ خۆی لە کاروباری نێوەخۆی عێراق هەڵبقورتێنێ، ئەمەش سیاسەتێک بوو تا ساڵی ١٩٧٢ بەسەر شەڕی کورددا جێبەجێکرا.[٤٥] وێڕای ئەمەش، لێرەدا دوو نموونە هەن، ئەوە نیشاندەدەن چۆن لە سەرەتای قۆناغەکەدا هەردوولایان قاسم و کورد - سەرنەکەوتووانە - بەدوای ئەوە گەڕاون، وێنەی کێشەکەیان بە دەستەواژەکانی جەنگی سارد وێنابکەن تا پشتگیری دەرەکی بۆ پێگەکەی خۆیان بەدەستبێنن.

هەمیشە لە کوردستان شەڕوپێکدادان لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان کۆتایی پێدەهات. ئاخر بارودۆخی سەختی زستان لە چیاکانی زاگرۆس ڕێگەخۆشکەر نەبوو بۆ شەڕێکی نەریتییانە، بەڵکو نمونەیەکی لەباربوو بۆ شەڕی گەریلایانە، واتە ئۆپەراسیۆنی شەڕی لوتکە بەرزەکان، کە کورد تێیدا مەعلانبوون. بەم جۆرە کە سوپای عێراق لە پایزدا هێرش و پەلامارەکانی خۆیان ڕادەگرت، ئیدی کوردیش دەستی بەتۆڵەکردنەوەی خۆی دەکردەوە.[٤٦] بە درەنگانێکی مانگی تشرینی دووەم، بارزانی ڕێگەی گەڕانەوەی لەباقی سوپای عێراق بڕی، زەبرێکی گورچکبڕی لێدان، قوربانی زۆری لێخستن، کەلوپەل و تفاقی جەنگی لێگرتن، بەلای کەمی هی دوو فەوجی سەربازی.[٤٦] شەڕەکان بە هاتنی ساڵی ١٩٦٢ش درێژەیان کێشا، لە کۆتایی مانگی ئازاردا، بارزانی لێبڕاوانە هەموو کوردستانی عێراقی لەبن ڕکێفدابوو، هەرچەندە لە ترسی تۆڵەی حکوومەت لە



هەواڵنامەی کتێب

خەڵکی مەدەنی دەستی لە شارە گەورەکانی وەک سلێمانی، هەولێر و موسڵ هەڵگرت.[٤٨]

بە درێژایی ئەو ماوەیە، سیاسەتێکی ڕوونی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەکە نائامادە بوو. لەکاتێکدا «هان» ڕوونیدەکاتەوە، کاردانەوەی بێدەنگی ئیدارەی کەنەدی سەبارەت بە شەڕی کورد لە کانگای "ئارەزووی ئەمریکا بۆ هێشتنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا" هەڵقولابوو.[٤٩] واقیعەکەش ئەوەبوو، ئەمریکا، عێراق یان شەڕی کوردی وەک شتێکی پەیوەندیداری بە هەلومەرجی جەنگی سارد نەدەبینی، بەتایبەتیش لە کاتی سەرهەڵدانی سەختانگەکانی بەرلین، کوبا، ڤێتنام یاخود تەنانەت کاتێ کوێتیش پێشەمیی مەزنتری هەبوو.

سێهەمینیشیان. لەوانەیە لە ڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە سەختانگی هەرە پێشچاو، ئەوە بووبێ، کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١ دا ڕوویدا، ئەو کاتەی ڕژێمی عێراق قانونی گشتی ژمارە ٨٠ی تێپەڕاند، کە بەهۆیەوە ناوچەی ئیمتیازاتی کۆمپانیای نەوتی عێراقی کۆتوبەند کرد (واتە ئەو ناوچەیەی کە کۆمپانیاکە نەوتی بە ترومپا لێسەردەخست) تا ئەو ناوچەیەی کە بە کردەوە نەوتی لێبەرهەم دەهێنا. لە ئەنجامیشدا عێراق بە ڕێژەی ٩٩,٥ی لە ئیمتیازاتی کۆمپانیای نەوتی عێراق خۆماڵیکرد.[٥٠] بزوێنەری ئەو کردە دڕوتوندەی عێراق پەیوەستبوو بە پرسی کوێتەوە. ئاخر لە ٣٠ تشرینی دووەمدا، میسر پشتگیری بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی کرد، داوای کوێتی بۆ ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندکرد. لەو کاتەدا، عێراق هۆشداری دا، کە ئەم دۆخە زیان بە پەیوەندی دیپلۆماسی هەر لایەنێک دەگەیەنێ، کە دان بە دەوڵەتبوونی کوێتدا بنێ. چەند دەوڵەتێکی کەم هەڕەشەکەیان بە هەندهەڵگرت، لەنێویشیاندا ئەمریکا کە پێشتر پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا دامەزراندبوو. لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەمریکا پشتی بڕیارەکەی میسری گرت، بەڵام بڕیارەکە لەبەر ڤیتۆکردنی یەکێتیی سۆڤیەت بە هیچ نەگەیەشت، ئەمەش کردەوەیەک بوو بەگوێرەی بڕوای کاربەدەستانی ئەمریکا بۆ سوودی بەغدا داڕێژرابوو.[٥١] لەبەر پشتگیری ڕۆژئاوا لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کوێت، ڕژێمی عێراق قانونی ژمارە ٨٠ی



هەواڵنامەی کتێب

وەک ڕێکارێکی تۆڵەکردنەوە تێپەڕاند. قانونەکە چارەسەری ڕیشەیی ئەو کێشە هەمیشەییەی عێراق لەگەڵ کۆمپانیای نەوتیدا هەیبوو چارەسەرکرد، ئەمەش دوای ئەوەی گفتوگۆکان سەبارەت بەو پرسە لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەدا بە بنبەست گەیشتن. لەو کاتەوە، ڕژێم هەڕەشەی "کردەیەکی قانوونیانەی" دەکرد و داوای کوێتیش لە نەتەوە یەکگرتووەکان باشترین هۆکار بوو بۆ دەستکردنەوەکەی ڕژێمی قاسم.[٥٢]

مایەی سەرسوڕمان نەبوو، کاربەدەستانی ئەمریکا بە دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی ئیمتیازاتی کۆمپانیای نەوتی عێراق و ڤیتۆی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتوەکان هۆشیاربینەوە، ئاخر هەردوو جووڵەکە پێویستیان بە هەندێک لە هاوئاهەنگی هەبوو. ئەمەش وای لە «فیلیپ تالبۆت» جێگری یاریدەدەری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک کرد، یاداشتێک بۆ «جۆرج بۆل» جێگری وەزیر لە ١٨ی کانوونی یەکەم بنێرێ و سەرنجی بۆسەر ڕەوشەکە ڕابکێشی. لەکاتێکدا تێبینی ئەوە کرابوو، کە عێراق لە سەرەتای ١٩٦٠ ـەوە لە سۆڤیەت دوورکەوتۆتەوە، کەچی «تالبۆت» پێشنیازی ئەوە دەکا، کە ئەم ئاڕاستەیان پێچەوانە بووەتەوە و "قۆناغێکی نوێ" لە پەیوەندییەکانی سۆڤیەت – عێراق "دەکرێ هاتبێتە پێشەوە". ئەو هۆشداری دا، کە "عێراق لە هەڵسوکەوتی سیاسی و کاروباری ئابووریی و پڕوپاگەندەی پێگەکەیەدا بەرەو بلۆکی سۆڤیەت جووڵاوە". ئاماژەیەکی هەراسانی دیکە ئەوەبوو، کە ڕژێمی عێراق "چەندین هەنگاوی دیکەی هەڵێنا" تا پێگەی ناوەخۆی کۆمۆنیستەکان بەهێزبکاتەوە، ئەمەش وای لە «تالبۆت» کرد بگاتە ئەو ئەنجامە، کە "ڕەوش لە عێراق... پێدەچێ بگەڕێتەوە سەر شتێک لە دۆخی پاش شۆڕشەکە، لە ماوەی نێوان ١٩٥٨ – ١٩٥٩ بچێ، ئەو کاتەی زەنگێکی گەورە لێدرا بەوەی عێراق دەبێتە وڵاتێکی کۆمۆنیستی." تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا، «تالبۆت» هاتبووە سەر ئەو بڕوایە، کە مانەوەی سیاسەتی پەیوەستبوون بە ڕژێم چارەنووسازە و کۆمپانیای نەوتی ئەمریکیش، کە بەشێکی قەبەی لە کۆمپانیاکەدا هەیە،[٥٣] دەکرێ "تۆڵەی خۆی بکاتەوە و فشاری دیکە بخاتە سەر عێراق." لەسەر ئەمەش «تالبۆت» هۆشداریدا:


هەواڵنامەی کتێب

[وڵاتە یەکگرتووەکان] پێویستە لێبڕاوانە بەرگری لە هەموو هەوڵێک بکا بۆ ناچارکردنی ئێمە تا بەهەر جۆرێک بێ دەستبخەینە نێوکاروباری ناوخۆی عێراق مەگەر و تا ئەوکاتەی شتەکە ڕوون نەبێتەوە، کە کۆمۆنیستە خۆجێیەکان دیسان لە نەبوونی جۆرە دەستوەردانێکی لەو بابەتە لەو پێگەیەدانەبن دەست بەسەر عێراقدا بگرن.[٥٤]

ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، "کورتهێنی کردەیەکی ڕاستەوخۆی سەربازی، چ لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بەتەنیا یان بە هاوبەشی لەگەل ئەوانی دیکە یاخود لە لایەن دراوسێکانی عێراق (تورکیا، ئێران، ئوردن و عەرەبستانی سعوودی) یەوەبێ، [ئەمریکا کورتهێنە لە] شێوازی کارا بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی وەرچەرخان لە سیاسەتی عێراقیدا." بە کورتی، یاداشتی «تالبۆت» هۆشداریەکی ڕوون بوو بۆ بەرپرسەکانی، کە پێویستیان بەوە بوو بایەخ بە ڕەوشی عێراق بدەن.[٥٥]

هەر یەک دوو ڕۆژ دواتر، «جێرنیگان» برووسکەی بۆ وەزارەتی دەرەوە لێدا تا نیگەرانی خۆی سەبارەت کەموکورتی مەیلی واشنتن سەبارەت بە عێراق دەربڕی. لەم خاڵەشدا، هێشتا قاسم هەر شمشێرەکەی لەبەرانبەر کوێتدا ڕادەوەشاند، لە شەڕی ناوەخۆش لەگەڵ کورد تێوەگلابوو، هەروەها جووڵەی ئەم دواییانەی دژی کۆمپانیای نەوتی عێراق ڕاستەوخۆ هەڕەشەبوو لەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا. ئەمەش هەمووی بەیەکەوە، دەرخەری سنووورداری هێزی بەریتانیا بوو لە هەرێمەکەدا. «جێرنیگان» بە شێوەیەکی تایبەت سەبارەت بە کوێت نیگەران بوو، چونکە ڤیتۆکەی سۆڤیەت بۆ دانپێدانانی کوێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان دنەی ناسری دا هەڕەشەی کشاندنەوەی خۆی بکا لە هێزی پاراستنی ئاشتی کۆمکاری عەرەبی لە ناوچەکە. وەک ئەنجامێکیش «جێرنیگان» هۆشداری دا، کە ئەمریکا "لە مەترسییەکی کوشندەدایە بەوەی ڕابکێشرێتە ڕەوشێکی کێفەڕاتئاسای سیاسی و خەرجی زۆر دەربارەی کوێت."


هەواڵنامەی کتێب

لەوەش پتر، ئەو لەوەش ترسا "بیرۆکەی شەڕی سەربازانی بەریتانیا دژی عەرەب و لەسەر خاکی عەرەب بە پشتگیری مۆرالی و سیاسیانەی ئەمریکا (ئەگەر سەربازیانەش نەبێ) بە شێوەیەکی تایبەت مایەی هەراسانبوونی منە" و دەکرێ ببێتە "هەنگاوێکی سیاسییانە بۆ دواوە" کە ئەمەش بەرپرسیارێتیی کۆمکاری عەرەبی لە پاراستنی کوێتدا ناهێڵێ. بە کورتی «جێرنیگان» هەستیکرد پشتگیری ئەمریکا بۆ کردەوەکانی بەریتانیا لە کوێت بە چەشنی خۆماڵیکردنی ماف و زێدەمافەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق زەبرێکی کوشندەیە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدرێ. ئەو پێیوابوو «ناسر» کلیلی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەڵام ئەمەش نرخی خۆی هەیە. بۆ ئەم ئامانجەش، پێداگریی ئەو لەسەر ئەوە بوو، دەبێ دەسەڵاتدارانی کوێت "لەوە تێبگەن، کە کەمتر لە بەشدارییەکی کارای کۆمەکی [دارایی] بۆ وڵاتە گەشەسەندووەکانی دیکە (نەخاسمە ئەوانەی نەوتیان نییە وەک ئوردن و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو) لێ چاوەڕێ ناکرێ، هەر ئەمەش لە ماوەیەکی درێژخایەندا کوێت لە دەستدرێژی قوتدانی وڵاتە دراوسێکانی ڕزگاردەکا." بەرەنجامەکەی «جێرنیگان»یش حەق و ڕەق بوو" "ئاخر ڕۆژئاوا چیدی گرەو لەسەر پارێزبەندی سوپای ئینگلیز بۆ هەرێمەکە ناکا، کە پێدەچێ ئەمە سەرنجڕاکێشترین مجێزی شێخە چاوچنۆکەکانی ناوچەکە بێ. لەم هەلومەرجەدا وەها باشتربێ دەست بە دەستپێشخەرییەوە بگرین لە کاتێکدا کات (ئێستا زۆر کورتە) ماوە."[٥٦]

لە ٢٩ی کانوونی یەکەمدا، «کۆمەر» لێکدانەوەکەی «جێرینگان»ی خستنە بەردەم سەرنجی «بەندی»، بەوەش وێنایکرد "تا سەر ئێسقان ڕاستە" و داواشی لێکرد بەڵکو بە نۆرەی خۆی بیگەیەنێتە دەستی سەرۆک کەنەدی. ئەو هەستیکرد، ڕەوشی عێراق تا دێ تێکدەچێ و هۆشداریشی دا، کە "کێشە و ئاڵۆزی دیکەش لە ئاسۆدا دیارە ڕووبدەن." لەوێدا هەستێکی بەرفرەوان هەبوو، کە قاسم لە نێو بەندوباوی کودەتای ناسیونالیستەکاندا گۆشەگیرکراوە. تۆبڵێی ئەمە ڕووبدا، «کۆمەر» هەستیکرد، ئەمریکا ڕووبەڕووی کێشەیەک بۆتەوە ئاخۆ چۆن لە ڕژێمی نوێ نزیکببێتەوە، بۆیە ڕاسپاردەی بۆ ئەمریکا ئەوەبوو، "هەوڵ و تەقەللای دژەهەژموونی سۆڤیەتی بدرێ و عێراقیش زیاتر


هەواڵنامەی کتێب

بگەڕێنرێتەوە سەر ڕێچکەی بێلایەنی خۆی." هەرچی دەربارەی دەستبەسەرداگرتنی زێدەمافەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراقیش بوو، «کۆمەر» نیگەرانی ئەوەبوو، کە دەستبەسەرداگرتنی بەرهەمی نەوت - جووڵەیەکی کۆمپانیای نەوتی عێراق، کە زۆر بەهەندهەڵگیراوە - " دەکرێ سەدایەکی توندوتیژی هەبێ و دەکرێ وا لە [قاسم]یش بکا دەست بەسەر کوێتدا بگرێ یان خۆی بخاتە ئامێزی ڕووسەکان." هیچ لە ئەنجامەکانیش لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نەبوون. هەر بۆ نموونە ئەگەر قاسم کوێتی گرتبا، ئەوا "سەنگەرێکی بەهێزی" لە بەرهەمی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوتەدەست، کە هەر بە تەنیا سۆڤیەت لێی سوودمەند دەبوو. «کۆمەر» نەریتئاسایانە ئەوەشی بۆ زیادکرد، "مەیلی ئێمە هیچ نەکردن (لێپاڵدانەوە) بوو، هەرچی پەیوەست بە کۆمپانیای نەوتی عێراق، کوێت و تەنانەت عێراقیش بوو، وەهای دانا، کە کۆرپەیەکی شانشینی یەکگرتووە"؛ لەگەڵ ئەوەشدا بەشی ئەمریکا لە کۆمپانیای نەوتی عێراق و کۆمپانیای نەوتی کوێت شتەکانی گۆڕی. هەر لەبەر ئەمەش، «کۆمەر» بڕوای وابوو، هەروەها لەگەڵ هەڵسەنگاندنی «جێرینگان»یش ڕەزامەندبوو، کە «ناسر» هێشتا هەر کلیلی چارەسەری کێشەکانە. ناسریش قاسمی خۆشنەدەویست و لە ڕابردووشدا لە پشت چەندین پیلانگێری دژی قاسم بووە. لە هەمان کاتیشدا، «کۆمەر» ئەوەشی خستەسەر، کە «ناسر» "دەستبەتاڵ دەردەچێ ئەگەر هاتوو نەوتی کوێت لە جیاتی کۆگاکانی خۆی بڕژێتە نێو ئەوانەی عێراق." لەژێر تیشکی ئەم حاڵەتەدا، «کۆمەر» لە «بەندی» پرسی بەڵکو کێشەکە بۆ سەرۆک کەنەدی بەرزبکاتەوە و یارمەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بدا، تا لە سیاسەتی خۆی سەبارەت بە عێراق "چاوەڕێبکە و ببینە" دەربچێ.[٥٧]

ئەوەش ڕوون بوو کە «بەندی» لەگەڵ ڕاسپاردەکانی «کۆمەر» کۆکبوو. لە ٣٠ دیسامبەریش ئەو داوای لە ژووری عەمەلیاتی کۆشکی سپی کرد، برووسکەکەی «جێرنیگان» بگەیەننە بەردەستی سەرەک کەنەدی لە نشینگەی خۆی لە «پالم بیچ». بە هاوپێچی برووسکەکەش تێبینییەکەی «بەندی» بوو کە ئاوا دەخوێنرایەوە: "دیارە پەیامەکەی «جێرنیگان» بۆ «کۆمەر» و من مایەی


هەواڵنامەی کتێب

قەناعەتپێکردنە و بە پەسەندنامەی تۆ ئەوا فشار لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەکەم، کە مەیلی تۆ وەک گۆچانێک پاڵپێوەبنێ و ڕاستەوخۆ بجووڵێ. من دەمەوێ ئەوەشی بخەمەسەر، هەڵبەت ئەگەر بلوێ، دەبێ [وەزارەت] نەخشەیەک بە هاوڕێکی لەگەڵ بەریتانییەکان دابنێ، بەڵام بەرژەوەندییەکانی ئێمە، لە نەوت و شتی دیکە زۆر ڕاستەوخۆیانە بە شتەکەوە پەیوەستن."[٥٨] ئەمەش شتێکی ناوازە و بەرچاو بوو، چونکە هێڵی بەژێر بایەخی بەرژەوەندی نەوت بۆ ئەمریکا لە عێراق و کوێت داهێنابوو، بەڵام خۆ دوو مانگیشی پێچوو تا بە کردەوە شتێکیان لەو بارەیەوە کرد.[٥٩]

بەدەنگەوەچوونی ئیدارەی کەنەدی بۆ هەرسێ سەختانگ لە ١٩٦١ دا، جەختی لەسەر بەلاوەنانی توخمی پەیوەستبوونی ئیدارەی ئایزنهاوەر لەسەر سیاسەتی "چاوەڕێبکە و ببینە" کردەوە. لەو کاتەی، ئیدارەی کەنەدی بە توندی لەگەڵ وێرانکاری سۆڤیەت لە شوێنەکانی دیکە جووڵایەوە، کەچی دیاربوو کاردانەوە سست و خاوەکەی لە بەرانبەر سەختانگی کوێت، شەڕی کورد و خۆماڵیکردنی زیدەمافەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراقدا هەندێک سەرلێشێواوانە بوو. لێرەدا ئەگەری سێ ڕوونکردنەوە هەیە. یەکەمیان، لە کاتی سەختانگەکانی عێراقدا، ئیدارەی کەنەدی بە چڕی تیشکی خۆی خستبووە سەر کێبڕکێ گرنگەکانی ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکای لاتین. دووەم، ئیدارەی کەنەدی وەهای دەبینی، کە عێراق بەشێکە لە مەودای قەڵەمڕەوی بەریتانیا، هەر بۆیە دوودڵبوو لەوەی زیاتر لە کێشەکانەوە بچێتەپێش. سێهەمیشیان، لەو کاتەی کە عێراق دیسان لەچاو دەستەواژەکانی جەنگی ساردا پەیوەندیدار بووەوە، ئیدارەی کەنەدی دەمێک بوو دەستی بەوە کردبوو لەنێو ئاژانسەکانی خۆیدا شتێک بۆ چارەسەری ئەو جۆرە کێشانە دروستبکا، کە بە گرووپێکی تایبەت (دژەیاخیبوون) ناسرا. وێڕای کورتهێنی مەیلی واشنتن کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە عێراق و کوێتەوە هەبوو، ئەمە وای لە «جێرینگان» کرد، برووسکەی توند بۆ واشنتن بنێرێ، مەبەست لێی قەناعەتپێهێنانی کۆشکی سپی بوو، کە دەست لە سیاسەتی "چاوەڕێبکە و ببینە"



هەواڵنامەی کتێب

هەڵبگرێ و ڕاستەوخۆ کردەوەیەک دژی عێراق بکا. ئەو وەرچەرخانەی سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق عێراق، زۆری خایاند.

### له بێباکییەوە بۆ پەیوەستبوون

له سەرەتای ١٩٦٢ بەدواوە، سیاسەتی ئیدارەی کەنەدی دەرهەق بە عێراق لە سیاسەتی ئایزنهاوەرەوە "چاوەڕێبکە و ببینە" گۆڕا و بووە سیاسەتی پەیوەستبوون و کردەی ژێربەژێر. ئەمەش بە دنەدانی دوو هۆکار بوو: یەکەمیان، لەنێو زۆر لە کاربەستە پلەباڵاکانی ئیدارەی کەنەدی مەیلی ئەوە ناسرایەوە، کە دەبێ سیاسەتێکی توندوبەند و دەستوەشێنتر لە دژی جووڵەکانی سۆڤیەت لە ئەوروپا و جیهانی سێدا (وەک ئەفریقا، ئاسیا، ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بگیرێتەبەر. هۆکاری دووەمیش دەستبەسەرداگرتنی عێراق بەسەر زێدەمافەکانی کۆمپانیای نەوت ئیدارەی کەنەدی هێنایە سەر ئەو بڕوایە، کە ڕژێمی قاسم بووەتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا. ئەو بەرەنجامانە وایکرد سیاسەتێکی دوو سەرە (دووفاقی) (وەک ژێربەژێر و ئاشکرا) لەبەرانبەر عێراقدا بگرنەبەر، ئیدی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بە سیاسەتەکەی خۆی سەبارەت بە عێراقدا چووەوە و تیشکی خستەسەر پەیوەستبوون و لەخۆگرتنی پەیوەندییەکی دۆستانە و ئەو ئەگەرەشی بە کراوەیی هێشتەوە بەڵکو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمە سەربەگۆبەندەکە باشتربکا، ئەمە لەکاتێکدا سی ئای ئەی بە دوای ڕووخاندنی قاسمدا دەگەڕا و بەڵکو ڕژێمێکی دۆستانەتر جێگەی بگرێتەوە. ئەم بەڵگەوبەندە بووە مایەی مشتومڕی ڕژدبوونی «هان» لەسەر ئەوەی، کە ئیدارەی کەنەدی "[بەرگریکرد] لە هەر مرخ خۆشکردنێک بۆ دەستوەردانێکی ژێربەژێری دژی قاسم.[٦٠]



هەواڵنامەی کتێب

تا سەرەتای ١٩٦٢ ئەمریکا عێراقی لە بەر ڕەوتی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و جەنگی ساردا نەناسییەوە. هەر بۆ نموونە، وێڕای چالاکی هاروهاج لە دەوروبەری زێدەمافەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کۆتایی ١٩٦١ دا، ئەم پرسە تا ناوەڕاستی شوباتی ١٩٦٢ هەر پشتگوێخرابوو، واتە تا ئەو کاتەی «کۆمەر» داوای لە «تالبۆت» کرد دەستوبرد بکات. لە سۆنگەی ئەوەی تا کانوونی یەکەم هێشتا هیچ پێشهاتێکی نوێ لە نێو عێراقدا ڕوووینەدابوو، پێدەچوو ئەم داخوازییەی «کۆمەر» هەندێک کتوپڕیانە بێ. سەربارى ئەوەش، کە یاداشتەکەی کانوونی یەکەمی «تالبۆت» لە ١٥ی شوباتەوە بۆ کۆشکی سپی بەرزکرابووەوە، کەچی هیچ شتێکی ڕاستەقینەی لێشیننەبوو.[٦١]

پاش چەند مانگێک لە پێداچوونەوە و لە ئەپڕیلی ١٩٦٢ دا، وەزارەتی دەرەوە سیاسەتێکی ڕێنمایینامەی بۆ عێراق دەرکرد. بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەوەدا بوو، پێگەی عێراق لە دەرەوەی بلۆکی سۆڤیەتی بهێڵێتەوە؛ بەردەوامبوونی هەڵقوڵانی نەوتی عێراق بۆ بەکاربەرە غەیرە کۆمۆنیستەکان و هێشتنەوەی پەیوەندی ڕاستودروست لەگەڵ حکوومەتی عێراق. لە ماوەیەکی کورتخایەنیشدا، ئەمریکا ویستی (١) پەیوەندی تایبەت و بازرگانی لەگەڵ عێراق توندتربکا، ئەمەش لە ڕێی دابینکردنی بەڵێندەرانی نەخشەسازی و تەلاردروستکردن و ببێتە کڕیاری هەناردەکانی عێراق؛ (٢) ببێتە سەرچاوەی سەرەکی عێراق بۆ دابینکردنی لایەنی تەکنیکی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکە؛ لەگەڵ (٢) قەناعەتپێهێنانی عێراق بۆ یارمەتیدانی "بۆ پاراستنی دەوڵەتە دۆستەکان لە دەست دەستدرێژی کردەوەی ژێربەژێر و ئاشکرای سەرچاوەی دەرەکی، بەبێ ئەوەی سەروەری نەتەوەیی دەوڵەتەکەش پێشێلبکرێ." لە ماوەیەکی درێژخایەنیشدا، ئەمریکا حەزی لێبوو ئەوە ببینێ کە "حکوومەتێکی پێشکەوتنخواز، خۆی بۆ ئاشتی ناوخۆ و پەرەسەندنی هەرێمایەتی و پەیوەندییەکان خۆی تەرخانبکا، ئەمەش بە یارمەتی و لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی ڕۆژئاوا لە پەیوەندییەکانی کاروباری نێودەوڵەتییدا."[٦٢]



هەواڵنامەی کتێب

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، وەزارەتی دەرەوە سەرەداوی کردەی سیاسی، سایکۆلۆژی، ئابووری و سەربازی کێشا. هەرچی دەربارەی سەرەداوی سیاسی بوو، دەبوایە ئەمریکا قەناعەت بە عێراق بهێنێ، کە سیاسەتەکەی لەسەر دۆستایەتی و بەرژەوەندی دووقۆڵی بنیادنراوە و لە تواناشیدا هەیە باری ئابووری باشبکا و پێگەی کۆمەڵایەتیشی پێشبخات، هەموو ئەمانەش لە بن هەلومەرجێک، کە سەروەریەکەشی پارێزراوبێ. هەروەها ئەمریکا پێویستی بەوە بوو، هانی عێراق بدا تا بە دوای چارەسەرییەکی پەسەندکراوی دووقۆڵی بۆ کێشەی سنووری لەگەڵ ئێران سەبارەت بە شەتاوی (ڕێڕەوی ئاوی) عەرەبدا بگەڕێ، ئەو کێشەیەی ببووە سەرچاوەی سەرەکی لەیەکترازانی پەیوەندییەکانی عێراق – ئێران. هەرچی سەبارەت بە کێشەی کوێتیش بوو، دەبوایە ئەمریکا لەسەر سیاسەتی داننان و هاندانی وڵاتە عەرەبییەکان بمابایەوە "تا نیشانی عێراقی بدەن، کە سەرچڵییەکی گەورە دەکا ئەگەر بەنیاز بێ دەستدرێژی بکاتە سەر خاکی کوێت." لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە، ئەمریکا پێویستی بە هەنگاوگەلێک بوو تا متمانەی عیراقییەکان بەدەستبێنێتەوە، ئەمەش لە ڕێی زیادکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی کەسی، چالاکی فەرهەنگی (زمانی ئینگلیزی و ئاڵوگۆڕی بەرنامە) و بەرفرەوانکردنی کتێبخانەی خزمەتگوزاری زانیاری ئەمریکی لە بەغدا. هەرچی بواری ئابووریشە، دەبوایە ئەمریکا بە خۆشییەوە بە دەم داخوازییەکانی عێراقەوە بۆ یارمەتیدانی ڕۆژئاواوە چووبا، بە جەختکردنەوە لەسەر برەودان بە "گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانی جەماوەر و هەر بە تەنیا ڕووی لە ئاسایشپارێزی ڕژێمەوە نەبێ." لە کۆتاییشدا، سەبارەت بە ڕێکاری سەربازییانە، دەبوایە ئەمریکا ئەوە بەهەند هەڵبگرێ، کە لە قازانجی ئەودایە، هەر داوایەکی عێراق بۆ کڕینی چەکوتفاقی سەربازییانە بە پارچەی یەدەگ و جێگرتنەوەی شتەکانیشەوە" هەروەها بەپیل هەر داوایەکی عێراقییەکانەوە بچن بۆ بەرفرەوانکردنی بازنەی مەشقی سەربازی لە لایەن ئەمریکییەکانەوە." بە کورتی، سیاسەتی نوێ تیشکی خستبووە سەر باشترکردنی پەیوەندییەکان، قەناعەتپێهێنانی عێراق بەوەی ئەمریکا دژی بەرژەوەندییەکانی نییە، هەروەها پەیوەندییە کەلتوورییەکانی لەسەر بنەمای لەیەکتێگەیشتنی دووقۆڵییەوە فرەوانبکا و لەکاتێکدا ئەگەر عێراق بخوازێ


هەواڵنامەی کتێب

یارمەتی سەربازییانەشی بدا. لە ڕێی ئەو هەنگاوە خۆپارێزیانەدا وەزارەتی دەرەوە بڕوای وەها بوو، دەکرێ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق بپارێزرێن، لە کاتێکدا ئەگەر ویسترا ئەگەری باشترکردنی پەیوەندییەکان بەکراوەیی بهێڵرێتەوە.[٦٣]

بەڵام هەروەک وەزارەتی دەرەوە لە ڕێبەرنامەی خۆی داینابوو، ئیدارەی کەنەدی لە نزیکبوونەوە لە عێراق هەر بە دەوری بژارەی دووەمدا سووڕایەوە ئەویش: کردەی ژێربەژێر بوو. سەرنجی دەزگەی سی ئای ئەیش لەسەر دوو ڕەگەز گیربوون: حیزبی بەعس و سوپای عێراقی. لەکاتێکدا کاربەدەستانی ئەمریکا بڕوایان وابوو، کە بەعس دژەکۆمۆنیست و دژەئیمپریالیستە، لەو کاتەدا پێویستیش نەبوو دژە ڕۆژئاوایش بێ.[٦٤] سی ئای ئەی بۆ یەکەم جار لە سەروبەندی ١٩٦١ دا مەیلی بە لای بەعسەوە چوو. بەگوێرەی قسەی «جێمس کیجفیلد»، بەرپرسی پێشووی هۆبەی سی ئای ئەی بۆ خۆرهەڵاتی نزیک بێ:

> لە ١٩٦١ و ١٩٦٢ دا، [سی ئای ئەی] مەیلی زیاتر بە لای بەعسدا ڕۆیشت –هەرچەندە بە شێوەیەکی کاراش پشتگیری نەکرا – بەڵام لە ڕووی سیاسی و کەلتوورییەوە ئێمە وامان بینی، کە بەعس جێگەی سەرنجە. ئێمە بینیمان بەعس بە شێوەیەکی تایبەتی لە عێراق گورجوگۆڵە. لێکدانەوەکانمان سەبارەت بە بەعس ئەوەبوو، لەو کاتەدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی حیزبێکی میانڕەو بوو، ئەمریکاش بە ئاسانی دەیتوانی خۆی لەگەڵ بگونجێنێ و لە ڕووی سیاسیشەوە یارمەتی بدات. کەواتە ئێمە بۆ ماوەیەکی درێژ چاومان لەسەر بەعس بوو، کە بە هێواشی ئامادەکاری دەکرد تا کۆنترۆڵی وڵات بکا. ئەوان چەندین جار و کات پلانیان دانابوو کارەکەیان بکەن، بەڵام هەر دوایاندەخست.[٦٥]


هەواڵنامەی کتێب

«هێنری ڕۆسیتسکی» خزمەتی ٢٥ ساڵەی بە ئەزموونی لە بەڕێوبەرایەتی ئۆپەراسیۆنەکاندا هەبوو، پشتگیری ئەو گوتنەی کرد. لە یادەوەری خۆیدا، ئەوەی گوت، کە سی ئای ئەی هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە پێگەی خۆی لەنێو حیزبی بەعسدا پەرەپێدابوو:

> سەرچاوەکانی سی ئای ئەی لە باشترین پێگەدابوون بۆ بەدواداچوونی هەر هەنگاوێکی خۆئامادەکردنی بەعس بۆ کودەتاکردن لە نێو عێراقدا، بەوەی تیشکی خۆیان خستبووە سەر پەیوەندی پەیداکردن لەگەڵ سەرکردە سەربازی و مەدەنییەکان لە بەغدا. سەرچاوەی سەرەکی سی ئای ئەی لە شوێنە نموونەییەکەیاندا ڕاپۆرتیان لەسەر کاتی دەقاودەقی کودەتا دەدا و لیستی ناوی ئەندامانی کابینەی حکومەتیشیان نووسی.[٦٦]

سێیەم کاربەدەستی سی ئای ئەی «جاک ئۆکۆنێل»، بەرپرسی وێستگەی سی ئای ئەی لە عەمان لە ١٩٦٣ تا ١٩٧١، ئەوەی گوت، کە سی ئای ئەی هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە دزەی کردبووە نێو باڵی عێراقی حیزبی بەعسەوە،[٦٧] ئاماژەش بوو بۆ ئەوەی ئەو ئەفسەری فایلی سەرچاوەی نزیکبوو لە بەعسی عێراق.[٦٨] هەر لەبەرئەوەش، بەلای کەمییەوە لە ١٩٦١ ەوە سی ئای ئەی مەیلداربوو بە حیزبی بەعس و بە لای کەمیەوە یەکێکی لە ئاستێکی باڵاوە لەنێو ئەواندا چاندبوو تا زانیارییان لەسەر پلانەکانیان بداتێ.

هەروەها ئامانجێکی دیکەی سی ئای ئەی لەشکری عیراقی بوو بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر سیستمی چەکی سۆڤیەتی پەیدابکەن و بەدوای ئەوەشدا بگەڕێن، کە جێگرەوەیەکی لەبار بۆ قاسم ببیننەوە. لە سەرەتای شەستەکانەوە، سی ئای توانیبووی دزەبکاتە نێو پرۆژەیەکی زۆر نهێنی مووشەکی زەوی بۆ هەوایی سۆڤیەتی، بە هۆیەوە زانیاری گرانبەهای سەبارەت بە بەرنامەی مووشەکی بالیستیکی لێدەرهێنا.[٦٩] بەگوێرەی قسەی ئەفسەری ئۆپەراسیۆنەکانی



هەواڵنامەی کتێب

سی ئای ئەی بێ، کە لە سەرەتاکانی شەستەکانەوە لە ئێران جێگیرکرابوو، لە بەهاری ١٩٦٢ دا، کۆشکی سپی فەرمانی بە سی ئای ئەی کردبوو، پلانێک بۆ ڕووخاندنی قاسم دەستپێبکەن. ئاژانسەکەش «ئارکی ڕۆزڤێلت»ی بۆ کردەوەکە ڕاسپارد.[٧٠] «ڕۆگەر مۆریس»یش ئەندامی پێشووی دەستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، ڕۆڵی «ڕۆزڤێلت»ی لە ئۆپەراسیۆنەکە سەلماند. «مۆریس» لە وتارێکیدا، گوتی بە ڕاشەکاوی لە ئەفسەرانی سی ئای ئەی بیستووە، چۆن سەبارەت بە گرێدانی پەیوەندییان لەگەڵ حیزبی بەعس دەدوان.[٧١] لەو کاتەی سی ئای ئەی بایەخی بە حیزبی بەعس دەدا، لە ڕاستیدا تیشکی سەرەکییان خستبووە سەر سوپا.[٧٢]

بە گوێرەی ڕێنماییینامەی نوێ سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە و شایەدنامەی بەشێکی بەرفرەوان لە کاربەدەستانی سی ئای ئەی، ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە لە بە هاری ١٩٦٢ دا، ئەمریکا سیاسەتی دووسەرە (دوو فاقەی) دەرهەق بە عێراق پەیڕەوکردوە، کە بریتیبوو هەم لە پەیوەستی دیپلۆماسی و هەم کردەی ژێربەژێریشەوە.

### هەڵسەنگاندنەوەی عێراق

لە سەرەتای ١٩٦٢ دا، کاربەدەستانی ئەمریکا لەوە نیگەرانبوون، کە بارودۆخی عێراق بە خێرایی شڵۆقدەبێ و دەستیان بە نەخشەیەکی لەناکاو کرد تا لە کۆتاییدا قاسم بڕووخێنن. لەکاتێکدا گومان لەسەر ئەوە نەبوو، هۆبەی ڕۆژهەڵاتی نزیک، کە لە نزیکەوە چاودێری عێراقیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەک زەنگی هۆشدارییشیان لێدا، کەچی وەک پێویست بایەخیان پێنەدرا. ئیدارەی کەنەدی لە حوزەیراندا هێدمەگرتی بوو، ئەوەش لەو کاتەی باڵوێزەکەی لە عێراق دەرکرا و ئاستی پەیوەندییەکانیشی زۆر دابەزی، کەچی هێشتاش بە تەواوی نەبووە مایەی پچڕاندنی پەیوەندییەکان.


هەواڵنامەی کتێب

لە ٣ی ئایاردا، نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک ڕاپۆرتێکی دەستاودەست کرد، کە گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی، لە ١٩٥٨ دا لەو کاتەی کودەتاکە کراوە گوایە "پیلانی ڕووخانی قاسم لەلایەن کەسە هەڵگەڕاوەکان داڕێژرابێ." لەم خاڵەدا، نووسینگەی ڕۆژهەلاتی نزیک چاودێری ئەوەی کردبوو، کە قاسم "بێزراوە، خۆشیان ناوێ و تا ڕاددەیەک لە لایەن هەموو چین و توێژەکانی عێراق خۆشەویست نییە، پێدەچی ئەم ڕکوکینە پەڕیبێتەوە نێو سوپاش." نووسینگەکە پێنج ئەگەری لەپێش خۆی دانابوون. (**یەکەم**)، ئاخۆ پێویستە قاسم لە لایەن ناسیۆنالیستەکان بڕووخێنرێ، ئەوانەی لە سەرتاسەری وڵات لە جەماوەرەوە پشگیرییان لێدەکرێ، ئەمریکاش پێویستە پرسی دانپێدانانیان زۆر بەهەند هەڵبگرێ. (**دووەم**)، ئەگەر حیزبی بەعس دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوا پێویستە ئەمریکا پرسی دانپێدانانەکە بوەخرێنێ تا ئەو کاتەی دڵنیادەبێ، کە دەستی بەسەرسەرتاپای وڵاتدا داگرتووە. (**سێیەم**)، ئەگەر کورد پشتگیری حکوومەتی ناسیونالیستەکان یان بەعسییەکانیان نەکرد و داوای ئۆتۆنۆمیان لە نێو عێراقدا کرد، ئەوا لەسەر ئەمریکا پێویستە دان بە حکوومەتە نوێکەدا بنێ و خۆشی لە پشتگیری هەر داوایەکی کورد بە دوور بگرێ. (**چوارەم**)، ئەگەر هاتوو ململانێی نێوخۆی کۆمۆنیستەکان و غەیرە کۆمۆنیستەکان تەقییەوە، ئەوا لەسەر ئەمریکا پێویستە ڕاوێژ لەگەڵ بەریتانییەکان بکا، لە ڕێگەی کردەی ژێربەژێرەوە پشتی لایەنە غەیرە کۆمۆنیستەکان بگرێ، لە کاتێکدا پێویستە هەر دەستوەردانێک چ لە لایەن ئەمریکا یان هەر هێزێکی ڕۆژئاواییەوە بێ بە تورکیا و ئێرانیشەوە بە دوورگیرێ. نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک ئەوەشی بە پێویست زانی، کە ناسر لەهەر جووڵەیەک ئاگاداربکرێتەوە. ئەگەری (**پێنجەم**) و کۆتاییش، ئەگەر کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، لەسەر ئەمریکا پێویستە بڕیاربدا "باشترین ڕێگە و کەناڵی بەردەست بۆ کاردانەوەی ئەو زەنگی مەترسیەی لە لایەن دراوسێکانی عێراقەوە لێدەدرێ، ئامادەبکا." ئەم ڕێکارە ئەوەشی دەگرتەوە، کە پرسەکە ببنە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم ڕاپۆرتە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە نیگەرانبوونی نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک چەند سەختگیر بووە، هێشتاش مایەی سەرنجدان بوو، ئەم ڕاپۆرتە وەک هۆشدارییەکانی


هەواڵنامەی کتێب

پێشتری سەر عێراق دوو مانگی ڕەبەقی خایاند تا گەیشتە کۆشکی سپی، هەروەک جاران، ئەمەشیان تەنیا لە کاردانەوەی داواکاری زانیارییەوە بوو.[٧٣]

ڕەوشەکە لە کۆتایی مانگی ئایاردا سەیر وەرچەرخا، ئەمەش ئەوکاتە بوو کە ئەمریکا زانی، ئێران بە سیاسەتەکەی خۆی لە بەرانبەر کورددا چۆتەوە، ئەوانەی هێشتا هەر دژی سوپای عێراق دەجەنگان. ئەمەش وای لە وەزارەتی دەرەوە کرد، لە ٢٤ی ئایاردا ئاگاداری باڵوێزخانەی خۆیان لە تاران بکەنەوە، کە "ئاماژە لە لایەنە گرنگەکانی حکوومەتی تاران دەرچووە... کە بەهەندهەڵگرتنی بنەمای سیاسەتی پێشتر و ئێستا لەوەی بە ڕکوکینەوە تەماشای هەر هەڵگەڕانەوەیەکی کوردیان کردووە هەڵبسەنگێرێتەوە بە سیاسەتی هاوکارییەکی ژێربەژێری لەگەڵ یاخیبووان وەربگەڕێ." وەزارەت فەرمانی بە باڵوێزخانەکەی دا، "لەسەر ئاستێکی لەبار لە حکوومەتی ئێران (بە وەزارەتی دەرەوە، ساڤاک یان لەشکر) نزیکببنەوە و بەشێوەیەکی نافەرمی پێیان ڕابگەیەنن، کە ئەمریکا بێتوانایە لە ڕەچاوکردنی هەر ئەگەرێکی مەیلی ئێرانییەکان بەوەی خزمەتی تاکلایەنەی کێشە و ململانێی لە نێوان حکوومەتی عێراق و کوردی عێراقدا بکا." لەو کاتەدا ئەوە لە ئێران ناسراوبوو "کە هی جڵەوکردن نییە... " وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڕوای وابوو "هاندەر بۆ چوونەپاڵ لایەنی براوە لە کێشەکە، دەستوەردان لە هەردوولاوە... دەبێتە مایەی دژواری پتر لەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندییە سەرەتاییەکانی ئێران یان ئەمریکادا بێ." وەک وەزارەت هەستیکرد، یارمەتیدانی کورد، تەنیا دەبێتە مایەی دژایەتیکردنێکی ناپێویست لەگەڵ عیراق، لەوانەشە هەردوولای شەڕکەر پێیانخۆش نەبێ و لەبەر هەبوونی کەمایەتییەکی بەرچاوی لای خۆی، ڕەوشەکە لە بەرژەوەندی ئێراندا نییە. وەزارەت گەیشتبووە ئەو ئەنجامە:

> لەژێر ئەو هەلومەرجەدا، پێدەچێ بۆ ئێران سیاسەتی مەحکەمی بێلایەنی و چاوەڕوانییەکی چڕی ڕەوشەکە زۆر سوودمەنتربێ لە پابەندبوون، ئەوسا چ بە کردەی ڕاشەکاو یان ژێربەژێربێ بۆ دەستوەردان. سیاسەتی هیچنەکردن (ناکارا)ی حیساببۆکراو



هەواڵنامەی کتێب

لەبەرژەوەندی ئێراندایە چونکە دەرفەتێکی هەرەزۆری بۆ مانۆڕ دەداتێ کاتێ ڕەوشەکە لەپڕ بگۆڕێ.[٧٤]

دوو ڕۆژ دواتر، باڵیۆزخانە ڕاپۆرتی دا کە، پرسەکەی گەیاندۆتە وەزارەتی دەرەوە، ئەوانیش "بە تەواوی کۆدەنگ بوون" لەسەر پێگەی ئەمریکا. پاشان شای ئێران «محەمەد ڕەزا پەهلەوی» بە بەریتانییەکانی گوتبوو، "پێداچوونەوەی بە سیاسەتی ئێران لەبەرانبەر کورددا کردووە و پرسی دەستوەرنەدانی سەلماندۆتەوە،" ئەمەش ئاماژەیەک بوو، گوایە ڕاوێژی ئەمریکایان پەسەندکردووە.[٧٥]

ئەم پەرەسەندنەی ڕەوتی ڕووداوەکان، ژمارەیەک پرسی گرنگی سەبارەت بە ئێرانییەکان و سیاسەتەکانی ئەمریکا هێنایەپێشەوە. چما لەپڕ ئێران بایەخی بە کورد دا؟ ئەرێ بۆچی دوای ساڵێک لە ڕوانین بۆ بارزانی وەک هەڕەشەیەک و پشتگیریکردنی هێزی دژەبارزانی،[٧٦] کەچی شا لەهیکەوە بڕیاریدا ڕای خۆی بگۆڕێ؟ بەهەمان بڕیش، لە ژێر تیشکی شڵۆقبوونی ڕەوش لە عێراقدا، نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک نیگەرانبوو لەوەی ڕژێمی قاسم لە مەترسیدایە، باشە بۆچی ئیدارەی کەنەدی بەم جۆرە نەرێییە کاردانەوەی لە هەمبەر بیرۆکەی پشتگیری ئێران بۆ کورد کرد؟ لەڕوانگەی ئێرانەوە، یارمەتیدانی کورد ڕێگەیەکی سوودبەخش بوو بۆ ناسەقامگیرکردنی ڕەوشی عێراق، ئەو وڵاتەی کە لە مێژووەوە تاکە کێبڕکاری داڕسێنەربوو بۆ زاڵبوونی هەرێمایەتی. بەڵام لە ڕوانینی واشنتنەوە، کورد بە مۆسکۆوە گرێدرابوون - هەرچەندە بێهێزیش بوو - و ئاواتی ناسیونالیستانەی وایان تێدابوو ببنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر تورکیا و ئێران، کە ئەوانیش دوو هاوپەیمانی هەرەنزیکی ئەمریکا بوون لە هەرێمەکەدا. لەبەرئەوە ئەمریکا بڕوای وابوو هەر پشتگیرییەک بۆ کورد، تەنانەت گەر لە لایەن هاوپەیمانێکی وەک ئێرانیشەوە بێ، ئەوا بە بەرژەوەندی نەخشەکانی هەرێمایەتی سۆڤیەتەوە دەشکێتەوە و هەر بۆیەشە نەفرینێکە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.


هەواڵنامەی کتێب

هەر ئەوکاتەی ئێران یارمەتیدانی کوردی بەهەندهەڵگرت، سەختانگێک لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراقدا سەریهەڵدا. لە ٢ی حوزەیراندا، «هاشم جەواد» وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق، داوای لە باڵوێزخانەی ئەمریکا کرد تا بە باڵوێز «جێرینگان» ڕابگەیەنێ، کە عێراق باڵوێزەکەی خۆی لە واشنتن دەکێشێتەوە و داواش دەکا ئەویش لە بەغدا بڕوا.[٧٧] بزوێنەری ئەم بڕیارەش، ئەوەبوو ڕۆژی پێشتر، «کەنەدی» نامەی متمانەی لە باڵوێزی نوێی کوێت وەرگرتبوو، کردەوەیەک لەمێژبوو عێراق هۆشداری دابووە ئەمریکا، کە بەم کارەی پەیوەندییەکانیان تێکدەدا.[٧٨] مایەی پرسیارکردن نییە، وێڕای ژمارەیەک هۆشدارینامەی عێراق، پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان بە تەواوی بۆ ئیدارەی ئایزنهاوەر کارێکی لەپڕ و سەرسوڕمان بوو. لە نامەیەکی «کۆمەر» بۆ کەنەدی ئەو پچڕاندنەی پەیوەندییەکان ڕووندەکاتەوە و جەختیش لەسەر هەراسانییەکەی خۆی دەکاتەوە.

> لە شەرمەزارییان ڕووم تەواو سوور هەڵگەڕاوە، کە نەمتوانی ئاگادارت بکەمەوە لەوەی وەرگرتنی باڵوێزی کوێت دەبێتە مایەی بانگکردنەوەی باڵوێزی عێراق و گەڕانەوەی «جێرینگان» لە بەغداوە... [ئێمە] بەر لە ئێستا سەرچڵییەکی پێشوەختەمان کرد، ئەویش ئەو کاتەی لەگەڵ بەریتانیا و هەندێ دەوڵەتی عەرەبی دیکەدا دانمان بە سەربەخۆیی کوێتدا نا. ستافەکەی ئێوە بە تەواوی لەگەڵ ئەم بڕیارە کۆک بوون. من هەر ئەوەندە دەڵێم، کە بۆ جاری دادێ بەرلەوەی کۆشک سپی واژۆ لەسەر شتێک بکا، ئێمە سەرۆک دڵنیابکەینەوە کەوا پێویستە زانیاری لەبارەوە لەبەردەستدا بێ.[٧٩]

پاش دارمانی پەیوەندییەکان، «کۆمەر» هەوڵی خۆی لەبارەی ڕاستکردنەوەی هەڵەکە دا. دوای کورتە ڕوانینێک، لە ٤ی حوزەیراندا یاداشتێکی بۆ وەزارەتی دەرەوە نارد، کە هێڵی بەژێر سێ خاڵی نیگەراندا کێشابوو: (١) عێراق بە هێواشی بەڵام وردەوردە بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت دەڕوا؛ (٢) جەماوەری قاسم


هەواڵنامەی کتێب

له هەموو کاتێک کەمتربوەتەوە؛ (٣) "بە ئاکامی پێشبینینەکراو ڕووخانی ئەو زوو یان درەنگ شتێکی حەتمییە." جارێکی دیکە «کۆمەر» لە بارەی سیاسەتی "چاوەڕێبکە و ببینە"ی لە وەزارەتی دەرەوەی پرسی، بەڵام دەشیزانی کە بژارەی[17] کەم لەبەردەستدا هەن. ئینجا داوای پێداچوونەوەی بە سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق کرد، تیشکی خستەسەر ئەوەی ئاخۆ چۆن ئەمریکا بە باشترین شێوە کاردانەوەی بۆ هەر دەرفەتێکی گۆڕینی کتوپڕی دەسەڵاتەوە هەبێ، هەروەها بۆسەر ئەو ڕێگەیانەی بە هۆیەوە بەرەنگاری ئەو ئاراستە ببێتەوە، کە عێراق بەرەو سۆڤیەت وەردەچەرخێ.[٨٠]

ئەم دوو یاداشتانە نیشانەبوون بۆ کەموکوڕی بایەخپێدانی ئاستی باڵای حکوومەتی ئەمریکا بە کاروباری عێراق، ئەمەش بە توندی پێچەوانەی ئەو ڕەوشە چاودێرییە چڕوپڕەی بوو، کە لە سەردەمی ئایزنهاوەر بۆ عێراق لە گۆڕیدا بوو. لەوەش زیاتر، «کۆمەر» داوای پێداچوونەوەی بە کەلێنی زانیاری زەقی نێوان کۆشکی سپی و وەزارەتی کاروباری دەرەوەشی کرد. ڕاستییەکەشی ئەوەبوو هۆبەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک، تازە دوو مانگ بوو لە پێداچوونەوەی سیاسەتەکەیان دەربارەی عێراق ببوونەوە، کە بەشێوەیەکی تایبەت تیشکی خستبووە سەر ئەو لایەنانەی «کۆمەر» خوازیاربوو پێیدابچنەوە. شتەکە مایەی لێتێگەیشتنە، کە لە کۆتاییدا، تێکچوونی پەیوەندییەکان سەرنجی کۆشکی سپی بەوە ڕاکێشا، بەڵکو بایەخی زیاتر بداتە لێوردبوونەوە لە عێراق.

لە ٢٠ی حوزەیرانیشدا، «ولیەم بروبێک» سکرتێری جێبەجێکاری وەزارەتی دەرەوە یاداشتێکی بۆ «بەندی» نارد تێیدا سەرهێڵەکانی سیاسەتی عێراق هاوپێچ لەگەڵ زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی تازەی نارد، کە بەولایەدا دەڕۆیشت گوایە ڕەوشی عێراق ئەوەندەش بەد نییە وەک دیارە. «بروبەک» ڕوونیکردەوە، ئەو نەیارییەی عێراق لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا هەیەتی، پێدەچێ "بە ئەنقەست وەک

---

[17] بژارە، ئەڵتەرنایڤ


هەواڵنامەی کتێب

هەڕەشەیەک لەسەر ڕۆژاوا دروستکرابێ، بەوەی عێراق بەرەبەرە بەرەو بلۆکی سۆڤیەتی هەنگاودەنێ." لەگەڵ ئەوەشدا هەستیکرد قاسم دەتوانی لەسەر سیاسەتەکە تا لێواری خەرەند لەگەڵی بڕوا، بێئەوەی کۆنترۆڵی وڵاتەکەیشی لەدەست دەربچێت و بکەوێتە دەست «حشع»، هەر لەوێشدا گەیشتبووە بەرەنجامێک، ئەو پاڵەپەستۆیەی ناسیونالیستەکان دژی قاسم ئەوەندە بەهێزە، بای ئەوە دەکا، گۆڕانگارییەک بهێنێتەدی، کە حکوومەتێکی بەهێزی ناسیونالیستی بێتەسەرکار، بەڵام بە سیاسەتێکی دەرەکی هاوسەنگتر. لەبەر ئەوە ئەمریکا پێویستە " ئەو سیاسەتەی ئێمە هەمانە بپارێزێ، تا بۆی بکرێ و سەرەڕای ئاستەنگەکانیش دەبێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئاساییبکاتەوە." سەبارەت بە پرسیارێکی پێداچوونەوە، «بروبێک» دانەیەکی لە سیاسەتی نۆژەنکراوە و نەخشەی لەناکاوی عێراقی دوای قاسم هاوپێچکردبوو، باوەڕی خۆشی ڕوونکردبووەوە، کە سیاسەتەکە مایەی ڕەزامەندییە."[٨١]

تێکچوونی پەیوەندی دیپلۆماتی لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ١٩٦٢ دا ساتێکی لەیەکجیاکەرەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق بوو. لەماوەی بەر لەو کاتەوە، عێراق بە ئاستەم لە سیاسەتی دەرەکی ئیدارەی کەنەدیدا وێناکرابوو، هەڵبەتە ئەمەش مایەی داڕسانێکی گەورەبوو. لەوەش هەرگەڕێ، شکستی دەستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە ئاگادارکردنەوەی سەرۆک بۆ پەسەندکردنی باڵوێزی کوێت عێراقی گەیاندە ئاستی پەیوەندی تێکچوون لەگەڵ ئەمریکا، کە بووە مایەی تێکشکانی پەیوەندی نێوان وەزارەتی کاروباری دەرەوە و کۆشکی سپی، کە دیاربوو هەر لەکاتی دەستبەکاربوونی کەنەدییەوە پەیدابوو. سەربارەی ئەمەش ئەو تێکچوونەی پەیوەندییەکان کۆشکی سپی ناچارکرد ڕەوشی عێراق بەهەند هەڵبگرێ.



هەواڵنامەی کتێب

**لە نەجووڵانەوە بۆ تەکاندان**

ئەو ماوەیەی هەر لە تێکچوونی پەیوەندی دیپلۆماتی لە حوزەیرانی ١٩٦٢ـەوە تا گەیشتە کودەتای بەعس لە شوباتی ١٩٦٣ دا، بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراق ماوەی گواستنەوە بوو. دوابەدوای دارمانی پەیوەندییەکان، تا دەهات ڕژێمی قاسم بە هۆی هەڕەشە پیلانگێڕی گرووپە زۆروزەوەندە بەربڵاوەکان شلۆقتر بوو، تا لە کۆتایشدا ڕووخا. لەوکاتەدا دارمانی پەیوەندییەکان لە ڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە هەراسانکەر بوو، ڕەچاودەکرا هۆشداری بدرێتە عێراق. شایانی باسیشە لەو ماوەیەدا، شەڕە نەبڕاوەکەی کورد لەچاو سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق بووە مایەی بایەخپێدانی زیاتر. هۆکارەکەش دووانە بوو. **یەکەمین** شت، ئێران بڕیاریدابوو، کەوا کورد ئامرازێکی بەکەڵکن بۆ شلۆقکردنی دۆخی عێراق و سەرقاڵکردنی سوپای عێراقی پێیەوە، ئەمەش خەڵاتێکی گەورەبوو بۆ ئیسرائیل. هۆکاری **دووەمیش** لەبەر پەیوەندی ناحەزانەی نێوان ئەمریکا و عێراقەوە بوو، خەریکبوو کاربەدەستە ئەمریکییەکان ڕێکاری نەیارانەیان بۆ سووککردنی ڕژێم بەهەندهەڵدەگرت، بە ناردنی ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییەکانیشەوە بۆ کوردستانی عێراق. ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسە بوێرەکان بە ستوننووسی ڕۆژنامەی «نیویۆرک تایمزی» یشەوە «دانا ئادەمز شمیت» سەردانی کوردستانی کرد، ئیدی لە دەستی یەکەمەوە هەواڵەکانی جەنگی یەکساڵەی کورد بیسترا، ساڵەکە تێپەڕی بوو بێ ئەوەی ڕۆژئاوا هەر هەستیشی پێبکا. هەرچەندە لە پایزی ١٩٦٢ دا هەواڵی کورد گەیشتە سەر لاپەڕە یەکەمەکانی ڕۆژنامەکان، ئیدارەی کەنەدی ناچاربوو شۆڕشەکە بناسێنی و سیاسەتێکی ڕوونی لەبارەوە هەبێ. لەوەش پتر ئەو وتارانە سوودێکی دیکەی سەرباریان لەوەدا هەبوو، کە وێنە کۆنەکە بڕەوێننەوە، بەوەی بارزانی بە کۆمۆنیست وێنادەکرا لەوەی جەنگاوەرێکی ئازادی بێ، لەڕاستیدا ئەو ڕێگربوو لەوەی کۆمۆنیست جڵەوی عێراق بگرێتەدەست. بۆ کوردیش ئەم ڕاپۆرتانە وەک کودەتایەکی پەیوەندییە گشتییەکان بوو.


هەواڵنامەی کتێب

دوای دارمانی پەیوەندییەکان، زۆری نەخایاند، دیپلۆماتە بەریتانییەکان بە باڵوێزخانەی ئەمریکایان لە بەغدا ڕاگەیاند، کە "گروپێک لە ئەفسەران" نەخشەی ڕووخاندنی قاسمیان دارشتووە و بەنیازی دانانی ڕژێمێکی ناسیونالستی دژەکۆمۆنیستین. ئەم ئەفسەرانەش بە دوای دڵنیابوونێکی خێرا بۆ دانپێدانیان و کردنەوەی هێڵی دابینکردنی چەک و تفاقی سەربازییانە دەگەڕان، کە هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سۆڤیەتییەکان ببڕن. وێڕای ئەمەش ئەوان تاکە گرووپ نەبوون؛ ئاخر باڵوێزخانە ڕاپۆرتی دیکەی لەسەر پیلانگێڕی بەربڵاو لە دژی ڕژێم بەرزکردەوە، کە پیلانەکە لەلایەن ئەمانەوە بوو: (١) ئەو سەرۆک هۆزانەی لایەنگری هاشمییەکان بوون، سیاسییەکانی ڕژێمی کۆن، ئەفسەرانی سوپا ئەوانەی لەگەڵ پەیوەندی توندوتۆڵی عێراق - ئوردندا بوون؛ (٢) ئەفسەرە پلەباڵاکان، ئەوانەی لە پەیوەندی نزیکی قاسم لەگەڵ سۆڤیەت دەترسان؛ (٣) گرووپەکانی دژەکۆمۆنیست ئەوانەی بە دوای ڕووخانی قاسمدا دەگەڕان تا پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ بەریتانیا و ڕۆژئاوا گرێبدەنەوە.[٨٢] لەبەر ئەوە مایەی سەرسوڕمان نەبوو، گرووپێک لە ئەفسەرە عێراقییەکان لە دژی قاسم لەپیلانگێڕاندا بن. ئینجا لە ناوەڕاستی تەموزی ١٩٦٢ دا، سەرچاوەکانی سی ئای ئەی لەنێو حیزبی بەعسدا ڕاپۆرتیان دا، کە گرووپێک بۆ ڕۆژی پاشتر نەخشەی بۆ کودەتایەک کێشاوە، کەچی لە دوا ساتدا هەڵوەشێنرایەوە.[٨٣]

پاش سێ ڕۆژ، «ڕۆجەر داڤیس» جێگری بەرپرسی ئەرکەکانی ئەمریکا لە بەغدا چاوی بە «سێر رۆگار ئاللن» باڵوێزی بەریتانیا کەوت تا دۆخەکەی لەگەڵدا تاوتوێبکا. هەر بۆ نموونە «سێر ڕۆگار ئاللن» پەردەی لەسەر وردەکاری تایبەت بە کودەتا هەڵوەشێنراوەکەی بەعس هەڵدایەوە، ئەوەشی ڕاگەیاند، کە ئەفسەرانی دژەقاسم پلانیان وابوو، قاسم لە گەشتەکەی ئەم دوایەی بۆ کەربەلا لەناوبەرن و بەغداش لە ڕێی هێزی زرێپۆش و ئاسمانەوە بگرن؛ بەڵام بۆ بەدبەختی ڕووننەکرایەوە ئاخۆ بۆچی نەخشەکە هەڵوەشێنرایەوە. دەردەدڵی «سێر ڕۆگار» ئەوەبوو، کە دۆخەکە هاندەر نییە و شتی زۆر کەمیش هەیە، کە ئەمریکا یان بەریتانیا بتوانن بیکەن تا پارێزگاری لە پەیوەندییە "ڕاستەڕێیەکان" بکەن. «داڤیس ڕۆجەر» دڵنیانەبوو و گوتی، کە هەوڵیداوە "توانستی هاوبەش



هەواڵنامەی کتێب

بدۆزێتەوە بەڵکو لە بەرانبەر ئەو فشارانە بەکاربهێنرێ کە دژمان بوونەتەوە."
هەر لەسەر ئەم سەرهێڵەدا، ئەو پێشنیازی کرد، بەڵکو هانی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە هەواڵییانەی "پەلاماری تیرۆرستانە دژی گوندە کوردییەکان لە باکوور" بە شێویەکی ژێربەژێر بەکاربهێنرێ بەڵکو "وێنەی قاسم لە دەرەوە زیاتر بشێوێنرێ و دەرفەتێکی وەها بێتەپێشەوە کە بایکۆتی نەوتی عێراق بکرێ. بەم جۆرە «ئاللن» گوتی، شتێکی سوودبەخش دەبێ هەردوولایان بەدوای ئەو سەرچاوانەیاندا بگەڕێن بەڵکو بەهۆیەوە فشار بخەنە سەر قاسم. بەڵام وەک ئەو گوتی یەک کێشە هەبوو، ئەویش کاربەدەستان لە لەندەن هەستیان وایە کە هیچ جێگرەوەیەک بۆ قاسم لە عێراقدا نییە، بەڵام هەوڵدەدا بیرۆکەی خۆی بۆ لابردنی قاسمیان بە "بازنە دیارکراوەکانی وەزارەتی دەرەوە" بفرۆشێتەوە.[٨٤]
وێڕای ئەوەی هێشتا وردەکاری کردەنیازەکەی واشنتن و لەندەن بەردەست نەبوو، ڕاستییەکەی ئەوەبوو، کە ڕۆژنامەی «نیویۆرک تایمز» بەرپرسی نوسیینگەی خۆی لە بەیروت «دانا ئاددەمز شمیت» بە دەرەنگانێکی مانگی تەمموز ناردبووە کوردستانی عێراق، کە بە ئاستەم پێدەچوو ناردنەکەی کارێکی ڕێکەوتانە بێ.

لە ٢١ی تەممووزدا، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لێکدانەوەیەکی دوورودرێژی لەسەر شەڕی کورد نووسی. دوای نزیکەی ساڵێک لە شەڕ و بەیەکدادان، باڵوێزخانە لەو بڕوایەدا بوو، کە هەر بەڕاستی شۆڕشەکە جموجۆڵێکی نەتەوایەتییە، "دوورە لەهەر هەژموونێکی بێگانە." ئەمەش گرنگ بوو، چونکە تەمی ئەو بیرۆکەی ڕەواندەوە گوایە، باڵوێزخانەکە پێیوابوو دوایین مەبەستی بارزانی "یەکخستن و سەربەخۆیی کوردستانە"، هەرچەندە واپێدەچوو "شتی زۆر لەوە کەمتر بێ." ڕاپۆرتەکە ئەوەی ڕوون و ئاشکرا کرد، کە باڵوێزخانەکە بە وەڵامی ڕژێم بۆ شۆڕشەکە حەپەسا، وای قاسم وێناکرد، کە هەم" پەلەقاژەیەتی و هەمیش حەیران ماوە." تاکە هیوای ئەو ئەوەبوو بەڵکو لە ڕێی سیاسەتی بە سوتماککردنی زەوی، لە زستاندا بەرە لەبن پێی کورد دەربهێنێ و سەرکوتیان بکا، بەڵام لەبەر لەیەکنزیکبوونەوەی شا و بارزانی، دیاربوو ئەم شتە ڕووی نەدا.[٨٥]


هەواڵنامەی کتێب

لە ئاخروئۆخری تەمموزدا، سەروەزیری ئێران «ئەسەدوڵلا عەلەم» بە «یولیوس هۆلمز»ی باڵوێزی ئەمەریکی لە ئێرانی گوت، جارێکی دیکە شا بە سیاسەتەکەی خۆی لەبەرانبەر کورداندا چۆتەوە. بەگوێرەی «هۆلمز» بێ:

> «عەلەم» گوتی، کە ئێران تا ئێستا سیاسەتی دەستوەرنەدانی گرتووەتەبەر، مەگەر پێویستیکردبێ هەنگاوی پێویستی بۆ پاراستنی سنووری ئێران - عێراق گرتبێتەبەر، ئەویش بە ناردنی هەندێ هێزی سەربازی لە هاوینی ڕابردوو، لەو کاتەی ئەگەری ئەوە هەبوو هەندێ لە باڵەکانی بارزانی دزەیان کردبێتە نێو سنووری ئێرانەوە.[٨٦]

ئەو گوتی لە کۆمەڵێ بۆنەدا بارزانی خۆی لە شا چۆتەپێش و بەدوای یارمەتی گەڕاوە لە دژی عێراق و بەڵێنی قوڕسیشی داوە، بەوەی لە چاکە و بەرانبەردا کوردستانی عێراق بە ئێرانەوە بلکێنێ. لەکاتێکدا شا ئەم داوایەی بارزانی ڕەتکردەوە، هەندێ لە توخمە سەربازییەکانی ئێرانی بڕوایان وەها بوو، دەکرێ یارمەتیدانی کورد ببێتە ئامرازێکی بەردەست بۆ بنکۆڵکردنی قاسم، ئەو قاسمەی وایان دەبینی، کە بووکەڵەیەکی دەستی سۆڤیەت بێ. ئەم بەڵگەوبەندەش لە دەماری شای دا، کە ئەویش ئەوەی بەهەندهەڵگرت کە "پێگەی ئەرێنی باشتر دەرهەق بە کوردی عێراق بگرنەبەر."[٨٧]

ئەو ئاشنایەتییەی «عەلەم» بووە مایەی زەنگی هۆشیاری لە لای سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا و بووە مایەی وروژاندنی کۆمەڵێ کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری لەگەڵ باڵوێزخانەکانیان لە تاران، ئەنکەرە و لەندەن. لە تاران دیپلۆماتە ئەمریکییەکان دژی ئەو بادانەوەیە بوون، ئەوان مشتومڕیان لەسەر ئەوە کرد، کە پێویستە ئەمریکا هانی "سیاسەتی ڕۆشنی ئێران" لەبەرانبەر کورد بدا. کاربەدەستانیش لە بەغدا هەستیانکرد پێشنیازەکەی تاران "تەواو گونجاوە" و ڕامانی خۆشیان بۆ زیادکرد، بەوەی ئەوان لەگەڵ ئەوە کۆکن، کە کێشەی



هەواڵنامەی کتێب

کورد "تەنیا بە شێوازی سەربازییانە چارەسەر نابێ."[٨٨] لە هەڵسەنگاندنی بەدەنگەوەچوونیشدا دیپلۆماتەکانی ئەمریکی لە تورکیا و ئێراندا، وەزارەتی کاروباری دەرەوە کورتهێن بوو لە هاوئاوازی لە نێوان ئەو دووانەدا و ڕێنمایی بە باڵوێزخانەکانی خۆی دا و داوایلێکردن لەسەر سیاسەتەکەیان سەبارەت بە کێشەی کورد هاوڕێکتر بن.[٨٩] لە ١٤ی ئاب و لە ڕاوێژیش لەگەڵ بەریتانییەکاندا، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ئاماژەیان بەوەدا، ئەوان سیاسەتی "دەستوەرنەدانیان" لەبەرانبەر کورددا گرتۆتەبەر و بەردەوامیشن لە ڕەتکردنەوەی هەر داوایەک بۆ کۆمەک و پشتگیری.[٩٠] ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو، کە بە گشتی کۆدەنگییەک لەنێو هاوپەیمانانی ئەمریکا هەبوو، کە دەبێ ئێران لە یارمەتیدانی کورد دووربکەوێتەوە.

لەو نێوەدا و لە سەرەتای مانگی ئابدا، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بەوەی زانی، کە قاسم بانگی ئەنجوومەنی بەرگری خۆی کردووە، بەڵکو نەخشەی هێرشێکی سەرەکی بۆسەر کورد دابڕێژن، هەروەها بەشێکی زۆریشی لە لەشکری (فەیلەق)ی یەک" بۆ باکوور گواستەوە.[٩١] کاتێکیش هێرشەکە لە ١٧ی ئابدا دەستپێکرد، بارزانی دەستپێشخەربوو لە تێکوپێکدان و بەئامانجگرتنی ژێرخانی گرنگ و چارەنووسسازانەی عێراق، وەک خاپوورکردن و بەتاڵکردنەوەی وێستگە و لوولەکانی نەوت و گاز.[٩٢] ئەمەش بەشێکی سەرەکی کڵپەسەندنی شەڕوبەیەکدادان بوو، کە کاربەدەستانی ئەمریکا لە بەغدا بڕوایان وەها بوو شۆڕشەکە گەیشتۆتە خاڵێکی نەگەڕانەوەی وەها کە "هەورێکی ڕەشی باهۆز لە خۆگری بۆ سەر سەری قاسمەوە پێوەیە." بێمرادبوونی خەڵک و ژەنەڕاڵە "بەنازەکان"ی، تا دەهات لە قاسم زیاتر دەبوو، هەروەها بێتوانایی ئەو بۆ لەناوبردن و تێکشکاندنی کورد بووە مایەی پرسیار لە مووچەی بەرز و ئەو ماف و زێدەمافە زۆر و قەبەو خانوو و کۆشکە کەشخانەی ئەفسەرە و ژەنەڕاڵەکان و کڕینی ئەو هەموو چەکو تفاقە جەنگییەی ڕووسی.[٩٣] بە گوێرەی قسەی یەکێک لە کاربەدەستانی دەزگەی سی ئای ئەی، هەر لەو خاڵەدا بوو کە سی ئای ئەی "بە شێوەیەکی سنووردار سەرکەوتوو بوو" کە "قەناعەت "بە



هەواڵنامەی کتێب

کەسە دەستڕۆیشتووە عێراقییەکان بێنێ، ئەگەری پرسی ڕوخاندنی ڕژێم بەهەندهەڵبگرن."[٩٤]

لە دەی ئەیلوولیشدا ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەستی بە بڵاوکردنەوەی وتارێکی سێ بەشی «دانا ئادەمز شمیت» کرد، ئەو زنجیرە وتارەی پاداشتی لەسەر وەرگرت. وتارەکان وێنەی بارزانییان بەشێوەیەک نەخشاندبوو کە جەنگاوەرێکی ئازادیخوازە و بێئومێدانە بەدوای پشتیوانی ئەمریکیدا دەگەڕێ تا گەلەکەی خۆی لەدەست شەڕێکی توندی بێبەزەییانە بپارێزێ، کە وەها دیارە یەکێتیی سۆڤیەت پشتی دیکتاتۆرێکی میلیتاری دەگرێ. بە ئاستەم شتی وەهات دەبینییەوە، کە وتارەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە نووسرابن. «شمیت» خەریکی ئەوەبوو، ئەو نازناوەی بارزانی هەیبوو "**مەلای سوور**" بڕەوێنێتەوە، مشتومڕی ئەو لەسەر ئەوە بوو، کە بارزانی کۆمۆنیست نییە، بەڵکو ناسیونالیستێکی کوردە، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ، عێراقێکی وەها دابمەزرێنێ، کە "وەک قەڵایەکی هەرە قایمی هاوپەیمانی ڕۆژئاوابێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا." بارزانی بە «شمیت»ی گوتبوو، "ئێمە بۆ [وڵاتە یەکگرتووەکان] بەسوود دەبین. خۆ ئەگەر حیزبی شیوعی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بکا، ئەوا ئێمەش خزمەتی [وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا] دەکەین." ئەو ئیدارەی کەنەدی بە بێباک خەتابارکرد و هۆشداری ئەوەیدا، بەبێ دەستگیرۆیی ئەمریکا، ئەوا هیچ بژاردەی لەدەستدا نامێنێتەوە غەیری بادانەوە نەبێ بۆ سۆڤیەتییەکان تا گەلەکەی بپارێزێ. کورد هەروەک بارزانی مشتومڕی لەسەرکرد، دەکرێ ببێتە هاوپەیمانێک کە ناکرێ لە گەرمەی جەنگی سارددا دەستی لێهەڵبگیرێ. "سەیری شوێنگەی ستراتیژی ئێمە لەڕووی کەمەرەییەوە ئەگەری هەر بەرەوپێشوەچونێکی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕێی قەوقازەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکە و ئەوەت لەبیر بێ، کە ئێمە چ بە شەڕی پارتیزانی بێ یان شەڕی ڕێکخراوی بەرەیی ئاسایی بێ، باشترین سەربازین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا."[٩٥] لەگەڵ ئەوەشدا «شمیت» وردەکاری سەرنجڕاکێشی لە وتارەکانی دەرهێنابوون. لە کۆبوونەوەیەکی متمانەداری نهێنی لە نێوان کاربەدەستانی ئەمریکا لە بەیروتدا، ئەو ئاماژەی بەوەدا، کە کاربەدەستانی



هەواڵنامەی کتێب

سۆڤیەت لە سێ بۆنەدا چەکوچۆڵیان خستۆتە بەردەم بەوەی قەڵەمڕەوێتی خۆی فرەوانبکا و بیپەڕێنێتەوە ئەودیو سنووری خاکی عێراق، "بە شێوەیەک هاوتخوب بێ لەگەڵ کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا." «شمیت» گوتی، کە بارزانی تا ئێستا ئەو داوایانەی ڕەتکردوونەتەوە، بەڵام لەوانەیە لەگەڵ تێکچوونی زیاتری ڕەوشەکە مەیلی بگۆڕێ.[٩٦]

ئیدارەی کەنەدی بە وتارەکانی «شمیت» دڵخۆش نەبوو، هەر زووش هەنگاویهەڵێنا و خۆی لە کورد بە دوورگرت. ئەم وتارانەی بەشێوەیەکی بەهەندهەڵگیراو لەنێو ڕای گشتی ئەمریکییەکان کارێکی وەهای کرد، مەیلیان بەلای کورددا بشکێتەوە و فشاریش بۆسەر ئیدارەی کەنەدی بێنن بە وردی هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەم دۆزە دیاربکا. لە ١١ی ئەیلوولدا، وەزارەتی کاروباری دەرەوە جەنگی کوردی بە "پرسێکی ناوەخۆ" دانابوو، کە پێویست بوو بە شێوەیەکی ناوەخۆییانە چارەسەربکرێ؛ "هەرچۆنێک بێ" پشتگیری کوردانی نەکرد و هیواشی خواست چارەسەرییەکی ئاشتیانەی بۆ بدۆزرێتەوە.[٩٧] لەم خاڵە بە دواوە ئەمە سیاسەتی ئەمریکا بوو دەرهەق بە شۆڕش. لەگەڵ ئەوەشدا، خۆ ئەگەر وتارەکان بەشێک بن لە خشتەی «داڤیس»، پێدەچوو ئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە. ڕژێمی قاسمیش وەها دەستی بە وتارەکانەوە گرت وەک ئەوەی "بەڵگەیەک"ی پشتگیری ئەمریکا بن بۆ کورد و ئیدی بووە بنێشتەخۆشەی بن ددانی قاسم بۆ زنجیرەیەک لە وتاری لەبلەبانانەی بەجۆش.[٩٨] هەر بۆ نموونە، لە ٣٠ی ئەیلوولدا، قاسم هۆشداریدا بەوەی "چالاکی تاوانبارانەی" ئەمریکا خەڵکی عێراقی دابەشکردووە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گوتانەش، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا داوای لە وەزارەت کرد بە سیاسەت و هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە شۆڕشەکەدا بچێتەوە، بەڵام هیچ نیشانەیەک لە ئەمریکا دەرنەکەوت، کە هیچ کردەیەکی لێبکەوێتەوە.[٩٩]

لە بیستی ئەیلوولدا، نوێنەرێکی کورد خۆی لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا نزیککردەوە و داوایەکی گەرموگوڕی بۆ پشتیوانیکرد لە دژی قاسم



هەواڵنامەی کتێب

خستەبەردەم ئەمریکا. لە کاتێکدا ئەمریکا بە ڕێزەوە ئەم داوایەی ڕەتکردەوە، گفتوگۆکە زانیارییەکی زۆر بەهەندهەڵگیراوی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کورد لەگەل ڕۆڵبینییە هەرێمییەکانی دیکەی خستەڕوو. هەر بۆ نموونە، ئەو کوردانە ڕاپۆرتی ئەوەیان دا، کە بارزانی پەیوەندییەکی "گەرموگوڕ و دۆستانەی" لەگەڵ شادا هەیە، ئەو شایەی ڕێگەی داوە ئازادانە کاڵا و کەلوپەلەکان لە سنوور دەرباز ببێ؛ مانگانەیەکی کەمیش لە سۆڤیەت بە بڕی هەزار دیناری عێراقی (نزیکەی ٢٨٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە ١٩٦٢) وەردەگرێ؛ پەیوەندی ڕێکوپێکیشی لەگەڵ میسرییەکان پاراستووە، ئەوانەی "دۆستن بەڵام سوودبەخش نین." هەوڵوتەقەلا بۆ کۆمەک وەرگرتن لە کوێتییەکان، بەهەمان شێوەی میسرییەکان بێبەر مایەوە. بە پێچەوانەشەوە، ئیسرائیلییەکان مەیلی خۆیان بۆ یارمەتیدان نیشان دا، بەڵام مەلا مستەفا ڕەتیکردەوە، چونکە ترسا نەبادا "ئیسرائیل بە مەبەست [ئەو] زانیارییانە ئاشکرابکا و ئیدی بزووتنەوەکە لەنێو وڵاتە عەرەبییەکاندا زیانی پێبگا." کاتێک داوانامەی کورد لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وتارەکانی «شمیت» هاوکات بوو، ئاماژەبوون، کە بارزانی بە مەبەستی بەدیهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ دۆزەکەی دەستی بە هەڵمەتێکی دیپلۆماتیانە کردووە.[١٠٠]

لە ماوەی مانگی تشرینی یەکەمدا ڕەوشی شەڕەکە بۆ ڕژێمی قاسم زۆر خراپ بوو، زەبری کوشندەی خوارد و ئەویش مەدەنییە بێدیفاعەکانی کوردی کردە ئامانج. لە شەوی ١١/١٠ی تشرینی یەکەمدا، کورد پەلاماری دامەزراوە نەوتییەکانیان دا، چەندین کەسیان کوشت و چەندیشیان بەدیلگرتن و لە کۆتایی مانگەکەشدا هێرشێکی دیکەیان کردە سەر کۆمپانیای نەوتی عێراق، بە پاڵاوگە و بۆرییەنەوتەکان، ئەوانەی بەرەو بەغدا دەڕۆیشتن. بێمرادانە و لە تۆڵەشدا بەغدا ڕقی خۆی بەسەر کوردە مەدەنییەکان ڕشت. هەر بۆ نموونە، لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمدا، کاربەدەستە ئەمریکییەکان لە بەغدا ڕاپۆرتیان بۆ هات، کە ژن و منداڵی کورد وەک قەڵغانی مرۆیی بەکارهێنراون،[١٠١] هەروەها بە بەردەوامی دێهاتی کوردی هەم بۆمباباران هەم تاڵانیش کراون و ڕژێم "بە ئەنقەست خۆراک و پۆشاکی لە کوردستان گرتووەتەوە، بەڵکو لە ڕێی برسیکردنەوە


هەواڵنامەی کتێب

دەستەمۆیان بکا.[١٠٢] بەڵام لەبری تێکشکاندنی کورد، ئەم کاولکارییە کارێکی وای کرد لە دژی ڕژێم یەکگرتووتربن، ئەمەش وای لە باڵوێزخانەکە کرد بگاتە ئەو ئەنجامە، کە "نزیکەی هەموو کوردە شارنشینەکان وەک چیانشینەکان پشتگیری شۆڕشەکە دەکەن."[١٠٣]

بێتوانایی ڕژێم لە بەزاندنی کورددا وای لە ئەمریکا کرد، شتەکە وەک قۆچی قوربانی کێشە و ئاریشەکانی بەکاربهێنێ، بەڵام ئیدارەی کەنەدی سەبارەت بە چۆنیەتی بە دەنگەوەچوونی کێشەکە دابەشببوو. هەر بۆ نموونە، کاتێک قاسم لە ٢١ی تشرینی دووەمدا ئەمریکای بە دەستلەپشتدانی کورد تۆمەتبارکرد،[١٠٤] وەزارەتی دەرەوە ڕێنمایی دایە باڵوێزخانەکەی خۆی و دەسەڵاتی ئەوەشی پێدا سکاڵانامەیەک بۆ ڕژێم بنێرێ و هەوڵیش بدا بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵ قاسم دابنیشن تا تەمی ئەو بەندوباوە گوتراوە بڕەوێننەوە.[١٠٥] لەگەڵ ئەوشدا هەر دوای دوو ڕۆژ وەزارەت لە ڕێنماییەکەی پاشگەزبووەوە، پاشگەزبوونەوەکەشی بەوە لێکدایەوە، لەوانەیە ئەم بەدەمەوەچوونە ببێتە مایەی سەلماندنی هێرشەکەی قاسم، بەڵام خۆ ئەو هەنگاوەش زۆر درەنگ کەوت.[١٠٦] «ڕۆی مێلبۆترن» هەڵسوڕێنەری نوێی کاروباری ئەمریکا لە بەغدا، پێشتر دیدارێکی لەگەڵ بەڕێز «جەواد» وەزیری کاروباری دەرەوی عێراقی ڕێکخستبوو، تێیدا وەزیر کۆکبوو لەسەر ئەوەی دیدارێکی لەگەڵ قاسم بۆ سەرەتای کانوونی یەکەم ڕێکبخا، ئەمەش بۆ ئەوە سەریکێشا، کە وەزارەتی دەرەوە ڕێنمایی سیاسەتی خۆتێهەڵنەقورتان لە کاروباری ناوخۆ بۆ قاسم دووپاتبکاتەوە، پێشی بڵێ کە ئەمریکا سەبارەت بەو هەڵوێستە نەیارانەی قاسم "هێدمەگرتی بووە" و ئاگاداریشی بکاتەوە لەو زانیارییە هەواڵگرییانەی دەربارەی نەیاریی ئەمریکاوە هەڵبەستراون. «مێلبۆربن» ئەوەشی دەویست، کە خواستی ئەمریکای بۆ پەیوەندی دۆستانەی بۆ دووپاتبکاتەوە، هەرچەندە لەسەر کێشەی کوێت جیاوازیشن.[١٠٧] بەڵام ئەم کۆبوونەوەیەش هەر نەکرا.

بە کۆتاییهاتنی ١٩٦٢ دا کورد زنجیرە گورزێکی گورچکبڕی سرەواندە ڕژێم و ورەی سوپاکەی بە بەراورد بە جارانی پێشوو، گەیاندە خاڵی هەرە نزم.[١٠٨]


هەواڵنامەی کتێب

پێدەچوو ئەو بازنە بەرێوبەرییە بچووکەی قاسم بۆ کاروباری جەنگ و بڕوانەبوونی بە فەرماندەکانی ناڕەزایەتییەکی بەرفرەوانی لێکەوتبێتەوە. هەر بۆ نموونە، فەرماندەکانی مەیدان دەستیان کراوە نەبوو، ئەو سانسۆرە مەحکەمەی لەسەر تەقەمەنی سەربازەکانەوە هەبوو لەگەڵ ئەوەی بەردەوام حاشایی دەکرد لەوەی جەنگ لەگۆڕێدا هەبێ، بەمەش جەنگاوەرانی لە پاداشتی شەڕ بە دوور بوون، هەمان کاریگەری خۆیان لەسەر ڕەوشی شەڕو پێکدادان هەبوو.[١٠٩] شتێکی حەتمیش بوو ئەم ڕەوشە زەمینەخۆشکەر بێ بۆ گرووپە کودەتاچییەکان، هەروەک حیزبی بەعس، دۆخەکە بە دەرفەت بزانن و تا دەهات پشتگیرییان لە نێو ئەفسەرە پلەدارەکانی سوپا بۆ خۆیان زیاددەکرد.

لەو نێوەشدا، لە سەرەتای ١٩٦٣ دا بە نهێنی حیزبی بەعس و کورد گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە بە یەکەوە کار بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی قاسم بکەن. بەعس دەیزانی ئەگەر بیەوێ دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوا پێویستی بە پشتگیری سوپا دەبێ، سوپاش مەراقبوو جەنگەکە کۆتایی پێبهێنێ و هەر کوردیش بوو بەتەنیا پێیدەکرا ئەو ئارەزووەی سوپا بەدیبهێنێ. لەهەمان کاتیشدا، بارزانی و گەلەکەی پێویستیان بەوە هەبوو لە مانگەکانی بەهاردا زەویوزاریان دابچێننەوە، کە قاسم بە تەکتیکەکانی سوتماککردنی زەوی، بەشێکی زۆری وێرانکردبوو. ئەم لەیەکنزیکبوونەوەی بەرژەوەندییەکان کارێکی وەهای کرد لە سەرەتای کانوونی دووەمیدا بەنهێنی گفتوگۆبکەن، حیزبی بەعسیش لە تۆڵەی هاوکاری کورد بۆ ڕووخاندنی قاسم، قایلبوو بەوەی سازش لەسەر پلەیەکی بەرفراونی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بکا.[١١٠] بە لاشەڕکردن (بێلایەنکردن)ی کورد و بە دابەزینی ورەی سوپاش بۆ ئەوپەڕی نزمی خۆی، مەیدانەکە خاڵی بوو بۆ کودەتای بەعس.
باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە ٢٢ی ینایەردا گەیشتە ئەو ئەنجامە، کە قاسم "لەو هەڵگەڕانەوەی شەواف لە ١٩٥٩ هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەم خاڵە لاوازییەی، کە ئەمڕۆ لە هەموو کەرتەکان تێیکەوتووە." ناڕەزایەتی ناوەخۆ بڵاوبۆتەوە و "گەیشتۆتە خاڵێکی وەها کە سوپای چەکداری [عێراقیش] لەوانەیە [نەتوانێ] بە شێویەکی کارا بێتەپێشەوە و [قاسم] ڕزگاربکا." لەبەر هەڵوێستی قاسمیش لە ئەمریکا، باڵوێزخانەکە هەستیکرد کە "ڕژێمێکی بەدواداهاتوو... دەکرێ لە خاڵی


هەواڵنامەی کتێب

گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاواوە باشتربێ." دیسان باڵوێزخانەکە گلەیی خۆی لە ئیدارەی کەنەدی کردەوە، بەوەی وەڵامی وتارە لەبلەبانیە دژەئەمریکاییەکانی قاسمی نەداوەتەوە: "ئەو بێدەنگییەی ئەمریکا لە بەرانبەر پەلامارەکانی قاسم، ئێستا باندۆری نەرێیانەی خۆی لەسەر نمایشی ئەمریکا لێرە و لە ناوچەی عەرەب نیشان دەدا." پوختەی ئەنجامەکە بووە "بێئومێدکردن لەبری ئەوەی ببێتە مایەی هیواپەیداکردن بۆ زۆرینەی عێراقییەکان ئەوانەی لە قاسم بێزارببوون، بەڵام بە شێوەیەکی تاکەکەسیانە [هەستیانکرد] هیچیان لەدەست نایەت و بێهیوان، ئەمەش هەمووی لەبەر باسکئەستووریی هێزی دەزگەی ئاسایش بوو، کە وڵاتیان کۆنترۆڵکردبوو." ئەوسا هەر لە ژێر ئەم ڕۆشناییەدا، «مێلبۆرن» پێشنیازی کرد، کۆشکی سپی "شێوازێکی دیپلۆماسی و زمانێکی نوێ لەگەڵ ڕژێمی قاسم بەکاربێنێ" و "ئاماژەیەکی لەبلەبانەی ڕاستوڕەوان بۆ ڕای گشتی بەکاربێنێ، کە ئاماژە بە بیروباوەڕی خۆی بدا، بەوەی قاسم تووشی ئاستەنگێکی نێوەخۆی و ڕاستییە چەواشەکراوەکان بووەتەوە." هەروەها ئەوەشی پێشنیازکرد، کە ئەم لێدوانانە بە شێوەیەکی بەرفرەوان پەخشبکرێن، "بۆئەوەی سنووری سانسۆرە جۆجێیە سەپێنراوەکە ببڕێ."[111] هەرچەندە بۆ جارێکی دیکەش، واشنتن ئەو پەیامەی «مێلبۆرن»ی پشتگوێخست، وای لێکرد بەدەستومستی خۆی بەم کارە هەڵبستێ و ڕاستەوخۆ سکاڵانامەی خۆی دایە دەست «جەواد»ی وەزیری کاروباری دەرەوە.[112] کاتێکیش لە ١٩ی کانوونی دووەمدا هەواڵی کردەکەی «مێلبۆرن» گەیشتە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، یەکسەر گەیەنرایە دەستی «بەندی» ئەویش سەرۆک کەنەدی لێئاگادارکردەوە.[113]

دەستپێشخەرییەکەی «مێلبۆرن» لەبەر دوو هۆ سەرنجڕاکێش بوو. **یەکەمیان،** نیشانەنمای بێئومێدیەکی زۆری باڵوێزخانەبوو بەوەی واشنتن سەبارەت بە عێراق چەند دڕدۆنگە. هۆکاری **دووەمینیشیان،** لە دوای تێکچوونی پەیوەندییەکان لە حوزەیرانی ١٩٦٢ دا بۆ یەکەمین جار بوو بابەتێک دەربارەی عێراق بگاتە سەر مێزی کەنەدی. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، کە هەواڵەکە گەیشتە بەردەم باڵاترین ئاستی حکوومەتی لە ئەمریکا، کەچی هیچی لێشیننەبوو.


هەواڵنامەی کتێب

«مێلبۆرن» لە ٢ی شوباتدا، دیسان سەبارەت بە کەمتەرخەمی ئەم پرسە سکاڵای خۆی گەیاندەوە وەزارەتی دەرەوە، ئاماژەی بەوە دا، کە دووبارە قاسم ڕەخنەی لە ئەمریکا گرتووەتەوە. "دیسان قاسم بە ڕووماندا تەقیوەتەوە... ئەو ئەنجامە سیاسی و ڕێنماییانەی لێکدانەوەکانی پێشتر دەسەلمێنێتەوە" کە پێشتر لێکدراوەتەوە"، بەڵام لەو کاتەی قاسم دادەبەزێتە سەر ئەمریکا، ئەو "بێدەنگییە" فەرمییەی واشنتن "جێگرەوەیەکی خوازراو" نییە. لەوەش خراپتر شتەکە هەراسانتر ببوو. بۆ نموونە " کاربەدەستێکی بەریتانی بە "خۆپارێزییێکی ئاساییانە" سەباری بێدەنگی ئەمریکا پرسی، "ئەرێ ئێوە هەرگیز حاشا لەو شتانە ناکەن؟" ئەمەش وای لە «مێلبۆرن» کرد بگاتە ئەو ئەنجامە، کە "ڕەوشەکە گەیشتۆتە خاڵێک، کە بەشێوەیەکی سادە بەردەوامبوون لەسەر بێدەنگی لەگەڵ شکۆی نیشتمانییانە و وێرانبوونی بەرژەوەندییە هەرێمی و خۆجێییەکان نایەتەوە."[١١٤]

دوایین داوانامەی «مێلبۆرن» بووە جێگەی سەرنجڕاکیشانی ئیدارە. لە پێنجی شوباتدا، «ڕوسک»ی وەزیر برووسکەیەکی بۆ بەغدا لێدا تا ئاگاداریانبکاتەوە، کە وەزارەت "بە وریاییەوە خەریکی بەهەندهەڵگرتنی ئەوەیە ئاخۆ چۆن خزمەتی هاوسەنگی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکرێ بەتایبەتی لە ڕێی بەلاوەنان و دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی لەبەرانبەر داڕسانەکانی قاسم، لەکاتێکدا لە ڕێی کەناڵە دیپلۆماتە ئاساییەکان کاری خۆیان بکەن." لێکدانەوەی ئاوەزمەندانە بۆ ئەم خواستەی ئیدارەی کەنەدی، بەوەی هەبوونی خۆی لە عێراق بپارێزێ، لەبەر ئەوە بوو چونکە سی ئای ئەی لەو کاتەدا سەرقاڵی "ئۆپەراسیۆنێکی ناوازەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بوو."[١١٥] بەگوێرەی ئەو یاداشتەی کە لە ٧ی شوباتدا بۆ «بەندی» نێردرا، عێراق ببووە "یەکێک لە پنتە هەرە سوودبەخشەکان سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیاری تەکنیکی لەسەر چەک و تفاقی سەربازییانە و شێوازی سۆڤیەتییانە لە ناوچە بێلایەنەکاندا."[١١٦] لە ٥ی شوباتیشدا وەزارەتی کاروباری دەرەوە تێبینینامەیەکی توندی ڕەوانەی باڵوێزخانەی عێراق لە واشنتن کرد، داوایکرد دەبێ عێراق ئەو گوتانەی خۆی دەرهەق بە ئەمریکا بسەلمێنێ.[١١٧] دیاربوو کە قاسم لە


هەواڵنامەی کتێب

تێبیننامەکە ئاگادارکرایەوە، وای لێکدایەوە کە سەرنجنامەکە "هەڕەشەیەکی سەربازییانە"ی ئەمریکایە،[118] گوایە سەرنجنامەکە سەلمێنەری سیاسەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بوو بەوەی "بە دوای هیچ ئاڵوگۆڕێکی گشتی لەگەڵ قاسمدا نەگەڕێن."[119] لەبەر ئەو کاردانەوە زێدەڕۆییە، وەزارەت هەستیکرد، ئەم جۆرە تاوتوێکردنە ڕووبەری مانۆڕەکەیان بەرفرەوانترکردووە، لە کاتێکدا ئۆپەراسیۆنەکانی سی ئای ئەی ېشیان تێکنەدا. بەڵام بۆ بەدبەختی، سەرلەبەری مقۆمقۆی وتووێژەکە بێبایەخ بوو. ئاخر بۆ ڕۆژی پاشتر، لە ڕێی کودەتایەکی خوێناوییدا بەعسییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئیدی بۆ هەمیشە ڕووی شۆڕشی عێراقییان گۆڕی.

**ئەنجام**

هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق لە سەرەتای ئیدارەی کەنەدییەوە هەڵەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو. وێڕای ئەو سەقامگیریەی لە١٩٦٠ دا هەبوو، واتە لە یەکەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیی کەنەدیدا، کەچی عێراق بە ژمارەیەک سەختانگدا تێپەڕی، هەر هەمووشیان ڕەوایەتی دەدایە بەدواداچوون و چاودێریکردن. مشتومڕ سەبارەت هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق ئەوەی ڕوونوئاشکرا کرد، کە هەریەکە لە دەزگەی سی ئای ئەی و وەزارەتی کاروباری دەرەوە سەبارەت بە عێراق نیگەران بوون و دەیانەویست بە بەردەوامی چاودێری پێشهاتەکانی بکرێ. خۆی هەر بە تەنیا سەختانگی کوێت لە ١٩٦١ دا دەبوو بایی ئەوەندە کۆشکی سپی نیگەران بکا و بیوروژێنێ، بەڵکو ڕێگە بە مانەوەی کۆمیتەی تایبەت بە عێراق بدا و نۆژەنیبکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاردانەوە ئاستنزمییەی ئیدارەی کەنەدی لە هەمبەر سەختانگی کوێتدا، ڕەنگدانەوەی باوەڕەکەی بوو بەوەی عێراق و کەنداو کێشەی بەریتانیان و تیشکۆی ئەمریکاش هەر لەسەر لەخۆگرتنی هەوڵوێستەکانی بزووتنەوە



هەواڵنامەی کتێب

پرکێشییەکەی یەکێتیی سۆڤیەت بوو لە ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکای لاتین.

بەرپابوونی شەڕی کوردیش لە ئەیلولی ١٩٦١ دا دیسان ڕەنگدانەوەیەکی واقیعییانە بوو. لەکاتێکدا ئاماژە هەبوو گوایە ئەمریکا بۆ بنکۆڵکردنی ڕژێمی قاسم هاندەری شۆڕشەکەیە،[١٢٠] کەچی بەڵگەکان پێچەوانەکەیان نیشاندا. یاداشتەکەی «شیڵپین» بەو ئاقارەدابوو کەوا سۆڤیەت هیوای وابوو کەمایەتی کورد بە بەلاڕێدابردنی سەرنجی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر تەنگژەی بەرلین بەکاربهێنێ بەوەی هەڕەشەکردن لەسەر هاوپەیمانە هەرێمییەکان هەر یەک لە ئێران و تورکیا، کە هەردووکیان کەمایەتییەکی گەورەی کوردیان لەنێودایە. لە داکەوتیشدا ماکی شۆڕشەکە بە شێوەیەکی بەرفرەوان لەلایەن خەڵکی بنەڕەتی خۆجێیەوە بوو، ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ شکستی چاکسازییەکانی زەویوزاری (إصلاح الزراعي) قاسم و تەکتیکی ڕێساکەی لە «پەرت بکە و زاڵ ببە»دا.[١٢١] بێباکی ڕێژەییانەی ئەمریکا لە هەفتەکانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبوو، ئەوەبوو کاربەدەستە پلە مامناوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغدا و تاران هۆشدارییان دایە سەرووی خۆیان لە واشنتن، بەوەی دەکرێ شۆڕشەکە ببێتە مایەی بەزاندنی سۆڤیەت بۆ قەڵغانی ئەمریکی و دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی. هەر لەبەر ئەوەش بوو، دیاربوو هۆشداری یاداشتەکەی «شیڵپین» ڕەوابوو، کەچی ئیدارەی کەنەدی هیچی نەکرد، هەر هێڵی بەژێر ئەوەدا هێنا، کە بەرپرسیارێتییەکە بۆ بەریتانییەکان دەگەڕێتەوە.

کار هەروا ڕۆیشت، تا ڕژێمی قاسم لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١ دا دەستی بەسەر ماف و زێدەمافەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراقدا گرت، ئەوسا کاربەدەستانی ئەمریکا هەڕەشەی عێراقیان بۆ سەر بەرژەوەندییەکان بۆ دەرکەوت. کەچی تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا، ئیدارەی کەنەدی بەردەوامبوو لەسەر بەکەمزانینی ئەو گەف و هەڕەشەی عێراق لەسەر بەرژەوەندییەکان تا بەهاری ١٩٦٢، ئەو کاتەی سیاسەتێکی دوو ئاراستەی لەبەرانبەر عێراقدا وەرگرت،


هەواڵنامەی کتێب

لەسەریکەوە سووربوو لەسەر هەوڵی دیپلۆماسییانە تا قەناعەت بە ڕژێم بهێنێ بەوەی ئامانجی ئەمریکا هێشتنەوە و پاراستنی پەیوەندی دۆستانەیە لەگەڵ عێراق، لە کاتێکدا دەزگەی سی ئای ئەی بە دوای ڕووخاندنی ڕژێم دەگەڕا، بەڵکو ڕژێمێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە، کە باشتر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بێتەوە. دیاربوو تەکانی دیپلۆماسیش پێشەمتر بوو لە کردەیەکی ژێربەژێر، ئەوەش بە شێوەیەکی بەرفرەوان لەبەر ئەوەبوو، کە سی ئای ئەی لە دزەکردن و ڕۆچوونە نێو کاروباری ناوەخۆی عێراق کورتهێن بوو بەوەی بتوانێ لە ڕێی کەسانی خۆی دەسەڵات بگرێتەدەست و بشیپارێزێ. لە هەمان کاتیشدا، سی ئای ئەی دەستی لەگەڵ ئۆپەراسیۆنێکی گەورە تێکەڵکردبوو، کە مەبەست لێی بەدەستهێنانی زانیاری بایەخداربوو لەسەر سیستمی چەکی سۆڤیەتی. کەچی لە حوزەیرانی ١٩٦٢ دا هەوڵی دیپلۆماسی تووشی نسکۆیەکی گەورە هات، ئەوەش ئەوکاتە بوو، کە ڕژێمی قاسم لە پڕێکەوە – هەرچەندە چاوەڕواننەکراویش نەبوو – ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی زۆر دابەزاند. لە ئەنجامیشدا، هەراسانبوونی «ڕۆبەرت کۆمەر» سەبارەت بەوی پێشوەختە سەرەک کەنەدی لە دابەزینی ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماتەکان ئاگادارنەکردبووەوە، بووە مایەی ئەوەی جارێکی دیکە مەیل و ئارەزووی کاربەدەستە پلەباڵاکانی حکوومەتی ئەمریکا بە عێراق نۆژەنببێتەوە، ئەم دۆخەش تا کودەتای شوباتی ١٩٦٣ درێژەیکێشا. تەنانەت بەو حاڵەشەوە، بەدەمەوەچوونی کۆشکی سپی بۆ دابەزینی پەیوەندییەکان وای کرد پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا خاوببێتەوە، بەجۆرێک بەردەوام لە خەمی عێراقدا بوو هەروەها بە سیاسەتەکانی ئەمریکاشدا چووەوە و خۆشی بۆ نەخشەیەک ئامادەکرد، کە دەبوو قاسم بڕوخێنرێ.

لە سەرەتای ١٩٦٢ دا و لە ڕێی مەیل و بایەخی لە ناکاوی ئێران بۆ پشتگیریکردنی کورد لە دژی بەغدا، پرسی کورد بایەخێکی زۆری لە لایەن ئەمریکییەکانەوە وەرگرت. لەکاتێکدا ئیدارەی ئەمریکا بە دوای ئەودا دەگەڕا، شا لە کۆمەککردنی بارزانی پاشگەزبکاتەوە، بەڵام هەوڵەکەی بەفیڕۆ چوو. تەنانەت دوای دابەزینی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغداشدا، هێشتا ئەمریکا بەردەوامبوو


هەواڵنامەی کتێب

لەسەر ڕاوێژەکانی بۆ ئێران، کە لە دژی یارمەتیدانی ئێران بوو بۆ کورد، کەچی دیاربوو دیپلۆماتە بەریتانی و ئەمریکییەکان لەبەغدا خەریکی پیلانێک بوون بۆ ناردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ کوردستانی عێراق بۆئەوەی دیدار لەگەڵ بارزانی سازبدەن. لەکاتێکدا بەڵگەکان پەیوەندیداربوون، گەشتەکەی «دانا ئادەمز شمیت» لە تەمموز و ئابدا بۆ کوردستان و وتارە یەکبەدوای یەکەکانی لە «نیویۆرک تایمس»دا پێدەچوو لێکەوتەیەکی ئەو خشتەیە بێ کە دایاننابوو. هەرچەندە وتارەکانی «شمیت» سوودی ئەوەی هەبوو تەمی گومانی کۆمۆنیستبوونی بارزانی بڕەوێنێتەوە، ئیدارەی کەنەدیشی ناچارکرد شۆڕشەکە بناسێ و لێدوانی سیاسی لەبارەوە بدا. ئەمەش بە نۆرەی خۆی، ئەو بەڵگە سەلمێنەرە پێویستەی دایە دەست قاسم تا ئەمریکا بە پیلانگێڕی بۆ شلۆقکردنی دۆخی عێراق خەتاباربکا و دەستپێشخەری هەڵمەتێکی توندی دژەئەمریکاش دەستپێبکا. جارێکی دیکە کەلێنێکی لەیەکجیاکەرەوەی قووڵ لەنێوان دیپلۆماتە ئەمریکییەکانی بەغدا و کاربەدەستانی واشنتن سەبارەت بە وەڵامدانەوەی وتارە لەبلەبانییە ئاگرینەکانی قاسم پەیدا بوو، ئاخر باڵوێزخانەکە داوای کاردانەوەی دەکرد کەچی کۆشکی سپی بێدەنگی هەڵبژارد لە ترسی ئەوەی نەبادا بەتەواوی پەیوەندییەکان بپچڕێن، ئەمەش کارێکی وێرانکارییانەی دەکردە سەر ئەو هەوڵ و تەقەلاییەی سی ئای ئەی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان. مایەی لێتێگەیشتنە، پێشەمیی ئیدارەی ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بوو سەبارەت بە وتارە لەبلەبانییەکانی قاسم کە زیاتر مایەی بێئومێدبوونی باڵوێزخانەبوو.

لە کۆتاییدا، ئاستی کاردانەوەی هەرەنزمی ئیدارەی کەنەدی لە بەرانبەر عێراقدا لە ماوەی ١٩٦١ - ١٩٦٢ بە ڕوونی لەبەر باوەڕەکەی بوو، کە عێراق چیدی ڕووبەڕووی هەڕەشەی کۆمۆنیستی نابێتەوە، هەروەها و ئەو بڕوایەشی، کە پرسەکانی هەرێمەکە باشترە بۆ بەریتانییەکان جێبهێڵرێ. پاش هەموو شتێکیش، ئیدارەی کەنەدی لە ماوەی سەختانگەکانی بەرلین، کوبا و ڤێتنام تووشی فشاری داڕسێنانەی زیاتری جەنگی سارد ببووەوە، هەر بۆیە سەروسەودای لەگەڵ ڕژێمی قاسم زۆر توندوڕەق نەبوو.



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بەندی: ٣

## کەنەدی و یەکەمین ڕژێمی بەعسی:

## شوبات – تشرینی دووەمی ١٩٦٣

دوای نیوەشەوی (بەکاتی بەغدا) ٨ی فێبرایەر، هاوپەیمانیی حیزبی بەعس و سوپا کودەتایەکیان بۆ ڕووخانی «عەبدولکەریم قاسم» ئەنجامدا. بۆ نیوەڕۆی ڕۆژی پاشتر، پاشکۆی سەربازیی ئەمریکا لە بەغدا ڕاپۆرتێکیان بەرزکردەوە، کە یاخیبووان "لە کۆتاییدا دەستیان بەسەر"شارەکەدا گرت و واشیان ڕەچاوکرد "دۆخەکە بۆ ماوەیەک پاشاگەردان بێ" ئەمەش لەو کاتەی بەعسییەکان جڵەوی میلیشیاکانیان بەردا، "تەنانەت دەستیان لە کۆنە شیوعییەکانیش نەپاراست."[١] باری ڕەچاوکردنی سی ئای ئەی زۆر ڕاستەوخۆتر بوو: "پێدەچێ کوشتارێکی زۆری لێبکەوێتەوە."[٢] بۆ ئێوارەی ٩ی فێبرایەر، هەواڵێک بەنێو شاردا بڵاوبووەوە، کەوا لە سەعات حەوتی شەو لە تەلەفزیۆن جاڕنامەیەک بڵاودەکرێتەوە. بە گوێرەی قسەی «لاورانت مۆرین»ی ئەفسەری خزمەتگوزاری بیانی بێ لە بەغدا، کە هەر لە ١٩٦٠ تا ١٩٦٤ لەوێ بووە، لە ئێوارەی ڕۆژی کودەتادا، قاسم و یاریدەدەرەکانی ڕاستەوخۆ لە پەخشێکی زیندووی تەلەفزیۆن لەسێدارەدران.[٣]

ئاماژەی وەها هەبوون، گوایە سی ئای ئەی "عەقڵی پشت" کودەتاکەی بەعس بووە.[٤] بەڵام سەرچاوەکانی دیکە، وەک «پیتەر هان» سەرنجی ئەوەی داوە، هیچ بەڵگەنامەیەکی ئاشکراکراوی ئەمەریکی پشتگیری ئەو دەنگۆیە ناکەن.[٥] بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو مشتومڕە، پێویستە چەندین هۆکار لەبەرچاوبگیرێ. یەکەمیان، سی ئای ئەی دواتر بە خۆی چەند ئەگەرێکی دنەدەری هەمەڕەنگی بۆ کودەتاکە ناسینەوە: هەوڵ و تەقەللای قاسم بۆ سەرپانکردنەوەی حیزبی بەعس؛ سیاسەتە لایەنگیرییە کۆمۆنیستیانەکەی؛ شکستخواردنی هەڵمەتی ٢٠ مانگ شەڕی درێژخایەنی دژ بە کورد؛ مەیدانخوازییە داخلەدڵەکەی لەگەڵ


هەواڵنامەی کتێب

«ناسر»ی سەرۆکی میسر؛ هەروەها لەگەڵ لەدەستدانی شۆڕەتی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، نەخاسمە لەنێو عەرەبەکان، ئەمەش هەمووی لە چاوی "کردە شێتانەکەی" کە دەربارەی کوێت کردی.[6] خاڵی دووەهەمیان، بەڵگەنامە ئەمریکییەکان پشێوییەکی بەرچاویان پێوەدیاربوو ئاخۆ لەو گروپە زۆروزەوەندانەی پیلانگێڕی دژ بە ڕژیم، کامەیان بە کردەوە یەکەم جار دەستی خۆی وەشاندووە؛ دواتر بە تەنیاش ئەوە دەرکەوت، کە بە جیاواز لەگەڵ تەمموزی ١٩٦٢ دا، ئەو کاتەی سەرچاوەی سی ئای ئەی لە نێو بەعسدا ئەمریکییەکانیان ئاگادارکردەوە، کە کودەتایەک بەڕێوەیە (بڕوانە بەندی دووەم)، ئەم جارەیان هیچ کەسێک لە نێو ڕیزەکانی بەعس ئاگاداری ئەمریکای نەکردەوە، کە کودەتایەک لە شوباتی ١٩٦٣ دا ڕوودەدا. لە کۆتاییشدا، لەو کاتەی ئەوە جێگیرببوو، کەوا سی ئای ئەی چالاکانە لە ١٩٦٢ دا بە دوای پیلانگێڕییەوەیە دژی قاسم، ئەفسەرێکی پێشووی نێو سی ئای ئەی، ئەوەی ڕاگەیاند گوایە لەو پیلانەدا کارا بووە، حاشایی لە هەموو دەستهەبوونێکی خۆی لە کردەی ئەم دواییەی حیزبی بەعس کردەوە. ئەو ڕوونیکردەوە، "کاتێک قاسم لە شوباتی ١٩٦٣ دا لەنێوبرا، من هێشتا هەر خەریکی پەیوەندیکردن بووم بە کەسانێک، کە بتوانن ڕۆڵێک لە هەوڵی کودەتا دژی قاسم بگێڕن." وەک ئەنجامێکیش، هەر "پێشکەوتنێکمان [لەم مانگانەی دواییدا] بەدەستهێنابێ، ئەوا بە لەناوبردنی ئەو[قاسم] بێهوودە ڕۆیشت."[8] لە هەمان کاتیشدا، پێنەدەچوو ئیدارەی کەنەدی کارێکی پێشبینینەکراو، کردەیەکی سەرچڵییانە، وەک ڕووخاندنی قاسم لەئەستۆبگرن لەکاتێکدا عێراق ببووە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵگری لەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی سۆڤیەت. بەدەر لە زانیاری نوێ، هاوسەنگی بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن، لەکاتێکدا ئەمریکا کارایانە لە پیلانگێڕیدا بوو تا ڕژێمی قاسم بڕووخێنێ، بەڵام دیارنەبوو، ڕاستەوخۆ دەستی لەگەڵ کودەتاکەی شوباتی ١٩٦٣ دا هەبێ.

هەرچۆنێک بێ، لەو کاتەی حیزبی بەعس دەستی بەسەر دەسەڵاتی عێراقدا گرت، جەنگی سارد وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ دا واشنتن و مۆسکۆ لەسەر کێشەی مووشەکەکانی کوبا



هەواڵنامەی کتێب

شیروتیریان لێکدەسوو[18]، خەریکبوو ببێتە مایەی هەڵگیرسانی کێفەڕاتێکی[19] ناوەکی. لەگەڵ ئەوەی سەختانگەکە لە دووری هەزاران مایلەوە لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دووربوو، کەچی کودەتاکەی بەعس لە شوباتی ١٩٦٣ دا تەنها و تەنها پەتی گرژی و ئاڵۆزی کێبڕکێکاری نێوان هەردوو دەوڵەتە زلهێزەکانی کشتترکرد. لەبەر سروشتی سفربوونەوەی جەنگی سارد، ڕووخانی «عەبدولکەریم قاسم»ی لایەنگری ڕژێمی سۆڤیەت و جێگرتنەوەی بە حیزبی بەعس، کە ڕکێفی بۆ ڕاوەدونانی کۆمۆنیستەکانی عێراق شلکرد، هەمووی ئاماژەبوون بۆ ئەوەی حیساباتی جەنگی ساردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرژەوەندی کامپی ڕۆژئاوا بشکێتەوە. لەو ماوە کورتەی یەکەمین ڕژێمی بەعس، یەکێتیی سۆڤیەت دەستی دایە هەڵمەتێکی سیاسی، دیپلۆماسی و شەڕی ژێربەژێری دژی عێراق، بەدوای ئەوەدا گەڕا بەڵکو ڕژێمە نوێیەکە بڕوخێنێ و دیسان «حشع» بگەڕێنێتەوە ئەو ئاستە، کە دەستیان بڕوا و کاریگەری خۆیان هەبێ. ئەو دەستوەردانەی سۆڤیەت بووە مایەی ئەوەی ئیدارەی کەنەدی ناچاربکا ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان، خۆیان لە کاروباری عێراق هەڵبقورتێنن، بەم جۆرە باری سیاسەتی ناوخۆ بووە حاڵەتێکی پاشاگەردانی، بەتایبەتیش دوای نوێبوونەوەی شەڕی کورد لە حوزەیرانی ١٩٦٣ دا و بەرفرەوانبوونی پێشلکارییەکانی سەر مافەکانی مرۆڤ. وێڕای کردەوە سامناکەکان و سەختانگی ویژدان لە نێو عێراقدا، بەهەندهەڵگرتنی جەنگی سارد، کۆشکی سپی وا لێکرد (ناچارکرد) تا ئەوپەڕی سنوور پشتی بەعس بگرێ، ئەم بڕیارەش ڕەخنەی زۆری لێگیرا.

لە خوارەوە لە سیاسەتی ئیدارەی کەنەدی دەرهەق بە عێراق لەماوەی نۆ مانگی دەسەڵاتی حیزبی بەعس کۆڵراوەتەوە، کە دوابەدوای کودەتا سەرکەوتووانەکەیان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دا هات. لەو ماوەیەی کە ستراتیژیی

---

[18] شیروتیر لەیەکسووین: ئیدیۆمێکە واتە دژی یەک وەستابوون، هەبینا شەڕ لەنێوانیاندا بقەومێ.

[19] کێفەڕات: کارەسات، بەڵکو لە کارەساتیش بەدتر.



هەواڵنامەی کتێب

ئەمریکا بۆ لەخۆگرتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی کۆمەڵە ئاستەنگێکی سەخت ببووەوە - هەر بۆ نموونە سەختانگی نۆکەندی سوێس لە ١٩٥٦، شۆڕشی عێراق و لێکەوتەی ڕووخانی پەیمانی بەغدا لە ١٩٥٨ و ئینجا سەختانگی کوێت لە ١٩٦١ - ئیدی کودەتاکەی بەعس لەسەرەتای ١٩٦٣ دا سەرکەوتنێک بوو زیاتر ڕۆژئاوا پێویستی پێی هەبوو. لێکەوتەی هەڵگیرسانەوەی شەڕی کوردیش لە حوزەیرانی ١٩٦٣ دا بایەخی عێراقی لە ڕووی جەنگی سارددا پترکرد. بە پشتگیری ئەمریکا بۆ ڕژێمی بەعس و سۆڤیەتیش پشتگیری دیپلۆماتی و مۆراڵییان بۆ کورد، ئیدی کاربەدەستانی ئەمریکا لە ناوەڕاستی ١٩٦٣ دا هاتنە سەر ئەو بڕوایە، کە عێراق بووەتە "مەیدانی جەنگی سارد."[٩] لە مە بە دواوە پەردەهەڵدانەوەیە لەسەر ئەو فرەوانخوازییەی ئەمریکا بۆ دەستوەردان لە عێراق لەماوەی ئەو نۆ مانگەی حوکمی بەعس لە عێراق لە ١٩٦٣ دا، ئەو ئەنجامەی کە سەداکەی تا ئێستاشی لەگەڵدابێ هەر دەزرینگێتەوە.

## هەڵسەنگاندنی کودەتاکە

هەرچەندە کودەتاکەی بەعس لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دا بۆ ئیدارەی کەنەدی مایەی سەرسامی بوو، کەچی هەمووی بەسەریەکەوە مایەی بەخێرهێنان نەبوو. گەورە ڕاوێژکاری کەنەدی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، «ڕۆبەرت کۆمەر» لە پەیامەکەی خۆی بۆ سەرۆک ڕەوشەکەی ڕوونوئاشکرا کردبوو، بەڵام لەوەش دڵنیانەبوو ئاخۆ لە ئەنجامی ململانێی حەتمی دەسەڵات لەنێو ڕژێمە نوێیەکەدا، کێ سەردەکەوێ و دێتە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەی «کۆمەر» بڕوای وابوو، کە ڕژێمی نوێ "[دەکرێ] لە هی قاسم باشتر بێ" و "[دەکرێ] پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشەوە بڕۆن." هەروەک «کۆمەر» بەشێوەیەکی ناسراو سەرنجیدابوو، کە ئەو مەیلە ڕەتکردنەوە دراماتیکیەی عێراق بۆ یەکێتی سۆڤیەت، "خەریکە بگاتە پوختەی


هەواڵنامەی کتێب

دەستکەوتی خۆی" بۆ ئەمریکا لە جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.١٠ لەم سەرنجەشدا مەشیاندا ئەو ڕاست بوو.

هەر یەکسەر دوای کودەتاکە، پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو گەرموگوڕییان تێکەوت. هۆکارە کلیلئاساییەکەش کرانەوەی ئەو هەڵوێستە توندە دژەکۆمۆنیستیەی حیزبی بەعس بوو. لەماوەی چەند سەعاتێکی دەسەڵاتگرتنەدەستدا، ئیدی میلیشیاکانی بەعس کە بە (حەرەس قەومی[20]) ناسران، ماڵ بەماڵ بە دوای سەدان بگرە هەزاران کۆمۆنیست و لایەنگرە گومانلێکراوەکانیان گەڕان. بەگوێرەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بێ، لە ١٢ی فێبرایەردا، "سەرچاوەی شایستە" ئاماژەیان بەوەدا، کە ٢٤٠٠ کۆمۆنیست ڕاوەدوونراون و دەستبەسەرکران. هەروەها باڵوێزخانەکە ڕاپۆرتیدا بەوەی زۆر کەس، هەزار کەسێک لە ماوەی چوار ڕۆژی دوای کودەتاکە کوژران.١١ لە ٢٠ی شوباتیشدا، باڵوێزخانەکە لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا نووسیبوو، کە ١٤,٠٠٠ دەستبەسەرکران، واش بڕوادەکرا لەو ژمارەیەدا ١٠,٠٠٠کەسیان کۆمۆنیست بووبن.١٢ زۆر لەو خەڵکە سەریان تێداچوو، هەرچەندە لەسەر ژمارەکە قسەی دەقاودەق یەکگرتوو نییە، بەلای «دۆگلاس لیتل»ـەوە ئاماژەکان "بە سەدانن"، کەچی «چارلس تریپ» و «گالیا گۆلان» ئاماژە بە ٣٠٠٠ کەس دەدەن و «حەنا بطوطو»ش ژمارەکە لە نێوان ١٥٠٠ تا ٥٠٠٠ کەس دادەنێ.١٣

بە شێوەیەکی بەرفرەوانیش بڕوای ئەوە هەبوو، گوایە سی ئای ئەی "لیستێکی بە ناوی کۆمۆنیستە گومانلێکراو و چەپەکانی دیکە" دابێتە حیزبی بەعس، کە ئەمەش بۆ ناسینەوەیان و کوشتنی "ژمارەیەکی نەزانراو لە گوڵبژێری خوێندەواری عێراقی" بەکارهێنران.١٤ بنەچەی ئەم گوتانەش «شا حوسێن»ی ئوردن بوو، ئەوەی لە دیدارێکی سەرەتای شەستەکاندا گوتبووی:

> من بە دڵنیاییەوە دەزانم ئەوەی لە ٨ی شوباتدا لە عێراق ڕوویدا بە پشتگیری هەواڵگریی ئەمریکاوە بوو... ئەرێ ئەوە

---

[20] حەرەس قەومی: من هەر بە ئەنقەست دەستەواژەکەم نەکردە کوردی، چونکە خۆی هەروا واتا شوومەکەی خۆی باشتر دەدا. وەرگێڕ



هەواڵنامەی کتێب

> دەزانی... لە هەشتی شوباتدا ڕادیۆیەکی نهێنی پەخشی بۆ عێراق کرد، لە ڕادیۆکەدا ناو و ناونیشانی کۆمۆنیستەکانی دایە دەست کودەتاچییەکان بۆ ئەوەی بتوانن بیانگرن و لەناویان بەرن؟[١٥]

لەکاتێکدا زۆر لە مێژوونووسەکان تیشکدەخەنە سەر ئەوەی ئاخۆ ئەمریکا لیستێکی داوەتە حیزبی بەعس، کەمێکیان لەوانە خۆیان بە ڕوونکردنەوەکەی «بطوطو[21]» گرێدابوو، گوایە بەعس "بە ئاستەم ئەو دەرفەتەی هەبوو، کە ئەو زانیارییە تایبەتییانە لە ١٩٥٨ - ١٩٥٩ کۆبکاتەوە، ئیدی بەمە بە تەواوی پەردە لەسەر شیوعییەکان هەڵدرایەوە."[١٩] لەڕاستیدا ئەم ڕوونکردنەوەیە نمایشێکی تەواوعەیار و پاڵپشتیشە بەو بەڵگانەی کە ئاماژەیە بەوەی حیزبی بەعس بەخۆی لە ماوەی نێوان ١٩٥٨ - ١٩٥٩ لیستی خۆی دروستکردبێ. هەر بۆ نموونە، شرۆڤەکارانی نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە (INR) هەر لە ١٥ی شوباتەوە لێدوانیان دابوو، ئەندامانی حیزبی [شیوعی] لەسەر بنەمای ئەو لیستانە ڕاوەدونراون و دەستبەسەرکراون کە لە لایەن غەیرە بەعسییەکان لە ماوەی ١٩٥٨ - ٥٩ ئامادەکرابوو، ئاخر شیوعییەکان "هەموو موڵکوماڵی خۆیان نمایشکردبوو" کە بەعسییەکان "بە وریاییەوە بەدوایدا چوون و لیستێکیان بۆکردن."[١٨] هەر بۆیە، هەبوونی لیستەکە مایەی ناکۆکی نییە، هەرچەندە ئەوە مایەی پرسە تۆبڵێی هەرگیز بەعس پێویستی بە کۆمەکی سی ئای ئەی هەبووبێ بۆ دەسنیشانکردنی ئاخۆ چ بیچمێک نەیار و ناحەزیانە.

پاش ئەوەی حیزبی بەعس هاتەسەر دەسەڵات، هەر یەکسەر پێکهاتەیەکی نوێی بۆ دامودەزگەی حوکمڕانی پێکهێنا. ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٢ بەعسی و ٤ ئەفسەری ناسیۆنالیست پێکهێنا و ئەوپەڕی دەسەڵاتی باڵای وڵاتیشی پێڕەوا بینی. سەرۆکایەتیی حکوومەت درایە

[21] حنا بطوطو (١٩٢٦-٢٠٠٠) مێژوونووسێکی بە ڕەگەز فەلەستینیە بەڵام بە زۆری لە ئەمریکا ژیاوە و لە زانکۆی هارڤارد وانەبێژبووە و بایەخێکی زۆری بە نووسینەوەی مێژووی سووریا و عێراق داوە. وەرگێڕ


هەواڵنامەی کتێب

«عەبدولسەلام عارف»ی جێگری پێشووی «قاسم»، کە بە سەرۆک ناوی هات و «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر»یش بەسەرووەزیر دانرا. ڕۆڵی «عارف» لێرەدا زیاتر بۆنەییانە (تەشریفاتی) بوو، ئاخر ئەو یەکێک نەبوو لە پیلانگێڕە بنەڕەتییەکان. لە سەرێکی دیکەشەوە، «ئەلبەکر» سەرکردایەتی حیزبی بەعسی دەکرد و دەکرا پشتبەستووش بێ بە سوپا. هەرچەندە کەسی هەرەبەهێزی سەرکردایەتی عێراق «عەلی سالَح سەعدی» بوو، کە ڕۆڵی جێگری سەرووەزیر، وەزیری ناوەخۆ و سکرتێری سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعسی عێراقی هەبوو، ئەمەش وای لێکرد جڵەوی حەرەس قەومی لەدەست بێ. خۆی هەر لەژێر ڕکێفی «سەعدی»دا بوو، کە حەرەس قەومی کەسە گرنگە نەیارەکانی لە ڕژێمی پێشوو بە ئامانج گرت، بەتایبەتیش شیوعییەکان و سەریشیکێشا بۆ قەتڵوعامی ١٩٦٣.[١٩]

ئەمریکاش تیشکۆی تەواوی خۆی خستە سەر ئەوەی ئاخۆ لەنێو عێراقدا چی ڕوویدا. لە ١٣ی شوباتدا، «ویلیەم بروبێک» سکرتێری جێبەجێکاری وەزارەتی دەرەوە یاداشتێکی بۆ «مەکگۆرگ بەندی» سکرتێری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆک کەنەدی نارد، تێیدا سەرەداوی هەنگاوەکانی ئەمریکای سەبارەت بە عێراق هەر لەوکاتەی کودەتاکە ڕوویدا بە ڕێنماییەکانیش بۆ دیپلۆماتەکان لە بەغدا گرتبوویەبەر، ڕوونیکردبووەوە. کۆدەنگیەکەش ئەوەبوو، کە پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق باشتر بوونە، بەڵام هێشتا ئەمریکا هەر پێویستی بەوەبوو سەبارەت بە نزیکبوونەوە لە ڕژێمە نوێکە خۆپارێز بێ، ئاگاداری ئەوەیدا، کە "لەهەر ئاماژەیەک بۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوەخۆی عێراق دووربکەونەوە" و هەموو کاربەدەستە ئەمریکییەکان پێویستە دووربکەونەوە لە "نیشاندانی ئەو سەرنجەی، کە ئەوان ڕژێمەکە هەڵدەسوڕێنن یاخود بوونەتە مامۆتک بۆی." دوای دانانی سەرەداوەکانی بەرنامەی بەهەندهەڵگیراو، وەک چەکی نوێ و یارمەتی دارایی و سیاسیی، «بروبەک» ئاماژەی بەوە دا، کە وەزارەت ئامادەی نەخشەیەکی دژەهەڵگەڕانەوە و مەشقپێدانە لە عێراق، بەڵام تەنیا لەو کاتەی کە کێشەی کورد لەسەرەتادا چارەسەربکرێ. ئەو گەیشتە ئەو ئەنجامەی، تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، "ڕژێمە نوێیەکە [پێدەچوو] زۆر لە هی قاسم


هەواڵنامەی کتێب

باشتر بێ، [نەشکرا] وادابنرێ کە [دەبێ] سەر بە ئەمریکا بن یاخود ئازادبن لە فشاری ناوەخۆ، کە سروشتێکی توندڕەوییانەی هەبوو. شتەکە [وا مایەوە] کەوا نیشانبردێ زۆر یەکانگیر [ماوەتەوە] و چەندیش بەرپرسیارە." ئەم هۆشدارییە دەکرا پێشبینییەکە بسەلمێنێ، کە هەر چەند مانگێکی مابوو بەر لەوەی ڕژێمەکە لەنێو خۆیدا بتەقێتەوە.[٢٠]

کاربەدەستانی ئەمریکا لەچاوی جەنگی سارددا وەهایان بینی، کە کودەتاکەی بەعس نوشستییەکی گەورەبوو بۆ سیاسەتی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی. بە هاتنەکایەی ڕژێمی نوێ لە عێراق، کە بڕیاریدابوو «حشع» سەرکوتبکا، ئیدی سۆڤیەت پێگە سەرەکییەکەی خۆی لە هەرێمەکە لەدەستدا.[٢١] هەروەک نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوەش INR ئاماژەی پێدا، "هەموو بەڵگە بەردەستەکان [نیشانەبوون]، کە یەکێتیی سۆڤیەت لەبن باری شکستی خۆی لە عێراق و وەک دەرهاوێشتەی کودەتاکەی عێراق بە شێوەیەکی گشتیش لە سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوڕاستیدا نالاندی.[٢٢] لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیمەنە گەشبینییە شتێک نەبوو کۆدەنگی لەسەر بێ. لە ١٩٦٣ دا عێراق بە تەواوی پشتی بە کۆمەکی سەربازییانە و مەشق و ئامێر و کەلوپەلەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بەست. وەک ئەنجامێکیش کاربەدەستانی ئەمریکا نیگەرانبوون لەوەی مۆسکۆ ئەو پەیوەندییەی بۆ دابینکردنی چەک و تفاقەکانی سەربازییانە لەگەڵ بەغدا وەک تێکڕاییەک بەکاربێنێ، چونکە هەردوولایان لە شیرازەتێکچوونی تەواوی پەیوەندییەکان شتی زۆریان لەدەستدەدا.[٢٣] وێڕای ئەمەش، بە گوێرەی «گۆلان» ئەو لەیەکترازانە وروژێنەرەی پەیوەندییەکانی چین - سۆڤیەت[22] لەمپەرێک بوو لەبەردەم سۆڤیەتدا تا لێبڕوانە ڕووبەڕووی دارِسانەکانی توندوتیژیی حیزبی بەعس ببێتەوە، کە دەرهەق «حشع» کردی.[٢٤] ئەم هەلومەرجە خۆشبەختییەش لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بوو.

---

[22] لێرە مەبەست ئەو لەیەکترازانەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتی چینە لە ماوەی جەنگی سارد لەنێوان ساڵەکانی (١٩٦٠-١٩٨٩)، ڕاستیەکەی ئەمەش بە هۆی سەرکردەی چین «ماوتسی تۆنگ»ەوە بوو کە بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندییەکانی دا. (وەرگێڕ)



هەواڵنامەی کتێب

له سۆنگەی ئەگەری ئەو بادانەوەی عێراق له جەنگی سارد، سەرۆک «کەنەدی» له ١٨ی فێبرایەردا تێبینییەکی بۆ «دین ڕوسک»ی وەزیری کاروباری دەرەوە نارد، ئاخۆ چی بکرێ بۆ ئەوەی عێراق ڕابکێشرێتە نێو تەوەرەی ڕۆژئاواوە. بەتایبەتیش «کەنەدی» ویستی بزانێ ئاخۆ ڕەوشی پەیوەندی چەکپێدانی سۆڤیەت - عێراق چۆنە و ئایا دەکرێ ئەمریکا بە پیر داواکانی لەو بارەیەوە بڕوا، "ئەگەر هاتوو ڕووسەکان یارمەتییەکانیان [لە عێراق] بڕی، ئایا لە نەخشەماندا هەیە هیچ شتێکیان بخەینەڕوو؟"[٢٥] دوای چوار ڕۆژ «ڕوسک» وەڵامی «کەنەدی» دایەوە:

> ئێمە بە دوای پەیوەندییەکی دۆستایەتیی ئارام لەگەڵ عێراقدا دەگەڕێین، دەمانەوێ خۆمان لە فشارخستنە سەر ڕژێمە نوێیەکە دووربخەینەوە، بەڵام ئامادەین لەو ڕووە سوودبەخش بین بێئەوەی ئاستی کۆمەکی ماددیمان لەوەی هەیە پتر بکەین... ئێمە بە شێوەیەکی تایبەتییانە ڕژێمە نوێیەکەمان دڵنیاکردۆتەوە، کە نامانەوێ خۆمان لە کاروباری ناوخۆیان هەڵبقورتێنین.[٢٦]

لەوەش پتر، «ڕوسک» ڕوونیکردەوە، کەوا ئەو ڕێنمایی بۆ کارهەڵسوڕێنەری پەیوەندییەکان لە بەغدا «ڕۆی مێلبۆرن» دەرکردووە، تا دەسەڵاتدارە عێراقییەکان لە پەیوەندی دۆستانەی ئەمریکا دڵنیابکاتەوە؛ بێلایەنی ئیدارەی بێلایەنییان لە هەرێمەکە بۆ ڕوونبکاتەوە، نەخاسمە ئەوەی سەبارەت بە «ناسر» بێ، لەگەڵ شیکردنەوەی سیاسەتی گشتیی ئەمریکا و جەنگی سارد و نیگەرانییەکانی.[٢٧] هەرچی دەربارەی چەکوتفاقیش بوو، «ڕوسک» بە خۆپارێزییەوە ڕاوێژی بۆ عێراق کرد، چونکە پێدەچوو هێشتاش عێراق لەسەر دابینکردنی چەکومەک لە لایەن بلۆکی سۆڤیەتیەوە بەردەوامبێ.[٢٨] لەگەڵ ئەوەشدا «ڕوسک» مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە پێویستبوو بۆ دابینکردنی چەک و تفاقی جەنگی عێراق ڕوو لە ئەمریکا بکا، ئەوکات ئەمریکا دەبێ "لیستی جۆر و چەندایەتییەکەی سنووردار بکا" لەوەی کە دەکرێ بخرێتە بەردەستی، ئەمەش لەو کاتەوە هات، کە هەر بارێکی قەبە و سەرەکی چەکومەک بۆ


هەواڵنامەی کتێب

هەرێمەکە نەخاسمە لەبەر ئیسرائیل لە پرسە ئاڵۆزەکان بژمێردرێ. هەروەها ئەو گوتی، کە وەزارەتی دەرەوە دەیەوێ بە زووترین کات باڵوێزێکی نوێ بنێرێتە عێراق. بە کورتی دیسان وەزارەت ویستی بگەڕێتەوە سەر سیاسەتە تەقلیدییەکەی خۆی "چاوەڕێبکە و ببینە" لەبەرانبەر عێراق، خۆ ئەگەر هەر هیچ نەبێ ئەم سیاسەتە بۆ ماوەیەک بێ.[٢٩]

بە درەنگانێکی مانگی شوبات، دوو کاربەدەستی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک NEA، هەریەک لە «ڕۆبەرت سترۆنگ» و «ئەندریۆ کیلگۆر» ڕێبەرنامەیەکی سیاسەتی ناوخۆیان بۆ عێراق ڕەشنووسکرد. ئەم ڕێبەرنامەیە لە ٢ی مارتدا دابەشکرا، بە هۆیەوە نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک لەو باوەڕەدا بوو، کە "لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی عێراقدا پێ لەسەر عروبە دادەگرێ و [وەک نموونەی سکەندەناڤییەکانیش] بێلایەن (لاشەڕ) ڕیفۆرمیست و سۆشیالیست دەبێ." تەنانەت لەو حاڵەشدا، لە کاتێکدا ئەمریکا دەیتوانی لەگەڵ ڕژێمی نوێی عێراقی "هەڵبکا"، بەڵام چوار دارِسانی پێچارەی ناسیبوونەوە: شەڕی کورد، کێشەی کۆمپانیای نەوتی عێراق، پەرەپێدانی دەستوورییانە و پێشخستنی باری ئابووری. لەهەر یەک لەم حاڵەتانەدا، ئەمریکا داوای لە عێراق کرد سازشی مەعقولانە بکا، بەتایبەتیش لە مەترسی پرسی کورددا (کە بە وردەکارییەکی زۆر گەورەوە تاوتوێکرا). هەرچی دەربارەی کێشەی کۆمپانیای نەوتی عێراقیش بوو، ئەمریکا بەردەوامبوو لەسەر ڕاوێژکردن لەگەڵ بەریتانیا و هانی پشکدارە ئەمریکاییەکان بدرێ هەندێ نەرمونیان بن و خۆشحاڵی خۆشیان دەربارەی هەر دەستپێشخەرییەکی عێراقی بۆ کێشە ناجێگیرەکان نیشانبدەن. هەروەها ئەمریکا فشاری لەسەر ڕژێمی عێراق نواند، تا بەرەو ڕیفۆرمی دەستووری بڕوا و دیمۆکراسییەکی قانوونییانە بچەسپێنێ. بەهەمان شێوەش خواستی خۆی نیشاندا، کە یارمەتییەکی بەرچاوی پەرەپێدانی باری ئابووری عێراق بدا، بێئەوەی ئاستی کۆمەکە ماددییەکانی لەوەی هەیە بەرزتربکاتەوە." سەبارەت بە پەیوەندییە هەرێمییەکانیش، ئەمریکا هانی عێراقی دا پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ تورکیا و ئێراندا ببەستێ، بەتایبەتیش دژی دروستکردنی فیدرالیزم نەبوو لەگەڵ میسر و سووریا یان کوێت،


هەواڵنامەی کتێب

بەمەرجێک کە بڕیاردانەکە نهێنی نەبێ. لە کۆتاییدا، دەربارەی کێشەی عەرەب – ئیسرائیل، ئەمریکا پێویستی بەوەبوو لە سایەی ئەو سیاسەتەی" هەڵوێستێکی بێلایەنانەی لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبییەکاندا" بمێنێتەوە.[٣٠]

کاردانەوەی ئیدارەی ئەمریکا بۆ کودەتاکەی بەعس نیشانەیە، کەوا بە ڕووداونەکەی دڵخۆش بووە. بە ڕۆژی ڕوون کاربەدەستانی ئەمریکا بڕوایان وابوو، حیزبی بەعس جێگرەوەی ڕژێمی قاسمی سەر بە سۆڤیەت وەرچەرخانێک بوو لە حساباتی جەنگی سارددا کە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بوو. دوای ساڵێک لە نوشستهێنان لە هەرێمەکەدا، کودەتاکەی بەعس سەرکەوتنێکی زۆر پێویستی ئەمریکا بوو لە جەنگی سارددا. تەنانەت لەگەڵ ئەوەی ڕژێمێکی دژەکۆمۆنیست گەڕایەوە سەردەسەڵات لەبەغدا، ئەو سیاسەتەی لەوێ پەیڕەوکرا نیشانەی ئەوەبوو، کە پێویستی بەوە هەیە لە دژی هەوڵ و تەقەللای سۆڤیەت بۆ ڕیشەکێشکردنی بپارێزرێ.

## سۆڤیەتییەکان و کورد

هەر زوو دوای کودەتاکە، کاربەدەستانی ئەمریکا سەبارەت بە نزیکبوونەوەی ڕژێمی بەعس لە کێشەی کورد نیگەران بوون. بە فەرمی ئەمریکا کێشەی کوردی وەها دەبینی، کە "پرسێکی تەواو ناوەخۆیی عێراقییە، هیچ ڕۆڵێکی ئەمریکی چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی تێدا نابێتەوە" و ڕاوێژیش درابووە دیپلۆماتە ئەمریکاییەکان "خۆیان لە دەربڕین و لێدوانی وەها بەدووربگرن کە [عێراق] و کورد بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی کەمایەی ڕەزامەندی بێ."[٣١] هەرچەندە دواتر ئەمریکا خۆی لە پێگەیەکی زەحمەتدا بینییەوە، ئەوەش ئەو کاتەی سۆڤییەتییەکان دەستپێشخەرییان لە دانانی ڕادیۆیەکی نهێنیدا کرد و تێیدا ئەوەی پەخشکرا، کە داوا لە کوردان کرا پاڵبدەنە پاڵ کۆمۆنیستەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی نوێ و ڕادیۆکە پشتگیری داواکانی کوردی کرد بۆ "بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی تەواوی هەرێمی و پشکێکی زۆریان لەداهاتی نەوت


هەواڵنامەی کتێب

هەبێ کە لە ناوچەی کوردیدا بەرهەمدەهات."[٣٢] بۆ ئەمریکییەکان گرێکوێرەکە ئەوەبوو، ئەوان "شکستیانهێنا لە دۆزینەوەی چارەسەرییەکی سیاسی بۆ کێشەی کورد، چونکە کێشەکە تەنیا و تەنیا بە قازانجی سۆڤیەت و کۆمۆنیستە عێراقییەکان تەواودەبوو،"[٣٣] بەڵام دیاربوو ڕژێمی بەعسیش بڕیاریدابوو بە سیاسەتێکی توند لەگەڵیان بجووڵێتەوە. لەکاتێکدا دیپلۆماتە ئەمریکاییەکان هاوسۆزبوون لەگەڵ خواست و مجێزی کوردە ناسیونالیستەکان، جووڵەی سۆڤیەتیش ئەوەی دەگەیاند، کە ئیدارەی «کەنەدی» پشتگیری خۆی بۆ ڕژێمی بەعس زیاتربکا.

دۆزی کورد گرێدراویش بوو بە دۆزێکی دیکە: ئەویش یەکێتیی عەرەب بوو. بەعس دوای دەسەڵاتگرتنە دەستیان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، دەیانەوێ عێراق لەگەڵ هەریەک لە میسر یان سووریا یاخود هەردووکیان یەکێتییەک پێکبهێنن. لێبژاردنی ڕژێم بۆ کەسی «عەبدولسەلام عارف»، پشتگیرییەکی لەمێژینەی یەکێتی بوو لەگەڵ میسر، بەوەی ببێتە سەرۆکی عێراق، نیشانەیەکیش بوو بۆ ڕازیکردنی لایەنگرانی «ناسر» لەگەڵ توخمە ناسیونالیستە عەرەبەکانی نێو سوپا. بەڵام پرسی کورد ببووە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم یەکگرتنەکە. لە ٢٢ی شوباتدا عێراق نێردەیەکی ڕەوانەی قاهیرە کرد تا لەگەڵ «ناسر» باسی ڕوانگەی یەکگرتن لەگەڵ میسر و سووریادا بکەن. دوو کوردیش یاوەری نێردەکەی قاهیرە بوون، کە بەتەنیاش چاویان بە «ناسر» کەوت. کوردەکان مشتومڕی ئەوەیان بوو، ئەگەر هاتوو عێراق لەگەڵ دوو دەوڵەتی گەورەی عەرەبڕەگەز یەکبگرێ، ئەوا دانیشتوانە زۆروزەوەندە عەرەبەکەی میسر دیمۆگرافیای کوردی عێراق لەبەیندەبا، چونکە ئەوان لە نێو عێراقدا نزیکەی ڕێژەی ٢٠٪ پێکدەهێنن. لەبەر ئەوە، کوردەکان گوتیان، ئەوان دەیانەوێ لە دابینکردنی ئۆتۆنۆمییەک لە نێو عێراقدا ئەرخاینبن، تەنانەت بەڵکو سەربەخۆش بن، سەبارەت بەمەش «ناسر» "بە تەواوی پشتیوانی داواکانی کوردی کرد ... و هیوایخواست خێرا بگەنە ڕێککەوتنێک." لەگەڵ ئەوەشدا «ناسر» بە خۆی ڕەشبین بوو لەوەی ڕژێمی بەعس ئەو دەستکەوتە بەدەستبێنێ، ئەمەش هەڵسەنگاندنێک بوو ڕاستییەکەی سەلمێنرا.[٣٤]


هەواڵنامەی کتێب

لە سەرەتای ئازاردا، کاربەدەستە ئەمریکییەکان نیگەرانبوون لە هەوڵ و تەقەللای دەستپێشخەری ڕژێم بۆ چارەسەرکردنی گرژییەکان لەگەڵ کورددا شکستبێنێ. لەکاتێکدا سەرکردەی کورد «مەلا مستەفا بارزانی» چەند هەنگاوێکی نیازپاکی هاوێشتبوو، هەروەک ئازادکردنی نزیکەی ١٥٠٠ دیلی عەرەب، کەچی حکوومەت هەرگیز بە دوای بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی نەچوو و لە ئازادکردنی گیراوە کوردەکان، هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری و پەسەندنامەی بنەمایی بۆ ئۆتۆنۆمییەک بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا.. ئەمەش وای لە کورد کرد لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا نزیکببێتەوە و داوا لە ئیدارەی کەنەدی بکا بەڵکو وا لەڕژێم بکا، کێشەکەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەربکا.[٣٥] کاتێکیش هەواڵی نزیکبوونەوەی کوردەکان لە باڵوێزخانەکە گەیشتە واشنتن، «کۆمەر» و «بەندی» یاداشتێکی ئاگادارکردنەوەیان سەبارەت بە ئاڵۆزییەکانی عێراق نارد.

> هەندێک لە سووسەکارانمان خەریکن زۆر نیگەران بن سەبارەت بەو سەرچڵییەی، کە کێشەی کورد [بکرێ] ببێتە مایەی تێکدانی ڕژێمی عێراق. زەحمەتیشە ئەوە بگوترێ، کە گفتوگۆکانی بەغدا بەرەو باشی یان خراپی دەڕۆن، بەڵام زۆر لایەن هەن - تورکەکان، ئێرانییەکان، ناسر و لە سەرووی هەمووشەوە سۆڤیەتییەکان - بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن قومار لەسەر دنەدانی کورد بکەن.[٣٦]

بە شێوەیەکی تایبەتمەندتر، «کۆمەر» ڕاپۆرتی ئەوەی دا، کە شا دەیەوێ کوردەکان بۆ شکاندنی ڕژێمی عێراق بەکاربێنێ، ئەو پێیوابوو "لەگەڵ ناسر زۆر ئاسودەیە"، ئەو ناسرەی شا متمانەی پێنەبوو. «کۆمەر» ئاماژەی ئەوەی دا، کە ئەمریکا هۆشداری داوەتە شا، کە "دەستهەڵبگرێ" لە عێراق بەڵام ئەوەشی زانی، شا پێناچی "بەگوێی ڕاوێژەکەیانی کردبێ." شایانی باسە، «کۆمەر» سی ئای ئەی ڕاسپارد تا نەخشەیەکی باری ناکاو بۆ ئەگەری نۆژەنبوونەوەی شەڕی کورد ئامادەبکا و داواشیکرد بەڵکو «بەندی» لەو ڕێکارانەدا و لە کۆبوونەوەی



هەواڵنامەی کتێب

داهاتووی گرووپی تایبەت CI کە لە یەک دوو ڕۆژی دوایی دەبەسترا، پشتگیریبکا. ڕاسپاردەی «کۆمەر» ئەوە بوو، ئەمریکا لە ڕێکارێکی خۆپارێزییەوە بگلێ بۆ ڕوونەدانی هەڵگیرسانەوەی کێشەکە، چونکە دەبێتە هەڕەشە لەسەر مانەوەی ڕژێم.[37] لەکاتێکدا وردەکاری بڕیاری گرووپە تایبەتەکە بە نهێنی ماوەتەوە، کەچی یاداشتەکەی «کۆمەر» ئاماژە بەوە دەکا، کە ئەمریکا بەتەنیا نیگەرانی ئەوەبوو کێشەی کورد چەند هەڕەشەیە بەسەر مانەوەی ڕژێمی بەعس.[٣٨]

لە سێی ئازاردا «مێلبۆرن» چاوی بە «تالیب شەبیب»ی وەزیری دەرەوەی عێراق کەوت، تا نیگەرانی ئیدارەی کەنەدی سەبارەت بە کورد پێڕابگەیەنێ. «شەبیب» ئاماژەی بەودا بوو، کە حکوومەتەکەی "ئامادەی سازشێکە" بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی کەلتووری بە کورد، بەڵام خواستیان نییە لەوە زیاتر تێپەڕن. «شەبیب» گوتی گەر پێویستبکا شەڕ دووبارەبێتەوە، ئەوا ڕژێم لە نەخشەیدایە "هەڵمەتێک لەسەر هێڵی جیاواز لەوەی «قاسم» دەستپێبکا"، ئاماژەشی بەوە کرد، بەتەمان خێڵە کورد و عەرەبە دژەبارزانییەکان لە باکوور هانبدەن و هەر بە تاکتیکی گەریلاییانە دژیان بوەستنەوە. «مێلبۆرن»یش گوتی کەوا گومانی لە چارەسەری سەربازییانە بۆ کێشەکە هەیە، ئاماژەی بەوەدا، کە کورد "لە شەڕی گەریلاییدا سەرکردایەتییەکی کارامەیان هەیە، ئەفسەرە پێشووەکانی سوپا بە شێوەیەکی مەحکەم مەشقییان لەسەر تاکتیکەکان کردووە." سروشتی سەرچڵییانەی تەعلیقەکانی «شەبیب» نیگەرانییەکانی «مێلبۆرن»ی سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی کاری شەڕانگێری سەلماندەوە و بەهێزترکرد، ئەمەش وای لێکرد ئاگاداری واشنتن بکاتەوە، کە شەڕەکە" وا پێدەچی لەسەر ئان و ساتی تەقینەوەدا بێ."[٣٩]

هەر دەستبەجێش ئەو ئاگادارکردنەوەی «مێلبۆرن» سەرنجی سی ئای ئەی بۆ لای خۆ ڕاکێشا. لە پێنجی ئازاردا، «ڕای کلاین» بەرپرسی بەڕێوبەرایەتیی هەواڵگریی سی ئای ئەی یاداشتێکی هۆشدارییانەی سەبارەت بە مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد بۆ «بەندی» نارد. ئەو مشتومڕی لەسەر



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەکرد، "سەرهەڵدانی ڕژێمێکی دژەکۆمۆنیستی لە بەغدا کۆسپی سەرەکی پشتگیری سۆڤیەتی بۆ کوردە هەڵگەڕاوەکان لەناوبرد و ئەم کێشەیەش کاریگەریی گرنگی بۆ ئەودیوی سنووری عێراق هەیە." ئەو ژمارەیەک دەرەنجامی پێناسەکردن: (١) کە پێویست بێ شەڕ دەستپێبکاتەوە، ئەوا ڕژێمی نوێ لە قاسم کاراتر نابێ بۆ بەزاندنی کورد. (٢) وێڕای ئەو ماوە دوورودرێژەی بارزانی لە تاراوگەی یەکێتیی سۆڤیەتدا، کەچی ئەو کۆمۆنیست نەبوو بەڵام دەکرێ پشتگیری سۆڤیەت پەسەندبکا ئەگەر لە لایەن ڕۆژئاواوە بەلاوەبنرێن. (٣) لەبەر هەبوونی کەمینەیەکی زۆری کورد لە ئێران و تورکیا، هەردوو دەوڵەت سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ناسیونالیزمی کوردی و بەنێو سنوورەکانیان نیگەرانن، بەتایبەتیش ئەگەر هاتوو بارزانی هەڵوێستێکی سەر بە سۆڤیەت بگرێتەخۆ. هەروەها (٤) سەرکەوتنی سەربازییانەی بارزانی وای لێکردووە متمانەی زێدەی بە خۆی هەبێ، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ڕژێم سازشی لەسەرکردووە، داوای پلەیەکی هەروازتر لە ئۆتۆنۆمی بکا. «کلاین» گەیشتبووە ئەو ئەنجامە، ئەگەر ڕژێم دەستبەجێ ئامادەی سازشکردنێکی شایستە نەبێ بۆ کورد، ئەوا هەڵگیرسانەوەی شەڕوشۆڕ شتێکی حەتمی دەبێ.[٤٠]

ڕوون و ئاشکرا بوو لە سەرەتای ئازاری ١٩٦٣ دا، کاربەدەستانی ئەمریکا سەبارەت بە هەڵگیرسانەوەی جەنگی کورد نیگەران بوون. کۆدەنگیەکەش ئەوەبوو، کە جەنگ تەنیا و تەنیا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ دەکا و دەشبێتە گەف و هەڕەشە لەسەر مانەوەی ڕژێمی بەعس. لەبەرئەوە ئەمریکا داوای لە عێراق کرد، بەڵکو خۆی لەگەڵ کورد بگونجێنێ.

### چەکفرۆشتن بە عێراق؟

لە نیسانی ١٩٦٣ دا وەرچەرخانێکی گەورە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا – عێراق بەهۆی داوایەکی عێراق بۆ کڕینی چەکی ئەمریکی ڕوویدا. بەگوێرەی



هەواڵنامەی کتێب

«مێلبۆرن» پێشتریش قاسم یەک دەرزەن هێلیکۆپتەری لە یەکێتیی سۆڤیەت بەڕادان دابوو، بەڵام "هەڵوێستی تازەی سۆڤیەت سەبارەت بە پرسی کورد" وای لە عێراق کرد بگاتە ئەو ئەنجامە "کە هیچ چاوەڕوانییەکی بۆ بەدەستهێنانی داواکە نەبێ." بە یاریکردن بە کارتی شەڕی سارد، «شەبیب» داوای لە ئەمریکا کرد بەڵکو "کۆپتەرە هاوشێوەکان بە عێراق بفرۆشێ و لەماوەیەکی دیاریکراویشدا بەردەست بن."[41] ئەم داوایەشیان هاوپێچ بوو لەگەڵ داوای دیپلۆماتە عێراقییەکان لە واشنتن، کە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نزیکبوونەوە و داوای کڕینی ٤٠ تانکی سووک و ١٢ تانکگوێزەرەوەیان کردبوو.[42] مایەی لێتێگەیشتنیش بوو، کە داواکەی عێراق سەلمێنرا و هەر بەڕاستیش ئەمە وەرچەرخانێک بوو لە شەڕی سارد، هەرچەندە ئەوەش بووە مایەی ئەوەی هێڵ بە ژێر نیگەرانییە پەرەسەندووەکاندا بهێندرێ، بەوەی ڕژێمی بەعس خۆی بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد سازوتەیار دەکا.

داواکەی عێراق وای کرد ئاژانسەکان لەنێوخۆیاندا سەبارەت بە سیاسەتی چەکی ئەمریکی پێداچوونەوەی خۆیان بکەن. لەم بارەیەوە کۆدەنگییەکی ڕوون و ئاشکرا لەنێو حکوومەتی ئەمریکادا هەبوو، کە ئەم حاڵەتە خاڵێکی ئەرێنییە لەچاو پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق و جەنگی سارد، بەڵام ئەگەری زیدەبوونی هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد پرسەکەی ئاڵۆزکرد. دەستەی هاوبەشی ئەرکان JCS بەو داوایەی عێراق بۆ چەک زۆر گەشبین بوو، هەر بۆیە نووسراوێکی (پەیامێکی) لە ٩ی ئازار دەستاودەست پێکرد، تێیدا هاتبوو، ڕژێمی نوێی و دژەکۆمۆنیستەکەی بەغدا "دەرفەتێکی لەبەرژەوەندی جیهانی ئازاد، نەخاسمە ئەمریکا هێناوەتەکایە، بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی لە ناوچەکەدا زێتربکا" و ڕاسپاردەکەشی ئەوەبوو، پێویستە سیاسەتی ئەمریکا لەسەر ئەوە چڕببێتەوە، کە "پشتی پێگەی حکوومەتە نوێیەکەی عێراق بگرێ، ڕوخسارە دژەکۆمۆنیستەکە و بڕوابەخۆبوونی سەبارەت بە جووڵانەوە دژی هێرەشەکانی کۆمۆنیستی و مەراییەکان بەهێزتربکا و پەیوەندی دۆستانەی لەنێوان عێراق و هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لەباوەشبگرێ." مایەی سەرنجە، دەستەی ئەرکانی هاوبەش بڕوای وا بوو، فرۆشتنی چەکومەک دەکرێ ڕێڕەوی



هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندی دابینکردنی تفاقی سەربازییانەی عێراق بگۆڕێ و لە سۆڤییەتەوە وەربچەرخێ بۆ دابینکردنی چەکی ڕۆژئاوایی و ڕاسپاردەشی وابوو، کە هەر دەستگیرۆییەکی سەربازییانەی هەر دۆزێک بەتەنیا بێ و هاوسەنگیش بێ لەگەڵ پابەندییەکانی دیکەی ئەمریکا لە هەرێمەکەدا (وەک میسر، ئیسرائیل، ئێران، ئوردن، عەرەبستانی سعوودی و شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا).[٤٣] وەزارەتی کاروباری دەرەوەش بەو ڕاسپاردانە قایلبوو و وردەکاری زیاتری پرۆژەکەی بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا نارد. سەبارەت بە پرسی فرۆشتنی هەلیکۆپتەرەکان، وەزارەت ناڕەزایەتی نیشانندا و دوو نموونەشی بۆ باڵوێزخانە دیارکردن، بەڵکو بیانخاتە لیستی پێشنیاز، بەڵام فرۆشتنی تانکەکان زۆر ئاڵۆزتر بوو، چونکە نیگەرانییەکان لەسەر ئەوە هەبوون، بەڵکو عێراق لە دژی کورد یان لە دژی ئیسرائیل بەکاریانبێنێ. ئەمەش بووە مایەی گرێکوێرە. ئاخر ڕەتکردنەوەی فرۆشتنەکە باندۆری خراپی دەکردە سەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا – عێراق و لەوانەش بوو عێراق بۆ دابینکردنی چەک دیسان ڕووی خۆی سۆڤیەت بەرەو بسووڕێنێتەوە؛ بەم جۆرە وەزارەت داوای لە باڵوێزخانەی خۆی کرد، ئەم کێشانە بەهەندهەڵبگرێ و ڕاسپاردەی خۆی بنێرێ.[٤٤] لە کۆتایی ئازاریشدا، «کۆمەر» یاداشتێکی بۆ «بەندی» نارد، ئەوەی تێدا دیارکردبوو، کە ئەمریکا حەزی لێیە هەردوو شتەکان چ هەلیکۆپتەر و چ تانکەکان بە عێراق بفرۆشێ، بەڵام مەرجی خۆپارێزی هەن. ئەو پرسی، "ئایا ئێمە بە شێوەیەکی کاریگەرانە لەبارین بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە؟[٤٥] ڕوون و ئاشکرا بوو داواکەی عێراق بە پەرۆشەوە کاردانەوەی لای سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا وروژاند، هەرچەندە ئەو دەرفەتەشی زێدەترکرد، کە ببێتە مایەی نوێبوونەوەی شەڕی کورد.

لە دووی نیسان و دوای دوو هەفتە لە تاوتوێکردن، «هال ساندەرس» شرۆڤەکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێو ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانییدا بە «بەندی» ڕاگەیاند، کە دەوڵەت قایلبووە بەوەی ١٢ هەلیکۆپتەر بە بە بەهای ٤ – ١٥ ملیۆن دۆلار بە عێراق بفرۆشێ. ڕاسپاردەی «ساندەریش» وابوو، لە باری نزیکبوونەوە لە عێراق بە وریاییەوە بجووڵێنەوە، هۆشداری



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەشیدا، کە ئەمریکا پێویستە "تا بکرێ یارمەتیدەربێ [بۆ عێراق]، بێئەوەی خۆی لە قەرەی بەرنامە کۆمەکێکی نوێی نامسۆگەر بدا." ئەو تێبینی ئەوەی کرد، کە داوانامەی عێراق تەمومژاوییە و ئەوان وەڵامی پێشنیاز (پڕۆژە) دەستپێشخەرییەکەی ئیدارەی ئەمریکایان نەداوەتەوە. وێڕای ئەمەش، ئەو وەهای بینی، کە "هیچ کێشەکی ڕاستەقینە لە پێفرۆشتنی تانکی سووک، چەکی بچووک و [تەقەمەنی]، ئامیرەکانی [پەیوەندی] یان تەنانەت فڕۆکەی گواستنەوەشدا نییە."[٤٦] بە پەسەندنامەی ئەو، ئەمریکا "بە شێوەیەکی بنەمایی" قایلبوو تانکەکان بە عێراق بفرۆشێ، ئەوەش بڕیارێک بوو باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە ١٢ی نیساندا گەیاندییە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق. لەو ڕێبەرنامەیەی درایە باڵوێزخانەکە، ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەو بەڵگەوبەندەی بەلاوەنابوو گوایە عێراق هەڕەشەیەکی سەربازییانەیە لەسەر ئیسرائیل، تورکیا و ئێران. ئیدارەی ئەمریکا داوایکرد تانکەکان پڕبەپێستی " پڕکردنەوەی پێویستی بەرگری ڕەوای عێراقی و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆییە،" ئەمەش ڕۆژئاوا بە شێوەیەک دەخاتە بەردەم عێراق، کە جێگرەوەیەکی شیاوە بۆ چەکی سۆڤیەتی، نیشانەشی بەوە کرد، کە چەکەکان کورتهێنن و - لە ئایندەیەکی پێشبینیکراویشدا - نابنە توانستێکی لۆژیکی گەف و هەڕەشە بەسەر تورکیا و ئێران.[٤٧] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ئەوەندە کە ئەمریکا قایلبوو چەک بە عێراق بفرۆشی، واتای ئەوەی نەدەگەیاند ڕێککەوتنەکە مسۆگەر بووە.

هەرچۆنێک بێ، بڕیاری ئیدارەی کەنەدی بە فرۆشتنی چەک بە عێراق بە ڕوون و ئاشکرایی لە بن سەری بەهەندهەڵگرتنەکانی جەنگی ساردەوە بوو. هۆکاری دژەفرۆشتنی چەکەکانیش لە گۆڕێدا هەبوو - وەک ئەگەری مەترسی لەسەر ئیسرائیل، ئێران و تورکیا هەروەها لەگەڵ کوردیش - کەچی هێشتا ئیدارەی کەنەدی هەر هەڵوەدای ئەوە بوو، عێراق لە بازنەی سۆڤیەتەوە دووربخاتەوە. لەبەرئەوە، ئەو هێزە پاڵنەرەی سیاسەتی ئەمریکای بەرەو بەعسی عێراق ڕاکێشا، شتێکی کەم پەیوەندی بەو بەهەندهەڵگرتنانەی هەرێمییەوە هەبوو،


هەواڵنامەی کتێب

بەڵکو بە پێچەوانەوە نیگەران بوو سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکا لە بەرانبەر یەکێتیی سۆڤیەت و ئەو هەڕەشەیەی لەسەر هەرێمەکە هەیبوو.

لە ماوەی مانگەکانی نیسان و ئایاردا، ئاواتی ئیدارەی کەنەدی لە ڕێی چەکفرۆشتن بەوەی عێراق لە سۆڤیەت بکاتەوە، سەریکێشا بۆ بەرزبوونەوەی نیگەرانییەکان سەبارەت بە هەڵگیرسانەوەی جەنگی کورد. ئەمەش وای لە ئەمریکا کرد فشار بخاتە سەر هاوپەیمانەکانی وەک تورکیا و ئێران بەوەی کە شەڕەکە دەستپێکردەوە ئەوان خۆیان تێهەڵنەقورتێنن، هەر لەو کاتەشدا داوای لە ڕژێمی عێراق کرد بەڵکو بە دوای دانوستان لەگەڵ کورددا بگەڕێ. هەروەک «ساندرس» داوایکرد، "بەرژەوەندییەکانی عیراق دەبوو باشتر بەدیبێن ئەگەر هاتبا و حکوومەتەکەی [بیتوانیبا] کۆنترۆڵی کوردەکانی کردبا، لەوەی نەبادا شەڕی یاخیبووانی کورد لە ڕاکێشانی سۆڤیەت یان ئێرانییەکان بۆ نێو دۆخەکە سەرکەوتووبێ.[٤٨] هەر بەڕاستیش کاربەدەستانی ئەمریکا بەتەواوی لە نوێبوونەوەی شەڕی کورد نیگەرانبوون، چونکە دەبووە بەربەستێک لە هەمبەر چەکپێفرۆشتن و دەبووە هەڕەشەش بەسەر مانەوەی ڕژێمی بەعس، بەمەشیان هەر سۆڤیەت قازانجی دەکرد. وەک ئەنجامێکیش، ئیدارەی کەنەدی هەستی بە ئەرکێک کرد، بەوەی عێراق لە شەڕێکی نوێ دووربخاتەوە.

لە دووی نیساندا، وەزارەتی دەرەوە برووسکەی بۆ باڵوێزخانەکانی خۆی لە هەر یەک لە ئەنقەرە و تاران لێدا، تا پرسی کورد لەگەڵ هەردوو حکوومەتدا باسبکەن. برووسکەکە مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە نوێبوونەوەی شەڕ لە بەرژەوەندی هیچ کام لەو حکوومەتانەدا نییە، بەڵکو تەنیا قازانجی کۆمۆنیستەکان یان هێزەکانی سەر بە ناسرەوە و ئەمەش ئەگەری هەیە "ڕاپەڕینە هاوتەریبەکان" لە تورکیا و ئێران زیاددەبن، سۆڤیەتیش خواخوایەتی ڕەوشەکە بتەقێتەوە. وەزارەت لەو بڕوایەدابوو، کە بەرژەوەندییەکانی ئێران، تورکیا و ئەمریکا "بە باشترین شێوە لەو بارەدا دەپارێزرێ و خزمەتدەکرێ کە چارەسەرییەکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە ... ئەمەش لە بەرڕەوتی ئەو فۆرمە [ئۆتۆنۆمییەی] کە پێشتر حکوومەتی خۆجێی لەسەری


هەواڵنامەی کتێب

ڕێککەوتووە." خۆ ئەگەر شەڕەکەش هەڵبگیرسێتەوە ئەوا ئەمریکا هەستدەکا وەک ئەرکێک لەسەریەتی ئاگاداری ئێران و تورکیا بکاتەوە تا "دووورکەونەوە لەوەی کە دەکرێ ناوچەکە ببێتە زۆنگاوێکی سیاسی و سەربازییانە بۆ دەوڵەتێکی بیانی." لەکاتێکدا تورکەکان بە پێداگیرییەوە دوورکەوتبوونەوە لە کاروباری عێراق، بەڵام وەزارەت نیگەران بوو سەبارەت بە خۆتێهەڵقورتاندنی ئێران، ئەوەش لەو کاتەی تاران "بە مجێزی ئەوەی پشتگیری شۆڕشگێڕە کوردەکان بکا بەڵکو هەوڵ و تەقەللایەک بێ لەلای خۆیە تا دوژمنکارێتی کردەی کورد لەسەر خاکەکەی خۆی دووربخاتەوە." ئەم مجێزەش هەر وەک وەزارەت مشتومڕی لەبارەووە کردبوو، دەکرا مایەی "کورتبینی ئێرانییەکان و بە دژی بەرژەوەندی ئاسایشی هەمەلایەنیشیان ببێتەوە."[٤٩]

لە سەرەتای ئایاردا، ئەمریکا دەستی بە ئامادەکاری پتری پەردەهەڵدانەوەی لەسەر شەڕەکە کرد، ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەوەی وەزارەتی دەرەوە ڕێنمایی بداتە دیپلۆماتەکانی لە بەغدا تا بە ڕژێمی ڕابگەیەنن، کە ئەمریکا "بە جدی لە ئاراستەی ڕووداوەکان دەگا" و داواش دەکا شتێکی وەها پێشکەش بە کورد بکەن، کە "پڕۆژە پێشنیازێکی هاوشانبێ... بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ دانوساتاندنێکی ڕاستەقینە خۆشبکا." هەروەها ئەو ڕێنماییەش درابووە باڵوێزخانەکە، کە بە ڕژێم ڕابگەیەنێ، لەو کاتەی ئەمریکا کێشەکە بە شتێکی وەها دەزانێ کە بە تەواوی کاروبارێکی ناوەخۆییە، "بەڵام لە سۆنگەی ڕۆشنی و دۆستایەتییەوە.. ئێمە هیچ جێگرەوەکەیمان نییە بەدەر لە خواستی دوورکەوتنەوە... لە توندوتیژی نەبێ، کە هەر تەنیا دوژمنە داخلەدڵەکانی عێراق، کۆمۆنیستەکان لێی سوودمەند دەبن."[٥٠] ئەم پەیامەش لە ٤ی ئایاردا گەیەنرایە «شەبیب»، ئەویش گوتی؛ حکوومەتەکەی لە پرۆسەی ئامادەکردنی پڕۆژە پێشنیازێکی هاوشانە. لەگەڵ ئەوەشدا «میلبۆرن» هێشتا هەر قەناعەتی نەهات.[٥١]

لە ٢٢ی ئایاردا «میلبۆرن» توانی دانیشتنێک لەگەڵ سەروەزیرە نوێیەکە، لەگەڵ «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر» مسۆگەربکا، ئەو ئەفسەرە سەربازییەی بەعس کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە کودەتاکەی شوباتدا هەبوو. کۆبوونەوەکە زۆر


هەواڵنامەی کتێب

بایەخداربوو، چونکە ئەمە یەکەمین نموونە بوو، کە کاربەدەستانی ئەمریکا «ئەلبەکر» ببین. «ئەلبەکر»ی مامی سەددام حوسێن[23]، دواتر لە ماوەی دووەمین ڕژێمی بەعس لە ١٩٦٨ تا ١٩٧٩، تا ئەو کاتەی برازاکەی بەرکەناری کرد، ڕابەرایەتی عێراقی کرد. هەرچۆنێک بێ لە کاتی کۆبوونەوەکەدا، «میلبۆربن» داوای لە «ئەلبەکر» کرد بە نیازباشی گفتوکۆ لەگەڵ کورد بکا، بەڵام ئەوە ڕوونبوو، کە ڕژێم مەیلی لێنەبوو کارێکی وەها بکا. «ئەلبەکر» زۆر توندبوو، پڕۆژەپێشنیازەکانی بارزانی بەلاوەنابوو، وای دانابوو "شتێکی نامۆن و هەر بە ڕاستی بە کەڵکی ئەوە نایەن ببنە بنەمایەک بۆ وتووێژکردن." بۆ «میلبۆرن» هەڵوێستی «ئەلبەکر» هەروەک هی کورد ڕەق بوو، ئەوەی گوتبوو باشترین شت کە پێشکەشی کورد بکا "ئیدارەیەکی لامەرکەزییە[24]" بەڵام وەنەبێ "ئۆتۆنۆمییەکی سیاسیی" بێ." بە پێداگرتنەوە «ئەلبەکر» گوتی؛ ئەو "ڕێگە نادا دارِسانی کورد بۆسەر سەروەری عێراق لەوە زیاتر درێژەبکێشێ." بۆ ئەوەی بە دوای دەرەتانێکی نەرموشلی دیپلۆماتیدا بگەڕێ، «میلبۆرن» بە «ئەلبەکر»ی گوتبوو، نوێنەرانی کورد بە ئەفسەرەکانی باڵوێزخانەیان گوتبوو، کەوا پڕۆژەپێشنیازەکانیان مایەی "دانوساندنێکی تەواون" و ئەمەش بنەمایەکە بۆ دانوستان لەسەرکردن. لێرەوە «میلبۆرن» ڕوونیکردبووەوە، هەردوولایان دەکرێ سازشبکەن، بیدەن و بیسەنن تا ئەوکاتەی دەگەنە ڕێککەوتنێکی سازشییانە. کەچی ئەم بەڵگەوبەندە بێ باندۆر بوو، ئاخر «ئەلبەکر» "هیچ دڵنیاییەک یان هیچ ئاماژەیەکی وەهای نەدا، کە حکوومەتەکەی بەم ئاقارەدا بڕوا... لە دژی کورد دەست بۆ چەک ببەنەوە."[٢٥] وێڕای تەمومژاوییبوونی «ئەلبەکر»، بەڵام هەڵوێستە توندەکانی لەسەر دانوستاندن، ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی وا پێبچێ شەڕی کورد هەڵبگیرسێتەوە.

ئەو گفتوگۆیەی «میلبۆرن» لەگەڵ « ئەلبەکر»دا، دنەی نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INRی دا تا ٢٧ی ئایاردا یاداشتێک دەستاودەستپێبکا، کە

---

[23] نووسەر وەهای نووسیوە. وەرگێڕ.

[24] administrative decentralizatio“



هەواڵنامەی کتێب

سەرەداوە نیگەرانییەکانی نووسینگەکەی سەبارەت بە هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد تێدا بەیانکرابوو. ڕاپۆرتەکە جیاوازی نێوان ڕژێم و سوپا دەردەخا، بەوەی ڕژێم خەتابارە لەوەی دۆخەکەی بەرەو بنبەست بردووە، هەرچی سوپایە "زۆر پەرۆش نەبووە بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕوشۆڕ" و پێدەچوو لە دەستوەردانی حیزبی بەعس لە کاروباری سوپاش بێمراد ببێ. هەر بۆ نموونە، حیزبی بەعس نەخشەیەکی ئۆپەراسیۆنی سوپای ڕەتکردەوە کە داوای ئەوەی کردبوو "تا بکرێ کەمترین هێز" بەکاربهێنرێ، هەرچی بەعس بوو نەخشەکەی گۆڕی و لە جیاتیدا نەخشەیەکی دیکەی دانا، کە نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INR بە "نەخشەیەکی گریمانەیی قڕکردن"ی وێناکردبوو. نووسینگەکە پێیوابوو دەستپێکردنەوەی شەڕوشۆڕ بە خێرایی ڕەهەندەکانی جەنگی سارد لەخۆدەگرێ، ئاخر دەبێتە مایەی لاوازکردنی ڕژێمێکی دژەکۆمۆنیست و دەکرێ وا لە مۆسکۆ بکا هەم کۆمەکی دارایی هەم بە نهێنی چەک بداتە کورد، هەرچەندە پرسی ناردنی چەک لەبەر تورکیا و ئێران بۆ باکووری عێراق گرفتی گەورەی لەپێش بوو. وێرای ئەوەش، نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە، لەسەرئەوە سووربوو کە سەرکردایەتیی کورد بە چاوێکی "گوماناوی و تاڵنۆشینەوە" سەیری مۆسکۆیان دەکرد و لە کۆتا دەرەتانیشدا تەنیا بە چەکی ڕووسی قایلدەبوون. بۆیە ڕێنمایی نووسینگەکە ئەوە بوو، کە دانوستاندن بکرێ، ئەمەش لە ڕێی ناوبژیکەرێکی بێلایەن، ناوبژیکارێکی موسڵمانی ناعەرەبی وەک مانگی سووری نێودەوڵەتی بێ. لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕەکەشدا ئەمریکا ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی هەراسان دەبێتەوە، لەوەی هاوسەنگی لەنێوان خواستی خۆی بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و پێویستی خۆی بۆ پشتگرتنی ڕژێمی عێراق ڕابگرێ.[٥٣]

لەسەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٣دا گرژیی نێوان ڕژێم و کورد تەقییەوە. بەڵام لەو خاڵەدا عێراق نزیکەی دووسێیەکی سوپاکەی، واتە نزیکەی ٤٥,٠٠٠ی لە کوردستان کۆکردەوە.[٥٤] لە ١٠ی حوزەیرانیشدا، ڕژێم ژمارەیەک لە ئەندامانی نێردەی دانوستانی کوردی گرت.[٥٥] لە باکوور باری حوکمی عورفی ڕاگەیەنرا؛ ئاگادارینامەی ئەوەشی بڵاوکردەوە، دەبێ لەماوەی ٢٤ سەعاتدا کورد


هەواڵنامەی کتێب

چەکەکانی دابنێ و و جاڕی ئەوە بدا ڕەگەڵ میری بکەوێ دەنا "دەبێ ئۆباڵەکەی لە ئەستۆ بگرێ."[٥٦] «میلبورن»یش دەستبەجێ برووسکەی بۆ واشنتن لێدا تا لە حەتمیەتی شەڕەکە ئاگاداریيان بکاتەوە و ڕژێمیش خۆی وەها هەڵخەڵەتاندووە گوایە بە ئاسانی سەردەکەوێ.[٥٧]

بەر لە ماوەی دەستپێکردنەوەی شەڕەکە لە ١٠ی حوزەیراندا، ئەوە ڕوون بوو، کە ئیدارەی کەنەدی هەنگاوی کارای هەڵێناوە بۆ دوورخستنەوەی کردەی شەڕانگێزی، بە ڕاوێژپێدان و داواکردن لە ڕژێمی بەعس بەڵکو خۆی ڕکێفبکا. بەهۆی ترسان لەوەی دۆخێکی خراپتر بێتەپێشەوە، ئەمریکا داوای لە هاوپەیمانەکانی خۆی، هەر یەک لە تورکیا و ئێران کرد، لەکاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕەکەدا خۆیان بەدووربگرن. وێڕای ئەو نیگەرانییانەی ئەمریکا، دیاربوو ڕژێمی عێراق بڕیاریدابوو بە شێوەیەکی سەربازییانە کورد سەرکوتبکا.

**شەڕی کورد**

کاتێک لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا حکوومەتی عێراق هێرشی کردە سەر کورد، نیگەرانییەکانی ئەمریکا بەوەی جەنگ دەبێتە ئامرازێکی وێرانکەری سۆڤیەت، بە دروستی سەلمێنرا. هەرزوو لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی جەنگەکەدا، یەکێتیی سۆڤیەت بە چڕی دەستی بە هەڵمەتێکی هێرشبەرانەی دیپلۆماسی کرد، ئیدانەی ڕژێمی بەعسی کرد، پشگیری داوای ئۆتۆنۆمی کوردی کرد و داوای لە یەکێ لە دەوڵەتەکانی پاشکۆی خۆی - مەنگۆلیا - کرد تا پرسی جینۆساید لە دژی ڕژێمی بەعس لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێنێتە سەرمێز. هەرچی ئەمریکاش بوو هەوڵیدا لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا بمێنیتەوە، داوای لە بەعس کرد بە دوای دانوستان لەگەڵ کورددا بگەڕێ، لەکاتێکدا بە پلەیەکی دیپلۆماتی سنووردار و کۆمەکی سەربازییەوە پشتگیری عێراقی کرد. هەرچەندە پشتگیری یەکێتیی سۆڤیەت بۆ کورد زیادیدەکرد، ئیدارەی کەنەدیش بە ناچاری پاڵپشتی



هەواڵنامەی کتێب

خۆی بۆ عێراق پتردەکرد. بە دەستوردانی هەردوو زلهێزەکە لە جیاتی دوو هێزی دوژمنکار چوونە نێو کێشەکە، بەمە شەڕی کورد لە شەڕێکی ناوخۆیی خۆجێییەوەیە گوازرایەوە بۆ بەرەیەکی نوێی جەنگی سارد.

لە ١٥ی حوزەیراندا، ئاژانسێکی فەرمی سۆڤیەتی تاس TASS ڕژێمی بەعسی بە غەدری "هیتلەری" و بەکارهێنانی "تیپەکانی SSی فاشیستی" بۆ ئەنجامدانی جینۆساید تاوانبارکرد. لێدوانەکە جەختی لەسەر ئەوەکردبووەوە، کە سیاسەتی عێراق لەمەڕ کورددا ڕاستەوخۆ پێشێلکردنی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە و ئەو پرسەش دەبێ ببێتە مایەی نیگەرانی هەموو دەوڵەتان. ئەم ڕەوشەش لە ٢٠ی حوزەیراندا بەدواداچوونی بۆ کرا، ئەوکاتەی ڕۆژنامەیەکی دیکەی فەرمی سۆڤیەت «پراڤدا»، هەمان خەتابارکردنی دووپاتەکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان هەڕەشەی ئەوەشی لەگەڵدابوو، کە سۆڤیەت کۆمەکی خۆی لە عێراق هەڵپەسێرێ. ئەم دوو وتارە دەسپێکی هەڵمەتێکی چڕوپڕی دیپلۆماسی سۆڤیەتی و پڕوپاگەندەکانی بوو دژی عێراق و ئەنجامەکەشی بەسەر کێشەی عێراق – کورددا بەوە شکایەوە، کە ڕوویێکی گرنگی بایەخپێدانی لەنێو جەنگی سارددا وەرگرت.[٥٨]

کێشەی کاربەدەستانی ئەمریکا سەبارەت بە تاوانبارکردنەکە ئەوەبوو کە ڕاستی تێدابوو. لەماوەی چەند ڕۆژێک لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕوکوشتار، کاربەدەستانی ئەمریکا لە بەغدا ژمارەیەک ڕاپۆرتیان سەبارەت بە کردە کاولکارییەکانی عێراقییەکان دژ بە کوردەکان پێگەیشتن. هەر بۆ نموونە، لە ١٩ی حوزەیراندا، باڵوێزخانە برووسکەی دەبارەی کوشتارگەی مەدەنییەکان لێدا، ئەوەش لەو کاتەی قوربانییەکان لە باڵەخانەکان هەڵدەهاتن کەچی کەوتنە بە ئاگری تەقەی هێزە سەربازییەکانی عێراقی و ژن و منداڵیشیان وەک قەڵغانی مرۆیی بەکارهێنان.[٥٩] لەبەرانبەر ئەو ڕووداوە سامناکانەدا و لە ٢٠ی حوزەیراندا «بەندی» قەناعەتی بە گرووپە تایبەتییەکە (CI) هێنا، کە گرووپێکی پلەباڵای نێوان ئاژانسەکان بوو، بەرپرسبوو لە هەوڵوتەقەلای دژە هەڵگەڕانەوەکان. هەرچەندە کۆبوونەوکە بە نهێنی مایەوە، بەڵام وردەکاری کوبوونەوەکە لە



هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە جێگرەوەکان دزەیان کرد. بۆ نموونە، «کۆمەر » لە ٢٠ی حوزەیراندا برووسکەیەکی بۆ «بەندی» نارد، تێیدا ڕێنماییدابوو، لە کاتی کۆبوونەوەکەدا "توند بێ" و هەندێ سەرهێڵی سەرەکی بۆ لەسەرڕۆیشتن دەسنیشانکەن. یاداشتەکە ئەوەشی گوتووە، کەوا سەرۆک «کەنەدی» بەخۆی بایەخی بە ململانێکە داوە و پرسیاری ئەوەی کردووە ئاخۆ چ یارمەتییەکی ئەمریکا بۆ عێراق وای لە سۆڤیەتییەکان کردووە پشتی کورد بگرن، "بەدوایدا ئێمە دەبێ پشتی عێراقییەکان بگرین." ئەم لۆژیکە نیشانەی ئەوەبوو، کە «کەنەدی» پرسی کوردی بە دەقاودەقی لە چوارچێوەی هەلومەرجی جەنگی ساردا بینیوە، «کۆمەر»یش گوتی ئەمە بووە "هەستێکی گونجاو بۆ کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی." هەرچەندە کاربەدەستان لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا دژی ئەو لێکدانەوەیە بوون، بە تایبەتیش «فیلیپس تابوت» سەرۆکی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک NEA، ئەو کەسەی کە «کۆمەر» و سی ئای ئەی هەستیانکرد "«تابوت» زۆر بە منگەمنگە.[٦٠] هەروەها «کۆمەر» کێشەی پشتیوانی (شا)ی بۆ کوردەکانی وروژاند، داوایکرد" [کارێکی وا ناکا] کە زۆر باش بێ بۆ [ئەمریکا] تا یارمەتی پرچەککردنی عێراقییەکان بدا و تورکەکانیش سنوورەکە دابخەن ئەگەر ئێرانییەکان هەر تفاق و شت بۆ کوردەکان بنێرن. کەواتە بەشی هەرە چارەنووسساز لە هەر سیاسەتێک ئەوەیە کە لەو خاڵەدا لە شا بدرێ."[٦١] یاداشتێکی دیکە لە ٢١ی حوزەیران کە بۆ «کەنەدی» نێردرا، ئاماژەی ئەوی تێدا بوو، کە گرووپەکە بڕیاریداوە پشتگیری ئابووری و سەربازی بۆ عێراق پتربکا.[٦٢] سێیەمین یاداشتیش لەلایەن «بروبەک»وە بۆ «بەندی» نێردرا، تێیدا ئاماژە بەوە دەکا، پترکردنی فەندی پشتگیرییەکە لە ٨٠٠,٠٠٠ دۆلارەوە بۆ یەک ملیۆن دۆلار بەرزکرایەوە بۆ بەشداریکردن لە بەرنامەی مەشقپێکردنی کاربەدەستانی عێراق، بۆ تەکنیک و بۆ پەروەردەکردنیان لەسەر خاکی خۆیان بە شارەزایی پسپۆرە ئەمریکاییەکان؛ جێبەجێکردنی ناونیشانی چوارەمی کۆمەکی خۆراک؛ ١٠,٠٠٠ دۆلار بۆ حاڵەتی لافاو؛ لەگەڵ پێفرۆشتنی ٤٠ تانکی سووک، ١٢ تانکگوێزەرەوە و ٥٠٠ بارهەڵگری قورس و ١٥ هەلیکۆپتەری گەورەش، هەرچەندە وردەکاری فرۆشتنەکان مایەی گفتوگۆ لەسەرکردن بوون.[٦٣] ڕوون و ئاشکرا بوو پاڵپشتی


هەواڵنامەی کتێب

یەکێتیی سۆڤیەت بۆ کورد وای لە ئیدارەی کەنەدی کرد ڕەزامەندی خۆی لەسەر پشتیوانییەکی قەبە و بەرفرەوان بۆ عێراق دەرببڕێ.

لەکاتێکدا وەرگەڕانی ئەو پەیوەندییەی سۆڤیەت - عێراق بۆ سەر کورد، بووە مایەی ئەوەی دەرفەتێکی لەبار بۆ ئەمریکا بڕەخسێنێ، زانیاری هەواڵگری لەسەر چەکوتفاقی سۆڤیەتی (SOV - MAT) پەیدابکا، ئەوەی عێراق لە سەردەمی قاسم وەریگرتبوو.[٦٤] لە ٢٧ی حوزەیراندا، یەکێک کە هەر بە سێ پیتی «تاپ TAP» خۆی ناساند - وا بڕوادەکرا «تۆماس ئا. پارۆت» ی کاربەدەستی پلە باڵای سی ئای ئەی بێ، لەو کات لە کۆشکی سپی بوو - [٦٩] یاداشتێکی کۆدداری زۆر نهێنی بۆ یەکێک نووسی، کە ناویشی ئاشکرا نەکردبوو:

> لەسەر پێشنیازی عێراقییەک، پڕۆژەپێشنیازەکەی کەلوپەلی گەورە بۆ کاتێکی نادیار هەڵگیرا. ئەوەش لەبەر ئەوەبوو، ئەوان لەو کاتە تایبەتییەدا لە ئاسایشپارێزی جێبەجێکردنی خۆیان دەترسان. بەو هیوایەی لە یەکەمین مانگی تەممووزدا باری هەوایی بگەیەنرێ. تانکەکان، مووشەک، دەمانچە، تەقەمەنی و شتێکی تایبەتی دەگرتەوە.[٦٦]

ئەمەش دەکرێ بە دوو ڕێگە شیبکرێتەوە: عێراقییەکانیش لەیەکێ لەو دوو شتانە نیگەرانبوون، نیگەران بوون سەبارەت بە پێدانی "شتە گەورەکە" یان پێچەوانەکەی، یاخود لەوە نیگەرانبوون کە زانیاری سیستمی ئاسایی چەکەکەی SOV – Mat یان داوەتە دەست ئەمریکییەکان بەمە دەترسان سۆڤیەت بە توندی دژیان بوەستێتەوە. دیاربوو کاردانەوەی دووەم زیاتر لە گوێن بوو. برووسکەیەک لە «ڕۆبەرت سترۆنگ» باڵوێزە نوێیەکەی ئەمریکا لە بەغداوە بۆ وەزارەتی دەرەوە لێدرا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە نەخشەی ئۆپەراسیۆنی هەواڵگریی ئەمریکی هەیە بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەسەر سیستمی SOV - MAT. لە برووسکەکەدا «سترۆنگ» گوتبووی؛ حکوومەتی



هەواڵنامەی کتێب

عێراقی لە ئەگەری هەبوونی مەترسییەکی ڕاستەقینەی سۆڤیەتییەکان بەوەی بە پرسەکە بزانن، پێنەدەچوو SOV - MAT ڕادەستی ئەمریکییەکان بکا، ئەوەشی خستەسەر، دیارە عێراقییەکان بۆ ڕادەستکردنی شتەکە داوای نرخێکی گرانتر دەکەن. هەر لەبەر ئەوە، ڕاوێژی ئەو وابوو، ئەمریکا "هەموو خۆپارێزییەکی بخاتەکار تا هەستە زۆر پەرۆشەکەی سەبارەت بە شتەکە بشارێتەوە،" بۆ ئەوەی "مشووری خۆی بۆ دوورکەوتنەوە لە وێرانکردنی بەرژەوەندییە بەرفرەوانەکانی بەکاربێنێ،" و ڕێنمایشی ئەوەبوو، کە ئەو بە بەرپرسی ئەو هاوڕێیکییە ئۆپەراسیۆنە دابنرێ تا لە دووبارەبوونەوە و بەدحاڵیبوون بەدووربن.[٦٧] ئەم ڕاگۆڕینەوەیەش ئەوەی ڕون و ئاشکرا کرد، کە ئەمریکا هەوڵیدەدا کەڵک لە بێهیوابوونی بەغدا لە مۆسکۆ وەربگرێ، بۆ ئەوەی زانیاری هەواڵگری لەسەر تەکنەلۆژیای سەربازییانەی سۆڤیەتی بەدەستبهێنێ، تا لە ڕێیەوە پێوەرگەلی خۆی لەبارەی تەکنەلۆژیاوە پێشتربخا. وێڕای دوودڵی عێراق، پەیوەندی ئەمریکا - عێراق لەپڕەوە زیاتر لە چاوی سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا پڕبایەختر بوو.

بە کۆتاییهاتنی مانگی حوزەیران، تا دەهات بەڵگە لەسەر دەستورەدانی سۆڤیەت لە عێراق لەسەر یەک کەڵەکە دەبوو. کاربەدەستانی ئەمریکا گەیشتنە ئەو ئەنجامە، کە یەکێتیی سۆڤیەت "لەوە دەرچووە وا نیشانبدەن خۆیان لە کاروباری نێوەخۆی عێراق هەڵناقورتێنن" و نیازیان وابوو "عێراق بکەنە گۆڕەپانێکی کراوەی جەنگی سارد."[٦٨] لە پشتی پڕوپاگەندەی لایەنگیری کورد و ئەو بڕە پارە کەمەی بۆ بارزانییان تەرخانکردبوو، (سی ئای ئەی) یش بەوەی زانی کە سۆڤیەتییەکان لە کۆتایی مانگی ئایاردا بارە تفاقی سەربازییان بۆ عیراق وەستاند.[٦٨] کە دۆخەکەش زیاتر کڵپەی سەند «مێلبۆرن» هەستی کرد ناچارە واشنتن ئاگاداربکاتەوە لە:

> ئەگەر یەکێتیی سۆڤیەتی یارمەتی ڕووخاندنی حکوومەت بدا، تەنانەت ئەگەر بۆ ڕژێمێکی دیکەش بنکە ناسۆنالیستانە بێ، ئەوا وەک لێکەوتە بۆرە ئومێدێکی هەردەبێ بەڵکو ژینگەکە هەندێ



هەواڵنامەی کتێب

لێبوردەییانەتر بێ بۆ کۆمۆنیستەکان و دیسان هەژموونی خۆی ڕۆبنێتەوە.[٧٠]

بە گرژکردنی ڕەوشەکە لەلایەن سۆڤیەتەوە، «میلبورن» بڕوای وەها بوو، ئەمریکا دەتوانێ بەربەست بخاتە بەردەم دەستڕۆیشتنی سۆڤیەت، ئەوەش لە ڕێی دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ عێراق بۆ دابینکردنی چەک. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش، ڕاسپاردەی ئەو ئەوە بوو، کە باڵوێزخانەکە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەفسەرانی فەیلەقەکان زیاتربکا تا خزمەتگوازری و تفاقیان پێشکەشبکا، ئەو شتانەشیان بداتێ کە نەبێتە مایەی لاسەنگکردنی تەرازووی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.[٧١]

هەڵمەتی دیپلۆماسی یەکێتیی سۆڤیەت دژی عێراق لە سەرەتای تەممووزدا گەیشتە لووتکە، ئەویش ئەو کاتەی مەنگۆلیای هاوپەیمانی خۆی قەناعەت پێهێنا لە کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بابەتێک لەسەر حکوومەتی عێراق بجوڵێنی بەوەی کەوتۆتە شەڕێکی جینۆسایدانە لە دژی کورد.[٧٢] لەو کاتەی ئەو داوایەی مەنگۆلییەکان هەرایەکی گەورەی نایەوە، کەچی شتەکە تەنیا سەرەتایەک بوو. لە نۆی ئەیلوولدا مۆسکۆ لێدوانێکی لە دژی ڕێکخراوی «سەنتۆ» کە جێگرەوەی پەیماننامەی بەغدا بوو دا، بەوەی تاوانبارکرد گوایە "ڕێکاری هاوبەشانەیان" لە دژی کورد گرتۆتەبەر. بەگوێرەی سی ئای ئەی، ئەم لێدوانە "بۆئەوە داڕێژرابوو تا ئەو لێدوانەی بەغدا بە تەواوی ڕەتبکاتەوە، کاتێ گوتی کێشەی کورد پرسێکی تەواو ناوخۆییە و بۆ ئەوە بوو بنەمایەک بۆ داخوازییەکی نەتەوە یەکگرتوەکان یان کردەی نێودەوڵەتی دیکەی سەبارەت بە دۆزەکە بێتەپێشەوە." بە کورتی سۆڤیەتییەکان هەوڵیاندا شەڕی کورد بەنێودەوڵەتی بکەن و تەواو ڕایبکێشنە نێو نەخشەی جەنگی سارد. بۆ ڕۆژی پاشتر، نێردەی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەوەیان ڕاگەیاند، کە شتەکەیان بەهەندهەڵدەگرن و بەتەمان دۆزەکە ببەنە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش.[٧٣] ئینجا لەوەش زیاتر، پێشنیازی سۆڤیەتییەکان ئەوەبوو، پرسی جینۆسایدکردن وەک سکاڵایەک لە دژی عێراق ببەنە بەردەم کۆمیتەی ئابووری



هەواڵنامەی کتێب

و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (ECOSOC).[٧٤] لە کۆتاییشدا و لە ١١ی تەممووزدا سۆڤیەتییەکان نامەیەکیان بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش نووسی و داوایان لێکرد "ئاگاداری ڕەوشێکی ترسناک بێ، کە وەک دەرکەوتەیەک بەهۆی ڕووداوەکانی باکووری عێراق و بەهۆی دەستووردانی دەوڵەتەکان ئۆپەراسیۆنێک لەلایەن دەسەڵاتی عێراقییەوە لەدژی گەلی کورد هاتۆتەئارا."[٧٥] بۆ یەکەمین جاریش بوو ڕەوشی کوێرەوەری کوردان گەیشتە باڵاترین ئاستی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەمریکا لایەنگری ئەوان نەبوو.

پرسی سکاڵای جینۆساید ئیدارەی کەنەدی خستە بەردەم کێشەیەکی سەختەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەبوو، کە حکوومەتی عەرەبڕەگەز لە هەڵمەتێکی سەربازییانەی دڵڕەق و بێبەزەییدا بوو لە دژی کەمایەتییەکی ڕەگەز جیاوازەوە، مەدەنەییەکانیان کردبووە ئامانجی تیرەکانیان و کێفەڕاتیان بە شێوەیەکی هەندێک ڕێکخراو نابووەوە. بەگوێرەی پێناسەکە بێ عێراق تاوانی جینۆسایدی کردبوو.[٧٦] کێشەکەش ئەوەبوو، ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان دووڵبوون لەوەی لەو دۆزەدا پشتگیری هەڵوێستی سۆڤیەت بکەن.[٧٧] ئیدارەی کەنەدی وای دەبینی، سکاڵای جینۆساید لەلایەن سۆڤیەتییەکانەوە زیاتر بە مەبەستی مانۆڕە تا سەبارەت بە چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکان تۆڵە لە بەعس بکاتەوە:

> پرسی سکاڵای جینۆساید لەلایەن مەنگۆلییەکان لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکاندا کێشەیەکی گەورەی بۆ حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروستدەکا. ئێمە بە ئاستەم دژی وێناکردنی شتەکان دەبین، تەنانەت ئەگەر دژی ماددەکەش بین... هەرچەندە لە ڕوانگەی بارودۆخە تایبەتییەکەی دۆزی کوردیش، بە سروشتی وروژێنەری داڕشتنی وشەییانەی ماددەکەش و ئەو ڕاستییەی کە سۆڤیەت بۆیە وای کردووە تا تۆڵە لە وڵاتێک بکاتەوە، کە سیاسەتەکەی کەمتر بەلای بلۆکی سۆڤیەتییەوە بایداوەتەوە، بۆیە وەزارەت دژوەستانەوەی



هەواڵنامەی کتێب

> لەوەی ڕەوشەکە بەو مادده دەستنیشانکراوەکە بە هەندهەڵدەگرێ.[٧٨]

ئەمەش سیاسەتە تەواوعەیارەکانی جەنگی سارد بوون. کاتێک تووشی هەڵمەتی توندی پەلاماردەرانەی دیپلۆماتیی سۆڤیەتی بووەوە، ئەمریکاش ناچاربوو پشتی ڕژێمی عێراق بگرێ، تەنانەت ئەگەر ڕژێمەکەش کێفەڕاتی دەرهەق بە کوردیش کردبێ.

وەها پێدەچوو مانۆڕەکانی دیپلۆماسی مۆسکۆ لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا تەنیا بەشێک بووبن لە ستراتیژییەکەیان لە عێراق. لە سەعاتە زووەکانی ڕۆژی ٣ی تەممووزدا، لایەنە هەوادارەکانی سۆڤیەتی لەنێو عێراقدا کودەتایەکیان کرد، دەستیان بەسەر سەربازگەی «ئەلرەشید»دا گرت، ئەو سەربازگە گرنگەی کەوتبووە باشووری بەغداوە. بۆ خۆشبەختیش بە گوێرەی پاشکۆی سەربازیی ئەمریکا کە لە بەغدا جێگیر ببوو، هێزە ئاسایشپارێزەکانی عێراق "تەڕدەستانە و بەگوێرەی سیستمێکی پێشوەختە جووڵانەوە" و هەوڵی کودەتاکەیان پووچەڵکردەوە.[٧٩] سی ئای ئەی بڕوای وابوو، سۆڤیەتییەکان لەپشت کودەتاکەوە بوون. بەگوێرەی پوختەی هەواڵگری لە ١٣ی تەممووزدا:

> هێزە ئاسایشپارێزەکانی عێراقی دوو ئەندامی زیاتری تۆڕی هەواڵگریی بلۆکی سۆڤیەتییان لە بەغدا گرت. دانپێدانانەکانی ئەوانیش ڕاستەوخۆ ئەوەی سەلماند، کە تۆڕەکە لەلایەن [گوڵبژێرێک] ڕێکخراوە و ئاراستەکراون و سۆڤیەتە خۆجێییەکان دەستیان تێدا هەبووە... ئەمەش هەر لە دەستپێکی هەوڵی کودەتاکەی ٣ی تەممووزی ١٩٦٣ ـەوە بوو.[٨٠]

ڕاپۆرتێکی دیکەی سی ئای ئەی ئاماژە بەوە دەکا، کودەتاکە بەشێک بووە لە ستراتیژیەتێکی بەرفرەوانتری سۆڤیەت بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنەوەی عێراق:



هەواڵنامەی کتێب

> لێرەدا بەڵگەی بەهێز هەیە کە بلۆکی سۆڤیەتی دەستی لە ڕاپەڕینی سەربازگەی «ئەلڕەشید» لە سێی تەممووزدا هەبووە و پێشدەچێ یەکێتیی سۆڤیەت بە هەردوو سەری پڕوپاگەندەی میدیایی و کردەی ژێربەژێرەوە لەبەرئەوەدابووبێ بەعس لە عێراق بنکۆڵبکا، ئەوان حیسابیان لەسەر ئەوە کردووە، ئەو ڕژێمەی بەدوای بەعسدا دێ باشتر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمۆنستیدا دێتەوە.[٨١]

شکستی کودەتاکەی سەربازگەی ئەلڕەشید ئەوەی ڕوون و ئاشکرا کرد، کە یەکێتیی سۆڤیەت عێراقی وەک نرخێکی جیۆپۆلیتیکی بەهادار دەبینی، شایستەی ئەوەبێ سەرڕچڵی کردەی ژێربەژێری بۆ بکا، بەڵکو ڕژێمەکەی کۆنترۆڵ بکاتەوە. ئیدی عێراق جارێکی دیکە بووەوە مەیدانی جەنگی سارد.

هەر بەر لە کودەتاکە، «ڕۆبەرت سترۆنگ»ی باڵوێزی نوێی ئەمریکا لە عێراق گەیشتە بەغدا و پەیوەندی لەگەڵ وەزیری دەرەوە کرد بەڵکو بۆنەیەکی بۆ ڕێکبخا، تا لە سەرەتای تەممووزدا باوەڕنامەی دیپلۆماتییانەی خۆی پێشکەش بە «ئەلبەکر»ی سەروەزیر بکا.[٨٢] کاتێکیش هەردوو پیاوەکە لە ٧ی تەممووزدا یەکدیان بینی، بایەخی جەنگی سارد دیاروئاشکرا بوو.

«ئەلبەکر» ڕوونیکردەوە، ئەگەر عێراق لە کۆنترۆڵی کۆمۆنیستی دووربخرێتەوە، ئەوا پێویستی بە پشتگیری دەرەکی هەیە. ئەو ڕووبەڕوونەوەی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بەو شێوە وێناکرد، هەروەک ئەوەی "شەڕێکی ئەمریکی بێ" و ڕوونیشیکردەوە، دەیەوێ "پەیوەندییەکی دۆستانە"ی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبێ، بەڵام جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئارەزوویەتی سیاسەتی دەرەکی بێلایەنانە (لاشەڕ) بێ. «سترۆنگ»یش گوتی؛ ئەمریکا دەیەوێ عێراق بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە، بە سیاسەتی دەرەکی بێلایەنانەی عێراق قایلە و بە قووڵیش بەرژەوەندی لە هەوڵ و تەقەللای عێراقدایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم. داواشی لە ڕژێم کرد بەردەوامبێ لەسەر



هەواڵنامەی کتێب

ئافراندنی هەلومەرجێک کە یارمەتی کەمکردنەوەوەی ڕۆڵی کۆمۆنیستی بدرێ و گوتیشی بەخێرهاتنی عێراق دەکا لە هەر هەوڵێکی یەکگرتنەوە لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە، کاتێ یەکگرتنەوەکە لەسەر بنەمای خۆبەخشانە بێ. لە هیچ خاڵێکدا باسوخواسی شەڕی کورد یان ئەو ڕێککەوتننامەی کە خەریکبوو لەبارەی چەکەوە بکرێ، نەهاتەگۆڕێ.[٨٣]
تاکتیکە دوژمنکارییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت دژی عێراق، قەناعەتی بە ئیدارەی ئەمریکا هێنا، بازنەی پشتیوانی خۆی بۆ ڕژێمی نوێی عێراق فرەوانتر بکا. لە ١٠ی تەممووزدا جێگری وەزیری بەرگری «فرانک سۆلان» یاداشتێکی بۆ «کۆمەر» نارد، تێیدا هێڵی بەژێر ئەو جۆرە پشتگیرییە سەربازییەدا هێنابوو، کە دەکرێ بدرێتە عێراق. پاش هەفتەیەکیش وەزارەتی بەرگری دەستەیەکی ناردە عێراق تا باری پێویستییە سەربازییەکانیان بخەملێنێ و ئەو بوارانەش دەستنیشان بکا، کە دەکرێ ئەمریکا کۆمەکیان بکا. ئەوەش بەو ئەنجامە لێکدرایەوە، وێڕای کۆپتەرەکان و تانکی سووکی جۆری 14 – M، تانکگوێزەرەوە و بارهەڵگرەکان کە پێشتر لە لیستەکەدا نووسرابوون، عێراق چاوی لەسەر کڕینی ٦ کۆپتەری سیکۆرسکی جۆری S – 61R و ١٠ فڕۆکەی سەربازهەڵگری جۆری 119 – C، ١٢ ڕاهێنەری جۆری فڕۆکەی جێت (تەکاندەر)ی پێشکەوتوو، دوو پۆل (٣٦ دانە) لە فڕۆکەی 104 – F یان فڕۆکەی شەڕکەری جۆری 100 – F و دەستە ڕادارێکی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی تەواو بوو. وەک کۆمەکێکی گەورەش، دەستە نێردراوەکە ڕێنمایی چاککردنەوەی پێنج فڕۆکەی 86 – F و سێ تۆپی جۆری هوارتزی ئەمریکی سەردەمی پاشایەتی دا، ئەو تۆپانەش پێویستی بە تیمێکی ڕاهێنەر و بەلای کەمییەوە ٥٠٠٠ گوللەتۆپ هەبوو. بە گشتی تێچوونی ئەم گورزە چەکە نزیکەی ٥٥ ملیۆن دۆلار بوو.[٨٤] جارێکی دیکە ئەمریکا لە کاردانەوەی تیختیخەدانی سۆڤیەتدا بازنەی پشتگیری خۆی بۆ عێراق بەرفرەوانکرد.

هەوڵەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕێی پشتگیری کورد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، هەڵمەتی پەلاماردەری دیپلۆماتیانەیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و کردەی ژێربەژێر، کە بەڵگەش کودەتاکەی سەربازگەی ئەلڕەشید بوو، هەمووی


هەواڵنامەی کتێب

دەستتێوەردانی سۆڤیەتی بوو لە کاروباری نێوەخۆی عێراق. ئەم کردەوانەش بە نۆرەی خۆیان بڕوایان بە کاربەدەستانی ئەمریکا هێنا، کە عێراق بووەتە مەیدانێکی گرنگی جەنگی سارد. ئەمەش بووە مایەی وەرچەرخانێک لە باشترکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق و دەرفەتێکیش بوو بۆ پترکردنی یارمەتی سەربازییانە، هەروەک چۆن دەرفەتێکیش بوو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری هەواڵگری لەسەر چەکی پێشکەوتووی سۆڤیەتی، کە پێشتر مۆسکۆ دابوویە ڕژێمی قاسم. لەکاتێک هەندێک لە دامودەزگەکانی حکوومەتی ئەمریکا خۆشحاڵبوون بەوەی بەسەر ئەو گەنجینە زانیارییە هەواڵگرییەدا کەوتوون، کەچی کاربەدەستی وەهاش لەنێو وەزارەتی دەرەوەدا هەبوون بە قووڵی دڵتەنگبوون لەو کێفەڕات و ڕەفتارتوندییەی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە خەڵکی کوردی نواند، کە سەختانگێکی ویژدانییانەی خوڵقاند و پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەبوو.

## یەکەمین کەناڵی نهێنی

لە ناوەڕاستی تەمموزی ١٩٦٣ دا، سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراق و شەڕی کورد لە کاردانەوەی نیگەرانییەکانی وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە مانەوەی ڕژێمی بەعس و تێوەگلانی لەوەی پێدەچوو کردەی جینۆسایدی کردبێ، بە بارێک وەرچەرخا کە ئەمریکا دەستی بەسەر کورددا نەڕوا. بەهۆی لەدەستدەرچوونی پڕوشکی شەڕ و سۆڤیەتییەکانیش بە دوای ڕووخانی ڕژێمدا دەگەڕان، ئیدی ئیدارەی کەنەدی سیاسەتێکی پێشگیرییانەی گرتەبەر، بەدوای ئەوەدا گەڕا بەڵکو ئاگربەستێک بۆ شەڕی کورد بێنێتەکایە و سەقامگیریش بۆ عێراق بگەڕێنێتەوە.

لە ١٢ی تەممووزدا، «جێمس سپێین» لە ستافی پلاندانەری سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەدا یاداشتێکی نووسی، کەوا عێراق بەرەو ئەوە دەڕوا لەگەڵ یەکێتیی


هەواڵنامەی کتێب

سۆڤیەت و کورددا ڕووبەڕوو ببێتەوە. بە کڵپەسەندنی ناحەزیی لەنێوان بەغدا و مۆسکۆدا، «سپێین» لەوە نیگەرانن بوو، کە مانەوەی ڕژێم ڕەنگە بە پشتگیرییەکی بەهێزی ئەمریکاوە بەند بێ، لەوەی "ئێستا لەو چوارچێوەی ئەو سیاسەتە سنووردارەی ئێستادا هەیە." مایەی کێشەنانەوەشە کە سیاسەتی "توندڕۆییانەی عێراق" دەرهەق بە کورد لە ئێستادا هاوشێوەی کردەیەکی جینۆسایدە. «سپێین» نووسی:

> سیاسەتی عەرەبە ناسیونالیستەکان، کە بەسەر حکوومەتی بەغدادا زاڵن، لەڕاستییدا نزیکە لە کردەی جینۆساید. بەگوێرەی قسەی ئەفسەرێکی پلەباڵای عیراقی بێ کردەکە بریتییە لە: بردنی ئەو دیلە کوردانەی، کە زانیارییان لێوەردەگرن پاشان یەکسەر گوللەبارانیان دەکەن، لە جەوهەریشدا کەمکردنەوەی ڕێژەی نێرە لەنێو دانیشتووانی کورد بۆ ڕێژەی دەیەکی ئەوەی ئێستا هەیە، بەڕەڵاکردنی ژن و منداڵ بەوەی تەنیا خۆیان بژێوی خۆیان پەیدابکەن و دەرکردنی خەڵک و نیشتەجێکردنی عەرەب لەجێگەی ئەواندا.[٨٥]

ئەمەش بووە زەحمەتییەک لەبەردەم ئەمریکا تا پشتگیرییەکی دیپلۆماتیی بۆ هەوڵ و تەقەللاکانی بلۆکی سۆڤیەتی لەنێو دامودەزگە نێودەوڵەتییەکان هەروەک ئەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆبنێ. کێشەیەکی دیکەش ئەوەبوو، پەیوەندی ئەمریکا بە کوردەوە سنووردار بوو، واتە ئەمریکا ئەو دەرفەتەی لەدەستدابوو تا بە هۆیەوە کاریگەری لەسەر هەڵوێستەکانیان هەبێ. تا ئەم خاڵە بەکردەوە ئەمریکا هەوڵی نەدا شتێکی وا بچێنێ دەستی لە نێو کورددا بڕوا. وەک «سپێین»یش مشتومڕی لەسەر کرد، ئەمە هەڵەیەک بوو، چونکە "کردەکانی ئایندەی ئەمریکا و دەستپێشخەرییەکانی لە عێراقدا دەبێ لەودیوی سنووری هەنووکەی سیاسەتی بەرجەستەکراوی پێشوودا بێ و تێیپەڕێنێ." ئیدی پێشنیازی سێ سیاسەتی جێگرەوەی کرد:



هەواڵنامەی کتێب

(ئا) پەرەپێدانی هاورێکی هەوڵ و تەقەللای هەمەڕەنگ بۆ هاندان... بۆ ئەوەی باری بازرگانی و پێویستییەکانی پەرەپێدانی عێراق پشت بە سەرچاوەی گەورەتر و دابینکردنی ڕۆژئاوایی ببەستێ؛

(ب) وەک پابەندییەکی ئەمریکا... بۆ پشتگیری عێراق لە دژی مەترسییەکانی کۆمۆنیست و فشارەکانیان لە بواری سیاسی و ئاسایشەوە، لەگەڵ (پ) نوێنەرایەتییەکی ڕاشەکاوانە... ئێمە بە پێچەوانەی سۆڤیەتەوە، پشتگیری کورد ناکەین لە دژی عێراق، ئێمە ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرەی حکوومەتیش دژ بە کورد پەسەندناکەین و ناشکرێ هەموو هێزی خۆمانی بۆ بەکاربێنین... تا ئەوکاتەی لەسەر ئەو سیاسەتە دەڕۆن پاڵشتیان بکرێ؛ وێڕای ئەمەش وەک ئێمە دەزانین... کردەی سەربازییانە لە دژی کورد سەرکەوتوو نەبووە وەک ئەوەی خۆیان دەیڵێن.[٨٦]

ئەو دوو پێشنیاری سەربارکردن کەمایەی بەهەندهەڵگرتنن: (١) ئەمریکا پێویستی بە پەیداکردنی "پەیوەندی نهێنی یان نیمچەنهێنی" لەگەڵ بارزانیدا هەبوو تا باشتر زانیاری لەسەر چالاکییەکان و نیازەکانی ئەو پەیدابکا و ئاخۆ تا چەندیش ئەمریکا دەتوانێ کاریگەری لەسەر هەبێ؛ (٢) دەکرا ئەمریکا دنەی لایەنی سێیەم "هەوڵی چاکەخوازان" بدا بەڵکو بە هۆیەوە بتوانن لەگەڵ ڕژێم دانوستان بکەن.[٨٧] پێشنیازەکانی «سپیێن» باندۆرێکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق و کێشەی کورد هەبوو، سەرێشیکێشا بۆ دەستپێشخەرییەکی ئەمریکا، کە مەبەست لێی گەیشتن بوو بە حاڵەتی ڕاگرتنی شەڕ لە نێوانیان.

لە ١٨ی تەممووزدا وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕێنماییینامەی سیاسەتەکەی سەبارەت بە عێراق بۆ هەموو پلە و پۆستەکانی خۆی لە هەرێمەکەدا دەرکرد، کە ڕەنگدانەوەی لێکدانەوەکانی «سپێن» بوو. وەزارەت لەو بڕوایەدابوو؛ شەڕی کورد تووشی تەڵەزگەیەک هاتووە و هەلومەرجێکی نموونەیی بۆ ناوبژێکردن هاتۆتەپێشەوە. لەکاتێکدا بەردەوام ئەمریکا وای دانابوو کێشەی کورد "پرسێکی



هەواڵنامەی کتێب

ناوخۆیی عێراقە"، کەچی لە سەرێکی دیکەشەوە هاوسۆزبوو لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی کورد. هەرچەندە ئەمریکا "گرەوێکی قەبەی" لەسەر مانەوەی ڕژێمی بەعس کردبوو، ئاخر دیاربوو لە هەموو ڕژێمەکانی بەرێ زیاتر لە بەرژەوەندییاندا بوو. لەبەر ئەو لەیەکترازانە، ڕێنماییینامەکە داوای ئەوەی کرد، ڕژێم هانبدرێ بەڵکو ئۆتۆنۆمییەکی کەلتووری و بەڕێوبەرایەتییەکی خۆجێیی بۆ کورد دەستەبەربکا؛ یارمەتیبدا لە کۆمەکی بنیادنانەوەی، پەرەپێدان و نوێکردن (مۆدێرنیزەکردن)ی هەرێمی کوردان؛ لە ڕووی بەرنامەی خۆراک و پرۆژەی بەهاناوەهاتن دەستی عێراق بگرێ و داواش لە ڕژێم بکا بەڵکو بە "ئاوەزمەندییەکی نەرمڕۆیانە" ڕەفتار لەگەڵ هاووڵاتییانی کورد بکا. سەبارەت بە پرسی سکاڵای جینۆسایدیش لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وەزارەت مەیلی بەلای ئەوەدا شکایەوە، خۆی بکشێتەوە و هانی هاوپەیمانە عەرەبەکانی بدا دژی پرسەکە بجووڵێنەوە. هەمووشی بەسەریەکەوە، ئەمریکا فشاری وەهای خستە سەر ڕژێمی عێراق، کە کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەربکا، ئەمە و لەکاتێکدا خۆشی هەوڵی دەدا ڕانەکێشرێتە نێو ململانێکە.[٨٨]

هەروەک چارەنووسیش هێنابێتی و هەر لەهەمان ڕۆژدا «سایروس هابیبی» کارمەندی پێشووی کونسولخانەی ئەمریکی لە «تەورێز»، کە لە نزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ کوردی عێراق هەبوو، نامەیەکی لە بارزانییەوە ڕادەستی کونسولخانەکە کرد، تێیدا داوای لە سەرۆک «کەنەدی» کردبوو، بەڵکو یارمەتی ناوبژیکردنیان بۆ ئاگربەستێک بدا.[٨٩] بەدەمەوەچوونی ئیدارەی کەنەدیش بۆ پێشنیازەکەی بارزانی هەر لەژێر کاریگەریی ڕاسپاردەکانی «سپێین»ـەوە بوو. باڵوێزە نوێکەی ئەمریکا لە ئێران «یولیوس هۆلمز» ڕێنمایی دایە کونسوولەکەی، کە سیاسەتی دەستوەرنەدان بۆ بارزانی دووبارە بکاتەوە[٩٠]، بەڵام وەزارەتی دەرەوە بیرۆکەیەکی جیاوازتری هەبوو. کاتێکیش لە سەرەتای مانگی ئابدا نامەکەی بارزانی بۆ کۆشکی سپی بەرزکرایەوە، ئاماژەبوو بۆ ئەوەی کۆشکی سپی دەیەوێ هەنگاوێکی دوورتر بهاوێژێ و بە «هابیبی»ش گوترا پەیامەکە گەیەنراوەتە وەزارەت و کونسوولیش لە جیاتی حکوومەتی ئەمریکاوە وەڵامی دایەوە. ئەو زانینەش لەوێوە "وەها نمایشکرا، کە تەنیا بە


هەواڵنامەی کتێب

شێوەیەکی هێماییانە دەربڕی نیگەرانییەکان و مەیلی ئەمریکایە کە بۆ لای کورد شکاوەتەوە." ستافی ئەنجوومەنی نیشتمانیش لەگەڵ ئەو تێبینییە تێکەڵوپێکەڵەی لە پەراوێزی بەڵگەنامەکەدا نووسیبووی: پەسەندکرا؛ کۆکبوون.[٩١] ئیدی ڕێنمایی نوێ لە ٧ی ئابدا بۆ تاران نێردرا و دەستبەجێش لە ١٢ی ئابدا بۆ ناوبژیکەرەکەی بارزانی، پرسەکە سەرڕێخرا،[٩٢] ئەمەش دەریخست کە بادانەوەیەکی نهێنی سەبارەت بەکورد لەئارادابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ١٥ی ئابدا کۆشکی سپی سیاسەتی "لەباری" چەکپێدانی دەرهەق بە عێراق لەخۆگرت و لە کۆتاییدا پەسەندنامەی خۆی سەبارەت بە گوژمە چەکێکی تایبەت نیشاندا. ئەو سیاسەتە نوێیەی چەکپێدان، بەدەمەوەچوونێکی ئەرێیانەی داخوازییەکانی عێراق بوو لە چوارچێوەی سیاسەتی پەسەندنامەی دابینکردنی چەک لە سەرچاوە ئەمریکییەکانەوە؛ ڕادەستکردنەش دەبوو تا بکرێ تەڕدەستانە بێ؛ هەر کەرەستەیەکی ئامادەکراویش لەسەر بنەمای نەختینەی کاش بێ؛ مەرجی متمانەی تەنیا لەو بارەیەوە ڕێکدەخرا، کە باندۆرێکی پێچەوانەی لەسەر ئابووری عێراقەوە نەبووایە؛ لەو بارەشەوە ڕاوێژ بە هاوپەیمانەکانی ئەمریکاوە دەکرێ بۆ ئەوەی ئەوانیش هانبدرێن هەنگاو هاوشێوە لە سیاسەتی چەکپێفرۆشتن بگرنەبەر.[٩٣]

ئەو بادانەوەیە لە سیاسەتی ئەمریکا، سەرنجی بارزانی ڕاکێشا، وایکرد کەناڵێکی نوێی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ئەمریکا بکرێتەوە. بەگوێرەی «کارلتن کوون»، کونسوڵەکەی ئەمریکی لە «تەورێز» ، لە ١٦ی ئابدا کوردێکی ناسراو لە کونسولخانەکە نزیک بووەوە و داوایکرد، "ئەمریکا ڕۆڵێکی ڕابەرییانە لەو دانوستانەی دەستپێکردووە بگێڕێ، بەتایبەتیش کە دەربارەی شەڕڕاگرتن یان ئاگربەست بووە."[٩٤] بە جیاواز لە نامەی پێشووی بارزانی، ئەمە یەکەمجار بوو کورد داوا لە ئەمریکا بکا ڕاستەوخۆ ڕۆڵی خۆی وەک نێوەندگیرێک لە دانوستاندا بگێڕێ، ئەمەش دنەی وەزارەتی دا تا برووسکەیەک بۆ باڵوێزخانەی خۆی لە بەغدا بنێرێ بەڵکو ڕوانینی خۆی لەو بارە بخاتەڕوو، ئەمەش لە کاتێکدا بوو داوای لە تاران کرد بەڵکو چاوەڕێی ڕێنوێنینامەی زیاتر بکا.[٩٥]



هەواڵنامەی کتێب

باڵوێزخانەکەی لە بەغدا لە ٢٠ی ئابدا ئەرێنییانە وەڵامیدایەوە، ئەو ئاگربەستەی بارزانی دەرووپەکی خێرە و کارێکی واش دەکا ئەو بەڵێنەی دەمێکە ڕژێم بە خەڵکی خۆی داوە، گوایە لە شەڕەکەدا سەردەکەوێ، ئیدی دەتوانێ شەڕاگرتن بە خەڵکەکەی بفرۆشێتەوە و ئابڕووی خۆی پێبکڕێتەوە. هەرچەندە ئەوەش لە گۆڕێدابوو، کە ڕژێم ئەو داوایەی ئاگربەست بە خاڵی لاوازی یان وەک بە فێڵێکی مەعلانانە بۆ لەباربردنی ڕاستگۆیەتی بەکاربهێنرێ. وێڕای ئەمەش باڵوێزخانەکە وای بنیی، شتەکە ئەوە دەهێنێ ئەمریکا بۆی بجوڵێ و وەک پەیکێک لە نێوان بارزانی و بەغدا دا بێت و بچێ، بەڵام ڕاوێژی باڵویزخانەکە ئەوەبوو، ئەمریکا خۆی لە ڕۆڵی نێوەندگیری ڕاستەوخۆ بەدووربگرێ. شایانی باسە، باڵوێزخانەکە داوای لە وەزارەت کرد، دەستبەجێ بجووڵێ بەتایبەتیش کە سوپا هەندێک دەستەپاچەبوو لە بەرانبەر کورد لە زستانی ئایندەدا.[٩٦] هۆیەکی دیکەی پێداگیرییەکەی باڵوێزخانەکە لە ترسی ئەوەبوو، نەبادا ئەو پەیوەندییانەی ئەمریکا بە بارزانییەوە دزەبکا و بەرلەوەی بگەنە بڕیارێک سەبارەت بە ڕەوشەکە، هەواڵەکە بزانرێ. بنەمای ئەمەش هەمووی بۆ بەهەندهەڵگرتنەکانی جەنگی سارد دەگەڕایەوە؛ دەکرا ئەوەش لێکبدرێتەوە کە سەرتاپای پرۆژەکە پیلانێکی سۆڤیەتی بێ، بەڵکو ئەمریکا تێوەبگلێنرێ و لەو ڕێیەشەوە پەیوەندی ئەمریکا – عێراق درزی تێبکەوێ.[٩٧]

لە ٢٣ی ئابیشدا ئەو نیگەرانییانە لە ڕێی برووسکەلێدانەوە بە هەریەک لە بەغدا، تاران و لەندەن گەیەنران. وەزارەت ڕێنمایی ئەوەی دا، کە باڵوێزخانەی بەغدا "بێلایەنانە و بە شێوەیەکی متمانەدارەوە دەستبەجێ بە حکوومەتی عێراق ڕابگەیەنێ، کە بارزانی دەیەوێ بگەنە ئاگربەستێک" و ئامادەشن وەڵامەکەی بگەیەننەوە شوێنی خۆی. کاربەدەستانی ئەمریکا لە تارانیش ڕاسپێردران بە شێوەیەکی تایبەت و پڕ لە متمانە بە تاران ڕابگەیەنن، کە بارزانی بۆ مەبەستێکی وەها لێیان نزیکبووەتەوە"؛ ڕاسپاردەکەی بەغداش لەسەر ئەوە پێداگیربوو، کە ئەمریکا "تەنیا وەک پەیکێک هەڵسوکەوت دەکا وەنەبێ لەگەڵ ئێراندا هاوئاوازبێ"؛ هەروەها وەزارەت فەرمانیشی بە «کوون» کرد بە نوێنەرەکەی بارزانی بڵێ، کە داخوازییەکەیان بۆ دانوستان بە حکوومەتی بەغدا



هەواڵنامەی کتێب

دەگەیەنرێ. هەروەها ئەویش "پێداگیردەبێ" کە ڕۆڵی ئەمریکا بەشێوەیەکی سووک و ئاسان هەروەک کردەوەی پەیکێک، ناوبژیکارێک دەبێ. لە کۆتاییشدا وەزارەت بڕوای وا بوو پێویست دەکا بەریتانییەکانیش لەو لەیەکنزیکبوونەوەیە ئاگاداربکرێنەوە.[٩٨]

کاتێکیش لە ٢٥ی ئابدا «سترۆنگ» پێشنیازەکەی بارزانی بە «ئەلبەکر»ی سەروەزیر ڕاگەیاند و ئامادەیی ئەمریکای و بۆ وەرگرتنەوە و گەیاندنی وەڵامەکە دەربڕی، سەرکردە عێراقییەکە "سەرسامی خۆی دەربڕی" کە ئەمریکا هاتۆتەنێو و پرسی ئاخۆ بۆچی بارزانی لەڕێی سۆڤیەتییەکانەوە پەیامی بۆ نەناردووە، کە دیاربوو ئەوان هاوپەیمانی بوون. «سترۆنگ»یش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەو تەنیا زانیارییەکە دەگەیەنێ و پەیوەندی بە جەوهەری کێشەی کوردەوە نییە.[٩٩] کاتێکیش «هۆلمز» لە ٢٦ی ئابدا هەواڵەکەی بە «عەباس ئارام»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران ڕاگەیاند، ڕاپۆرتی بۆ واشنتن ناردەوە، کە وتووێژەکەیان لەگەڵ وەزیرە ئێرانییەکە "یەکلاکەرەوە نەبووە و نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک."[١٠٠] بۆ ڕۆژی پاشتر، «کوون»یش ڕاپۆرتی خۆی دا، کە پەیامەکەی بۆ بارزانی بە نێوەندگیرەکەی ئەو ڕاگەیاند.[١٠١]

لە ١٢ی ئەیلوولدا «بێنیامین ڕێد» یاریدەدەری جێبەجێکاری نوێی وەزارەتی دەرەوە، یاداشتێکی پڕ وردەکاری سەبارەت بە نامەکەی بارزانی بۆ سەرۆک کەنەدی بۆ «بەند» نارد، تێیدا باسی بەدەمەوەچوونی ئیدارە و لەیەکنزیکبوونەوەکەی «تەورێز»ی بەیانکردبوو. دوای بەسەرداچوونەوەی بەڵگەنامەکان، ڕاسپاردەی «کۆمەر» وەهابوو، «بەندی» سەرۆک لە نامەکە ئاگاداربکاتەوە، ئەمەش خۆئامادەکردنێکی باشبوو بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، "نەبادا یەکێک ڕووبەڕوو لە سەرۆک بپرسێ ئاخۆ گوێی لە ناوی کوردان بووە." «کۆمەر» جەختی لەسەر لایەنی هەستیاری سیاسییانەی پرسەکە کردبووەوە، هێڵی بەژێر ئەوەدا هێنابوو، کە عێراقییەکان زۆر هەستیارن بە گەیشتنی نێردەی کورد بۆ نیویۆرک بۆ کۆبوونەوەکەی


هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵەی گشتی و هەوڵی بێهودەی زۆریشیان داوە بەڵکو لۆبییەکی وا بکەن ئەمریکا لێنەگەڕێ نێردەی کوردان بگاتە نێو کۆبوونەوەکە.[١٠٢]

لە ناوەڕاستی ئەیلوولدا ئەوە ڕوون و ئاشکرابوو، کە ڕژێمی عێراق هیچ مەیلی لەسەر ئەوە نەبوو ئەمریکا ببێتە کەناڵێک بۆ نزیکبوونەوە لە کورد، ئەمەش وای لە «سترۆنگ» کرد ڕاوێژ بداتە وەزارەت بەڵکو "خۆیان لەهەر کردەوەیەک چ لەگەڵ بارزانی و چ لە گەڵ حکوومەتی عێراق بەدووربگرن، مەگەر یەکێک یان هەردووکیان دەستپێشخەری نیشانبدا."[١٠٣] بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڕیاری ئەمریکا بۆ خۆبەدوورگرتن لە کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ بارزانییدا وای لە ئێرانییەکان کرد خۆیان ئەو کەناڵە بژیێننەوە. لە ١٦ی ئەیلوولدا، «ژەنەڕاڵ حەسەن پاکرەڤان» (سەرۆکی ڕێکخراوی هەواڵگری و ئاسایشی ئێران [ساواک]) لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر شەڕی کورد چاوی بە «هۆلمز» کەوت. دیاربوو یەک دوو ڕۆژ پێشتر شا بارزانی بینیبوو، بارزانیش سکاڵای سەبارەت بە شکستی هەوڵی ئاگربەستەکە هەبوو. «پاکرەڤان» گوتی، شا دەیەوێ ئەمریکا سەبارەت بە بارزانی لە پێنج شت تێبگا: (١) ئەو کۆمۆنیست نییە؛ (٢) ئەو دانی بەوە داناوە کە سەربەخۆیی کوردان "تەنیا کارێکی گەمژانەیە"؛ (٣) فشاری ئەو تەنیا بۆ پلەیەکی هەرەکەمی ئۆتۆنۆمییە؛ (٤) ئەو دەیەوێ شەڕ بوەستێ و بگەڕێتەوە سەر مێزی دانوستان و (٥) بارزانی پێویستی بە مسۆگەرییەکی دەرەکی هەیە بۆ ئەوەی گەلەکەی نەدرێتە "دەست ڕەحمەتی حکوومەتی بەغدا." «شا»ش هەستیکرد، ئەمانە خاڵی مەعقوولن و ویستی ئیدارەی «کەنەدی» فشاربخاتە سەر ڕژێمی عێراق تا کۆتایی بە جەنگ بهێنێ. هەرچەندە شا "دۆشدامابوو ئاخۆ دوای ئەوە چیبکا" و ویستی بزانێ ئەمریکا هەڵوێستی چۆنە. «هۆلمز»یش بە شای گوت، کە ئەمریکا لەسەر ئەوە کۆکە، ئاگربەست باشترین بژاردەیە و هیوای ئەمریکای بۆ هاوکاری ئەمریکا و ئێران بۆ گەیشتن بەو مەبەستە دەربڕی. بۆ بەدبەختیش گەیشتن بەم مەبەستە شتێکی کێشەداربوو، چونکە لەو کاتەی ڕژێمی بەغدا، کە باشترین ڕژێم بوو بەوەی ئەمریکا هیوای لەسەر بنیادنابوو، کەچی بەعس "کەموکورتی گشتی لە گوێپێنەدان بەو پرسە و بۆ هەوڵوتەقولای پێشتری ئەمریکییەکان بۆ گەیشتن بە شەڕڕاگرتن دەربڕی.[١٠٤]



هەواڵنامەی کتێب

ئەو نزیکبوونەوەی «پاکرەڤان» جەختکردنەوە بوو لەسەر ڕۆڵی پشتگیرییانەی ئێران بۆ کورد، ئەمەش یەکەمجار بوو شا لەجیاتی بارزانی هەوڵی دیپلۆماسییانە بدا. بۆ دەیەی داهاتووش، کاربەدەستانی ئەمریکا دژی فشارەکانی ئێران بۆ کۆمەککردنی کورد بوونەوە، بەڵام ئەو ناسنامەیە کراوەیەی شا لەگەڵ کورددا تەمی ئەو بیرۆکەیەی ڕەواندەوە، کە بارزانی، کۆمۆنیستخواز و قەرزباری سۆڤیەتییەکان بووبێ.

لە ناوەڕاستی ئەیلوولدا هەڵمەتی توندی دیپلۆسیەتی سۆڤیەتی لەدژی عێراق پووچەڵبووەوە. بەهۆی دژوەستانەوەی دەوڵەتانی عەرەبەوە، یەکێتیی سۆڤیەت فەرمانی بە نێردەی «مەنگۆلیا» کرد، پرسی جینۆسایدکردنی کورد لە ئەجێندای ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەمی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسڕێتەوە. ئەمەش بووە دەرگەکرانەوە لەسەر ئەوەی ئاخۆ بۆچی سۆڤیەتییەکان ڕێگەیاندا پرسەکە لە نێو ئەجێنداکەدا بسڕێتەوە. یەک ڕوونکردنەوە بەگوێرەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تامیز، ئەوەبوو، کە مەنگۆلییەکان پشتگیریەکی شایستەیان دەرهەق بە دۆزەکە لێنەکرا.[١٠٥] وەزارەتی دەرەوەش ڕوونکردنەوەیەکی جێگرەوەی هەبوو، بەوەی سۆڤیەتییەکان فەرمانیان بە مەنگۆلیا کرد داواکەی بکێشێتەوە، ئەمەش لەبەرانبەر نیشاندانی نیازپاکی بوو لە هەمبەر ڕژێمی عێراق، بەو هیوایەی ئەم کردەیە ڕێخۆشکەر بێ بۆ لەیەکنزیبوونەوەی سیاسییان.[١٠٦] هەرچۆنێک بێ کێشانەوەی سکاڵای پرسی جینۆساید بۆ ڕژێمی بەعس سەرکەوتنێکی هەرە پێویستی سیاسیی بوو.

لەوکاتەی لە ١ی تشرینی یەکەمدا و لە بارەگای کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەزیری دەرەوە «ڕوسک» چاوی بە بە «شبیب»ی وەزیری دەرەوە و «عەدنان پاچەچی» باڵوێزی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان کەوت. لە میانەی گفتوگۆکاندا «ڕوسک» پێخۆشحاڵی هەمەلایەنەی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق دەربڕی و جەختی لەسەر ئەوە کردووە، کە ئەمریکا چاوی نەبڕیوەتە عێراق بەڵکو تەنیا دەیەوێ "باری پێشکەوتووی سەربەخۆی خۆی، خۆشگوزەرانی و ئاسایشەکەی پارێزراو بێ".


هەواڵنامەی کتێب

«شبیب»یش پرسی ئەوەی وروژاند ئاخۆ ئەمریکا کۆمەکی بەرنامەی خۆراکی بۆ عێراق دەکا، ئاخر ئەوساڵ ساڵێکی سەختی وشکەساڵی بوو، لە وەسفی بەدەمەوەچوونی ئەمریکاش بۆ داخوازییەوەکە گوتی ئەوان" هیچ پەرۆش نەبوون." «ڕوسک»یش ڕوونیکردەوە کە هۆکارێک بۆ ئەم هەڵوێستە هەبووە. ئەمریکا هەوڵیدا دوورکەوێتەوە لە هەراسانکردنی عێراق بە "هەڵوێستە توند و دژوارەکەی." بە گەڕانەوە بۆسەر پرسی کورد، «ڕوسک» پرسیاری ڕوانینی سەبارەت بە هێنانەکایەی سەقامگیرییەکی ئاشتییانە لێکرد. «شەبیب»یش لەوەڵامدا گوتی، گوایە لە جەوهەردا بارزانی تێکشکاوە. شەڕیش "بە شێوەیەکی تایبەتی کۆتایی هاتووە"، و بەر لە هاتنی زستانیش "دەبێ ئۆپەراسیۆنی سەربازییانە تەواوبکرێ." «ڕوسک»یش دەیزانی ئەم شتە وا نییە، بۆیە فشاری زیاتری خستەسەر و پرسی بەڵکو ئەو مەبەستی ئەوە بێ، کە هەردوو لایان گەیشتبنە "ئاشتییەکی سیاسییانە وەک شتێکی جیاکەرەوەی کۆتاییهێنان بە شەڕوکوشتار." ئەمەش وای کرد دنەدەری وەڵامێکی توند بێ، «شەبیب»یش گوتی "پێشکەوتن و دیسەنترالیزم (لامەرکەزی) لە کوردستان تەنیا لەوکاتەدا بەدیدێ کاتێ هەڕەشەی چەکداری کۆتاییپێبێ." ئەمەش لە وتووێژەکە ڕوون بوو، کە ڕژێم هێشتا هەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو، بەکارهێنانی چەک تاکە چارەسەری کێشەی کوردە.[١٠٧]

پاش مانگێک دیسان بە خەستی شەڕ و کوشتار هەڵگیرسایەوە، لە تشرینی یەکەمیشدا شتێکی حاشاهەڵنەگر بوو کە هەردوولایان، چ عێراقییەکان و چ کورد لە چەک و تفاق کێشەیان هەبوو. هەرچی سەبارەت بە عێراق بوو، لەبەر ئابلووقەی سۆڤیەت لە ماوەی شەڕەکەدا دەستی بە چەکەکان نەدەگەیشت و دەستەپاچە ببوو، بۆیە لەسەرەتای تشرینی یەکەمدا نێردەیەکی نارده قاهیره بەڵکو قەناعەت بە میسر بهێنێ چەک و تەقەمەنی سۆڤیەتی بۆ دابینبکا، تا درێژە بە شەڕەکەی بدا، کەچی وردەکاری وەڵامەکەی «ناسر» بۆ داواکەی بەغدا هێشتا هەر بەردەست نییە.[١٠٨] هەروەها ڕاپۆرتەکان باسی ئەوەیان کرد، سووریا نزیکەی پێنج هەزار سەربازی بۆ یارمەتی عێراق نارده شەڕی دژ بە کورد.[١٠٩] لەو نێوەشدا سی ئای ئەی بەوەی زانی، کە ئێران چەندین باری مووشەکی


هەواڵنامەی کتێب

بازوکا و چەکی ورد،[١١٠] و نێرەرێکی ڕادیۆی گەیاندە کوردستان، هەر هەمووشیان لە ئەورووپاوە کڕابوون.[١١١] وێڕای جەختکردنەوەی «شبیب» بەوەی کورد نزیکی ئەوەبوو تێکبشکێن، کەچی هەوڵوتەقەللای عێراق بۆ پڕکردنەوەی جبەخانەکەی بە چەک و هێنانی سوپای سووری بەڕوون و ئاشکرا پێچەوانەی قسەکانی دەرخست. بۆ دڵنیابوونیش دابینکردنی چەک بۆ کوردان لە ئەورووپاوە نمایشێکیش بوو بۆ ئەوەی کە جەنگەکە زیاتر کڵپەی سەندووە.

بە هاتنی پایزی ١٩٦٣، نزیکبوونەوەی ئەمریکا لە عێراق لە سیاسەتی کۆنی خۆی "چاوەڕێبکە و ببینە" وەرگەڕا بۆ دەستتێکەڵکردن. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو نیگەرانییەوە هات کە تێکچوونی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ سۆڤیەت و جەنگە ناکاراکەی لەگەڵ کورددا پێگەی مانەوەی خۆی کەوتۆتە بەر هەڕەشە. لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، تاکە چارەسەر، دانوستانێکی ئاشتییانە بوو. هەرچەندە وەرگەڕانێکی بیرکردنەوە لە واشنتن هەبوو، بارزانی دەرفەتێکی وای بە ئەمریکا دا بەڵکو لە بەدیهێنانی ئاگربڕدا یارمەتیدەر بێ، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە هێڵێکی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد دامەزرا. بۆ بەدبەختی پەرۆشنەبوونی بەغدا بۆ بە دەمەوەچوونی پێشنیازی ئەمریکا، دەستپێشخەرییەکە سەرینەگرت. ئیدی لەو خاڵەدا بوو، کە ڕۆڵی ئێران لە جەنگی کورددا زیاتر ئاشکرابوو، نەخاسمە دەستهەبوون لە کردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەمریکا و کورد و مسۆگەرکردنی چەک بۆیان. ئەمەش بە نۆرەی خۆی ئەو ڕامانەی لەلای کاربەدەستانی ئەمریکا بەهێزکرد، کە بارزانی هەلپەرستێکە، کەسێکە دەیەوێ پشتگیری لەهەر گۆشەیەکەوە بێ وەربگرێ، بۆ ئەوەی ئامانجە ستراتیژییەکانی بەرەوپێشەوە ببا.



هەواڵنامەی کتێب

## ڕووخانی حیزبی بەعس

لە پایزی ١٩٦٣ دا ململانێی دەسەڵات لەنێو ڕژێمی عێراقدا لەسەر پرسی یەکێتیی عەرەب سەریهەڵدا. ململانێکە دنەی نەرمڕەوەکان، باڵی سەربازی حیزب بەسەرکردایەتی «ئەلبەکر» و سەرۆک «عەبدولسەلام عارف» (کە لەڕاستیدا بەعسی نەبوو) دژ بە توندڕەوەکان دا، واتە باڵی مەدەنی کە لە «عەلی ساڵح ئەلسەعدی» سەروەزیرە ڕۆیشتووەکەی پێشوو و وەزیری ناوەخۆی ئەوکات بەرجەستەبوو. هەروەک «تریپ» وەسفییان دەکا، "«ئەلسەعدی» ئەوکات بەهێزترینیان بوو لەنێو سێ ئەندامەکەدا، هەرچەندە دەسەڵاتەکەی ئەویش بێ کێشمەکێش نەبوو." کانگەی دەستڕۆیشتنی «ئەلسەعدی» لە پێگەکەیەوە بوو، کە بەرپرسی هەرێمایەتی حیزب بوو، ئەمەش بەهێزترین پێگەی نێو باڵی عێراقی حیزب بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆڵی خۆی وەک سەرۆکی حەرەس قەومی بووە مایەی نیگەرانییە هەرە زۆرەکانی هێزی سەربازیی عێراق. زووتر لەشکر هەوڵیدا حەرەس قەومی هەڵبوەشێنێتەوە کەچی شکستیهێنا، بەڵام لەسەرەتای ئەیلوولدا، کاتێک «ئەلسەعدی» پشتیوانی خۆی بۆ مارکسیزم دەربڕی، ئیدی نەیارەکانی کەوتنە جووڵە، بەڵکو بە دەستی خۆیان چارەی پرسەکە بکەن و لەکۆڵیبکەنەوە.[١١٢] بە گوێرەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بێ، نەخشەکە بۆ« ئەلبەکر» و «عارف» بوو کە بە پشتیوانی سوپا «ئەلسەعدی» و بەعس لە میکانیزمی دەسەڵات دوورخەنەوە، دەست بەسەر حکوومەتدا بگرن، پرسی کورد چارەسەربکەن و وتووێژی یەکێتی لەگەڵ میسر گڕبدەنەوە، کە وتووێژەکە لە سەرەتای ساڵەکەدا پەکیکەوتبوو. باڵوێزخانەکە بڕوای وابوو، ئەمەش لە شێوەی هەموارکردنێکی کابینەی وەزارەت ڕوودەدا، بەوەی سەرهێڵە توندەکان لە کاربەدەستانی بەعس وەدەرنرێن، وەک چۆن «ئەلسەعدی» بگیرێ و وەک باڵوێزێک بنێردرێتە هەندەران ئینجا هێزی سەربازی حەرەس قەومی لاشەڕ ببێ.[١١٣] لەکاتێکدا دەبوو لە کۆتاییدا ئەمە ڕوویدابا، کەچی هاتنەپێشەوەی بارودۆخی پێشبینینەکراو جێبەجێکردنی نەخشەکەی تا ناوەڕاستی تشرینی دووەم دواخست.



هەواڵنامەی کتێب

هەرچەندە لە حەوتی تشرینی یەکەمدا «ئەلسەعدی» گورزی خۆی لە میملەکانی نێو سوپادا وەشاند، ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە حیزبی بەعس جاڕی گۆڕانکاری لە کابینەکەدا کرد، بەجۆرێک ژمارەیەک وەزیری نابەعسی بە بەعسییە هەرە بڕوادارەکان گۆڕی. هەر بۆ نموونە دوو وەزیری میانڕەو، «حازم جەواد»ی وەزیری ناوەخۆ و «تالیب شەبیب»ی وەزیری کاروباری دەرەوە، لە فەرماندەیی نیشتمانی دا دەرکران، ئەو فەرماندەییەی ئۆرگانی حوکمڕانی حیزب بوو.[١١٤] باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ئەو جووڵەیەی بە "بەعسیکردن"ی کابینەی ناوزەدکرد.[١١٥] لەوەش زیاتر، «ئەلسەعدی» بڕیارێکی هێنایە پێشەوە بەوەی حەرەس قەومی بەهێزتر بکا. ئیدی هەمووی بەسەریەکەوە، بە بەعسیکردنی کابینە و بەهێزترکردنی حەرەس قەومی یارمەتی «ئەلسەعدی» دا تا دەسەڵات تۆکمەتر بکا، ئەمە لەکاتێکدابوو کە لەنێو هەردوو دامەزراوەی حکوومەت و سوپادا میانڕەوەکان لاواز بوون. مایەی سەرسامیش نەبوو، هەموو ئەوانەی لە جموجۆڵی پیلانی «ئەلبەکر» و «عارف» دەستیانهەبوو. دەستوبرد بکەن و سەرەداوی پرسەکان بگرنەوەدەست.[١١٦]

وێڕای ئەمەش، لە ماوەی مانگی تشرینی یەکەمدا، هەردوو باڵی حیزبی بەعس، هی سووری و عێراقی لەسەر پلانەکانی خۆیان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو وڵاتەکە بەرەوپێشەوە هەنگاویان دەنا - سووریاش لە ٨ی ئازاری ١٩٦٣ دا کودەتایەکی هاوشێوەی عێراق هەر دوای مانگێک لە کودەتاکەی عێراق کرد. لە هەشتی تشرینی یەکەمدا، «عارف» جاڕی یەکگرتنەوەی سوپای سووریا و عێراقی دا و دەستەیەکی هاوبەشی سەربازییان لە سێ نوێنەر بۆ هەر دەوڵەتێک پێکهێنا. میسرییەکانیش مەیلیان لەسەربوو بێنە نێو یەکێتییەکە.[١١٧] ئیدی لەماوەی باقی ڕۆژەکانی مانگی تشرینی یەکەمدا، حیزبی بەعس کۆنگرەی نیشتمانی شەشەمی خۆی لە دیمەشق سازدا تا کار لە چوارچێوەی کۆتایی یەکگرتنەکە بکا.[١١٨] بە گوێرەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزیش بێ، کۆنگرەکە بڕیاریدا لە ماوەی دوومانگدا ڕاپرسی بۆ یەکێتییەکە لە هەردوو وڵاتەکەدا بکرێ و دەوڵەتە نوێیەکەش پێیبگوترێ کۆماری عەرەبی دیموکراتی میللیی و پایتەختەکەشی بەغدا بێ.[١١٩]



هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ دەستپێکی مانگی تشرینی دووەمدا، ململانێی نێوان باڵەکانی میانڕەو و ڕادیکاڵەکانی نێو حیزبی بەعس تەقییەوە. لە ١ی تشرینی دووەمدا، فەرماندەی حەرەس قەومی «مونزیر ئەلمەنداوی» لە پۆستەکەی لادرا، بەڵام ڕەتیکردەوە بڕوا، ئەمەش نیشانەی لاوازی دەوڵەتەکە بوو، هاندانێکیشبوو بۆ سوپا بەڵکو هەوڵێکبدا بەعس لەسەر تەختی حوکمڕانی لابدا.[١٢٠] هەرچەندە بەرلەوەی سوپا بجووڵێ، گرووپێکی دیکەی میانڕەو - بە سەرکردایەتیی «جەواد» و «شەبیب» - سەرەتا دەستیانکردەوە. لە ١١ی تشرینی دووەمدا، کۆبوونەوەی هەرێمایەتیی عێراقی حیزبی بەعس لە بەغدا بەسترا. لە کۆبوونەوەکەدا، هێرشیانکردە سەر «ئەلسەعدی» و لایەنگرەکانیان بەوە تۆمەتبارکرد، "کە هەڵسوکەوتەکانی دژ بە سیاسەتەکانی حکوومەت و حیزب بووە." کۆنگرەش لەسەر تۆمەتەکان کۆکبوو، ئیدی بۆ فڕۆکەخانە یاوەرییان کردن، کە فڕۆکەیەکیان بۆ ئامادەکردبوو تا بیانگەیەننە تاراوگە لە ئیسپانیا. ئینجا هەر پرسی چەند سەعاتێک بوو، دەرکەوت کە باڵی توندڕۆی نێو حیزب لە دەسەڵات پاکتاوکرا. هەرچەندە کاتێ هەواڵی دەربەدەرکردنی «ئەلسەعدی» بڵاوبووەوە، حەرەس قەومی دابەزییە سەر شەقام و پێگەی گرنگی گرتەدەست و دەمەقاڵێ و شەڕە دەندووک لە ناو شارەکەدا پەیدابوو. هەر لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتیی نیشتمانیی بەعس، کە سەرپەرشتی حیزبی لە هەردوو وڵاتەکەدا دەکرد، نێردەیەکی بە سەرۆکایەتی «میشێل عەفلەق»ی مامۆتک و ئایدیۆلۆجستی بەعس ڕەوانەی بەغدا کرد.[١٢١] ڕەوش لە عێراق لەدەست دەرچووبوو.

ئەو جووڵەیەی دژی «ئەلسەعدی» کرا بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بە تەواوی مایەی کتوپڕی بوو. لە کاتێکدا باڵوێزخانە لە ئەیلوول و بە هەوڵی پیلانگێڕی دژی «ئەلسەعدی» دەزانی، لە بەرەبەیانی ڕۆژی کودەتاکە گەلاڵەنامەیەک بەو ئەنجامە بۆ واشنتن نێردرا، "لەوانەیە ڕژێم پێویستی بەکات هەبێ، پێدەچێ ساڵێک یان دوو ساڵ بێ بەرلەوەی هەر بە ڕاستی دارِسانێکی ڕووبەڕووببێتەوە."[١٢٢] تەنانەت بۆ ڕۆژی پاشتریش، باڵوێزخانەکە لەوەی ڕوویدا دڵنیانەبوو: "چەندین سەرچاوە ئاماژەیان بەوە کرد کە «ئەلسەعدی»... لە



هەواڵنامەی کتێب

ماوەی ڕۆژەکەدا نەوەک شەوی پێشتر نەفیکراوە."[١٢٣] بە کورتی، نە باڵوێزخانەکە و نە وەزارەتی دەرەوە نەیانزانی چی لەبەغدا ڕوویدابوو ئەمەش درێژەی کێشا تا ١٣ی تشرینی دووەم ئەوکاتەی ژووری ڕەوش لە کۆشکی سپی سەرۆکی لە کودەتاکە ئاگادارکردەوە. بۆ بەدبەختیش، ئەمریکا "نەیدەتوانی بڕیاری مەودای خۆی بدا" چونکە ئەو ڕاپۆرتانەی لە بەغداوە دەگەیشتن "کورتهێن بوون".[١٢٤] تەنانەت لە ١٥ی تشرینی دووەمیشدا، کۆشکی سپی بەزەحمەت بۆی دەرکەوت ئاخۆ چی لە بەغدا ڕویداوە. ئەو ڕۆژە، «کۆمەر» یاداشتێکی بۆ «بەندی» نارد، تێدا ڕوونیکردبووەوە، کە سەختە «ئۆفڤاڵ ئۆفیس» لەوەی لە بەغدا ڕوویداوە خەبەردار بکرێتەوە، چونکە ڕەوشەکە "هێشتا بۆ هەڵسەنگاندنێکی متمانەدار شلۆقە."[١٢٥]

لەو کاتەدا ڕووداوەکان لە بەغدا کڵپەیاندەسەند و لە ١٣ی تشرینی دووەمدا حەرەس قەومی خۆپیشاندانی لە ناو شاری بەغدا کرد و داوای دەرکردن و لادانی «جەواد»یان کرد. هەرزووش دوای ئەوە، پەلاماری پۆلیسخانەیەکیان لە بەغدا لەنێو مەیدانی سەرەکی دا و لەگەڵ دوو بارەگای دیکەشیان داگیرکرد. ئینجا ئاپۆرایەکی دیکەش پەیدابوو، هەوڵیدا ڕادیۆی سەرەکی داگیربکا، بەڵام تیپە دەبابەیەکی دڵسۆزی ڕژێم بەرییپێگرتن و ناچاریکردن بڵاوەی لێبکەن. ئینجا ڕووداوەکان لە دوای سەعای ٩ی بەیانییەوە پۆلکتربوون، ئەویش لەوکاتەی فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی عێراقی لە لایەن «ئەلوەنداوی»یەوە هەڵسێنرا و کۆشکی سەرۆکایەتی دایە بەر مووشەک و ئاگری ڕەشاشەکەی و توانی بۆمبێکیش لە ژوورەکەی سەرۆک «عارف» بدا، بەڵام بەبێ ئەوەی بریندار ببێ، ڕایکردبوو. لە کۆتاییشدا هێزی ئاسمانی دڵسۆز بە ڕژێم توانی فڕۆکەکەی «ئەلوەنداوی» بخاتەخوار، بەڵام ئەو توانی بۆ سووریا هەڵبێ.[١٢٦] بەو زێدەڕەوییە و پێشێلکارییەی توخمە توندڕەوەکانی ناو بەعس و ڕووداوەکانی حەرەس قەومی، ئینجا «ئەلبەکر» فەرمانی بە سوپاکرد هەموو خاڵە ستراتیژییەکانی بەغدا بگرێتەدەست و جاڕی قەدەغەکردنی هاتووچۆ بدا و هەموو قەڵەباڵغی سەر شەقامەکانی بڵاوەپێکرد.[١٢٧] مایەی تێبینییە، لەو کاتەی «ئەلبەکر» فەرمانی بە فەرماندە ٢٣ ساڵییەکەی حەرەس قەومی کرد، کە



هەواڵنامەی کتێب

میلیشیاکەی بکێشیتەوە نێو مۆڵگەکانی خۆی، ئەو ڕەتیکردەوە، بەمەش ڕقی ئەندامانی هێزی سەربازیی عێراقی ئەستوورتر کرد.[١٢٨] دواتر لە ئەنگۆرەدا، «ئەلبەکر» بانگی کۆبوونەوەی فەرماندەیی هەرێمی عێراقی دا تا دۆخەکە بەر لە گەیشتنی «عەفلەق» و سەرکردایەتیی نیشتمانی بۆ بەغدا هەڵبسەنگێنن. بە گوێرەی سی ئای ئەی بێ، «ئەلبەکر» بڕیاریدا هەر یەک لە «جەواد» و «شەبیب»یش بنێردرێنە تاراوگە، بەڵام کاتێ «عەفلەق» گەیشت و ئەوانیش دەرکرابوون، زۆر تووڕەبوو چونکە لەو بارەیەوە ڕاوێژیان پێنەکردبوو.[١٢٩]

لە ماوەی ئەو یەک دووڕۆژەی دوای ڕووداوەکە، هێشتا ڕەوشەکە هەر گرژ و ئاڵۆزتر دەبوو، تەنانەت هێزی سەربازی ناچاربوو لە چەند شوێنێک دەستبەکاربێ و بجووڵێ. لە ١٥ی تشرینی دووەمدا، سەرکردایەتیی نیشتمانیی حیزبی بەعس جاڕیدا، کە جڵەوی عێراق دەگرێتەوەدەست، ئەمەش لەو کاتەدا بوو کە سەرکردایەتی هەرێمایەتی کێشە و دەمەقاڵێ نێوخۆییەکانی چارەسەرکرد. دیاربوو دەسەڵاتی سەرپەرشتیاری سووریییەکان بەسەر دۆخەکەدا بۆ ناسیونالیستە عێراقییە شانازەکان لەنێو سوپادا شتێکی زۆر بوو. ئیدی لە ١٦ و ١٧ی تشرینی دووەمدا، ئەندامە پلەباڵاکانی نێو ڕژێم، بە «عارف» و «ئەلبەکر» و ژەنەڕاڵ «ساڵح مەهدی عەماش»یشیەوە کە ئەفسەرێکی بەعسی پلەباڵابوو لە نێو سوپادا، بانگەوازییان بۆ ئەفسەرە پلەباڵاکانی نێو سوپاکرد و نەخشەیەکی وەهایان دانا، نەوەک هەر سوورییەکان بەڵکو حەرەس قەومیش دەربکەن و بەلاوە بنێن.[١٣٠] لە سپێدەی ١٨ی تشرینی دووەمدا، سەرۆک عارف فەرمانی بە سوپاکرد کە بەعس و حەرەس قەومی بپێچنەوە.[١٣١] لە بەرەبەیانیشدا، فەرمان بەسەر حەرەس قەومیدا کرا بگەڕێنەوە نێو مۆڵگەکانی خۆیان و لەوێش چەک دابنێن یان ئەگەر وانەکەن ئەوا ناچاردەکرێن چەکیان پێدابنێن.[١٣١] سەربازەکانیش بەشێوەکی سەرەکی پشتگیری کودەتاکەیان کرد و لە نیوەڕۆشدا «عارف» جڵەوی وڵاتەکەی کەوتەدەست. ئیدی ڕژێمەکە هەر هیچ نەبێ جارێ ڕۆژی ئاوابوو.


هەواڵنامەی کتێب

پاش یەک دوو ڕۆژ و لە ٢١ی تشرینی دووەمدا، کاربەدەستانی ئەمریکا بەهۆی ئەوەی هەر «عارف» سەرۆکی دەوڵەتەکە مایەوە، بۆیە بڕیاریاندا پێویست بە گۆڕینەوەی دیپلۆماتنامەی نێوانیان و داننانێکی نوێ بە ڕژێمە نوێیەکەوە ناکا.[١٣٣] بۆ ڕۆژی پاشتریش، سەرەک «جۆن ئێف کەنەدی» لە«دەلەس» کوژرا، بەم جۆرە لە پڕێکەوە سەرۆکایەتییەکەی کۆتاییهات.

**ئەنجام**

لەنێوان شوبات و تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دا، عێراق مەیدانێکی جەنگی سارد بوو، سەریکێشا بۆ دەستێتێوەردانی هەردووکیان، ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت. بەبێ چەندوچوون، کودەتاکەی بەعس لە ١٩٦٣ دا، "دەستکەوتێکی پوختە" بوو بۆ ئەمریکا لە کێبڕکێی مەیدانی جەنگی سارد لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا.[١٣٤] ئاخر دوای هەموو شتێک، خۆ ڕژێمی قاسمی هەواداری سۆڤیەت بە ڕژێمێکی دژەکۆمۆنیست گۆڕدرا، ڕژێمێکی ناسیونالیستی عەرەب کە دەستی لە شاڵاوێکی دڵڕەقانە دژ بە کۆمۆنیستەکانی عێراق هەبوو، هاتەسەرکار. بە خۆشحاڵبوون بە دەرەنجامەکانی، ئیدارەی کەنەدی بە دوای ڕاچاندنی تەونی دۆستایەتی لە ڕێی پەیوەندی سەربازیی، ئابووری و پشتگیری کۆمەڵایەتی لەگەڵ عێراقدا گەڕا، بۆ ئەوەی بەرەبەرە زیاتر بەرەو لای سیاسەتەکانی ئەمریکاوە ڕاییکێشێ. وێڕای ئەو جەختکردنەوانەی دەڵێن گوایە سی ئای ئەی لەپشت کودەتاکەوە بووە و دواتریش لیستی ناوی کۆمۆنیستانی داوەتە بەعسییەکان، لێرەدا بایی ئەوەندە بەڵگە هەن نیشانەی پرسیار لەسەر ئەوەی ڕوویداوە دابنرێن.

ئامانجی هەمەلایەنەی سیاسەتی ئیدارەی کەنەدی لەبەرانبەر عێراقدا ئەوەبوو، بگاتە سەقامگیرییەکی نێوەخۆیی و دووریش بکەوێتەوە لە جێپەنجەی دەستڕۆیشتنی سۆڤیەتییەوە. هەرچەندە هاتنە ناوەوەی سۆڤیەت بە پشتگیریکردنی کورد و بڕیاری یەکلاکەرەوەی ڕژێم بۆ سەرکوتکردنی کورد


هەواڵنامەی کتێب

بەشێوەیەکی سەربازییانە، بەدیهێنانی ئامانجەکانی لاوازکرد. ئیدی لە ترسی خۆنەگرتنی ڕژێم، لە بەهاری ١٩٦٣ دا، ئیدارەی کەنەدی فشاری خستەسەر حیزبی بەعس بەڵکو لەگەڵ کورد بگاتە سازانێکی شایستە، بەڵام سەرکەوتنێکی وەهای بەخۆوە نەبینی. هەر لەهەمان کاتیشدا، خواستی عێراق لە نیسانی ١٩٦٣ دا بۆ کڕینی چەکی ئەمریکی دیسان هەڵوێستی ئیدارەی کەنەدی خستە بن بارێکی قورسەوە. لەکاتێکدا کۆشکی سپی دەیەویست حیزبی بەعس کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەربکا، ئەمریکا "بە شێوەیەکی بنەماییانە" لەبەر بەهەندهەڵگرتنی جەنگی ساردەوە قایلبوو چەک بە عێراق بفرۆشی. وەهاش باوەڕکرا، ڕێککەوتنی چەکپێفرۆشتن، عێراق لە سۆڤیەت دوورتربکاتەوە و هەژموونی ڕۆژئاوایی بەسەر بەغدا بێتەکایە. هەرچەندە لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد لە حوزەیرانی ١٩٦٣ دا، شەڕەکە بەخێرایی ڕەهەندەکانی جەنگی ساردی وەرگرت. لەوکاتەی یەکێتیی سۆڤیەت گەمارۆی خستەسەر ناردنی باری چەک بۆ عێراق، پشتی داوای کوردی بۆ ئۆتۆنۆمی گرت و ڕژێمیشی بە کردەی جینۆساید تاوانبارکرد، ئەمریکاش ڕێککەوتنی فرۆشتنی چەکی بە بڕی ٥٥ ملیۆن دۆلار پەسەندکرد، چاویشی لەو کارە وێرانکاری و کێفەڕاتییانەی عێراق پۆشی و داواشی لە هاوپەیمانە عەرەبەکان کرد بەڵکو پاڵپشتییەکی دیپلۆماسی لە دژی سکاڵا و بەرپرسیارێتی جینۆساید لە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبکەنەوە، کە درابووە پاڵ ڕژێمی عێراق. لە هەردوو دۆزیشدا، زلهێزەکان دەستیان خستە نێو کاروباری ناوخۆی عێراق، تا ڕۆژەڤە[25] ئایدیۆلۆژییە جیاوازییەکان پەرەپێبدەن.

پیلانگێڕی جەنگی سارد لە سەرەتای تەممووزدا گەیشتە لوتکەی خۆی، ئەویش لەو کاتەی سۆڤیەت پشتی کودەتایەکی شکستخواردوویی دژ بە حیزبی بەعس گرت. ئەمەش بە نۆرەی خۆی، وای لە ئیدارەی کەنەدی کرد لە بژاردەی دیکەی بۆ عێراق بکۆڵێتەوە و تاقیانبکاتەوە، بە پێفرۆشتنی چەکی زیاتریشەوە. وێڕای ئەوەی کارە تێکدەر و کێفەڕاتییەکانی عێراق دژ بە کورد لە کۆتاییدا قەناعەتی

---

[25] ڕۆژەڤ، ئەجێندا



هەواڵنامەی کتێب

بە ئەندامانی ئیدارەی کەنەدی هێنا، بەڵکو هەوڵێک لەپێناو بەدیهێنانی ئاگربەست بدەن. کاتێکیش دەستپێشخەرییەکە لە ئەیلوولدا سەرینەگرت، دەستتێوەبوونی ئێران لە تەکاندانیی کورد بەرەوپێشەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، قووڵایی پەیوەندی کورد - ئێرانیشی بەدەرخست. تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، دابینکردنی چەک لە لایەن ئیدارەی کەنەدی دەستپێشخەری بۆ هێنانەکایەی ئاگربەست لەنێوان کورد و ڕژێمدا، ئەوەی نمایشکرد، کە ئەمریکا مانەوەی ڕژێمی بەهەند هەڵگرتبوو، بۆ جەنگی ساردیش شتێکی گرنگ بوو.

دیسان ئەمریکا بۆ تەقینەوەی ڕژێم بەسەر خۆیدا لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دا شتێکی لەناکاو نێوەخۆی ڕژێم بوو. لە کاتێکدا ئەمریکا ئاگای لە ڕکابەری و دابەشبوونی نێوەخۆیی سەبارەت بە پرسی یەکێتی لەگەڵ سووریادا هەبوو، کەچی دەرکردن و لادانی «ئەلسەعدی» بۆ ئەمریکا شتێکی کتوپڕ و سەرسامانە بوو. کاتێکیش شەڕ و پێکدادان کەوتە سەر شەقامەکانی بەغدا و بەعسییەکانی سووریاش بە دوای ئەوەدا گەڕان جڵەوی عێراقیش بگرنەدەست، ئیدی هەموو ئەوەی ئیدارەی کەنەدی توانی بیکا، تەنیا چاودێریکردنی ڕووداوە سەربازییەکانی عێراق بوو، کە سەریکێشا بۆ ئەوەی «عەبدولسەلام عارف» حیزبی بەعس دەربکا و حەرەس قەومیش لاشەڕ بکا و جڵەوی تەواوی وڵات بگرێتەدەست. لەبەرئەوەی کاربەدەستانی ئەمریکا سەبارەت بەوەی لە بەغدا ڕوویدابوو پەشۆکابوون، هیچ ڕێگەیەکیان نەبوو تا جێدەستیان بەسەر ڕووداوەکانەوە هەبێ.

لە کۆتاییدا، سیاسەتی ئیدارەی کەنەدی دەرهەق بە ڕژێمی بەعس و شەڕی کورد، باشتروایە هەر بەپێی باوەڕەکەی خۆیان ڕوونبکرێتەوە بەوەی عێراق مەیدانی جەنگی سارد بوو. ئەوکاتەش، کە یەکێتیی سۆڤیەت پشتیوانی بۆ کورد زێدەترکرد، ئەمریکاش بەوە وەڵامی دایەوە زیاتر پشتی ڕژێمی عێراق بگرێ؛ تەنانەت واشنتن هەوڵیدا "کارتی کورد"یش بەهێنانە کایەی ئاگربەست لەبن دەستی مۆسکۆ دەربێنێ. ئەمەش نیشانەی بایەخی عێراق لەو ململانێ بەرفرەوانەی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووپاتکردەوە، ئەمەش ڕاستییەک بوو بە شێوەیەکی بەرفرەوان


هەواڵنامەی کتێب

دەریخست، کە لە ڕووی لێکدانەوەی مێژوونووسییەوە جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پشتگوێخرابوو.


هەواڵنامەی کتێب

## بەندی: ٤

## جۆنسن و ناسیونالیستە عەرەبەکان:

## تشرینی دووەمی ١٩٦٣ - حوزەیرانی ١٩٦٧

لە کاتی کوژرانی «جۆن ئێف کەنەدی»دا، دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا خەریکی هەڵسەنگاندنی شوێنەواری کودەتاکەی ناسیونالیستە عەرەبەکان بوو لەسەر عێراق، کە هەر چوار ڕۆژ بوو حیزبی بەعسی لەسەر تەختی دەسەڵات هێنابووە خوارێ. وێڕای ئەو زەبرەی بە کوژرانی کەنەدی بە دامەزراوەی سیاسەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا کەوت لە واشنتن، کەچی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ «بانیس جۆنسن» بە ڕەوانی بەڕێوەچوو، لەبەر ئەوەی زۆر لە کەسە ناودارەکان ئەوانەی لەسەردەمی کەنەدیدا ڕاوێژکاری هەرەگرنگی سیاسەتی دەرەوە بوون، وەک خۆیان مانەوە، نموونەشیان وەک؛ «ماکگۆرک بەندی» وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی (تا ١٩٦٦)، «ڕۆبەرت ماک نامارا» وەک وەزیری بەرگری (تا ١٩٦٨)؛ «دین ڕوسک»یش وەک وەزیری کاروباری دەرەوە. لە ماوەی سەرۆکایەتی «جۆنسن»دا سایەی شەڕی ڤێتنام بەسەریاندا باڵکێش بوو، تەنانەت لەو کاتەی «جۆنسن» هەوڵیدا زنجیرەیەک ڕیفۆرمیش لە بواری مافەکانی مەدەنی، ئاسایشی کۆمەڵگە و مشوورخۆری باری تەندروستییدا بکا.[1] هەروەها دۆخەکە باندۆرێکی گەورەی بەسەر سیاسەتی ئیدارەکە دەرهەق بە عێراقەوە هەبوو.

هەر لەو ماوەیەشدا شەڕی شەش ڕۆژە لە حوزەیرانی ١٩٦٧ دا هەڵگیرسا، زلهێزەکانیش بەرەو جەمسەرە دژبەیەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرسووڕان، بە خۆئاشتکردنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەگەڵ میسر، ئەمریکاش پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق باشترکرد. ڕووخاندنی ڕژێمی «عەبدولکەریم قاسم» لە شوباتی ١٩٦٣، قەڵاچۆکردنی شیوعییەکان کاتێ بەعس لەسەر


هەواڵنامەی کتێب

دەسەڵات بوو، هەروەها پشتگیری ڕاشەکاوانەی مۆسکۆ بۆ کورد لە ١٩٦٣ دا، هەموو ئەمانە نیشانە بوون، کە یەکێتیی سۆڤیەت سەرچاوەی سەرەکی دەستڕۆیشتنی خۆی لە هەرێمەکەدا لەدەستداوە. وەک ئەنجامێکیش، کرێملن هەوڵەکانی خۆی وەها بەگەڕخستەوە، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سەرکردە کاریزماکەی میسر، لەگەڵ «جەمال عەبدولناسر»، ئەو کەسەی هێزی سەربازی لە زۆنگاوی یەمەندا چەقی بوو و نائومێدانە هەم پێویستی بە چەک و هەم بە ڕاوێژکارانیش بوو، گریدایەوە.[٢] شایانی لێتێگەیشتن بوو، زیاتر پشتبەستنی ناسر بە سۆڤیەت بۆ پشتگیریی لە یەمەن بووە مایەی ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا تێکبچێ.[٣]

لەو کاتەشدا و لەژێر سەرۆکایەتی «جۆنسن»دا، پەیوەندییەکانی ئەمریکا – عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتی «عەبدولسەلام عارف»ی ناسیونالیستی عەرەب (تا مردنە لەناکاوەکەی لە ١٩٦٦) ئینجا برایەکەی «عەبدولڕەحمان عارف» (ئەوەی لە ١٩٦٨ دا بەعسییەکان ڕووخاندییان)، بەرەبەرە بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت. «عارف» لەسەر شانۆی سیاسی عێراقدا بیچمێکی نوێ نەبوو؛ ئەو ڕۆڵی کلیلئاسای لە شۆڕشی ١٩٥٨ دا گێڕا و لە ماوەی حوکمڕانی یەکەمی بەعسیشدا سەرۆکی وڵات بوو. بە پشتگیرییە بەهێزەکەی نێو سوپا «عارف» پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناسردا دامەزراندەوە، ئایدۆلۆژییەکی ناسیونالیستانەی عەرەبی گرتەبەر، پێشدەچوو لەسەر سیاسەتی خۆجێی دژەکۆمۆنستی بەردەوامبێ. لە هەمان کاتیشدا، دیاربوو سیاسەتی دەرەوەی عێراق لەچاو حیزبی بەعس هاوسەنگتر بێ، ئەمەش سەریکێشا بۆ ڕاچاندنی تەونی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەردوو بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە میانەی جەنگی سارددا، سیاسەتێک کە بە بێلایەنبوون (لاشەڕبوون)ی ئەرێیانە ناسراو بوو.[٤] بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە ڕواڵەتییەی لە عێراقدا هاتەکایە، ئیدارەی جۆنسن بڕیاریدا ڕووی خۆی لە سیاسەتەکەی پێش خۆی، واتە هی کەنەدی وەربگێڕێ، کە بە زەقی پشتگیری حیزبی بەعسی دەکرد، ئینجا گەڕایەوە سەر سیاسەتە کۆنەکەی "چاوەڕێبکە و ببینە"، کە بە دوای ڕۆنانی پەیوەندییەکی دۆستانە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی سۆڤیەتدا دەگەڕا.[٥] بە شێوەیەکی ڕێژەییش،



هەواڵنامەی کتێب

نیشاندانی ئەو ڕووە نەرمونیانە لە هەمبەر عێراقدا، بووە مایەی بارگرژی لەگەڵ سێ هاوپەیمانی هەرەنزیکی لە هەرێمەکەدا، ئەوانیش بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل بوون، کە هەموویان کۆمەکی ئابووریی و سەربازییان دەدایە کورد بەڵکو ڕژێمی عارفی لایەنگری ناسر شڵۆق بکرێ. هەرچەندە بە پشتگیری ئێرانی و ئیسرائیلییەکان کورد توانی سوپای عێراق لە شەڕی هەندرێن لە ئایاری ١٩٦٦ دا تێکبشکێنن، ئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوە، ئەو شەڕەی کە هەر مانگێک دوای کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی «عەبدولسەلام عارف» و کۆتایی هات. پاش ئەوە، حکوومەتی عێراق بەڵێننامەیەکی بۆ کورد بڵاوکردەوە، تێیدا ڕێکاری بەرچاوی لە ئۆتۆنۆمی، ڕێخۆشکردن بۆ وەستاندنی شەڕی لەخۆگرتبوو. بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەمریکا و عێراق توانیان پەیوەندییەکان باشتربکەن، تا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، بەوەی پێنج ژەنەڕاڵی عێراقی لە کانوونی دووەمیدا سەردانی «ئۆڤال ئۆفیس» بکەن و بە تەنیاش سەرۆک جۆنسن چاوی بە وەزیرە نوێیەکەی کاروباری دەرەوەی عێراق «عەدنان پاچەچی» کەوت. بۆ بەدبەختی زۆر دەستکەوت لە بەرەوپێشووەچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق کە لە ژێر سایەی «عەبدولڕەحمان عارف»دا بەدیهاتبوون، لەگەڵ بەرپابوونی شەڕی شەش ڕۆژە لە ١٩٦٧ دا لەدەستدران، ئەمەش وای لە عێراق کرد پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بپچڕێنێ. ئەم ماوەیە، نموونەیەکی سەیری نێوان ١٩٥٨ – ١٩٧٥ـە کە هیچ کام لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ دەستیان لە کاروباری ناوەخۆی عێراقەوە وەرنەداوە.

**هەڵسەنگاندنی عارف**

هەر ڕاستەوخۆ دوای کوژرانی سەرۆک کەنەدی، دامەزراوەی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا ناچاربوو بە سیاسەتەکانیدا بچێتەوە، تا تیمەکەی سەرۆک جۆنسۆن وا لێبکا بە خێرایی بە ڕووداوەکان ڕابگەن. لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دا، «فلیپس تالبۆت» یاریدەدەری وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵات بۆ


هەواڵنامەی کتێب

کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک، یاداشتێکی بۆ «دین ڕوسک»ی وەزیری دەرەوە نارد، بە پوختی ڕەوشی هەرێمەکەی بەیانکردبوو. سەبارەت بە عێراقیش، «تالبوت» گوتبووی "هێشتا زووە تا دڵنیابین" ئاخۆ کودەتاکە چ کاریگەرییەکی بەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە دەبێ، بەڵام "ڕژێمە نوێیەکە... [دیارە] خۆی وەک حکوومەتێکی بەعسی میانڕەو دروستکردۆتەوە، کە بە قورسی پشتی بە هێزی سوپا بەستبێ."[6] لە سەرەتای کانوونی یەکەمیشدا، «ڕۆبەرت سترۆنگ»ی باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق، نامەیەکی تایبەتی بۆ «ڕۆبەرت کۆمەر» گەورەڕاوێژکاری «جۆنسن» بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نارد، تێیدا سەرهێڵی ئەو هەنگاوانەی بەیانکردبوو، کە باڵوێزخانەکە لەو ساتەی کودەتاکە ڕووی داوە گرتبوویەبەر، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ سیاسەتی دەرەوەی عێراق. «سترۆنگ» «عارف»ی وەک کەسێکی لایەنگری یەکێتیی عەرەب، میانڕەو، دژکۆمۆنیست بۆ «کۆمەر» وەسفکردبوو، ئەوەشی گوتبوو، کە «عارف» پشتیوانییەکی بەهێزی لە نێو سوپادا هەیە، ئەمەش خاڵێکی جەوهەرییە بۆ سەقامگیربوون، هەروەها ئەوەیشی بەبیرهێنابووەوە، کە «عارف» پەیوەندییەکی دۆستانەی گەرموگوڕی لەگەڵ سەرۆکی میسر، «جەمال عەبدولناسر»دا هەیە. بۆ بەدبەختیش، هێشتا ڕەوشەکە نامسۆگەر بوو، چونکە لەوێدا زۆر هۆکاری نەناسراو لەبەردەم کاربەدەستانی ئەمریکادا هەبوون، تا ئەنجامەکانی خۆیان پشتڕاستبکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، «سترۆنگ» لەو باوەڕدابوو، ئەگەر هاتوو ڕژێم توانی لەسەر سیاسەتی دژەکۆمۆنیست بمێنێ، ئەوا دەکرێ ئەمریکا ڕووبەری مەیدانی هاوبەش لەنێوانیاندا بدۆزێتەوە.[7]

سەربارى هەڵوێستی خۆجێی دژەکۆمینیستی عێراق، هێشتا ئیدارەی جۆنسن سەبارەت بە سیاسەتی ڕژێمە نوێیەکە لە جەنگی ساردا نیگەران بوو. لە ٩ی کانوونی یەکەمدا، نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INR یاداشتنامەیەکی توێژینەوەی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی داهاتووی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت – عێراق دەستاودەست پێکرد. یاداشتەکە ئەو ئەنجامەی تێدابوو؛ وێڕای ئەوەی سۆڤیەت و کۆمۆنیستەکانی عێراق پیلانیان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس گێڕا، "کەچی هیچ کامێکیان ڕۆڵێکی هەستپێکراویان لە کودەتاکەدا نەبوو... ئەمەش


هەواڵنامەی کتێب

نیشانەیەکی دەربڕە لەسەر بێتوانایی سەبارەت بە کاریگەرییان لەسەر پێشهاتەکان لە جیهانی عەرەبدا." سۆڤیەتییەکان خۆپارێزبوون لە نزیکبوونەوە لە ڕژێمی نوێ و کاتیشی دەویست تا باری سەقامگیریی «عارف» و ئاراستەی سیاسی ئەو هەڵبسەنگێنن. لەبەرئەوە، نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INR بڕوای وا بوو، کە دەکرێ مۆسکۆ بەردەوامبێ لە فشارەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بە دوای بنکۆڵکردنی مانەوەی بەعسییەکان لە نێو ڕژێمدا دەگەڕا و هانی پێکهێنانی حکوومەتێکی بەرەی نیشتمانی لەگەڵ کورد و کۆمۆنیستەکان دەدا، ئەمەش لە ڕێی زیادکردنی پشتگیری و کۆمەکی ئابووری و سەربازییانەی خۆی بوو. هەرچەندە بە حوکمی ئەوەی ڕژێمی نوێ پێنەدەچوو سازش بۆ کورد یان بۆ هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا بکا، بۆیە نووسینگەکە گەیشتە ئەو ئەنجامە، کە "دەکرێ پشووی خۆگریی سۆڤیەتیش کورتخایەن بێ."[٨]

لەبەر ئەو هەڵسەنگاندنە ئەرێیانەی لە لایەن دیپلۆماتەکانی سەر مەیدان لە بەغدا و کاربەدەستە پلەباڵاکانی واشنتن، ئەوانەی لە نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INR دەرچوون، لە سەرەتای ١٩٦٤ دا ئیدارەی جۆنسن گەیشتە ئەو بەرەنجامە، کە عێراق لە کۆتاییدا حکوومەتێکی پێکهێناوە، بە هۆیەوە دەتوانێ بارودۆخی وڵات سەقامگیربکا و ئەمەش سەر بۆ ڕێڕەوێک بەرەو پەرەسەندنەکان سەربکێشێ.

لەو کاتەی «عارف» پەندی لە هەردووکیان، لە قاسم و لە بەعس وەرگرتبوو، ئیدی دەستبەجێ هەنگاوی جڵەوگرتنی هێز و دەسەڵاتی گرتەدەست. ئەمەش بە دوو قۆناغ بوو. یەکەمیان، لە پێنجی یەنایر، «عارف» «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر»ی لە پۆستە نوێیەکەی وەک جێگری سەرۆک لادا و وەک باڵوێزێک ناردییە تاراوگە. ئەمەش هەنگاوێکی سەرنجڕاکێشبوو، چونکە «ئەلبەکر» یەکێک بوو لەو کەسە کەمانەی لەنێو ڕژێمی بەعسی پێشوودا جێپەنجەی دیاربوو؛ بەم جۆرە، بە لابردنی ئەو، ڕێگەی لە بەردەم بەعسدا بڕی کە دەسەڵاتی هەبێ.[٩] هی دووهەمیشیان، «عارف» ڕووی خۆی وەرسووڕاندەوە سەر کێشەی کورد و



هەواڵنامەی کتێب

جۆره سازشێکی خسته بەردەم «مەلا مستەفا بارزانی»ی سەرکردەکەیان، بەوەی دان بە مافی نیشتمانییانەی کورددا بنێ، ئابلۆقەی ئابووری سەر کوردستانیش هەڵبگرێ و باری ئابووری باکووریش بژیێنێتەوە. ئەم خاڵە دڵنیاکەرەوانەش لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ دا لە شێوەی ئاگربەستێکدا ڕاگەیەنرا.[١٠] لەکاتێکدا ئەمانە هەنگاوی ئەرێیانەبوون، کەچی لەنێو پلەدارەکانی کورددا سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکە لەیەکترازان پەیدابوو، «جەلال تاڵەبانی» و «ئیبراهیم ئەحمەد» وەک دوو کاربەدەستی پلەباڵای نێو پارتی دیمۆکراتی کوردستان، ڕێککەوتنامەکەیان بەوە شەرمەزارکرد، کە لەدابینکردنی خۆبەڕێوبەرایەتیی (خۆسەریی) شکستیهێناوە. ئەم دابەشبوونە لە کۆتاییدا پارتەکەی کردە دوولەتی کێبڕکێکار.[١١]

ئەمریکا، هاتنەسەردەسەڵاتی ڕژێمی عارفی بە پێشهاتێکی ئەرێنی بینی، ئەمەش بە زۆری لەبەر لایەنی دیاری دژەکۆمۆنیستیەکەی ڕژێم، لەبەر پشتگیریی لە لایەن سوپا و لەبەر ئەوەش بوو، کە لە توانایدا هەیە سەقامگیریی ناوەخۆ دابینبکا. لەوەش زیاتر، لادانی «ئەلبەکر»، پەراوێزخستنی حیزبی بەعس و شەڕاگرتن لەگەڵ بارزانی، کارێکی وای کرد «عارف» بە کەسێک نیشانبدا، کە توانای سەقامگیرکرنەوەی ڕەوشی عێراقی هەبێ، ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە هەڵوەدابوونی یەککگرتن لەگەڵ میسر زیاتر خۆی ڕەپێشکرد. هەرچەندە ڕوانگەی ناسر بۆ کۆنتڕۆڵکردنی عێراق و چەسپاندنی هەژموونی میسر بەسەر ناوچەی کەنداودا، نیگەرانی لە نێو هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا وەک بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل پەیداکرد.

### بگرەوبەردەی دۆستان

لە نیوەی دووەمی ١٩٦٤ دا، سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراقدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ هی بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل جیاواز بوو. لەو کاتەی جیاوازییەکانی لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل سەرپێی بوو و زیاتر بە کێشەی کورد و زیادبوونی


هەواڵنامەی کتێب

هەژمموونی ناسر لەسەر بەغداوە هەبوو، کەچی جیاوازییەکانی ئەمریکا لەگەڵ بەریتانیا - زیاتر لە کێشە و ململانێی یەمەن دەچوو - ڕەنگدانەوەی داڕمانی ئەوەی پێیدەگوترا "پەیوەندیی تایبەتی" ئەنگلۆ - ئەمریکی بوو. داڕمانەکە ئەوەندە پێشچاوبوو، تا لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا «سترۆنگ» هەستیکرد ناچارە نامەیەکی "نافەرمی" بۆ هەریەک لە «تابوت» و «کۆمەر» بنووسێ، تێیدا لە سروشتی دووسەرەی سیاسەتی بەریتانیا ئاگاداریان بکاتەوە.[١٢]

بەرژەوەندییەکانی هەرسێ لایەن لە دەوری دوو خاڵی چەقدا گیرسابوونەوە: ڕکوکینەی دووقۆڵی لە ناسر، ئەو ناسرەی کە ئێستا هەژموونێکی بەهەندهەڵگیراوی لە بەغدا هەبوو، هەروەک هەردوو دەوڵەتەکە بەرانبەر یەکێتییەکە جوڵان و کوردیان وەک گورگ و گیسکی هەیاس بۆ ڕووخاندنی عارف بەکارهێنا، بارودۆخەکەیان بە جۆرێک شڵۆقکرد یان سوپای عێراقییان بەجۆرێک سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکان کرد و دەستوپێیان بەستەوە، بە شێوەیەک نەتوانێ کەڵکی هەڕەشەکردنی لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا یان ئێران لە کەنداو هەبێ یاخود هیچی سەبارەت بە جەنگی دژ بە ئیسرائیل پێبکرێ. ئەمریکاش لە مەترسی توانستی هەژمموونی ناسر بەسەر عێراق و کەنداو و بەرژەوەندییەکانیدا چاوبەستە (نابینا) نەبوو، بەڵام ئیدارەی جۆنسن بڕوای وا بوو، کە ڕژێمی عارف لەبارترین حکوومەتی عێراقە. ئەمەش نیشانە بوو بۆ ئەوەی، لە ماوەی نێوان ١٩٦٤ - ١٩٦٥ دا، سیاسەتی ئیدارەی جۆنسن دەرهەق بە عێراق ڕەنگدانەوەی هەڵسەنگاندنی واقیعیانەی داڕێژراوی هەلومەرجی جەنگی سارد بێ، ئەمە و لەکاتێکدا، هاوپەیمانە هەرە نزیکەکانی ئەمریکا عێراقیان بە شێوەیەکی تایبەت لە دوتوویێ هەلومەرجی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە هەرێمەکەدا دەبینی.

سەروەختایەک لە ئابی ١٩٦٤ دا بەرپرسێکی بەریتانی - وەها پێدەچوو بەرپرسی MI6 هەواڵگریی سەربازی هۆبەی ٦ بووبێ - لە سەرۆکی دەزگەی سی ئای ئەی لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا نزیکبووەوە. بەگوێرەی یاداشتێک کە وردەکاری کۆبوونەوەکەی بەیانکردبوو، کاربەدەستە بەریتانییەکە



هەواڵنامەی کتێب

"بە دوای بنەمایەکی کەسەکی (تایبەت) دەگەڕا تا پشتگیری ئەمریکا بۆ هەڵمەتێکی دژ بە ناسر و یەکێتیی میسری - عیراقی بدۆزێتەوە." حکوومەتی کۆنەواری[26] بەریتانی بە سەرۆکایەتیی سەروەزیر «ئەلید دۆگلاس هۆم» لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمدا هەڵبژاردنی گشتی لەپێش بوو، ئیدی بڕیاری ئەوەبوو، "ناتوانرێت لەگەڵ ناسردا هەڵبکا و پێویستە شتێک بکرێ و ... لەبەر بەرژەوەندییەکانیشیان لە کەنداودا هی ئەوەش نەبوو بەرگەی یەکێتیی میسری - عێراقی بگیرێ." بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی یەکێتییەکەش، وەک کاربەدەستەکە پەردەی لەسەر هەڵدایەوە، بەرتیانیا "بەنیازبوو لە دژی ناسر و ڕژێمی [عارف] کار لەگەڵ ئێراندا بکا." یاداشتەکە ئاماژەی بەوەش دابوو، کە هەنگاوی نزیکبوونەوەیەکی هاوشێوەش بۆ کاربەدەستانی ئەمریکا لە واشنتن هەڵهێنراوە، هەرچەندە وردەکارییەکەی بەردەست نییە. بەرپرسی وێستگەی دەزگە هەواڵگرییەکە "وەڵامێکی نەرێنی توندی دابووەوە" پێشنیازی بەریتانیا، مقۆمقۆی لەسەر ئەوەبوو، کەوا ئەو داوایە "هەڵەیە" و نە بەریتانیا و نە ئێرانیش دەرەقەتی ئەوە نایەن ئۆپەراسیۆنێکی وەها سەرکەوتووانە ئەنجامدبەن.[١٣] لەوەش زیاتر، لە مانگی ئابدا، کاربەدەستانی ئەمریکا لە بەغدا، زانییان، **کە سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی بەریتانیا «ستیڤن ئێگرتن» چاوی بە گرووپێک لە کورد کەوتبوو و داوای لێکردبوون بەڵکو کێشە بنێنەوە و سەربازییانە لەگەڵ بەغدا تێهەڵبچنەوە،** "سەرهێڵێکی توندی دژەناسر" بگرنەبەر و بەڵێنی کۆمەک و دەستگیرۆیی بەریتانیاشیان لەڕێی ئێرانەوە پێداون.[١٤] لە کۆتاییدا، «ئێگرتن» هەمان هێڵی لەگەڵ کوردێکی لایەنگری بارزانی بە ناوی «شەوکەت ئاکرەیی[27]» گرتبەر. ئەمەش لەو دانیشتنەی کە لەگەڵ ناوبراو لە ماڵی کاربەدەستی ئەمریکی «جیم ئاتکین» لە بەغدا بینیبووی، هەرچەندە لەو دانیشتنەدا «ئێگرتن» باسی کۆمەکی بەریتانیای نەهێنابووە نێو ناوان.[١٥] هەمووی بەسەریەکەوە، ئەم ڕووداوانە ئاماژەبوون بۆ ئەوەی، کەوا کاربەدەستە ئەمریکییەکان دژی هەوڵ و تەقەللای

---

[26] کۆنەوار، کۆنسەرڤاتیڤ

[27] لە کتێبەکەدا دەق وەها نووسراوە : Shaqat Aqrawi



هەواڵنامەی کتێب

بەریتانییەکان بوون تا کورد لە ئابی ١٩٦٤ دا دژ بە شلۆقکردنی ڕژێمی عارف بەکاربهێنن.

بەهۆی ئەو ڕاددەیە لە پیلانگێڕی بەریتانییەکان، مایەی سەرسامی نەبوو، کە هێزەکانی ئاسایشی عێراقی لەسەرەتای ئەیلوولدا توانییان شکست بە پیلانێک بهێنن، مەبەست لێی گەڕاندنەوەی حیزبی بەعس بوو بۆ سەر دەسەڵات. هەرچەندە لێرەشدا سەرەداوی ڕاستەوخۆ بە تێوەگلانی ئەوان نەبوو، بەڵام پەیوەندییەکانی بەریتانیا بە حیزبی بەعس هەر لە دوای کودەتاکەی ١٩٦٢ی دژ بە قاسم دروستبووبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاپۆرتە هەواڵەکانی عێراق باسی پەیوەندی «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر»ی سەروەزیری پێشوو بە پیلانگێرییەکەوە کرد.[١٦] بە چاوپۆشین ئاخۆ کێ لەپشت پیلانەکەوە بووە، پیلانەکە ڕێگەی بۆ «عارف» خۆشکرد، حیزبی بەعس سەرکوت بکا و هەڵمەتەکەش سەریکێشا بۆ گرتنی زیاتر لە هەزار کەسێک. هەر لە هەمان کاتیشدا، لەو کاتەی هێزەکانی میسر گەیشتنە بەغدا بۆ ئەوەی یارمەتی چەسپاندنی پایەی ڕژێم بدەن، ئەستێرەی بەختی «ناسر» لە ئاسمانی عێراقدا درەوشایەوە. وەک پاداشتێکیش، «عارف» عێراقییە ناسرییەکانی خستنە نێو کابینەی حکوومەتەکەیەوە. شکستی کودەتاکەی بەعس، ئەوەی بۆ عارف لواند جڵەوی دەسەڵاتی توندبکاتەوە و پەردەیەکی نوێش لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق - میسر هەڵدرایەوە. هەروەها ڕەوشەکە بووە مایەی ئەوەی فشاری یەکگرتن لەسەر هەردووکیان چ «ناسر» و چ «عارف» زیاتر بێ، بەڵام وەک «تریپ» ئاماژەی پێکردووە، هەردووکیان دەستیان بە خۆپارێزییە تایبەتییەکانیانەوە گرت.[١٧]

گەشانەوەی ئەستێرەی بەختی «ناسر» دوابەدوای شکستخواردنی کودەتایەکە لە عێراق، لە لایەن لەندەن، تاران و تەلئەبیب وەک پێشهاتێکی زۆر نەرێیانە سەیرکرا و بووە مایەی ئەوەش، فشاریان لەسەر کورد پتر بکەن تا شەڕەکەی هەڵبگیرسێنێتەوە. وەک لێکەوتەیەکیش، بارزانی لە مانگی تشرینی یەکەمدا بە دامەزراندنی دەستەیەکی ٤٩ ئەندامی قانووندانەر، دامەزراندنی ئەنجوومەنی


هەواڵنامەی کتێب

شۆڕشگێڕی[28] بۆ سەرپەرشتی جەنگ، لەگەڵ پێکهێنانی دەستەیەکی جێبەجێکاری ١١ کەسی، کە خۆی سەرۆکایەتی دەکرد، بە شێوەیەکی ڕاشەکاوانە بەرەنگاری ڕژێم بووەوە.[١٨] سەرباری ئەمەش، بارزانی لە ١١ی تشرینی یەکەمدا نامەیەکی کراوەی بۆ عارف نارد، تێیدا حکوومەتی بە لەباربردنی مەرجەکانی فێبرایەر بۆ شەڕاگرتن تاوانبارکردبوو. عارفیش دانی بە داواکانی بارزانی نەنا، سووربوو لەسەر ئەوەی هێزی کورد، کە بە پێشمەرگە ناسراون "ئەوانەی بەدوای مەرگدا دەگەڕێن" لەسەر ڕێگە گشتییەکان بکشێنەوە و دەست لە جموجۆڵی میلیشیایانەی خۆیان هەڵبگرن، ئەو چەکانەی گرتووشیانە ڕادەستی سوپای عێراقی بکەنەوە و ڕێگەش بە حکوومەتی ناوەندی بدەن کاروباری هەرێمەکە بەڕێوەببا و هەڵیسووڕێنێ. ئەو وەڵامە سازشنەکەرانەی ڕژێم بۆ نامەکەی بارزانی، بۆ کاربەدەستانی ئەمریکی لە بەغدا مایەی سەرسوڕمان بوو، ئەوەی داوای دەکرد، ئەم حاڵەتە بەهۆی ئەو ئاسایشە ساختەیە بووە، کە ساڵێک دوای شەڕوشۆڕ هاتۆتەئارا. دیاربوو هەروەک یەکێ لە شرۆڤەکارە ئەمریکییەکان تێبینیکردبوو، ژەنەڕاڵە عێراقییەکان ئەوەیان فەرامۆشکردبوو، کە هەوڵ و تەقەللای پێشوویان لە بەکارهێنانی هێزی چەکداری دژ بە کورد چەند کوێرەوەرییانە بووە.[١٩]

زۆری پێنەچوو دوای کودەتا شکستخواردووەکە، کاربەدەستانی ئەمریکی و بەریتانی لە واشنتن لەگەڵ یەک دانیشتن، بەڵکو سیاسەتە هەرێمییەکانیان ڕێکبخەنەوە. نوێنەری ئەمریکا لەم دانیشتنەدا، «ڕۆدگەر داڤیس»ی بەڕێوەبەری دەزگەی سی ئای ئەی و هی بەریتانییەکانیش «جۆن کلیک»ی ڕاوێژکاری باڵوێزخانەکەیان بوو لە واشنتن. «داڤیس» کۆبوونەوەکەی وەها کردەوە، ئاماژەی بەوە دا، کە بۆ هەردوولایان هەمان ئامانجی هەمەلایەنەیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا هەیە: ئەوان ئارەزوویان ئەوەبوو، ڕێگە لە ناسر بگیرێ وەک دەستڕۆیشتووێکی ناوچەکە یان بەوەی کە میسر باڵ بەسەر جموجۆڵی پەرەسەندووی عەرەبدا بکێشێ. هەرچەندە خاڵی دەرچوونیش، ئەو ڕێگەیانە بوون ئاخۆ چۆن بگەنە ئەو ئامانجانە. «داڤیس» پێی لەوە نا "هەندێ ئاراستەی

---

[28] پێیدەگوترا مەجلیسی عەسکەری (وەرگێڕ)



هەواڵنامەی کتێب

کردەوەکان کە لە لایەن لەندەنەوە گیراونەتەبەر بووەتە مایەی نیگەرانی [لە واشنتن]، ئەمەش لەو کاتەی تەنها دەبووە مایەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ [میسر] و ناسیونالیزمی عەرەبی لەو بارودۆخەی، کە گومان لەوەدا هەبوو ڕۆژئاوا توانای دەرچوونی لەو ڕەوشەدا هەبێ." سەبارەت بە عێراقیش «کلیک» گوتی، حکوومەتەکەی لە شڵۆقتربوونی دۆخەکە دەترسێ، چونکە ڕژێمی عارف لەو کەرەستە و ئامرازانەدا کورتهێنە، کە بە دوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆمەڵگەییدا بگەڕێ. هەرچی سەبارەت بە جەنگی ساردیش بوو، «داڤیس» ئاماژەی بە خەملاندنی نوێی هەواڵگریی ئامانجەکانی سۆڤیەت لە هەرێمەکەدا کرد، بەوەی بەو دەرەنجامە گەیشتبوو، کە هەمیشە قاهیرە زیاتر لە مۆسکۆ دەستڕۆیشتووترە لە جیهانی عەرەب و لەدەستدانی پێگەکەشی کارناکاتەسەر بەرژەوەندییە هەمەلایەنەکان. «داڤیس» لەو بڕوایەدا بوو، ناچارکردنی هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ناسر لە دنیای عەرەبدا، بە شێوەیەکی حەتمی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا دەخاتە بەر گەف و هەڕەشە و سەر بۆ پەیدابوونی "دەوڵەتێکی بوکەڵەی ڕاستەقینەی کۆمۆنیستی" لە ناوچەکەدا دەکێشێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە کێشەیەکی "گەورۆنە."

ئەو پێشنیازیکرد بۆ ئەوەی کاریگەرییان بەسەر میسرەوە هەبێ، وەها باشترە لە ڕێی یارمەتی و پشتیوانییەکانیان جێپەنجەی دیاری خۆیان بسەلمێنن. «داڤیس» جەختی لەوە کردەوە، لە کاتێکدا ئەمریکا بەوە دەزانی، کە مجێزی بەزرەفڕیی ناسر ئەوەیە جیهانی عەرەب بخاتە ژێر ڕکێفی هەژموونی خۆیەوە، بەڵام ئەو توانستەشی نییە کارێکی وەها بکا و هەروەها پێدەچێ لەو حاڵەتەدا وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەشی بەرانبەر بوەستنەوە. هەر لەبەرئەوە، ئەمریکا هەستیکرد، دەبێ دوورکەونەوە لە کێشەوبێشەی ناوخۆی عەرەب. بۆ ئەمەش، «کلیک» گوتی، حکوومەتەکەی لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکە کۆکە، بەڵام تێبینیشی دا، کە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونەتە مایەی سەرهەڵدانی "ڕادەیەکی زۆر لە هەڵچوونی هەستوسۆز" لە لەندەن و بەتایبەتیش بەر لە وادەی هەڵبژاردن. دەگوترێ، ئەو هەستیکرد، کە بۆ هەردوو دەوڵەتەکە وەها باشترە ڕووبەڕووبوونەوەکانیان سەبارەت بە



هەواڵنامەی کتێب

سیاسەتەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، تا دوای هەڵبژاردنی ئەمریکا و بەریتانیا لە هەمان پاییزدا بوەخرێنن. کۆبوونەوەکە بێمرادانە بە تێبینییەکی «داڤیس» کۆتاییپێهات، کە مەبەست لە گفتوگۆکان تەنیا هەڵپەساردنی شتە جەوهەرییەکان بوو بۆ دواتر.[٢٠] لە کۆتاییدا، ئەم وتووێژە لە کاتێکدا بەدوای ئاشتکردنەوەی جیاوازی دوولایەنەکەوە بوو، کەچی جەختی لەسەر خەرەندی نێوانیان کردەوە. ڕاستییەکەش ئەوە بوو، بەریتانییەکان دۆزەکەیان لە چاوی بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی ئەوێ دەخوێندەوە لەوەی لە چاوی ڕووبەڕووبوونەوەبێ لەگەڵ سۆڤیەتییەکان. لە نیوەی تشرینی یەکەمیشدا، ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەو پێشکەوتنەی لە گفتوگۆکانی واشنتن ڕەچاودەکرا، بێهوودە بوو. ئیدی لەم خاڵەدا، «ستڕۆنگ» کە لە میانەی گفتوگۆکاندا نوێنەرایەتی وڵاتەکەی دەکرد، نامەی سەبارەت بە بەدگومانی لەسەر سەلامەتی سیاسەتی بەریتانی بۆ هەر یەک لە «تالبوت» و «کۆمەر» نارد. لەکاتێکدا تێبینی ئەوەی دەربڕی، کە کاربەدەستانی باڵوێزخانەی بەریتانی لە ڕێککەوتنیان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا "تەواو دڵنیاکردەوە"، کەچی «ستڕۆنگ» بڕوای بە ڕاستگۆییەکەیان نەبوو. هەر بۆ نموونە، لە نامەکەی کە لە تشرینی یەکەمدا بۆ «تالبوت»ی نارد، نووسیبووی "گەمەی بەریتانییەکان [هێشتا] بەردەوامە."[٢١] پاش دوو ڕۆژیش، نامەیەکی دیکەی بۆ «کۆمەر» نووسی تا پێبڵێ، کە "لە ناخەوە بە گومانە" لە ڕاستگۆیی باڵوێزخانەی بەریتانی سەبارەت بە "هاوئاوازیی" سیاسەتەکانی ئەنگلۆ – ئەمریکی دەرهەق بە عێراق، چونکە لەوێدا "چەندین ئاماژەی جیاواز هەن." «ستڕۆنگ» گوتی، بەریتانییەکان بە تەواوی دەستیان لە "بەرنامەیەکی ژێربەژێردا هەیە، پێدەچێ لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل هاوئاوازبن." ئەو، ئەو نزیکبونەوەیەی بەریتانیای بە هەمان کردەوەی یەمەن چوواند، کە لەوێدا ئەوکات "بە ڕواڵەت یەک سیاسەت پەیڕەودەکرا، لەژێرەوەش میکانیزمێکی دیکە لەئاردا هەبوو."[٢٢] لە بەڵگەنامەی لەیەکجیاوازدا «ستڕۆنگ» نیگەرانییەکانی سەبارەت بە دەستهەبوونی بەریتانیا – ئێران لە بابەت کوردەوە دەربڕی. دوای ئەوەی بە حیساباتی هەوڵەکانی باڵوێزخانەی بەریتانی بۆ پشتگیری ئەمریکادا چووەوە، ئەو ئاماژەی بەوە کرد، کە بەرپرسی دەزگەی هەواڵگری ئێرانی لیوا «حەسەن پاکرەوان» بۆ دوو هەفتە لە مانگی ئابدا لە



هەواڵنامەی کتێب

لەندەن بووە و چاویشی بە کاربەدەستە بەریتانییەکان کەوتووە. هەرچەندە زانیاری سەبارەت بە مەبەستی سەردانەکەی لەبەردەستدا نەبووە، بەڵام «ستڕۆنگ» هەستیکردووە سەردانەکە جێی تێبینی و سەرنجی بەهێزە.[٢٣] مایەی بایەخپێدانیشە ئەوە بەبیربهێنرێتەوە، کە «پاکرەوان» لە جیاتی شای ئێران چەقی بازنەی لەیەکنزیکبوونەوەی ئێرانییەکان بووە چ بۆ ئەمریکا و چ بۆ کوردیش دوای سەرنەکەوتنی هەوڵ و تەقەللاکانی ئیدارەی کەنەدی سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ لە ئابی ١٩٦٣ دا (بڕوانە بەندی سێیەم). ئەو بەڵگەنامانە، هەموویان نیشانەی ئەوەن، کە کاربەدەستانی ئەمریکا بڕوایان وا بوو، بەریتانیا لەگەڵ ئێراندا کاری بۆ ئەوە کردووە، کوردەکان وەک فشارێک بۆ سەر ڕژێمی عێراق بەکاربهێنێ، بۆ ئەوەی هێزی سەربازی عێراق دابڕمێنن و هەوڵ و تەقەللای یەکگرتنیش لەگەڵ میسردا لەباربەرن.

### وێنەیەکی گەورەتر

**لە پایزی ١٩٦٤ دا، دیمەنی جەنگی سارد گۆڕانکارییەکەی گەورەی بەسەرداهات. لە ١٤ی تشرینی یەکەمدا، سەرکردایەتیی سۆڤیەت «نیکیتا خرۆشۆف»ی سەروەزیری لە دەسەڵات دوورخستەوە.**[٢٤] هەروەک «جۆن لویس گادیس» وێنای کودەتاکە دەکا، «خرۆشۆف» بە "دڕ و کێوی، سەرلێتێکچوون، ملهوڕی، ناشایستە، خزمخزمێنە، خۆبەزلزانی، خەمۆکی، ئاڵۆزوبڵۆز و پیریی تاوانبارکرد."[٢٥] ئیدی هەر زوو «لیونید برێژنێڤ» وەک سەرکردەیەکی نوێی سۆڤیەت دەرکەوت و بووە فەرمانڕەوای سیستمی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ. ڕابەرە نوێیەکە لێبڕاوانە بڕیاریدا پێگەی ستراتیژییەکەی لە بەرانبەر ئەمریکا باشتربکا و دەستی بە خێراترکردنی بەرنامەی چەکی ناوەکی سۆڤیەتیش کرد.[٢٦] هەرچەندە کرێملن مەیلی لێبوو، لەسەر تەقەللاکانی «خرۆشۆف» بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەردەوامبێ، ئەو پرۆسەیەی لە کۆتای حەفتاکاندا بەرەو هێوربوونەوە و خاوکردنەوەی گرژییەکان ڕۆیشت.[٢٧]


هەواڵنامەی کتێب

دووەمین پێشهاتی باڵکێشیش هەڵبژاردنی سەرۆک «جۆنسن» بوو بۆ یەکەمین گەڕی سەرۆکایەتی لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ دا. پێشتریش بە کوژرانی کەنەدی تەختی سەرۆکایەتی بۆ مسۆگەربببوو، بەڵام «جۆنسن» هەستیکرد هەڵبژاردنەکە ئەو دەسەڵاتەی داوەتێ تا چاکسازییەکانی کۆمەڵگەی مەزن جێبەجێ بکات، مەبەستیش لێی نەهێشتنی نایەکسانییە ڕاسیستانەکەی ئەمریکا، چارەسەرکردنی کێشەی هەژاری و باشترکردنی باری خوێندن و فێربوون و مشووری تەندروستیی ئەمریکاییەکان بوو.[28] هەرچەندە بەرنامە پێشکەوتنخوازییەکەی «جۆنسن» خێرا کەوتە ژێر سایەی جەنگی ڤێتنام، کە بە شێوەیەکی تیژ و سامناک لە ئابی ١٩٦٤ دا ڕووداوەکەی «کەنداوی تۆنکین»ی بەدواداهات، ئەوەی کە هێزەکانی ڤێتنامی باکوور پەلاماری گەشتیگەلی ئەمریکییان دا. دوای پێنج ڕۆژ، کۆنگرێس بڕیارێکی تێپەڕاند، دەسەڵاتی بە ئەمریکا دا هێز لە دژی سوپای ڤێتنامی باکوور بەکاربێنێ. ئەو هەڵچوونە دراماتیکیەی ڕۆڵی ئەمریکا لە ڤێتنام، دوایین داچۆڕانی سەرچاوە دەرامەتەکانی «جۆنسن» بوو، کە بۆ بەدیهێنانی چاکسازییەکانی، زۆری پێویست پێبوو.[29]

بە هاتنەسەردەسەڵاتی «لیونید برێژنێڤ» لە یەکێتیی سۆڤیەتدا، «جۆنسن» سەرۆکایەتییەکەی خۆی مسۆگەرکرد و ئەو توندوتیژبوونەی جەنگی ڤێتنامیش هەموو قورساییەکی خۆی لەسەر داڕشتەی سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دانا.

**پەیوەندییەکەی ئیسرائیل**

لە پایزی ١٩٦٤ دا کاربەدەستە ئیسرائیلییەکان مەیلییان بەلای ئەوەدا چوو، لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردی عێراق پەیوەندی پەیدابکەن. لە سەرەتای شەستەکان، سەروەزیری دامەزرێنەری دەوڵەت «داود بنگۆریۆن» ستراتیژییەکەی هێنایەپێش کە بە "ڕێبازی کەمەرەیی (چێوەیی)" ناسرا، کە لەسەر بنەمایەکی ناگریمانەیی دامەزرابوو تا بگەنە حاڵەتێکی ئاشتی لەگەڵ



هەواڵنامەی کتێب

ئەوانەی لە دەوروبەری دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دان. بەگوێرەی «تریتا پارسی» بێ، «بنگۆریۆن» دەیەویست ئیسرائیل "هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتە کەمەرەییەکانی عەرەب[29]، بە شێوەیەکی سەرەکییش ئێران، تورکیا و ئەسیوبیا هەروەها لەگەڵ کەمینە نەتەوەکانی ناعەرەب وەک کورد و کریستیانەکانی لوبنان ڕۆبنێ".[٣٠] کەواتە بە پێچەوانەی سیاسەتی دەستوەرنەدانی ئەمریکی، هەر لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە بەرەو هەورازتر، هەردوو لایان، چ ئێران و چ ئیسرائیل ڕۆڵێکی سەرەکییان لە پشتگیریکردن و مەشقپێکردنی کوردەکانی عێراقدا گێڕاوە.

یەکەمین ئاماژەش، کە کاربەدەستانی ئەمریکا سەبارەت بە تێوەگلانی ئیسرائیل لەگەڵ کورددا بەدیانکرد، لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ـەوە بوو، ئەو کاتەی «سترۆنگ» پرسەکەی بە نامەیەک بۆ «تالبوت» بەرزکردەوە و نووسی:

> ئیسرائیل ڕۆڵێکی گرنگ لە ئێران دەگێڕێ و زانرویشە کە پشتی کوردی عێراق دەگرێ. بەریتانیاش هاومەبەست لەگەڵ ئیسرائیل و شای ئێران بێزیان لە ناسر دەبێتەوە... هەر هەندێک لێڕامانیشی دەوێ تا ئەوە بیهێنینە پێشچاو، کە بەریتانیا چەند کینی لە ناسرە و کەنداویش چەند بەبایەخە بۆیان، دەکرێ بەریتانیا دەستی لە هاوکارییەکی ژێربەژێر لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل لە دژی ڕژێمی عێراقدا هەبێ، کە لەبن هەژموونی ناسردایە، هەروەک چۆن دژایەتی ناسریش دەکەن.[٣١]

بە گوێرەی قسەی «ئێلیازەر تسافریر»، کە لە شەستەکاندا بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی مۆساد بوو لە عێراق، پەیوەندی پەیداکردن لەگەڵ کورد لە ١٩٦٤ دا دەستپێکرد، ئەو کاتەی یەکێک لە نوێنەرانی بارزانی لە پاریس بە ناوی «ئەمیر بەدرخان کامەران» لە باڵوێزخانەی ئیسرائیلی لە پاریس نزیککەوتەوە و داوانامەیەکی بۆ یارمەتی و کۆمەک پێشکەشکردن. بە فریوی

[29] واتە ئەو دەوڵەتانەی لە دەوروبەری وڵاتە عەرەبییەکاندان و لەگەڵیان هاوسنوورن. وەرگێڕ



هەواڵنامەی کتێب

ئەو ڕوانگەیەی کەوا لەنێو عێراقدا هاوپەیمانێکی ستراتیژیی پەیدابوو، دەستبەجێ داوانامەی بارزانی گەیەنرایە تەلئەبیب و چووە بەردەستی «بنگۆریۆن»، ئەویش کاربەدەستانی مۆسادی ڕاسپارد تا ئەو تەونەی پەیوەندی ڕابچێنن. ئیدی دوای ئەوە، زۆری پێنەچوو، ئیسرائیلییەکان «بەدرخان»یان بانگهێشتکرد، سەردانی ئیسرائیل بکا، لەوساوە وەک دیفاکتۆیەک کورد و ئیسرائیلییەکان بوونە هاوپەیمان. لە ڕێکخستنی کاروبارێکدا، کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، ئیسرائیلییەکان ئەزموونی بەهەندهەڵگیراوی سەربازیی، چەکی پێشکەوتوو، مەشقپێکردن و تەکتیکی هەواڵگرییان دایە کورد، لە بەرانبەریشدا، ئەوان سازوئامادەی یاخیبوونێک بوون لە نێو عێراق تا هێزی سەربازی تێکوپێکبشکێنن و بەشێوەیەک دایبڕمێنن، ئاستەکەی زۆر داببەزێ و نەتوانێ هێزەکەی بە بەرفرەوانی و لە دەرەوەڕا بۆ شەڕی عەرەب دژ بە ئیسرائیل بەکاربهێنێ.[٣٢]

پەرەسەندنی دەستتێکەڵبوونی نێودەوڵەتیی لە پرسی کورددا شتێک نەبوو عێراق لێ بێ ئاگابێ. هەر بۆ نموونە، لە ١٠ی کانوونی یەکەمدا، لەوکاتەی «ڕوسک» وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکاندا چاوی بە «ناجی تالیب» (وەزیرە نوێیەکەی کاروباری دەرەوەی عێراق) کەوت، سکاڵای ئەوەی لای وەزیرە ئەمریکییەکە کرد، کەوا "هێزی نەناسراو" پاڵشتی کورد دەکەن، ئەو کوردانەی بە قەولی وەزیرەکە "گەلێکی بەستەزمانن." ئەو لەوە سەرسام بوو، ئاخۆ ئەو کوردانە "ئەو پارەیان لەکوێ بەدەستگەیشتووە تا ئەو هەموو بارە لەسەریەک کەڵەکەبووەی خۆراک، چەک و تفاقی پێبکڕن"، هەروەها پرسی: "تۆبڵێی ئەو هێزە تەلیسماوییانە چی بن و چییان بوێ؟" «ڕوسک»یش «تالیب»ی خاترجەمکرد، کە ئەمریکا "نە ڕاستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆ پشتگیری جوڵانەوەی کورد ناکا" و " هیچ بەرژەوەندیشی لە کاروباری ناوەخۆی عێراقدا نییە" تەنیا ئەوە نەبێ، کە دەیەوێ سەربەخۆیی، یەکپارچەیی و نەشونماکردنی عێراق پارێزراوبێ. ئینجا «ڕوسک» داوایەکی «تالیب»ی پەسەندکرد، کە بە دوای ئەوەدا بچێ، ئاخۆ کێ یارمەتی کوردی داوە و چ هێزێکیش کۆمەکیان دەکات.[٣٣]



هەواڵنامەی کتێب

چەند ڕۆژێک دوای ئەوە نوێنەرانی بارزانی بە باڵوێزخانەی ئەمریکایان لە بەغدا ڕاگەیاند، کە شا داوایلێکردوون شەڕ لە دژی ڕژێم دەستپێبکەنەوە و هەورەها ئەوەشی لێداواکردوون بەڵکو بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عارف بەشداری پلانێک بن.[٣٤] کاتێکیش ئەو هەواڵە گەیشتە واشنتن، وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕەتیکردەوە دەستی "لەگەڵ نەخشەیەک بۆ ڕووخاندنی حکوومەتەکی عێراقدا هەبێ." وەزارەت هەستیکرد "هۆکارێکی باشی لەدەستدایە بەوەی عێراق ئاگای لەو کاروچالاکییە ژێربەژێرانەی ئێرانییەکان هەیە." لەوەش زیاتر، پیلانەکە "زوو یان درەنگ هەر ئاشکرا دەبوو" و کاتێکیش ئەوە ڕوویدابایە، ئەوا "کورد خۆی وەک هاوکارێکی ئێرانییەکان لە دژی حکوومەتی عێراق نیشاندەدا، ئەمەش کارێکی وای دەکرد، کە عەرەب بە بەدگومانییەکی قووڵەوە لێیەوە بڕوانن و بەمەش خواستەکانیان دەبێزران." لە کۆتاییشدا، خۆ ئەگەر پیلانەکەش سەرکەوتبا، ئەوا هیچ مسۆگەرییەک نەبوو، کە ڕژێمی داهاتوو لەگەڵ مراز و داخوازییەکانی کوردان هاوئاوازتربێ.[٣٥] جارێکی دیکە، کاردانەوەی ئیدارەی جۆنسن لە بەرانبەر ئەو پیلانە، ڕەنگدانەوەی دابڕانێکی تەواوبوو لەگەڵ هاوپەیمانەکانی سەبارەت بە دۆزی عێراق.

بە دەستپێکی ساڵی ١٩٦٥ دا، ئەوە دەرکەوت، کە بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل فشاریان خستۆتە سەر کورد تا شەڕ لەگەڵ بەغدا هەڵبگیرسێنێتەوە. هەرچەندە گرژی و ئاڵۆزییەکانیش لەسەر یەک کەڵەکە دەبوون، بارزانی کاربەدەستە ئەمریکییەکانی لەبەغدا ئاگادارکردەوە، ئەمەش لەو کاتەدابوو، لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٦٥ دا نامەیەکی بۆ ڕژێم ناردبوو، تێیدا دانی بەوە دانابوو، کە داواکانی پێشوو "لە ئەندازەبەدەر بوون" و ئیدی ئەو ئێستا "لایەنی هەرەکەمی" لە ئۆتۆنۆمی خستۆتەڕوو، لە هەموو داواکانی پێشووی خۆشبووە و بەدەر لەوەی کە ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ لە هێزی پێشمەرگە بهێڵێتەوە. بە زانینی ئاستی ئەو فشارەی لەسەر کورد بوو بۆ هەڵگیرسانەوەی جەنگ، دیپلۆماتە ئەمریکییەکان نامەکەی بارزانییان وەها وێناکرد، کە "یەکێکە لە پەرەسەندنە


هەواڵنامەی کتێب

هەرە سەرسامەکانی سەرتاپای شۆڕشەکە." ئاخر لەوەتەی ئەو بەرگەی ئەو هەموو گورزە کوشندانەی حکوومەتی عێراقی گرتووە و بۆ چەندین ساڵیش بەردەوامبووە، کەچی هیچ بەڵگەیەک لەگۆڕێدا نەبوو بەوەی بارزانی لە هەڵویستێکی لاوازدا بووبێ. ئەمە وای لە باڵوێزخانەکە کرد گومانی بۆ ئەوە بچێ، کە نامەکە بەشێک بێ لە جەنگی دەروونی تا وا لە ڕژێم بکا، ئەو یەکەم جار دەستی خۆی بوەشێنێ و شەڕ دەستپێبکاتەوە، ئەمەش سەرکەوتنێکی مۆڕاڵی دەدایە بارزانی. بە مەبەست بێ یان نا، کاربەدەستانی ئەمریکا ڕاپۆرتیان دا، کتومت هەرئەوەش ڕوویدا، ئەوەبوو ڕژێم دەستی بە خۆئامادەکردنەوەی شەڕوکوشتار کردەوە.[٣٦]

کاتێک دۆخەکەش شپرزەبوو، ناسر نیگەرانی ئەوەبوو، کە هەڵگیرسانەوەی جەنگی کورد دەکرێ بە توندی ببێتە هەڕەشە لەسەر عێراق و هەروەها مایەی لەناوبردنی نەخشەی یەکگرتنەکە. ئەوەبوو، ناسر لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا، عارفی ئاگادارکردەوە، کە یەکگرتنەکە پێویستی بەوە دەبێ کێشەی کورد لە ڕێی ڕێگەی سیاسیانە نەوەک سەربازییانە چارەسەربکرێ.[٣٧] کاتێکیش قسەکەی نەیخوارد، «ناسر» لە شوباتدا نامەیەکی بۆ بارزانی نارد، بە پەلە هانیدا خۆی بەدەستەوەبدا، بەڵام ئەمەشیان پێنەدەچوو ڕێیتێبچێ. بە هاتنی مانگی نیسان، هەڵگیرسانەوەی جەنگ شتێکی حەتمی بوو. بەگوێرەی قسەی «ئۆبالانس»، لە ٣ی نیساندا، سەروەزیری عێراق «تاهیر یەحیا» بە ناسری ڕاگەیاند، کە ڕژێم لەسەروبەندی هێرشێکی چرووپڕدایە، ئەویش بە دەهریبوونەوە وەڵامیدایەوە. ناسر هۆشداری دایە «یەحیا»، کە عێراق هەر شکست دێنێ و بە مکوڕبوونەوە داوایلێکرد دەرفەتێک بە کاری دیپلۆماسییانە بدا. کەچی هۆشدارییەکەی ناسر گوێی لێکەڕکرا؛ ئەوەبوو لە ٥ی نیساندا، ڕژێم لەسێ لاوە و بە ٤٠,٠٠٠ سەربازەوە هێرشی کردە سەر کورد.[٣٨]

نوێبوونەوەی شەڕی کورد، ئەمریکای خستە بەردەم هەڵویستێکی زەحمەت. لە سەرێکەوە، ئامانجی هەرە باڵای سیاسەتی ئەمریکا لەبەرانبەر عێراقدا هێشتنەوەی پەیوەندی دۆستانەبوو لە ڕژێمی عارف و ڕێگرتنیش بوو لە


هەواڵنامەی کتێب

سۆڤیەت لەوەی سەروەری عێراق پێشێل بکات. کەچی نوێبوونەوەی شەڕ ئەوەی مسۆگەرکرد، کە هەردوو هاوپەیمانە نزیکەکەی ئەمریکا، ئێران و ئیسرائیل پشتگیرییەکەیان بۆ کورد زیاتربکەن. لە کۆتاییشدا، عێراقییەکان داوایەکی بە پەلەیان لە ئەمریکا کرد، بەڵکو قەناعەت بە ئێران بهێنێ دەست لە کورد هەڵگری و یارمەتییان نەدا، بەڵام داوانامەی ئەمریکاش گوێی لێنەگیرا. تا ئەوکاتەی عارف پەیوەندی دۆستانەی نزیکی لەگەڵ ناسردا هەبوو، شا مەیلی لەسەر ئەوە نەبوو دەستبەرداری "کارتی کوردی،" بێ، مەگەر عێراق بەخۆی لەسەر ڕێڕەوی ئاوی شەتاودا سازشی بۆ بکا، پێدەچوو ئەمەش ڕوونەدا.[٣٩]

**هەر دوای هەڵگیرسانەوەی جەنگی کورد، «ڕوسک»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، بۆ کۆبوونەوەی ڕێکخراوی سەنتۆ CENTO چووە تاران. لە ٧ی نیساندا، چاوی بە شا کەوت و ڕەوشی عێراقیان لەگەڵ یەک تاوتوێکرد. شا ڕاشەکاوانە دانی بەوەدا نا، لە دژی عێراق پشتگیری کورد دەکا، کوردەکانیشی وەک "کارتێکی براوە" وەسفکرد، کە ناکرێ تا عارف هاوپەیمانی ناسر بێ، ئەو دەستبەرداری کارتەکە بێ. لەکاتێکدا ئەو حاشایی لەوەکرد، دنەی کوردەکانی دابێ تا دوژمنایەتی لەگەڵ بەغدا نوێبکەنەوە، ئەو ئەوەی بە ڕوون و ئاشکرایی گوت، گوایە هیچ کێشەیەک لەوەدا نابینێ، کە دەستبەرداری کورد ببێ، ئەگەر "حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەغدا دابمەزرێ."[٤٠] ئەم لێدوانەش زۆر سەرنجڕاکێشبوو، چونکە دوای دە ساڵی ڕەبەق و لە مارتی ١٩٧٥ دا پێشبینییەکە دەق وەک خۆی هاتەدی و شا دەستبەرداری کورد بوو.[٤١]**

بە کۆتاییهاتنی مانگی نیسان، تا دەهات عێراق لە دەستوەردانی ئێرانییەکان لە جەنگی کورد بێهیوا دەبوو، چونکە ببووە بەڵگەیەک و کاتێکیش «تالیب» لە ئاهەنگێک لە بەغدا باڵوێز «ستڕۆنگ»ی بینی، نیگەرانی خۆی دەربڕی و بۆ یەکەم جار ئێرانی بە پاڵپشتکردنی کوردان تاوانبارکرد. ئەو قەناعەتی بەوە بوو، کە شالاوەکەیان لە دژی کورد بەهۆی پشتگیری ئێران بۆ ئەوان شکستی هێناوە. ئەو بە «ستڕۆنگ»ی ڕاگەیاند ئەوەی زانیوە، کە "چەندین باری نەناسراوی کەلوپەل و تفاق بە جێبی بێ ژمارە (بێ تابلۆ) گواستراونەتەوە سەر



هەواڵنامەی کتێب

خاکی عێراق" و ئەمانەش لە ڕێی ئێرانەوە بووە، هەروەها لێپرسی ئاخۆ ئەمریکا دەتوانێ قەناعەت بە شا بهێنێ بەڵکو ڕووی سیاسەتی دوژمنکارانەی لەبەرانبەر عێراقدا بگۆڕێ. ئینجا «تالیب» لە باڵوێزەکەی پرسی ئاخۆ لە کۆبوونەوەی سەنتۆ کە لە تاران بەسترا، باسی کورد کراوە. «سترۆنگ»یش ڕەتی کردەوە، کە ئەو بابەتە لە کۆبوونەوەکەدا باسکرابێ، ئەوەی بەبیر هێنایەوە، کە تورکیا هاوکاری عێراقە لە پرسی کورد و هەوڵێکی پاکستانیش بۆ لەیەکنزیککردنەوەی ئێران - عێراق لەئارادا هەیە و شێلگیرانە باسی ئەوەشی بۆ کرد، کە یارمەتیدانی کورد لە بەرژەوەندییەکانی «سەنتۆ»دا نییە. هەروەها سیاسەتی دستوەرنەدانی ئەمریکای لە کاروباری ناوەخۆی عێراق بۆ دووپاتکردەوە و پێیگوت؛ کە ئەم گفتوگۆیەی بۆ واشنتن دەنێرێ. «سترۆنگ» لە ٣٠ نیساندا داوای ڕێنماییینامە سەبارەت بەو پرسە لە واشنتن کرد و سکاڵانامەیەکی خۆشی دەربڕی، کە "بەڵگەوبەندی باسوخواستی لەسەر بابەتی سێگۆشەی کورد - ئێران - عێراق لەدەستدەرچووە و "دیارە" ئەوە بێ مانایە، کە چیدی ئێران خۆی وا نمایش بکا گوایە یارمەتی کورد نادا." وەزارەتیش لە چواری نیساندا بەو لێدوانە وەڵامی باڵوێزیان دایەوە: "پێناچێ بەڵگوبەندی زێدەبار لە گومانەکانی وەزیری دەرەوەدا بڕەوێنرێنەوە، بەڵام کاربەدەستانی ئەمریکا دەبێ لەسەر دووپاتکردنەوەی سەرهێڵی سیاسەتی ئەمریکا بەردەوامبن." هەرچی دەربارەی کۆبوونەوەی «سەنتۆ»ش بوو، ڕاوێژی وەزارەت بۆ «سترۆنگ» ئەوە بوو "بە «تالیب» ڕابگەیەنێ کە «ڕوسک»ی وەزیر هیچ شتێکی نوێی سەبارەت بە ئاسایشی ئێرانییەکان لەگەڵ شادا تاوتوێ نەکردووە."[٤٢]

لە ئایاری ١٩٦٥ دا، «داڤید کیمخ» کە چالاکوانێکی بە ئەزموونی دەزگەی هەواڵگری ئیسرائیلی بوو، بە نهێنییەوە لە ڕێی ئێرانەوە سەفەرێکی کردە کوردستان و چاوی بە بارزانی کەوت. بە گوێرەی نووسینی «تریتا پارسی» بێ، مەبەست لە کۆبوونەوەکە ئەوەبوو "بزانرێ ئاخۆ دۆخەکە بۆ ئەوە دەشێ بە شێوەیەکی هەمیشەیی چالاکوانەکانی مۆساد لەوێ [لە عێراق] جێگیربکرێن." دیاربوو «کیمخ» کەوتبووە ژێر باندۆری سەردانەکەی بۆ کورستان و بڕوای


هەواڵنامەی کتێب

وابوو، کە ئۆپەراسیۆنێک بۆ یارمەتیدانی کورد تا لە دژی بەغدا بجەنگن، بۆ ئاسایشی ئیسرائیل شتێکی چارەنووسساز دەبێ. تاکە بەربەستیش ئەوەبوو، کە پێویست بوو ئێرانیەکانیش بە ڕەوشەکە بزانن یاخود دەستیان لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکاندا هەبێ.[٤٣] بۆ خۆشبەختیش ئەم پرسە هیچ بەربەستێکی گەورە نەبوو، چونکە پێشتر شا ئەوەی بینی، کە دەرفەت هەیە بۆ ئەوەی هاوپەیمانییە ستراتیژیەکەی لەگەڵ ئیسرائیل پەلوپۆبهاوێ و بەرفرەوانتر ببێ. بە گوێرەی «یوری لوبرانی»ییش بێ، ئەو کەسەی لەشەستەکاندا ڕاویژکاری «بنگۆریۆن»بوو و دواتر بووە بەرپرسی دەستەی کردەنیازی ئیسرائیل لە ئێران:

> لە ڕوانگەی شاوە، هاوپەیمانیی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل دەبێتە جێسەرنجێکی لەخشتەبەری ستراتیژی بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنجی عەرەب و سەرچاوەی دەرامەدەکانیان لەسەر ئێران. شا لەو بڕوایەدا بوو، پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل ئەو حاڵەتە بەرپەرچدانەوەیە لە بەرانبەر ڕژێمە عەرەبییەکان [بەتایبەتیش عێراق] بۆ ئێران دروستدەکا، چونکە دەکرێ ئەو دۆخە سەرنجڕاکێشە دروستبکا، کە ئەگەر هاتوو دەوڵەتێکی عەرەبی بیەوێ پەلاماری ئێران بدا، ئەوا ئیسرائیل بۆی هەڵدەکەوێ و دەرفەتەکە بقۆزێتەوە بەوەی گورزی خۆی لە لاباڵی ڕۆژئاوای عێراق بسرەوێنێ.[٤٤]

لەبەر ئەمە شا ئارەزووی وەها بوو دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیلییەکان بەهێزبکا و لەسەر بەرنامەی خۆشی بۆ پشتیوانی کورد بەردەوامبێ، ئیدی ئێران داخوازی ئیسرائیلی سەلماند، بەڵام مکوڕیشبوو لەسەر ئەوەی هەر ئۆپەراسیۆنێک دەبێ بە هاوکاریی«ساواک» بێ.[٤٥] ئەفسەرێکی دیکەی هەواڵگری ئیسرائیلی بە ناوی «ئێلیزەر تسافریر» ئەم شتەی سەرەوەی سەلماند و لە چاوپێکەوتنێکدا وەسفی فرەوانبوونی بازنەی پشتگیرییەکانی ئیسرائیلی بۆ کورد


هەواڵنامەی کتێب

کرد، کە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ کورد (بە نموونە زانیاری هەواڵگریی لەسەر عێراق)؛ دابینکردنی چەک، فیشەک و تەقەمەنی؛ لایەنی تەکنیکی؛ مەشقی سەربازی کە ڕاهێنانەکە لە کورستان، ئێران و ئیسرائیل کرا؛ هەروەها یارمەتی کوردیان لە لۆبیکردن لە ئەمریکا و ئەوروپا دا.[٤٦]

هەر دەستبەجێش ئەو دەستتێکەڵکردنی ئیسرائیلییەکان لە دۆخەکەدا بۆ کاربەدەستە ئەمریکییەکانی بەغدا دیاربوو. هەر بۆ نموونە، لە بەرەبەرەی کۆتایی مانگی ئایاردا، باڵوێزخانەکە تێبینی نیشانەی باشبوونی تاکتیکی سەربازیانەی کوردی کرد. هەچەندە لە ڕابردووشدا، کورد ئەوەی نیشاندابوو، "کەمێک لە شەڕی گەریلاییدا شارەزا و لێهاتوون". بەڵام تەنیا لەبەر هۆی "ناتوانایی گەورەی" هێزی سەربازی عێراقی بوو، ئەوان سەکەوتوو دەبوون، کەچی لە ئاگربەستی شوباتی ١٩٦٤ـەوە، تاکتیکی کورد باشتربووبوو. بە جیاواز لەباری پێشوو، هەنووکە "ئەوان ڕەتیانکردەوە بەرگری لە ناوچە تەختەکان (پێدەشتەکان) بکەن، وایان لە هێزەکانی حکوومەت کرد بکشێنە نێو چیاکان، تا لەوێ زەبریان لێبوەشێنن و زیانی گەورەیان لێبدەن، پەلاماری هێڵی پشتیوانی و ئازووقەیان دا و هێرشیان کردە سەر مۆڵگە کاتییەکانی پشتەوەیان." ئەمەش وای لە باڵوێزخانەکە کرد بگاتە ئەو دەرەنجامە، کە "[پێدەچێ] ئێستا ڕوونبێ... کورد هەندێ پشتیوانی هەبێ، لەوانەشە تەنانەت مەشقیشی لە لایەن ئیسرائیلەوە پێکرابێ."[٤٧]

لە سەرەتای مانگی ئابەوە، کاربەدەستانی عێراقی، بانگی «وێسلی ئاماز» کارهەڵسوڕێنەری کاروباری ئەمریکایان لە بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی خۆیان کرد، تا "بە دەستەواژەی توندەوە" لێیبپرسن "کە ئەمریکا بە پەلە و شێلگیرانە بە ئێران بڵێ دەست لە چەکدارکردنی کورد هەڵبگرێ. «ئادامز»یش لە ڕاپۆرتی خۆی بۆ واشنتن ئاماژەی بەوەدابوو، "ئێستا عێراق زانیاری ورد و دروستی سەبارەت بە سروشت و بەرفرەوانیی پشتگیریی ئێرانییەکانی بۆ کورد


هەواڵنامەی کتێب

لەبەردەست دایە." ئەمەش بە نۆرەی خۆی، ئەمریکای خستە بەردەم حاڵەتێکی زەحمەت، چونکە عێراق "لە داخوازیەکەی بۆ ڕاگرتنی پشتیوانی ئێران لە کۆمەککردن و چەکپێدان بە کوردە هەڵگەڕاوەکانی عێراق [هی ئەوە نەبوو] بە بێ هۆیەکی مەعقول ڕەتبکرێتەوە."[٤٨] وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش لە ١١ی ئابدا وەڵامیدایەوە، بەوەی باڵوێزخانەکەی خۆی لە تاران ڕابسپێرێ تا بە حکوومەتی ئێران بڵێ، کە حکوومەتی عێراق داوایەکی وەهای کردووە و ئەوەش دەربڕێ، کە "ئەمریکا نیگەرانە لەو فشارانەی عێراق بەهۆی ئەوەی پشتیوانی لە کورد دەکا."[٤٩] کاتێکیش ئەم پەیامە لە ١٣ی ئابدا گەیەنرا، «عەباس ئارام»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران پێدەچوو "هەراسان بێ لەوەی، کە ئەمریکا لەو پرسەدا هاتۆتەپێش" و سووریش بوو لەسەر ئەوەی "ئێران پشتیوانی کورد ناکا،" لەبری ئەوە پێی لەسەر ئەوە داگرت، کە عێراق "لەسەر سیاسەتێکی بەرنامەبۆداڕێژراو بۆ هەراسانکردنی ئێران دەڕوا."[٥٠] هەڵبەتە حاشاکردنەکەی «ئارام» ڕاستەوخۆ دژ بەو گوتەیەی شا بوو، کە هەر یەک دوو مانگ پێشتر لە کۆبونەوی «سەنتۆ»دا بە «ڕوسک»ی وەزیری گوتبوو. هەر شایانی باسکردنیش نییە کە بەڵگەی زۆروزەوەند، پێچەوانەی قسەکەی ئەوانی دەردەخست. تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕاستییەی کە ئەمریکا ئەو پرسەی لەگەڵ حکوومەتی ئێران هێنایەگۆڕێ، ئەوەی نیشاندا، کە ئیدارەی جۆنسن سەبارەت بە پرسی کورد و دەستوەردانی هاوپەیمانانی لە دۆخەکەدا هاوخەمی عێراق بوو.

ئەو ساڵەی نێوان ئابی ١٩٦٤ و ئابی ١٩٦٥ ئاماژەیەکی تیژی دژبەری نێوان سیاسەتەکانی حکوومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە نێزیکەکانی وەک بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل لە هەرێمەکەدا بوو. لەو کاتەی کۆشکی سپی دەیویست پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ڕژێمی عارفدا ڕابگرێ، بەنیازبوو چاو لەو پەیوەندییەی لەگەڵ ناسردا بپۆشێ، ئەو ناسرەی بە جەماوەر، ئایدلۆژیایەکی پان عەرەبیزم بوو، لەو باوەڕەشدابوو ببێتە قەڵایەک لەدژی کۆمۆنیزم. بە


هەواڵنامەی کتێب

کورتی، مەیلی ئیدارەی جۆنسن بە لای ڕژێمی عارفەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە عێراق لە دەرەوەی بازنەی سۆڤیەتەوە بهێڵرێتەوە. هەرچەندە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا ڕژێمی عارف و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناسر لەژێر تیشکێکی زۆر جیاوازترەوە دەبینی. بێزرانی بەریتانییەکان بۆ ناسر و بەرژەوەندییە ستراتیژیە درێژخایەنەکەیان لە کەنداو، بەسەر ئیعتبارەکانی جەنگی سارددا زاڵبوو، بەتایبەتیش کاتێک بەرژەوەندییەکانیان لە عێراق هەڵدەسەنگاند. لەبەر هۆکاری هاوشێوەش، شا نەخشەی ئیمپراتۆرەتییانەی خۆی بۆ کەنداو هەبوو، خوازیاریش بوو دەستوپێی ناسر لە عێراق و هەرێمەکەدا ببەستێتەوە. هەروەها ئەو کوردیشی بە داردەستێکی سوودبەخش دەبینی تا عێراق ناچاربکا لەسەر ئەو خاکەی دەمێک بوو مرخی خۆی لێخۆشکردبوو، سازشی بۆ بکا. ئیسرائیلییەکانیش عێراقیان لەنێو هەلومەرجی بەرفرەوانی ململانی عەرەب - ئیسرائیل دەبینی، بڕوایان وابوو، بە پشتگیریی و یامەتیدانی کورد، سوپای عێراق لەنێو سنوری خۆیدا پەلوپۆدەکرێ، ئیدی بەمە کار و چالاکییەکانی بۆ بەشداری لە جەنگی سەرەکی عەرەب - ئیسرائیلدا سنووردار دەبێ. لەبەر ئەم هۆکارانە، سیاسەتەکانی بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل لەگەڵ هی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق و جەنگی کورد تێکیان نەدەکردەوە. لە هەمان کاتیشدا، نوێبوونەوەی جەنگی کورد، ئەمریکای خستە هەڵوێستێکی ناخۆش. لەو کاتەی ئیدارەی جۆنسن حەزی لێبوو پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ عێراق ڕابگرێ، هاوپەیمانەکانی ئەمریکا وەک ئێران و ئیسرائیل برەویان بە پشتیوانیکردنی کورد دا. ئەنجامەکەشی وەها کەوتەوە، کە ئەمریکا نەیدەتوانی بە شێوەیەکی ڕێتێچوو ئەو داوایەی عێراق لە ئێران ڕەتکاتەوە بەوەی پشتیوانی خۆی بۆ کورد ڕابگرێ. بەڵام لەگەڵ ئەو هاوپەیمانانەی ئەمریکا، هەریەک لە ئێران و ئیسرائیل، کە ئێستا پشتی کوردیان لە دژی عێراق گرتووە، ئەوا جەنگی کورد بە ڕوونی لە ململانێی جەنگی ساردەوە گوازرایەوە بۆ جەنگێکی هەرێمی.



هەواڵنامەی کتێب

**تەکان بەرەو ئاشتی**

هەڵوێستی دۆستانەی ئیدارەی جۆنسن دەرهەق بە عێراق لە حوزیرانی ١٩٦٥ دا و لەو کاتەی ڕژێمی عارف بە دوای چارەسەرییەکی کێشە درێژخایەنە هەڵواسراوەکەی کۆمپانیای نەوتی عێراقدا گەڕا، بەهێزتربوو. هەر لەو کاتەدا لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دا «عارف» جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست، ڕژێمە نوێیکە سەبارەت بەوەی ئاخۆ چ ئاراستەیەک بۆ وڵاتەکەی بگرێتەبەر لەسەرخۆی دابەشببوو. لە سەرێکەوە، ناسرییەکان دەیانەویست دەستبەجێ عێراق لەگەڵ میسردا یەکبگرێ، بەڵام لەسەرێکی دیکەشەوە، هەبوو پشتگیری بیرۆکەی یەکێتیی ناسیونالیستانەی عەرەبیان دەکرد، کەچی لەوەش دەترسان نەبادا عێراق بە تەواوی بکەوێتە بن ڕکێفی ناسر.[51] بەهۆی ئەو جیاوازییانەوە، ڕێکەوتننامەی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە شوێنی خۆی چەقیبوو. لە پرۆژە پێشنیازێکیدا، «عارف» بە دوای ئەوەدا گەڕا، ئەو خۆماڵیکردنەی کاتی خۆی قاسم بۆ ماف و زێدەمافەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ١٩٥٩ دا هەڵبگێڕێتەوە و ڕێگە بە کۆمپانیاکە بدا زێدەمافە بنەڕەتییەکانی بگەڕێنێتەوە و کۆنترۆڵی بەرهەمەکانی بکاتەوە. لە ئاڵوگۆڕیشدا، حکوومەتی عێراق ئەو کورتهێنە زۆرەی نەوتی بۆ بگەڕێتەوە، کە بۆ دابینکردنی باری دارایی سیاسەتە سۆسیالیستەکانی «عارف» و نەخشە پەرەپێدانەکانی زۆر پێویست بوو.[52] کاتێکیش لە تەمموزی ١٩٦٥ دا ڕێککەوتنەکەیان ڕاگەیاند، ناسرییەکان کردیانە هاتوهاوار و بەوەی ئەم کارە ناپاکییە دەرهەق بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی عێراق و ئینجا شەش ئەندامی کابینەی حکوومەت کە لایەنگری «ناسر» بوون، لەبەر ناڕەزایەتی دەستیان لەکارکێشایەوە. بەو کەمە پشتگیرییەی حکومەت و خەڵکی عێراق، «عارف» ناچاربوو لە ڕێککەوتننامەی کۆمپانیای نەوتی عێراق پاشەکشە بکا.[53]

پاش یەک دوو هەفتە، عارف بە توندی هاتەسەرهێڵ و «عارف عەبدولڕەزاق»، کە فەرماندەی هێزی ئاسمانی بوو، هەم کردیە سەروەزیر و هەم وەزیری



هەواڵنامەی کتێب

بەرگریش. «عەبدولڕەزاق» کە ناسرییەکی ناسراو بوو، ڕەخنەی توندی لە ڕێکارە هێواشەکانی عارف گرت سەبارەت بە هەردوو پرسەکە، یەکگرتن لەگەڵ میسر و پیادەکردنی سۆشیالیزم. هەرچۆنێک بێ عارف بە دوای ئەوەشدا گەڕا، کە هاوسەنگییەک بۆ ئەو سەرهێڵە توندەی «عەبدولڕەزاق» لە نێو ناسیونالیزمی عەرەبییدا بدۆزێتەوە، بەوەی کەسێکی ئەکادیمی، پارێزەرێکی ڕۆژئاواویست، کە هیچ پەیوەندییەکی بە حیزبە سیاسییەکان و سوپاوە نەبوو، بە ناوی «عەبدولڕەحمان ئەلبەزاز»ی کردە جێگری سەروەزیر، وەزیری کاروباری دەرەوە و نەوت.[٥٤] کەچی بەرلەوەی ڕژێمە نوێیەکە دابمەزرێ، شتێکی وروژێنەر لە بەغدا ئاشکرابوو. بۆ خۆشبەختی عارف، فەرماندەی گاردی کۆماری «ژەنەڕاڵ صلەیبی Slaibi» کە یەکێک بو لە دۆستە نزیکەکانی سەرۆک و لە ڕێی خوێنیشەوە خزمی بوو، پەردەی لەسەر پیلانێک هەڵماڵی و «عەبدولڕەزاق» ناچارکرا لەبەر پیلانگێڕییەکەی لە وڵات هەڵبێ.[٥٥] لە کۆتاییدا شکستی کودەتا ناسیونالیستییەکە، هۆکارێکی دروستی دایەدەست عارف تا لە عێراقییە ناسرییەکان داببڕێ و ئیدی جڵەوی دەسەڵاتی کەوتە دەست ، ئەوەش ئەو شتە بوو زۆر لەمێژ بوو، هەر لە ١٩٦٣ـەوە کە دەسەڵاتی وەرگرت عەودالی بوو.[٥٦] وەک هەنگاوی یەکەمیش، «عارف» داوای لە «بەزاز» کرد، حکوومەتێکی نوێ پێکبهێنێ، حکوومەتێک کە بۆ یەکەمجار لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ـەوە مەدەنییەکان بگەیەنێتە سەر تەختی دەسەڵات.

ئیدارەی جۆنسن هاتنە سەر دەسەڵاتی سەرکرایەتیی مەدەنییەکانی بە پێشکەوتنێکی ئەرێنی بینی. کاتێکیش «بەزاز» بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٦٥ دا گەیشتە نیویۆرک، لەوێ چاوی بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا «ڕوسک» کەوت، هەروەها «هوبەرت هەمفری» جێگری سەرۆکیشی بینی.[57] لە هەردوو کۆبوونەوەدا پێداگیریی لەسەر بایەخی کێشەی کورد بۆ پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق کرا بەتایبەتیش پشتییوانییە بەردەوامەکەی ئێران بۆ کورد. لە کۆبوونەوە لەگەڵ «ڕوسک»دا، «بەزاز»


هەواڵنامەی کتێب

پێیگوت، ئەو دەیەوێ ئێرانییەکان لەوە بگەن، کە "ئەوان بە خۆیان کێشە بۆ خۆیان دەنێنەوە، بەوەی لەژێرەوە بە بەردەوامی پشتگیری یاخیبووە کوردەکان دەکەن." ئینجا ئەو خواستی پێشووی عێراقی لە ئەمریکا دووبارەکردەوە، بەڵکو بە پێداگیرییەوە داوا لە شا بکا، کە "سیاسەتە ناشایستەکەی" بەهەندهەڵبگرێ. لە کاتێکدا ئەو شێلگیرانە بوو لەوەی داوا لە ئەمریکا ناکا "تا دەست بخاتە نێو کاروباری ناوەخۆی ئێرانی"، بەڵام «بەزاز» گوتی ئەو دەیەوێ خاترجەمبێ لەوەی، کە ئەو چەکەی لە ئەمریکاوە بۆ ئێران دابیندەکرێ، ئاودیوی کوردستانی عێراق نەکرێ. ئەو ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران لە بەرانبەر «سەنتۆ»دا دا، "کە مافی ڕەوای خۆیەتی داوایەکی وەها بکا."[٥٨] ئەم کۆبوونەوەیەش لە بەر سێ هۆ گرنگ بوو: (١) ئەوان نیشانیاندا کە «بەزاز» چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە پێشەمییەکاندایە؛ (٢) لە شۆڕشی ١٩٥٨ـەوە، ئەمە باڵاترین ئاستی پەیوەندی کاربەدەستانی نێوان ئەمریکا و عێراق بوو؛ (٣) ئەوان جەختیان لەسەر بایەخی ئیدارەی جۆنسۆن لە باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عیراق کردەوە.

لە کۆتایی ١٩٦٥ دا پشتیوانی ئێران بۆ کورد بە جارێک ڕاشەکاوانە بوو. لە تشرینی دووەمدا، ئەمریکا زانی، هێزەکانی ئێران پشتگیری کوردەکانیان کردووە تا لەپڕ پەلاماری سەربازگەکانی سوپای عێراق لە نزیک سنوور بدەن و گورزیان لێبوەشینن و بگەڕێنەوە. لە ٧ی کانوونی یەکەمیشدا، بەگوێرەی زانیاری باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، "عێراقییە نانیزامییەکان تەقەیان لە هەندێ ئێرانییەکان لەنێو سنووری ئێراندا کردووە،" ئەمەش وای لە ئێران کردووە هێزەکانی خۆی لەسەر سنوور جۆشبدا. ئەم گرژییانە لە ٢١ کانوونی یەکەمدا زیاتر کڵپەیانسەند، ئەمەش ئەوکاتەی فڕۆکە پەلاماردەرەکانی مێگی عێراقی هێرشیانکردە سەر مۆڵگە ئێرانییەکان لەسەر سنوور. لە کۆتایی کانوونی یەکەمیشدا هێزەکانی عێراق هێرشێکی کتوپڕییان کردە سەر سەنگەرەکانی کورد، کە دوای بەرەنگارییەکی کەم شوێنەکانیشیان گرتن.[٥٩] ئیدی دوای



هەواڵنامەی کتێب

خۆکۆکردنەوە، کورد بە یارمەتیی هێزە ئێرانییەکان دژەهێرشیان کردەوە سەر شوێنە کۆنەکانیان، لەم شەڕەشدا ئێرانییەکان بە تۆپخانە پشتیوانی کوردەکانیان کرد، تا وایان لە کۆماندۆکانی عێراق کرد لەو شوێنەی هاتبوونەپێش، پاشەکشەبکەن. هەروەک «کێنس پۆلاک» تێبینیکرد، پەلامارە ناسەرکەووتوانە زستانییەکەی سوپای عێراق، ناسکیی هێڵی پشتیوانی ئازووقەی پشتەوەی کوردەکانیان بۆ دەرکەوت کە بەرەو ئێران دەچوو، ئیدی سوپای عێراق هاتەسەر ئەو بڕوایە، کە داخستنی سنووری ئێران لەسەر کورد خاڵێکی چارەنووسازە بۆ شکستپێهێنانیان.[٦٠]

لەو کاتەی شەڕەکان لە باکووردا دەستەویەخە بوون، ئێران بە عێراقی ڕاگەیاند کە "ئامادەیە گفتوگۆ لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە شەتاویشەوە [ڕێڕەوە ئاوییەکە] بکا،" ئەمەش وای لە کاربەدەستە ئەمریکییەکان کرد بگەنە ئەو دەرەنجامە، کە ئێران هەوڵدەدا جەنگی کورد بقۆزێتەوە "بۆ ناچارکردنی عێراق تا دانوستان لەسەر کێشەیەکی دیکەی درێژخایەنی نێوان هەردوو وڵاتەکە بکا." نەخشەکەی شا لە «بەزاز»ەوە بزرنەبوو، کە دەیەویست کێشەکە لە ڕێی دانانان بە توندوتیژی لەسەر سنوور چارەسەربکا و داواشی لە «ئەمیر عەباس هوەیدا» کرد سەردانی بەغدا بکا، تا پرسەکە تاوتوێبکەن. هەرچەندە گرژییەکان هەندێ خاوبوونەوە، کەچی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە هێڵی توند گیرایەبەر، هەوڵی خاوبوونەوەکە شکستی پێهێنرا بەوەی داوا لە ئێران کرا بەر لەوەی گفتوگۆ دەست پێبکەن، پێویستە دەست لە پشتیوانی کورد هەڵبگرێ.[٦١]

لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦ دا شا چاوی بە «ئارمین مایەر» باڵوێزە نوێیەکەی ئەمریکا لە تاران کەوت، تا ڕەوشەکەی لەگەڵ تاوتوێبکا. مایەی تێبینیبوو، شا لە گفتوگۆی لەگەڵ «مایەر»دا ئاماژەی بە ستراتیژە درێژخایەنەکە دا، کە "گرژییەکان لە عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شەتولعەرەب بقۆزێتەوە،" بەڵام ئەو ئامادەبوو "یەک دوو ساڵێکی دیکەش چاوەڕێ بکا،" ئەمەش لەو کاتەی "ئەو پرسە مێژووییەی دەیان ساڵی هەبوو."شا گوتی کات لە


هەواڵنامەی کتێب

بەرژەروەندی ئەودایە، بەتایبەتیش بە پەرەسەندنەکەی «دوورگەی خەرج» لە باکووری کەنداو، کە لە کۆتاییدا وایلێدێ ٩٠٪ی هەناردەی نەوتی ئێران لەوێوە بڕوا.[٦٢] ئەمەش بە نۆرەی خۆی داهاتی عێراق لە ڕێی ئاوییەوە کەمدەکاتەوە، ئیدی لەم پنتەدا، شا بڕوای وابوو، کە عێراق "دەبێ بێتە لای ئێران تا خەرجی [دارایی] هێشتنەوەی ڕێگە ئاوییەکەی لەگەڵ هەڵبگرێ و شەتاوەکەشی لە گەڵ دابەشبکا." هەرچی سەبارەت بە کوردیش بوو، شا بۆ باڵوێزەکەی ڕوونکردەوە، کە نیازی نییە بە هاوکاریکردنی عێراق لە دژی بارزانی، بەرانبەر دانیشتوانی کوردی خۆی بوەستێتەوە، ئەو پێیوابوو کە ئەمە خۆی کێشەیەکی ناوەخۆی عێراقییە و ناکرێ بە "سەربڕینییان" چارەسەربکرێ.[٦٣] ڕاستییەکەش ئەوەی کەوا شا بۆ یەکەمین جار هەردوو کێشەکەی لەیەک شەتەکدابوو، مایەی سەرنجدانبوو، چونکە پێشبینی بۆ ئەوەی دە ساڵ دواتر لەژێر barودۆخێ نزیک لەوەوە قەوما.

لە سەرەتای مانگی ئازاردا، «شەمسەدین موفتی» پەیکی بارزانی بۆ لای «ساواک» لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بە خۆی و نامەیەکی، کە ئاراستەی کۆشکی سپی کرابوو نزیککەوتەوە. هەروەک جاران، بە نامەکە داوای لە ئەمریکا کرد، بەڵکو لە جیاتی گەلی کورد بێتەناوەوە، بەوەی ڕێگە لە عێراق بگرێ دەستی بە چەک ڕانەگا و پشتی گەلی کورد بگرێ و ئەو دەستڕۆیشتنەی خۆشی لە عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە بەکاربهێنێ. لە هاوپێچی بەرزکردنەوەی نامەکەدا، باڵوێزخانەکە ڕاسپاردەی ئەوەبوو سیاسەتی دەستوەرنەدان دووپاتبکەنەوە و هانی ئەوەشی دابوو، کە کورد لەگەڵ ڕژێم بەدوای دانوستانی ئاشتییانەدا بگەڕێن. وەزارەتیش ئەم ڕاسپاردەیەی پەسەندکرد.[٦٤]

مایەی تێبینییە، بە نزیکبوونەوەی وەرزی بەهاری شەڕوشۆڕ، «بەزاز»یش دەیەویست ئاگری شەڕەکە دابمرکێنێتەوە، ئەوەش بەوەی لە دواساتدا دەستی بە بارزانی ڕابگا تا ئاماژەی ئەوەی بۆ بکا، گوایە ڕەشنووسێکی قانوونی



هەواڵنامەی کتێب

لامەرکەزی (دیسەنترالیزم)ی ئامادەکردووە، کە بە هۆیەوە ئامادەکاری بۆ پڕۆژەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ باکوور دەکا و دانیش بە ناسنامەی نەتەوایەتی کورد لە بۆتەی (چوارچێوەی) کەشێکی کەلتووریدا دەنێ. بەڵام بۆ بەدبەختی، تەقەللاکەی ئەو بێهوودە بوو. ئاخر بە گوێرەی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە بەغدا، هەردووکیان «عارف» و «ژەنەڕاڵ عەبدولعەزاز ئەلعوقەیلی» وەزیری بەرگری، بڕیاریاندا بوو لەگەڵ هەڵمەتی هێرشکردن بڕۆن، ئەمەش لەکاتێکدا هێشتا گفتوگۆ بە نهێنێ لە ئارادابوو.[٦٥] لە کۆتایی مانگی مارتیشدا، ئەوە ڕوون و ئاشکرابوو، کە گفتوگۆکان پچڕان، ئەمەش لەبەر وتەکانی «عەقیلی» بوو، کە حاشایی لە هەبوونی گفتوگۆ کرد، بەوەی "ئۆپەراسیۆنی سەربازییانە بەردەوام دەبن تا کورد دەبەزن."[٦٦]

لە ئێوارەی ١٣ی نیساندا لەو کاتەی فڕۆکەیەک کە «عەبدولسەلام عارف» و تاقمێک لە ڕاوێژکارە نزیکەکانی هەڵگرتبوو، کە بەرەو بەسرا دەفڕی، کەوتەخوارەوە و تێکشکا، ئەوەبوو ڕووداوێکی مەرگەساتبار قەوما و هەموو سەرنشینەکانی مردن.[٦٧] کاتێکیش لە ١٤ی نیسان هەواڵی مردنی «عارف» گەیشتە بەرگوێی ئەمریکا، کۆشکی سپی "پرسەنامەیەکی پەرۆشانە"ی سەرۆک کەنەدی بۆ حکوومەتی عێراق نارد. [٦٨] لەو کاتەشدا و لە ١٧ی نیساندا دوای یەکدوو ڕۆژی مشتومڕی نێوەخۆ ژەنەڕاڵ «عەبدولڕەحمان عارف»ی برای سەرۆک «عەبدولسەلام عارف» بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وەک سەرۆکی نوێی عێراق دەرکەوت، دیاربوو ئەمەش سازانێکی نێو دەستە و گرووپە کێبڕکێکارەکانی نێو ڕژێم بوو.[٦٩] بە گەیشتنە سەر دەسەڵاتی «عەبدولڕەحمان عارف» چەندین هەنگاوی بۆ بەهێزکردنی پێگەکەی هاوێشتن، لەوانە لابردنی «عوقەیلی» و دانانی یەکێکی میانڕەو لە وەزارەتی بەرگری، لەکاتێکدا «بەزاز» سەرەڕای کێشەی لەگەڵ لەشکر، کە بەردەوام فشاریان بۆ ئەوەبوو شەڕ بەردەوام بێ، هەر لە شوێنی خۆی وەک سەرووەزیر مایەوە.[٧٠] تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، ژەنەڕاڵەکان گرەوی مشتومڕەکەیان بردەوە و لە دووی ئایاردا


هەواڵنامەی کتێب

چوارەمین هەڵمەتی چڕوپڕی هێرشکردنە سەر کورد کردیان دەستپێکردەوە، لەم شەڕەیاندا 40.000 سەبازییان دژ بە هێزە بچکووکەکەی بارزانی کە 3.500 پێشمەرگە بوون، خستە نێو مەیدانی جەنگ.[٧١]

هەڵمەتی ١٩٦٦ لەبەر ڕۆڵی هێزە تایبەتەکانی ئیسرائیل لە شکستپێهێنانی سوپای عێراق سەرنجڕاکێشبوو. دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ، هێزەکانی حکوومەت فشاری خۆیان بە نێو گەلی (دۆڵی) ڕواندزدا نواند و چوونە پێشەوە تا توانییان بەشێک لە هەردوو چیای گەورە «هەندرێن» و «زۆزک» بگرن، کە بۆ باکوور ڕێگەیەکی گرنگبوو، بەرەو بارەگای سەرەکی بارزانی لە نزیک سنووری ئێرانەوە دەچوو.[٧٢] بە گوێرەی لێدوانی «زوری ساگی»، کە ئەفسەرێکی هێزی بەرگری ئیسرائیلی بوو، ئەو کەسەی بۆ ڕاوێژی بارزانی نێردرابووە کوردستان، هێزی بەرگری ئیسرائیلی لە بنکەکانی نێو ئێراندا و بۆ ماوەی چەندین مانگ بەر لەدەستپێکردنی شەڕەکە، مەشقییان بە پێشمەرگە کردبوو. لە دیدارێکدا، «ساگی» ڕوونیکردەوە، کە هێزەکانی عێراقی هەڵەیەکی کوشندەیان لە ماوەی هەڵمەتی ١٩٦٦ دا و لە ١٠ی ئایاردا کرد، لەو کاتەی ئەوان مۆڵگەیان لە دۆڵی پشت هەردوو شاخەکە «چیای سیرین[30]» لە باشوور و چیای «هەندرێن» لە باکوورەوە دانا، بێئەوەی گوێ بە پاراستنی بەرزاییەکانی دەوروبەریان بدەن. دوای ئەوەی «ساگی» بەمەی زانی، قەناعەتی بە بارزانی هێنا، کە هێرشبکەن. ئەوە بوو لە بەرەبەیانی ١١ی ئایاردا، «ساگی» فەرمانی بە کۆمەڵە پێشمەرگەیەک کرد، کە لەبەرەی پێشەوە سەنگەرییان لێدابوو، تا بەشێوەیەکی تاکتیکی بکشێنەوە، ئیدی بەمە کەلێنێکییان لە بەرەکەدا هێشتەوە.

---

[30] نووسەر دەق ناوی چیاکەی وەها نووسیوە (Soeren)، بۆ ڕاستکردنەوی ئەو ناوە، چونکە من خۆم ناوی ئەو شاخەم نەبیستبوو، بۆیە کەوتمە سۆراخکردن، لە هەردوو دیوی چیای هەندرێن «سەران» و «سیرین» هەن، وەک کاک «ڕێباز مستەفا بێخاڵی»ی هاوپێشەم بۆی ڕوونکردمەوە، شەرەکە نەکەوتبوو دیوی «سەران»، بۆیە هەردەبێ «سیرین» بێ، کە ڕێگەی هاملتنی بە بەردەمدا بەرەو «گەلاڵە» و «حاجی ئۆمەران» دەڕوا. دوای پرس و ڕاوێژکی زیاتر، دەرکەوت قسەکەی کاک ڕێباز ڕاستە، ناوەکە چیای (سیرین)ـە نەوەک (سۆرن). وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

سوپای عێراقیش کە پێیوابوو پێشڕەوییەکی باشی کردوە و ڕێگەکەشی پاراستووە، ئیدی بە سەدان سەربازییان بە نێو کەلێنەکەدا بۆ پێشەوە پاڵنا و ڕەوانەکرد، بەم جۆرە کەوتنە تەڵەی «ساگی». هەروەک شەوەکەی پێشتر دیسان هێزەکانی عێراقی لە پاراستنی بەرزاییەکانی پشتەوەیان شکستیان هێنا، کە بۆ ئەوان شوێنێکی نەناسراو بوو، لەوێدا بەسەدان کورد خۆیان بۆ لەبۆسە دانابوون و چاوەڕێیان دەکردن. بەر لەوەی کار لەکار بترازێ، «ساگی» و کورد لە بەرزییەوە بەسەر چەند بەتالیۆنەکی سوپای عێراقییان دادا و کوشتارگەیەکیان بۆ نانەوە.[٧٣] تەنیا دوای دوو ڕۆژ لە شەڕ و کوشتار، کوردەکان لە نێوان ١٤٠٠ تا ٢٠٠٠ سەربازی عێراقییان کوشت و پتر لە سەدانیشیان لێ بەدیلگرتن.[٧٤] ئەو شکستپێدانەی بارزانی بە سوپای عێراق لە چیای هەندرێن[31]، جەختکردنەوەبوو لەسەر ناکارایی بەکارهێنانی هێز، ڕاستگۆیی (ڕەوایەتی) توخمە توندڕۆکانی نێو ڕژێمییان لەباربرد و لە کۆتاییشدا، دەسەڵاتی دایە «بەزاز» تا دانوستان لەگەڵ بارزانیدا بکا، ئەویش بە نۆرەی خۆی دەستبەجێ بە گفتوگۆ قایلبوو.[٧٥]

دوای یەک دوو هەفتە لە گفتوگۆ، لە ٢٩ی حوزەیراندا «بەزاز» نەخشەیەکی دوازدە خاڵی بۆ ئاشتی لەگەڵ کورددا ڕاگەیاند. ڕێککەوتنەکە ئەمانەی خوارەوەی گرتەوە:

١ – داننان بە مافەکانی نەتەوایەتیی کورد.
٢ – ئیدارەی لامەرکەزی (دیسەنترال)ی بۆ ئەوەی مافەکان کارابکرێن.
٣ – داننان بە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی.
٤ – نوێنەرایەتی کورد لە پەرلەماندا هەبێ.
٥ – کورسی خوێندن بۆ کورد لە زانکۆکانی عێراق دابین بکرێ و بەشێکی زانکۆی بەغداش لە باکوور بکرێتەوە.

[31] ئەم شەڕە لە مێژووی شۆڕشدا بە شەڕی هەندرێن دەناسرێ، «فاخیر حەمەداغای مێرگەسووری» سەرکردایەتی کرد. وەرگێڕ


هەواڵنامەی کتێب

٦ – کاربەدەستە حکوومەتییە خۆجێییەکان کورد بن.

٧ – ڕێکخراوی سیاسیی کورد هەبن.

٨ – لێخۆشبوون بۆ کوردەکان دەربکرێ.

٩ – گەریلا کوردەکان بۆ پێگەی پێشوویان بگەڕێنەوە و هەندێکێشیان هەر لە یکخراوەکەی خۆیان (بۆ نموونە هەر وەک پێشمەرگە) بمێننەوە.

١٠ – کۆمەک و پشتگیری ئابووری بێتەگۆڕێ.

١٢ – نیشتەجێکردنەوەی کوردەکان لە شوێنی بنەجێی خۆیان.[٧٦]

دوای پێنج ساڵ لە هێرش و پەلاماری شکستخواردوو، بێژمار کوژرا و خەرجییەکی یەکجار زۆر، لە کۆتایدا حکوومەتی عێراقی ئامادەبوو بە پیر داواکانی کوردەوە بچێ.

لەکاتێکدا خەریکبوو لەسەر بەشی هەرە زۆری ڕێککەوتن بکرێ، کەچی هێشتاش بێکەموکوڕی نەبوو. هەروەک «تریپ»یش تێبینیکردبوو، زۆر لە ئەفسەرانی نێو سوپای عێراقی لە «بەزاز» دەترسان، نەوەک ڕێککەوتنی ئاشتی وەک ڕەوایەتییەک بۆ لادانی بودجەکەیان بەکاربێنێ و جڵەویان بکا.[٧٧] دوابەدوای ئەوە و لەبەرەنجامدا، لە ٣٠ی حوزەیراندا، «عارف عەبدولڕەزاق» و گرووپێک لە ناسرییە ناودارەکان، دیسان جارێکی دیکە لەوەدا سەرنەکەوتن لە کودەتایەکدا جڵەوی دەسەڵات بگرنەوەدەست.[٧٨] هەمدیسان هێزی سەربازی دڵسۆز بە سەرۆک دزەی کردبووە نێو پیلانگێڕەکان و چەند سەرکردەیەکی پیلانگێرییان بە "دەستی سوور بە خوێنەوە" گرت.[٧٩] ئیدی لەو خاڵە بەدواوە، لادەرەکانی سەربە ناسر لە عێراق کۆتاییان هات.

ئیدارەی جۆنسنیش بە هەردوو باردا دڵخۆش بوو، هەم بە نەخشەی بەزاز بۆ ئاشتی و هەم بە بۆڕپێدانی کودەتاکەکە. ئەمەش وای کرد ئیدارەکە لە ٨ی تەمموزدا لێدوانێک بدا و پیرۆزبایی لە هەردووکیان، لە عارف و لە بەزاز بکا.[٨٠]



هەواڵنامەی کتێب

لە ماوەی تەممووزدا، «بەزاز» لە سۆنگەی نۆژەنکردنەوەی بەرنامە قەبەکەی، لە ڕێی هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری، لە ڕێگەی ئازادکردنی بە سەدان گیراوی کورد، لە ڕێی لابردنی خێڵ و هۆزە عەرەبییەکان لەسەر خاکی کورد کە پێشتر داگیریان کردبوو، هەروەها لەڕێی دەکردنی قانوونی لێبوردنی گشتییدا، هەنگاوی بۆ پیادەکردنی ڕێککەوتننامەکە هەڵهێنا.[٨١] هەرچەندە لەو حاڵەتەشدا و لە پاشخاندا، هێزی سەربازی لەسەر فشارەکانی بۆ لەباربردنی هەوڵەکانی «قەزاز» بەردەوامبوو. لە کۆتاییدا «عارف» ملیدا و لە ٦ی ئابدا وەک سازانێک ژەنەڕاڵ «ناجی تالیب» بە سەرۆکوەزیر دانا و بەمەش لە عێراق کۆتایی بەو ماوە کورتەی ئەزموونی حکوومەتی مەدەنی هات.[٨٢] هەرچی سەبارەت بە دۆزی کوردیش بوو، هەرچەندە حکوومەتە نوێیەکە گفتوگۆی لەگەڵ بارزانی ڕاگرت، بەڵام هەرچۆنێک بێ بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاشتییەکی نائاسان لە باقی ماوەی مانەوەی سەرۆکایەتیی جۆنسۆن هەر مایەوە.

ئیدارەی جۆنسن، هاتنە سەردەسەڵاتی مەدەنییەکانی لە عێراق بە هەنگاوێکی ئەرێنی دانا. لە کاتێکدا بە دوای پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ عێراقدا دەگەڕا، کەچی سیاسەتی ئەمریکا بۆ هاندانی هاتنەکایەی ئاشتی سەبارەت بە پرسی کورد زیاتر لە یەکێتی سۆڤیەت نزیکبووەوە لەوەی لەگەڵ ئێران و ئیسرائیلی هاوپەیمانی خۆی. کاتێکیش لە ١٩٦٥ - ١٩٦٦ جەنگی کورد هەڵگیرسایەوە، دەستهەبوونی ئێرانی و ئیسرائیلیەکان زیاتر و زیاتر ئاشکرابوو، ئەوەش بە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئیسرائیلییەکان لە شکستپێهێنانی عێراقییەکان لە شەڕی هەندرێن بەرجەستەبوو، کە دوابەدوای ئەوە حکوومەتی عێراقی ناچارکرد مل بۆ ئاشتی بدا. بە کورتی، ڕوونکردنەوەی «هان» بەوەی، دیپلۆماتەکانی ئەمریکا هانی عارف و بارزانی دا بێ تا بگەنە ڕێککەوتنی شەڕڕاگرتنی ١٩٦٦ لەگەڵ تۆمارە بەردەستەکان یەکناگرێتەوە.[٨٣]



هەواڵنامەی کتێب

**بەهارەکەی بەغدا**

ئەو ساڵەی نێوان نەخشەی ئاشتی حوزەیرانی ١٩٦٦ و هەڵگیرسانی شەڕی شەش ڕۆژەی حوزەیرانی ١٩٦٧، پێشوەچووونێکی بەرچاو لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق بینرا. دوای ئەوەی کە «عەبدولڕەحمان عارف» وەک سەرۆک دەستبەکاربوو، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا پەرەسەندنێکی بەرچاوی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراقدا بینی. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، کە سەرۆکە نوێیەکەی عێراق بە شێوەیەکی تایبەت مەیلی بە لای ئەمریکاوە هەبوو. هەر بۆ نموونە، بەر لە مردنی برایەکەی، «عەبدولسەلام» بە شێوەیەکی تایبەت ببووە برادەری باڵوێزی ئەمریکا لە بەغدا و پاشان، کە بووە سەرۆکیش بڕوای بە «سترۆنگ» هەبوو، پێی باش بوو باسوخواسی پرسەکانی "وەک برادەر بۆ برادەر، نەوەک سەرۆک بۆ باڵوێز" لەگەڵیدا تاوتوێبکا. بەڵام وێڕای ئەو پەیوەستیە تایبەتییەش دەربارەی ئەمریکا، ئەو دەبوایە سەبارەت بە ژینگەی سیاسەتی ڕۆژئاوایانەی دژ بە عێراقیش هۆشداربێ.[٨٤] لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا لە ماوەی نێوان مانگی نیسان و کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ دا، ئیدارەی جۆنسن تێبینیی کرد کە سەرکەوتنێکی مەحکەمانە لە لایەن ڕژێمی عارفەوە هەیە، هەرچەندە بەشی هەرە زۆریشی لە پەیوەندییە تایبەتییەکەوە سەرچاوەی گرتبوو. لەبەرانبەریشدا کۆشکی سپی ناچاربوو بە ئەرێنی بە پیریەوە بچێ.[٨٥]

بەرزترین نیشانەی پەیوەندی ئەمریکا - عێراق لە کانوونی دووەمی ١٩٦٧ دا پەیدابوو، ئەو کاتەی سەرۆک جۆنسن لە کۆشکی سپییدا چاوی بە پێنج ژەنەڕاڵی عێراقی کەوت. بەرلەوەی ڕێککەوتن لەسەر دیدارەکە بکرێ، «ڕوسک»ی وەزیر یاداشتنامەیەکی بۆ سەرۆک بەرزکردەوە، داوایکردبوو ڕەزامەندی لەسەر کۆبوونەوەکە لەسەر ئەو بنەمایە دەربڕێ، کە عێراق "پێیناوەتە سەر حاڵەتی بڕیاردانێکی یەکلاکەرەوەی کوشندە" سەبارەت بەو ئاراستەیەی، کە لە داهاتووا دەیگرێتەبەر. بەڵگەی ئەوەش هەبوون، کە عارف سەرکردەی "هێزی میانڕەو بوو" بەوەی داڕێژەری سیاسەتی "یەکەم شت


هەواڵنامەی کتێب

عێراق" بوو. ئیدی لەبەرئەوە «ڕوسک» هەستیکرد، کە دیدار لەگەڵ ژەنەڕاڵەکان دەبێتە مایەی "نەرمکردنی" مۆڕاڵی عارف و هێزیشی دەداتێ تا "پەیوەندی توندوتۆڵی پێشتریش لە ڕێی گۆڕینەوەی پەیام لەنێوان سەرۆکی ئەمریکا و عارف لەڕێی کەناڵە دیپلۆماسییەکان گەرمتر بێ."[٨٦] «والت ڕۆستۆ»ی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی سەرۆک، کە لە نیسانی ١٩٦٦وە جێگەی «ماکگۆرگ بەندی» گرتبووەوە، بە پێشنیازەکەی عێراق قایلبوو، لە کاتێکدا "بە شێوەیەکی نائاسایی" دەستەبەری "بەهەندهەڵگرتنە سەختگیرەکان بوو." بە ڕۆنان لەسەر بەڵگەوبەندی «ڕوسک»، «ڕۆستۆ» ئەوەی بەبیر سەرۆک جۆنسۆن هێنایەوە، کە ئامانج لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە بوو "هانی حکوومەتەکانی وەک [عارف] بدرێ لەسەر پێی خۆیان بوەستن و زیاتر لە نێو بزووتنەوەی ڕادیکالیانەی ناسیونالیزمی عەرەبیدا نەچەقن، چونکە ئەمە کێشەی زۆر بۆ ئیسرائیل دروستدەکا." ئەو گوتی، کە دەستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، تەنانەت ئەوەشی بەهەندهەڵگرتبوو، کە چەند مانگ پێشتر بانگهێشتی خودی «عارف» بکەن بۆئەوەی بە سەردانێکی دەوڵەتیانە بچێتە واشنتن، بەڵام هەرزوو ئەو بیرۆکەیە ڕەتکرایەوە، چونکە جڵەوی دەسەڵاتەکەی شلبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕاستییەی، کە «عارف» نێردەیەک بۆ واشنتن دەنێرێ، نیشانەیەکە بەوەی ڕابەری عێراق دەستی بۆ ئەمریکا درێژکردووە و حەزی لێیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆک بەهێزبکا. لەبەر ئەمە «ڕۆستۆ» هەستیکرد، هەموو ئەم شتانە "هاندانێکی ناچاوەڕوانکراو" بوون."[٨٧]

ئەوەبوو کۆشکی سپی قایلبوو، کە سەرۆک «جۆنسن» لە ٢٥ی کانوونی دووەمییدا چاوی بە هەر پێنج ژەنەڕاڵەکە و «ناسر هانی» باڵوێزی عێراق لە واشنتن بکەوێ. لەو چاوپێکەوتنەشدا سەرۆک دیاری بەخشییە هەر پێنج ژەنەڕاڵەکە و پەیامێکی بۆ «عارف» پێڕەوانەکردن کە "بە خۆی حەزی لێیە پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێو هەردوو حکوومەتەدا بنیادبنێ."[٨٨]



هەواڵنامەی کتێب

ئیدی لە ناوەڕاستی ١٩٦٦ و حوزەیرانی ١٩٦٧ دا لەو زنجیرە ئاڵوگۆڕەی نێوانیان ڕوون و ئاشکرا بوو، کە ئیدارەی جۆنسن پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ عارف دروستکردووە، ئەو کەسەی وا دەبینرا کە دژەکۆمۆنیست، ناسیونالیستێکی عێراقی و یەکێکە لەو هێزە کەمە میانڕەوانەی لەنێو وڵاتەکەدا هەن. کەچی بۆ بەدبەختی عارفیش لە ڕووی سیاسییەوە لاواز بوو، سەرهێڵی لەو توندتر لەنێو دەسەڵاتدارە سەربازییەکاندا هەبوو. گەورەترین بەڵگەش لادانی سەروەزیرە سەرکەوتووەکەی سەردەمییانە «عەبدولڕەحمان ئەلبەزاز» بوو. زێدەباری ئەو داڕسانانەش، هێشتا کۆشکی سپی توانی سەرەداوی ئاستێکی بێپێشینەی دۆستایەتی ئەمریکا - عێراق ڕابچێنێ. کەچی بۆ بەدبەختی، لەگەڵ ئەو هەموو بەرەوپێشچوونانە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق، بە ماوەیەکی کەم لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی خۆپارێزانەی ئیسرائیل لە دژی میسر، کە نیمچە دوورگەی سینا، بەرەی ڕۆژئاوا و بەرزاییەکانی جۆلانی لە ١٩٦٧ دا گرت، عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا پچڕاند. ئەمەش لەو دەهریبوونەوە هات، کە ئیدارەی جۆنسن پشتی ئیسرائیلی گرت، ئیدی عارف ناچاربوو پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بپچڕێنێ.

**بەر لە جەنگ**

ئەو ماوەیەی بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی شەش ڕۆژە لە حوزەیرانی ١٩٦٧ لە نێوان ئیسرائل و بەرەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی وەک میسر، سووریا و ئوردن؛ ڕژێمی عارف ڕۆڵێکی کلیلئاسایانەی بینی و لە هەوڵ و تەقەللاکانی بۆ ڕوونەدانی بەیەکدادانەکە. بە لێکەوتەیەکی بەرڕەوتانە و وەک شتێکی بنەڕەتی ئەو کودەتایەی لە شوباتی ١٩٦٦ لە سووریا سەریهەڵدا و بووە مایەی ئەوەی "لقێکی توندڕەو" لە حیزبی بەعس دەسەڵات بگرێتەدەست. ئیدی ئەو ڕژێمە نوێیە سووری بە وتاری زمانلووسیی جۆشەدەرانە ڕەوشی گرژ و وروژاوی



هەواڵنامەی کتێب

«بەرزاییەکانی جۆلان»ی زیاتر تاودا، ئەمەش سەریکێشا بۆ بەیەکدادانە سەرەکییەکان لە نزیک «دەریای جەلیل» لە ئابی ١٩٦٦ دا. لە مانگی تشرینی دووەمیشدا، سووریا پەیمانێکی دووقۆڵی لەگەڵ میسر بەست، تێیدا بەرپرسیارێتی کردەیەکی هاوبەشیان لە دژی ئیسرائیلدا هێنایەگۆڕێ. لەو نێوەشدا، گەریلا فەلەستینییەکان لەسەر هەڵمەتە چڕەکانی یاخیبوونیان بۆ نێو ئیسرائیل و کەرتی خۆرئاوای داگیرکراوی ئوردن بەردەوامبوون و وای کرد ئیسرائیلیش لە ١٣ی تشرینی دووەمدا هەڵمەتێکی گەورەی تۆڵەکردنەوە لە دژی مێلیشیا فەلستینییەکان لە گوندی «سامو»ی کەناری خۆرئاوادا ئەنجامبدا. بە هاوپەیمانێتی سەربازی میسر و سووریا و فەلەستینیەکانیش بە بەردەوامی هەڵمەتی یاخیبوونانەیان لە کەرتی خۆرئاوادا هەڵگیدەگیرساند، ئەو ڕەوشەی لە کۆتایی ١٩٦٦ دا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی.[٨٩]

لە ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧ دا، گرژییەکانی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئیسرائیل زیاتر تاویسەند. لەو ماوەیەدا نمایشی کەسایەتیی ناسر گورزێکی گەورەی بەرکەوت، ئەویش بە هۆی هاوڵاتییە عەرەبییە مەدەنییەکانەوە بوو، کە ڕەخنەیان لە دەستەبوونی ناسر لە گۆبەندەکەی شەڕی ناوەخۆی یەمەنەوە هەبوو. ئیدی هەر لە هەڵدانی دروشمی "یەکێتیی عەرەب" لە کۆتاییەکانی پەنجاکانەوە، هێزەکانی ناسر کە ژمارەیان ٧٠,٠٠٠ سەرباز دەبوو لە یەمەن و لە میانەی ساڵەکانیشەستەکانەوە لەگەڵ عەرەبەکانی دیکە دەجەنگان، هاوپەیمانی خۆی لەدەست نەدا، هەرچەندە بە قووڵیش بە سیاسەتی دووڕوویی (هیپۆکراتی) ڕەخنەبارانکرا.[٩٠] کە ناوبانگیشی لەکەداربوو، ئیدی ناسر زنجیرەیەک ڕێکاری گرژ و توندی گرتنەبەر بۆ ئەوەی ئەوە نیشان بدا، کە هێشتا پابەندە بە پرسی عەرەب. هەر بۆ نموونە، لە کاردانەوە بۆ ئاماژەیەکی هەواڵگری ساختە وەک پەلاماردانی ئیسرائیل بۆ سەر سووریا، ئەو لە ١٦ی ئایاردا لە نیمچە دوورگەی سینادا هێزەکانی خۆی تەیارکرد و داوای لە هێزی ئاسایشپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، لەوێ بکشێنەوە. سێ ڕۆژیش



هەواڵنامەی کتێب

دوای ئەو پێشهاتە، فەرمانی بە سوپای میسر کرد، بەڵکو شوێنی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە «شەرەم ئەلشێخ» بگرنەوە و باری ئابلۆوقەی لەسەر هاتوچۆی کەشتیوانی لە دژی ئیسرائیل لە نزیک «گەرووی تیران» لە ٢٢ی ئایاردا ڕاگەیاند. بۆ ئیسرائیلییەکانیش ئەم کردەوەیە جاڕدانی جەنگ بوو.[٩١] هەربۆیە، لە کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٦٧ دا، ڕەوشێک هاتەپێشەوە، کە حیساباتی هەڵە و هەر وروژاندنێک یەکسەر دۆخەکەی دەگەیاندە سەر باری جەنگ.

لە ماوەی مانگی ئایاری ١٩٦٧ دا گرژیەکانی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبییەکان تا دەهات لەسەر یەک کەڵەکە دەبوو، «عەدنان پاچەچی» وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق بە دوای ئەوەدا گەڕا، بەڵکو فتیلەی شەڕەکە بکوژێنەتەوە. لە ٣١ی ئایاری ١٩٦٧ دا، «والت ڕۆستۆ» یاداشتێکی بۆ سەرۆک نارد، تێیدا هێڵی بەژێر ڕاسپاردەکانی «ڕوسک»ی وەزیردا هێنابوو، کەوا ئەو «پاچەچی» بینیووە و سەختانگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵ تاوتوێ کردووە. لە یاداشتەکەی خۆیدا، «ڕۆستۆ» وەسفی «پاچەچی» بە دیپلۆماتێکی "مەعقوول" کردبوو، ئەو کەسەی دەتوانێ کەناڵێکی باشبێ بۆ لای دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە. ئەو گوتی، کە دیدارە کەسەکییەکەی "تەندروست دەبێ" چونکە دەکرێ تەمی ئەو ڕامانە بڕەوێنێتەوە، گوایە ئەمریکا "بە تەواوی بە ئیسرائیلەوە پابەندە" و لەوانەشە ناردنی پەیامێکی نیازپاکی فریادڕەسێک بێ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە جیهانی عەرەبدا. لەبەر ئەم هۆیانە «ڕۆستۆ» داوای لە جۆنسن کرد بەڵکو بینینی «پاچەچی» لە دیدارێکی تایبەتیدا "بەهەندهەڵبگرێ".[٩٢] سەرۆک جۆنسۆنیش قایلبوو.[٩٣]

بۆ ڕۆژی پاشتر، لە ١ی حوزەیراندا، «پاچەچی» گەشتێکی پڕ لە هەراوزەنا، کۆبوونەوەی لە سەر ئاستی باڵا لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمریکا سازدا، چاوپێکەوتنەکانی بە بینینی «ئیگن ڕۆستۆ»ی باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەستپێکرد، ئینجا «ڕوسک»ی وەزیری دەرەوە؛ پاشان دیداری


هەواڵنامەی کتێب

تایبەت لەگەڵ سەرۆک جۆنسۆن بە درەنگانێکی هەمان ئێوارە لە «ئۆفڤاڵ ئۆفیس». هەرچەندە هیچ تۆمارێکی ئەو دانیشتنانە بەردەست نین، بەڵام پوختەی یاداشتەکەی سەرۆک ڕووناکییەک دەخاتە سەر پێگەی ئەمریکا سەبارەت بە سەختانگە گرگرتووەکە. بەگوێرەی یاداشتەکە بێ، ئەمریکا جەختی لەسەر ئارەزووی خۆی کردبووەوە، بۆ ئەوەی لە هەموو دوژمنکارییەک دووربکەوێتەوە و بگەنە چارەسەرییەک بۆ سەختانگەکە، ئەویش بەو ناوبژیوانیە نموونەییەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئەمریکا بە تەواوی پشتیگرتبوو. هەروەها «جۆنسن» مەیلی خۆشی بۆ مانەوەی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان دەربڕی، ئەوەی دەرخستبوو، کە مەترسییەکە هەمەلایەنەیە و دەکرێ هەمووان بگرێتەوە ئەگەر هاتوو نەگەنە چارەسەرییەکی ئاشتییانە، ئاماژەشی بەوە دابوو، کە ئەمریکا هانی ئیسرائیلی دابوو دانبەخۆیدابگرێ و دەست نەوەشێنێ، لە کاتێکدا جەختی لەسەر بڕوای خۆشی کردبووەوە، کە لەسەر دەوڵەتی میسریشە ڕێگە بە هاتوچۆی ئازادانەی کەشتییەکانی هەموو دەوڵەتەکان بدا بە ئیسرائیلیشەوە. لە کۆتاییدا، «جۆنسن» جەختی لەسەر سیاسەتی پشتگیری ئەمریکا بۆ سەلامەتی یەکانگیریی خاک و سەربەخۆیی سیاسیانەی هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردبووەوە.[٩٤]

بۆ بەدبەختی «پاچەچی» لە سەعاتە هەرەزووەکانی سپێدەی ڕۆژی پێنجی حوزەیران، هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی هێرشی خۆپارێزییانەی کردە سەر هێزی ئاسمانی میسریی، بەشی هەر زۆری هێزەکەی هەر لەسەر زەوی بە ماوەی چەند سەعاتێک تێکوپێکشکاند. دواتر لە هەمان ڕۆژدا، فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئیسرائیل هێزی ئاسمانی سووری و ئوردنیشیان کردە نیشانە، بەمە باڵادەستی و کۆنترۆلی خۆیان لە ئاسمان سەلماند. لەو خاڵانەدا، هێزی زەمینی ئیسرائیلی ڕوویان لە سوپای میسری کرد، بە نێو نیمچە دوورگەی سینادا کشان و دەستیان بەسەر بەری ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێسدا گرت. میسریش لە نۆی حوزەیراندا بە ئاگربەست قایلبوو. لەو نێوەشدا، ئیسرائیل هێزەکانی ئوردنی



هەواڵنامەی کتێب

بەزاند و دەستی بەسەر ئۆرشەلیم و بەرەی ڕۆژئاوادا گرت، ئینجا بە هەموو کاریگەریی خۆیەوە ڕووی لە سووریا کرد و بەرزاییەکانی جۆلانیشی داگیرکرد. تەنیا لە ماوەی شەش ڕۆژدا، ئیسرائیل بە تەواوی بەرەی شەڕی پێشەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی تێکشکاند و نزیکەی سێ ئەوەندەی خاکی خۆی کەوتەبەردەست.[٩٥]

لێرەدا هیچ پرسیارێک لە گۆڕێدا نییە، کە ئەو ماوەیەی بەر لە جەنگی شەش ڕۆژەدا، ئەمریکا و عێراق بە قۆناغێکی پێشکەوتووی بێپێشینە لە بواری پەیوەندییەکانیاندا دەڕۆیشتن. پەیوەندییەکەیان بە شێوەیەکی دۆستانە و ڕێکوپێک لەنێوان جۆنسن و عارفدا دەڕۆیشت، بە گەرمی لە واشنتن پێشوازی لە ژەنەڕاڵە عێراقییەکان کرا و دیداری تایبەتیشی لە نێوان سەرۆک جۆنسن و «پاچەچی»دا هات، هەموو ئەمە ئەوەی ڕوون و ئاشکرا کرد، کە هەردوو لایان مەیلیان لەبەرەوپێشبردنی پەیوەنییەکانیان هەبوو. هەرچەندە، هەڵگیرسانی جەنگی شەش ڕۆژە دەرفەتی باشترکردنی پەیوەندییەکانی وێرانکرد و لە کۆتاییشدا ڕژێمی عارف زەبرێکی کوشندەی بەرکەوت. ئیدی هەرێمەکە هەرگیز وەک خۆی لێنەهاتەوە.

### ئەنجام

لە ماوەی چوار ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیی جۆنسندا، سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراقدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوپەیمانە نزیکەکانی وەک بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل نامۆبوو، تێکینەدەکردەوە. هۆیەکەشی بۆ ڕوانگەی جیاوازی هەریەک لەو وڵاتانە دەرهەق بە عێراق دەگەڕایەوە. کاتێکیش جۆنسن هاتە سەر کورسی سەرۆکایەتی، تازە ئەفسەرانی عێراقی بە سەرکردایەتی «عەبدولسەلام عارف» لە کاردانەوەی ئەو توندوتیژییەی لەگەڵ حیزبی بەعسدا هەیبوو، دەسەڵاتی



هەواڵنامەی کتێب

کۆنترۆڵکرد، ئەو کارەی بەرپرسیارێتی سووریاشی بۆ دەستبەسەر دەسەڵاتداگرتن هێنایە کایە. هەرچەندە بەریتانیا، ئیسرائیل و ئێران ڕژێمی عارفیان بە نەرموشل لەگەڵ ناسر دەبینی، کە هەر یەکەیان لەبەر هۆی تایبەتی بە خۆیان دەیانبێزراند، کەچی ئەمریکا لەگەڵ پەیوەندیی دۆستانەی عارف بە ناسردا هەڵیکرد، تا ئەوکاتش لەگەڵ پەیوەندییەکەدا هەڵیکرد، کە عێراق لەباری بێلایەنیی (لاشەڕی) خۆی سەبارەت بە جەنگی سارد بمابایە و بە سیاسەتەکانی ناوەخۆی دژەکۆمۆنیست پابەندبووبایە.

پرسی یەکێتیی عەرەب خاڵێکی دیکەی لەیەکجیابوونەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوو. هەر لە ئیدارەی ئایزنهاوەرەوە، ئەمریکا پاڵشتی یەکێتیی عەرەب بووە، ئەو یەکێتییەی کە دژەکۆمۆنیست بمێنێتەوە و بە زۆرەملێش نەسەپابێ. هەرچۆنێک بێ دژایەتی بەریتانییەکان بۆ یەکێتییەکە لە متمانەنەکردن بوو بە نیازەکانی ناسر و پێویستی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییە بەهەندهەڵگیراوەکان و سەربازییەکانیان بوو لە کەنداو. ڕەوشەکەش تەنیاوتەنیا لەسەر شەڕە درێژخایەنە بە نوێنەرایەتییەکەی بەریتانیا و میسرییەکان بوو لە یەمەن. پاڵنەری ئێرانییەکانیش بۆ وەستانەوە بەرانبەر بە یەکێتیی عەرەب هاوشێوەی بەریتانییەکان بوو؛ ئاخر شا متمانەی بە ناسر نەبوو و نیگەرانیش بوو لەوەی ناسر پێگەیەکی کاریگەر لە کەنداوادا دابمەزێنێ. ئەو کەنداوەی جێی چاوتێبڕینی هەرێمییانەی خۆی بوو. لەوەش پتر، عێراق بە خۆی و ئەو هەموو شایستەی نەوتیەی، تاکە دەوڵەتێکی هەرێمی بوو کە شیاوی ئەوە بێ، ببێتە داڕسانێکی درێژخایەن بۆ ئێران، بۆ ئامانجی باڵکێشانەی هەژموون. لەبەرئەوە، شا دەیەویست عێراق بە نایەکگرتوویی، بە ناسەقامگیر و بە لاواز بمێنێتەوە. لە کۆتاییشدا، ئیسرائیلیش خوازیاربوو ڕێ لەوە بگرێ، کە ناسر جڵەوی عێراقی بەو دەوڵەمەندییە زۆروزەوەندەی نەوت بکەوێتەدەست، ئیدی بۆ ئەوەی عێراق بە لاوازی و دابەشکراوی بهێڵێتەوە، بەوەی بەشدارییەکەی لە جەنگی عەرەب – ئیسرائیلدا سنووردار بێ. هەروەک شەڕی شەش ڕۆژە ڕوون و ئاشکرای کرد،


هەواڵنامەی کتێب

ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر مەزن بوو. **لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەو هۆکارە لە یەکجیاوازانەدا، هەر سێ لایەن گەیشتنە ئاکامێک کە دابینکردنی چەک و کۆمەکی ئابووری بۆ کورد و هاندانیان تا شەڕی خۆی لەگەڵ عێراق هەڵگیرسێنێتەوە، چونکە دەبووە مایەی لاوازکردنی دەوڵەتی عێراق و وای لێدەکرد کە هاوشانێکی سەرنجڕاکێش نەبێ بۆ ناسر.** ئەم حاڵەتەش لەگەڵ سیاسەتی دەستوەرنەدانی ئەمریکا و پشتگیری ناچالاک بۆ یەکێتیی عەرەب دژبەر بوو. وەک بەرەنجامێکیش، هەر لە سەرەتای ١٩٦٤ـەوە تا حوزەیرانی ١٩٦٦، سیاسەتی ئەمریکا بە ڕوون و ئاشکرایی لەگەڵ سیاسەتەکانی بەریتانیا، ئێران و ئیسرائیل سەیر و ناجۆر بوو.

لە ماوەی نێوان مردنی «عەبدولسەلام عارف» لە نیسانی ١٩٦٦ دا و هەڵگیرسانی شەڕی شەش ڕۆژە لە حوزەیرانی ١٩٦٧ دا، پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق وا دەبینرا، کە بەخێرایی بەرەو پێشەوە بڕوا. هەموو ئەو ڕووداوانەش لە چاوی هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕژێمێکی میانڕەوی لایەنگری ڕۆژئاوای وەک «عەبدولڕەحمان عارف»، بەزاندنی سوپای عێراق لە سەردەستی کورد لە چیای هەندرێن و نەخشەی ئاشتییانەی حکوومەتەکەی بەزاز دەخوێنرایەوە. پەیوەندییەکەش بە بەرجەستەکردنی سەردانی پێنج ژەنەڕاڵەکەی عێراقی بۆ کۆشکی سپی لە کانوونی دووەمی ١٩٦٧ دا و دیدارە تایبەتییەکەی نێوان سەرۆک جۆنسن و «عەدنان پاچەچی» وەزیری دەرەوەی عێراق بەرجەستەبوو، ئەمەش هەمووی بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی شەش ڕۆژەدا ڕوویدا. کەچی بۆ بەدبەختی، جەنگەکە هەموو پەرەسەندنێک کە لەو ماوەیەدا بەدیهاتبوو، تێکدا؛ نەخاسمە ئەو کاتەی حکوومەتی عێراقی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا پچڕاند. ئەمەش واتای ئەوەی گەیاند، لەو کاتەی عێراقییە میانڕەوەکانی وەک «عارف» و «پاچەچی» زۆرتر پێویستیان بە پاڵپشتی ئەمریکا بوو، ڕاستییەکەشی ئەوەبوو، ئەمریکا هیچ ئامرازێکی وای


هەواڵنامەی کتێب

لەبەردەستدا نەبوو، کە پشتگیرییان بکا. ئەم ڕیزە هەلومەجە تراژیدییانە کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر ئاراستەی ئایندەی عێراق دانا.


هەواڵنامەی کتێب

**بەندی: ٥**

**جۆنسن و کشانەوەی بەریتانیا لە کەنداو:**

**حوزەیرانی ١٩٦٧ - کانوونی دووەمی ١٩٦٩**

بە شۆڕبوونەوە بۆ نێو هۆڵی قاوەخانەکەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراقی، «ئینۆچ ئێس دەنکان» هەر دەبێ لە گفتوگۆکەی لەگەڵ «عەدنان پاچەچی»دا بۆی دەرکەوتبێ، کە ڕەوشەکە باش نییە. ئاخر سەعات یەکی بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی حوزەیران بوو، کە هێزەکانی ئیسرائیل هێرشێکی خۆپارێزییان کردە سەر میسر، سووریا و ئوردن، ئەمەش دەستپێکی شەڕێک بوو تەنیا شەش ڕۆژی خایاند و جیهانی عەرەبی لە نێو گەرداوێکی پاشاگەردانییدا هێشتەوە. جەنگەکە بە زیانێکی گەورەی بەرەی دەوڵەتە عەرەبییەکان تەواوبوو، سوپای هەر دوو دەوڵەت هەر لەسەر زەوی، مۆڵگەکانی خۆیان بەسەریاندا خاپوورکرا و سوپای ئیسرائیل دەستی بەسەر ئەو ڕووبەرە خاکانەش داگرت کە کەوتنە بەر هێرش و پەلامارەکەی. «دەنکان»یش ئەودەم کارهەڵسوڕێنەری کاروباری ئەمریکا بوو لە بەغدا، چونکە «ڕۆبەرت سترۆنگ»ی باڵوێزی ئەمریکا لەسەر ئەوە بوو وڵاتەکە جێبێڵێ. کاتەکەش لەوە خراپتر نەبوو. کاتێکیش «دەنکان» چاوی بە «پاچەچی» کەوت، ئەو پاچەچییەی زۆر بە ڕەوانی بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، پێیگوترا کە عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا پچڕاند، چونکە "لەبەر پشتیوانی ئاسمانی و غەیرە ئاسمانی داوەتە ئیسرائیل" ئیدی باڵوێزخانەکە پێنج ڕۆژی لەبەردەمدایە تا "لەو کاتە مەعقوولەدا" خۆی کۆبکاتەوە و کاروبارەکانی تەواوبکا و وڵات بەجێبێڵێ، پێدەچوو بەرەو ئێران، بۆ لای هاوپەیمانە نزیکەکەیان برۆن.[1] کاروانی



هەواڵنامەی کتێب

کاربەدەستانی ئەمریکا لە ١٠ی حوزەیراندا ڕۆیشتن و بەدوایدا هیچ کاربەدەستێکی ئەمریکی تا ئەیلوولی ١٩٧٢ دا نەگەڕایەوە بەغدا.[٢]

لە ماوەی دوو ساڵەکەی سەرۆکایەتی «لیندن بی جۆنسن»دا، دیاربوو ئەمریکا لە سەختانگێک بۆ سەختانگێکی دیکە بازیدەدا. هەڵگیرسانی شەڕی شەش ڕۆژە، بایکۆتی نەوتی عەرەب و داخرانی نۆکەندی سوێس، هەر هەمووی بەسەر ئابووری جیهان بوونە بەڵا، بە شێوەیەکی خراپیش باندۆری خۆی بەسەر بەریتانیا و ئەوروپای ڕۆژئاوادا بەجێهێشت. کاتێکیش سەختانگی ئابووری بە توندی بەرۆکی ئەوروپای گرتەوە، تاوسەندنی جەنگ لە ڤێتنام - بەتایبەتیش دوای هێرشە چڕوپڕەکەی «تێت» لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨ دا - وای لەسەرۆک «جۆنسن» خواست بایەخ و سەرنجی پەرت نەبێ. هەروەک یەکێ لە توێژەرەکان تێبینیکردووە، "لە بانگەشەیەکی خێرای «جۆنسن» بەوەی گوایە ڕەوشی ڤێتنام کۆنترۆڵکراوە و سەرکەوتنیش لەئاسۆی بینیندایە، ڕەتکرایەوە."[٣] لە کۆتاییدا جەنگی ڤێتنام بووە مایەی ئەوەی «جۆنسن» کە بڕیاری خۆهەڵبژاردنەوەدا نەدا. ئەوەش نەکرا، هەرچەندە واتای ئەوەشی گەیاند، کە کاری «جۆنسن» بەسەرچوو.

لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨ دا، هەر دوای ئەوەی کە تازە کۆشکی سپی بەسەر سیاسەتەکەی خۆی سەبارەت ڕۆژهەڵاتی نزیکدا چووبووەوە،[٤] حکوومەتی بەریتانیا ئەمریکای هاوپەیمانی بە ڕاگەیەندراوێکی خۆی، بەوەی هێزەکانی خۆی لە کۆتایی ١٩٧١ دا لە "ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێس" بە کەنداویشەوە دەکێشێتەوە، سەرسامکرد.[٥] هەروەک زۆر لە توێژەران ئەوەیان نیشاندا، جاڕدانەکەی بەریتانیا بۆشاییەکی دەسەڵاتی بەجێهێشت، کە هەریەکە لە شای ئێران «محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی» و عێراقیش بە پشتیوانی سۆڤیەتەوە خوازیاریان بوون کەلێنەکە پڕبکەنەوە.[٦] هەرچۆنێک بێ ئەمریکا لە زۆنگاوی ڤێتنام چەقیبوو، بۆیە نەیدەتوانی ئەو کەلێنەی بەریتانیا لە کەنداو بەجێیهێشتبوو، پڕبکاتەوە. ئەمەش بژاردەی کەمی لەبەردەم ئیدارەی جۆنسندا هێشتبووەوە،


هەواڵنامەی کتێب

بەتایبەتیش لەبەرئەوی ئامادە نەبوو کارتی سەوز بداتە شا تا باڵ بەسەر هەرێمەکەدا بکێشێ. وەک ئەنجامێکیش، ئیدارەی جۆنسن تێکۆشا هەردوو دەوڵەت، ئێران و عەرەبستانی سعوودی وەک "جووت دینگەی جمک"ی هەرێمەکە دروستبکا، ئەو سیاسەتە بۆ ئەوە نەخشەی بۆ کێشرابوو، نەوەک یەکێتیی سۆڤیەت بۆشایی دەسەڵاتەکە پڕبکاتەوە. لەبەر ئەوە، دیسان ئەوە ڕوون و ئاشکرابوو، کە پرۆسەی داڕشتنی بڕیاری ئەمریکا لە دنەدان و پێویستی ئەوە کارابووەوە کە دەستڕۆیشتنی یەکێتیی سۆڤیەت لە هەردوو ناوچەکە (عێراق و هەرێمەکەدا) لەخۆبگرێ و قووتبدا.

**پچڕاندنی پەیوەندییەکان**

کاتێک لە پێنجی حوزەیراندا شەڕی شەش ڕۆژە هەڵگیرسا، حکوومەتی عێراقی لەبەر سێ هۆ نەیدەتوانی پاڵپشتی بەرەی پێشەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە جەنگەکەیان دژ بە ئیسرائیل بکا: (١) بەزاندنی تەڕدەستانەی ئوردن لەسەردەستی هێزەکانی ئیسرائیل - کە لەوێ لقی سێیەمی زرێپۆش مۆڵگەی خۆی لێدابوو - ئەمەش واتای ئەوەی گەیاند، شەڕەکە هەر زوو بەر لەوەی هێزەکانی عێراقی کاتی ئەوەیان هەبێ خۆیان کۆبکەنەوە، بڕایەوە. (٢) ورەی سوپای عێراقی پێشتر لەبەر شکستەکەی چیای هەندرێن لە ئایاری ١٩٦٦ دابەزیبوو. (٣) حکوومەتی عێراقی دەترسا نەبادا بارزانی پەلاماریان بدا و بەمە ڕووی هێزەکەی سەربازی وەرسووڕێنێتە سەر کوردستان و بەری وە ئیسرائیل نەمێنێ.[٧] ترس بە تەواوی باڵی بەسەر مەیداندا کێشابوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتی نووسینگەی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوە بێ، **ئەو ڕۆژانەی بوونە مایەی هەڵگیرسانی شەڕەکە، "ئاژانێکی ئیسرائیلی... سەردانی مەلا مستەفا بارزانی کرد تا ئەگەر بلوێ هەندێ کردەوەی سەربازییانە بۆ تێوەگلان و شکاندنی سوپای عێراقی ڕێکبخا،" بەڵام کورد نەچووە ژێر باری ئەم کارە.**[٨] ئەمەش دواجار



هەواڵنامەی کتێب

نەبوو، کە ئیسرائیل هەوڵبدا گەمە بەو کارتە بکا. لەگەڵ ئەوەشدا، خێرایی سەرکەوتنی ئیسرائیل بەسەر میسر، سووریا و ئوردن لە حوزەیرانی ١٩٦٧ دا و هەڕەشەی هێرشێکی کورد واتای ئەوەی گەیاند، کە بەشداری عێراق لە شەڕی شەش ڕۆژەدا زۆر خاکییانە بوو، زیاتر لە شێوەی ئۆپەراسیۆنی ئاسمانیدا سنووردارکرابوو. هەروەک «پۆلاک»یش پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە، لە پێنجی حوزەیراندا، دوو فڕۆکەی بۆمبهاوێژی عێراقی جۆری TU - 16 هەوڵیاندا بۆمب بەسەر ئیسرائیلدا ببارێنن، لێ سەرەنجام بۆمبەکانیان لە کێڵگەی بەتاڵوحەتاڵدا خاڵییکرد، هەرچەندە فڕۆکەی ڕاوەدونەری هاوکەر (Haker)ی عێراقی "ڕۆژی ڕەشیان"ی[32] نیشانی هێزی بەرگری ئیسرائیلی دا.

کاردانەوەی عێراق لە هەمبەر پشتگیری ئەمریکا بۆ ئیسرائیل زۆر دڕ و شەڕانگێزییانە بوو. لە حەوتی حوزەیراندا، وەزیری دەرەوەی عێراق بە باڵویزخانەی ئەمریکای لە بەغدا ڕاگەیاند، لەبەر پشتگیری ئەمریکا بۆ ئیسرائیل لە شەڕەکەدا، ئیدی عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا پچڕاند.[١٠] بە گوێرەی «گرانت ماک میلان»ی دیپلۆماتی پلە سێی لە بەغدا، سەرەتا باڵوێزخانەکە ستافە ناسەرەکی و لاوەکییەکەی لابرد، کە ئەمانە "بۆ هەموو کەسێک مایەی ترسوبیم بوون." ئەوەش بۆ «ماک کلانگهان» ڕوونبوو، کە عێراقییەکان "لە ئێمەیان دەویست دەستوبردکەین، دیاربوو چاوەڕێی دەنگدانەوەی ناڕەزایەتی دیپلۆماتیانەیان دەکرد. "لەو کاتەشدا لەسەر شەقام و لە دەرەوەی باڵوێزخانەکەدا خۆپیشاندان هەبوو، گرووپێک لە خۆپیشاندەران بەسەر داروديواری باڵوێزخانەکە کەوتن و جامی پەنجەرەکانی پێشەوەی باڵەخانەکەشیان شکاند.[١١] لەپاش پچڕاندنی پەیوەندییەکان و نیشاندانی ناڕەزایەتییەکان، عێراقیەکان مۆڵەتی فڕینی ئەمریکایەکانیشیان بەسەر ئاسمانی عێراقدا ڕەتکردەوە، بایکۆتی کەلوپەلی ئەمریکیشیان کرد و ئەوەشیان ڕاگەیاند، کە باری کەشتی نەوت بۆ ئەمریکا هەڵدەپەسێرن.[١٢]

---

[32] نووسەر دەق نووسیویەتی "کاتی سەختیان نیشاندا" من ئەم ئیدۆمەم پڕبەپێست زانی.



هەواڵنامەی کتێب

«دەنکان» بەرلەوەی لە دەی حوزەیراندا بەغدا بەجێبێڵێ، ڕووبەڕووی دوو ئەرکی سەرەکی ببووەوە.[١٣] یەکەمیان؛ دەبوایە هۆشداری دابایە واشنتن بەوەی ئەو میانڕەوانەی، کە سەرەتا وا پێدەچوو "لەسەر پشتی زین"ی دەسەڵات بن، کەچی "توندڕەوەکان" جێگەیان پێلەقکردن، حکوومەتیشیان ناچارکرد لە ژێر ناوی "یەکێتیی نیشتمانی"یدا سازشبکا، هەروەک ئەوەی «تاهیر یەحیا»، کە لەسەر هێڵی توندڕەوی سەربازی بوو، بکاتە سەرووەزیر و فەرمانیش بدا «عارف عەبدولڕەزاق» ئازادبکرێ، ئەو کەسەی لەو کورتە ماوەیەی لە ١٩٦٦ دا سەرووەزیر بوو، هەوڵیدا عارف بڕووخێنێ.[١٤] بێتوانایی عێراقیش لە بەشدارینەکردن لە شەڕی شەش ڕۆژەدا، بووە مایەی شەپۆلێک لە تووڕەیی و نارەزایی لەنێو سەرکردە سەربازییەکاندا.[١٥] بە کورتی، جەنگەکە ڕێگەی بۆ ڕادیکاڵەکان خۆشکرد ڕژێمی هەرەمیانڕەوی عارف بڕفێنن، ئەمەش سەریکێشا بۆ زنجیرەیەک بڕیاری توندوڕەق، وەک پچڕاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا، بەمە هەموو کردەیەکی پەرەسەندوو، کە ئەمریکا و عێراق لە ساڵی پێشتردا بەدەستیان هێنابوو، لەباربرد.

ئەرکی دوەمی «دەنکان» ئەوەبوو دەوڵەتێک بدۆزێتەوە، کاروباری ئەمریکا لە عێراق هەڵبسووڕێنێ و بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاوبگرێ. لەو سپێدەیەی کە دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لەسەرئانوساتی بەجێهێشتنی بەغدا بوون، هەوڵێکی چڕوپڕی دا بەڵکو دەوڵەتێک بدۆزێتەوە، کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق بکا. سەرەتا «دەنکان» ڕووی خۆی لە باڵوێزخانەی تورکیا کرد، ئاخۆ دەکرێ نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش بکەن، بەڵام لە ١٠ی حوزەیراندا، هێشتا وەڵامی تورکەکانی بۆ نەگەڕابووەوە و تا دەهاتیش کاتی هۆشداری بەجێهێشتنی بەغدا، کە سەعات ٨:٣٠ی بەیانی بوو، نزیکدەبووەوە، ئینجا «دەنکان» برووسکەی بۆ وەزارەتی دەرەوەی خۆی لێدا بەڵکو هەنگاوێکی کاتی پەنا بۆ بەلجیکییەکان ببەن. بەر لە چاوەڕێکردنی ڕێنمایەکانیش، ئەو چاوی بە «مارسل دوپریت» باڵوێزی بەلجیکا لە بەغدا



هەواڵنامەی کتێب

کەوت، ئەویش قایلبوو، باڵوێزخانەکە وەربگرێ و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکا، هەڵبەت ئەمەش تا ئەوکاتەی حکوومەتی عێراق ڕێگەیان پێدەدا. ئیدی ٣٠ خولەکی دیکەش تێپەڕی، پاشان، «دەنکان» داوای لە وەزارەتی دەرەوە کرد، بە حکومەتی بەلجیکا بڵێن، کە «دوپرێت» باڵوێزخانەکە وەربگرێ و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش بکا، تا ئەو کاتەی حکوومەتی عێراق ڕێگەیان پێدەدا. ئیدی ٣٠ خولەکی دیکەش تێپەڕی، پاشان، «دەنکان» داوای لە وەزارەتی دەرەوە کرد بە حکومەتی بەلجیکا بڵێن، کە «دوپرێت» قایلبووە ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، بەڵام چاوەڕێی ڕێنمایی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی حکوومەتی بەلجیکایە. لە سەعات ١١:٢٠ی بەیانییدا، «دەنکان» برووسکەی بۆ وەزارەت لێدایەوە ئاماژەی بەوە کرد، عێراق قایلە بەوەی لەسەر بنەمایەکی کاتیی بەلجیکا نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بکا و کلیلی باڵوێزخانەکەشی ڕادەستی «دوپرێت» بکا.[١٦]

ساڵی دواتر، ئەمریکا و عێراق پێویستیان بەوە بوو ڕێگەیەک بدۆزنەوەی تا بە شێوەیەکی فەرمی باری پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانیان لەنێونیاندا ڕێکبخەنەوە. هەردوولاشیان ڕازیبوون، بە هێواشی دەست بە دامەزراندنی کاروباری دەرەوەیان، ئەوەی پێیدەگوترا "هۆبەی بەرژەوەندییەکان" لە پایتەختی هەردولایان بکەنەوە. هەرچی دەربارەی ئەمریکا بوو، بەلجیکییەکان وەک نوێنەری بەرژەوەندیەکانییان لە عێراق مانەوە، لە کۆتاییشدا تەواوی ئەرکە دیپلۆماتییەکان لەسەر خاکی باڵوێزخانەی پێشتری ئەمریکا لەبەغدا ڕاییکرا، لەو نێوەشدا هندییەکان ئامادەبوون نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیەکانی عێراق لە ئەمریکا بکەن. وەک دەستپێشخەرییەکیش، ئەمریکا ویستی چەندین کاربەدەستی خۆی بنێرێتە بەغدا، بەڵام عێراق ژمارەکەی ڕەتکردەوە، پێباشتر بوو تەنیا یەک ئەفسەری پلەباڵا و یاریدەدرێکی کارگێڕیشی لەگەڵدا بنێرێ. ئەمەش مایەی پێقایلبوون نەبوو، لەبری ئەوە ئەمریکا پێیباشتر بوو هەر بەلجیکییەکان نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیەکانیان بکەن، ئەوانیش کاریان بە کارمەندی خۆجێی


هەواڵنامەی کتێب

دەکرد.[١٧] لەو خاڵەوە تا پەرەسەندنی ڕەوشەکە بۆ ئاڵوگۆڕی دیپلۆماتی ئاست مامناوەند لە سەرەتای ١٩٧٢ دا، پەیوەندی نێوان کاربەدەستانی ئەمریکا و عێراق سەیر و نامۆ بوو و تیشکیشی خستبووە سەر کێشەی عەرەب – ئیسرائیل.[١٨]

لێکەوتەی گەورە و قووڵی شەڕی شەش ڕۆژە زیاتر لە گەمارۆی نەوت دژی ئەو دەوڵەتانەی پشتگیری ئیسرائیلیان کردبوو، هەروەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها لە داخستنی نۆکەندی سوێس ڕەنگیدایەوە، کە بە هۆی داخستنەکە ئەورووپا لە کۆلۆنییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لە ئاسیا دابڕا. لە ٦ی حوزەیرانیدا، عێراق، کوێت و عەرەبستانی سعوودی ڕایانگەیاند، کە گەمارۆی باری نەوت دەخەنەسەر کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان. ئەم کردەوەیەش بۆ سەر ئەورووپا لە هەڵمەتی یابان بۆسەر ئەمریکا جەرگبڕتر بوو. لەو کاتەدا، ئەمریکا زیاتر نەوتی خۆجێی بەرهەمدەهێنا لەوەی بیکڕێ؛ بۆیە گەمارۆی نەوت باندۆرێکی سنوورداری کردە سەر ئابووری ئەمریکا. هەرچی ڕەوشی ئەورووپای ڕۆژئاواش بوو زۆر کاریگەرتر بوو. لە حەوتی حوزەیراندا، ڕاپۆرتێکی سی ئای ئەی ئاماژەی ئەوەی دا، کە گەمارۆی درێژخایەنی نەوت دەکرێ "دارمانێکی ئابووری تیژ" بێنێتەکایەوە.[١٩] بە تایبەتیش لە بەریتانیا، کە پشتی بەو بازرگانییەی لە ڕێی نۆکەندی داخراوی سوێس بەستبوو. هەروەک «فین»یش تێبینیکرد، "داخستنی نۆکەندی سوێس بارە کەشتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خستۆتە تەنگژە و هەناردەکردنی بەریتانیاشی بە شێوەیەکی بەرچاو بڕی و ئەمەش مانگانە ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری لە شەش مانگی یەکەمدا زیانبووە، ئەو بڕەش دەیکردە ڕێژەی ٢٠٪ تەواوی یەدەگ. لە باری خراپتربوونی ڕەوشەکەدا، "ئەگەر هاتبا و نەوتەکە بە ڕێگەی دیکە، بەڕێگەی «ساحل ئەلعاج» گواسترابایەوە، ئەوا تێچوونەکەی چوار ئەوەندە زیاد دەکرد." وەک ئاکامێکیش، ئابووری بەریتانیا ٩٠ ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی (دەوروبەری٢٥٠ ملیۆن دۆلار) لە بازرگانی ١٩٦٧ دا کورتهێنا.[٢٠] هەروەها ئەو کات ئەوەش ڕوون نەبوو، ئاخۆ


هەواڵنامەی کتێب

سەختانگی باری ئابووری بەریتانیا بە درێژایی سیاسەتی درێژخایەنی ئەمریکا لە بەرانبەر کەنداودا کاریگەر دەبێ یان نا، چونکە ڕاستییەکە ئەوەبوو، بەریتانییەکان چیدی دەرەقەتی ڕاگرتنی ئیمپراتۆریەتە بەرفرەوانەکەیان نەدەهاتن.

دوابەدوای شەڕەکە، ئەوە ڕوون و ئاشکرابوو، کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە بەرانبەر بەرفرەوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاشاگەردان بوو. هەر بەتەنیا عێراق نەبوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا پچڕاند؛ پێبەپێی شەڕی شەش ڕۆژە و لەبەر پشتیوانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل لە جەنگەکەدا، هەریەک لە جەزایر، میسر، مۆریتانیا، سودان، سووریا و یەمەن، پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پچڕاند. بۆ دەربازبوونیش لەو تەنگژەیە، ئیدارەی جۆنسن داوای لە «یولیوس هۆلمز»ی باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە ئێران (لە نێوان ١٩٦١ تا ١٩٦٥ دا) کرد، بەڵکو سەرپەرشتی پێداچوونەوەیەکی هەماهەنگی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکا بۆ ئەوەی ئاراستەی سیاسەتەکان سەبارەت بەو هەرێمە لە پێنج ساڵی داهاتوودا دابڕێژێ.

لە ١٧ی تەممووزدا، کۆمیتەی هەماهەنگی ئاژانسەکان «هۆلمز» لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا لەسەر ئاستە باڵاکانی حکوومەتدا دەستاودەست پێکرد. دوای دەستنیشانکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە هەرێمەکەدا، وەک ڕێگرتن لە یەکێتیی سۆڤیەت بەوەی جێپەنجەی دەستڕۆیشتنی لە هەرێمەکەدا نەبێ، بۆ پاراستنی بارودۆخی دەستگەیشتن بە نەوت، پشتگرتنی هەموو هاوپەیمانە هەرێمییەکان (ئیسرائیل، ئێران، ئوردن، عەرەبستانی سعوودی و ...هتد)، پاراستنی وەبەرهێنەکانی ئەمریکا و دنەدانی پەرەسەندنی ئابووری، بەمە ڕاپۆرتەکە لەبن هەلومەرجی جەنگی سارددا چوارچێوەی خۆی داڕشت. «هۆلمز» گەیشتبووە ئەو ئاکامە، کە پێگەی سۆڤیەتییەکان لە هی ئەمریکا باشترە بۆ قۆستنەوەی ڕەوشی دوای جەنگی شەش ڕۆژە، ئەمەش هەمووی بە


هەواڵنامەی کتێب

هۆی ئەو شەپۆڵە دژەڕۆژئاواییە "ئیمپریالیزم"ەوە بوو، کە بە ناوچەکەدا بڵاوببووەوە. بە تەقینەوەی گرژییەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، سۆڤیەتییەکان ڕێڕەوێکی سەرنجڕاکێشیان بۆ نێو هەرێمەکە دۆزیبووەوە. هەروەک ڕاپۆرتەکە تێبینیکردبوو؛ "سۆڤیەتییەکان ڕکوکینەی عەرەبەکانیان دژ بە ئیسرائیل بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاردەهێنن و عەرەبیش هەبوونی سۆڤیەت لە هەرێمەکە بۆ ئامانجی زیاتری خۆیان دەقۆزنەوە. ڕەوشەکەش بەم جۆرە تێکدەرانە و مەترسییە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا." بۆ پاشەکشەپێکردنی هەژموونی سۆڤیەتیش، ڕێنمایی «هۆلمز» ئەوە بوو، کە ئەمریکا پێوستی بەمانە هەیە؛ (١) پاراستنی لابالی باشووری ئەوروپا بەوەی هەمەجۆرکردنی دەستڕاگەیشتنی بە سەرچاوەکانی دەرامەت. (٢) بەهێزکردنی "هێزی سڕکردووی" کەمەرەی باکوور (تورکیا، ئێران و پاکستان). (٣) پەیوەندی دروستکردنەوە لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان، نەخاسمە "دەوڵەتە میانڕەوەکان"ی وەک میسر. (٤) دابینکردنی چەک "بە شێوەیەکی نەرمونیان و پراگماتی بۆ ئەوەی برەو بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بدرێ". (٥) سنووردارکردنی پشتگیری ئاشکرا لەگەڵ ئیسرائیل، چونکە پشتگیریکردنی ئیسرائیل "لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دیکەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ناکۆکە." لە کۆتاییشدا ڕاپۆرتەکە ڕێنمایی دا بەوەی ئەمریکا توانستی سەربازی لە ناوچەکەدا بسەلمێنێ، داوای دروستکردنی "هێزی سەربازی دەریای سوور - زەریای هیندی - کەنداوی فارسی" کرد (زۆر جاریش هەر بە ئاماژەی هێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەی بۆ کرد) کە دەکرێ لە کاتی پێویست و تەنگانەدا بەردەست بێ. ئیدی هەموو ئەمانە بەیەکەوە، کۆمیتەی هەماهەنگی هەستیکرد، کە ئەم پێوەرانە دەکرێ پێگەی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی سۆڤیەت باشتربکەن و متمانەی هەموو هاوپەیمانە خۆجێییەکانی هەرێمەکەشی بۆ بگەڕێتەوە.[٢١] بۆ بەدبەختیش ئەم ڕێکارانە نەگیرانەبەر،[٢٢] ئەمەش بە زۆری لەبەر ئەوە بوو، کە کاربەدەستانی ئەمریکا سەبارەت بە بەرفرەوانی مەودای هەڕەشەکانی سۆڤیەت بۆ سەر هەرێمەکە لەگەڵ «هۆلمز» کۆک نەبوون. هەر


هەواڵنامەی کتێب

بۆ نموونە «لسیوس باتل»ی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە تێبینیکرد، کێشە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی هۆلمز ئەوەبوو، کە هەرێمەکەی تەنیا لە چاوی جەنگی ساردددا بینیبوو، لە کاتێکدا زێدەڕۆیی لە توانستی یەکێتیی سۆڤیەت لە دەستبەسەرداڕۆیشتنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردبوو.[٢٣]

لە بەرایی ئەیلوولیشدا، نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INR، «ڕوسک»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی لەوە ئاگادارکردبووەوە، کە خەریکە کورد "هەراوزەنایان زیاددەبێ" و هەڕەشەی ئەوە دەکەن یاخیبوونەکەیان نوێبکەنەوە. کێشەکەش ئەوەبوو، عارف ئەوەندە تیشکی سیاسەتەکەی خۆی خستبووە سەر ئیسرائیل و هەرێمەکە بە جۆرێک لەوەدا شکستی هێنابوو کە بەڵێنەکانی لەگەڵ کورددا بباتەسەر. بۆ نموونە ئەو کاتەی ڕژێم فرۆشتنی نەوتی لە ڕۆژئاوا بڕی، بێ حەوجە خۆی لەو داهاتە بێبەشکرد، کە دەکرا مەرجەکانی ڕێککەوتنی ١٩٦٦ی پێ بێنێتەدی، ئەنجامەکەشی وەها کەوتەوە، نەخشەی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کورد وەستێنرا. «هوگ» لەسەر ئەوەش نیگەران بوو، کە ئێرانی و ئیسرائیلییەکان هانی بارزانییان دەدا دەست بە جموجۆڵی شەڕوشۆڕ بکاتەوە، بەڵام هەستیشیکرد، هەردوو لایان هێشتا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو خاڵە نەبوون.[٢٤]

بە دەستپێکی ساڵی ١٩٦٨ دا، ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە کاربەدەستە پلەباڵاکانی ئەمریکا "سیاسەتێکی گشتگرییان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوو"، بەڵکو لە بری ئەوە "کاردانەوەی لێرەولەوێیان لە هەمبەر سەختانگەکان هەبوو." لە کاتێکدا کاربەدەستانی ئەمریکا لە کۆتایی ١٩٦٦ دا تێبینیانکردبوو، کە سیاسەتی ئەمریکا پێویستی بە بیرلێکردنەوەیەکی ورد هەیە، چونکە کێشە و سەختانگی بەردەوام ڕێگر بوو لەوەی سیاسەتێکی نوێ بە فۆرمێکی دیکەی داڕێژراو پیادەبکرێ. بە دڵنیاییشەوە لێکۆڵینەوەکەی «هۆلمز» گۆشەنیگایەکی سەبارەت بە نیگایەکی تیژتێپەڕ سەبارەت بە بژاردەی سیاسی خستبووە بەردەست، بەڵام نەوەک دارشتەی بڕیارێکی داڕێژراو بێ. وەک ئاکامێکیش،


هەواڵنامەی کتێب

هەموو ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٧ دا ڕوویدا، "بەبێ ئەوەی بە ڕاستی بێتەدی، هەڵوەری." بەم کۆتاییە «جێمس کریچفیلد» بەرپرسی هۆبەی ڕۆژهەڵاتی دووری سی ئای ئەی لە ٤ی فێبرایەردا ڕاپۆرتێکی دەستاودەستپێکرد، تێیدا داوایکردبوو ئامانجی سەرەکی سیاسەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک لە ١٩٦٨ دا "باڵکێشکردنی ئاشتییە، لەکاتێکدا پشتگیری پەرەسەندنی هاوکاتی هەرێمی، سەقامگیری و سەربەخۆبوون لە هەر هەژموونێکی زلهێزدا بکرێ." هەرچۆنێک بێ، کێشە سەختەکە ئەوە بوو، کە ئەمریکا ڕووبەڕووی سنووردارکرنی هەژموونی سۆڤیەتی (هەنووکەش چینی) ببووەوە، ئەمەش لە کاتێکدا "کێشە هەرێمییەکانی ناوچەکە لەبن ئاستی شەڕی تەقلیدیدا مابوونەوە." لە ماوەی کۆبوونەوەکانی گرووپی هاوکاری هەرێمایەتی وەزارەتەکان IGRدا کە لە ٥ – ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨ دا بەسترا، «باتل» بڕیاریدا، لێکۆڵینەوەکەی «هۆلمز» پێویستی بەوەیە نوێبکرێتەوە و تا "لایەنی هەرەکەمی... هەوڵە خوازراوەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەرچاوبگیرێ، ئەمەش بەبێ ئەوەی پێشوەختە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێ، ئاخۆ کامە شت لەچاو سیاسەت و سەرچاوەکان دەقاودەق بەردەست دەبێ"، هەروەها ئەو ڕاسپاردەیەشی خستبووەڕوو، کە چۆن ڕەفتار لەگەڵ "کێشەی پەرەسەندووی کەمبوونەوەی سەرچاوەی دەرامەدەکانی ئەمریکا بە هۆی سیاسەتی دەرەکییەوە " بکرێ.[٢٥]

**کشانەوەکەی بەریتانیا لە کەنداو**

بەڵێ، هەر لەو کاتەی ئیدارەی جۆنسن خەریکی بیرلێکردنەوە بوو لە سیاسەتەکانی لە بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی نزیک، بەریتانییەکان، ئەو هاوکارە درێژخایەنەی ئەمریکا لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و خاوەنی پێگەی سەربازی لە هەرێمەکەدا، سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکای تووڕەکرد، بەوەی لە


هەواڵنامەی کتێب

بەرایی کانوونی دووەمی ١٩٦٨ دا ئاماژەی بەوەدا، کە نەخشەی خۆی بۆ ئەوە دارشتووە، لە کۆتایی ١٩٧١ دا هێزەکانی خۆی لە "ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێس" بە ناوچەی کەنداویشەوە بکێشێتەوە. لە کاتێکدا بڕیاری بەریتانیا بە کشانەوە لە کەنداودا ماوەیەکی درێژبوو لە نێوخۆدا مشتومڕی لەسەر دەکرا.[٢٦] بزوێنەری سەرەکی ئەم بڕیارە گەمارۆی نەوتی عەرەب و داخستنی نۆکەندی سوێس بوو، کە دوابەدوای جەنگەکەدا هات. لەو کاتەدا ئەو بڕیارە درا، ئەورووپا نەیدەتوانی کاروانی بازرگانیی بە سێ هەفتە لە دەورەی ساحل ئەلعاج لە ئەفریقیادا بسووڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی باری کەشتی نەوت و کەلەوپەلەکان بگەیەنێتە ئەوروپا. تا مانگی تشرینی دووەمیش حکوومەتی بەریتانیا ناچاربوو نرخی دراوی ئیستەرلینی دابەزێنێ گرەویش لەسەر پارە بڵاوببووەوە.[٢٧] هەروەک «دایڤید ماککۆرت» تێبینیکردبوو، "بە هاتنی ساڵی ١٩٦٨... ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، چیدی لە بەرژەوەندی بەریتانیادا نییە هەوڵ و تەقەللای - ماددی و دارایی - لە ناوچەییەکدا خەرج بکا، کە ڕاستەوخۆ ئاسایشەکەی ناخاتە بەر مەترسییەوە."[٢٨] بە واتایەکی دیکە، خۆری ئیمپراتۆریەتی بەریتانی ئاوا دەبوو، لە کاتێکدا ئەمریکا لە توانایدا هەبوو جێگەی بگرێتەوە.

یەکەمین ئاماژەی بڕیاری بەریتانیا بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی سوێس لە ناوەڕاستی ١٩٧٢ دا لە ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨ـەوە هات. بۆ ڕۆژی پاشتر وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا فەرمانی خۆی بۆ باڵوێزخانەکەی لە لەندەن دەرکرد، بەڵکو بچێتە بنج و بناوانی دەنگۆی کشانەوەکە، ئینجا «دین ڕوسک»ی وەزیر تێبینینامەیەکی تایبەتی بۆ «جۆرج براون»ی وەزیری کاروباری دەرەوە بەریتانیا نارد، پێداگیری لەسەر بایەخی مانەوەی پێگەی بەریتانیا لە هەرێمەکەدا کرد. وێڕای لۆبیکردنی ئیدارەی جۆنسن بۆ ئەوەی قەناعەت بە حکوومەتەکەی بەریتانیا بهێنێ بەڵکو بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، کەچی بەریتانیا نەچووە ژێربار. لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرنجڕاکێش، کەمێک بەر لە جاڕدانی بەریتانیا بۆ کشانەوە، «ڕوسک» نیشانی


هەواڵنامەی کتێب

«براون» دابوو، کە مێژووی بەڕێوبەرایەتیی وەزارەت بە "نمایشێکی نایاب" وەسفی ئەوەی کردبوو، ئاخۆ بۆچی نابێ ئەو بڕیارە ڕابگەیەنرێ، بەڵام خۆ پرسەکە ئەم شتە نەبوو.[29] کاتێکیش «براون» لە ١١ی کانوونی دووەمیدا بۆ بینینی «ڕوسک» گەیشتە واشنتن، دەیزانی هەڵوێستەکەیان لە کێشەدایە. «ڕوسک» جەختی لەسەر بایەخی هەبونی بەریتانیا لە هەرێمەکە کردەوە و لەوەش ترسا نەبادا یەکێتیی سۆڤیەت ئەو کەلێنەی لەوێ بە کشانەوەی بەریتانییەکان پەیدا دەبێ، پڕبکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا، لەوەش گەیشت کە بەریتانیا لەو کاتدا ڕووبەڕووی چ تەنگژەیەکی دارایی بووەتەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەمریکا ئامادەبوو قەرەبووی ئەو خەرجییە بداتەوە، کە بۆ مانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لەوێ پێویستە، بەڵام «ڕوسک» گوتی، کەوا کۆنگرێس لە بەرانبەر ڤێتنامدا خەرجییەکانی خۆشی "زۆر کەمکردۆتەوە". کێشەکەش ئەوەبوو، کە "تەواو کشانەوە"ی بەریتانییەکان لە هەرێمەکەدا "بڕیارێک بوو گەڕانەوەی بۆ نەبوو". ئیدی لە جیاتی ئەوە «ڕوسک» ئاماژەی ئەوەی بۆ کرد، کە ئەمریکا وای بە باش دەزانێ بەرەبەرە نەوەک بەیەک جاری بەریتانییەکان هێزەکانی لە هەرێمەکەدا بکشێنێتەوە و هەرهیچ نەبێ بەریتانیا خۆی لە جاڕدانی ئاشکرای بڕیاری کێشانەوەکە بدزێتەوە.[30] کاتێکیش وەزیری کاروباری دەرەوە گوتی، کەوا بڕیارەکە دراوە و پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە، «ڕوسک» بە توندی بە «براون»ی گوت "بۆ خاتری خودا، دەی هەروەک بەریتانییەک ڕەفتار بنوێنە"، لەکاتێکدا تێبینی ئەوەی دا "کە بۆنکرۆز لە واقیعەکەوە هەڵدەستێ."[31] یەک دوو ڕۆژ دواتر و لە ١٦ی کانوونی دووەمیدا، «براون» لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران وەستا و بڕیارەکەی بەریتانیا بۆ کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێس ڕاگەیاند.[32] ڕاگەیاندنەکەی بەریتانیا وای لە ئەمریکا کرد بە شێوەیەکی بەرفرەوان بە سیاسەتەکانی لە هەرێمەکەدا بچێتەوە تا بڕیار لەسەر واقیعێکی نوێی جیۆپۆلیتیکی کەنداودا بدا.



هەواڵنامەی کتێب

بۆ پۆلکترکردنی پرسەکە، لە ٣٠ی کانوونی دووەمییدا، واتە هەر تەنیا دوو هەفتە دوای جاڕدانی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس، هێزەکانی ڤێتنامی «ڤیکتۆنگ» لەپڕوناکاو بەسەر هێزەکانی ئەمریکایاندا دا و هەڵمەتی هێرشبەرانەی «تت»یان ڕاگەیاند. کاتێکیش کۆشکی سپی سەبارەت بە وەڵامدانەوەی تەنگژەکەی ڤێتنام لە قوڕدا چەقیبوو، ئەرکی ئەوە بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە سپێردرابوو، دەرهەق بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جارێکی دیکە بە سیاسەتی دەرەوەیاندا بچێتەوە. هەوڵ و تەقەللای پێشتر بۆ داڕشتەیەکی نوێ سیاسەتەکەیان پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو، بەریتانییەکان لەپڕ بڕیاری کشانەوە لە هەرێمەکەدا بدەن. ئیدی کێشەی چەق ئەوە بوو چۆن هاوسەنگیی هێز لە هەرێمەکەدا بپارێزن. بیرۆکەیەک هەبوو، کەوا هاوپەیمانیی هەرێمی لە هەریەک لە ئێران، تورکیا، پاکستان، عەرەبستانی سعوودی، کوێت و ئیماراتی شێخەکانی باشووری کەنداو پێکبێ، ئەو شێخنشینانەی دواتر بوونە «بەحرەین»، «قەتەر» و «میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو». لە ژێر سەرپەرشتی وەزیری دەرەوە «ئیوگن ڕۆستۆ» و لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا و لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژی ١٩ی کانوونی دووەمیدا ئاماژەی بەوە دا، ئەمەیان بژاردەیەکە چونکە دەوڵەتەکانی هەرێمەکە لەگەڵ بیرۆکەی ئیمپرالیزمی ئەمریکیدا نین. هەرچۆنێک بێ بە گوێرەی مێژووی بەڕێوبەرایەتیی وەزارەتەکە بێ، کۆمێنتی «ڕۆستۆ» لەڕاستییدا "بۆ ئەوە نەخشەی کێشابوو، تا ئەوە بخاتەڕوو، بە ڕوون و ئاشکرایی ئەمریکا هیچ نیازێکی بۆ ڕێکخستنێکی نوێی بەرگری بۆ کەنداوی فارسی نییە."[٣٣]

کاتێکیش گرووپی IRG لە یەکی شوباتدا جارێکی دیکە بۆ داڕشتنەوەی ڕێنمایینامەی سیاسەتێکی نوێ بۆ سەوداکردن لەگەڵ بڕیاڕی کشانەوەی بەریتانییەکان کۆبووەوە، گەیشتە ئەو ئاکامە، لەو کاتەی نیازی سۆڤیەت ئەوەیە، جێدەستی خۆیان لەهەرێمی کەنداودا زێدەتر بکەن، ئەوا بۆ ئەمریکا کارێکی باش نابێ هەوڵبدا جێگەی هێزەکانی بەریتانیا لەوێ بگرێتەوە. لە جیاتی ئەم



هەواڵنامەی کتێب

کارە، ڕاسپاردەی گرووپەکە ئەوە بوو، سیاسەتی ئەمریکا وەها دابڕێژرێ تا هاندەرێک بێ بۆ (١) هەوڵبدرێ بەریتانییەکان زیاتر لە هەرێمەکەدا بمێننەوە و بە ڕۆڵی خۆشیان ڕابین. (٢) سعوودیە و ئێران کێشەکەی خۆیان سەبارەت بە هێڵی ناوەڕاستی کەنداو چارەسەربکەن. (٣) هاوکارییەکی مەزنتری سیاسی و ئابووری لە نێو دەوڵەتەکانی کەنداو بێتەکایە، ئەمەش لە کاتێکدا، کە (٤) هەوڵبدرێ دەوڵەتەکانی کەنداو لە کێبڕکێی ناشایستەی ڕۆنانی جبەخانەی چەک و تفاقی سەبازی دووربکەونەوە.[٣٤] هەرچەندە ئەو ڕاسپاردانە پراگماتی بوون، کەچی سی ئای ئەی لە توانای دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی هەرێمەکە "بەگومان بوو لەوەی کارایانە هاوکار بن."[٣٥]

بۆ بەرجەستەکردنی سیاسەتی نوێ، ئەمریکا پێویستی بەوە هەبوو لەگەڵ بەریتانیا کاربکا تا دەگاتە جێگرەیەکی گونجاو بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێزی هەرێمایەتی، لەکاتێکدا چاویشی لەسەر ئەوە بێ سۆڤیەتەکانی لێدەربهاوێژێ. لە ١٢ی شوباتدا، کاربەدەستانی ئەمریکی و بەریتانی لە واشنتن کۆبوونەوە تا پلانەکان سەبارەت بە کەنداو تاوتوێبکەن. لە میانەی کۆبونەوەکەدا، ئەمریکییەکان پێداگیربون لەسەر ئەو "هیوایەی بەڵکو سیاسەتی هەنووکەی بەریتانییەکان و پەیوەندییە توندوتۆڵەکانیان لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا بمێنێتەوە" و ئاماژەشی بە ئارەزووی ئیدارەی ئەمریکی دا، بەشداری پلانی داهاتوو بن. بۆ ڕۆژی پاشتر، بەریتانییەکان نەخشەی کشانەوەکەیان نارد.[٣٦] خەمی تایبەتی هەردوو لایان ئەوەبوو، ئاخۆ ڕۆڵی ئێرانییەکان چی دەبێ. بەگوێرەی بارودۆخی پێشوو بوایە، سیاسەتی بەریتانیا لە کەنداودا بۆ ئەوە داڕێژرابوو، کە ڕێگر بێ لەوەی هەریەک لە ئێران و عەرەبستانی سعودیدا زاڵبن بەسەر دراوسێ عەرەبە بچووکەکانیان، لەکاتێکدا بەربەستیش بوو لە دروستبوونی هەر هێزێکی گەورەتر وەک یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ئەوەی بێتە نێو کەنداو.[٣٧] هەرچەندە بەریتانیا چیدی نەیدەتوانی ڕۆڵی هاوسەنگراگرتنی تەرازووی هێز بگێڕێ، ئیدی هەردوولایان نیگەرانبوون لەوەی شای ئێران هەوڵدەدا هەژموونی خۆی بەسەر



هەواڵنامەی کتێب

کەنداو باڵکێشبێ. بەتایبەتیش، ئەم کارەش مایەی پەستکردنی دەسەڵاتە بۆماوەییەکەی عەرەب بوو لە کەنداو. بە شێوەیەکی تایبەتیش دڵنیابوون لەوەی شا سەبارەت داوای ئێران بۆ گلدانەوەی بەحرێن فشار دەخاتە سەر بەریتانیا و هەروەها تا هەر سێ دوورگە بچکۆڵەکە «ئەبو موسا» و هەردوو «تونب»ەکە، کە لە گەرووی هورمزەوە نزیکن بەخۆیەوە بلکێنێ. بە گوێرەی لێدوانی «ئەلڤەندی» بێ، تەنانەت بەر لە ڕاگەیاندنی فەرمییانەی نەخشەی کشانەوەی بەریتانیا لە کەنداو، شا بە «گۆرۆنوی ڕۆبەرتس»ی باڵوێزی گوتبوو، کە هەر سێ دورگەکە بە شتێکی چارەنووسساز بۆ بەرژەوەندی ئاسایشی ئێران دەبینێ و ئەگەر بەرێککەوتن نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، ئەوا "حەزی لێیە یەکلایەنە هێزی سەربازی بنێرێتە سەر دوورگەکان."[٣٨] ئەو بێمنەتییەی شا بۆ بەرفرەوانبوون ببووە مایەی نیگەرانیی کۆشکی سپی، ئەوەبوو لە سەرەتای شوباتدا سەرۆک «جۆنسن» نامەیەکی بۆ شا نووسی، تێیدا داوایلێکردبوو، هاوکارێکی بەرفرەوانی بێ لە کەنداو، لەکاتێکدا ئاماژەی بەوەشدا بوو، کە هەر "نوشستییەک لەم بارەیەوە دەکرێ ببێتە مایەی بانگهێشتکردنی هێزەکانی دیکە بۆ سەلماندنی خۆیان بە شێوەیەک زیان بەر شەقڵی ڕەسەنایەتی ئایندەی کەنداو بگەیەنێ." هەروەها «جۆنسن» ئاگاداری «شا»ی کردەوە، لەوەی هەڵوێستی بەردەوامی ڕێڕۆیشتن لەسەر هێڵی توند تەنیا و تەنیا دەبێتە مایەی ئەوەی "هەڵاوسانی ڕوانینی عەرەب، کێشە دروستکردن بۆ عەرەب بۆ ئەوەی هەوڵبدەن بۆ پشتیوانییان هانا بۆ سۆڤیەتییەکان ببەن."[٣٩]

لە کۆتایی مانگی مارتدا دیسان کاربەدەستانی ئەمریکی و بەریتانی لەگەڵ یەک کۆبوونەوە تا بارودۆخی ئاسایشی کەنداو تاوتوێ بکەن. لە میانەی گفتوگۆکاندا، بەریتانییەکان جەختییان لەسەر مەیلی خۆیان کردەوە "بۆ گەڕانەوەی ڕۆڵی دیاری خۆیان لەسەر لایەنی عەرەب لە کەنداو لە دوای ١٩٧١،" بەڵام تا دەهات سەبارەت بە هەر بڕیارێکی سەرەتایی بۆ داواکانی ئێران بۆ لکاندنی خاکەکە ڕەشبین دەبوون. هەرچەندە ئاماژەی وەهاش هەبوو، کە


هەواڵنامەی کتێب

بەریتانییەکان لەو بارەدا بوون نەرمونیانتر بابەتەکە بەهەندبگرن، ئەمەش بۆ ئەمریکییەکان هاندەربوو، چونکە ئەوان لەو بڕوایەدا بوون، چارەسەرکردنی ئەو دۆزە دەکرێ ڕێگەخۆشکەربێ بۆ چارەسەرییەکی ڕاستەقینە بۆ پاراستنی دۆخی ئاسایشی کەنداو دوای ئەوەی بەریتانییەکان هێزەکانی خۆیان لەوێ دەکشێننەوە.[٤٠] ئەوەی جەوهەری بێ، ئەوەی ئەمریکیەکان لە مێشکیاندا بوو، ئەوەبوو ئاخۆ سیاسەتی جمکی دوو دینگەیی دەگاتە کوێ، کە بە هۆیەوە پاراستنی ئاسایشی کەنداو دەکەوتە سەرشانی جووت دینگەیی هەر یەک لە ئێران و عەرەبستانی سعوودی. لە هەمان کاتیشدا، ئەمریکا پێیخۆشبوو، شێخنشینە بچووکە عەرەبەکان لە دووتوێی یەک دەوڵەتدا یەکبگرن. بە دروستکردنی هێزە گەورەکانی کەنداو، بڕوای ئەمریکا وا بوو، دەتوانێ خۆی لە ئاستەنگەکانی لۆجستی و داراییەکەی ئەوەی بەخۆی ببێتە پۆلیسی کەنداو، بەدووربگرێ.[٤١]

لەو نێوەشدا ئیسرائیلی و ئێرانییەکان لە بارودۆخی بەڕادیکالبوونی عێراق چاوبەستەنەبوون و بڕیاریان دا پەیوەندییەکانییان لەگەڵ کورددا کارابکەنەوە. بە گوێرەی قسەی «تسافریر» بێ، بە موبارەکبادی «ساواک» سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی و باوەڕپێکراوەکەی «دکتۆر مەحموود عوسمان» بە دزییەوە لە بەهاری ١٩٦٨ دا بە فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلییەوە (کە تازە چەک و تفاقی بۆ کورد هێنابوو) سەردانی ئیسڕائییان کرد و لەوێ کاربەدەستە پلەباڵاکانیان بینین، بە سەرۆکی ئیسرائیل، سەروەزیر و وەزیرەکانی بەرگری و کاروباری دەرەوە و زۆری دیکەش. لەکاتێکدا زۆر لە دانیشتنەکان بە سروشتی خۆیان بۆنەییانە بوون، کەچی گفتوگۆی بارزانی لەگەڵ مۆساد تیشکی خستبووە سەر ئەوەی، ئاخۆ ئیسرائیل چۆن پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵیان بەهێزتردەکا و ئاستی پشتگیری و کۆمەکیش تا چەند دەبێ. سەرکردە کوردەکە گەشتێکیشی بۆ سینا کرد تا بە چاوی خۆی ڕاددەی سەرکەوتنی ئیسرائیل بەسەر عەرەبدا ببینێ. ئەو میوانداریی و


هەواڵنامەی کتێب

بەخشندەیی و دلۆڤانییەی ئیسرائیل و ئاستی پشتیوانییەکە باندۆری خۆی لەسەر بارزانی دانا.[٤٢]

بە نزیکەیی هەر دوای گەشتەکە، «ولیام دۆگلاس» سەرۆکی دادگەی هەرەباڵای وڵات، کە لە مێژبوو لەگەڵ پرسی کورد هاوسۆز بوو، داوای لە کۆشکی سپی کرد بەڵکو چاویان بە نوێنەری بارزانی «شەفیق قەزاز» بکەویٚ. ئەرکەکەش بە «هارۆلد ساندەرس» شرۆڤەکارێکی سی ئای ئەی و پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سپێردرا، ئەو کەسەی جێگەی «ڕۆبەرت کۆمەر»ی لە نێو ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانییدا گرتەوە.[٤٣] کاتێکیش «شەفیق قەزاز» لە ١٢ی مارتدا «ساندەرس»ی بینی، ئەو سکاڵای لەوە بوو، کە ڕژێم بەڵێنەکانی خۆی، ئەوانەی ڕێککەوتنی ١٩٦٦ی جێبەجێنەکردووە و کۆمەکی مرۆییش تەنیا گەیشتۆتە ئەو ناوچە کوردییانەی سەر بە حکوومەتی بەغدان. «ساندەرس»یش ئاماژەی بەوە دا، کە لێرەدا و بە شێوەیەکی قانوونی ئەمریکا شتی کەمی لەدەست دێ و پێشنیازی ئەوەی بۆ کرد، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خاچی سوورەوە بگرێت.[٤٤] بۆ ڕۆژی پاشتر «ساندەرس» یاداشتێکی بۆ یاریدەدەری تایبەتی سەرۆک نارد و ئەوەی تێدا بەیانکردبوو، کە لەو کاتەی عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بڕیوە، "کێشەکەی کورد [ئەوەندە] ختوکەنەدراوە،" هەرچەندە "لەو ساتەدا دەستەکانیان بەستراون [مەگەر کۆشکی سپی بیەوێ] لەبنەوە کۆمەکی کورد بکا و [ئەوانیش ئەوەندە دوور نین] کە دەستیان پێڕانەگا." بەم کۆتاییە ئەو دەستی بە لەسەرکردنەوەی کورد گرتبوو، بەوەی "بە گشتی لێیان نزیکبکەوینەوە تا هۆکاری باش دیاربێ ڕەوشەکە بگۆڕێ."[٤٥] زۆر ڕوون بوو کە بادانەوەیەک لە هزری ئەمریکا دەرهەق بە کورد پەیدابووبوو، هەرچەندە لە بنەوە دەستی یارمەتی ئیسرائیل و ئێرانیان بۆ درێژکرابوو.

لە ماوەی هەفتەکانی جاڕدانی بەریتانییەکان بۆ کشانەوەیان، ئەمریکییەکان ترسیان لە دزەکردنی سۆڤیەت بۆ هەرێمەکە هەبوو، پەییان بەوە بردبوو، کاتێ



هەواڵنامەی کتێب

مۆسکۆ بەرەو کەناراو بکشێ، ئەوا لە ڕێی دەستڕۆیشتنی خۆی بەسەر عێراقەوە، ئەم شتەی بۆ مەیسەر دەبێ. لە ٢ی نیساندا، ئەمریکا زانی، کە سۆڤیەت تازە ڕێککەوتنێکی سەرەکی نەوتی لەگەڵ عێراق مۆرکردووە، ڕێککەوتنەکە پشتگیری تەکنیکی لە هەردوو ڕووی دۆزینەوەی و نەوت و بەبازاڕکردنیش دەگرتەوە. لەکاتێکدا کاربەدەستانی ئەمریکا ئەوەیان لە ڕێککەوتنەکە ناسیبووەوە، کە ڕووسیا لەم ڕێگەیەوە دەستی بەسەر ڕژێمدا ناڕوا، بەڵام هێشتاش "مەترسیەکی ڕاستەقینە" بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق.[٤٦] جموجۆڵێکی دیکە لە مانگی نیساندا پەیدابوو، ئەویش ئەو کاتەی عێراق ڕایگەیاند، کە کەشتیگەلی دەریایی سۆڤیەت لە نەخشەیاندا هەیە سەردانی بەندەرەکانی عێراق بکەن. لە ١١ی ئایارشدا، سێ کەشتی سۆڤیەتی لە ڕێی گەرووی هورمزەوە گەیشتنە کەنداو، ئەوەی کە ڕایەدارە بەرگریکارە ئەمریکیەکان بە ئۆپەراسیۆنی "نمایشی ئاڵا" وێنایان کرد. ئەمەش یەکەمین جار بوو لە دوای ١٩٠٣ـەوە کەشتیگەلی جەنگی ڕووسی بێتە ناو ئاوی کەنداوەوە.[٤٧] لەکاتێکدا هەندێ لە ڕایەدارانی ئەمریکا سەبارەت بەو ڕووداوە نیگەران بوون، سووربوونی سی ئای ئەی زیاتر لەسەر ئەو ئاکامە بوو، کە هێشتا سۆڤیەت بەسەر بڕیاردارێژەری سیاسەتی ڕژێم دەستڕۆیشتوو نییە.[٤٨] لە هەمان کاتیشدا، کاربەدەستانی دیکەی ئەمریکی، ئەم هەنگاوەیان بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ نەبینی: "یەکێتیی سۆڤیەتی ئەمڕۆ لەماڵی خۆیدا زۆر کێشەی هەن، لەگەڵ چین، لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و حیزبە کۆمۆنیستەکانی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەتیشدا کارێکی دژوارە بە شێوازی ڕابردوو شەڕانگێزیانە دەربکەوێ." لەگەڵ ئەوەشدا، هاتنی کەشتیگەلی سۆڤیەتی بۆ نێو کەنداو، هێڵی بەژێر ئەو ڕاستییەدا هێنا، کە جاڕدانی بەریتانییەکان بۆ هەردوو لایان، چ یەکێتیی سۆڤیەت و چ دەوڵەتەکانی کەنداو وەک "هاوشانی کشانەوەکە" بینرا."[٤٩]

لە کۆتاییدا، جاڕدانی کشانەوەی بەریتانییەکان زەبرێکی کوشندەی سرەواندە ستراتیژی جەنگی ساردی ئەمریکا لەوەی کە لە خراپترین کاتدا هات. ئیدی لەو



هەواڵنامەی کتێب

خاڵە بە دواوە، ئیدارەی جۆنسن بە دوای ڕێکخستنێک بۆ ئاسایشی هەرێمەکە گەڕا، کە تیشک بخاتەسەر پشتگرتنی ئێران و عەرەبستانی سعوودی، کە بە سیاسەتی جووت کۆڵەگە ناسرا. ئیدارەی جۆنسن لەو باوەڕەدابوو، کە بە ڕۆنانی گەورەترین ئەو دوو هێزەی سەر بە ڕۆژئاوا لە کەنداودا ، دەکرێ لە زەحمەتییەکانی لۆجستی و دارایی پۆلیسایەتی هەرێمەکە دووربکەونەوە. ئەم سیاسەتەش تا «ڕیچارد نیکسن» لە سەرەتای ١٩٧٢ دا هەمواری کردەوە، هەروەک خۆی مایەوە، ئەو کاتەی «نیکسن» زیاتر پشتی ئێرانی گرت لە بەرانبەر عەرەبستانی سعوودیدا.[٥٠]

## گەڕانەوەی حیزبی بەعس

شەڕی شەش ڕۆژە کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر سەقامگیریی باری سیاسیی عێراقەوە هەبوو. لە درەنگانێکی مانگی ئایاری ١٩٦٨ دا، سی ئای ئەی سەبارەت بە بەردەوامی مانەوەی ڕژێمی عارف نیگەران بوو. ڕاپۆرتی سی ئای ئەی بە ناونیشانێکی گونجاو "شۆڕشە خامۆشەکە" ڕژێمی عارفی بە "ناکارا و شاش" وێناکرد و ئەوەشی سەلماند، کە توخمە ڕادیکاڵەکانی نێو هێزی سەربازی هەموو میانڕەوێکیان لەسەر ڕێی خۆیان لاداوە. لێکدانەوەکان وەها هاتبوون، "هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکە هیچ کام لە گرووپەکان هەستناکا بایی پێویست دەسەڵاتی هەبێ، تا هەنگاوی بڕیاردەرانە بنێ؛ ئەنجامەکەشی ئەوە بوو، کە دۆزی زۆر گرنگی سیاسی و ئابووری پشتگوێخرابوون،" نموونەش وەک جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ کورد. لەکاتێکدا نە کورد و نە ڕژێمیش نەیان دەویست شەڕەکە هەڵبگیرسێتەوە، کەچی سی ئای ئەی هەستیکرد دەرفەتی زۆر بۆ "بە هەڵە مەزەندەکردن" هەیە و تێبینی ئەوەشی کردبوو، تا دێ پیلانگێڕی لە دژی ڕژێم زیاتر دەبێ، بەتایبەتیش لە لایەن حیزبی بەعسی و گروپە ناسیونالیستە عەرەبییەکان. هەمووشی بەسەریەکەوە، بە


هەواڵنامەی کتێب

بنبەستگەیشتنی لق و هۆبە کێبڕکێکارەکان و زیادبوونی پیلانگێڕی دژی ڕژێم وای لە سی ئای کرد لە مانەوەی ڕژێم بترسێ.[٥١]

بە هیوای دوورخستنەوەی کودەتایەک، لە حوزەیرانی ١٩٦٨ دا وەزارەتی کاروباری دەرەوە داوای لە بەلجیکییەکان کرد، پەیامێک بگەیەنێتە ڕژێمی عارف بەوەی ئەمریکا حەزی بەوەیە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان دەستپێبکەنەوە ئەمەش ئەگەر: (١) عێراق ڕەزامەندبێ لەسەر قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی بەر باڵوێزخانە و کونسولخانەکەی کەوتووە. (٢) ئەمریکا بەبێ کۆسپ و بەربەست دەستی بەسەر سامان و شتەکانی خۆی لە عێراق بگاتەوە. (٣) گەمارۆی عێراقی بۆ سەر کاڵا و خزمەتگوزاری و گەشتی فڕین هەڵبگیرێ. بەلجیکییەکانیش ئامادەبوون ئەم خاڵانەی ئەمریکا بگەیەننە عێراق، بەڵام کۆمێنتی ئەوەیان دا، لەوانەیە لای عێراقییەکان هەڵگرتنی گەمارۆ پەسەند نەبێ.[٥٢] کەچی هیچ تۆمارێک لەبەردەستدا نییە، ئاخۆ عێراقییەکان چ کاردانەوەیەکیان لەبەرانبەر ئەو پەیامەدا هەبوو.

لە دەی تەمموزدا، IRG جارێکی دیکە بۆ تاوتوێکردنی دارشتەیەکی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ناوچەی کەنداودا کۆبووەوە. کۆبوونەوەکە دیسان لەلایەن «باتل»ی یاریدەدەری وەزیر سەرپەرشتی کرا، لە کۆبوونەوەکەدا ئەندامانی IRG سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی "نمایشی ئاڵا"ی سۆڤیەتی نیگەرانبوون، ئاخر ئەوان هەستیانکرد پێشەدەستی نیازی مۆسکۆیە تا مەیدانی کەشتیگەلی سەربازی خۆی لە ساڵەکانی داهاتوو لە کەنداودا بەرفرەوان بکا. گرووپەکە گەیشتە ژمارەیەک لە بەرەنجامی گرنگ. مایەی تێبینییە، IRG هەستیکرد، کە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نییە جێگەی بەریتانییەکان لەوێ بگرێتەوە و بۆیە پێویستە سیاسەتی ئەمریکا نەخشە بۆ ئەوە بکێشێ، هانی دەوڵەتەکانی کەنداو بدا تا لەنێو خۆیاندا هەماهەنگ بن. هەرچەندە زۆر لە موناقەشەکان لەسەر پێگە (ستاتوت)ی هێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چڕببوونەوە، کە بنکەکەی لە بەحرەین بوو. بە شێوەیەکی تایبەتیش IRG بە بڕیارە تازەکەی وەزارەتی بەرگری


هەواڵنامەی کتێب

دڵخۆش بوو، کە فەرمانی بە دروستکردنی پێگەیەکی سەربازی لە «دیێگۆ گارسیا»، دوورگەی نێو زەریای هیندی کردبوو، دەکرا پەیوەندییەکانی ئەمریکا باشتربکا و ڕێڕەوێکی ٨٠٠٠ پێ و عەمبارێکی قەبە و زلی دابینکردنی نەوت دروستبکا. لەوەش زیاتر IRG لەو بڕوایەدا بوو، دەکرێ «دیگۆ گارسیا» وەک پێگەیەکی پاشخانی لێبێ، خۆ ئەگەر بەحرێنییەکانیش دوای کشانەوەی بەریتانییەکان ڕازی نەبن، ئەوا ئەوێیان هەیە. بە ڕێڕۆیشتن لەگەڵ ئەو سەرهێڵانە، IRG ئەوەی پەسەندکرد، کە هێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی سادە بەرفرەوان بکرێ و ببێتە پرۆژەی هەبوونی ئەمریکییەکان لە هەرێمەکەدا.[٥٣]

هەفتەیەک دواتر و لە ١٩ی تەممووزدا «باتڵ» ڕاسپاردەکانی IRGی بۆ سیاسەتی نوێی ئەمریکای سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستاودەستپێکرد. هەروەک ڕاپۆرتەکەی «هۆلمز» لە تەمموزی ١٩٦٧ دا، RIG پێی لەوە نا، کە دەبێ ئەمریکا لەسەر ڕۆڵی کارای خۆی لە هەرێمەکەدا بەردەوامبێ، ئەمەش وێڕای ئەو هێدمەیەی دوابەدوای شەڕی شەش ڕۆژە تووشیان هات. هەرچۆنێک بێ، سیاسەتە نوێیەکە دانیبەوەدا نا، لەو کاتەی ئەمریکا داخوازە کێبڕکێ لەگەڵ هەژموونی سۆڤیەتدا بکا، کەچی بە شێوەیەکی فرەوان ئەکتەری خۆجێی بڕیاردەرن لەسەر سروشتی ئەو کێبڕکێیەدا. لەبەرئەوە، ئەمریکا پێویستی بەوە هەبوو سیاسەتێکی نەرمۆشل لەخۆبگرێ بەو مەبەستەی (١) لە هەرێمەکەدا ڕووبەڕووی سۆڤیەتییەکان ببێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا، کە هەوڵیدەدا قەناعەت بە مۆسکۆ بکا پێویستی بە هەماهەنگییەک هەیە بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر هەردوو زلهێزەکە دووربخرێتەوە. (٢) پاراستنی پابەندی و بەرژەوەندییە پێویستییەکان، ئەمە و لەکاتێکدا مجێز و نیازی خۆجێیی بۆ سەربەخۆیی بەهەند هەڵبگرن. (٣) دوورکەوتنەوە لە دەستتێکەڵییەکی زێدە لە سیاسەتی خۆجێی و ئەو کێشەوبێشانەی کە دەوروخولی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایان داون، ئەمەش لەوکاتەدا، کە بە دوای


هەواڵنامەی کتێب

کۆنترۆڵکردنی ئەو کێشانەدا بگەڕێ بۆ ئەوەی نەتەقنەوە و جەنگیان لێنەکەوێتەوە. (٤) دۆززینەوەی سیاسەتێکی دروست کە بەهۆیەوە سەودا لەگەڵ کێشەی عەرەب - ئیسرائیلدا بکا. لەهەمان کاتیشدا، پێشنیازی سیاسەتەکە ئەوەندە واقیعی بوو دانی بەوە دانابوو کە بەو زووانە هەرگیز هەرێمەکە سەقامگیر نابێ، هەر بۆیە پێشنیازی پڕۆژەی بنیادنانی هێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردبوو بۆ ئەوەی توانستی ئەمریکا بۆ بەدەنگەوەچوونی هەر ڕووداوێکی ناکاو بەرجەستە بکا.[٥٤]

هەرچۆنێک بێ، هەر تەنیا لەو کاتەی کە IRG لە دوا پێشنیازە پڕۆژەی داڕشتنی سیاسەتەکە بووەوە، ترسی ئەمریکییەکان لە باری سەقامگیری ڕژێمی عێراق بەڕاست وەرگەڕا. ئاخر لەبەرەبەیانی ١٧ی تەممووزدا، حیزبی بەعس بە هاوکاری لەگەڵ هەندێ کەسی ڕادیکالی نێو سوپا، لە کودەتایەکی بێخوێنڕشتندا ڕژێمی عارفیان ڕووخاند. دوای ئەوەی دەستییان بەسەر حکوومەتدا گرت، حیزبی بەعس عارفیان خستە نێو فڕۆکەیەک و بەرەو لەندەنیان ڕەوانەکرد، ئەو تاکە سەرۆکی عێراق بوو بە ساغی کورسی دەسەڵات جێبهێڵێ.[٥٥] ئەوەش ڕوون بوو هەر لە بەراییەوە کۆشکی سپی پەی بەوە بردبوو، کەوا ڕژێمی نوێ چەند ڕادیکالانە دەبێ، بە دڵنیاکردنەوەی کاربەدەستانی ئەمریکا بەوەی ڕژێمی تازە "زۆر لە هی پێشخۆی سەختتر دەبێ."[٥٦]

لە دەستپێکدا، ڕژێمە نوێیەکە لە سێ پایەی دەسەڵات پێکهاتبوو؛ «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر» سەرۆوەزیر، «عەبدولەحمان ئەلداود» وەزیری بەرگری و «عەبدولڕەزاق ئەلنایف» وەزیری ناوەخۆ. هەرچەندە «تریپ» ئاماژەی پێکردبوو، بەڵام ئەم حاڵەتە زۆر درێژەی نەکێشا، ئاخر نە بەعسییەکان و نە توخمە نابەعسییەکانی ڕژێم نەیاندەوست دەسەڵاتەکەیان دابەشبکەن. ئیدی بە پەندوەرگرتن لە ١٩٦٣وە، «ئەلبەکر» بە نەرمی جووڵا تا دەسەڵات بۆ خۆی پاوانبکا. ئەوە بوو لە ٣٠ی تەممووزدا، لەو کاتەی «ئەلداود» لەسەردانی ئوردن بوو، «ئەلبەکر» فەرمانی بە لیوایەکی زرێپۆش کرد دەست بەسەر هەموو



هەواڵنامەی کتێب

باڵەخانە ستراتیژییەکانی نێو بەغدادا دابگرێ، «ئەلنایف»یشی گرت و ڕەوانەی تاراوگەی کرد.[٥٧] دوابەدوای کودەتای دووەم، ئۆرگانییێکی هەرە باڵای نوێی بەناوی (ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) کابینەکەی «ئەلنایفی» هەڵوەشاندەوە و «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر»ی کردە سەرۆک و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان.[٥٨] حیزبی بەعس بەم ڕەفتارەی و لە کۆتاییدا بۆ جاری دووەم توانی جڵەوی دەسەڵات بگرێتەوە دەست، بەعس دەستی لە جڵەوی دەسەڵاتیش بەرنەدا تا ئەمریکا لە مارتی ٢٠٠٣دا هێرشی کردە سەر و ڕووخاندی.

دەسەڵات وەرگرتنی حیزبی بەعس لە تەممووزی ١٩٦٨ دا دوابەدوای ماوەیەکی چڕوپڕ لە شڵۆقییەوە هات، ئاخر ڕژێم خێرا بۆ ئەوە جووڵا پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت توندوتۆڵ بکاتەوە، لە کاتێکدا هەموو کەموکورتییەکی ناوەخۆی لە چاوی تێکدەرانەی ئیسرائیلەوە دەبینی. بۆ نموونە لە ٢ی ئابدا وەزیرە نوێیەکەی کاروباری دەرەوەی عێراق «عەبدولکەریم شێخلی» ڕایگەیاند، کە عێراق دەیەوێ کار لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی "لەگەڵ بەرەی سۆشیالیستدا بکا، بەتایبەتیش لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و کۆماری چینی میللیدا." هەرچەندە ئەمەش بە تەواوی بۆ کاربەدەستانی ئەمریکا لەژێر تیشکی ڕێککەوتننامە ئاست فرەوان و گەورەی سەربازی و ئابووریی ڕژێمی پێشوو کە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا مۆریکردبوو، مایەی کتوپڕی و سەرسامی نەبوو، هەرچۆنێک بێ ئەو تەکانە خێرایەی ڕژێم لە پێناوی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەتدا، بووە مایەی ئەوەی هەر زوو هاوپەیمانییەک بێتەپێشەوە.[٥٩]

بەرەبەرەی کۆتایی مانگی تشرینی دووەم، زۆر بەسەر ئەوەدا نەڕۆیشتبوو، کە بەربژاری کۆماری بۆ سەرۆکایەتی «ڕیچارد نیکسن» هەردوو ڕکابەرەکەی خۆی «هوبێرت هەمفری» و «جۆرج والس»ی لە هەڵبژاردنی گشتی ئەمریکادا بەزاندبوو، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیروت ڕاپۆرتێکی دەربارەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی ڕژێمی بەعس لە عێراق نووسی. ڕاپۆرتەکە ئەوەی ڕوون و ئاشکرا


هەواڵنامەی کتێب

کردبو، که ڕژێمی بەعس کەوتۆتە ژێر فشاری سۆڤیەت و ملیداوە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی، باڵی چەپگەر ئازادبکا؛ هەرچەندە "ئاماژەی ئەوەش نین، کە مارکسییەکان و کۆمۆنیستەکان هیچ ڕۆڵێکی گەورەیان لە نێو ڕژێم پێدرابێ." بە کورتی دیاربوو ڕژێم ویستی چەکی سۆڤیەتی بخوازێ و کارئاسانیش بۆ ئەو پرسە بکا تا ئەو ڕاددەیەی کار نەگاتە ئەوەی دەسەڵات لەگەڵ کەس بە کۆمۆنیستەکانیشەوە، بەشبکا.

ئەوسا لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمەوە، عێراق بووە هەواڵی سەردێڕی نێونەتەوەیی، ئەمەش لەو کاتەی هێزەکانی عێراق کە لە ئوردن جێگیرببوون نشینگە ئیسرائیلییەکانی لە دۆڵی ئوردن دایە بەر ڕێژنەی تۆپەکانیان، ئەمەش سەریکێشا بۆ تۆڵەکردنەوی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی، دەرهاوێشتەکەشی بووە مایەی کوژرانی ژمارەیەک لە سەربازانی سوپای عێراقی لەوێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتی نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INR، "عێراق: فشاری نێوەخۆ و گەڕان بەدوای دێوەزمەدا،" هێرشەکە پەیوەندییەکی کەمی بە کێشەی عەرەب – ئیسرائیلەوە هەبوو، هەموو شتێکی هەر پەیوەست بوو بە باری نائاسایشی ڕژێم خۆیەوە. ئاخر لەو حەوت مانگانەی حیزبی بەعس دەستی بەسەر دەسەڵاتدا داگرتبوو، "هەموو ئاماژەیەکی دیاری سیاسی و گرووپی ئەتنی لە عێراق" لە ڕێگەی "سەرکردایەتییەکی ملهوڕ، لەیەکترازاندن، دووڕووی و سەرکوتکردن"ـەوە بەرکەنارکردبوو. ڕژێم تووشی "کۆپییەکی کلاسیکی جۆشدانێکی دەروونی (سایکۆلۆژی) دژ بە گەف و هەڕەشەی دەرەکی بیووەوە،" نەخوازە ئیسرائیل و ئەمریکا (هەر زووش ئێران بۆ سەر لیستەکە زیادکرا).[٦١] ئەم ڕوانینەش بە قسەکانی سەرۆک «ئەلبەکر» کە ڕۆژێک دوای شەڕەکە وتارێکی دا، پشتڕاستکرایەوە، ئەو گوتی؛ "لە کاتێکدا عێراق لە بەرەی پێشەوەی شەڕی عەرەب – ئیسرائیل ڕووبەڕووی دوژمن بووەتەوە، کەچی تابووری پێنجەمی بەکرێگیراوی ئیسرائیل و ئەمریکا لە پشتەوە خەنجەری لێداین."[٦٢]


هەواڵنامەی کتێب

له ١٤ی کانوونی یەکەمدا، ڕژێم ڕایگەیاند، گوایە "ڕایەڵەیەکی ئیسرائیلیان دۆزیوەتەوە" کە بە دوای ئەودا دەگەڕێن "ڕژێمی عێراق بگۆڕن."[٦٣] ئەمەش لەسەر بنەمای دوو دانپێدانان ڕۆنرابوو، گوایە ڕایەڵەیەکی ئیسرائیلی زانیاری لەسەر هێزی سەربازی عێراق کۆکردووەتەوە و کاری تێکدەرانیان بە لاوە ڕاهێنراوەکانی جوو کردوە. لەکاتێکدا کاربەدەستانی ئەمریکا دەیانزانی پێدەچێ ئیسرائیل "دەستێکی شاراوەیان لە عێراق هەبێ" بەڵام گومانیان لەوە هەبوو، جووکانی عێراق بۆ ئەم کارە جۆشبدەن و بهێننەڕیز، چونکە "هەموو جووڵەیەک لەژێر چاودێری بەردەوامدایە، کارێکی وەها بەستەزمانانەیە و دەبێتە مایەی تێکدانی تەونی سووسەکاری." گوتەی دوەمی عێراقییەکان گوایە هەموو دوژمنەکانی ڕژێم لەسەر یەک کردەی پیلانگێڕی یەکگرن بۆ ئەوەی زانیاری جەوهەری لەسەر باری سەربازی و ئاسایشی عێراق بەدەستبهێنن، لەکاتێکدا بەدوای ڕووخاندنی ڕژێمن، ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل دەکەن و پشتگیری حکومەتی ئەمریکا بۆ عەرەب و کورد دەگەڕێن.[٦٤] هەرچەندە کاربەدەستانی ئەمریکا زانییان کە ئەمە دەرهاوێشتەیەکی نموونەییە، ئاخر مەبەستی ڕاستەقینە بۆ ئەوە بوو تای نەتەوەپەرستی لە دژی ئیسرائیل و لە ڕێی بەئامانجگرتنی جووە خۆجێییەکانی عێراقەوە گڕبدرێ. هەمووی بەسەر یەکەوە، ڕژێم ٨٦ کەسی گرت و دەمودەستیش ٢١ کەسی لەوان دادگەییکردن کە لەنێویاندا ٩ کەسیان جوو بوون. دوای ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە حاڵەتی گرتنەکانی زانی، ویستی لە ڕێی باڵوێزخانەی هیندستانەوە لە واشنتن ناوبژییەک بکا بەڵام بێهوودەبوو.[٦٥]

لەو نێوەشدا حیزبی بەعس لە بارزانی توندکرد، پشتگیری جووڵانەوەی "پێشکەوتنخوازانە"ی «جەلال تاڵەبانی» بوو، ئەمەش وەک بەشێک بوو لە هەڵمەتی «پەرت بکە و زاڵ ببە» بۆ بنکۆڵکردنی بارزانی، کە ئەویش بە توندی لە بەرانبەر دووڕوویی ڕژێم کاردانەوەی بوو. کاتێکیش شەڕ لەنێوان هەردوو باڵە کوردییەکە لە تشرینی دووەمەوە هەڵگیرسا، بارزانی بەسەرکەوتوو



هەواڵنامەی کتێب

دەرکەوت، لایەنگرانی تاڵەبانی وێڕای پشتگیرییە ناڕاستەوخۆکەی سوپای عێراقی زەبرێکی کوشندەیان پێکەوت.[٦٦] لە دواییشدا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش فەرمانی بە هێرشکردنەسەر هێزەکانی بارزانی دەرکرد. هەڵمەتەکە لە ٣ی کانوونی دووەمیدا کرا و نموونەیەک بوو لە کارەساتی هێرشی ١٩٦٦، «پۆلاک»یش تێبینی ئەوەی کردبوو، پێدەچوو نەخشەی هێرشەکە ستراتیژی بێ، بەڵام بە خراپی جێبەجێکرا.[٦٧] دوای سێ هەفتە لە شەڕکردن، زستانێکی سەخت و تووشی بەسەرداهات، ناچاریکردن پەلامارەکان ڕابگرن.[٦٧] لەکاتێکدا شا سەبارەت پرسی ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەڕەب، فشاری لەسەر عێراق دانا، هاوشێوەش پشتگیری خۆی بۆ بارزانی زیادترکرد.[٦٩]

بە کورتی، هەر لەو کاتەی «جۆنسن» کۆشکی سپی بەجێهێشت، ڕەوشی عێراق گەیشتبووە خاڵی تیژی پڕ سەختانگ. لەسەرێکی دیکەشەوە، حیزبی بەعس ژمارەیەک لە جووەکانی عێراقی کۆکردبووە و بێهوودە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری شەقامی عەرەبی و عێراقی نمایشی دادگەکردنی پێدەکرن، ئەمەش لەکاتێکدابوو، کە دژایەتی ئیسرائیلی کرد و هێزەکانی داوای تۆڵەکردنەوەی لە دژی لێدانی هێزەکانی خۆی لە ئوردن دەکرد. هەڵبەتە، ئەمەش بۆ عێراق ڕۆڵگێڕانێکی دروست بوو تا بیسەلمێنێ بووەتە بەرەی پێشەوەی دەوڵەتەکانی عەرەب لە بەرانبەر ئیسرائیلدا و گوایە هەر بە ڕاستیش دژی ئیسرائیلە. لەبەرئەوە ئیدارەی جۆنسن داوای لە ئیسرائیلییەکان کرد وەڵام نەدەنەوە.[٧٠] لەو ماوەیەشدا ئێرانییەکان لە ڕێی کورددا پاڵەپەستۆی سەربازییانەی خۆیان لەسەر عێراق توندترکرد، لەهەمان کاتیشدا فشاریان بۆ سەر عێراق هێنا بەڵکو سازش لەسەر شەتولعەرەب بکا. لەکاتێکدا ئیدارەی جۆنسن بە ئاشکرا پشتگیری کۆمەککردنی ئێران نەبوو بۆ کورد، کەچی لە کۆتاییدا ئیدارەی داهاتوو ڕوانینێکی زۆر جیاوازی هەبوو. لە کۆتاییدا، کردەوەکانی عێراق لە ماوەی دوا هەفتەکانی ئیدارەی جۆنسندا باندۆری زۆریان لەسەر «ڕچارد نیکسن»ی جێگرەوی بەجێهێشت، بەوەی ئەم جارەیان لە ڕێی هەلومەرجی بەرفرەوانی


هەواڵنامەی کتێب

جەنگی سارد، کێشەی عەرەب – ئیسرائیل و جەنگی کورددا لە عێراق نزیکببێتەوە.




MAP 5.1 Kurdish War: 1969.[71]


هەواڵنامەی کتێب

## ئەنجام

خۆ ئەگەر ئیدارەی جۆنسن بەر لە شەڕی شەش ڕۆژەدا گەیشتبێتە هەر پێشکەوتنێک لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، کەچی لەگەڵ ڕوودانی شەڕەکەدا ڕژێمی عارف بە پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان هەمووی لەباربرد. ئەمەش باندۆرێکی هەرە مەزنی کردە سەر توانستی ئەمریکا بۆ چاودێریکردنی ئەوەی لە ناوەوەی عێراق ڕوویدا، ئەم لاپەڕەیەش بە کاردانەوەی نەخشەی بەریتانییەکان بە کشانەوە لە هەرێمەکەدا بە کۆتاییهاتنی ١٩٧١ دا دوایی پێهات. مایەی لێتێگەیشتنیشە، کاربەدەستانی ئەمریکا نیگەرانبوون لە پلانی کشانەوەی بەریتانیا، چونکە دەبووە مایەی ئەوەی هاوکێشەی هێزی هەرێمایەتی بە قازانجی یەکێتیی سۆڤیەت بشکێتەوە و لە هەرێمەکەدا بازنەی دەستڕۆیشتنی فرەوانتر ببێ. بە چەقین لە زۆنگاوی ڤێتنامیشدا، سوپای ئەمریکا ناتوانا بوو لەوەی بۆشایی چۆڵکردنەکەی بەریتانیا پڕبکاتەوە، بەڵام خۆ نە ئیدارەی جۆنسن و نە بەریتانیاش ئامادەنەبوون کارتی پارسەنگی هاوکێشەی هێزەکە بدەنە دەست شای ئێران تا بەسەر هەرێمەکەدا زاڵ بێ. ئەمەش وای لە جۆنسن کرد بڕیارێک بدا، کە هەردوو دەوڵەت، ئێران و عەرەبستانی سعودی ببنە دوو کۆڵەگەی جمک لە هەرێمەکەدا بۆ ڕێگرتن لەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بۆشاییەکەی بەریتانیا پڕبکاتەوە. لە هەموو حاڵەتێکیشدا، هێزی پشت داڕشتنی بڕیاری ئەمریکی ئەو پێویستییە بوو، کە هەژموونی سۆڤیەتی چ لە عێراق و چ لە کەنداودا قوتبدا و بگرێتەخۆی. لەبەر پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا لەو کاتەدا، ئەم سیاسەتە وەڵامدەرەوەی ئەو لوغزە (مەتەڵە)ی بەریتانیابوو کە بە جاڕدانی نەخشەی کشانەوەکەی خۆی، دروستیکرد.

گەڕانەوەی حیزبی بەعس لە تەممووزی ١٩٦٨ دا بۆسەر دەسەڵات، داڕسانێکی نوێی بەرچاو بوو بۆ سیاسەتی ئەمریکا. هەرچەندە ئیدارەی کەنەدی لە ١٩٦٣ دا بەخێرهاتنی حیزبی بەعسی کرد، لێ ئیدارەی جۆنسن هەر خێرا ئەوەی بینی کە داڕسانێکی نوێ لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی لە هەرێمەکەدا دروستبوو. دوای



هەواڵنامەی کتێب

هەموو شتێکیش بەعس ڕژێمی میانڕەوەی دژەکۆمۆنستی ڕووخاند و هەر زووش سیاسەتی سەربازییانەی لە دژی ئیسرائیل و کورد گرتەبەر، هەروەها بەرەو یەکێتی سۆڤیەتییش چوو تا پشتگیری سەربازی و ئابووری بەدەستبێنێ. ئەم جموجۆڵانەش بڕوایان بە ئیدارەی جۆنسن هێنا، کە حیزبی بەعس دەبێتە باربەرێک بۆ پیشێلکاری بۆ سەر سەروەری عێراق، بەڵام دەشبێتە کێشە بۆ «ڕیچارد نیکسن»ی جێگرەوەی جۆنسن، ئاخۆ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکا.



هەواڵنامەی کتێب

بەندی: ٦

## نیکسن و دووەمین ڕژێمی بەعس:

## کانوونی دووەم ١٩٦٩ - تەممووزی ١٩٧٢

کاتێک «ڕیچارد نیکسن» لە کانوونی دووەم ١٩٦٩دا بووە سەرۆک، بەڵێنی ئەوەی دا بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە پەیوەندییە دەرەکییەکانی بگۆڕێ. بۆ گەیشتنیش بەم ئامانجە، نیکسن هاوشانێکی بۆ ئەو مەبەستە دۆزیەوە، کابرا دەرچووی زانکۆی «هارڤارد»، مامۆستای دیرۆک و پەیوەندییە نێواندەوڵەتییەکان بوو، ئەویش «هنری کیسنجەر» بوو، کردییە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی خۆی. لەکاتێکدا «نیکسن» و «کیسنجەر» کەسایەتی زۆر لەیەکجیاوازیان هەبوو، بەڵام هەمان دید و مەزندەیان سەبارەت بە ڕەفتاری سیاسەتی دەرەکیی وڵاتەکەیانەوە هەبوو. هەمیشە «نیکسن» خوازیاربوو کارنامەی سیاسەتمەدارێتی کەسێکی کەمۆ و دلڕەق وەک داردەستێکی بەردەست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکاربهێنێ، ئەو جیاوازییە سەیرەی لە دواییدا کۆتایی بەخۆشی پێهێنا. نیکسن ڕۆشنبیرێکی گۆشەگیر بوو، کەسێک بوو خەڵکی خۆشنەدەویست، گومانیشی لە هەموو ئەوانەی دەوروبەری خۆی هەبوو. وێڕای ئەو کەموکوڕییە لە کەسایەتییەکەیدا، نیکسن زۆر لێزانانە لە کاروباری نێودەوڵەتی دەگەیشت. ئەو خۆی بە کەسێکی داکەوتبین (واقیعی) دانابوو، بڕیارەکانیشی لەسەر بنەمای لێکدانەوەی جەنگی سارد دادەنا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا ئەگەر لەسەر حیسابی دۆست یان هاوپەیمانەکانیش بێ، بەرفرەوان بکا. «کیسنجەر»یش لەسەرێکی دیکەوە، نەدەکرا لەو جیاوازتر بێ. کیسنجەر لە ئاڵمان و لە ١٩٢٣دا لە ماڵباتێکی جوو لەدایکببوو، ئەو ڕۆشنبیرێکی ئاستبەرز، دەمڕاستێکی جڤاکخواز بوو، کەسێک بوو لەبەر شەبەنگی گشتییدا بەرهەمدار بوو. هەرچەندە ئەو داکەوتبینێکی



هەواڵنامەی کتێب

سەرسەخت بوو، کەسێک بوو بە ڕەقی بەپیر سیاسەتی دەرەکییەوە دەچوو، بە ڕێڕەوێکی ماکیاڤیلییانەدا دەڕۆیشت بەوەی بەهەندهەڵگرتنەکانی پراکتیکی و ماددیانە هەمیشە بەسەر ڕامانی ئایدیۆلۆژی، مۆڕاڵ یان بەڵێنی ئێتیکیدا زاڵبوو.١ بە شێوەیەکی کەسەکی تایبەت، هەردووکیان کەیفییان بە چارەی یەکدی نەدەهات. جارێکیان «نیکسن» لە کۆمێنتێکدا گوتی: "من متمانە بە «هێنری کیسنجەر» ناکەم، بەڵام دەکرێ بەکاریبهێنم." بەهەمان شێوەش کیسنجەر، «نیسکن»ی وەها لەقەڵەمدابوو، کە "زۆر خۆپەرستە"[33]، کەسێکە "ترس دەستی لێوەشاندووە کە بە دروستی ناتوانێ بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەکی بدا.٢ هەرچۆنێک بێ ئەو جیاوازییانەیان ڕێگرنەبوون لەبەردەم ئەوەی، پەیوەندی کارکردنێکی پەرەسەندوویان هەبێ، لەو سۆنگەیەوە ڕێنوێنی ئەمریکا بۆ زنجیرەیەک لەسەر سەرکەوتنە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوە بکا. ئەمەشیان لەبەر ئەوە بوو، کە شتاقیان[34]، نە نیکسن و نە کیسنجەر ڕێگەیان نەدەدا هیچ شتێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بێتە بەربەست.

سەرۆکایەتی نیکسن بادانەوەیەکی دراماتیکی لە شێوازی جەنگی ساردا بە خۆیەوە بینی، ئەمەش هەر لە ڕووبەڕووبوونەوە و کێبەرکێی شەستەکان و قۆناغی دەستتێکەڵکردنەکان، دیپلۆماسی و خاوبوونەوەی گرژییەکانی هەردوو زلهێزەکە کە بە هێوربوونەوە (ئاسایکردنەوە) ناسرا.

لە ماوەی یەکەمین گەڕی سەرۆکایەتی نیکسن، لە چوارچێوەی هەلومەرجی جەنگی سارددا، کۆشکی سپی پێشەمی دایە کاری سیاسی، هەروەک تاوسەندنی جەنگ لە ڤێتنام، پێواژۆی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کرانەوەی بەسەر چین و ئەو دارِسانانەی لە هێوربونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەتدا بەدەستهات. هەروەک «ویستاد»یش تێبینی کرد:

---

[33] egomaniac

[34] شتاقییان: هیچ کامیان.



هەواڵنامەی کتێب

> نیکسن یەکەمین شت و بە شێوەیەکی سەرەکی، جیهانی سێیەمی وەک کانگەیەکی بێسەروبەر لە پەیوەندییە نێواندەوڵەتییەکان بینی، کە تەنیا لە ڕێگەی ڕەفتاری زلهێزەکان لە شەڕ و دەمەقاڵی نێوخۆیان دروستدەبێ، بەوەی یەکێ لە زلهێزەکان دەبێتە مایەی هەڕەشەیەکی سەرەکی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەوی دیکە، بەتایبەتیش بەچاوتێبڕین بەدەستگەیشتن بەسەر مادە خاوەکان [وەک نەوت].

لە ماوەی یەکەمین گەڕی نیکسن لە سەرۆکایەتییدا، کۆشکی سپی مەیلێکی کەمی سەبارەت بە سەروسەوداکردن لەگەڵ جیهانی سێ، کە هەرێمی کەنداویشی دەگرتەوە، نواند.[٤] نموونەش ئەوەیە، یەکەمین کۆبوونەوەی گرووپی نێونەتەوەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بۆ هەرێمی ڕۆژهەڵاتی نزیک تا پێنجی حوزەیرانی ١٩٧٠ نەبەسترا، واتە یەک ساڵ بەسەر سەرۆکایەتی نیکسندا تێپەڕیبوو. کۆبوونەوەکەش بە ئاستەم ٢٠ خولەکی خایاند و لە تاوتوێکردنی تاکە پرسێکی سەربازیانەش سەرنەکەوتن. بەگوێرەی «فیین»یش بێ، ئەمەش سەلمێنەری "کەمبایەخی" نیکسن و کیسنجەر بوو بە "هاوپێچەی دۆزەکانی کەنداوی فارسی"،[٥] هەروەها ڕەنگدانەوەی بڕیاری ئیدارەی نیکسن بوو بۆ ئەوەی زۆر لە بڕیارەکان سەبارەت بە کێشە هەرێمییەکان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٩ - ١٩٧١ بە وەزارەتی دەرەوە "سپێردران".[٦] لەیەککردنەوەی کێشە هەرێمییەکانی وەک ئەمە لە ڕێبازی نیکسندا نەخشێندرا، ئەو ڕێبازەی کە لە تەمموزی ١٩٦٩دا و لە «گوام» جاڕی بۆ دا. نیکسن لە گوتارەکەیدا، داوای لە حکوومەتی ئەمریکا کرد، پشتگیریی هاوپەیمانە هەرێمیەکان بکا بۆ ئەوەی بە بەرپرسیارێتی بەرگری خۆیان ڕابین.[٧] ئەم کارەش سەلمێنەری خەڵاتێکی گەورەبوو بۆ شای ئێران، ئەو کەسەی دیاربوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو ڕۆڵە تامەزرۆ بوو.[٨]



هەواڵنامەی کتێب

له ماوەی ١٩٧٠ – ١٩٧١دا کۆشکی سپی هۆشدارییەکانی ئێران و ئیسرائیلی سەبارەت بەوەی گوایە عێراق بووەتە "ئەسپی شاراوەی" سۆڤیەت و بناوانی تێکوپێکدانی کەنداو، پشتگوێخست.[٩] ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، چونکە وەزارەتی دەرەوە دەیزانی، بەڵگەی کەم بۆ سەلماندنی گوتنەکە لە ئاراداهەن. هەر بۆ نموونە، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٨ و ١٩٧٠دا حیزبی بەعس بە لای کەمییەوە ٣٥ کۆمۆنیستی کوشتن، ئەمەش بووە مایەی هۆشدارییەکی توند لە مۆسکۆوە.[١٠] هەر لەهەمان کاتیشدا، سەرۆک نیکسن سەبارەت بە کێشەی عێراق کەسێکی نامۆ نەبوو. ئاخر وەک جێگری سەرۆک ئایزهاوەر، ڕۆڵێکی هەرەگرنگی لە دارِشتنی سیاسەتی کاردانەوەی ئەمریکا لە نێوان ١٩٥٨ – ١٩٥٩ بۆ شۆڕشەکەی عێراقی گێڕابوو. بۆیە مایەی لێتێگەیشتن بوو، ئەزموونەکە باندۆری خۆی لەسەر لێتێگەیشتنی نیکسن بۆ دۆز و پێگەی عێراق لە نێوجەنگی ساردا هەبووبێ، بەتایبەتیش لەو کاتەی پەیوەندییەکانی عێراق بە یەکێتیی سۆڤیەتەوە لە کۆتایی ١٩٧١دا پێشوەچوونی باشی بەخۆیەوە بینیبوو — ئەو ماوەی کە تازە بەریتانیا لە کەنداو کشابووەوە – و پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری لە نیسانی ١٩٧٢دا مۆرکردبوو. ئەم جووڵەیەش سەرنجی کۆشکی سپی بۆ خۆی ڕاکێشا، بەڵام کاتەکەش بۆ خۆی کێشەدار بوو؛ ئاخر تازە نیکسن لە چین گەڕابووەوە و کیسینجەریش سەرقاڵی دانانی سەکۆیەک بوو بۆ شکاندنی بەستەڵەکی پەیوەندی سەرەکی دیپلۆماسیی لە دیداری لوتکەیی کە لە ئاخروئۆخری مانگی مایۆدا بەسترا.[١١] هەرچەندە ئەمەش واتای ئەوەی نەگەیاند، کە ئیدارەی نیکسن ڕێگە بە سۆڤیەت بدا، تا ئەو جووڵەیەی بەرەو عێراق بەبێ چاودێری بڕوا. بۆیە لە ١ی ئابی ١٩٧٢دا، نیکسن ئۆپەراسیۆنێکی ژێربەژێری پڕمەترسی بۆ خۆتێهەڵقورتاندن لە عێراق پەسەندکرد، بەوەی پشتگیریی و کۆمەکی سەربازی و دارایی بدرێتە کورد. ئەم دەستوردانە نەوەک هەر کاریگەری بەسەر ڕەوتی شەڕی کورد بەڵکو بەسەر ڕێڕەوی مێژوی عێراقیشدا هێنا، بەوەی بە شێوەیەکی زێدەڕۆییانە ڕێگەی بۆ «سەدام حوسێن» تەختکرد کە دەسەڵات بۆ خۆی پاوان بکا.



هەواڵنامەی کتێب

**کێشەکەی عێراق**

لە ماوەی چەند ڕۆژەی دەستبەکاربوونی نیکسن وەک سەرۆک، عێراق بە گوڕێکەوە خۆی کردە سەربەندی هەواڵەکان. لە ٢٦ی یانایری ١٩٦٩دا، «نیویۆرک تایمز» ڕاپۆرتی ئەوەی بڵاوکردەوە، کە دادگەیەکی عێراقی بڕیاری مەرگی بەسەر ١٦ کەسدا داوە، کە ١٠ کەسیان جوو بوون، ئەمەش بەشێک بوو لەو نمایشە پیلانگێڕییەی لە مانگەکانی پێشوودا لەئارادابوو. بە کردەوە کۆشکی سپی شتی کەمی لەدەستدەهات بۆئەوەی لێنگەڕێ بڕیاری لە سێدارەدانەکان جێبەجێبکرێ؛ لەوکاتەش کە هەواڵی بڕیاری دادگەکە گەیشتنە ئەمریکا، تۆمەتبارکراوەکان نەمابوون.[١٢] دواتر وەزارەتی دەرەوە ئەوەی پشتڕاستکردەوە، کە تەنیا ٩ جوو لە سێدارەدراون.[١١] کاربەدەستانی ئەمریکا قەناعەتیان وابوو، عێراق بە مەبەست هەوڵی ئەوە دەدا، بەڵکو ئیسرائیل تۆڵە لە هێزە سەربازییە عێراقییەکان بکاتەوە، کە لە ئوردن مۆڵگەیان لێدابوو؛ ئیدی ئەمەش دەبووە مایەی پرووشکهاوێشتنی جەنگێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[١٤] بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاری ڕەوشەکە، ئیدارەی نیکسن هانی ئیسرائیلیدا جڵەوی خۆی بگرێ و دەستنەکاتەوە.[١٥] بەر لە وادەی کوشتنەکانیش، ئیدارەی نیکسن هەوڵیدا فشار بخاتەسەر عێراق بەوەی لە ڕێی هاوپەیمانەکانی، وەک فەرەنسا، ئیسپانیا و هیندستان، ئەوانەی پەیوەندی باشیان لە عێراقدا هەبوو، بەڵکو لەسێدارەدانەکان ڕابگرێ. بەڵام بۆ بەدبەختی، حیزبی بەعس لە وەڵامدا کاردانەوەی وەهابوو کە "لەبن هیچ هەموو مەرجێکدا، ئەم کارە مەیسەرنابێ، چونکە ئەمە کاروبارێکی نێوخۆییە". وەک دوا ڕێکاریش، ئەمریکا پەنای بۆ «یو تانت» سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان برد، بەڵکو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ، لێ ئەویش شکستیهێنا. هیچیدی نەمابووەوە بکرێ.[١٦]

کۆشکی سپی ڕاشکاوانە کردەوەکەی عێراقی شەرمەزارکرد، ئەویش لە ڕێی وەزیرە نوێیەکەی کاروباری دەرەوە «ویلیام پی ڕۆگەرس» بوو، کە لەسێدارەدانەکانی بە "کردەیەکی قێزەونی ویژدانی جیهان"ی وێناکرد.[١٧] کۆشکی


هەواڵنامەی کتێب

سپی کوشتنەکانی وەک "پرسێک کە بە قووڵی مایەی نیگەرانییە" دانا و پرسەکەی بردە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێنمایی بە «چارلس یۆست»ی نوێنەری خۆی لەوێدا دا، پرسەکە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش بەرزبکاتەوە. لەکاتێکدا مافی سەروەری عێراق بۆ ئەوەی دادوەری بەسەر هاوەڵاتییەکانیدا بکا، ناسراوبوو، کەچی «یۆست» بە ئەنجوومەنی گشتی گوت، کە لەسێدارەدان و دادگەییەکان پێشێلکاریەکی زەقن بۆ "پێوەرە ستانداردەکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و شکۆی ئادەمیزاد" و دیارە کردەکەش بۆ ئەوە "نەخشەکێشراوە تا هەر هەڵچوونێکی هەستوسۆز لە کەشێکی بارگاوی بەگومانی لێواری هەڵچوونی دوژمنکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاوبدرێ.[١٨] لەسێدارەدانی ٩ جوو لە کانوونی دووەم ١٩٦٩دا لە عێراق، کارێکی وەهای کرد، ئیدارەی نیکسن هەڵوەستەیەک سەبارەت بە عێراق بکا.

وێڕای ئەو ڕاستییەی، کە ئەمەیان یەکەمین سەختانگی سیاسەتی کاروباری دەرەوەی ئیدارەی نیکسن بوو ڕووبەڕووی ببێتەوە، بەڵام هێشتاش ئەوەندە سەختگیر (جددی) نەبوو، بڕوا بە کۆشکی سپی بکا عێراق یاخود هەرێمی کەنداو بەهەند هەڵبگرێ. ئیدارەی نیکسن بە ڕوونی ئەوەی پێباشتر بوو، پرسەکانی وەک ئەوەی عێراق بخاتە سەرشانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە یاخود هاوپەیمانە هەرێمییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا.[١٩] بە تایبەتیش، کۆشکی سپی دڵخۆش بوو بەوەی دۆستە کۆنەکەی سەرۆک، واتە شای ئێران سەروسەودا لەگەڵ کێشەی عێراق بکا. وەک ئاکامێکیش، ئێران زنجیرەیەک ڕێکاری دوژمنکارانەی لە دژی عێراق گرتبووەبەر، هەروەک داواکردن و دنەدانی کورد بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ، دروستکردنی سەختانگ بە درێژایی ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەب و پاڵپشتکردنی کودەتایەک لە کانوونی دووەم ١٩٧٠دا بەڵکو ڕژێمی بەعس بڕووخێنێ. هەرچەندە هیچ کام لەم ڕێکارانە وای لە حیزبی بەعس نەکرد لابچێ، کەچی ئێران لە سەرقاڵکردنی سیاسییانەی ڕژێم


هەواڵنامەی کتێب

و هێزی سەربازییان لە ماوەیەکی زێڕیندا سەرکەوتوو بوو، ئەو ماوەیەی لە کۆتایی ١٩٧١دا بەریتانییەکان لە هەرێمەکەدا کشانەوە.

**سەختانگی شەتولعەرەب**

لە میانەی ساڵی ١٩٦٩دا، شا بەدوای ئەوەدا گەڕا، چۆن سوود لە باری لاوازی ناوەخۆ و دەرەوەی عێراق ببینێ تا ناچاریان بکا سازش لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەب بکەن. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوە، باسکردنی هەندێ پاشخان پێویستە. لە ساڵی ١٩٣٧دا بە شێوەیەکی قانونی ڕێڕەوە ئاوییەکەی خرایە بن سایەی سەروەری دەوڵەتی عێراق، سەروەریی ڕێڕەوە ئاوییەکەش تەنیا دوو بەندەری گرنگی ئێرانی لێدەرهاوێشترابوو، کە «خورەمشار» و «عەبادان» بوون.[٢٠] هەرچۆنێک بێ، شا لەدەستدانی ئەو خاڵەی بە هەراسانبوونێکی کەسەکی خۆی دانا، هەوڵی دەدا هەر هیچ نەبێ بەشێک لە ڕێڕەوە ئاوییەکەی بکەوێتەوە ژێر دەست، بۆ ئەمەش لە سەرەتای شەستەکانەوە ڕێکاری زۆرەملێی بەکارهێنان. هەرچۆنێک بێ سەختانگی «شەتاو»ەکە لە کێشەیەکی سادەی سەرخاک تێپەڕاند؛ شا سەختانگەکەی بۆ ئەوە قۆستەوە، بەڵکو قەناعەت بە ئیدارەی نیکسن بهێنێ، کە شوێنەکە بۆ ستراتیژی هەرێمیانەی ئەمریکا چەند بایەخدارە. هەروەک «ئەلڤەندی»یش ئاماژەی بۆ کردووە، شا سەختانگەکەی وەک "پێشدەستییەک دەبینی کە لەژێر ڕێبازی نیکسندا، ئیدی ئێران بتوانێ ڕۆڵی خۆی تێدا ببینێ."[٢١] بە نانەوەی تەنگژە لەگەڵ عێراقدا، شا ویستی ئەوە نیشان بدا، کە ئێران لەتوانایدا هەیە لەسەر لە سێدارەدانی جووەکان سزای عێراق بدا، ئەمە و لەکاتێکدا هەر لەخۆیەوە بە دوای سازشێک لەسەر ناوچەکەدا دەگەڕا، کە دەمێک بوو چاوی تێبڕیبوو. کردەوەکەشی دەنگێکی باشی لە هەردوو پایتەختەکە، لە واشنتن و تەلئەبیب دایەوە و هەواداری پەیداکردن.



هەواڵنامەی کتێب

شا لە ١ی ئازاردا دژی عێراق جوڵا، ئەمەش لەو کاتەدا بوو فەرمانی بە کورد کرد پەلاماری دامەزراوەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکوک و موسڵ بدەن. بەگوێرەی قسەی «ئەسەدوڵڵا عەلەم»ی وەزیری داد و متمانەپێکراوێکی نزیک لە شا بێ، شا بڕوای وابوو، پەلاماردانی بۆرییەکانی نەوت پەردە لەسەر باری لاوازی ئاسایشی عێراق هەڵدەداتەوە و باری ڕاستگۆیەتی ڕژێم لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت دەخاتە ژێر پرسیار، ئیدی شا هیوای وابوو دوای ئەوە کۆمپانیاکان بۆ ئامانجەکانیان ڕوو لە ئێران بکەن.[٢٢] بۆمباردمانەکە زیانی ٥ ملیۆن دۆلاری بە دامەزراوەکە گەیاند و توانستی هەڵێنجانی نەوتی بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ بۆ ڕێژەی ٧٠٪ دابەزاند،[٢٣] بەڵام گەڕی دیکەی شەڕوکوشتارێکشی لە نێوان کورد و سوپای عێراق هەڵگیرساندوە کە تا کۆتایی نیسان درێژەی کێشا، ئەمەش ئەوکاتە بوو کە سوپا لە شاخەکان کشایەوە.[٢٤]

لە ماوەی مانگەکانی مارت و نیساندا، شا توانی سەرنجی عێراقییەکان لەسەر شەڕی کورد لە باکوور وەربگێڕێ بیخاتە سەر کێشەی باشوور کە سەختانگێکی لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەب دروستکرد. لە بەرایی ڕۆژەکانی مارتدا، عێراق داوای کرد هەر بەلەمێکی ئێرانی بێتە نێو ڕێڕەوە ئاوییەکە، دەبێ ئاڵای عێراق بەرزبکاتەوە، چونکە شوێنەکە دەکەوێتە بن سەرداریێتی دەوڵەتی عێراق.[٢٣] کاتێکیش عێراق هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی کرد، تا سەروەریێتی خۆی بەسەر ڕێڕەوەکەدا بسەپێنێ، شا گرژییەکانی کشتترکرد[35]، بەوەی یەکلایەنە ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٣٧ی هەڵوەشاندەوە و سوپاکەشی لە پلەی سووری ئامادەباشیدا دانا. کاتێکیش «عەلەم» و سەرۆکی ساواک «ژەنەڕاڵ نیعمەتوڵڵا نەسیری» بە سەختانگەکەیان زانی، زۆر دەهری بوون. ئیدی هەر ئەو شەوە، «عەلەم» لە گۆڤارەکەیدا نووسی: "[ئەردەشیر، وەزیری کاروباری دەرەوە] «زاهیدی» ئێمەی خستۆتە حاڵەتێک تەنگانە و دۆخەکەی گەیاندۆتە سەر لێواری شەڕ لەگەڵ عێراق... من نازانم تا چەند

---

[35] کشتترکرد: توندترکرد.



هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندییەکانمان تێکچوون و قەبارەی سەختانگی ئەم دواییە چەند توشی هێدمەی کردووین." کاتێکیش کێشەکەی گەیاندە شا، لێیپرسی، "ئایا هەر بەڕاست کارلەکار ترازاوە تا دەست بۆ بەکارهێنانی هێز ببەین، ئەمەش لە بارێکدا کە لە ناوەڕاستی دانووستان داین لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و هەر تازەش خەریکە لە یەکتێگەیشتنێک بێتەدی و لەگەڵ عەرەبەکانی کەنداو نزیک ببینەوە؟" شاش سەبارەت بە نیگەرانییەکانی «عەلەم» بێباک بوو، ئینجا «عەلەم» لە ڕۆژژمێرەکەی خۆیدا نووسی؛ "شتەکە وا دەکا خوێنم بکوڵێ... هەرگیز نەیارەکانت بە کەم مەزانە؛ تەنانەت ئەگەر عێراقییەکانیش خۆیان لە جەنگ بەدوورگرت، ئەوان هێشتا دەتوانن ئابوورییەکەمان پەکبخەن بەوەی لێمان نەگەڕێن شەتولعەرەب بەکاربێنین."[٢٦] ئەم ڕووداوە ئاوتۆکراتیەتی شا و شێوازە گۆترەکاریەکەی لە ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران دووپاتکردەوە.

سەختانگی شەتولعەرەب گرنگ بوو، چونکە شا زیاتر لەوەی ساڵی ١٩٦٦دا ڕێرەوە ئاوییەکەی بە شەڕی کوردەوە گرێدابوو. ئەمەش جووڵەیەکی زۆر هەژمارکراوبوو. شا دەیزانی عێراقییەکان مەگەر لاواز بن دەنا هەر دەبێ لە بەرانبەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکەدا کاردانەوەیان هەبێ؛ هەروەها ئەوەشی دەزانی، کە زۆرینەی هێزی عێراقی - ٦٠,٠٠٠ سەربازیان - لە باکووری عێراق لە دژی کورد لە شەڕدایە، لەکاتێکدا سێ لیوای دیکەیان لە ئوردن جێگیر بووە. ئیدی هەر دوو بژاردە لەبەردەم ڕژێم مابوونەوە: واز لە کوردەکانی باکوور بهێنێ یاخود هێزەکەی لە ئوردن بکێشێتەوە، هیچ کامێکیش لەو دوو بژاردانە لە ڕووی سیاسیەوە هی ئەوە نەبوون جێبەجێبکرێن.[٢٧] دوای ئەوەی عێراقی لە قوژبنێک پەستی، شا پەیامێکی بۆ بەغدا نارد، کە حەزی لێیە "لە بەرانبەر سازشکردن لەسەر شەتاودا پشتی کورد بەربدا." کاتێکیش ڕژێمی عێراق پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە، شا هانی کوردەکانی دا شەڕوشۆڕیان لە باکوور دەستپێبکەنەوە و گرژییەکانی سەر شەتولعەرەبیشی زیاتر تاودا.[٢٨] بە گرێدانی هەردوو ڕووداوەکان، شا پەیامێکی ڕوونی بۆ حیزبی بەعس نارد، کە



هەواڵنامەی کتێب

کاتێ بەریتانییەکان لە کەنداو دەکشێنەوە ئەوا هەر ئێران دەستڕۆیشتوو دەبێ و خۆ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیهەوێ لە کورد ئاسوودە بێ، ئەوا دەبێ ئەوەی داوای دەکەن بیانداتێ. لە کۆتایشدا عیراق پرسەکەی بردە بەردەم سەکۆی ئەنجوومەنی ئاسایش، ئیدی لەوێ هەردووکیان بە وتاری زمانلووسانەیان لە کێبڕکێدابوون تا کێشەکە لە مانگی حوزەیراندا داخرا.[٢٩]

لەکاتێکدا ئیدارەی نیکسن دڵخۆشبوو بەوەی ئێران عێراقی لەسەر پێشێلکارییەکان سزا دەدات، کێشەی عێراق لەگەڵ ئێران "بە تەواوی لە لایەن سۆڤیەتەوە بەخێرنەهێنرا، ئاخر [لەو کاتدا] پەیوەنییەکانیان لەگەڵ شا باشترببوو، نەیاندەویست شا لە خۆیان زویربکەن. کەواتە مۆسکۆ هەڵوێستێکی بێلایەنانەی لە کێشەکەدا وەرگرت و هیوای زۆری بەوە بوو شەڕەکە هەڵنەگیرسێ، چونکە لەوانەبوو ببێتە باندۆرێکی نەرێنی و هۆشداریش بداتە بەریتانییەکان بەوەی کشانەوەکەی خۆیان دوابخەن."[٣٠]

لەبەرئەوەی سەختانگەکان لەوەدا شکستییان هێنا، کە لە لایەنی سەربازییەوە سازش بە عێراق بکەن، بۆیە لە نیوەی دووەمی ١٩٦٩دا، شا پەنای بۆ هەوڵێکی ژێربەژێر برد بەڵکو ڕژێمی بەعس بڕووخێنێ. ئەمەشیان هەروەک هەوڵەکەی پێشتر، دەستەیەکی بەرفرەوانی بە کوردیشەوە لە دەوری خۆی لەسەر سنوور خڕکردەوە. لە ناوەڕاستی حوزەیراندا، بارزانی داوای لە نوێنەری خۆی لە واشنتن «شەفیق قەزاز» کرد سەردانی وەزارەی دەرەوە بکا و داوای پشتگیری لە ئەمریکا بکا. هەروەک نوێنەرایەتیکردنی جاری پێشوو، کاربەستانی ئەمریکا بەڕێزەوە داواکەیان ڕەتکردەوە، بەڵام بەوە قایلبوون نامەیەکی بارزانی بگەیەننە دەستی وەزیری دەرەوە «ڕۆگەرس». هەروەها کاربەدەستان هاوسۆزی خۆیان بۆ تەنگژەی کورد دەربڕی، گوتیان کەوا ئاڵوگۆڕەکە بەکەڵک بووە و ئاماژەشیان بەوەدا، کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە "خۆشحاڵ دەبێ دیسان لەهەر کاتێکدا بێ چاوی بە «قەزاز» بکەوێتەوە."[٣١] یەکەمین کارلێک لەنێوان کاربەدەستانی ئەمریکا و کورد لەژێر سایەی ئیدارەی نیکسندا،


هەواڵنامەی کتێب

بەروپێشوەچوونێک بوو لەچاو ئیدارەی جۆنسنەوە کە سەبارەت بە پەیوەندی کوردەوە هەستیار بوو.

هەرچەندە «ئەدمۆند غەریب» گوتوویەتی گوایە دوو ئەفسەری سەربازی ئەمریکی لە ئابی ١٩٦٩دا پەیوەندییان بە کوردەوە کردووە و یارمەتی سەربازییان خستوونەتەبەردەست. «غەریب» ئاماژەی بەوەدا، کەوا کورد بە نهێنیی شتێکیان لەگەڵ ئەمریکا ڕێکخستبوو، کە بە هۆیەوە سی ئای ئەی پشتی کوردان بگرێ بەو مەرجەی ڕژێمی بەعس لەناوبەرن، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق ببڕن و هەموو کۆمەکێکی سۆڤیەتیش ڕەتبکەنەوە.[٣٢] کێشەش لەگەڵ ئەوەی «غەریب» گوتوویەتی ئەوەیە، کە قسەکەی بە هیچ تۆمارێکی سەلمێنراو گرێدراو نییە. ئیدی لەو خاڵەدا ، کۆشکی سپی "چوارچێوەیەکی" بۆ سیاسەتی هەرێمایەتی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە داڕشتبوو، کە بەردەوام و بەڕێکوپێکی دژی پشتگیری ئەمریکا بووە بۆ کورد. هیچ شتێکی تۆمارکراویش بەردەست نییە - یان تەنانەت کردەیەکی لاوەکی ئیدارەی نیکسنیش - نیشانە بێ بۆ ئەوەی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوێستەکەی بۆ لای کورد بادابێتەوە. کاربەدەستێکی پێشووی سی ئای ئەی، ئەو کەسەی بەرپرسی "ئۆپەراسیۆنی ناوچە حاشالێکراوەکان" بوو - بە شێوەکی جەوهەری عێراق و سووریا - و لە ١٩٦٩دا نکووڵی لە هەر دەستهەبوونێکی ئەمریکا لەگەڵ کورد بەر لە ١٩٧٢دا کرد.[٣٣] هەر لەبەر ئەم هۆیانە، گوتەکەی «ئەدمۆند غەریب» خۆپارێزی هەڵدەگرێ.

گرژییەکانی باشوور خاوبوونەوە، عێراقیش لە ئابدا لە هێرشێکی سەرەکی سێ سەرەیی لە باکوور کردە سەر کورد، شەڕی کورد نوێبووەوە.[٣٤] لە ئەنجامیشدا عێراق بەدوای ئەوەدا گەڕا ئێران تێوەبگلێنێ، چونکە گوتی "٣٠ سەربازی ئێرانی کوژراون و چواردەی دیکەش لە لایەن سوپای عێراقییەوە گیراون، ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە سەبازە ئێرانییەکان هەوڵیانداوە لەوێ لە شوێنێک لەسەر سنوور، کە لە لایەن یاخیبووە کوردەکان کۆنترۆڵکراوە بگەڕێنەوە ئێران.



هەواڵنامەی کتێب

ئێرانیش حاشایی لێکرد، لەبری ئەوە ئاماژەی بەوەدا، کە "کەسانێکی دەستنیشانکراو" لە خەڵکی ئێران "بونەتە ئامانجی بەردەوامی بۆمباراران و ناپاڵمی هێزەکانی عێراقی، لەوکاتەی لە دژی هێزەکانی بارزانی شەڕدەکەن، لەوانەیە چەند کەسێکیش بە بێ پرس و زانیاری حکومەتی ئێرانی چووبنە نێو شەڕەکەوە."[٣٥] شەڕەکان تا مانگی ئۆکتۆبەر بەردەوامبوون، تا ئەو کاتەی هێزکانی عێراقی لەبەر هاتنی زستان شەڕەکەیان وەستاند.[٣٦]

لەو نێوەشدا کاربەدەستانی ئەمریکا ئەوەیان بەرگوێکەوت، کە پیلانێکی ئێرانی لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەردا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەئارادا هەبووە. لە ١٥ی ئۆکتۆبەردا، «تالکۆت سیلی» ئەفسەری دۆسیەی عێراق لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا، چاوی بە بزنسمانێکی عێراقی بەناوی «لوتفی عوبەیدی» کەوت، کە لە گەشتێک بۆ هەرێمەکە دەگەڕایەوە. بەگوێرەی قسەکانی «لوتفی» بێ، هاوپەیمانییەک لە نێوان عیراقییەکانی تاراوگە، کورد و ئێرانییەکان هەبووە و پیلانیان بۆ ڕووخاندنی ڕژێم دانابوو. ئەو گوتی گوایە شا "پشتگیری تەواوی ئێرانی" دابووە پیلانگێڕان، هەرچەندە گلەیی ئەوەشی هەبوو، کە "ئێرانییەکان زۆر هەژارانە سەودایان لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکە کرد." کاتێک «عوبەیدی» پرسی ئاخۆ ئەمریکا دەیەوێ پشتگیری پیلانەکە بکا، «سیلی» بە جەختکردنەوە بە نەرێنی وەڵامدایەوە.[٣٧] لە ٨ی کانوونی یەکەمیشدا، عێراقییەکی دیکەی تاراوگە «سەعد جابر» باسوخواسی پیلانەکەی لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمریکی لە باڵوێزخانەی بەیروت هێنایەگۆڕێ. «سەعد جابر» پێشبینی ئەوەی کرد، کە "گرووپەکەی" خۆی دەکرێ لە ماوەی شەش هەفتەی داهاتوودا حکوومەتێک لە باکوور دابمەزرێنێ و یاخیبوونێکیش لە باشوور هەڵبگیرسێنێ. ئینجا داوای یارمەتی داوودەرمان، خۆراک و پۆشاکی لە ئەمریکا کرد. کاربەدەستانی باڵوێزخانەکەش پێیانگوت، ئەمریکا ناتوانێ ئەم پابەندییانە لەسەر خۆی بکاتە ماڵ و حەزیشی لێنییە تێکەڵی ئەو پیلانگێڕییە ببێ.[٣٨] کاتێکیش وەزارەتی کاروباری دەرەوە بە دانیشتنەکەی زانی، پێنەدانی یارمەتی بە ڕاست زانی، بەڵام


هەواڵنامەی کتێب

داوای لە باڵوێزخانەکەی خۆی لە بەیروت کرد، بە «سەعد جابر» ڕابگەیەنن، کە ئەمریکا "دەکرێ ئامادەی دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکی دیپلۆماتییانەی شایستە بێ و بەدڵنیاییشەوە لەگەڵ ئەوەدایە لە چوارچێوەەی ڕەوایەتی سنووردار و سیاسەتی هەمەلایەنەدا هاوکاربێ، ئەمەش ئەگەر حکوومەتەکە میانڕوەی و دۆستایەتی خۆی سەلماند." ئەم وەڵامەش ئاماژەی ئەوە بوو، لەکاتێکدا ئەمریکا نەیدەویست دەست لەگەڵ پیلانگێرییەک لە دژی ڕژێم تێکەڵبکا، بەڵام خۆ ئەگەر ڕژێمێکی دۆست هاتەسەر دەسەڵات، ئەوا باری پشتگیری و یارمەتیەکەی خۆی بەهەندهەڵدەگرێ.[٣٩]

## ڕێککەوتنی ئازار

بەهۆی ئەو هەڵوێستە توند و پڕکێشەییەی سەبارەت بە شەتولعەرەب، ئێران لە پیلانگێڕی لە دژی عێراق بەردەوام بوو، هەروەها پشتی کوردانیشی لە شەڕەکەیان گرت - کە بە هۆیەوە عیراق لەکۆی گشتی بودجەی خۆی بۆ ساڵی ١٩٦٩دا نزیکەی ٣٠٪ی لەشەڕەکەدا ڕۆیشت - ئیدی حیزبی بەعس لە ئاخروئۆخری ١٩٦٩دا بەو ئەنجامە گەیشت، کە بۆ مانەوەی خۆیان پێویستە "کارتی کوردی" لەبن دەستی شا دەربێنێ و لەگەڵ بارزانیش بگەنە ڕێککەوتنێک.[٤٠] ئەوە بوو لە سەرەتای کانوونی یەکەمدا، سەرۆک «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر»، «فوئاد عارف» کە کورد و وەزیرێکی پێشوو بوو، ڕەوانەی لای بارزانی کرد تا ئۆتۆنۆمییەکی هەرێمیی (خۆجێی) بخاتەبەردەست. بارزانیش لە وەڵامدا "لەسەر ئەوە مکوڕبوو، کە دەبێ ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ حکوومەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان تۆماربکرێ و تا لە جێبەجێکردنەکەی دڵنیابن."[٤١] کاتێکیش حکوومەت ئەو شتەی ڕەتکردەوە، بارزانی لە ٢١ی کانوونی یەکەمدا دانووستاندەکانی پچڕاند. ئەمەش وای لە سەرۆک «ئەلبەکر» کرد جێگرەکەی خۆی «سەدام حوسێن»ی بنێرێتە باکوور تا ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ بارزانیدا


هەواڵنامەی کتێب

بکا. «سەدام»یش ئەو کەسە بوو ڕۆڵێکی دووانەیی دەبینی، هەم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق بوو، هەم یاریدەدەری سکرتێری گشتی حیزبی بەعسیش بوو، ئەو بەهێزترین کەسایەتی ڕژێم بوو. ئیدی پاش مانگێک «سەدام» و «دکتۆر مەحمود عوسمان» وردەکاری ڕێککەوتننامەکەیان دارِشت.[٤٢]

دوای ئەوەی شا بەو گفتوگۆیانەی زانی، تووڕە بوو و ئاگری گرت، زیاتر پەرەی بە هەوڵی پیلانگێڕی لە دژی ڕژێمی عێراق دا. بە گوێرەی قسەی دیپلۆماتێکی بەریتانی بێ، "ئامانجی دەستبەجێی شا بۆ کودەتاکردن لەو کاتەدا ئەوە بوو، ڕێککەوتنەکەی بەغدا لەگەڵ کوردی کرد بوەستێنێ." دوای هەموو شتێک هەوڵ و تەقەللاکانی شا بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی ئاوی شەتولعەرەب سەردەگرێ. هەرچۆنێک بێ، ئەوەی لە ئێرانیەکان شاراوە بوو، ئەوە بوو ئاسایشی عێراقی دزەیان کردبووە نێو پیلانەکە و "دەقی تەواوی تۆمارکراوی زۆر لە کۆبوونەوەکان و چاوپێکەوتنەکانیان بەدەستکەوت."[٤٣] بەو نەخشەیەی بۆ شەوی ٢١ – ٢٢ی مانگی کانوونی دووەم دیارکرابوو، پیلانگێڕەکان کەوتنە داوی عێراقییەکان. ئینجا بۆ ڕۆژی پاشتر، ڕژێم هەواڵی پیلانە سەرنەکەوتووەکە و تۆمارە نهێنییەکانیشی بڵاوکردەوە، ئەمەش وای لەیەکێ لە دیپلۆماتەکان کرد تێبینی ئەوە بکا، کە حیزبی بەعس "ئێرانییەکانی[36] لەخەتدا گرت."[٤٤] بۆ سپێدەی دواتر باڵوێزی ئێران و چوار دیپلۆماتی دیکە لە عێراق دەرکران لە ٢٣ی کانوونی دووەمشدا بەلای کەمی ٣٣ کەس لە پیلانگێڕان لەسێدارەدران.[٤٥] بەم کارە، ساڵانی دوورودرێژی هەوڵی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق بەفیڕۆ چوو. ئەم پیلانگێڕییەی ئێران حیزبی بەعسی زیاتر هاندا بۆ ئەوەی تەکانی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بدا. ئەوە بوو لە ٢٤ی کانوونی دووەمیدا، ڕژێم ڕایگەیاند، کە هەموو لایەنەکانی جاڕنامەی بەزازی ١٩٦٦

[36] نووسەر دەق ئەمەی لای خوارەوە نووسیوە "ئێرانییەکانی بەشێوەیەک گرتن کە شەرواڵیان تا چۆکان هاتبووە خوار. منیش ئیدیۆمەکەی سەرووم پێ کوردیتر بوو. وەرگێڕ.


هەواڵنامەی کتێب

جێبەجێدەکا؛ لێخۆشبوونێکی گشتیشی ڕاگەیاند؛ بانگهێشتی نێردەی کوردیشی بۆ بەغدا کرد.[٤٦]

ئێرانی و ئیسرائیلییەکانیش لێبڕاوانە بڕیاریاندابوو ڕێگە لە ڕێککەوتنی کورد – عێراق بگرن. لە سەرەتای مانگی مارتدا، کاربەدەستانی ساواک پەیوەندییان بە بارزانییەوە کرد و داوایان لێکرد بۆ دەمەتەقێ و تاوتوێکردنی باسەکان نێردەیەک ڕەوانەی تاران بکا. ئەوە بوو لە چواری مارتدا کوڕی مەلا مستەفا «ئیدریس بارزانی» گەیشتە تاران چاوی بە نوێنەرەکانی ئێرانی و ئیسرائیلییەکان کەوت. بە گوێرەی سی ئای ئەی بێ، "ئیسرائیلییەکان فشاری زۆریان ئەوە بوو کە شەڕوکوشتار لە باکووری عیراق دەستپێبکرێتەوە" و بەڵێنی ئەوەشیان بە کورد دا، چەکی دژەئاسمانی، تۆپخانەی سووک، ترومبێلی زرێپۆش، ترومبێلی نەفەرهەڵگری گولەنەبڕ و تەنانەت تانکیشیان پێدان، بەڵام تەنیا بەمەرجێک، بەوەی ئەوان بتوانن "بەلای کەمییەوە دوو تانکی عێراقی بگرن." لە ٦ی ئازاریشدا «ئیدریس» چاوی بە «ژەنەڕاڵ ناسری» سەرۆکی ساواک کەوت، بۆ ئەوەی باسوخواسی نیگەرانی ئێرانییەکان لە دانووستانی بارزانی لەگەڵ ڕژێمی عێراق بکەن و نەخشە بۆ کۆمەک و یارمەتی زیاتر دابنێن. «ناسری» گوتی؛ "ئێران بە تەواوی لەپشت ئەو داوایەی ئیسرائیلییەکانە تا شەڕ لە باکووری عێراق هەڵبگیرسێتەوە" و بارزانیش دەبوایە "بە وریاییەیەوە پێشنیازەکانی ئیسڕائیلیەکان تۆماربکا." لەوەش زیاتر ئەو گوتی، کە ئێران و ئیسرائیل دەیانەوێ کۆمەکی دارایی بۆ کورد زیاتربکەن، مانگانە زیاتر لە ٣ ملیۆن دۆلار. هەمووی بەسەریەکەوە، ئەم دوو هەوڵەی لەیەکنزیکبونەوەیە سەلمێنەری ئەوە بوو، کە ئێران و ئیسرائیل بە لە دەستدانی "کارتی کوردی" ترسان و دەیانەویست هەر بەڵێنێک بدەن بەڵکو ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا سەرنەگرێ. کاتێکیش سی ئای ئەی ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بەو گفتوگۆیانە بۆ کۆشکی سپی بەرزکردەوە، ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو، کە کێشەی کورد بۆ ئیدارەی نیکسن بەرزبکرێتەوە.[٤٧]



هەواڵنامەی کتێب

هەر بە گەیشتنی «ئیدریس» بۆ تاران، سەدامیش بەرەو باکوور، بۆ کوردستان کەوتەڕێ و ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ بارزانی بەئەنجام گەیاند. بەگوێرەی وتەی «ماک دۆول» بێ، «سەدام» کاغەزی سپی لەبەردەم بارزانی دانا و پێیگوت, داواکانی خۆی تێدا بنووسێ. بارزانیش چەند خاڵێکی لەسەر لاپەڕەکە دەقنووسکردن و ئینجا ڕادەستی سەدامی کردەوە، ئەویش هەر لەجێوە پێیقایلبوو.[٤٨] لە ڕێککەوتننامەکەدا (کە بەڕێکەوتننامەی ئازار ناسراوە)، ڕژێم قایلبوو دان بە کاراکتەری دوونەتەوەیی عێراقدا بنێ؛ بە فەرمییبوونی زمانی کوردی و مافە کلتووریەکانی سەلماند؛ بووژاندنەوی ئابووری و پەرەپێدانی ناوچە وێرانەکانی کوردستان؛ لەوەش زۆر گرنگتر، ڕژێم ڕێگەی بە دامەزراندنی حکوومەتێکی خۆیی لە هەرێمی کوردستان دا.[٤٩] دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، سەدام گەڕایەوە بەغدا و لە ١١ی ئازاردا لە ڕادیۆدا ڕایگەیاند، کەوا گەیشتۆتە چارەسەرییەکی "دوایین و سەرلەبەری" کێشەی کورد لە عێراق. ڕێککەوتنەکە لە باری نێوەدەڵەتییدا دەستخۆشی لێکرا و بە هەنگاوێکی سەرەکی و ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانییانەی عەرەب و خەڵکی کورد لە عێراق دانرا، بەڵام لەوێدا نادڵنیاییەکی مەزن سەبارەت بەوە هەبوو، تۆبڵێی حیزبی بەعس بەڵێنەکانی خۆی بباتەسەر.[٥٠]

هەر لە بەرایشەوە ئەوە ڕوون بوو، کە ئیدارەی نیکسن گەشبین نەبوو لەوەی ئاشتییەکە دەرفەتی سەرکەوتنی لەپێشبێ. ئەوە بوو لە ١٢ی ئازاردا «دۆگلاس ماک ئارسەر» باڵوێزە نوێکەی ئەمریکا لە تاران، بروسکەیەکی بۆ واشنتن لێدا بۆئەوەی هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ ڕێککەوتننامەکە بخاتەڕوو، ئاماژەی بەوەکردبوو، کە شا هەستدەکا ترسێکی زۆری لە دەستڕۆیشتنی سۆڤیەت لەسەر عێراقدا هەبێ و ئەمەش لە داڕشتەی ئۆتۆنۆمی پارێزگە کوردییەکانی عێراقدا بە ڕاستوەرگەڕا. کاتێکیش وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە ١٤ی ئازاردا وەڵامی بروسکەکەی باڵوێزی دایەوە، تێبینی ئەوەی کرد، لەکاتێکدا پێدەچێ ڕێککەوتننامەکە "زیاتر پابەندی تێدابن لەوەی پەرەسەندنی هێنابێتە پێشەوە،"



هەواڵنامەی کتێب

پرسیارە کوشندەکانیشی وەڵامنەداونەتەوە، پرسیاری وەک ئەوەی ئاخر ئەو ئۆتۆنۆمییەی دراوەتە کورد لە چ پلەیەکدایە. وەزارەت بڕوای نەبوو کە ڕێککەوتننامەکە "بۆ کاتی درێژخایەنی جەوهەری" خۆی بگرێ و بەگومانیش بوو لەوەی ڕژێمی بەعس ئەوەندە ئاسایشی پتەوبێ و بایی ئەوەندە ئازادی بدا لەوەی دەست بخاتە نێو کەنداو، یاخود لە شوێنێکی دیکە ببێتە مایەی گەف و هەڕەشە. پاش هەموو شتێکیش، ڕێککەوتننامەکە هەڕەشەی کوردی لەناونەبردووە، ئەمەش واتای ئەوەی هەبوو، کاتێکی زۆر ناخایەنێ تا "شکستە ڕاستەقینەکەی خۆی" دەربکەوێ.[٥١]

لە ماوەی ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتی نیکسندا، عێراق چەقی ژمارەیەک سەختانگ بوو، لێ هێشتاش بە پێودانگی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نەببووە بیچمێکی ڕاستەقینە. کاتێکیش یادەوەری کوشتارگەی عێراق بۆ جووەکان هی ساڵی ١٩٦٩ کاڵبوویەوە، ئێران نەببوە ئاستێکی باڵای بایەخپێدان. ئەمەش واتای ئەوەی نەدەگەیاند، کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە باری تێکچوو و گرژی نێوان ئێران - عێراقی پشتگوێ خستبێ، بەڵکو کۆشکی سپی کەمتر بایەخی بە کێشەکانی جیهانی سێ دا. بە جاڕدانی ڕێبازی نیکسنیش لە مانگی تەمموز - بە جۆرێک داڕێژرابووکە بارگرانی بەرگریکردن لە هاوپەیمانەکانی جەنگی سارد لەسەر شانی خۆی دابماڵێ - و سەرکەوتنی ئێران بەوەی توانیبووی بەردەوام لە حاڵەتی سەختانگدا بیهێڵێتەوە، قەناعەتی ئیدارەی نیکسن هاتبوو بەوەی لێبگەڕێ شا گەمەی خۆی بکا، بەمەرجێک زۆر دەست وەرنەداتە مەبەستە گرنگەکانی سیاسەتەکە (وەک کۆتاییهاتن و خاوبوونەوەی شەڕی ڤێتنام). لەوە زیاتر و لەبەرئەوەی ئیدارەی نیکسن عێراقی لەبن هەومەرجی سەرنجڕاکێش، چ لە جەنگی سارد و چ کێشەی عەرەب - ئیسرائیل نەدەبینی، بۆیە هیچ بایەخێکی دیاری لەسەر ئاستی باڵای حکوومەتی ئەمریکاوە وەرنەگرت.



هەواڵنامەی کتێب

**کردنەوەی لوغزەکانی ڕێککەوتنەکە**

بە دەستەواژەی جەنگی سارد، ماوەی نێوان ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ و بەهاری ١٩٧٢دا، بۆ ئەمریکییەکان بەشی خۆی مایەی سەرلێتێکچون بوو. لە سەرێکەوە، ڕێکەوتننامەی کورد دەستی ڕژێمی بەعسی کردەوە بەوەی شەپۆلێک کردەی تیرۆرستییانە بە ڕووی کۆمۆنیستەکاندا بدا، ئەمە لە کاتێکدا بەریتانییەکان بە درەنگانێکی ١٩٧١ لە کەنداو کشانەوە، عێراق کلکی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ مۆسکۆدا گرێدایەوە، بەمەش شاڵاوی ڕاوەدوونانی لە دژی کۆمۆنیستەکان ڕاگرت و هەوڵیدا بارزانیش لەناوبەرێ.

لە ماوەی ئەو یەک دوو ساڵەدا، هەردوولایان چ ئێران و چ ئیسرائیل فشاریان خستە سەر ئیدارەی نیکسن بەڵکو بە هەڵوێستەکەی خۆی لەمەڕ کورداندا بچێتەوە، چونکە لەو کاتەی کە بەریتانییەکان لە هەرێمەکەدا کشاونەتەوە مەترسی سۆڤیەت زۆر زیادیکردووە، بەڵام کۆشکی سپی هێشتا لەو بارەیەوە هەر بێ مەیل مایەوە. لە ١٢ی ئازاریدا، «هوەیدا»ی سەروەزیری ئێران قسەی لەگەڵ «ماک ئارسەر» کرد، گوایە ڕێککەوتنەکە بەشێک بووە لە پیلانگێڕییەکی سۆڤیەتی، بەوەی دەستی ٢٠,٠٠٠ سەربازی عێراقی والاکردبێ ئینجا بیاننێرێتە کەنداو یاخود لە دژی ئیسرائیل بەکاریان بێنێ، هەروەها گوایە ئەم ڕێککەوتنە توانای سەرچاوەی دەرامەدەکانی عێراق بۆ کاری تێکدەرانە لە هەرێمەکەدا زیادیکردووە و ئەوەشیان نیشاندا، کە ڕژێمی بەعس "بە ڕاددەیەکی زۆر لە خزمەتی هەژموونی سۆڤیەتییەکانە، چونکە لە ڕووی سەربازیی و یارمەتییەکانی دیکە بۆ مانەوەی خۆی پشتی بە سۆڤیەت بەستووە." ئەو بەپێداگیرییەوە داوای ئەوەشی کرد، کە ڕێککەوتنەکە دەروویەک لەسەر سۆڤیەت دەکاتەوە بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق بکاتە دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆم، ئیدی ئەوسا بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ بەڵکو لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا یەکبگرێتەوە. خۆ ئەگەر ئەوەش ڕووبدا، بەم جۆرە «هوەیدا» هۆشداری دایە کاربەدەستە



هەواڵنامەی کتێب

ئەمریکاییەکە، ئەوا بازی[37] سۆڤیەتییەکان بەربەستەکانی تورکی – ئێرانی دەبڕێ و ڕاستەوخۆ پێ دەنێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە کۆتاییدا «هوەیدا» گوتی، کەوا ئەو نیگەرانە لەوەی سۆڤیەتییەکان "لەسەر ژێی بەهێزی هەستی نەتەوایەتی گەلی کورد بژەنن بۆ ئەوەی کوردی تورکیا و ئێرانیش بوروژێنن ، ئینجا چالاکی ژێربەژێر دەست پێبکەن چاویان لەسەر ئەوە بێ ڕووبەرەکە بەرفرەوان بکەن و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێنن." لەبەر ئەم هۆیانە، ئەو داوای لە ئەمریکا کرد پشتگیری زیاتری هێزی سەبازی ئێرانی بکا بۆ ئەوەی "بەلای کەمییەوە هێزی بەرپەچدانەوەی پێویستیان" هەبێ بەر لەوەی هێزەکانی بەریتانی لە کانوونی یەکەمی ١٩٧١دا لە کەنداو بکشێنەوە. «ماک ئارسەر»یش کارکردن لە سەر بەهێزکردنی سوپای ئێرانی پەسەندکرد تا لەکاتی کشانەوە نزیکەکەی بەریتانییەکان ئامادەبێ و بە گرنگیشی زانی ئێرانێکی بەهێز و سەقامگیر هەبێ بتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی لە دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری کەنداودا ببینێ. ئەو نمایشەی «هوەیدا» ئەوەی بە ڕوونی نیشاندا، کە ئێران خۆی بە جێگرەوەیەکی سروشتی بەریتانیەکان دەزانێ و بەنیازیشن ئەم ڕوانینەی خۆیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمریکا دوابەدوای ڕاگەیاندنی ڕێبازی نیکسن بە هێزەوە نیشان بدەن. لە کاتێکدا داواکە ڕێک لەگەڵ سیاسەتی "جووت کۆڵەگەی جمک" بۆ هەرێمەکە دەهاتەوە، دیاربوو ئێران مەترسییەکانی سۆڤیەتی بە قەبە نیشاندەدا تا بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کەنداودا بباتەپێش.[٥٢]

هەر ئێرانییەکانیش بە تەنیا نەبوون بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئیدارەی نیکسن بهێنن، بەوەی ڕێککەوتنی ئازار بەشێک بووە لە پیلانگێڕی سۆڤیەتی. لە ١٠ی نیساندا، «گیدۆن ڕافائیل»، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل، بە «ڕۆگەر»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکای گوت، کە عێراقییەکان "زۆر دوودڵن" لەوەی لەگەڵ کورددا بە دوای ئاشتییدا بگەڕێن، بەڵام سۆڤیەتییەکان پێیانداگرت "ئەوان ئاشتییەکیان لەسەر

---

[37] باز: بازدان، مەبەست ئەو هەنگاوە گەورە و درێژەیە کەبەسەر شت باز دەدا. وەرگێڕ



هەواڵنامەی کتێب

سنوورەکانی نزیک بە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت دەویست." بە گوێرەی قسەی «ڕافائیل» بێ، مۆسکۆ بەڵێنی زۆرتری لەبارەی پشتگیری چەک و تفاق بەعێراق دابوو، بەڵێنی هاوکاری لە بواری نەوت و "پاڵپشتی بۆ ئەوەی عێراق ڕۆڵێکی گەورەتر لە کاروباری کەنداوی فارسییدا بگێڕێ،" ئەمەش هەمووی لە بەرانبەر ئاشتیکردن لەگەڵ کورددا بوو.[٥٣] بە ڕوونی، ئێرانی و ئیسرائیلییەکان ڕێککەوتنەکەیان بە پیلانێکی سۆڤیەتی لەقەڵەمدا تا قەناعەت بە ئیدارەی نیکسن سەبارەت بە بایەخی کەنداو بەر لە کشانەوەی بەریتانییەکان بهێنن.

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکاش ئەم شرۆڤانەی پەسەند نەکرد.[٥٤] کاتێکیش وەزارەت وتووێژی ڕۆگەر - ڕافائیل بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تەلئەبیب وەسفکرد، تێبینی ئەوەی کرد، "ئێمە تێدەگەین لەوەی ئیسرائیلییەکان سەرچاوەی باشیان لە پرسی کورددا هەیە، بەڵام بڕوای «رافائیل» زۆر پێلێهەڵبڕانە بوو سەبارەت بە ڕۆڵی هەنووکەی سۆڤیەت لە ... ڕێککەوتنەکە.[٥٥] بە دڵنیایەوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە دزەکردنی سۆڤیەت بۆ هەرێمەکە نیگەرانبوو، بەڵام لەو بڕوایەشدا نەبوو، ڕێککەوتنەکەی عێراق - کورد بەشێک بێ لە ستراتیژیەتی هەرە پێشکەوتووی ئەوان، "ئێمە کۆکین لەسەر ئەوەی کە سۆڤیەتییەکان هانی ئاشتبوونەوەی عێراق - کوردیان داوە، بەڵام ئەوەندەش ڕوون نییە ئاخۆ بە کردەوە چ باندۆرێکیان لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی ئاشتییەوە هەبووبێ." ئەوە تێبینیکرابوو، سەبارەت بە پێگەی سۆڤیەت لەسەر کورد درێژدادڕی کراوە، بەشی زۆری ئەم قسانەش "چونەتە بن باری ئیعتباراتی سیاسەتەکانی دیکە لە ناوچەکەدا". وەزارەتی کاروباری دەرەوە بە دەرهاوێشتەیەکەوە نووسی، "پێناچی سۆڤیەتییەکان بیانەوێ ئەو پەیوەندییە خۆپارێزییە سروشتکردیانەیان لەگەڵ تورکیا و ئێران بخەنە مەترسییەوە" ئەمەش بەوەی دەستیان لە دروستکردنی "ڕاپەوێکی کوردی" لەسەر سنوورەکەی خۆیدا هەبێ.[٥٦]


هەواڵنامەی کتێب

کاربەدەستێکی دیکەی ئەمریکی، «لی دینسمۆر» - ئەفسەری دۆسیەی عێراق لە شەستەکان و ئێستاش کونسولی ئەمریکایە لە «جەهران»ی عەرەبستانی سعوودییدا - پێکەنینی بەوە دەهات کە ئێرانییەکان هاواریبیان دەکرد "سۆڤیەتیەکان!" و هەروەها بەوەی گوایە ڕێککەوتنی کورد پیلانێکی سۆڤیەتی بووە. «دینسمۆر» نووسی کە بێمرادبونی شا لە ڕێککەوتنەکەی کورد مایەی تەوسە، چونکە هەر شا بە خۆی بوو لە سەرەتاوە دنەی بارزانی دا تا فشاری سەربازی ببخاتە سەر عێراق، ئەمە لە کاتێکدا ئامادەبوو کورد عێراق بفرۆشێ ئەگەر هاتبا و بە سازشێ سەر شەتولعەرەب قایلببا، هەروەها هەر کردەی بزێوانەی ئێران بوو پاڵی بە حیزبی بەعسەوە نا تا لە کورد نزیکبکەوێتەوە. هەر بۆیە، "ئەگەر یەکێتیی سۆڤیەت بەو ئاراستەیەی ڕەوشی کورد دڵخۆش بێ، کە لە عێراق هاتۆتە کایە، ئەوا دەبێ سوپاسی دۆستەکانی ئەمریکا بکا. ئاخر جێگەی گومان بوو کورد لە دە ساڵەی ڕابردوودا بەرگەبگرن ئەگەر هاتبا و یارمەتی ئێرانییان لەپشت نەبووبا."[٥٧]

بە پاڵپشتی بابەتەکەی ئەمریکییەکان، لەماوەی ١٩٧٠ - ٧١ پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و مۆسکۆ بە بارێکی زۆر ساردوسڕدا ڕۆیشتن. ئەمەش لەبەرئەوە بوو، حیزبی بەعس بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، دەستی والابوو، بڕیاری شێلگیرانەی دابوو ڕووبکاتە سەرچاوەی هێزی دیکە لە نێو عێراق تا لەناویان بەرێ، ئەمەش واتای ئەوەی دەگەیاند حیزبی شیوعی عێراق مەترسی بوو.[٥٨] لە ٢٣ی ئازاردا هێزەکانی ئاسایشی حیزبی بەعس هەڵمەتی ڕاوەدوونانی کۆمۆنیستەکانیان دەستپێکردەوە، لە ماوەی یەک دوو هەفتەی هەڵمەتەکەدا ئامانجیان سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقی بوو کە لەناویانبەرن.[٥٩] لە ڕوانگەی ئەمریکیەکانیشەوە، چەوساندنەوەی عێراق بۆ کۆمۆنیستەکان پێشهاتێکی ئەرێینیانە بوو، بەڵام نەبوونی پەیوەندی پەیوەندی دیپلۆماسییانە وای کرد پەیوەندییەکانی ئیدارەی نیکسن بەرەوباشی بچن، هەروەک چۆن ئیدارەی کەنەدی لە ١٩٦٣دا ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی ڕاچاندبوو.


هەواڵنامەی کتێب

بە هاتنی مانگی ئاب، سی ئای ئەی پوختەیەکی هەواڵنامەی هەواڵگرییانەی خۆی بۆ «کیسنجەر» نارد، کە تێکچوونی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت - عێراقی پشتڕاستکردبووەوە. بە گوێرەی یاداشتەکەی سی ئای بێ، پاشکۆی سەربازیی سۆڤیەت لە عێراق، لە تەممووزدا ئەوەی بۆ ئەفسەری سی ئای ئەی ئاشکراکردبوو، باڵوێزی سۆڤیەتی لە نوشستی ڕژێمی بەعس نامرادە بەوەی پارەی پشکە زۆرەکەی چەککڕینەکەی نەداوە. هەر ئەم سەرچاوەیەش ئاماژەی بەوەکرد، کە سۆڤیەتییەکان بێهیوابوون سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی عێراق بەوەی حکوومەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو یاخود بەرەیەکی نیشتمانی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێکبهێنێ. یاداشتەکە چەند بڕگەیەکی لە ڕاپۆرتی هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە هێناوەتەوە کە لە نزیکەوە چاودێری جووڵەی کاربەدەستانی سۆڤیەتییان کردووە لەگەڵ نموونەی ئەوەی کە لە کوێ ڕادەگیرێن و چۆن لە بازگەکان هەراسان دەکرێن.[٦١] لەوەش زیاتر ڕاپۆرتەکانی «گۆلان» لەسەر ئەوەی، کە نیگەرانییەکانی «کرێملین» دەربارەی بڕیاری گۆڕینەوەی باڵوێزەکان لەگەڵ «چین» زێدەتربووە.[٦٢] ئەوەش ڕکابەرێکی کۆمۆنیستی سەرەکییە دوابەدوای لەیەکترازانی سینۆ(چین) - سۆڤیەت لە شەستەکانەوە هات و ئەو شەڕە بەرفرەوانەی لەنێوان ئازار و ئەیلوولی ١٩٦٩دا کرا.[٦٣] هەڵبەتە، ئەم ڕاپۆرتانە ئەو گوتانەی (نمایشانەی) ئێرانی و ئیسرائیلییەکانی کزکرد، بەوەی گوایە ڕێککەوتنی ئازار بەشێک بووە لە ستراتیژی سۆڤیەت بۆ باڵکێشان بەسەر کەنداودا، لە کاتێکدا ڕاپۆرتەکان بێمرادی مۆسکۆیان سەبارەت بە سیاسەتەکانی بەغدا خستەڕوو.

هەروەها ئەو ئاماژانەش هەبوون، کە مەیلی دەزگەی سی ئای ئەیش لەو کاتەدا بۆ هەرێمەکە پتردەبوو. هەر بۆ نموونە، کاتێک «سەدام» لە مۆسکۆ بوو، سی ئای ئەی زانی، کە بارزانی لە پێشبینی هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ڕژێمدا خەریکی بەهێزکردنی هێزەکانی خۆیەتی و دەستیشی بە دابینکردنی پەناگە بۆ کۆمۆنیستەکان کردبوو، ئەوانەی لە بەغداوە هەڵدەهاتن.[٦٤] لە ٢٢ی ئابیشدا،


هەواڵنامەی کتێب

هێزەکانی ئاسایشی عێراق کودەتایەکی ناسیونالستەکانی لەباربرد و یەک دوو ڕۆژیش دوای ئەوە، عێراقییەکی شیعەی هەڵگەڕاوە لە ڕژێم زانیاری لەسەر پیلانە زیاترەکانی دیکە لە دژی ڕژێم بە سی ئای ئەی گوت.[٦٥]

مەیل و بایەخی سی ئای ئەی بە عێراق لەگەڵ پەرەسەندنی سەختانگەکەی ئوردن ڕێککەوت، کە لەوێدا گرژی لە نێوان «مەلیک حوسێن» و فیداییە فەلەستینییەکان تەشەنەی کردبوو، لە مانگی ئەیلوولیشدا شەڕی ناوخۆیی لێکەوتەوە. هەر لە شەڕی شەش ڕۆژەوە، دەسەڵاتدارانی ئوردن چەندین جار بێهوودە هەوڵیاندابوو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بخەنە بن کۆنترۆڵی خۆیان.[٦٦] دوای ئەوەی لە حوزەیرانی ١٩٧٠دا بەیەکدادان لەنێوان سوپای ئوردنی و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی دوورکەوتەوە، جارێکی دیکە گرژییەکان بە تیژی لە کۆتایی مانگی تەموزدا سەریانهەڵدایەوە، ئەمەش دوابەدوای میسر و ئوردن بە نەخشەی ئاشتی «ڕۆگەر» قایلبوون، نەخشەکەش ئاگربەستی لەو شەڕە بەردەوامە داهێزەرانەی نێوان میسر و ئیسرائیل بەدوایخۆیدا دەهێنا.[٦٧]

وەک دیاربوو لە سەرەتای ئەیلوولدا دوابەدوای ڕفاندن و تێکوپێکدانی سێ فڕۆکە لە لایەن بەرەی میللی ڕادیکالی ڕزگارکردنی فەلەستینەوە، ڕووبەڕووبونەوەکان تاویانسەند.[٦٨] کاربەدەستانی ئەمریکاش نیگەران بوون لەوەی ٢٥,٠٠٠ سەربازی عێراقی هەر لە ١٩٦٧ەوە لە ئوردن مۆڵگەیان لێداوە و لەوانەش بوو لەسەر ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین[٦٩] بکەنەوە.[38] هەرچەندە «مەلیک حوسێن» لە ١٧ی ئەیلوولدا هێزی سەربازی ئوردنی لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بەردا، کەچی هێزەکەی عێراقی کە بە سەرکردایەتی وەزیری بەرگری «حەردان تکریتی» بوو شکستیهێنا لەوە بەهانای فەلەستینیەکانەوە بچێ.. بە گوێرەی قسەی «جاک ئۆکۆنێل»ی بەرپرسی وێستگەیی ئەوکاتی سی ئای ئەی لە عەمان بێ، هۆکارەکە بۆ ئەوە

---

[38] لەسەرکردنەوە: بەرگریلێکردن، شەڕلەسەرکردن.



هەواڵنامەی کتێب

دەگەڕایەوە، کە ملهوڕێکی عێراقی بەناوی «ژەنەڕاڵ عەبد حوسێن» (ئەو کەسەی دۆستێکی نزیکی سەدام و هاوژووری پێشووی بوو) فێڵی لە کاربەدەستە عێراقییەکان کرد و وەها قەناعەتی پێهێنان، گوایە پلانی ئەمریکا وایە لە بری ئوردن خۆی لە شەڕەکە هەڵبقورتێنێ بەوەی فڕۆکەکانی ناتۆ بەکاربێنێ. لەترسی ئەوەی ئەمریکا بێتە ناو شەڕەکە و دەست بەسەر هێزەکانی عێراقییدا بگرێ، «حەردان تکریتی» فەرمانی بە هێزەکانی خۆیی کرد بکشێنەوە نزیک سنووری عێراق، بەمە ڕێگەی ئەوەی لێبڕین بەشداری هەر ئۆپەراسیۆنێک بکەن کە لە نزیک عەممان ڕوویدا.[٧٠] بەم فێڵە گەورەیە، ئوردنییەکان لە سەختانگی ئەیلوولدا مەترسی عێراقییان لەسەر خۆ لابرد.[٧١]

لەو کاتەی جیهانی عەرەب سەبارەت ئەوەی لە ٢٨ی ئەیلوولدا ڕوویدا، هێدمەگرتی بوو، لەپڕ و هەر ئەو کاتیش «جەمال عەبدولناسر»یش بە گوشاری لێدانی دڵ مرد، ئەمەش هەر چەند سەعاتێک دوای ئەوەی کۆنفرانسێکی کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە بەسترا، کە مەبەست لێی چارەسەرکردنی سەختانگی ئوردن بوو.[٧٢] مەرگی ناسر کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەی عەرەب – ئیسرائیل و ڕکابەری نێوخۆی، کە بە جەنگی ساردی عەرییەوە ناسرا، دانا. سەبارەت بە ئەمریکاش، هاتنەسەردەسەڵاتی «ئەنوەر ئەلسادات» وەک تێبینیدەکرا لاواز بێ و نازناوەکەشی "سەگە کەمۆیەکەی ناسر" هەبوو، مایەی نارەحەتی بوو. «سادات» دوای ئەوەی لە ١٩٣٦دا دەچێتە ئەکادیمیای سەربازی ناسر و "ئەفسەرە ئازادیخوازەکان"ی دیکە دەبینێ، کە لە ١٩٥٢دا دەستی بەسەر تەختی دەسەڵاتی میسردا داگرت. «سادات» وەها وەسف دەکرا، کە کەسێکی "توندوبەند، بەجۆش، دینداریکی قووڵ، کەسێک کە دوژمنی سەرسەختی ئیسرائیل و یەکێک لەوانە بوو کە زۆرترین ڕەخنەی لە ئەمریکا دەگرت."[٧٣] ئەوکات هیچ شتێکی وەهاش لەئارادانەبوو، کە سادات میسر لە وەڵاتێکی



هەواڵنامەی کتێب

هەوادار بە سۆڤیەت بکاتە هاوپەمانێکی جێگیری ئەمریکییەکان و لە ١٩٧٩شدا بگاتە ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل.[٧٤]

لەو نێوەدا کردە هەراسانییەکانی عێراق لە میانەی شەڕی نێوەخۆی ئوردنییەکان سەلمێنەری ئەو هۆکارە بزوێنەرەبوو، کە سەدام جڵەوی تەواوی دەسەڵات بگرێتەدەست. دوابەدوای سەختانگەکە، «یاسر عەرەفات»ی سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی، پەیامێکی بۆ سەرۆک «ئەلبەکر» نارد، تێیدا گوتبووی؛ "مێژوو لەوانە خۆشنابێ کە لە پشیتوانیکردنی فیدائییەکان شکستیانهێنا، ئەوانەی لەسەردەستی سوپای ئوردنییدا قەتڵوعام کران." ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەوەی لە پێنجی ئۆکتۆبەردا لەنێو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و لەسەر داوای سەدام حوسێندا، «حەردان تکریتی» لە پلەوپایەی مەدەنی و سەربازی لابدرێ.[٧٥] بە لابردنی وەزیرێکی بەهێز لە وەزارەتی بەرگرییدا، ئیدی هیچ بەربەستێک لەسەر ڕێی سەدام نەما بۆئەوەی ڕکێفی دەسەڵات بخاتە بن ڕکێفی خۆی.

پێنج هەفتەی ڕەبەقیشی خایاند تا وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بەوەی زانی، کە سەدام دەسەڵاتی خستۆتە بن ڕکێفی خۆی. دوای ئەوەی بەم شتەیان زانی، بروسکەیەکیان بۆ باڵوێزخانەکەیان لە بروکسل لێدا تا بەدوای هەڵسەنگاندنێکی هەنووکەیی ڕەوشی عێراقدا بگەڕێن.[٧٦] دەرکەوت کە باڵوێزخانەی بەلجیکی لە بەغدا لەوەدا پشتگوێخراوە کە ڕاپۆرت لەسەر پێشهاتە سیاسییەکان بنووسێ. بۆ نموونەش، کاتێک باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بروکسل وەڵامی داخوازی وەزارەتی دەرەوەی خۆی دایەوە، گلەیی لەوە هەبوو، کە نووسینگەی کاروباری دەرەوەی بەلجیکی "ناتوانایە لە مسۆگەرکردنی هەڵسەنگاندێکی قووڵ سەبارەت بە ڕەوشی عێراق." کاربەدەستانی ئەمریکا ڕایان لە ڕاپۆرتی سیاسی بەلجیکییەکان نەبوو لەسەر عێراق، وەهاشیان وەسفکرد کە، "لە هێنانەوەی ڕاستییەکان کورتهێن و لە خوێندنەوەی دەرهاوێشتەکانیش درێژدادڕە" و گلەیی ئەوەشیان لێکرد، کە "وەک


هەواڵنامەی کتێب

جێگرەوەیەکی هەڵسەنگاندنیان [تەنها هی نووسینگەی دەرەکی] بەردەستە... کۆپییەکی دوا دوو نامەی باڵوێزخانەی بەلجیکایان لە بەغدا هێنابووەوە." لەوانەوە تێبینییەکانیان دەرهێنابوو."[٧٧] ئەم بروسکەیە ئاماژەی بەوە کردبوو، کە کاربەدەستە ئەمریکاییەکان، ئەوانەی لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پسپۆڕ نەبوون – لەوەش هەرگەڕێ کە دەربارەی کاروباری عێراق شارەزابن – هاتبوون و هەڵسەنگاندنی خۆیان لەسەر ئەو ڕەوشەی بەسەر عێراقدا تێدەپەڕێ دەربڕیبوو، چونکە حکوومەتی بەلجیکی کە کاروباری ئەمریکای لە عێراق هەڵدەسووڕاند، توانای ئەوەی نەبوو کارەکەی بەڕێکوپێکی ڕاپەڕێنێ. ئیدی ڕوون بوو کە کێشەیەک هەبوو.[٧٨]

لە بەرایی مانگی سیپتێمبەرەوە دوابەدوای هەوڵێکی کوشتنی «ئیدریس»ی کوڕ و جێگرەوەکەی مەلا مستەفا، گرژییەکانی نێوان ڕژێم و کورد پتر تاویانسەند. ئەوەش لەو کاتەدا بوو لە بەغدا ئەو ترومبێلەی «ئیدریس»ی تێدا بوو درایە بەر گوللە.[٧٩] بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵنێرانی ڕۆیتەرز بێ، کە یەک دوو ڕۆژ دوای پەلاماردانەکە دیداریان لە گەڵ «بارزانی» سازدابوو، کورد لەو بڕوایەدا بوو، کە ڕژێم لەپشت پیلانەکەوە بووە و ئیدی متمانەی ئەوەی پێناکرێ، کە مەرجەکانی ڕێککەوتنی ئازار جێبەجێبکا.[٨٠] دواتر بەڵگەی سەلمێنەر زەریانخست، کە سۆڤیەتییەکان ڕۆڵیان لەو پەلامارەدا گێڕاوە، هەرچەندە دەستهەبوونی ئەوان لەو پێشهاتەدا هێشتا دڵنیانییە.[٨١] هەرچۆنێک بێ دەستهەبوونی مۆسکۆ لە پیلانەکدا ئەوەی نیشاندا، کە سۆڤیەتی پشتی لە کورد کردبوو و ئیدی بەدوای باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیزبی بەعسدا دەگەڕا، ئەمەو وێڕای ئەو شاڵاوە سەرکوتکەرانەی بەعس بۆ سەر کۆمۆنیستەکان لەئارادا هەبوو.

ئەو هەوڵەی کوشتنە، قەناعەتی بە بارزانی هێنا تا هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل نوێبکاتەوە. لە ١٥ی ئازاری ١٩٧١دا، کاربەدەستانی «ساواک» بە کاربەدەستانی کۆشکی سپییان ڕاگەیاند، کە شا دەستی بە یارمەتیدانی کوردان کردۆتەوە و داواش لەوان دەکا بەڵکو بە سیاسەتی دەستوەرنەدانی خۆیاندا


هەواڵنامەی کتێب

بچنەوە. دیسان ئێرانییەکان لە بۆتەی جەنگی ساردا داواکەیان دارِشتەوە و هۆشدارییان دا، "ئەگەر ئەم ئاراستە هەنووکەیە [لەبەرانبەر بلۆکی سۆڤیەتییدا] بەردەوامبێ، ئەوا عێراق رەوشێکی (ستاتوتێک)ی هاوشێوەی پاشکۆیەتی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی لێدێ." ئینجا «ساواک» داوای ئەوەی لە ئەمریکا کرد، پشتگیری بارزانی بکەن بۆ "لەباربردنی" پێکهێنانی حکوومەتێکی بەرەی نیشتمانی "بەباڵکێشبوونی کۆمۆنیست" و گوتیان هەر یارمەتییەک دەکرێ بە نهێنی و لە رێی کەناڵی سێیەمەوە – وەک ئوردن – بێتەدی، کە هەر تەنیا بارزانی پێیبزانێ".[٨٢] ئەمەش بە روونی نیشانەی ئەوە بوو، کە ساواک وێنەی کێشەی کوردی وەک بەرەیەکی پێشەوەی جەنگی سارد کێشا، تا قەناعەت بە ئەمریکا بهێنێ، ئەویش دەستی لەگەڵ تێکەڵبکا.[٨٣] بۆ بەدبەختیش، لێرەدا هیچ وردەکاری وەها سەبارەت بە کاردانەوەی کۆشکی سپی بۆ داخوازی ساواک لەبەردەستدا نییە، هەرچەندە لە لێکەوتەدا ئاماژە بەوەدەکرێ، کە ئەمریکا خۆی لە سیاسەتە کۆنەکەی خۆی لانەدا، هەر هیچ نەبێ جارێ خۆی لێی لانەدا.

پاش هەفتەیەک و لە سەرەتای نیساندا، «تایکوت سیلی» پرسیارێکی ورووژاند، ئاخۆ ئەمریکا دیپلۆماتێک بە پشتگیری «یوسف سیسۆ»ی یاریدەدەری وەزیر بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک بنێرێتە بەغدا. بە گوێرەی یاداشتەکە بێ، «سیلی» لە ئیدارەی بەلجیکی سەبارت بە هەڵسوراندنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغدا بێئومێد ببوو، گلەیی ئەوەی کرد، کە "دەستیان بەسەر سەرپەرشتیارێکی کارگێڕیی نەگەیشتووە کە دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە بووبایە ئەگەر هاتباو ئەمریکییەکە لەوێ داندرابووایە."وەک نموونەیەکی زەقیش، هەژماری هۆبەی کاربەدەستە پلەباڵاکانیش تازە چاوی بەوە کەوتبوو کە پارەیەک بە بڕی ١٠٦,٠٠٠ دۆلار دیارنەماوە. ئەمەش وای لە «سیلی» کرد بگاتە ئەو دەرهاوێشەتەیە، "ئەگەر ئەفسەری ئەمریکایی لە بەغدا بووایە، ئەوا هەرگیز دیارنەمانی ئەو برە پارەیە روویندەدا." بەڵام لەوەش تایبەتتر، «سیلی» هەستیکرد، هەبوونی دیپلۆمات لە بەغدا رێگە بە ئەمریکا دەدا " لە نزیکەوە



هەواڵنامەی کتێب

هەندێ زیاتر و متمانەدارتر بە دوای پێشهاتەکاندا بچن لەوەی بەلجیکییەکان دەیکەن، ئاخر بە هەندێ پاشخان یان ئەزموون سەبارەت بە ناوچەکە، هەر ئەوە نییە بتوانرێ بۆمان بسەلمێنرێ، کە بە ڕێگەی زۆر باشتر ڕاپۆرتی سیاسی و ئابووری بنێردرێ."[٨٤] بەڵام بۆ بەدبەختی، هەر لەو کاتەی ئەمریکا بیری لەوە دەکردەوە دیپلۆمات بۆ بەغدا بنێرێ، ڕژێمی عێراق لە ١٥ی ئایار (مایۆ)دا ڕایگەیاند، کە دەست بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لەنێو چەقی بەغدادا دەگرێ. دوای هەفتەیەک لە گرژیی، هێزەکانی ئاسایشی عێراق لە ٢٣ی ئایاردا دەوروخولی باڵوێزخانەکەیان دا و داوایان لە «مارسیل ڤان کێرخوڤە»ی باڵوێزی بەلجیکا کرد، کلییلەکانیان ڕادەست بکا. بە دڵنیاییشەوە، دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەکە هەڵوێستی ئیدارەی نیکسنی لە بەرانبەر ڕژێمی عێراق توندتر کرد، بەڵام لە کۆتاییدا، دوای بەرپابوونی ئاماژەی نارەزایەتی بەهێز، شتێکی کەم هەبوو بتوانرێ بکرێ.[٨٥] هەروەها ئەمەش واتای ئەوەی گەیاند، کە ناردنی دیپلۆماتی ئەمریکی بۆ بەغدا ڕابگیرێ.[٨٦]

لە هەشتی تەممووزدا، «زەید عوسمان» کاربەدەستێکی پلەباڵای پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێک لە نێردە دیپلۆماتەکانی بارزانی لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیروت نزیکبووەوە و داوای یارمەتی دارایی لە ئەمریکا کرد. «زەید عوسمان» ئەوەی ئاشکرا کرد، کە هەردوو لایان، چ ئوردن و چ عەرەبستانی سعوودی یارمەتی کوردیان داوە، ئاماژەشی بەوە دا، کە پشتگیریی دارایی ئەمریکی دەکرێ "لە ڕێی عەرەبستانی سعوودی، ئوردن یان ئێران " بگوازرێتەوە. «زەید عوسمان» ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە «مەلیک فەیسەڵ»ی عەرەبستانی سعوودی "لە ڕووی بنەماییەوە بیرۆکەی شۆڕشێکی عێراقی پەسەندکردووە،" بەڵام هێشتا بە هەنگاونانی دیکە زانیاری زیاتری دەوێ. بە هەمان شێوەش ئەو گوتی «مەلیک حوسێن» لە دوای سەختانگی ١٩٧٠ـەوە مەیلی خۆی بۆ بەکارهێنانی کورد بۆ جڵەوکردنی عێراق نیشانداوە. لە کۆتاییدا «زەید عوسمان» سەبارەت بە ئێران دانی بەوەدا نا، کە کۆمەکیان دەکا، بەڵام


هەواڵنامەی کتێب

گلەیی ئەوەی لە شا هەبوو، کە "دەستی لەسەر چالاکییەکانی کورد قورسە." هەروەها ئەو ئەوەشی گوت، کە بارزانی دەیەوێ پەیوەندییەکی ژێربەژێر لەگەڵ وەڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا دابمەزرێنێ، ئاماژەیەکی وایکرد بەڵکو سی ئای ئەی نوێنەری خۆی بۆ بارەگای سەرەکی لە «حاجی ئۆمەران»ی سەر سنووری ئێران بنێرێ، یان بارزانی یاخود یەکێ لە نوێنەرانی ئەو بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ڕاوێژکردن سەردانی واشنتن بکەن. کاربەدەستانی ئەمریکاش سوپاسی «زەید عوسمان»یان کرد و جەختییان لەسەر بەردەوامبوونی سیاسەتی دەستوەرنەدانی ئەمریکا کردەوە، بەڵام ئەوەشیان گوت، کە ئەوان ڕاپۆرتی گفتوگۆیەکە بۆ واشنتن بەرزدەکەنەوە.[٨٨]

لە درەنگانێکی ساڵی ١٩٧١دا، پەیوەندییەکانی سۆڤیەت - عێراق بەرەوپێشوەچوونێکی زۆریان بەخۆوە بینی. هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەمە، هەرچەندە لە سۆنگەی عێراقەوە نەبوو، بەڵکو لەچاوی میسرەوە بوو، چونکە «ئەنوەر سادات» زیاتر لەوەی چاوەڕێدەکرا بووە مایەی سەرئێشە بۆ سۆڤیەتییەکان. ئاخر لە مانگی شوباتدا سادات دەستپێشخەرییەکی لەگەڵ ئیسرائیل جارڕدا. ئەو گوتی گوایە میسر دەیەوێ بچێتە نێو "ڕێککەوتنێک"ی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل، کە وای لێخوێندرایەوە کۆتایی حاڵەتی دوژمنکاریی بێ بەوەی پەیماننامەیەکی ئاشتی بێتەگۆڕێ، بەهۆیەوە پابەندی پەیوەندی دیپلۆماتی بهێنێتە کایە و ڕێگەی تێپەڕینی کەشتیگەلی نێودەڵێتیش لە نۆکەندی سوێسدا بکاتەوە، هەرچەندە ئەمەش دەکەوتە بەر ڕێکاری ئاسایشی تایبەتمەندەوە. هەروەها میسر ڕێزیشی لە سەربەخۆیی ئیسرائیل و مافی ژیان بە ئاشتی لە چوارچێوەی سنوورە دانپێدانراوەکانی و بنەماکانی دەستتێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیشی پەژراند. ئیدی ناوچەی داماڵین لەچەک پەیدادەبێ و میسریش دەبێ هێزی ئاسایشپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوچەی «شەرەم ئەلشێخ» قبووڵبکا.[٨٩] هەرچەندە دەبوایە میسر بۆ چوونە نێو ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل تەنیا بەو مەرجە ئامادە بوو، کە


هەواڵنامەی کتێب

ئیسرائیل لە خاکی داگیرکراوی میسری بۆ سنووری نێودەوڵەتی پێشتری نێوان میسر و فەلەستینی سەردەمی مانداتی بەریتانی بکشێتەوە. ئەمەش خاڵێکی سەرەکی ناکۆکییەکان بوو. ئیسرائیلیش بەپیری خواستەکانی سادات و بەهەندهەڵگرتنی بۆ ڕێککەوتننامەی ئاشتی چوو، بەڵام بە زەقی دژی کشانەوەبوو بۆ سنوورەکانی بەر لە پێنجی حوزەیرانی ١٩٦٧، کە هەستی وەها بوو ئەمەیان هی بەرگریلێکردن نییە. ئیسرائیلییەکان بە دوای دانووسانێکی بێمەرجدا دەگەڕان، کەچی لە ڕوانگەی میسرەوە ڕەتکردنەوەی ئەگەری کشانەوە، مەرجێکی قبووڵنەکراو بوو. وەک ئەنجامێکیش، کاری دیپلۆماسی وەستا و «سادات»یش لەو باوەڕەدابوو توانستی نوێبوونەوەی کێشەکە هەڵبسەنگێنێتەوە.[٩٠] ئیدی لەهەمان کاتیشدا و لە ئایاری ١٩٧١دا، «سادات» هەڵمەتی "شۆڕشی ڕاستکردنەوە"ی خۆی دەستپێکرد، کە بە هۆیەوە حکوومەتەکەی، دامەزراندنی باری سیاسی و سەربازی لە ناسرییە تا سەمەند و بە جۆشەکان خاوێنکردەوە و بۆ خۆی جڵەوی تەواوی دەسەڵاتی گرتەدەست،[٩١] ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریشی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا واژۆکرد. لە کاتێکدا ئەمە لە ڕواڵەتدا واتای قووڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی میسر - سۆڤیەتی دەگەیاند، کەچی پێچەوانەکەی بەڕاست دەرچوو. بەگوێرەی ڕای «گۆلان» بێ، ڕێکەوتننامەکە بە کردەوە "کۆششێکی سۆڤیەت بوو، ڕزگارکردنی شتێک بوو لە پەیوەندییە لەباریەکچووەکانی."[٩٢]

کاتێکیش پەیوەندییەکانی مۆسکۆ لەگەڵ قاهیرەدا زیاتر تێکدەچوو، مۆسکۆ ڕووی خۆی وەرگێڕایە سەر هاوتایەکی هەرێمی دیکە، کە بەغدا بوو، بەتایبەتیش چونکە کشانەوەی بەریتانییەکان لە کەنداو لە ئانوساتدا بوو، ئاخر هەرێمەکە بۆ پەیداکردنی جێدەستی هەژموون سەرنجڕاکێش بوو. بە هاتنی مانگی ئەیلوولی ١٩٧١یش، ئەوە ڕوون بوو، کە سۆڤیەتییەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق هەڵبەستۆتەوە، پرۆسەیەک لە ڕێککەوتنێکی نهێنی چەککڕین بەرجەستەبوو، بە هۆیەوە کۆی پشتیوانی سەربازیی بایی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار


هەواڵنامەی کتێب

بووه بۆ چەکی دژە ئاسمانی، تفەنگ، موشەکی دژەتانک، زریپۆشی گواستنەوەی سەرباز و چەندین فڕۆکەی شەڕکەریشی گرتەوە.[٩٤] ئەمەش سەلمێنەری هۆشدارینامەی ئێرانی و ئیسرائیلییەکان بوو بەوەی ستراتیژی سۆڤیەت لە عێراقدا جێگیربووە تا بیکاتە جێگرەوەیەک بۆ جێهێشتنی بەریتانییەکان. بۆ بەدبەختیش، هەواڵێک لەو ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت تا کانوونی دووەم ١٩٧٢ نەگەیشتە واشنتن، تا ئەوکاتیش هێزەکانی بەریتانی هەرێمەکەیان بەجێهێشتبوو.[٩٥]

بە جیا لە ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت - عێراق بۆ چەک، بەعسیش ڕازیبوو کۆتایی بە شاڵاوی دژی کۆمۆنیستەکان بهێنێ و حکوومەتێکی بەرەی نیشتمانی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێکبهێنێ. کاتێکیش بارزانی هاوکاریکردنی بەرەکەی ڕەتکردەوە، عێراقی و سۆڤیەتییەکان بڕیارياندا بەیەکەوە لەناویانبەرن. ئەوە بوو لە ٢٩ی ئەیلوولدا، «سەدام» نێردەیەکی نۆ کەسی بیچم دینداری ناردنە «حاجی ئۆمەران» تا چاوییان بە بارزانی بکەوێ و نێوەندگیری ئاگربەستی نێوان کورد و ڕژێم بکەن. ئەوەی لە نێردەکە ئاشکرانەکرابوو، ئەوە بوو هێزەکانی ئاسایشی عێراقی تۆمارکەرێکی دەنگییان دابووە دوو لە نێردراوەکان کە پڕ لە مادەی تەقینەوە کرابوون و پێیان گوتبوون وەڵامەکانی بارزانی تێدا تۆماربکەن. بەگوێرەی قسەی دیپلۆماتێکی بەلجیکی بێ، ئەو کەسەی سەردانی بارزانی کردبوو، دوای نزیکەی پازدە خولەک لە دەستپێکردنی دیدارەکە، یەکێ لە میوانەکان دوگمەی تۆمارکەرەکە دادەگرێ و گرم دەتەقێتەوە، بەمەش بەدەر لەو کەسەی ئامانجی تەقینەوەکە بوو، زۆر لەوانەی لە ژوورەکەدا بوون کوژران. لەبن هەلومەرجی ئاساییدا، دەبووایە بارزانیش بەرکەوتبا و کوژرابا، بەڵام لەکاتی تەقینەوەی بۆمبەکەدا، پێشخزمەتێک لەبەردەمیدا دادەنوێتەوە تا پیاڵەیەکی چای لەپێش دابنێ، ئیدی بەمە "لەمردن ڕزگاری دەکا."[٩٦]



هەواڵنامەی کتێب

پاشان ڕژێم هەوڵیدا خۆی لە پیلانەکە بدزێتەوە، بەڵام کۆششەکەی سەرکەوتوو نەبوو؛ ئاخر بارزانی قەناعەتی هاتبوو، کە حیزبی بەعس تاوانبارەکە بوو.[97] وەک ئەنجامێکیش، هەردوو لا، کورد و ئێرانییەکان تەکانی هاوئاوازیان بۆ قەناعەتپێهێنانی ئەمریکا دا ، تا واز لە سیاسەتی دەستەوەرنەدان بهێنێ. بۆ نموونە، لە مانگی تشرینی دووەمدا «حەبیب محەمەد کەریم»، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیروت نزیکبووەوە، بە دوای پشتگیری گەڕا تا بەعس بەلاوە بنێن، بەڵام ئەم داوایە بە ڕێزەوە ڕەتکرایەوە، ئەفسەرانی باڵوێزخانەکە مشتومڕیان لەسەر ئەوە بوو، کە ئەم هەوڵە "خزمەتی هیچ ئامانجێک ناکا" و دەکرێ "هیوای ساختە و بەدلەیەکحاڵیبوون بنێتەوە."[98] ئینجا بە درەنگی مانگی تشرینی دووەم، دیسان کاربەدەستانی ساواک پەیوەندییان بە سی ئای ئەی کردەوە تا هۆشدارییان لەبارەی هەوڵ و تەقەللای سۆڤییەتەکان بدەنێ، بەوەی گوایە ئەوان لەبەر کارێکی وادان قەناعەت بە کورد بێنن بچێتە نێو ڕیزی بەرەی نیشتمانی، ئەوان بە پێداگیرییەوە داوایانکرد، "کە ئەم حکوومەتە دەکرێ لە کۆمۆنیستەکان، ناسرییەکان و کوردە نۆکەرەکانی بەعس پێکبێ... و ئیدی ڕەوشێک پێکدێ دژی بەرژەوەندییەکانی ئێرانی و ئەمریکییەکانیش بێ." ساواک دەرفەتێکی "سێ یان چوار مانگی" لەپێش بوو تا قەناعەت بە کورد بهێنێ بەرەکە ڕەتبکاتەوە، بەڵام ئێران پێویستی بە یارمەتی ئەمریکا هەبوو، چونکە بارزانی متمانەی بە شا نەبوو.[99] هەرچەندە وەک «کیسنجەر» لە یادەوەرییەکانی خۆیدا یاداشتی کردووە، کورد کوێرانە بڕوای بە ئەمریکا هەبوو، بڕواشی بەوە هەبوو کە هاتنەسەرخەتی ئەمریکا "ڕێگری لە ئێران دەکا لەوەی دەستبەرداری کورد ببێ، ئەمەش دادوەرییەک بوو... سەلمێنرا زۆر گەشبینانە بوو."[100] لەپشت نزیکبوونەوەی ساواک و هەر لەسەروبەندی ئەو کاتەدا، «شا»ش ڕاستەوخۆ هانای بۆ «نیکسن» برد، کەچی بەڕێزەوە ئەویش ڕەتکرایەوە.[101]



هەواڵنامەی کتێب

لەو نێوەشدا هەر بەر لە چەند ڕۆژێک لە کشانەوەی بەریتانیا لە کەنداو گرژییەکانی نێوان عێراق و ئێران توندتربوون. لە ٣٠ تشرینی دووەمدا، ئێران هێزی سەربازی خۆی لەسەر خاکی سێ دوورگە ستراتیژیەکەی کەنداو: «ئەبو موسا»، «تونبی گەورە» و «تونبی بچووک» بڵاوکردنەوە.[١٠٢] ڕژێمی عێراقیش بەم "داگیرکردنە"ی ئێران دەهری بوو، ئیدی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردووکیان، لەگەڵ ئێران و بەریتانیا پچڕاند و بەریتانیای بە دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵ کردەوەکانی ئێران تاوانبارکرد.[١٠٣] عێراقیش لە مانگی کانوونی یەکەمدا بەوە تۆڵەی خۆی کردەوە، ٦,٠٠٠ هاووەڵاتی ئێرانی لەسەر خاکی عێراق وەڵاتبەدەرکرد. هەرچەندە پرسەکە دووسەرەش بوو لەنێوان ئێران و ئەو وەڵاتەی تازە بەناوی «ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو» دروستببوو، ئەو ئیماراتەی داوای دوورگەکانی دەکرد، کردەی توند و زبری عێراقیش بە ڕوونی ئەو گرژییە هەمیشەییەی نێوانی دوو دەوڵەتەکەی کشتترکرد.[١٠٤]

ئیدی هەر لەو بەرڕەوتەدا بوو، کە مۆسکۆ هەنگاوێکی ختووکەدەرانەی نا، ئەویش ناردنی «مارشاڵ ئەندرێ گرێچیکۆ»ی وەزیری بەرگری بوو بۆ بەغدا تا ڕێککەوتنامەی چەکی ئەیلوول بە ئەنجام بگەیەنێ.[١٠٥] ئێرانییەکانیش هەوڵیاندا سەردانی «گرێچیکۆ» بۆ بەغدا وا بە کاربەدەستانی ئەمریکا نیشانبدەن، کە سەلمێنەری نیازەکانی مۆسکۆیە لە بەرانبەر کەنداودا، لەکاتێکدا هۆشداری ئەوەشیاندا، کە ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی لەگەڵ عێراق بە هیچ کامێک لەو ڕێککەوتننامانە ناچێ، کە پێشتر مۆسکۆ لە مانگی مایۆدا لەگەڵ میسر و لە مانگی ئاب لەگەڵ «دلهی»یدا مۆریکردبوو. دیسان ئەمریکا شتەکەی بە شایستە نەزانی و مشتومڕی لەسەر ئەوەکرد، کە هیچ هەواڵێکی هەواڵگرییانە ئەو داوایە پشتڕاستناکاتەوە:

> **لەکاتێکدا ئێمە لە بەرانبەر ڕێککەوتننامەی چەک لەنێوان سۆڤیەت - عێراق لە نیگەرانی ئێرانییەکان دەگەین (بە شێوەیەکی بنەمایش لەبەر ملهوڕی و چاوتێبڕینی عێراق لە**



هەواڵنامەی کتێب

**کەنداو) بەڵام لەو بڕوایەشدا نین سۆڤیەتییەکان پشتگیری سەربازییان بۆ عێراق وەک بەشێک لە سیاسەتی پەلاماردەرانەیان لە کەنداو لەبەرچاوگرتبێ تا ئێران بکەنە ئامانجی خۆیان.**

لەبری ئەوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا وای بڕوابوو، کە سەردانی «گریچیکۆ» و سەروسەودای چەک بە نیازی دەستەمۆکردنی بەغدا بووە، نەوەک گەفێک بێ بۆسەر تاران.[١٠٦] لەگەڵ ئەوەشدا، کورتهێنی لە زانیاری دروست لەبارەی عێراقەوە، لە ٢٨ی ینایری ١٩٧٢دا قەناعەتی بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە هێنا، قایلبێ بەوەی ئەفسەرێکی خزمەتگوزاری پلە مامناوەند بۆ بەغدا بنێرێ.[١٠٧]

لەو نێوەشدا، واتە لە ناوەڕاستی مانگی فێبرایەردا، سەدام سەرکردایەتی نێردەیەکی دیکەی بۆ مۆسکۆ کرد، لەوێدا دانووستانی لەسەر چوارچێوەی ڕێککەوتنێک کرد، کە سەوداکردنێک بێ سەبارەت بە بەڵێنێکی عێراقی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی بەرەی نیشتمانی لە بەرانبەر ئەوەی عێراق دەستی بە چەک و تفاقی جەنگی سۆڤیەت ڕابگا، لە بابەتی بەرگرییدا هاوکار بن، پشتگیری ئابووری بۆ پیشەسازی نەوت بکا لەگەڵ دواخستنی تەرازووی پێدانی عێراق بۆ مۆسکۆ کە کاتی هاتبوو.[١٠٨] هەرچەندە لەبەر ئەوەی سۆڤیەت وەهای دەبینی کە بەشداربوونی کورد لە بەرەی نیشتمانییدا وەک پێشمەرجێکی سەقامگیرییە، کەچی بەردەوامبوون لە فشارەکانیان لەسەر کورد تا لە حکوومەتە نوێیەکەی بەعس بەشداربن. بۆ نموونەش لە ٢٨ی شوباتدا، مۆسکۆ نێردەیەکی پلەباڵای ناردە لای بارەگای سەرەکی بارزانی لە کوردستان، تا داوا لە بارزانی بکەن بچێتە نێو بەرەی نیشتمانی، ئەمەش لە بەرانبەر ئەوەی پاشکۆیەکی پەیوەندی سۆڤیەتی دابمەزرێ بۆ ئەوەی بیانپارێزێ و هاوکاریی بەعسیش مسۆگەربکەن. بە گوێرەی ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بێ، بەشداری کورد لە هاوپەیمانییەکەدا "بەهەندهەڵگرتنێکی جیۆپۆلیتێکی بەرچاوی" بەوە دەبوو، کە



هەواڵنامەی کتێب

دەستی هێزەکانی عێراقی ئازاد دەکرد تا "کردەیەکی سەربازی - سیاسی" لە کەنداو لە دژ ئیسرائیل بکەن. لەوەش پۆلکتر واتای ئەوەی دەگەیاند، جارێکی دیکە کۆمۆنیستەکان دەستیان لە عێراق بڕوا.[١٠٩] وەها پێدەچوو دیسان عێراق بە جەنگی سارد پەیوەست ببێتەوە.

**(دیسان) سوور؟**

ئەو ڕامانەی کەوا عێراق ڕێککەوتنی پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا چەسپاندووە، هۆشداری دایە هاوپەیمانە هەرێمییەکانی ئەمریکا. ئیدی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بە کۆبوونەوە و بە نهێنی داباریە سەر ئیدارەی نیکسن، هەوڵیاندا قەناعەتی پێبهێنن کە بە سیاسەتی دەستوەرنەدانی خۆی سەبارەت بە کورددا بچێتەوە؛ کەچی هێشتاش کۆشکی سپی هەر نەهاتبووە ژێرباری بیرۆکەکەیان. لەو کاتەی ئیدارەی نیکسن لەگەڵ نیگەرانی هاوپەیمانەکانی هاوسۆز بوو، ئەوێ دەمێ زیاتر ئەوە بەسەر ئیدارەی ئەمریکادا باڵکێش بوو، کە بەسەر وەڵاتی چیندا بکرێتەوە و لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتیش بگاتە حاڵەتێکی خاوبوونەوەی گرژی لە پەیوەندییەکان. وەک ئەنجامێکیش، کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی لە نیسانی ١٩٧٢ لەگەڵ عێراقدا مۆرکرد، ئەوکات بە ئاستەم بوو ئیدارەی نیکسن بە ڕێککەوتننامەکە بزانێ. ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو، کە هەر هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی نزیکخایەنیش بێ بەهەندهەڵگرتنی نیگەرانییە هەرێمایەتییەکان هەڵبەستراو بوون.

لەماوەی مانگی ئازاردا، کاربەدەستە کورد و ئێرانییەکان عەوداڵی ئەوە بوون قەناعەت بە ئەمریکا بهێنن، سیاسەتی دەستوەرنەدانی خۆی بگۆڕێ. سەرەتا "سەرچاوەیەکی ئاژانسی شایستە" هەواڵێکی وەهای دا، کە بارزانی لەژێر فشاری سۆڤیەتییەکاندایە بەڵکو لەگەڵ حیزبی بەعس بگەنە خۆگونجاندنێک و "دەشبێ پێیڕازی بێ مەگەر دەستی بەیارمەتییەک ڕابگا." هەروەها سەرچاوەکە



هەواڵنامەی کتێب

گوتی، بارزانی نوێنەرێکی ڕەوانەی واشنتن کردووە بەڵکو فشار بخاتە سەر ئەمریکا بۆ ئەوەی بە سیاسەتەکەیدا بچێتەوە.[110] کاتێکیش کاربەدەستانی ئەمریکا چاویان بە نوێنەرەکە کەوت، ئەویش داوای تاوتوێکردنی سیاسی، یارمەتی دارایی، وێستگەیەکی ڕادیۆ و داوای هاوکاری سی ئای ئەی لەگەڵ هەواڵگری کوردییدا کرد.[111] لە شەشی ئازاریشدا، کاربەدەستانی ساواک لە سی ئای ئەی نزیکبوونەوە و داوای ئەوەیان لێکردن، ئەمریکا پشتگیری کورد بکا، بەهانەشیان "فشارەکانی سۆڤیەت لەسەر بارزانی و ڕێککەوتنە نزیکەکەی سۆڤیەت – عێراق بوو"، کە وەک ڕەوایەتییەکیان بۆ بەیەکەوەکارکردنی سی ئای ئەی – ساواک لە ئۆپەراسیۆنێکدا بەکارهێنا تا ڕژێمی بەعس بڕووخێنن.

> **کاربەدەستی ساواک ... ئارەزووی ئەوە بوو بزانێ ئاخۆ [وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا] ئامادەی پشتگیری دارایی و سەربازییە بۆ هەوڵ و یارمەتییەک، کە بەیەکەوە عێراقییەکانی هەندەران کۆبکرێنەوە و کرۆکی حکوومەتێکی جیاوازییان لەسەر دەستپێشخەری بارزانی لێ دروستبکرێ.**[112]

هەوڵ و کۆششی کورد – ساواک لە سەرەتای مانگی مارتدا، هانی کارلێێککەری ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی ئەمریکای دا، کە بە سیاسەتی دەستوەرنەدانی پێشوویاندا بچنەوە. لە دەرهاوێشتەشدا، وەزارەتی کاروباری دەرەوە، لە بەرانبەر هەر ئۆپەراسیۆنێک وەستایەوە، کە دەرفەتی ئایندە بۆ نزیکبوونەوە لە عێراق یان ناردنی نێردە نوێ بۆ ئەوێ لەبارببا. وەزارەت چەندین هۆکاری لەبەردەستدابوون دەربڕی ئەوە بوون بۆچی دەبێ ئەمریکا پشتگیری بارزانی نەکا: (١) پێنەدەچوو حکوومەتێک، کە کورد سەرکردایەتی بکا لە بەغدا سەربکەوێ. (٢) لێرەدا نادڵنیاییەک هەبوو لەوەی ئاخۆ کورد "ناوکەپەتکی[39] خۆیان لەگەڵ مۆسکۆ بڕیوە". (٣) ئۆپەراسیۆنێکی پشتگیریکراو سەختە بشاردرێتەوە. (٤) ئەم کارە پێدەچێ پارسەنگی دەوڵەتی کوردی زێدەتربکا،

---

[39] مەبەست لە پەیوەندی نهێنییە، دەستکاری ئیدیۆمەکەم نەکرد کە ناوکەپەتک واتە پەتی نهێنی (وەرگێڕ)



هەواڵنامەی کتێب

ئەمەش وادەکا "ناوچەکە دابەشبوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێ." لەگەڵ ئەوەشدا، خۆ ئەگەر ئۆپەراسیۆنەکە ئاشکرا ببوایە، ئەوا عەرەبە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا تووڕە دەبوون و شتەکەیان وەک بەڵگەیەکی بەرچاوتری پشتگیری ئەمریکایان بۆ دەوڵەتێکی ناعەرەبی (ئێران و ئیسرائیل) لە دژی عەرەبەکان بەکاردەهێنا.[١١٤] کاربەدەستی ئەمریکایی دیکەش لەگەڵ پشتگیری کورد ناکۆک بوون. هەر بۆ نمونە، «ئەندریو کیلگۆر» کاربەدەستێکی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک، هۆشداری ئەوەی دا، کە یارمەتیدانی کورد ئەوا ڕەوانەکردنی دیپلۆماتەکان بۆ بەغدا لەباردەبا،[١١٥] ئەمە و لەکاتێکدا «یوسف فارلاند»یش لەسەر ئەوە پێداگیر بوو، کە پشتگیریکردنی کورد بە بەراورد لەگەڵ سوود و کەڵکە سنووردارەکەی، کەچی دەبێتە مایەی نانەوەی ڕیسکێکی زۆروزەوەند.[١١٦] ئیدی ڕوونبوو، وەزارەتی کاروباری دەرەوە لێبڕاوانە دژی ئۆپەراسیۆنی ئەمریکا بوو بۆ یارمەتیدانی کورد.

هەروەها سی ئای ئەیش نیگەران بوو، پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا، کە دەرفەتی کورد تا بتوانێ ڕژێمی بەعس بڕووخێنێ، زۆر لاوازە؛ لەکاتێکدا هۆشداری ئەوەی دا، کە دەستتێکەڵکردنی ئەمریکا لە پیلانەکە دەکرێ "سۆڤییەتەکان وای لێکبدەنەوە، کە جووڵەکە ڕاستەوخۆ دژی ئەوانە." لە کۆتاییشدا ئاژانی سی ئای ئەی پرسیاری ئەوەی کرد، ئاخۆ تا چەند دەستهەبوونی ئەمریکا لەو کارەدا پێویستە، لەسەرئەوە پێداگیربوو کە هەر پشتگیرییەکی بارزانی پێویستە "لە نێو بۆتەی دابینکارییەکانی توانستی ئێران و ئیسرائیل دابێ." ڕاستییەکەی تاکە هۆکارێک کە سی ئای ئەی هەر دەستهەبوونێکی ئەمریکا لە کارەکەدا بناسێتەوە هەردووکیان واتە ئێران و ئیسرائیل بوون، "کە دەیانەویست دەستی ئێمەشی تێدا بێ،" بەڵام ئەمەش بەتەنیا بەس نەبوو تا ڕەوایەتی بداتە ئۆپەراسیۆنێکی وەها ڕیسکدار.[١١٧] بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێشنیازە پڕۆژە بەربڵاوەی کورد - ساواک، ئیدارەی نیکسن بڕیاریدا هەر لەسەر سیاسەتی دەستوەرنەدانی خۆی بمێنێتەوە.[١١٨]



هەواڵنامەی کتێب

لە کۆتایی مانگی ئازار، کۆشکی سپی دوو داخوازی سەرباری دیکەشی پێگەیشت بۆئەوەی سەبارەت بە کورد بە سیاسەتەکەی خۆیدا بچێتەوە. داخوازی یەکەمیان لە ٢٨ی ئازاردا بوو، ئەو کاتەی «مەلیک حوسێن» لە «ئۆڤاڵ ئۆفیسدا» چاوی بە سەرۆک نیکسن کەوت، لە ماوەی دیدارەکەدا «مەلیک حوسێن» ڕاستەوخۆ داوای لێکرد بە هەڵوستی خۆی سەبارەت بە کورددا بچێتەوە.[١١٩] هەوڵی دووەمیشیان هەر هەمان ڕۆژ بوو، ئەویش ئەو کاتەی «عیسمەت کەتانی» یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە کوردێکی عێراقی بوو، پەیوەندی بە باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان «جۆرج ئێچ دەبلیو بوش» کرد بەڵکو چاوی بە «زەید عوسمان» (نابێ لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان تێکەڵاو بکرێ[40]) بکەوێ، دیاربوو ئەو گەیشتبووە نیویۆرک. بۆ ڕۆژی پاشتر، دوای وەرگرتنی پەسەندنامە لە واشنتن، «بوش[41]» چاوی بە «عیسمەت کەتانی » کەوت، دوای ئەوەی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە داواکەی هیچ پەیوەندی بە ڕۆڵی ئەو لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نییە، ئەویش داوای لە «ڕۆجەر»ی وەزیر یان «کیسنجەر» کرد بەڵکو «زەید عوسمان » ببینن.[١٢٠] کاتێکیش «بوش» لە کۆبوونەوەیەکی خۆی لە واشنتن پەیامەکەی گەیاند و داوای ڕێنماییشی کرد، ئیدی وەزارەت گوتی "لاریمان نییە کە لەسەر ئاستی کار و ئەرکی نێردەی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە «زەید عوسمان» ببینرێ و [وەهاش نیازبوو] ئەو کاتەی دەگاتە واشنتن هەمان ڕێکار پەیڕەو بکرێ....[١٢١] ئیدی هەمووی بەسەر یەکەوە، داوای «مەلیک حوسێن» و «کەتانی» کارێکی وایکرد بیرکردنەوەی ئەمریکا دەرهەق بە کورد هەندێ نەرم ببێ.

---

[40] هەڵبەتە نووسەر لێرەدا ڕووی لە خوێنەری ئینگلیززمانە، چونکە پاشناوی هەردووکیان چ هی زەید و چ هی دکتۆر مەحموود هەر عوسمانە. گومانیشی تێدانییە ئەم ڕوونکردنە خوێنەری کورد ناگرێتەوە، بەڵام ئێمە نەمان ویست دێڕەکە بقرتێنین. وەرگێڕ

[41] هەڵبەت مەبەست «بوش»ی باوکە. هەر بە ڕێکەوتیش ئەمڕۆ ٢٠١٨/١١/٣٠، کە ئەم لاپەڕانەی کتێبەکە وەردەگێڕم، هەواڵی کۆچکردنی «جۆرج هێربەرت والکەر بوش» بڵاوکرایەوە. وەرگێڕ



هەواڵنامەی کتێب

لە سێی نیسان، لە واشنتن «زەید عوسمان» چاوی بە «تۆماس سکۆتس» بەرپرسی دۆسیەی عێراق لە وەزارەتی دەرەوە کەوت، لە دیدارەکەدا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە گەشتەکەی ئەم دواییەی سەدام بۆ مۆسکۆ و فشاری پەرەسەندووی سۆڤیەت بۆ سەر بارزانی دەربڕی، کە دەیانەوێ بچێتە نێو ڕیزی بەرەی نیشتمانییەوە. هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە "مەبەستی سۆڤیەتییەکان لە پاڵشتیکردنیان بۆ بەرەی نیشتمانی فێڵێکە تا پێگەی خۆیان لە عێراق قایمتر بکەن، بەتایبەتیش لەو کاتەی پێگەکەیان لە میسر و سووریادا پێدەچێ پێشبینینەکراوبێ." لەمەش زیاتر، "نیازی سۆڤیەت بۆ بەکارهێنانی عێراق نەوەک هەر بۆ تێکدانی کەنداوە بەڵکو بۆ دژایەتیکردنی ئێران و تورکیاشە"، ئیدی تەنیا ئەمریکا دەتوانێ بە پشتگرتنی بارزانی ئەوسا چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەر بە پێشرەوی سۆڤیەت لە عێراقدا بگرێ." «زەید عوسمان» هۆشداری ئەوەشی دا، کە بۆ ئەمریکا ئەمە "دوایین دەرفەتە بۆ ئەوەی نەخشەی سۆڤیەت لە عێراق لەگۆڕنێ" دەنا هەمووشتێکی "لەوێ لەدەست دەردەچێ."[١٢٢]

کاتێکیش لە پێنجی نیساندا، «کیلگۆر» بە یارمەتی «سیسکۆ»ی یاریدەرەی وەزیر، وتووێژی «سکۆتس»ی کردە ڕاپۆرتێک و بەرزیکردەوە، ئەوە ڕوون بوو وتووێژی «زەید عوسمان» کاریگەری بەسەر پەیبردن بە عێراقەوە هەبوو. دوای گوێگرتن لە هۆکارەکانی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک سەبارەت بەوەی ئاخۆ بۆچی نایانەوێ یارمەتی کورد بدەن، «کیلگۆر» وەهای نووسی:

> وێڕای کاردانەوەی نەرێیانەی دەستپێک، ئێمە بابەتەکەمان لەگەڵ «ئاسێرتۆن» تاوتوێ کرد، ئەویش ڕەزامەند بوو لەسەر ئەوەی ئەگەر ئێمە پێداچوونەوەیەکی نافەرمیمان سەبارەت بە ڕەوشی کوردستان بە لێدەرکردنی ڕای سی ئای ئەی هەبووایە بەرلەوەی هیچ بڕیارێک سەبارەت بە داواکانی «زەید عوسمان » بدەینەوە، ئەوا کارێکی سوودبەخش دەبوو. هەروەها سی



هەواڵنامەی کتێب

> ئای ئەیش لە ڕێی سەرچاوەی سەربەخۆوە هەمان زانیاری و هەمان داوانامەی لەلا هەیە. ئیدی ئەو پێداچوونەوەیە دەکرێ لەگەڵ سەرهێڵی هزری خۆی یەکبگرێتەوە کە بۆ «تۆم سکۆت» دەریبڕیوون... ئێمەش بەم جۆرە بەردەوام هەڵسەنگاندنەکانمان نۆژەندەکەینەوە و لەو دۆخەدا **تەنیا ئاوەزێکی تەقلیدی سەبارەت بە نیگەرانبوونی ئەو باتە ڕێبەرمان نابێ.**

ئەوسا ڕێنمایی «کیلگۆر» ئەوە بوو، کە «سیسکۆ» پوختەی باسەکە بگەیەنێتە «ڕۆگەرس»ی وەزیر و ئەو نامەیەشی ڕادەست بکا، کە «زەید عوسمان» لە بارزانییەوە هێناویەتی.[١٢٣] زۆر بەڕوونی، لە بەرایی نیسانی ١٩٧٢دا گۆڕانێک لە بیرکردنەوە سەبارەت بە کورد هاتەئارا. مایەی سەرنجە، ئەم گۆڕانکارییەش لەو کاتەدا پەیدابوو، کە عێراقی و سۆڤیەتییەکان پەیوەندی دۆستایەتی خۆیان لە بۆتەی ڕێککەوتننامەیەک داڕشت.

لە بەرایی مانگی نیساندا، «ئەلێکسی کۆسیجین»ی سەروەزیری یەکێتیی سۆڤیەت گەشتێکی بۆ عێراق کرد و پەیماننامەیەکی ١٥ ساڵی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ سەرۆکی عێراق «ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر» لە نۆی نیساندا واژۆکرد. لەکاتێکدا داڕشتنی پەیماننامەکە هەر بە مەبەست تەمومژاوی بوو، سی ئای ئەی بڕوای وا بوو، کە پەیماننامەکە لە پەیڕەوکردنیدا زۆر وردەکاری دەوێت. ئاخر سی ئای ئەی ماددەکانی ٨ - ١٠ی پەیماننامەکەی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشانەی تایبەت بینی:

> ماددەی ٨: لە حاڵەتێکدا هەلومەرجێک پەیدا بوو، ببێتە مایەی گەف و هەڕەشە لەسەر ئاشتی، ئەوا ئەو واژۆکەرانە دەستبەجێ پەیوەندی لەگەڵ یەک دەکەن تا هەڵوێستەکانی خۆیان هاوئاهەنگ بکەن بۆ ئەوەی مەترسییەکە بنبڕبکەن و ئاشتی بگڕێننەوە.



هەواڵنامەی کتێب

ماددەی ٩: لەبەر بەرژەوەندی ئاسایشی هەردوو دەوڵەتەکە، ئەوا هەردوو واژۆکەر لەسەر پەرەپێدانی هاوکارییان بۆ چەسپاندنی توانای بەرگری هەریەکێک بۆ ئەوی دیکە بەردەوام دەبن.

ماددەی ١٠: هەر یەک لەو دوو واژۆکەرە ڕایدەگەیەنێ، کە ناچێتە نێو هیچ پەیمانێکی ئاشتی یان هیچ گرووپێکی نێودەوڵەتی یاخود هیچ کردەوە و ڕێکارێک ناگرێتەبەر کە مەبەست لێی لایەکەی دیکەیان بێ. هەروەها هەریەک لەو دوو واژۆکەرە بەوە پابەندە کە لێنەگەڕێ خاکی خۆی بۆ هەر کارێک بەکاربهێنێ، کە ئەنجامەکەی لە ڕووی سەربازییەوە زیان بە ئەوی دیکە بگەیەنێ.[١٢٤]

سی ئای ئەی بڕوای وابوو، کە ماددەی ٨ پشتگیری سۆڤیەتی بۆ ڕژێمی عێراق بۆ ڕووداوی ناوخۆ و گێچەڵی دەرەکیش - ئاماژەیەکی ڕوونیش بوو بۆ کورد - دابینکردووە، لە کاتێکدا ماددەی ٩ ئاماژە بۆ دامەزراندنی بنکەی هێزی زەریاوانی سۆڤیەت لەسەر «ئوم قەسر» تاکە بەندەری عێراق دەکا - ئەمەش هەروەک بنکە بەردەوامەکەی هێزی زەریاوانی ئەمریکایە لە بەحرەین - و دەشکرێ ماددەکە ڕێگە بە دەستڕاگەیشتنی سۆڤیەت بدا بۆ سەر فڕۆکەخانەکانی عێراق و بۆ مافی ترانزێتی ئاسمانی سەر عێراقیش. لە هەردوو باریشدا، پێگەی ستراتیژی سۆڤیەت لە بەرانبەر کەنداودا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێشەوە دەڕوا. لە کۆتاییدا، سی ئای ئەی هەستیکرد، مادەی ١٠ی پەیماننامەکە وا لە عێراق دەکا لە دۆخی جەنگدا بداتە پاڵ سۆڤیەت.[١٢٥] لەهەر حاڵەتێکی وەهاشدا، پەیماننامەکە هێمایەکی سەرەکی و سەرکەوتنێکی دەروونی لە جەنگی ساردا پێشکەشی یەکێتیی سۆڤیەت دەکا.

مایەی تێبینی بوو، بەڕواڵەت پەیماننامەکە ئیدارەی نیکسنی پەستنەکرد، بەو وەسفکردنەی ستافی ئەنجوومەنی ئاسایش نیشتمانی بەوەی پەیماننامەکە "هیچ



هەواڵنامەی کتێب

شتێکی سەرسامکەر یان لە ناکاو نییە، بەڵکو بەرجەستەکردنی پەیوەندییە هەبووەکەی نێوانیانە."[١٢٦] ئەم هەڵسەنگاندنە نەرمە نەوەک هەر ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پێشەمی دیکەی کۆشکی سپی بوو. بە هاتنی مانگی نیسانی ١٩٧٢، ستراتیژی خاوکردنەوەی گرژییەکان دوای سەردانە لەناکاوەکە بۆ «بێجینگ» لە مانگی شوباتدا دەرکەوت، ئەمەش بە نۆرەی خۆی ڕێگەی خۆشکرد بۆ دیداری لووتکەی لەگەڵ «برجنێڤ» لە مۆسکۆ لە مانگی مایۆدا.[١٢٧] ڕاستیەکەشی، هەر تەنیا ١٠ ڕۆژ دوای ئەوی پەیماننامەی دۆستایەتی سۆڤیەت - عێراق مۆرکرا، کیسنجەر بۆ بەرایی گفتۆگۆکانی دیدارە لووتکەییەکەی مۆسکۆ گەیشتە ئەوێ، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی دوو ڕێککەوتننامە بەستەڵکشکانی پەیوەندیەکانیان مۆربکەن، کە ڕێککەوتننامەی دژە موشەکی بالستیکی (ABM) و ڕێککەوتننامەی سنووردارکردنی چەکی ستراتیژی (SALT - 1) بوون.[١٢٨] لەبەرئەوە، ئیدارەی نیکسن خۆی لە کاردانەوە لە بەرانبەر ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت - عێراق نەبان کرد، دیاربوو حیسابی ئەوەیان کردبوو، کە هیچ جموجۆڵێک نەکەن زیان بە دەستپێشخەریی جەنگی ساردی دیداری لووتکەیی مۆسکۆ بگەیەنن.[١٢٩] هەرچەندە ئەمەش واتای ئەوەی نەگەیاند، کە نیکسن و کیسنجەر دەستەوەستان دابنیشن و هیچ نەکەن.

**بڕیارە نهێنییەکە**

لە هاوینی ١٩٧٢دا، سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراقدا بادانەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. بە سەرکەوتنە دیپلۆماتییەکەی دیداری لووتکەیی مۆسکۆ، سەرۆک نیکسن و کیسنجەر لە ٣٠ی مایۆیدا بەسەردانێک بۆ لای شا بەرەو تاران فڕین. دوای ئەوەی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سۆڤیەتییەکان خاترجەمبوون، ئیدی لە کۆتایدا کاتی ئەوە بۆ نیکسن هات کە



هەواڵنامەی کتێب

ئەمجارەیان ڕووی سیاسەتەکەی بەرەو عێراق وەربگێڕێ. ساڵانێک بوو شا نیگەرانییەکانی خۆی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی عێراق بە مۆسکۆ ئاشکرا کردبوون. بە ڕۆیشتنی بەریتانییەکانیش لە هەرێمەکەدا لە کانوونی یەکەمی ١٩٧١دا، شا گوتارە زمانلووسییەکەی خۆی سەبارەت بە گەشەکردنی مەترسی دارِسانەکانی عێراق بۆ سەر پێگەی دەسەڵاتی خۆی لە کەنداودا بەجۆشترکرد. ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت - عێراقیش هەڵبەتە تەکانێکی باشی پێدا تا لە واشنتندا هاواری لەو بارەیەوە لێهەڵبستێ.[١٣٠] بۆ چەندین مانگ، شا هۆشداری دایە ئەمریکا سەبارەت بە پشتگیری سۆڤیەت بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی بەرەی نیشتمانی بەوەی هەردوولایان بگرێتەخۆ، هەم کۆمۆنیستەکان و هەم کورد، بەجۆرێک شا مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە ئەم ڕەوشە وادەکا عێراق دەستی سۆڤیەت زیاتر بۆ نێو هەرێمەکە ڕابکێشی، ئیدی سەقامگیری باری سیاسی عێراق و دەستواڵابوونی هێزە سەربازییەکەی دەبێتە مەترسییەک بۆسەر پێگەی ئەو لە کەنداو.[١٣١] لەکاتێکدا کۆشکی سپی نەچووە بن باری ئەو هۆشدارییەی سەبارەت نەخشەکانی سۆڤیەت لە عێراق، کەچی بڕیارەکەی نیکسن دوابەدوای سەردانەکەی بۆ تاران بە تەواوی نیشانەی ئەوەی لێدەرکەوت، کە دەیەوێ یارمەتی ڕەواندنەوی ترسەکانی شا بدا.

شا لە سەعات چواری ئێوارە و لە فڕۆکەخانەی «میهراباد»دا بەخێرهاتنێکی گەرمی لە سەرۆک نیکسن و یاوەرەکانی کرد، لە پێشوازییەکی ئاهەنگئامێزانەدا هەموو پاسەوانانی شەرەفی بۆ هێنایە جۆش. دوای کورتە گەشتێک بە شارەکەدا، نیکسن و ڕاوێژکارە کەشخەکەی ئاسایشی نیشتمانی خۆی، بەتایبەت بۆ سەعاتێک چاویان بە شا کەوت.[١٣٢] لەماوەی گفتوگۆکەدا، نیکسن بە شای گوت، هۆی سەردانەکەی بۆ ئەوە بوو "چونکە ئێمە بەهەندی هەڵدەگرین وەک هێمایەک بە هێزەوە پشتی دۆستەکانمان بگرین. لێشناگەڕێین دۆستەکانمان بکەون." شاش کۆکبوونی خۆی لەگەڵ ستراتیژی ئەمریکا دەربڕی، بەڵام پێداگیریش بوو لەسەر بایەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هاوپەیمانەکانی


هەواڵنامەی کتێب

ئەمریکا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیادا، ئاخر ئەو دەوڵەتانە باری ئابوورییان لە هاوردەکردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەندە.[١٣٣] هەروەها شا پرسی عێراقیش هێنایەوە گۆڕێ، گلەیی لەوە بوو، کە ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت - عێراق وای لە عێراق کردووە دەستی بە جبەخانەی چەک و تفاقی زیاتر ڕابگا لەوەی کە ئێستا لەبەردەستی ئێراندا هەیە و نیگەرانییەکانی خۆشی سەبارەت بە ئەگەری پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی لە عێراق دووپاتەکردەوە. شا لەوە هەراسانبوو، «کارتی کوردی» لەدەستی ئەو دەربچێ، بۆیە هۆشداری دا بەوەی دەکرێ کورد ببنە موڵکی کۆمۆنیست "لەبری ئەوەی دڕکێک بن لەعێراقدا." کاتێکیش کیسنجەر پرسیاری ئەوەی لێکرد، ئاخۆ چی بکرێ باشە، شا گوتی، پێویستی بەوە هەیە بەهێزبکرێ و "ئێرانیش دەکرێ یارمەتی کورد بدا."[١٣٤] ئەمە تاکە بەڵگەنامەیە کە ئاماژە بە کورد بدا لەماوەی ئەو ڕۆژە سەردانەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ ئێران.

وێنە ڕەونەقدارەکەی سەردانەکەی نیکسن بۆ لای شا لە کۆتایی مانگی مایۆی ١٩٧٢دا بە تەواوی لەسەر شەقامەکانی تاراندا پێچەوانەی واقیعەکەی ئەوێ دەمێ بووەوە. لە میانەی سەردانەکەی نیکسندا، گرووپێکی تیرۆرستی مارکسی، «موجاهیدینی خەلق (MEK)، زنجیرەیەک بۆمبیان لەنێو شارەکەدا تەقاندەوە.[١٣٦] وەک دواتریش دەرکەوت یەکێ لە ژەنەڕاڵەکانی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بەناوی «هارۆلد پرایس» ئامانجی تەقینەوەکان بوو. بە گوێرەی قسەی «جۆرج کێیڤ» (کە ئەفسەرێکی ئۆپەراسیۆنەکانی سی ئای ئەی بوو کە لە دوو گەڕدا لە ١٩٥٨ - ١٩٦٣ و پاشان لە ١٩٧٣ - ١٩٧٦دا ئەرکی پێسپێردرابوو، ئینجا دواتر لە ١٩٨٥دا دەستی لەگەڵ "ئەرکی بەدناوی تاران هەبوو")، ئەندامانی «موجاهیدینی خەڵق» ڕێگەی تێپەڕینی «پرایس»یان گرتبوو، ئامێریکی تەقینەوەشیان لە ڕێگەکە حەشاردابوو. ئەو بەیانییە، کاتێک «پرایس» بەترومبێلی خۆی دەچووە سەرکار، یەکێ لە چالاکوانانی موجاهیدینی دەیبینێ و بۆمبەکە دەتەقێنێتەوە و بەهۆیەوە تروومبێلەکەی هەپڕوون بە هەپڕوون دەبێ و کابراش دەفەوتێ.[١٣٧]



هەواڵنامەی کتێب

یەک دوو سەعاتیش دوای ڕووداوەکە، تەقینەوەیەکی دیکە پایتەخت دەهەژێنێ، ئەم جارەیان بۆمبەکە لە نزیک گڵکۆی باوکی شا «ڕەزاشا پەهلەوی» دەتەقێتەوە، ئەو شوێنەی وا نەخشەی بۆکێشرابوو کە دوای ٤٥ خولەک بۆنەیەکی لێ ڕێکبخرێ و نیکسنیش لەوێ ئامادە بێ. لەبەر نیگەرانی ئاسایشپارێزیەوە خەریکبوو بۆنەکە هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام «عەلەم» قەناعەتی بە نیکسن هێنا، کە ئاسایشەکەی ئەوێ بە تۆکمەیی پارێزراوە و بۆنەکەش بەبێ هیچ ڕووداوێک بەڕێوەچوو.[١٣٨]

بە گشتی گەشتەکەی نیکسن بۆ تاران بڕیارگەلێکی سەرنجڕاکێشی لەژێر ڕووخساری خۆی شاردبوونەوە، کە وەک دەرهاوێشتەیەکی کۆبوونەوەکەی نیکسن لەگەڵ شادا هاتەئارا، هەموو ئەوانەش لێکەوتەیەکی درێژخایەنی بەسەر هەرێمەکەوە هەبوو. لە کۆبوونەوەکەی ٣١ی مایۆدا، نیکسن بە شای گوت، کە ئەمریکا "نایەوێ دۆستەکانی بکەون" و قایلیش بوو چەکی نوێ بداتە ئێران بە فڕۆکەی F - 14 و F – 15 یشەوە، بۆ ئەوەی پارسەنگی پابەندییەکانی ئەم دوایانەی یەکێتیی سۆڤیەت بداتەوە، کە فڕۆکەی شەڕکەڕی MIG – 23 ی دایە عێراق.[١٣٩] ئەم سیستمەش زۆر جار بە "کاغەزی سپی" ئاماژەی بۆ کرا پاشان لە ئەمریکا وا لێکدرایەوە "هەموو چەکێکی پێشکەوتوو بەدەر لە بۆمبی ناوەکی "بدرێتە ئێران.[١٤١] بەگوێرەی قسەی کیسنجەریش بێ، پێنتاگۆن ناحاڵی ڕاڤەی بڕیارەکەیان کرد و دەستی ئێرانیان لە پێدانی هەموو جۆرە چەکێک والاکرد تەنیا لە چەکی ناوەکی نەبێ، ئەمەش سەریکێشا بۆ سەودایەکی قەبەی کڕینی چەک و تفاق.[١٤٠] لەگەڵ ئەوەشدا، لەمیانەی ئەو سیستمەشدا، ئەوە ڕوون بوو، کە نیکسن نیازی وا بوو ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی لە ژێر بەهانەی ڕێبازی نیکسن لە هەرێمەکەدا بگێڕێ و کە هەرخۆشی سنووربەزاندنی سیاسەتی جووت دینگەیی ئیدارەی جۆنسن بوو. بە گوێرەی قسەی «هارۆلد ساندەرس»ی کاربەدەستی پێشووی سی ئای ئەی و پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێو ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە سەرەتای شەستەکانەوە بێ، نیکسن



هەواڵنامەی کتێب

و کیسنجەر بە «شا»یان گوتبوو، ئەوان بە شێوەیەکی ئاشکرایی هەر لەسەر پابەندی خۆیان بە سیاسەتی جووت دینگەیی دەمێننەوە، بەڵام کیسنجەر بە شێوەیەکی تایبەت بە شای گوتبوو، کە ئەمریکا بەنیاز نییە جێپێی بەریتانیەکان لە کەنداودا پڕبکاتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمریکا نەخشەی وابوو بۆ پاراستنی سەقامگیری کەنداو، پشت بە شا ببەستێ.[١٤٢]

بڕیاری دووەم بە عێراق و کوردەوە پەیوەستبوو. بە شێوەیەکی بەرفرەوان بڕوا بەوە دەکرێ، کە نیکسن قایلبوو پشتگیری کورد بکرێ لەو شەڕەی دژی ڕژێمی عێراق دەیکا، لەکاتێکدا لە تاران کیسنجەریش دانی بەمەدا نا.[١٤٣] هەرچەندە بە کردەوە هیچ تۆمارێکی فەرمی نیکسن نییە، کە ناوی کوردی هێنابێ، چ جای ئەوەی ڕێککەوتبن لەسەر ئۆپەراسیۆنێکی ژێربەژێر تا یارمەتی کورد بدەن. بە گوێرەی قسەی «عەلەم» بێ، ئەوە کیسجەر بوو - نەوەک نیکسن - کە نیگەران بوو لەوەی "ڕووسەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراقدا زۆر دوور ڕۆیشتوون" و هەستیکرد "دەبێ شتێک بکرێ تا بیانسەنگرێنن[42]ـەوە."[١٤٤] کیسنجەر لە یادەوەری خۆیدا، پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێ، کە شا داوای لە نیکسن کرد، بەڵکو بە سیاسەتی دەستوەرنەدان لەبەرانبەر کورددا بچێتەوە، بە پێداگرتنەوە داوایکرد "بە بێ پشتگیریی ئەمریکا، ئەو ڕاپەڕینە هەبووەی کورد لە دژی حکوومەتی بەغدا سەرناگرێ." ئەو ئەوەشی بۆ زیادکرد و دیارە نیکسنیش قایلبوو، "بەشداری ئەمریکا لە فۆرمێکدا پێویست بوو بۆ ئەوەی ورەی ئەو جۆرە هاوپەیمانە سەرەکییانەی وەک ئێران و ئوردن بپارێزرێن بەوەی باربووی هەندێ مجێزی دنەدەرانەی ئەوان بکرێ و بەشداربین لە هاوسەنگی هێزی هەرێمەکەدا."[١٤٥] هەرچەندە هەردوو یاداشتەی گفتوگۆکانی سەردانەکە بە ئاستەم ناوی کوردی هێنابوو، کە هەر بەتەنیا کیسنجەر سەرەداوی بابەتەکەی هێنابووەگۆڕێ و «شا»ش گوتبوی، کە دەکرێ "یارمەتی کورد بدرێ." هەرگیز و هیچ جارێکیش نیکسن ناوی کوردی نەهێنا.[١٤٦]

---

[42] سەنگراندنەوە: ڕاگرتن، بەرپێگرتن، وەستاندن.



هەواڵنامەی کتێب

وێڕای سەرچاوەی یاداشتەکان - بە هی کیسنجەریشەوە - ئەوەی دەگوترێ کەوا سەرۆک قایلبووە یارمەتی کورد بدرێ لەوکاتەی لە تاران بووە، کەچی نەبوونی تۆمارنامەی فەرمی لەو بارەوە نیشانەی پرسیار لەسەر ڕاستی و دروستی ئەو گوتەیە دادەنێن.

ڕوونکردنەوەیەکی مەعقوولانە بۆ بڕوایەکەی ئەم دواییەی نیکسن ئەوە بوو، بە دەستەواژەکانی جەنگی ساردا و لە پڕ لە هاوینی ۱۹۷۲ دا بایەخی عێراق زۆر زیادیکرد. لە یەکی حوزەیراندا، واتە هەر ڕۆژێک دوای ئەوەی نیکسن و کیسنجەر تارانیان بەجێهێشت، کێشە نەبڕاوەکەی عێراق لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عێراقدا تەواوبوو، ئەویش لەو کاتەی ڕژێمی بەعس حاڵەتی خۆماڵیکردنی تەواوی خۆی ڕاگەیاند. پاش ئەوەی حیزبی بەعس لە ۱۹٦٨دا دەسەڵاتی کەوتەدەست، بۆ پەرەپێدانی کێڵگە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی «ڕوملە»ی لەگەڵ سۆڤیەتییەکاندا مۆرکرد. دوای ئەوەش لە نیسانی ۱۹۷۲دا کە عێراق نەوتی لە کێڵگە نەوتییەکان هەناردەی یەکێتیی سۆڤیەت کرد[١٤٧] ئیدی کۆمپانیای نەوتی عێراق وەک تۆڵەکردنەوەیەک بەرهەمەکانی خۆی لە کێڵگە نەوتییەکانی باکوور بڕی و پارەدانەوەی بەغداشی سنووردارکرد. لە ناوەڕاستی مایۆشدا، حیزبی بەعس گەفی لە کۆمپانیای نەوتی عێراقی بەوە کرد ئەگەر هاتوو بەرهەمەکانی زیاتر نەکا ئەوا بە شێوەیەکی قانوونیی دەست بەسەر کۆمپانیاکەدا دەگرێ. کۆمپانیای نەوتی عێراقیش لە ۳۱ی مایۆدا قایلبوو بە زیادکردنی بڕی بەرهەم، بەڵام مکوڕبوو لەسەر ئەوەی لە باکووری «ڕومێلە» لە دەستی داوە، قەرەبووی بکاتەوە. ئیدی حیزبی بەعس بەو وەڵامە دەهری بوو، ئاگری پێکەوت و بڕیاریدا کە پێویستی بە جووڵەیەکی دراماتیکییانە هەیە و بۆ ڕۆژی پاشتر کۆمپانیاکەی خۆماڵیکرد. خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق کاریگەرییەکی بەهەندهەڵگیراوی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئابووری ئەمریکاوە هەبوو، ئەمەش هەر لەو کاتەوە هات، کە ئەمریکا پشکی بە ڕێژەی ۲۳,۷۵ی لە کۆمپانیاکەدا هەبوو.[١٤٨] هەروەها ئەم جووڵەیە هەموو گومانێکی لە نێو ئیدارەی نیکسندا



هەواڵنامەی کتێب

ڕەواندەوە بەوەی عێراق خێرا بەرەو ئەوە دەڕوا کە ببێتە دەوڵەتێکی پاشکۆی سۆڤیەت. هەروەک «ڕاندال»یش تێبینیکرد، "خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق هۆکارێکی دیکە بوو بۆ سەر هۆکارەکانی ئێران... و ئیدی ئەمریکا ڕەوایەتی دا بە {دەستوردان لە کاروباری کوردان]. بۆ هەر یەکێکیشیان هۆکاری ترسی لێکەوتەکانی یەکەمین دزەکردن و دەستبەسەرڕاگەیشتنی سۆڤیەت بۆ سەر بەرهەمهێنەرێکی سەرەکی نەوت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەبوو."١٤٩

لە پاش خۆماڵیکردنی کۆمپانیانی نەوتی عێراقەوە، «ساندەرس» یاداشتێکی بۆ کیسنجەر نارد، تێیدا خاڵە بەهێز و لاوازەکانی یارمەتیدانی کوردی لێکدابووەوە. ئەو سێ بەڵگەوبەند[43]ی سەرەکی بۆ پشتگیریکردنی کردەی دەستوەردان هێنابوونەوە (چوارەمین هۆکارەکەشی هەر بە نهێنی مایەوە): (١) بە هاندان یان پشتگرتنی کورد تا ببنە هێزێک بۆ شلۆقکردنی عێراق لە ناوەوە، دەکرێ ئەمریکاش هەوڵ و تەقەللای سۆڤیەت بۆ برەودان بە پێکهێنانی حکوومەتێکی بەرەی نیشتمانی لەبارببا. (٢) پاڵپشتی ئەمریکا بۆ کورد دەکرێ کۆمەکی ئەوە بکا، کە دەستوپێی سوپای عێراق ببەستێتەوە و ڕژێمیش ئیدی هەر بەتەنیا تیشکی خۆی بخاتە سەر کێشەی ناوەخۆ، بە شێوەیەک نەبێتە مایەی هەڕەشە بۆسەر ئێران، ئیسرائیل، ئوردن و کوێت یان وەلاتەکانی کەنداو. (٣) دەکرێ کورد یارمەتی ئەگەری پەیوەندی پەیداکردنی ئەمریکا بدەن لەگەڵ ئەفسەرانی سوپای عێراقییدا، کە ئەمەش بۆ بە دواداگەڕانی ڕووخاندنی ڕژێم کارێکی بەجێ دەبێ. بۆ هاوسەنگراگرتنی ئەم ڕەوشەش، «ساندرس» چوار بەڵگەوبەندی دژی دەستنیشانکردن: (١) **دەکرێ ئەمریکا هەر بە خۆی تەقەللایەکی سەرەکی گەریلایی بدا و "[ئەگەر] گۆڕەپانی جەنگیش لە دژی کورد وەرچەرخا، ئەوا [ئەوان] نەدەستیان بەوە ڕادەگا و نە بەرژەوەندیشیان لەوەدا دەبێ یارمەتییەکی یەکلاکەرەوەیان پێببەخشن.** (٢) عەرەبستانی سعوودی و ئێران سەرچاوەی

---

[43] بەڵگەوبەند: ئەرگومێنت.



هەواڵنامەی کتێب

دەرامەتی داراییان هەیە تا یارمەتی کوردی پێبدەن. (٣) ئاوەزمەندی زیاتر لەوەدایە، کە ئەمریکا هانی چارەسەرییەکی هەرێمایەتی بدا لەوەی خۆی ڕاستەوخۆ لە پرسەکەوە بگلێ. (٤) لە بەرڕەوتی دیدارە لووتکەییەکەی مۆسکۆ و هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ هێنانەکایەی بەرەیەکی نیشتمانیی لە عێراق، ئەگەر هاتوو ئۆپەراسیۆنەکەی ئەمریکا ئاشکرابوو، دەکرێ لێکەوتەی نەرێیانەی بەسەر ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ مۆسکۆدا هەبێ. [١٥٠] لەبەر ئەوە، ئیدارەی نیکسن بڕیاریدا، کە پێویستی بە لێتێگەیشتنی پێشکەوتووانەتری ڕەوشەکە هەیە بەرلەوەی بکرێ ڕوو لە هەر ئۆپەراسیۆنێک بکا.

لە پێنجی حوزەیراندا، شا پەیامێکی بۆ کیسینجەر نارد و پێشنیازی بینینی «ئیدریس بارزانی» و «دکتۆر مەحموود عوسمان»ی کرد بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایانە تاوتوێ بکەن ئاخۆ ئەمریکا چۆن یارمەتی کورد بدا. پاشان پەیامەکە ئەوەشی لێزیادکرد، کە شا "پێشبینی ئەوە دەکا" کیسینجەر هەمان ڕوانینی ئەوی بۆ بابەتەکە هەبێ. لە یاداشتێکیشدا کە بۆ کیسنجەر نێردراوە داوای پەسەندکردنی ئەو دیدارە دەکا، ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی نارەزایەتی خۆی سەبارەت بە دەستتێکەڵکردنی خودی کیسنجەر نیشانداوە، چونکە ئەمە "بەلای کەمییەوە" دەبێتە نیشانە بۆ پەسەندکردنی سەرۆکیش. لە جییاتی ئەوە پێشنیازیان کردبوو «ساندرس»، «ڕیتچارد هێلمز» بەڕێوبەری هەواڵگریی ناوەند یان جێگری کیسینجەر «ژەنەڕاڵ ئەلێکسندەر هێگ» کوردەکان ببینێ، تەنانەت بەشی زۆری "ئەوانەی شارەکە" (مەبەست واشنتن دی سییە) دژی هەر پەیوەستییەک بوون بە پرسەکە.[٥١] وێڕای نارەزایەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و سی ئای ئەی بۆ ئۆپەراسیۆنەکە، کەچی لە ٢٣ی حوزەیراندا «ساندرس» بە «هێگ»ی ڕاگەیاند، کە "بایەخێکی سەرنجڕاکێشی دڵنیا" هەیە بۆ ئەوەی لە ڕێی پشتگرتنی کورد ڕێ لە سۆڤیەتییەکان بگیرێ بۆ یارمەتیدانی حیزبی بەعس. کیسنجەریش لەسەر ئەم ڕایە کۆک بوو، گڵۆپی سەوزیشی بۆ دیدارەکە هەڵکرد.[١٥١]


هەواڵنامەی کتێب

هەروەها کیسنجەر «جۆن کۆناللی» وەزیری پێشووی گەنجینەی ڕەوانەی ئێران کرد، تا شا لە بڕیارەکەدا پشتڕاستبکاتەوە.[١٥٣] بە گوێرەی قسەی «فارلاند»ی باڵوێزیش بێ، کاتێ «کۆناللی» گەیشتە تاران، داوای دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ شادا کرد، ئەو داخوازییەی «فارلاند» بە "بۆنکردنی شتێک" بیرخۆی هێنایەوە و سووریش بوو لەوەی لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبێ، کە "بە هەر هیچیش نەگەیشت." دوای ئەوە، «کۆناللی» ڕازەکەی ئاشکراکرد، کە بەنیازبوو شتێکی "زۆر ناشایستە" لە شا بپرسێ. کاتێکیش «فارلاند» برووسکەی بۆ کۆشکی سپی لێدا تا ڕاوێژیان پێبکا، کیسنجەر پێیگوت واز لە شتەکە بێنێ، ئەمەش سەلمێنەری گومانەکەی بوو، کە شتێکی پێچراوە لە ئارادا هەیە.[١٥٤]

لە ٣٠ حوزەیرانیشدا، «هێلمز»، «ڕیچارد کێنێدی» و کاربەدەستێکی نەناسراوی سی ئای ئەی لە نووسینگەی بەڕێوبەر لە «لانگلی ڤا»دا چاویان بە «ئیدریس» و «دکتۆر مەحموود عوسمان» کەوت. کوردەکان گوتیان، بارزانی پشتگیری سیاسی، دارایی و سەربازی دەوێ بۆ ئەوەی لە بەرانبەر سۆڤیەت و عێراقییەکان بوەستێ و کوردستانیش بکاتە "شتێکی ئەرێنی" بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. «هێلمز»یش سوپاسی هاتنی کوردەکانی کرد و گوتی، کیسنجەر دەسەڵاتی پێداون هاوسۆزی ئەمریکا بۆ بزووتنەوەکەیان دەرببڕن و دڵنیاشیان لە "ئامادەبوون بۆ بەهەندهەڵگرتنی داواکانیان بۆ پشگیریکردنیان" دەکەنەوە، بەڵام لە پێویستی نهێنی و گواستنەوەی کەلوپەلەکان لە ڕێی کەناڵی سێیەمەوە وەک ئێران، ئیسرائیل یان ئوردن هۆشداری دانێ.[١٥٥] لە دیداری دووەمدا، کوردەکان سێ سەکۆی تاوسەندوویان وەسفکرد: بەرگری، هێرشکردن و شۆڕشگێڕێتی. یەکەمیان پەیوەست بوو بە زیادکردنی بڕێکی کەم لە پشتیوانی کە مەبەست لێێ پاراستنی ڕەوشی هەنووکەیی بوو، لەکاتێکدا ڕێگە بە کورد بدەن بۆ هەمیشە بەرەنگاری فشارە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی ڕژێم ببێتەوە. دووهەمیشیان داوای



هەواڵنامەی کتێب

زیادکردنی توانای دارایی و سەربازی کوردیان کرد تا بتوانن دەستوپێی ڕژێم ببەستنەوە و هەروەها تا بۆی نەکرێ ببێتە هەڕەشەیەکی سەبازیی بۆ سەر دراوسێکان و بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا. دواخاڵیش داواکرا ئەمریکا کوردستان وەک "بنکەیەکی ئاسایشپارێز" بەکاربهێنێ تا بتوانێ "بە هاوکاری عێراقییەکانی دیکەی دژەڕژێم، ڕژێمی بەعسی پێبڕوخێنێ."[١٥٦]

دوابەدوای کۆبوونەوەکە، کاربەدەستانی سی ئای ئەی دڵنیانەبوونی خۆیان سەبارەت بە ڕوانگەی خۆتێهەلقورتاندن لە کاروباری کورد دەربڕی. لە یاداشتێکدا وردەکاری گفتوگۆکان هەیە، ئەوان گوتیان، کە کورد هەندێک "بیرۆکەی ناواقیعییان سەبارەت بە کردەی سەربازی و کەرەستەکان و ... بەکارهێنانیان هەیە." هەر بۆ نموونە، ئەوان دەیانەوێ هێزی پێشمەرگە گەورەتر بکەن و بیگەیەننە ٦٠,٠٠٠کەس، ئەمەش پشتگوێخستنی ئەو بارە لۆجستییە"سەرسوڕهێنەرە"ی داخوازییەکەیە. هەروەها ئەوان باسی بەدەستخستنی تانک و پێشنیازی تیوەگلانی سوپای عێراق لە شەڕێکی تەقلیدا دەکەن. ڕاوێژی سی ئای ئەی بۆ کورد پێچەوانەی ئەوە بوو، داوای لێبڕاوانەوەی ئەوان ئەوە بوو، کورد لە شەڕی تەقلیدی دووربکەونەوە دەست بە چیاکانیانەوە بگرن، ئاخر لەوێدا دەتوانن "بە دوای تەکتیکی پەلاماری گەریلایانەدا بڕۆن، لە زۆر شوێن دەست لە عێراقییەکان بوەشێنن خۆیان هاوسەنگ ڕابگرن." کاربەدەستانی سی ئای ئەی ڕاشەکاوبوون لە دەستنیشانکردنی کێشەکانی دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد: (١) ئەگەر شەڕ دەستپێبکاتەوە "ئەگەرێکی حەتمی" هەیە کە سۆڤیەتییەکانیش دەستیان لەگەڵ سوپای عێراق تێکەڵبکەن. (٢) تورکیاش بە شێوەیەکی "زۆر هەستیار" سەبارەت بە پرسی ناسیونالیزمی کوردی دەمێنێتەوە و دەکرێ هەراسانیش بێ ئەگەر بزانێ ئەمریکا پشتگیری بارزانی دەکا. (٣) هەروەها لەوێدا ڕەگوڕیشەی کەرتبوونی قووڵ بەنێو کێشەی خێڵایەتی، سیاسی و کۆمەڵایەتییدا شۆڕبووەتەوە کە کوردی [دابەشکردووەتە] سەر گرووپی کێبەرکێکاری ناحەز


هەواڵنامەی کتێب

بەیەکدی. (٤) بارزانی زۆر پیرە و جێگرەوەیەکی ڕون و ئاشکرای نییە. (٥) دەکرێ ئۆپەراسیۆن ببێتە مایەی لەباربردنی نەخشەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، کە دیپلۆمات بنێریتە بەغدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەی سۆڤیەت و عێراق بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بەس بوو بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بداتە بەرنامەیەکی پشتگیریی سنووردار. دیسان جەنگی سارد هۆکارێکی یەکلاکەرەوەبوو بۆ بڕیاری ئەمریکا بە کۆمەککردنی کورد.[١٥٧]

لەو نێوەدا و لە ١٨ی تەممووزدا هاوسەنگی هێزی هەرێمایەتی جەنگی سارد وەرچەرخانێکی سەرەکی بەخۆوە بینی، ئەمەش کاتێک «سادات» داوایکرد، ئەو ١٥,٠٠٠ سەربازەی سۆڤیەتی لە میسر بکشێنەوە. ئەم جووڵەیە بەگوێرەی قسەی کیسنجەر بێ، هاوسەنگی هێزی جەنگی ساردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێکوپێکدا.[١٥٨] هەرچەندە مشتومڕ لەسەر ئەوە هەبوو ئاخۆ هێزەکانی سۆڤیەت لە میسر دەرکراون یاخود کشاونەتەوە،[١٥٩] لەوێدا ئاماژەی زێدەباریش هەبوو، کە سادات لە سۆڤیەت بایدایەتەوە. هەر بۆ نموونە، لە تەممووزدا «سادات» لە ڕێی ڕاوێژکاری ئاسایشی خۆی بەناوی «حافز ئیسماعیل» کەناڵێکی نهێنی لەگەل کیسنجەر کردبووەوە.[١٦٠] لە سۆنگەی سفربوونەوەی سروشتی جەنگی سارد، ئیدارەی نیکسن ئەو "لە دەستدانە"ی مۆسکۆ بۆ میسر و کردنەوەی کەناڵێکی ژێربەژێر لەگەڵ میسر وەک سەرکەوتنێکی ڕوون بۆ ئەمریکا دانرا.[١٦١]

کردەکانی سادات باندۆرێکی زۆری کردە سەر بەهای جیۆپۆلیتیکی عێراق لە جەنگی ساردا. کیسینجەریش بڕوای وابوو، کە بایەخی عێراق بە هەلومەرجی ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەتردەبێ، چونکە ڕەفتاری میسر وای لە کرێملین کرد پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس بەهێزتربکا.[١٦٢] لە شەڕی شەش ڕۆژەش بە دواوە، سۆڤیەتییەکان تیشکی چڕی خۆیان خستبووە سەر بیناکردنی سوپای میسری و سووری لە دژی ئیسرائیل، لەکاتێکدا بایەخدان بە عێراق بە پلەی دووەم دەهات. هەرچەندە کشانەوەی بەریتانییەکان لە کەنداو،


هەواڵنامەی کتێب

کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی میسریش لەلایەن ساداتەوە، پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی مۆسکۆ لەگەڵ هیندستان و هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕژێمێکی نوێی سەر بە سۆڤیەت لە باشووری یەمەن و سۆمال، هەموو ئەمانە پێشباری بەرزبوونەوەی تای کێبڕکێی جەنگی سارد بوون لە ئۆقیانووسی هیندی و ناوچەی کەنداودا.[١٦٣]

ئەو بادانەوە ئاشکرایەی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت بۆ سەر زەریای ناوەڕاست کاریگەری بەسەر بڕیاڕدانی ئیدارەی نیکسن هەبوو بۆ یارمەتیدانی کورد. هەر بۆ نموونە، لە ٢٨ی تەممووزدا، «هێگ» یاداشتێکی بۆ کیسنجەر نارد، "دەکرێ پرسی [پشتگیریکرنی کورد] بایەخی لەو ڕووداوەی ئێستای میسر زیاتر بێ، چونکە پێدەچێ هەوڵی چڕبووەوەی سۆڤیەت لەسەر عێراق بێ."[١٦٤] ئەمەش نیشانەیەک بوو، کە ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت - عێراق وای لە ئەمریکا کردبێ پرسی کۆمەکردنی کورد بەهەندهەڵبگرێ، بەڵام ئەوە کشانەوەی سۆڤیەت لە میسر و باندۆرەکەی بوو لەسەر حیساباتی جەنگی ساردی هەرێمایەتی، کە پەسەندنامەی نیکسنی لە خۆتێهەڵقورتاندن لە کاروباری کوردییدا دڵنیاکردەوە.

لە ٢٨ی تەموزدا، پێشنیازێکی سی ئای ئەی بۆ خۆتێهەڵقورتاندن لە کاروباری کورد بە هاوپێچەی یاشتێک بۆ داواکردنی پەسەندنامەکەی بۆ کیسنجەر بەرزکردەوە.[١٦٥] مەزندەی سی ئای ئەی ئەوە بوو، **کە پشتگیرییەکە بڕی ١٨ ملیۆن دۆلاری تێدەچێ بۆ ئەوەی بە هۆیەوە کورد بتوانن پێگەی جەوهەری خۆیان بپارێزن، ئێرانیش نیازی وابوو نیوەی پارەکە بدا، لەکاتێکدا باقی شەش ملیۆنەکە دەکرێ "لە سەرچاوەی دیکەوە" بێ، دیاربوو سەرچاوەکەش ئوردن و عەرەبستانی سعوودی بوو. پێشنیازی «هلمز» ئەوە بوو مانگانە وەک باربووەک بڕی ٢٥٠,٠٠٠ دۆلار (ساڵانە ٣ ملیۆن دۆلار) بدرێتە بارزانی و٢ ملیۆنیش بە شێوەیەکی قانوونیی لە ڕێی کەناڵەکانی سی ئای ئەیەوە بدرێ.[١٦٦] پێشەمی خەرجی برە پارەکانیش بدرێتە چەک وتەقەمەنی کە پێشتر کورد هەیانبوو،** لەبەرچاوگرتنی دووەمیش "بدرێتە چەکی دژەئاسمانی و دژەتانک بە



هەواڵنامەی کتێب

بنەتەقە[44] و ڕۆکێتەکانیشەوە بەڵام بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو چەکانەی بە ئاسانی دەگوازرێنەوە".[١٦٧] هەموو چەکە داواکراوەکانیش نابێ دەستکردی ئەمریکایی بن، چەکی دروستکراوی کارخانەی بێگانە بن یاخود چەکی ئەمریکی بن کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە جبەخانەی عێراق یا ئوردنیدا هەبن، بەڵام بەدەر لە تۆپخانە و چەکی دژەئاسمانی و دژەتانک.[١٦٨] سەبارەت بە ڕێکارەکانیش، «هێگ» گوتی، ئیدارەی سەرۆک دەبێ ئۆپەراسیۆنەکە بخاتە بەردەم کۆمیتەی هاوکاریی نێوان دەزگە و ئاژانسەکان، کە بە کۆمیتەی ٤٠ ناسراوە، ئەمەش بۆ بەهەندهەڵگرتنی ئۆپەراسیۆنەکە بەر لە پەسەندکردنی، هەرچەندە ئەمەش بە شێوەیەکی قانوونی داخواز نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر سروشتی زێدە هەستیاری ئۆپەراسیۆنەکە، «هێگ» پێشنیازی دوو بژاردەی کرد: (١) بەسەر کۆمیتەی چل بازبدرێ و ڕاستەوخۆ نیکسنی لێئاگاداربکرێتەوە و ئەوسا بە هێواشی سەروسەدا لەگەڵ نووسینگەی بەڕێوەبەر و بودجە و «هیلمز» بکرێ یان (٢) لە هەموو ڕێچکەیەکی دیکە دووربکەونەوە بە ئەندامە سەرەکیەکانی کۆمیتەی چل وەک وەزارەتی بەرگری، سی ئای ئەی و دەستەی هاوبەشی ئەرکان ڕابگەیەنرێ، کە سەرۆک ئۆپەراسیۆنەکەی پەسەندکردووە.[١٦٩] ڕاسپاردەی «هێگ» بۆ بژاردەی دووەمینیان بوو، کیسنجەریش پەسەندیکرد، لە پەراوێزی پێشنیازەکانیدا نووسی، "لە هەفتەی داهاتوو بە یاداشتی من بۆ ئەندامە سەرەکییەکان جێبەجێدەکرێ." لە یەکی ئابیشدا، کیسنجەر یاداشتێکی یەک لاپەڕەیی نووسی، تێیدا ئاماژەی بە پەسەندنامەی نیکسن بۆ ئۆپەراسیۆنێکی ژێربەژێر بۆ کۆمەککردنی کورد کرد و بۆ بەڕێوبەرەکانی کۆمیتەی چلی نارد.[١٧٠]

پاشان لەبەر "پێچەبەدەورە" بە دەوری کۆمیتەی چل، کاربەدەستانی ئیدارەی نیکسن کەوتنە بەر ڕەخنەبارانی کونگرێس، بە لێکۆڵینەوی ئەنجوومەنی نوێنەران - کە زۆر جار بە ڕاپۆرتی پایک Pike ئاماژەی بۆ دەکرێ -

---

[44] بنەتەقە: مین، لوغم.



هەواڵنامەی کتێب

بڕیارەکەی بە "زەنگێکی نائاسایی ئاسایشی" وێناکرد، کە مەبەست لێی ئەو خواستە بوو کارەکە لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە بشاردرێتەوە.[١٧١] ڕاپۆرتەکەی پایک وشەی "پێچەبەدەورە"[45]بەکارهێناوە، ئاماژەی بەوە کردبوو، کە داخوازبوو کۆشکی سپی کۆمیتەی چلی لە ئۆپەراسیۆنەکە ئاگادارکردبایەوە. هەرچەندە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەوی جیای «سینات» بۆ کردەی ژێربەژێر کە بە ڕاپۆرتی چەرچ Church Report ناسراوە، "مەرج نەبووو هەموو کردەویەکی ژێربەژێر لەلای کۆمیتەی چلەوە پەسندبکرێن. ئەو پرۆژانەی کە مەترسی سیاسییانەیان لێناکرێ یان پەیوەستن بە برە پارەیەکی زۆرەوە ئەوا دەکرێ هەر لە نێو دەزگەی سی ئای ئەیەوە پەسەندبکرێن. بەپێی ئامارەکانی سی ئای ئەیەوە تەنیا چواریەکی پرۆژەی کردە ژێربەژێرەکان لەلای کۆمیتەی چلەوە بەهەندهەڵدەگیرێن."[١٧٢] لێرەدا پرسیارێکی بچوک سەبارەت بەوە هەیە، ئاخۆ کۆشکی سپی بە مەبەست وەزارەتی دەرەوەی لە دەستتێکەڵکردن لە پرسی کورددا دابڕیوە. لەبەر ئەوەی هەڵوێستی وەزارەت کاروباری دەرەوە بەوە ناسرابوو، کە دژی ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنەیە، بۆیە ئیدارەی نیکسن نیگەرانبوو ئەگەر وەزارەتی لێئاگاداربکرێتەوە لەوانەیە هەواڵی ئۆپەراسیۆنەکە دزەبکا یان زیانی پێبگا. تەنانەت بۆ ئەوانەی لە نێو حکوومەتیشدا بوون، ئەمە سەردەمێکی بە جموجۆڵی سیاسیانە بوو. هەر تەنیا ساڵێک بەر لە بڕیارەکە، «دانییل ئێلسبێرگ» شرۆڤەکاری هاوکاریی ڕاند Rand بە ڕوونکرنەوەیەکی زۆر نهێنی ڕاپۆرتی پنتاگۆنی دزەپێکردبووە ڕۆژنامەی نییۆرک تایمز.[١٧٣] لە ترسی کۆنترۆڵکردنی زانیاری، کۆشکی سپی بۆ بڕیارەکە خۆی لە پێداچوونەوەی پێواژۆی کۆمیتەی ٤٠ بەدوورگرت و زانیارییەکانی تەنیا بە گروپکی دەستەبژێرلە کاربەدەستان سنووردارکرد. هەرچۆنێک بێ ئەم حاڵەتەش لە جێبەجێکردندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەبەرانبەر عێراقدا دانا.

[45] دەقی وشەکە circumvent ـە، وشەی «پێچەبەدەورە»م پربەپێست بزانی، بە نیازی خۆدەربازکردنی لە بەرپرسیارێتی قانوونی بە دەوری شتێک سووڕانەوە، واتە حیلەشەرعی. وەرگێڕ.


هەواڵنامەی کتێب

## ئەنجام

لە ماوەی نێوان هاتنەسەرکاری نیکسن لە یانیوری ١٩٦٩ و پەسەندکردنی ئۆپەراسیۆنێکی ژێربەژێر بۆ چەکدارکردنی کەمایەتی کورد لە ئابی ١٩٧٢دا، سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق بەشێکی زۆری لەو سەروسەودایە ئاشکرا کرد، کە کۆشکی سپی چۆن بەرەو جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرەو ناوچەی کەنداو و بەتایبەتیش بەرەو عێراق ڕۆیشت. لە ماوەی گەڕی یەکەمی سەرۆکایەتی نیکسندا، سیاسەتی ئەمریکا دەربارەی عێراق گۆڕانکاری وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. لە دەستپێکی گەڕی سەرۆکایەتییەکەیدا، نیکسن زیاتر بەو لایەدا شکایەوە، کە سیاسەتی هەرێمایەتی خۆی لە ژێر ڕێبازی نیکسندا بە هەردوو لایەن، چ بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، چ بە هاوپەیمانە هەرێمیەکانی خۆی "بسپێرێ". بە نزیکبونەوەی کشانەوەی بەریتانیاش لە ناوچەکە لە کۆتای ١٩٧١دا، شا هەڵوەدای ئەوە بوو، قەناعەت بە ئیدارەی نیکسن بهێنێ، کە نرخی ئەو وەک هاوپەیمانێک باش بزانێ. دوابەدوای کوشتنی نۆ کەس لە جووەکان لە کانوونی دووەم ١٩٧٠ لەسەر دەستی ڕژێمی عێراق، شا سەختانگی شەتولعەرەبی وروژاند، دنەی کوردانیشی دا تا شەڕەکەیان دەستپێبکەنەوە، هەوڵیشیدا لە کانوونی دووەم ١٩٧٠دا ڕژێمی بەعس بڕووخێنێ. ئیدی بەو هەموو کردەوانە، شا پەیامێکی ڕوونی بۆ حیزبی بەعس نارد، کە کردەوەکانی هی لێخۆشبوون نین، ئەمەو لە هەمان کاتیشدا ئەوەشی نیشاندا، کە ئێران لە توانایدا هەیە وەک "پۆلیسێکی هەرێمایەتی" جێگەی بەریتانیا بگرێتەوە. هەرچەندە کردەوەکانی ئێران لە ماوەی نێوان ١٩٦٩ – ١٩٧٠ ڕژێمی بەعسیشی هێنایە سەر ئەو ڕایە، چارەسەری کێشەی کورد بکا وسەریشیکێشا بۆ ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠، کە ئەمەش بووە مایەی دەهریبوونی شا.

دیسان ڕوانینی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق زۆر جیاوازتربوو لە هی هاوپەیمانە هەرێمییەکانی خۆی وەک ئێران و ئیسرائیل. لە ماوەی نێوان ڕێککەوتننامەی



هەواڵنامەی کتێب

ئازار و کشانەوەی بەریتانییەکان لە کانوونی یەکەمی ١٩٧١دا، ئێران و ئیسرائیل هەوڵیاندا قەناعەت بە ئەمریکا بهێنن، کە ڕێککەوتننامەی ئازار نەخشە پیلانێکی سۆڤیەت بووە بۆ ئەوەی جێپێی خۆی لە عێراق بکاتەوە، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا ئەم هۆشدارییانەی وەک شتێکی هەڵبەستراو بەلاوەنا و ئاماژەی بەو بەڵگانەی کرد، کە ساردییەکی قووڵ لە پەیوەندییەکانی سۆڤیەت - عێراقدا هەیە. هەر تەنیا ئەو کاتەی عێراق لە تشرینی دووەمی ١٩٧١ - یەک دوو هەفتە بەرلە کشانەوەی بەریتانیا - بەرەو لای سۆڤیەت هەنگاوی نا، ئەوکات کاربەدەستانی ئەمریکا دەستیان بە هەڵسەنگاندنەوەی ڕۆڵی عێراق لە نێو بۆتەی جەنگی سارددا کردەوە، بەڵام تەنانەت ئەوکاتیش، ئیدارەی نیکسن هەر دوودڵ بوو.

خاڵی بادانەوە گەورەکە مۆرکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری سۆڤیەت - عێراق بوو لە نیسانی ١٩٧٢دا، ئەو پەیماننامەیەی عێراقی لە جەنگی سارددا بە سۆڤیەتەوە گرێدا و بنکەی گەشتیگەلی زەرياييشی لەسەر کەنداو بۆ سۆڤیەت فەراهەم کرد. بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش پەیماننامەکە سەلمێنەری گومانە هەمیشەییەکانی ئەوان بوو سەبارەت بە نیازەکانی مۆسکۆ، ئەمە و لە هەمان کاتیشدا جەختکردنەوەبوو لەسەر باری لاوازی هەواڵگری سی ئای ئەی دەربارەی عێراق. لە کاتێکدا ئەمریکا لە پەیماننامەکە نیگەرانبوو، کاتەکەشی هەر کێشە بوو، ئاخر ئیدارەی نیکسن سەرقاڵی دوا هەنگاوی ئامادەکاری دیدارە لووتکەییەکەی نیکسن لەگەڵ «لیۆنید برێجنێڤ»ی سەروەزیری یەکێتیی سۆڤیەت بوو، کە لە ئاخروئۆخری مایۆدا کرا. هەرچەندە نیکسن پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەتییەکان ئاساییکردەوە، بەڵام ئەو چیدی ناچارنەبوو لەسەر سەروسەوداکەی بەو جۆرە لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە، لە دواییشدا سەریکێشا بۆ ئۆپەراسیۆنێکی سی ئای ئەی بۆ پشتگیریکردنی کورد. بە ڕوونی لە نێوان ١٩٦٩ و ١٩٧٢دا، سیاسەتی ئەمریکا لەبەرانبەر عیراقدا گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. لێرەدا ناکۆکییەکی زۆر لەنێوان توێژەران سەبارەت بەوە هەیە، ئاخۆ بۆچی ئیدارەی نیکسن لەماوەی سەردانەکەی نیکسن بۆ ئێران لە مایۆی


هەواڵنامەی کتێب

١٩٧٢دا پشتگرتنی کوردی پەسەندکرد. هەندێکیان مشتومڕیان لەسەر ئەوەیە، کە بڕیارەکە لەسەر بنەمای نیگەرانییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە عێراقەوە ڕۆنراوە، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە بڕوایان وایە، شا لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کەنداودا هەژموونی سۆڤیەتی لەسەر عێراق زۆر قەبەکردبوو. بایی ئەوەش سەیرە، هیچ کامیان تێبینییان نەکردووە، کە هیچ تۆمارێکی فەرمی لەئارادا نییە بەوەی نیکسن لە ماوەی سەردانەکەی بۆ تاران پشتگیری کوردی پەسەندکردبێ. تۆمارەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە کیسنجەر لە پەیوەندی سۆڤیەت - عیراق نیگەران بووە و لەگەڵ «شا»ش بەوە قایلبووە، کە پێویستە شتێک لەو بارەیەوە بکرێ. ڕاستییەکەشی، تەنیا تۆمارێکی فەرمی ڕازیبوونی نیکسن بۆ دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد، ئەو یاداشتەی ڕۆژی یەکی ئابی هێنری کیسنجەرە، کە بۆ بەڕێوبەرە گرنگەکانی کۆمیتەی چلی ناردووە.

لە کاتێکدا و لە کۆتایدا نیکسن بەدەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد قایلبووە، کەچی بڕیارەکە لەسەر چوار هۆکار ڕۆنراوە: (١) نیگەرانبوون لەو بەخێرا باشتربوونی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت - عێراق، نەخاسمە دوای ئەوەی سۆڤیەتیەکان لە تەمموزی ١٩٧٢دا میسرییان بەجێهێشت. (٢) حەزی شا بەوەی هێزێکی هەرێمایەتی بە هۆی کشانەوەی بەریتانییەکان کە لە کۆتایی ١٩٧١دا ڕوویدا، بنیادبنێ بۆ ئەوەی ڕێبگرێ لە کشانی سۆڤیەت بۆ ئەوێ. (٣) نیگەرانبوونی ئەمریکا لە خۆماڵیکردنی عێراق بۆ کۆمپانیای نەوت لە حوزەیرانی ١٩٧٢دا. (٤) داننان بەوەی دەکرێ کورد وەک ئامرازێکی سەپێنەر بۆ بنکۆڵکردنی ڕژێمی بەعسی هەواداری سۆڤیەت سوودبەخش بێت. زۆر بە ڕوونی لە هەر یەک لەو حاڵەتانەدا، جەنگی سارد خاڵی باڵکێشی هاوبەش بووە. هەر لەبەر ئەوەش، بڕیارەکەی نیکسن بۆ پشتگیریی کورد لەسەر بنەمای پەسەندنامەیەکی سافیلکانەی تەفرەدانی شاوە ڕۆنەنرابوو، بەڵام لەسەر لێکدانەوەیەکی داکەوتبینییانە و زنجیرە لێکەوتەکان کە ئاماژەیان بەوەدابوو، عێراق بووەتە دەوڵەتێکی پاشکۆی سۆڤیەت.



هەواڵنامەی کتێب

**بەندی: ٧**

**نیکسن و دەستوەردان لە کاروباری کورد:**

**ئابی ١٩٧٢ – ئۆکتۆبەری ١٩٧٣**

لە ماوەی نێوان پەسەندنامەی سەرۆک نیکسن بۆ دەستوەردان لە کاروباری کورد لە ئابی ١٩٧٢ و شەڕی عەرەب – ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا، سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق پێشڕەوتی دوو شوێنەواری کێشەی لەیەکجیا کەوتبوو. لە سەرێکەوە، پەسەندنامەی نیکسن بە دەستوەردان لە کاروباری کوردان واتای ئەوەی گەیاند، کە سی ئای ئەی خەریکبێ چۆن لە ژێرەوە پارە و چەک بۆ کورد بنێرێ، ئەمەش لە کاتێکدابوو، کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دیپلۆماتی ئەمریکی بۆ بەغدا ناردن تا لەوێ بۆ هەڵسووڕاندنی بەرژەوەندییەکان بنگرتی[46] ببن و بە دوای ئەوەشدا بگەڕێن پەیوەندییەکان لەگەڵ حیزبی بەعس چاکبکەنەوە. هەر لە هەمان کاتیشدا، سەرکەوتنە گەورەکەی نیکسن لە هەڵبژاردنی ١٩٧٢دا سەریکێشا بۆ گۆڕانکاری گرنگ لە دامەزراوەی سیاسەتی دەرەکییدا. مایەی بێئومێدیش بوو، نیکسن لوتکەی سەرکردایەتی لە ئیدارەکەی خۆی لادا و بە کەسانێک جێگەی پڕکردنەوە، کە وای هەستکرد باشتر لەگەڵ ئەو دێنەوە.[١] بەرچاوترین گۆڕانکاریش ئەوە بوو نیکسن «ڕیچارد هێلمز»ی لەسەر کار لابرد و وەک باڵوێزێکی نوێی ئەمریکا بۆ ئێرانی دوورخستەوە. دەرکەوتیش کە بۆ «هێلمز» ڕۆڵێک بوو "کاڵا بەقەد باڵا ". ئەو سەر بە ئاستێکی باڵای حکوومەتی ئەمریکا بوو، پەیوەندی توندوتۆڵیشی لەگەڵ کیسنجەردا هەبوو، ئەو ئەفسەرێکی هەواڵگری بە ئەزموون بوو. هەروەها دۆستێکی دێرینی «شا»ش بوو، کاتی خۆی لە سەردەمی هەرزەکارییدا لە سویسڕا بەیەکەوەبوون.[٢] بە هۆی پلەباڵایی

---

[46] بنگرتیبوون: دامەزران، جێگیربوون لە شوێنێک، لێداکوتان.



هەواڵنامەی کتێب

ئەو لە نێو حکوومەتی ئەمریکییدا، نیکسن داوای لە «هێلمز» کرد وەک "باڵوێزێکی باڵا" بەرپرسایەتی هاوڕێکی سیاسەتی ئەمریکا لە سەرتاپای هەرێمەکەدا لەئەستۆ بگرێت.[٣] هەرچەندە کارە نوێیەکەی «هێلمز» لەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا بوو، بەڵام بەو پەیوەندییانەی لەگەڵ هەر یەک لە کیسنجەر و شادا هەیبوون، واتای ئەوەی دەگەیاند، کە دەیتوانی وەزارەتی دەرەوە لە دەرەوەی بازنەی پرۆسەی بڕیاردان سەبارەت بە عێراق بهێڵێتەوە و زانیارییەکانی وەزارەتیش سەبارەت بە دەستوەردان لە کاروباری کورد سنووردار بکا، هەر خۆشی لە سەرەتا هاوکاری ئەم ئیشە بوو. ئیدی لە سایەی دووسەرەبوونی سیاسەتی ئەمریکای ئەوکات سەبارەت بە عێراق و جیاوازی ڕوانینی دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لە بەغدا و تاران، کێشەی نێوان سیاسەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بەوەی ڕایەڵەیەکی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ عێراق ڕابچێنێ و سیاسەتی کۆشکی سپی بۆ لاوازکردنی ڕژێمی بەعس شتێکی حەتمی بوو.

پەسندنامەی خۆتێهەڵقورتان لە کاروباری کورد لە ١٩٧٢دا، سەرەتای قۆناغێکی بەرفرەوانکردنی دەستوەردانی زلهێزەکان بوو لە عێراق کە تا ١٩٧٥ی خایاند. لە سەرێکەوە، یەکێتیی سۆڤیەت بە خێرایی پشتگیریی دارایی و سەربازیی بۆ حیزبی بەعس زێدەترکرد، بەڵکو یارمەتی بەهێزبوونی پێگەی ڕژێم بدا، کە دیاربوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی تەواوعەیار بوو. لەسەرێکی دیکەشەوە، ئۆپەراسیۆنەکەی سی ئای ئەی بۆ دابیکردنی باری دارایی و چەک بۆ کورد نموونەیەکی پڕبەپێستی دەستوردانی زلهێزێک بوو، ئاخر ئەمریکا کارایانە هاندەری شۆڕشگێڕەکان[47] بوو تا گۆڕانکاری لەبارەی سیاسەتی عێراق بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بهێننەکایە.

---

[47] نووسەر وشەی rebellionی بەکارهێناوە، ئە وشەیە وەک پێشتریش لە شوێنێکی دیکە ڕونکراوەتەوە واتە ئەوکەسانەی کە لە ڕێی توندوتیژیەوە حوکمڕانی دەگۆڕن، مەرج نییە واتا



هەواڵنامەی کتێب

**سیاسەتێکی دووسەرە**

لە ماوەی پایزی ١٩٧٢دا، ئیدارەی نیکسن سیاسەتێکی دووسەرەی لە بەرانبەر عێراقدا گرتەبەر. لە تەمموزی ١٩٧٢دا، هەر پێش ئەوەی نیکسن دەستوردان لەکاروباری کورد پەسەندبکا، وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕایگەیاند، کە «ئارسەر لۆوری» ڕەوانەی بەغدا کردووە تا هۆبەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا (USINT) لە بەغدا هەڵبسووڕێنێ.[٤] مانگەکانی دوابەدوای ئەوە، «لۆوری» ڕاوێژی بە زۆرینەی ئەو لایەنانە کرد کە بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەبوو، بە کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکایی، بانکەکان و هاوکارانیشەوە، هەروەها ڕاوێژی بە دیپلۆماتەکان لە هەریەک لە لەندەن، برۆکسل، پاریس و بەیروت کرد تا بەرچاوڕوونی زیاتری دەستبکەوێ. کاری «لۆوری» سادە بوو: ئەو دەبوو چاودێری بکات و ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوەکانی عێراق بنووسێ، ڕاوێژ لەسەر ئەوە بدا، چۆن بتوانرێ بە باشترین شێوە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا بچێتەپێش و بە دوای بەرجەستەکردنی پەیوەندیش لەگەڵ ڕژێمدا بگەڕێ.[٥] ئەو لە بەرایی مانگی ئەیلولدا گەیشتە بەغدا، بە فەرمیش لە یەکی تشرینی یەکەمدا کاروباری هۆبەی هەڵسووڕانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای گرتەدەست و تا ئابی ١٩٧٥ لەوێ مایەوە.[٦] بەو حاڵەتەی کە کۆشی سپی ئۆپەراسیۆنێکی بۆ چەکدارکردنی کورد ڕاستەڕێکرد و وەزارەتی کاروباری دەرەوەش بە نیازی باشکردنی پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ عێراق، ئیدی ئەوە ڕوون بوو، کە دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ئامانجی یەکتربڕ کاردەکەن.

لە ٣١ی تەمموز تا دووی ئاب، شا لەسەر زەریای «قەزوێن»دا چاوی بە «مەلیک حوسێن» کەوت تا دەستهەبوونی ئەمریکا لە دەستوەردانی بۆ کاروباری کوردی لەگەڵیدا تاوتوێبکا. بە گوێرەی قسەی کیسنجەر بێ، هەردوو

---

کۆمەڵایەتیەکی گۆڕانکاری تەواو بدا بە مانای شۆڕش. منیش هەر وشە بەرانبەرە باوەکەم بەکارهێناوە. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

پاشاکە پێشوازییان لە کۆمەکی ئەمریکا کرد و هەر لەوێش "ڕێسای بنەڕەتیان بۆ هەوڵ و کۆششی هاوبەش دانا." هەمووشیان قایلبوون، کە مەلا مستەفا بارزانی، سەرکردەی کورد دەبوایە خۆی لە هەر "جووڵەیەکی دراماتیکی وەها دوور بکاتەوە، کە سەرتاپای عێراق بوروژێنێ وەک جاڕدانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردان." هەروەها لەسەر ئەوەش کۆکبوون، کە جەختکردنەوەیان لەسەر پشتگرتنی کورد بۆ ئەوە بوو "توانستی بەرگرییانەی کورد بەهێزتربکەن بۆ ئەوەی گەورەترین پێوانەی ئۆتۆنۆمی دابین ببێ." ئەمەشیان ڕێک لەگەڵ ڕوانگەی ئەمریکا سەبارەت بەو بابەتە دەهاتەوە.[٧]

لە مانگی ئابیشدا ئەو شتە ڕوون بوو، کە سۆڤیەتییەکان سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی بارزانی بۆ چوونەڕیزی بەرەی نیشتمانی نیگەران بوون. بە درەنگانێکی مانگی ئاب، ئەمریکا زانی، کە ئەندامێکی مەکتەب سیاسی سۆڤیەت بە ناوی «میکائیل سوسلۆڤ Mihkail Suslov» چوبووە کوردستان تا بە پێداگیریەوە داوا لە بارزانی بکا ڕەگەڵ حکومەت بکەوێ. بە گوێرەی قسەکانی کیسنجەریش بێ، کاربەدەستانی ئەمریکا بایەخێکی گەورەیان بە سەردانی «سوسولۆڤ» دابوو، چونکە دیاربوو ئەو بە بارزانی گوتبوو؛ ئاخر لەو کاتەی هێزەکانی سۆڤیەت لە میسر کشاونەتەوە، مۆسکۆ هەنووکە بە چاوێکی زۆر گرنگەوە سەیری پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا دەکا. هەڵبەتە ئەمەش سەلمێنەری هەڵسەنگاندنی ئەمریکا بوو بۆ بایەخی عێراق لە جەنگی سارد، ئەمەش وای لە کیسنجەر کرد بگاتە ئەو ئەنجامە، "بەڕاشکاویی گرەوەکە کرا."[٨]

لە پێنجی تشرینی یەکەمدا، کیسنجەر یاداشتێکی بۆ نیکسن بەرزکردەوە، یاداشتەکە پوختەی ڕاپۆرتێکی سی ئای ئەی بوو، کە لە بەڕێوەبەر «هلمز»ەوە هاتبوو، سەبارەت بە ڕەوشی دەستوەردان لە کاروباری کوردەوە بوو. دۆخی ئابووری لە عێراق بەرەو تێکچوون بوو، چونکە ڕژێمی عێراق لەبەر بایکۆتی هەناردنی نەوت لە بازاڕی نێودەوڵەتییدا دوابەدوای خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە حوزەیرانی ١٩٧٢دا، لە دابینکردنی بودجەدا کورتهێن بوو.[٩]



هەواڵنامەی کتێب

کیسنجەر بە نیکسنی گوت، کە سۆڤیەتییەکان سەبارەت بە "ئاراستەی سەربەخۆیی" بارزانی و ڕەتکردنەوەی ڕەگەڵکەوتنی بەرەی نیشتمانی شانبەشانی حیزبی بەعس و کۆمۆنیستەکان "لە ڕادەبەدەر نیگەرانن". هەرچەندە ڕێرەوی گەیشتنی باری سەربازیی و دارایی سی ئای ئەی بۆ کورد بە تەواوی ئۆپەراسیۆنەکە لەگەڕدایە و یەکەمین باری یارمەتییەکەش "بەبێ وەخران" ڕادەستکراوە. لەسەرووی هەمووشەوە، کیسنجەر ڕاپۆرتی خۆی دا کە "پارە و چەکی زیاتر لە ڕێگەدایە، نەوەک هەر لە جبەخانەی ئاژانسەکەوە بەڵکو لەوەی لە فیدالییەکانیشەوە گیراوە،" پێدەچوو ئاماژە بێ بۆ ئوردن. هەروەها کیسنجەر ڕاپۆرتی ئەوەشی دا، کە بارزانی بە شێوەیەکی کاش دوو مانگی یەکەم پارەکەی وەرگرتووە، هەروەک چۆن چەک و فیشەکیشی وەرگرتووە ، کە ٥٠٠ کەلاشینکۆف AK – 47 ، ٥٠٠ تفەنگی ڕەشاشی ڕووسی و نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ فیشەک بوون. لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەریشدا، ئێران بڕی زیادەی ٢٢٢,٠٠٠ پۆند[48] لە چەک و فیشەکی لە جبەخانەی سیی ئای ئەیەوە گەیاندە دەستی کورد. بەم جۆرە، سی ئای ئەی لەو بڕوایەدا بوو، کە کورد دەستوپێی سوپای عێراقی دەبەستێتەوە و لەوەش پەکیدەخا، "بتوانێ بنکەکانی خۆی کە لێیەوە کردەی تێکدەرانە و تیمی بکوژانەی دژی ئێران بە گەڕدەخست، بە سەلامەتی بپارێزێ."[١٠]

بە دەستپێکردنی مانگی ئتشرینی یەکەمی ١٩٧٢دا، «لۆوری» هەڵوەدای بانگەوازکردن بوو، کە جارێکی دیکە سیاسەتی "چاوەڕێ بکە و ببینە" بگیرێتەبەر. لە ٢١ ئۆکتۆبەردا، نامەیەکی بۆ «داڤید کۆرن» بەڕێوەبەری هەرێمایەتی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا نارد، تێیدا سەرەداوی ئەو ئاراستەیەی کە بەڕای ئەو هەقبوو سەبارەت بە عێراق بگیرێتەبەر، دەستنیشانکردبوو. بە شێوەیەکی لۆژیکیش، "شوێنی جیوگرافیی و ڕۆڵی وەک بەرهەمهێنەرێکی سەرەکی نەوت و باری ناسکی سیاسەتەکەی" عێراق کارێکی

[48] دەکاتە زیاتر لە یەک تەن، دەقاودەقیش دەکاتە ١٠١،٢٩٨ کیلۆگرام ٠وەرگێڕ



هەواڵنامەی کتێب

وایکرد "بەرژەوەندی بەهەندهەڵگیراو بۆ [ئەمریکا]" دروستببێ. هەرچەندە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ شا، پشتگیری بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراق و بڕوای حیزبی بەعس بەوەی، کە ئەمریکا بەدوای ئەودا گەڕاوە لە کانوونی دووەمی١٩٧٠دا بیڕووخێنێ، هەموو ئەمانە بەربەستبوون لەبەردەم باشکردنی پەیوەندییەکان. لەسۆنگەی ئەمەوە، ڕاسپاردەی ئەو ئەوە بوو ئەمریکا "ئەم سەرنجە شاشانە... ڕاستبکاتەوە،" ئەمە و لەکاتێکدا بە کراوەیی بە دوای دەرفەتی چاککردنی پەیوەندییەکاندا بگەڕێ. هەر بەتەنیا ئەمەش دەبێتە مایەی ڕەواندنەوەی تەمی گومانی عێراقییەکان. هەرچەندە دەبوو ڕژێمیش ڕووخسارێکی دۆستانەی نیشاندابوایە، کەچی ئەمریکا پێویستی بەوە هەبوو "دڵکراوانە ... تا بکرابا خێرا بە چاوپۆشین لە بایەخەکەی خۆی، بەدەمیەوە چووبا."[١١]

پاش یەک دوو هەفتە، «لۆوری» "هەڵسەنگاندنێکی کاتیی" لەسەر ڕەوشی عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە نارد، تێیدا سێ پرسی خۆجێی کە بۆ بایەخی ڕژێم باڵکێشبوون، ناسیبووەوە: کێشەی نەبڕاوە لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عێراق، کە فرۆشتنی بەرهەمی نەوتی دابەزاندبووە سەر نیوەی بڕی جاران؛ شۆڕشگێڕانی کورد لە باکوور و ناتوانایی ڕژێم لە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی. لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە، وادیاربوو عێراق لە گۆشەگیرییە خۆسەپێنییەکەی خۆی دەردەچوو، پەیوەندیەکانی لەگەڵ جەزائیر و سودان باشببوونەوە، بە دوای ئاشتبوونەوەش لەگەڵ عەرەبستانی سعوودیەدا دەگەڕا. لەکاتێکدا هێشتا سۆڤیەت هەر دۆستی نزیکی عێراق مابووەوە، کەچی عێراق بە کراوەیی دڵداری لەگەڵ فەرەنساشدا دەکرد. سەودایەکی تایبەتی لەگەڵ نوێنەری فەرەنسا لە نێو کۆمپانیای نەوتی عێراقدا کرد، بەوەی دڵی ڕابگرێ و بەشی شێری لە ڕێککەوتنی دووقۆڵی پێببڕێ، بەڵکو چواریەکی پێفرۆشتنی بەرهەمەکان بەر فەرەنسا بکەوێ.[١٢] هەرچەندە «لۆوری» هۆشداریدا بەوەی ئەمریکا نابێ خۆی بخزێنێتە نێو ئەو خۆڕەزامەندییەی سەبارەت بە هەژموونی سۆڤیەت لەسەر


هەواڵنامەی کتێب

عێراق. لەدوای هەمووشەوە، لە ڕووی جیوگرافییەوە، عێراق نزیکترین دەوڵەتی عەرەبی بوو لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە.[١٣] گەڵاڵەنامەی هەواڵگری نیشتمانیی (NIE) لە کانوونی یەکەمەوە سەبارەت بە عێراق گەیشتە هەمان دەرەنجام، بەڵام هۆشداریشدا کە نەیارییە هەمیشەییەکەی ئێران لەگەڵ عێراق وەک بە بەڵگەش لەسەر کێشەی شەتولعەرەبدا دەرکەوت، ئەگەری کێبەرکێی چەکداری هێنایە گۆڕێ بەوەی عێراق بۆ دابینکردنی چەک ڕوو لە سۆڤیەت بکا و ئێرانیش ڕوو لە ئەمریکا. بۆ خۆشبەختیش، سی ئای ئەی ئەوەی لێزیادکرد، کە عێراق "ڕێزێکی شایستە"ی بۆ باڵادەستێتی سەربازییانەی ئێران هەیە و لە ماوەیەکی نزیکدا "پێدەچێ خۆی لە هەر ئاماژەیەکی تاوسەندنی گرژیی بەدووربگرێ."[١٤]

بە کۆتایهاتنی ساڵی ١٩٧٢، ڕەوانەکردنی دیپلۆماتی ئەمریکی بۆ بەغدا خەریکی بەرگرتن بوو. لە چاکەی تێبینییەکانی «لۆوری»یەوە، ئەمریکا بە ڕوونی باشتر و پێشکەوتوانەتر لە ڕۆڵی هێزەکان لەنێو عێراقدا گەیشت، بە بەرجەستەبوونی پەیوەندییەکانی فرانکۆ - عێراقییشەوە، کە دەکرا لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا بەکاربهێنرێ. ئەم پەیوەندییە لە کۆتاییدا یارمەتی پارسەنگدانەوەی دابینکردنی چەکی لە بەرانبەر سۆڤیەتدا دایە عێراق، ئاراستەکەش تا هەشتاکان درێژەی کێشا. لە کاتێکدا کاری «لۆوری» لە بەغدا دەستپێڕاگەیشتنی گرنگی وەزارەتی دەرەوە بوو بە ڕەوشی ناوخۆی عێراق، ئیدی لێکدانەوە ڕاشەکاوەکانی ئەو کاریگەرییەکی کەمی بەسەر باوەڕی کیسنجەرەوە هەبوو، بەوەی عێراق بووەتە "هاوپەیمانی هەرە سەرەکیی لە ناوچەکەدا."[١٥]

## ململانێی دەسەڵاتی ناوخۆی عێراق

لە ماوەی نێوان سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکەی هەڵبژاردنی نیکسن لە ١٩٧٢ و شەڕی ١٩٧٣ی عەرەب - ئیسرائیل، پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق گەرموگوڕییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ڕاستییەکەی گرنگی پەیوەندییەکان


هەواڵنامەی کتێب

له دەرهاوێشتەی ململانێی دەسەڵات لەنێو خودی ڕژێمی بەعسەوە هات. بە لێکدانەوەکانی سی ئای ئەی بۆ ڕژێم، حیزبی بەعس دابەشببووە سەر دوو باڵی سەربازیی و مەدەنی، سەرۆک «ئەلبەکر» سەرکردایەتی ئەو باڵەی دەکرد کە پێیان دەگوترا باڵی توندڕۆی نێو حیزب، لە کاتێکدا سەدام کە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، وەها دەبینرا سەرۆکایەتی باڵی "مەدەنیی" یان "پراگماتی" نێو حیزب بکا. سی ئای ئەیش وەهای دەبینی، لە نێو حکوومەتی عێراقییدا "هیچ بنەمای سیاسەتی جیاواز نییە"، بەڵکو فرەئاستی لە نێوان تاکەکان و گرووپەکاندا هەیە، کە هەموو پەلەقاژەیەکیان بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەیە." لەبەر ژمارەیەک هۆکار، ئەم قۆناغە بە قۆناغی زاڵبوونی باڵی مەدەنییەکان بەسەر سەربازییەکان لەبرەودابوو. هەر بۆ نموونە، بە هاتنی ساڵی ١٩٧٣، لەشساغی «ئەلبەکر» بەرەو خراپی ڕۆیشت و سی ئای ئەیش بۆی ڕوون نەبوو، ئاخۆ ئەو چەند بە جۆش و خرۆشە تا جڵەوی دەسەڵات لە نووسینگەکەی خۆیدا بهێڵێتەوە. لە هەمان کاتیشدا، سی ئای ئەی سەدامی وەک "پیاوە بەهێزەکە"ی ڕژێم دەبینی و وەهاشی وێناکرد، کە کەسێکی" مەکرۆ[49] و چالاکوانێکی بێباکە و بە دوای دەرفەتێک دەگەڕێ تا پارسەنگی هێز بە لای خۆیدا بشکێنێتەوە."[١٦] هەروەها سەدام وەک پراگماتیستێک لەقەڵەم دەدرا، ئەمەش بەسەر ئاراستەی ڕووداوەکانی ١٩٧٣دا زاڵبوو، ئەو کاتەی بە دوای ئەوەدا گەڕا، ڕژێم لە پرسە پڕ لە سەرئێشەکانی وەک کێشەی کۆمپانیای نەوتی عێراق قوتاربکا[50] و هەروەها هەڵوەدای ئەوەش بوو هاوسەنگییەک لە نێوان پەیوەندیی بە سۆڤیەتییەکان و ڕۆژئاواوە پەیدابکا، ئەمەش لەو کاتەدا بوو، کە باڵی سەربازیی بڕیاریدابوو کار لەسەر پڕۆژەی بەهێزکردنی عێراق لە کەنداوا بکا، بە بەڵگەی ئاشکرابوونی ئەو بارە چەکەی لە ڕێی پاکستانەوە بۆ جیاخوازەکانی بلوجستانی لە ئێران نارد و هەروەها لەگەڵ بۆمبارانکردنی عێراق بۆ کوێت لە ئازاری ١٩٧٣دا. لە کۆتاییدا، باڵی مەدەنی دوابەوای هەوڵێکی کودەتا

[49] مەکرۆ: فێڵزان، حیلەباز.
[50] قوتارکردن: ڕزگارکردن.


هەواڵنامەی کتێب

لە حوزەیراندا، ڕکابەرەکانیان لە باڵی سەربازیی وەدەرنا و بەو هۆیەشەوە پەیوەندییەکانی ئەمریکا – عێراق بە خێرایی بەرەو باشی ڕۆیشت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کۆشکی سپی لێکدانەوە لێزانییەکەی «لۆوری» پشتگوێخست و بەوەی هەوڵی عێراق لە ئارادایە بۆ کرانەوە لەسەر ڕۆژئاوا و فەرمانیدا زیاتر پشتی کورد بگرێ.

لە میانەی بەهاری ١٩٧٣دا، سێ ڕووداو قەومان، کە ئاماژەی ئەوە بوون ململانێی هەرە گەورەی دەسەڵات لە ڕەوشی ڕژێمی بەعس سەری هەڵداوە. لە بەرایی کانوونی دووەمی ١٩٧٣دا، بڕێکی زۆری چەکوتفاقی دەستکردی سۆڤیەت لە باڵوێزخانەی عێراقی لە ئیسلامئابادی پاکستان و لە ماڵی ئەفسەرێکی دیپلۆماتی عێراقییدا دۆزرایەوە. دەرکەوت چەکەکان لە ڕێی پۆستەی دیپلۆماسیی عێراقی بە قاچاغ ئاودیوی پاکستان کرابوون و دیاریش بوو مەبەست لێی بلوجستان بوو، بەڵکو کێشەو هەرا لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، کە دەکەوێتە سەر سنووری پاکستان بنێتەوە. بەگوێرەی برووسکەیەک لە هۆبەی هەڵسووڕاندنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، مەبەستی ڕژێمی عێراق وەک "دژەڕێکارەک بوو لەبەرانبەر پشتیوانی ئێرانییەکان بۆ کورد." مایەی لێتێگەیشتنیش بوو، کاردانەوەی پاکستان ئەوە بوو، باڵوێزی عێراقی لە پاکستان وەک کەسێکی ناپەسەند لە قەڵەم دا و بانگی باڵوێزی خۆشی لە بەغدا کردەوە. لە کۆتاییشدا ئەم ڕووداوە ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی ڕژێمی عێراق ویستبووی شتێک لەو ململانێی دەسەڵاتە لەگەڵ ئێران بەدەستبێنێ.[١٧]

ڕووداوی دوای ئەوە، لە ٢٨ی کانوونی دووەمدا قەوما و عێراق سیاسەتدارێژەرانی دەرەکی ئەمریکای بەوە سەرسام کرد، کە کێشەکەی خۆی لەگەڵ کۆمپانیای نەوت کۆتایی پێهێنا، کە ئۆفەرێکی بەخشندانەی خستەبەردەم. بەگوێرەی نیویۆرک تایمز، کۆمپانیاکە قایلبوو، بڕی «٤٦٠» ملیۆن دۆلار بدا تا قەرزەکانی بۆ عێراق بداتەوە و وەک سازشێکیش بۆ قبووڵکردنی پرسی



هەواڵنامەی کتێب

خۆماڵیکردنەکە بڕی ١٥ ملیۆن تەن نەوتی بداتێ، کە بایی «٣٠٠» ملیۆن دۆلار بوو. هەروەها کۆمپانیاکە بڕی «٧٠» ملیۆن دۆلاری وەک مووچەی پێشوو وەرگرت.[١٨] بە چارەسەکردنی کێشەی کۆمپانیای نەوت، عێراق سەرەکیترین بەربەستی قانوونی لەسەر ڕێی کۆمپانیا ئەمریکیەکان لابرد، بەوەی خستنەڕووی خۆیان لە بواری گرێبەستی بازرگانییدا بدەنە عێراق.[١٩] ئەمەش بە نۆرەی خۆی دەکرا بێتە مایەی "باشتربوونێکی مەحکەم لە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا" و مانگەکانی دوای بڕیارەکە، تەنانەت ئەم ڕەوتە دوای شەڕی عەرەب - ئیسرائیلیش بەردەوامبوو. [٢٠]

ڕووداوی کۆتایی ململانێی نێوان ئەوانە بوو، کە پێیاندەگوترا توخمە "پراگماتییەکان" و "توندڕۆکان"ی ڕژێمی عێراق، کە لە ٢٠ی ئازاردا ململانێکە بە ڕاشەکاوی دەرکەوت، ئەمەش ئەوکاتە بوو، کە سوپای عێراقی پەلاماری وێستگەیەکی سەرسنووری کوێتی لە ڕۆژئاوای «ئوم قەسر»دا دا، ئەویش تاکە بەندەری عێراقی بوو بەسەر کەنداودا، ئیدی جاڕی ئەوەی دا دوو دوورگەی کوێتی بەناوەکانی «وەربە» و «بوبیان» هی عێراقن. لە سەختانگی ساڵی ١٩٦١ـەوە، ئەمەیان یەکەمین وروژانی سەربازی نێوان کوێت و عێراق بوو. ئەوەی مایەی خراپی بوو، ئەمریکا بەوەی زانی، کە لەسەر "ئاستی هەرەباڵا"ی ڕژێمەوە نەخشە بۆ ئەم ڕووداوە کێشراوە.[٢١] هەروەک «ناداڤ سافران» سەرنجیدا، عێراق سەرکەوتووانە ئەم دوورگانەی گرت، ئەمەش "تەنیا پێگەی ستراتیژیی «ئوم قەسر» بە شێوەیەکی گەورە بەرفرەوانتر دەکا، بەڵام لەوانەشبوو هێزە سەربازییەکانی عێراقی نزیک ناوچە نەوتاوییەکانی عەرەبستانی سعودیش بکاتەوە."[٢٢] بە گوێرەی لێکدانەوەکانی نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە INR سەبارەت بە سەختانگەکە، عێراق بڕوای بەوە هاتبوو، کە تاکە بەندەرەکەی خۆی لە بەسرا هەر شەشت مایل لە دەراوی ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەبەوە دوورە، ئەمەش وای لێدەکا لەبەر ئێران لە بارێکی ناسکدا بێ. بۆ چەندین ساڵ عێراقییەکان بەندەری «ئوم قەسر»یان



هەواڵنامەی کتێب

وەها بینادەکرد وەک ئەوەی تاکە توانستی هێزی زەریاییان بێ، کە وەک جێگرەوەیەکی کردەیی «بەسرا» بێ. بۆ بەدبەختیش، «ئوم قەسر» ڕێک دەکەوێتە سەرووی کوێت لەسەر ڕێژگەکە، ئیدی هەر کەشتییەک بێتە نێو ئەو ڕێژگەیە ئەوا دەبێ بە «وەربە» و «بوبیان»دا بڕوا و زۆریش لەسەر خاکی وشکانی کوێتەوە نزیکە. لەبەر ئەم هۆیانە، "توندڕۆکان"ی نێو هێزی سەربازیی عێراقی قەناعەتیان هاتبوو، دەبێ هەردوو دورگەکە و خاکە سەرەکییە وشکانییەکەی دەوروبەری بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی عێراقەوە.[٢٣]

کاردانەوەی ئیدارەی نیکسن بۆ پەلاماردانی عێراقییەکان بۆسەر کوێت شلەتێن بوو، لە بیستی ئازاریشدا وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئاماژەی بەوەدا، کە "لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشەکە" دەکەن، لەکاتێکدا ڕاوێژیان بۆ کاربەدەستانی ئەمریکا ئەوە بوو، لە لێدوانی ڕاگەیەنراودا دووربکەونەوە، چونکە دەکرێ " کێشەکە لە کوێت ئاڵۆزتر بکا."[٢٤] بە ڕۆیشتنی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، کوێت ڕووی خۆی لە ئەمریکا کرد تا لە بەرانبەر عێراق پشتی بگرێ. هەرچەندە ئیدارەی نیکسنیش دوودڵ بوو لەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کێشەی هەرێمایەتییەکە تێوەبگلێنێ، بۆیە دەیەویست زیاتر لە ڕێی هاوپەیمانە هەرێمییەکان بجووڵێتەوە. وەک ئەنجامێکیش، ڕاوێژیان بۆ کوێت ئەوە بوو، داوای پشتگیریی لە ئێران، ئوردن و عەرەبستانی سعوودی بکا.[٢٥] لە کۆتاییشدا، عەرەبستانی سعوودی لە ٢٩ی ئازاردا هێزێکی ١٥,٠٠٠ کەسی نارده کوێت تا لە دەستدرێژی زیاتری عێراق بیپارێزێ.[٢٦]

ئەو پەلامارە بێ ختووکەدانی پێشوەختەی عێراق بۆ سەر کوێت، باندۆری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەتییەکان دانا. لە ٢٢ی ئازادا بانگی سەدام کرا تا لە مۆسکۆ ڕوونکردنەوە لەسەر هەردوو دۆزەکە، لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کۆمپانیای نەوتی عێراق و لەسەر پەلاماردانی کوێت بدا. کاربەدەستانی ئەمریکا لە مۆسکۆ لەو باوەڕەدا بوون، کە سۆڤیەتییەکان سەبارەت بە پەلامارە "ناوەخت و بێ پشتیوانییەکەی" عێراق زۆر تووڕەبوون،



هەواڵنامەی کتێب

چونکە دەبووە مایەی تێکچوونی پەیوەندییەکانی مۆسکۆ لەگەڵ کوێت و ئێران لە دوای کشانەوەی بەریتانییەکان لە کەنداو. لەوەش خراپتر، لە ڕۆژی هێرشەکەی عێراقدا، سەروەزیری یەکێتیی سۆڤیەت «ئالێکسی کۆسیجین» لە ئێران بوو تا ڕێکەوتننامەیەکی بازرگانی لەگەڵ حکوومەتەکەیدا واژۆبکا، ئەمەش وایکرد ئەو جووڵەیەی عێراق هەموو لایەک پەستبکا.[٢٧]

لە کاتێکدا بژاردەکانی بەردەم دیپلۆماسییەتی ئەمریکا بۆ کاردانەوە لە بەرانبەر ئەو پەلامارە ناوروژێنەرەی لە دژی کوێت سنووردار بوو، بواری بژاردەی ژێربەژێر نەبوو. لە ٢٩ی ئازاریشدا، کیسنجەر هەواڵی نوژەنکراوی لەسەر دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد بۆ نیکسن نارد. ئەو ڕوونی کردەوە، کە زیاتر لە ١٠٠ تەن لە چەکی ناخۆماڵی، لە داودەرمان و پەتۆی بۆ کورد دابینکردووە، ئەمە لەپاڵ مووچەیەکی مانگانەی ٢٥٠,٠٠٠ دۆلاری بۆ یارمەتیدانی مانەوەی ٢٥,٠٠٠ پیاو لە هێزەکەی بارزانی. لە چاکەی ئەو پشتگیرییەی ئەمریکی، ئێرانی و ئیسرائیلییەکاندا، ئێستا بارزانی لە هەموو کاتێک لە ماوەی شەڕی کورددا بەهێزترە. بە گوێرەی نووسینی کیسنجەر:

> **بەهێزی توانای ئەو، ڕەتکردنەوەی ئەو بۆ مەرایی و گەفەکانی عێراق و سۆڤیەت، داردەستێکی بەهێزی وەها لە دژی تیمی ئاراستەکراوی تێکدەر و تیرۆرستەکانی عێراقی دەداتە شا، هەروەها ڕژێمی بەغداش پەست دەکا، ناچاریشی دەکا نزیکەی دووسێیەکی ٣/٢ی هێزی زەمینی خۆی لە باکوور بەکاربهێنێ، ئیدی بەمە توانستی سەرچڵییانەی پەلاماردانی کزدەبێ.**[٢٨]

لە کۆتاییشدا، لە ٢٧ی ئازاردا، «لۆوری» هەڵسەنگاندنامەیەکی سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربارەی عێراق نارد. ئیدی لێرەوە، ئەوە ڕوونبوو، کە ململانێی دەسەڵات لەنێوان "توخمە توندڕەوەکان"ی جڵەوبەدەستی حیزب و ئۆرگانەکانی ئاسایش و گرووپێکی پراگماتی "کە توخمی ڕێکخراوی واقیعین"، کە ئەو بە "عێراقێکی دیکە" ناویبرد، لە ئارادابوو. ڕوبەڕووبوونەوە یان


هەواڵنامەی کتێب

سەرزەنشتکردنی کردە شەڕانگێزییانەکانی عێراق، دەکرێ "ڕووبەڕووبوونەوەیەکی "مۆڕالی" بێ و "دەرفەتێکی بچووکیان هەبوو بەوەی گۆڕانگاری باشتر بهێنێتەدی،" و "لەوانەشە ببێتە مایەی بەهێزتربونی توندڕەوەکان، چونکە ئەوان ڕوانینی خۆیان بۆ ئەمریکا وەک دوژمنێکی سەرەکی سەلماندووە." ئیدی لە بری ئەوە «لۆوری» پێشنیازی پشتگرتنی "پراگماتیەکانی" کرد بەوەی "هەر دەرفەتێک بقۆزرێتەوە تا توخمە ڕێکخراوەییەکانیان بەهێزتر بکرێن،" لەهەر کوێیەکیش بلوێ "پەیوەندی ڕاستەوخۆ"یان لەگەڵ دروستبکرێ، بە شێوەیەکی تایبەتی و کەسیی هانی پەیوەندی بدرێ لەگەڵیان و بەدەمی هەر داخوازییەکی توخمەکانی "عێراقەکەی دیکە"وە بچن. بە کورتی، «لۆوری» بە پێداگیریەوە داوای ئەوەی کرد، ئەمریکا پێویستی بە لەسەررۆیشتنی سیاسەتێکی زۆر نەرمونیانانە هەیە، کە هەوڵبدا سەودا لەگەڵ هەردوو عێراقەکەدا بکا.[٣١]

وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەگەڵ لێکدانەوەکانی «لۆوری» کۆک بوو، بەڵام باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران هاوڕانەبوو.[٣٢] لە دەی نیساندا، «ڕیچارد هێلمز» کە باڵوێزی نوێی ئەمریکا بوو لە ئێران، بروسکەی لە دژی لێکدانەوەکان بۆ واشنتن لێدا. «هێلمز» گوتی، لەو کاتەی هاوسۆزی لەگەڵ "هەوڵە شایستەکەی «لۆوری»دا هەیە... بەوەی بیرۆکەیەک سەبارەت بە سەوداکردن لەگەڵ دووڕیانەکە بۆ حکوومەتی ئەمریکا سەبارەت بە ڕژێمی هەنووکە لە بەغدا هەبێ،" ئەو ڕژێمەکەی وەک توندڕۆیەکی ڕانەوەست[51]، دوژمنکارییەکی بێباکانە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا" بینی. ئەو گەیشتبوو ئەو دەرهاوێشتەیە کە:

> **[ئێمە] بە ڕوونی بەگومانین لەوەی، کە بەکردەوە بتوانین یارمەتی میانڕەوەکان بدەین، بەبێ ئەوەی پێبەپێ دوژمنە توندڕەوەکانمان قەبەبکەین و دەشترسین دۆستەکانمان لە ناوچەکەدا بەخۆشی ئەو شتە وەرنەگرن، شتەکە وەها بۆ ئەوان**

---

[51] ڕانەوەست: بزۆز، بەرپێنەگیراو.



هەواڵنامەی کتێب

**دیارە، کە دڵدارییەکی ئەمریکایی بێ بۆ ڕژێمێکی تەواو نامەعقوول.[٣٣]**

«هێلمز» هۆشداریدا، کە دەکرێ شا بەد لە هەوڵ و تەقەللاکان حاڵی بێ و وەهای لێکبداتەوە کە بۆ چەسپاندنی "عێراقەکەی دیکەیە" و "وەهاش هەژماربکرێ، کە لە لای بەغدا پەسەندکرابێ و ئەوسا لە هەردوو دیوی ناوەوە و دەرەکیدا وەک نیشانەیەک لێکبدرێتەوە، کە حکوومەتی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر بەڕاستی زۆر بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە هەراسان نەبووبێ، کە بە درێژایی سنوری عێراق - کوێت ڕوویانداوە." کەچی وێڕای خاڵە بەجێیەکانی «هێلمز»، وەزارەتی کاروباری دەرەوە هەرگیز پەسەندنامە ماکەکەی خۆی بۆ ڕاسپاردەکانی «لۆوری» هەڵنەوەشاندەوە.[٣٤]

لە دەی نیسانیشدا، «لۆوری» بە بۆنەی یەک ساڵ تێپەڕین بەسەر ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی سۆڤیەت - عێراق، برووسەیەکی بۆ وەزارەتی دەرەوە لێدا و تێیدا سەرهێڵەکانی ڕەوشی پەیوەندییەکانی بەیانکردبوو. وێڕای یاوەریبوونی هەوڵی نەبڕاوەی "هاوڕێیەتی گەرموگوڕی دۆستایەتی چەک،" کەچی «لۆوری» هەستیکرد، کە پەیوەندییەکان بە لەسەرخۆیی تێکدەچن. هەر بۆ نموونە، سەبارەت بە عێراق، «لۆوری» وەهای نووسی؛ "ڕووسیا وەهای دادەنێ لە بایەخی پشتگیرکراو ڕۆڵی زیاتری هەبێ، بەڵام نە متمانپێکراوی لەیەک نزیکن و بە دڵنیاییشەوە سەرکردەی هاوپەیمانی هاوبەشیش نین." هەروەها ئەو تێبینی ئەوەشی کردبوو، کە قسەکردن لەسەر چوونەڕیزی عێراق بۆ نێو ئەنجوومەنی ئاڵوگۆڕی ڕێکخراوی پشتگیری ئابووری (COMECON)، کە ڕێکخراوی ئاڵوگۆری بازرگانیی ئابووری بلۆکی ڕۆژهەڵاتی بوو، وەستێنرابوو. لەوەش گرنگتر، «لۆوری» ساڵیادی یەکەمینی ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت - عێراقی وەک "شتێکی کاڵبووەوە" وێناکردبوو "بەتایبەتیش بە بەراورد لەگەڵ ئاهەنگێڕانەکەی لە ئەیلوولی دواییدا کرا."[٣٥]



هەواڵنامەی کتێب

بەرەو کۆتایی مانگی نیسان، تاران ڕۆڵی خانەخوێی بۆ کۆبوونەوەی سەرانی نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە بۆ کۆبوونەوەکەیان بینی، کە مەبەستیش لێی هەماهەنگیکردنی سیاسەتی ئەمریکا بوو لە سەرتاپای هەرێمەکەدا. تەنانەت بەر لە کۆنفرانسەکەش، ئەوە ڕوون و ئاشکرابوو، کە لەوێدا گرژی لە نێوان «لۆوری» و«هێلمز»دا هەبوو. بە ناسینەوەی ئەم گرژیانە، «کۆرن» بە دوای شتێکی نەرمونیاندا گەڕا کاتێک لە بەرایی نیساندا نامەیەکی بۆ «لۆوری» نووسی. لە ماوەی کۆنفرانسەکەشدا، «لۆوری» هەوڵیدا چەند خاڵێکی دەروازەیی ڕوونبکاتەوە:

١ – عێراق ڕۆڵێکی سەرەکی لە کێشەی عەرەب – ئیسرائیلدا نەگێڕاوە.

٢ – بۆچی ڕژێمی بەعس هەستیکردووە، کە لە لایەن تارانەوە هەڕەشەی لەسەرە.

٣ – سروشتی ناسیونالیستانەی ڕژێم.

٤ – ترس و ناحەزی ڕژێم دەرهەق بە کۆمۆنیستە خۆوەڵاتییەکان.

٥ – چۆن چەند کردەوەیەکی ئەم دوایانەی عێراق سەربەخۆ بووە و بەدەربووە لە پابەندبوون بە سۆڤیەت وەک پەلاماردانی کوێت.[٣٦]

دوای ئەوە گفتوگۆیەکی تایبەتی لەگەڵ «هێلمز» و «جۆزیف سیسۆ»ی یاریدەدەری وەزیری کاروباری دەرەوەدا کرد، لەوێدا بیرۆکەی ئەوەی هێناپێشەوە بەڵکو دنەی لەیەکنزیکبوونەوەیەکی ئێران – عێراق بدرێ. «لۆوری» ئاماژەی بەو وتووێژەشدا، کە لەگەڵ باڵوێزەکانی هەریەک لە فەرەنسە، جەزایر و تورکیای کردبوو، هەموویان بڕوایان وابوو، کە عێراق حەزی لێیە هەندێک لە ئێران نزیکببێتەوە، بەتایبەتیش نایەوێ سۆڤیەت ڕۆڵ ببینێ. «لۆوری» هەستیکرد، هەر ڕۆڵبینێکی ئەمریکی دەبێ "بە تەواوی لە پاشخاندا بمێنێتەوە، بەڵام لە کاتوساتی خۆیدا، بەڵکو هەندێ کاریگەرمان بەسەر «شا»وە هەبێ"،


هەواڵنامەی کتێب

ئەویش وەک «لۆوری» هەستیپێکرد لەبەر ئەوە دوودڵە، کە دراوسێیەکی کەڕەپی[52] وەک عێراق هەیە، نەوەک هەر تەنیا وای لێدەکا ئەو باش بێ، بەڵکو یارمەتی ئەوەشی دەدا کە ڕەوایانە هێزی سەربازی ئێرانی بنیادبنێ.[٣٧]

هەرچەندە دیاربوو هەوڵەکانی «لۆوری» بەسەر هی «هێلمز» سەربکەوێ، کەچی نەنرخێنرا. یەک دوو هەفتە دوای ئەوە، «هێلمز» لە ڕێی کەناڵێکی ژێربەژێرەوە پەیامێکی بۆ «ڕیچارد کەنەدی» لە کۆشکی سپی نارد، تا گلەیی لە هەوڵەکانی «لۆوری» بکا، کە بۆ ئەوە تێدەکۆشێ "لە هەموو بوار و بۆنەیەکدا بێ" ئەمریکا لە کورد بکا. ئەمەش «هێلمز»ی نیگەران کردبوو، ئاخر ئەو بەرپرسی دەستتێکەڵکردن بوو لەگەڵ کورد، چونکە ئەو دەیزانی هەندێک لەنێو وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ ڕوانینی «لۆوری»دا هاوڕان. لەبەر ئەمە، ئەو ترسا نەبادا کاربەدەستانی ئەمریکا "پێبەپێی ئەو سەرهێڵانەی «لۆوری» "هەندێ لێدوانی گشتی بۆ ڕاگەیاندن بدەن" کە ببێتە مایەی هەراسانکردنی کورد.[٣٨]

لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا، «لۆوری» بەوەی زانی، کە تورکەکان هەوڵی دەستپێشخەرییەکیان داوە بەڵکو عێراق و ئێران لەیەک نزیکبکەنەوە. یەک دوو هەفتەی پێشتریش، تورکەکان بۆنەیەکیان بۆ وەزیرانی کاروباری دەرەوەی هەردوو لایان هی عێراق و ئێران ڕێکخستبوو، کە بە نهێنی لە «جنێڤ» یەکدی ببینن. گفتوگۆیەکانیش تیشکیان خستبووە سەر پشتگیری ئێران بۆ کورد و پێگەی ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەب. بەگوێرەی قسەی «لۆوری» بێ، "بەگشتی لەسەر ئەوە کۆکبوون، کە پرسە سەرەکییەکانی شەتولعەرەب و هەڵوەشاندنەوی تاکلایەنانەی ئێران بۆ ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧ چارەسەر بکرێن." ئاخر نەدەکرا بەعس دان بە هەڵوەشاندنەوەی ئێران دابنێ و وەک داکەوت (امر واقیع) قایلبێ، چونکە واتای دەستبەرداربوون لە خاکی عێراقی دەگەیاند. کاتێکیش هەواڵی ئەم دانیشتنە گەیشتە واشنتن. دەستبەجێ وەزارەتی کاروباری دەرەوە کۆشکی سپی لێئاگادارکردەوە.[٣٩] پاشان، باڵوێزی ئەمریکا لە تاران

[52] کەڕەپ: نەسەلمێن، کەللەڕەق، عیناد.



هەواڵنامەی کتێب

زانیارییەکەی پشتڕاستکردەوە.[٤٠] بە گوێرەی لێدوانی کاربەدەستانی ئەمریکا، گەڕی دووەمی گفتوگۆیەکانیش هەر لە جنێڤ و بە درەنگانێکی مانگی مایۆ سازدرایەوە، بەڵام گفتوگۆکان بە هیچ شتێک نەگەیشتن. دیاربوو ئێران بە دوای ڕێککەوتننامەیەکی نوێدا دەگەڕا کە دان بە داکەوتی ڕێڕەوە ئاوییەکەدا بنێ، عێراقییەکانیش پێیان قبوڵنەکرا.[٤١] تەنانەت بەم حاڵەتەشەوە، کاربەدەستانی ئەمریکا پێشوازییان لە گفتوگۆکانی «جنێڤ» کرد، وەک هەنگاوێک دەربارەی باشکردنی پەیوەندیەکانی ئێران - عێراقیان بینی.[٤٢] لە بەغداش، جارێکی دیکە «لۆوری» پرسەکەی وروژاند، بەڵکو ئەمریکا فشار بخاتەسەر ئێران "داوا ڕەواکانی" عێراق لەبەرچاو بگرێ، ئەمەش لەو کاتەی کە عێراق و بەتایبەتیش سەرەداوی پەیوەندییەکانی سەربازیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا "لەدەستداوە و عێراق زیاتر سەربەخۆیانە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەباوەشدەگرێ."[٤٣]

عێراقیش لەسەر باشترکردنی پەیوەندییەکانی بە ڕۆژئاوا بەردەوامبوو، ئەوە بوو لە ٢١ی ئایاردا، «کۆرن» لەگەڵ «سیسکۆ»دا پرسی هەڵپەسێردراوی فرۆشتنی تفاقی سەربازیی بۆ عێراق ورووژاند. دیاربوو عێراق لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا پچڕاندبوو، ئەوکاتیش بایی دوو ملیۆن و نیو دۆلار چەکی بەڕاداندابوو، بەڵام پچڕاندنی پەیوەندییەکان و گەمارۆی باری چەکوتفاق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەی لێکەوتەوە، سەروسەودای فرۆشتنەکە ئەنجامنەدرێ. لەو کاتەوە هۆبەی بەرژەوەندییەکانی عێراق لە باڵوێزخانەی هیندستان لە واشنتندا ناوەناوە پرسەکەی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا دەهێنایەوە سەرمێز، بەڵام دەستبەسەرداگرتنی خاکی باڵوێزخانەکە لە ١٩٧١ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، وایکرد بە دڵنیاییەوە هیچ وەڵامێکی ئەو پرسەیان نەدرێتەوە. هەرچۆنێک بێ، «کۆرن» مشتومڕی بوو، کە ئەو بادانەوەیەی ئەم دواییەی سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر هاندانی باشبوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق، ئەو پرسەی وروژاند ئاخۆ ئەمریکا



هەواڵنامەی کتێب

دان بە داوانامەی ئەم دواییەی عێراق سەبارەت بە ڕەوشی چەکەکان دابنێ. «سیسکۆ» ش لەسەر ئەمە کۆکبوو.[٤٤]

لە دووی مانگی حوزەیراندا دوو دیپلۆماتی سۆڤیەتی سەردانی کوردستانیان کرد بەڵکو فشار بخەنە سەر بارزانی تا ڕەگەڵ بەرەی نیشتمانی بکەوێ. دیسان هەوڵ و کۆششی سۆڤیەتییەکان بەری نەدا، ئاخر بارزانی پەنجەی بۆ بەرنامەی "بە عەرەبکردن"ی حیزبی بەعس ڕاهێشت، ئەمەش شکستییەک بوو بۆ دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی کوردستان، کەموکوڕی بەشداری کورد لە حکوومەت و ژمارەیەک لە هەوڵی کوشتن و لەناوبردن، **کە هەم دەرهەق بە خۆیی هەم خانەوادەکەی کران، ئەمانەش هەمووی نیشانەی بەدبڕوایی ڕژێم بوو. سۆڤیەتییەکانیش هۆشدارییان دایە بارزانی بەوەی زۆر پشت بە شا نەبەستێ و لە گفتوگۆ نهێنییەکانی «جنێڤ»یشیان ئاگادارکردەوە. ئیدی دوابەدوای ئەوە، بارزانی بە نیگەرانییەوە سەرێکی تارانی دا تا ڕاوێژی شا لەو بارەیەوە وەربگرێ.**[٤٥] بە گوێرەی حیساباتی «هێلمز» بێ، لەسەر ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ کیسنجەردا کردبووی، شا نیگەرانییەکانی بارزانی سەبارەت بە لەیەکنزیکبوونەوەی ئێران - عێراقی بۆ ڕەواندەوە و ئاماژەی بەوە دا، گوایە ئەو هانی ڕژێمی داوە تا هەڵبژاردنێکی گشتی وەک مەرجێکی پێشوەختە بۆ چوونەڕێزی ئەو بۆ نێو هاوپەیمانیەتەکە ئەنجامبدا، مشتومڕیشی لەسەر ئەوە بوو، کە ئەم داخوازیەی سۆڤیەتییەکان هێوردەکاتەوە و وەهاش لە بەعس دەکا دۆخەکە حاڵەتی گواستنەوە وەربگرێ، چونکە هەرگیز ناتوانێ بەبێ ئەوەی لەسەر دەسەڵات ڕابماڵدرێ، هەڵبژاردنێک سازبدا.[٤٦]

لەو نێوەدا و لە ڕۆژانی ٧ - ٨ی حوزەیراندا، «جیم هۆگلاند Jim Hoagland» براوەی خەڵاتی «پوبلیزتەر Publizter» پەیامنێریی بۆ واشنتن پۆست، لەژێر ناوێکی خوازراوەوە بۆ دیداری بارزانی، سەرێکی کوردستانی دا. لە میانەی چاوپێکەوتنەکەدا، بارزانی بە «هۆگلاند»ی گوت، کە ئەو بەنیازە تا ئازاری ١٩٧٤، تا ئەو کاتەی مەرجی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئازار هەڵدێ،


هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ حکوومەتدا لە دۆخی ئاشتییدا بمێنێتەوە. خۆ ئەگەر حکوومەتیش خاوەنی قسەی خۆی نەبوو، ئەوا ئامادەیە بۆ پەلاماردان.[47] دیسان بارزانی داوای پشتیوانی ئەمریکای لە دژی بەغدا کردەوە،[48] ئەوەشی خستەبەردەم ئەمریکا، ئەگەر هاتوو ئەمریکا هێزەکانی بۆ پاراستنی گەلەگەی لە "گورگەکان"ی بەغدا بپارێزێ، ئەوا لە بەرانبەردا کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک دەخاتە بەردەستی ئەمریکا.[49] مایەی سەرسامیش نەبوو، کە ئەو داوا ئاشکرایەی بارزانی لە ئەمریکا بۆ پشتیوانی، کاردانەوەیەکی توند و پەلاماردەرانەی بەغدای بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوە بوو سوپای عێراق لە ئاخروئۆخری حوزەیراندا هێرشی کردە سەر کورد و ١٨ کەسی لێکوشتن. کاربەدەستانی ئێرانیش بەشداری توندوتیژیی وتارەکانی «هۆگلاند»یان کرد، ئاماژەیان بەوەدا، کە بەغدا "بڕیاریداوە پلەی توندوتیژیەکەی وەها بەرزبکاتەوە، کە نمایشێک بێ بۆ بێزراندنی بارزانی."[٥٠] وەک دەرکەوت دیاربوو، داوای بارزانی بۆ پشتیوانی ئەمریکا تەنیا فێڵێک بوو. لە ١٦ی تەممووزیشدا، «هێلز» و «ئارسەر کالاهان Arther Callahan»ی بەرپرسی وێستگەی سی ئای ئەی بە نهێنیەوە چاوییان بە «ئیدریس بارزانی» و «دکتۆر مەحموود عوسمان» کەوت، ئەو دووانەی کە ساڵێک پێشتر لە واشنتن لەگەڵیان کۆببوەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی «هێلمز» سەبارت بە دانیشتنەکە، کە بۆ کیسنجەری ناردبوو، «دکتۆر مەحموود عوسمان» گوتبووی، ئەو هیوای وابوو "کە ئێمە بە دیدارەکەی بارزانی لەگەڵ «هۆگلاند»دا جاڕس نەبووین... نیازی داوای ژەنەڕاڵیش بۆ کۆمەکی ئەمریکای ئەوە بوو کە ببێتە سەرپۆشێک بۆ ئەو ڕاستییەی، کە دەمێکە لە ژێرەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆمەکەمان پێدەگا." هەروەها چاوپێکەوتنەکە بۆ ئەوەش نەخشەی بۆ کێشرابوو، کە ڕواڵەتێک بدرێتە ئەو حاشاکردنەی ئەمریکییەکان بۆ ئۆپەراسۆنەکە و ئیدی بەم جۆرە "نوێنەرە کوردە بێ ئاگاکان (بە ئەنقەست) لەسەر داواکردنێکی وەها لە باڵوێزخانەکان و هەواڵنێرانی ئەمریکا بەردەوامبن تا دنەی ئەمریکییەکان بدەن پشتگیری کورد بکەن." ئەمەش نیشانەی توانای ئاڵۆز و پێشکەوتووی هەواڵگریی بارزانی بوو. «هێلمز»یش بە کوردەکانی


هەواڵنامەی کتێب

گوت، کە ئەو "لەوە تێدەگا و پەستیش نییە لێی. من پەسنی ئەو ڕاددە نهێنیپارێزیەی کورد دەدەم و بە دەستەواژەی بەهێز و ڕاشەکاویش پێ لەسەر ئەوە دادەگرم، کە هەر دزەکردنێکی ئەو ئاسایشپارێزیە وامان لێدەکا ئەستەم بێ لەسەر پشتیوانکردنی ئێوە بەردەوام بین."[٥١]

لە کۆتایی مانگی حوزەیرانیشدا، شا فەرمانی بە «عەلەم» کرد زنجیرەک ڕاپۆرتی هەواڵگریی لەگەڵ «هێلمز»دا تاوتوێ بکا، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی عێراق خەریکە چوار فڕۆکەی جۆری تۆپۆلۆڤ Tupolev TU – 22ی هەرەخێرا بەدەستبهێنێ، ئەو فڕۆکانەی سیستمی موشەکهاوێژی وەهایان تێدایە، دەتوانێ لە دووری ١٠٠ مایلەوە موشەکەکانی بهاوێژێ. «عەلەم» گوتی، کەوا ئەو موشەکهاوێژانە «شا»یان زۆرنیگەران کردبوو، چونکە دەیانتوانی ئامانجی گرنگ لەنێو ئێراندا بۆمباران بکەن بەبێ ئەوەی فڕۆکەکان نزیکی سنووریش ببنەوە. وێڕای ئەو ڕاپۆرتەی «هێلمز» بۆ کیسنجەر، ئەو گوتی، کە قەناعەتی بە مەزەندەکرنی شا نییە و بە زەحمەتیشی دەبینێ ئاخۆ هەر بەڕاستی شا سەبارەت بە پێشهاتەی ئەم دواییە نیگەرانە، بەتەواوی بڕوای پێیەتی، یاخود ئەم شتە بۆ ئەوە دەقۆزێتەوە کە جبەخانەی سەربازی خۆی پێقەبەتر بکا. ئەگەرە هەرە لەپێشەکە وەک «هێلمز» هەڵیهێنابوو، "پێدەچێ لە هەر سێ ئەگەرەکان هەندێکی تێدا بێ."[٥٢] «لۆوری»یش لەگەڵ هێلمزدا هاوگومان بوو، ئەوەشی پشتڕاستکردەوە، کە ئیتاڵیا و فەرەنسا ڕاپۆرتی هاوشێوەیان پێگەیشتووە. «لۆوری» دەرفەتی ڕەخنەبارانکردنی شای لەدەست نەدا و ئەوەشی لێ زیادکرد:

> **ئەگەر هاتوو ئێران دژی ئاساییوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا بجووڵێتەوە، لەسەر پشتگیریی سەربازیانەشی بۆ کورد بەردەوامبێ، هەر لەسەر هەڵوێستی لە شەتولعەرەبدا بمێنێ و پڕوپاگەندەشی لە دژی عێراق هەر ئاوا چڕوپڕ بێ، ئەوا ڕژێمی بەعسیش لە ڕێی کردەی تێکدان و پڕوپاگەندەوە زەبری خۆی**



هەواڵنامەی کتێب

**دەوەشێنێتەوە، بۆ دابینکردنی چەک و پاراستن بەردەوامیش دەبێ لە پشتبەست بە یەکێتیی سۆڤیەت.**[٥٣]

ڕاسپاردەی ئەو وەها بوو، کە هەقە شا "تا نیوەی ڕێ - وەک هێزێکی گەورەتریش - زیاتر لە نیوەی ڕێ بەپیر عێراقەوە بچێ، تا تاقیبکاتەوە ئاخۆ عێراقییەکان دەربارەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان چەند سەخترگیرن (جددین)." کێشەکەش ئەوە بوو، پشتگیریی شا بۆ کورد وای لێکردبوون سەبارەت بە هەوڵ و تەقەللاکانی عێراق بۆ گەیشتن بە سازانێک کەڕەپ بن، بەڵام خۆ ئەگەر شا دەستیان لێبکاتەوە ئەوا ئەوانیش سەرڕەقییەکەیان نامێنێ.[٥٤]

لە ٢١ی حوزەیراندا، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیروت تێبینی بۆ وەزارەت نارد، کە «مەسعوود بارزانی» و «دکتۆر مەحموود عوسمان» داوای ئەوەیان لێکردوون ئاخۆ دەکرێ کاربەدەستێکی پلەباڵای ئەمریکا ببین لە ماوەی سەردانەکەیان بۆ ئەمریکا و دەیانەوێ وەڵامەکەش بزانن. کاتێکیش بۆ ڕۆژی پاشتر وەزارەت وەڵامی دایەوە، گوتبووی، سیاسەتی ئەمریکا هانی ئەوە نادا، کە کورد هیوا لەسەر پشتگیری ئەمریکا هەڵچنێ و فەرمانیشی بە باڵوێزخانەکە کرد پێیان بڵێ، تەنیا بۆ بەڕێوەبەری دەوڵەت لە وەزارەت هەیە چاوی بە سەرکردە کوردەکان بکەوێ.[٥٥] لە یەکی تەممووزیشدا، «لۆوری» وردەکاری لێکدانەوەی نوێی، کە مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کەوا ئەمریکا خۆی لە داوانامەی کوردان بۆ "پشگیریی سەربازییانە بەدوور بگرێ تەنانەت خۆی لەچاوپێکەوتن و گوێگرتن لە هاوسۆزشییان بدزێتەوە." ئەو مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، **لە کاتێکدا حیزبی بەعس بێزراوە، ئەوا پێدانی پشتگیری بۆ کورد باشترین خستنەڕووە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێکەوتننامەیەک و تا ئەو کاتەش "بارزانی پشتگیریی ئێرانی پێبگا و هیواشی بە پشتگیریی ئەمریکا هەبێ، ئەوا ئەویش لەگەڵ عێراق بکەوێتە سازان."** «لۆوری» گەیشتبووە ئەو ئاکامە، "بۆ بارێکی باشتر یان خراپتر، زۆر سەختە لەو دەرەنجامە دەربازبین کەوا ئایندەی کوردەکانی عێراق لەنێو خۆگونجاندایە لەنێو بۆتەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەوسا بەو



هەواڵنامەی کتێب

بڕە زۆرەی ئۆتۆنۆمی کە بکرێ بەدەستیبهێن."[٥٦] لەو لێکدانەوەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە کاربەدەستە ئەمریکایەکان لە واشنتن، بەغدا و تاران هەموویان لەژێر تیشکی جیاوازەوە پرسەکەیان بینیوە.

لەو کاتەش، لە سی حوزەیراندا ململانێی دەسەڵات لە نێو توخمە "پراگماتییەکان" و "توندڕۆکان" بە کراوەیی تەقییەوە، ئەمەش لەو کاتەی «نازم گزار» بەرپرسی هێزەکانی ئاسایشی عێراق، لە کودەتایەکی شکستخواردوودا هەوڵیدا دەسەڵات بگرێتەدەست. بە گوێرەی «تریپ» بێ، کودەتاکە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ڕژێمەکە، چونکە وای لە سەدام کرد ببێتە کەسێکی بێ ڕکابەر و فەرمانی بە گوللەبارانکردنی ٣٠ کاربەدەستی پلەباڵا کرد، بە بەرپرسی مەکتەب عەسکەری حیزبی بەعسیشەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆریشی گرتن و ئەشکەنجەدان.[٥٧] ئینجا سەدام لە شەشی تەممووزدا حکوومەتی بەرەی نیشتمانی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق پێکهێنا، کە کوردەکانی لێهەڵاوێرد کرابوون.[٥٨] هەرچۆنێک بێ، سەدام گێل نەبوو؛ ئەو دەیزانی، کە ڕۆژئاوا بە پێکهێنانی حکوومەتێک لەگەڵ کۆمۆنیستەکان دەتۆقێ، ئەوە بوو لە بەرایی تەممووزدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییەکان دانیشت و ئەو خاڵەی بە شێوەیەکی ڕاشەکاوانە پێگوتن: "عێراق بەپیر جووڵەی ئەمریکایی و بەریتانیەوە دەچێ، کە ببێتە مایەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان."[٥٩] دیدارەکەی سەدام هۆشداری دایە بارزانی، ئاخر ئەویش دەترسا نەوەک پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا باشببێ و دواتریش بۆ پشتگیریی ئەمریکا - عێراق لێبکەوێتەوە. لە تەممووزیشدا «شەفیق قەزاز»ی نادرە واشنتن، لەوێ سەردانی وەزارەتی دەرەوەی کرد و چاوی بە «ئێدوارد دریجان Edward Djerejian»، ئەفسەری دۆسیەی دەوڵەتی عێراق کەوت. کاتێکیش «قەزاز» لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراقی پرسییەوە، «دریجان» وەڵامی دایەوە، کەوا پەیوەندییەکان باش بوونە، ئاماژەشی بە چارەسەرکردنی کێشەی کۆمپانیای نەوتی عێراق و مەیلی سەددام بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان دا. قەزازیش بە نیگەرانییەوە گوتی، کە بارزانی "لە نزیکەوە


هەواڵنامەی کتێب

چاودێری ڕەوشی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق دەکا تا بزانێ ئاخۆ لە بن هەلومەرجی یارمەتی و پشتگیرییدا چی لە ئەمریکا ڕەچاو دەکرێ یان ناکرێ.[٦٠]

ئەو پێشوازیکردنە چاوەڕواننەکراوە وای لە «لۆوری» کرد بجووڵێ و ڕاسپاردەیەک بۆ سەرۆک نیکسن بکا بەوەی "پەیامێکی تایبەتی" بە بۆنەی ساڵیادی شۆڕشەکەیان بۆ سەرۆک «ئەلبەکر» بنێرێ.[٦١] وەزارەتی کاروباری دەرەوەش لەو بارەیەوە خۆپارێزبوو. لە نۆی تەمموزدا ڕاوێژی بۆ «لۆوری» نارد کە دوابەدوای کودەتا شکستخواردووەکە نووسیبووی جارێ "زۆر زووە بەوەی کتومت بڕیاربدرێ ئاخۆ چ گۆڕانکارییەک و ئاراستەیەکی سیاسی هاتۆتە پێشەوە و ڕژێمی عێراق چۆنی گرتۆتەبەر." لەوەش زیاتر "بۆ حکوومەتی ئەمریکا ئەوە گونجاو نییە جارێ تەڕدەستانە هیچ دەستپێشخەریەک بکا، کە دەکرێ لە لایەن هۆبەیەکی دیکەی [حیزبی بەعس] بە بەدحاڵیبوون لێکبدرێتەوە. لەکاتێکدا وەزارەتی دەرەوەش دانی بە بەرەوپێشوەچوونی عێراق لە بوارەکانی ئابووری، بازرگانی و کلتووری نا، کەچی ئامۆژگاری بۆ «لۆوری» ئەوە بوو؛ "تا بکرێ خۆی دوورەپەرێز ڕابگرێ" و جەختی لەسەر بەرژەوەندی ئەمریکا بۆ باشبوونی پەیوەندییەکان کردەوە، بە ئەگەری تێهەڵچوونەوەی پەیوەندی دیپلۆماسیشەوە[٦٢] لە ١٥ی تەممووزیشدا، «لۆوری» هەڵسەنگاندننامەی خۆی سەبارەت بە باندۆری کودەتاکە لەسەر سیاسەتەکانی عێراق نارد. ئەوەش ڕوون بوو، کە حیزبی بەعس لەنێو خۆیدا بە حاڵەتێکی پاکتاویی گەورەدا دەڕوا. لە هەوڵی کودەتاکەوە، ڕژێم بڕیاری زیندانی هەتا هەتایەی لەسەر «عەبدولخالق ئەلسامەڕائی» بەعسییە خۆشەویستەکە دابوو. «محەمەد فازیل»یشی لە سێدارەدا. هەردووکیشیان ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس بوون، بەرپرسیاریش بوون لە کۆنترۆڵکردنی سوپا. بەم دەرهاوێشتەیە، «لۆوری» گەیشتبووە ئەو ئاکامە، کە سەرۆک ئەلبەکر و سەددام حوسێن بە بێ ڕکابەر سەرکردایەتی عێراقیان بۆ ماوەتەوە.[٦٣] لە کۆتایشدا، دوابەدوای کودەتاکەی «گزار»، پاوانکردنی دەسەڵات لە لایەن سەدام و مەیلی کتوپڕیانەی



هەواڵنامەی کتێب

بۆ گرێدانەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا، نیشانە بوو بەوەی "پراگماتییەکان" لە ململانێی دەسەڵاتی نێو ڕژێم، سەرکەوتوو دەرکەوتن. بۆ بەدبەختیش دەستوەردانی ئەمریکا لە جیاتی کورد ڕێگەی لە ئیدارەی نیکسن گرت ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیزبی بەعس بەرەوپێشەوە ببا.

## ڕاوێژ لەگەڵ شا

وێڕای هەوڵ و کۆشەشی عێراق بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوادا، لە هاوینی ١٩٧٣دا، شا سەردانێکی واشنتنی کرد، لەوێ سەبارەت بە دەستوەردان لە کاروباری کورد ڕاوێژی بە کۆشکی سپی کرد. بەر لەوەی شا بچێتە ئەمریکا، «هێلمز» لە پێنجی تەمموز و لەسەر زەریای قەزوێندا چاوی بە هەر یەک لە شا و «مەلیک حوسێن» کەوتبوو. بە گوێرەی قسەکانی «هێلمز» بێ، «مەلیک حوسێن» لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی عەرەب لە دژی ئیسرائیل ئاگاداری دا، کە مەبەست لە هێرشەکەش ستاندنەوەی بەرزاییەکانی جۆلان بوو، بەوەی "دەکرێ لە ئێستا بەولاوە لەهەر ئان و ساتێکا ئەمە ڕووبدا." «حوسێن» گوتی، کەوا ئەو "کۆپییەکی لە نەخشەی سەربازیی پێیە کە بە هاوڕێکی لەگەڵ میسرییەکان داڕێژراوە.." ئەمەش ئاشکراکردنێکی سەرنجڕاکیش بوو، بەتایبەتیش لەو کاتەی، کە «هێلمز» ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی بۆ کیسنجەر بەرزکردەوە و ئەوەی سەلماند، کە کاربەدەستانی ئەمریکا بە سێ مانگ بەر لە ڕودانی شەڕی ئۆکتۆبەر دەیانزانی جەنگێک لە ئانوساتی هەڵگیرسان دایە. لەوەش پۆلکتر، دیاربوو کە کیسنجەر ئەم هۆشدارییەی پشتگوێخست. چەند مانگێکیش دواتر، «هەرچەند مانگێکیش دواتر، «هێلمز» بە دەستوخەتی خۆی تێبینییەکی لەسەر بەڵگەنامەیەک نووسی؛ "خۆزگەم دەخواست [کیسنجەر] و ئەوانی دیکە سەرنجیان لەسەر ئەم شتە گیربوبایە." ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کاربەدەستانی ئەمریکا ئاگایان لە نیازی


هەواڵنامەی کتێب

میسرییەکان بووە بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل، کە سەریکێشا بۆ شەڕی ئۆکتۆبەر، کەچی هەر ئەوەیان هەڵبژارد کە هیچ نەکرێ.[٦٤]

کۆبوونەوەکەی سەر زەریای قەزوین واتای ئەوەشی گەیاند، کە ئامادەکاری گەشتەکەی شا بۆ واشنتن بکرێ. لە ٢٣ی تەمموزدا «هێلمز» گەیشتە واشنتن و لەگەڵ کیسنجەر سەبارەت بە گەشتەکەی شا کۆبووەوە، ئەمەش لە دەرهاوێشتەدا ئەوەی گەیاند، کە سەبارەت بە دەستوەردان لە کاروباری کورددا باسوخواسێکی گرنگ تاوتوێبکرێ. «هێلمز» بە کیسنجەری گوت، کوردەکان بیرۆکەیەکی نوێیان هێناوەتەپێش بەوەی ئاخۆ چۆن لەگەڵ عێراقدا بجووڵێنەوە، ئاماژەشی بەوە دا، کە هەر یەک لە «ساوندرس» و «کەنەدی» و سی ئای ئەی "کاریان لەسەر بەرنامەیەک کردووە ئاخۆ چەند پارەیان بدرێتێ." ئەو نیشانەی بەوەش کرد، کە هەموو چەکەکان بە سەلامەتی ڕادەستکراون و لایەنی ئاسایشی ئۆپەراسیۆنەکەش بە دروستی ڕۆیشتووە، بەڵام ئەو دوودڵ بوو لەوەی توانستی هێرشبەرانە بدرێتە کورد. هەرچۆنێک بێ، «هێلمز» گوتی، "کوردەکان ناتوانن ڕووبەڕووی ئەو هەموو چەکە دەستکردەی سۆڤیەت ببەنەوە." ئیدی لەسەر ئەم خاڵە، کیسنجەر ئەوەی بۆ دەرکەوت ئاخۆ کورد لە کوێ دەقاودەق لەگەڵ ستراتیژیەکەی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دێتەوە. "ئێمە دەبێ دڵنیابین لەوەی، کە حیساباتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوچەیەک بێ کە زۆر گران لەسەری بوەستێ." ئەو دەیویست پەیامێک بۆ سۆڤیەتیەکان بنێرێ، بەوەی کە دەستتێکەڵکردنیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر بەگران لەسەریان دەوەستێ.

> **من دەمەوێ [سۆڤیەتییەکان] ئەوەیان لەبیر بێ کە ئەوان لە میسر دەرچوون و عێراقیش دەبێ ببێتە بیرێکی بێ بن بۆیان. من دەمەوێ بە هەموو کەسێک بڵێم ، ئەوەی پێیوابێ بۆ جموجوڵ دێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێ لەوێ بڕواو و دوور بکەوێتەوە… ئێمە هەر ئەوەمان دەوێ کە ئەمە لە مێشکی**


هەواڵنامەی کتێب

**خۆیان دابنێن و ئەوە هەڵبسەنگێنن، کە نرخی جموجۆڵەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر گرانبەها دەربکەوێ. هەروەها ئەوەشمان دەوێ، کە عەرەبەکانی ناوچەکە ناتوانن بە کلکگرێدانیان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی هەست بە ئازادی بکەن. ئێمە ئەوەشمان لە کورد دەوێ، هەر بایی ئەوەندە بەهێز بن، کە ببنە برینێکی کراوە لە جەستەی عێراقدا.**[٦٥]

بە ڕوونی، کیسنجەر و هێلمز کوردیان وەک ڕۆڵگێڕێ کلیلێک لە نێو ستراتیژیی جەنگی ساردی هەرێمایەتی خۆیان دەبینی.

لەو سێ ڕۆژانەی دواتر، شا هەر بەتەنیا نەوەک هەر دوو جاران سەرۆک نیکسنی بینی، بەڵکو چەندین جار بە تایبەت لە گەڵ کیسنجەر دانیشت، کە عێراق و کورد بابەتی هەرە دووبارەی تاوتوێکردنی باسوخواسەکانیان بوو. لە میانەی یەکەمین دیدار کە لە ٢٤ی تەموز لە «ئۆڤڤال ئۆفیس»دا سازدرا، شا بۆ ماوەی نزیکەی دوو سەعات ڕۆڵی ڕامانی گشتی ئێرانی لە ناوچەکەدا بۆ سەرۆک نیکسن و کیسنجەر باسکرد. سەبارەت بە عێراقیش، ئەو بە نیکسنی گوت، کە پشتگیری ئەمریکا بۆ کورد زۆر "یارمەتیدەرە،" بەتایبەتی بەهایەکی سایکۆلۆژی هەیە بەوەی، کە ئەمریکای مەزن لە پشتیانە.[٦٦] پاشان هەر هەمان ئەنگۆرە، شا و باڵوێزەکەی لە واشنتن «ئەردەشیر زاهیدی» بەتایبەت چاویان بە کیسنجەر، «هێلمز» و «ساوندرس» کەوت، تا پرسی دەستوەردان لە کاروباری کوردیان لەگەڵدا تاوتوێبکا. کیسنجەر بە شای گوت، ئەمریکا لە نەخشەیدا ئەوەی پێیبکرێ بۆ یارمەتیدانی کورد بیکا و پێشوازیش لەهەر ڕاسپاردەیەک دەکا. ئینجا شا گوتی، کەوا کورد چەکیان هەیە، بەڵام ئەوان پێویستیان بە دەستگیری ڕێکخراو هەیە، پێشنیازی ئەوەی بۆ کرد، بەڵکو هۆبەیەکی باری تەندروستییان بۆ بکاتەوە. بۆ ئەمەش، کیسنجەر گوتی کەوا نیکسن ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکەی پەسەندکردووە، بەڵام هەر تەنیا ئەوەیە کە لێتێگەیشتنێکی سنوورداریان سەبارەت بەوە هەیە، ئاخۆ پێویستە چی بکرێ. لەو نێوەشدا ئەو ئامۆژگاری



هەواڵنامەی کتێب

سی ئای ئەی ئەوە بوو کە بەرنامەیەک لەگەڵ کورد بەوەی پێویستیان بە چییە و هیواش بەوە بوو، شا بتوانێ دەستیانبگرێ. ئیدی سەبارەت بەو خاڵە، شا ئەو پرسەی هێنایەگۆڕێ، بەڵکو کورد لەگەڵ عێراقییەکانی دیکە دەستتێکەڵبکەن تا حکوومەتێکی نیشتمانی لە باکوری عێراق دابمەزرێنن. کیسنجەریش گوتی، سەرۆک نیکسن ویستوویەتی "هەوڵ و تەقەللایەکی سەرەکی" بۆ کۆمەکردنی کورد بدا و پرسیشی "ئاخۆ ئەمە بە هاوڕێکی لەگەڵ خەڵکی تۆدا بکرێ یان بە مەحکەمی هەر ئۆپەراسیۆنێکی ئەمریکی بێ؟" لەم پنتەشدا، «هێلمز» ئاماژەی بەوەدا ، کە لایەنی ئەمریکا لە ئۆپەراسیۆنەکەدا "تەواو هەماهەنگە و لەگەڵ دەزگەی هەواڵگری نهێنی ئێرانیدا کارەکان کراون." سەبارەت بەو پرسیارەش ئاخۆ کورد ڕەگەڵ بەرەی نیشتمانی بکەوێ، **شا گوتی، کورد "لەگەڵ مەرجەکانی حکوومەتی عێراقییدا نایەتەوە،"** کە بە هۆیەوە کیسنجەریش پرسی، "ئایا ئێمە وایان لێبکەن لەگەڵ مەرجەکان بێنەوە؟" لەوەڵامیشدا شا گوتی، دەکرێ ئەوان وابکەن؛ کەچی سۆڤیەتییەکان "فشاری زۆریان خستۆتە سەر کورد بۆ ئەوەی لەگەڵ مەرجەکانی حکوومەت بێنەوە و ڕەگەڵ حکوومەتەکە بکەون." **بۆ خۆشبەختیش، بارزانی بەڵێنی دابوو بەبێ پەسەندنامەی شا هیچ شتێک نەکا و بە دوای سەربەخۆییشدا ناگەڕێ، کە ئەمە تورکەکان دەتۆقێنێ. لە کۆتاییشدا، شا هەستیکرد، کورد "کارتێکی براوەن کە ناکرێ لەدەستی بدەین." بۆ ئەمەشیان کیسنجەر بە دەستەواژەی ڕاشکاوانەوە بە شای ڕاگەیاند کە "سەرۆک قایلە."**[٦٧]

لە ٢٧ی تەممووزدا جارێکی دیکە شا لەگەڵ کیسنجەر و «هێلمز» کۆبووەوە بۆ ئەوەی ئەو باسە تاوتوێ بکەن، ئاخۆ سەبارەت بە یارمەتیدانی کورد چی بکرێ باشە. شا هەستیکرد، کە هەردوو لایان، ئەمریکا و ئێران دەتوانن بڕێکی زیاتر لە پشتگیری ڕاستەوخۆ"یان پێشکەش بکەن. هەوڵ و تەقەللاکانی بەعس بۆ ئەوە بوو کورد ڕابکێشێتە نێو بەرەی نیشتمانی، ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە بەدوای ئەوەدا دەگەڕا گۆشەگیری خۆی بشکێنێ، کە نیشانەی لاوازیی بوو. شا ویستی بەردەوامبێ لەوەی ئامۆژگاری بارزانی بکا نەچێتە نێو هاوپەیمانییەکە و



هەواڵنامەی کتێب

داواشی لێکردبوو چیدی پێشوازی لە نوێنەرەکانی سۆڤیەت و بەعس نەکا. هەرچەندە بەو داوایەی، شا هەستیکرد ، پێویستە پارەی زیاتری بدەنێ. بەو قسەیەی کیسنجەر بە شای گوت "دەکرێ لە ڕووی بنەماییەوە حیسابی لەسەر بکەی" ئەمریکاییەکانیش ڕازی بوون.[٦٨]

ئەو گفتوگۆیەی لە میانەی سەردانەکەی شا بۆ واشنتن کرا، ژمارەیەک خاڵی بە ڕوونی هێنایە پێشەوە:

١ - فشاری سۆڤیەتییەکان لەسەر بارزانی زیاتر بوو بەوەی ڕەگەڵ حیزبی بەعس و شیوعییەکان بکەوێ و بچێتە نێو حکوومەتی بەرەی نیشتمانی.

٢ - شا قەناعەتی بە بارزانی کردبوو نەچێتە نێو ئەم هاوپەیمانییە.

٣ - هەردووکیان چ نیکسن و چ شا پاڵپشتییەکی بەهێزیان بۆ بەردەوامبوونی دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد نیشان دا.

٤ - هەموو لایەک کۆکبوون لەسەر ئەوەی، کە ئەوان پێویستییان بە زیادکردنی پشتگیریکردنە بۆ کورد

دوابەدوای گەڕانەوەی شا لە ئەمریکا لە ٣١ی تەممووزدا، «کەنەدی» چاوی بە «ساندرس» و بەڕێوبەری سی ئای ئەی «ڤێرنۆن وۆللەر Vernon Waller» کەوت، بۆ ئەوەی پرسی کۆمەکی زیاتر بۆ کورد تاوتوێبکەن. لە میانەی گفتوگۆکانیاندا، «وۆللەر» پێشنیازی دووهێندەکردنی کۆمەکەکانی بۆ کورد کرد تا **توانای بەرگریکردن - نەوەک هێرشبردن - یان پتربێ**. ئیدی لە میانەی ئەو سەرهێڵانەدا، ئەو گوتی، کە سی ئای ئەی خەریکی ئامادەکردنی گەڵاڵەنامەیەکە تێیدا تواناکان و ئەگەرەکان و ڕاسپاردەکانی ڕوونکردۆتەوە.[٦٩] یەک دوو ڕۆژیش دوای ئەوە، لە ڕۆژی سێی ئابدا، کیسنجەر و هێلمز سەبارەت بە پوختەی دەرهاوێشتەی سەردانەکەی شا کۆبوونەوە. دیاربوو «هێلمز» بە تاوتوێکردنی باسوخواسەکانی کورد گەشبین بوو، کۆمێنتیشی بۆ بەرنامەی



هەواڵنامەی کتێب

هاریکاریەکە " بەڕێکوپێکی دەڕوا" بوو. کاتێکیش کیسنجەر لێیپرسی ئاخۆ کورد پێویستی بە چەک یان پشتگیری ئابووری زیاتر هەیە، هێلمزیش وەڵامی دایەوە، لەو بارەیەوە چاوەڕێی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی سی ئای ئەی دەکا.[٧٠]

لە حەوتی ئابیشدا لێکدانەوەکانی سی ئای ئەی سەبارەت بە بژاردەکانی کورد بۆ کیسنجەر نێردران. یاداشتەکە هێڵی بەژێر نیگەرانییەکانی سی ئای ئەی دا هێنابوو، ئەو نیگەرانییانەی سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنە زۆرەکانی کوردان بووە لە دژی بەغدا، «ولیام جۆبلیWilliam Cobly» بەڕێوبەرە نوێیەکەی سی ئای ئەی نووسیبوی: "ئێمە حەزناکەین بارزانی هانبدەین واز لە ڕەوتی بەرگرییانەی هەنووکەی خۆی بهێنێ. خۆ ئەگەر هێزەکانی ئەو دەست بە هەڵمەتی هێرشبردن بکەن، ئەوا بارزانی لە گۆشەنیگای کردەوەکانی خۆیەوە وەک ئاراستەیەکی لە ڕادەبەدەر مەترسیدار دەردەچێ." «کۆلبی» لەوە نیگەران بوو، هەر پشتگیرییەکی زیاتری ئەمریکا بۆ کورد، مەترسی ئەوەی لێدەکرێ دەستتێکەڵکردنی ئەمریکا لە ڕەوشەکە بخاتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەستیکرد، کە کۆشکی سپی ئەرکی پابەندبوونی بە داوانامەی شا کەوتۆتەسەر بۆ ئەوەی پترکردنی پشتیوانییەکەی بەهەندهەڵبگرێ. ئیدی پێبەپێی ئەم سەرهێڵانە، ئەو چوار خاڵی خستنەڕوو:

١ - هێشتنەوەی بەرنامەکە وەک ئەوەی ئێستا لەئارادایە، بەوەی قەوارەکەی زیاتر نەکرێ لەکاتێکدا چەکەکان لە جبەخانەدا بۆ کاتی شەڕ هەڵبگیرێن.

٢ - بەیەک جار پارەی یارمەتیەکان بدرێتە کورد تا پێویستییەکانی لە خزمەتگوزاری زیاتری داودەرمان، توانستی خوێندن و پەروەردە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دابینبکا.

٣ - زیادکردنی باربووی ئەمریکی بە ڕێژەی ٥٠٪ بەوەی مانگانە بگاتە ٣٧٥,٠٠٠ دۆلار مانگانە.

٤ - زیادکردنی ئاستی هەنووکەی پشتگیریی بۆ ٥٠٠,٠٠٠ دۆلار مانگانە.


هەواڵنامەی کتێب

سەبارەت بەو بژاردانە «کۆلبی» خاڵی دووەمی پێپەسەندتر بوو. مشتومڕەکەشی لەسەر ئەوە بوو؛ "ئەمەیان کاریگەری نابێ بەسەر بەردەوامبوونی باربووەکەمان لەو کاتەی ئێستادا هەیە، کەچی هێشتاش وەڵامێکە بۆ هەردوولایان چ بۆ شا و چ بۆ کوردان." هەروەها «کۆلبی» ئەو پرسەشی وروژاند، کە بۆ نووسینگەی بەڕێوبەرایەتی و بودجە «OMB» بەرزکرابووەوە، کە بودجەی کۆشکی سپی ڕێکدەخست. «OMB» فەندەکانی بۆ سی ئای ئەی نەخستبووە بەردەست تا شتە ڕاسپێردراوەکان بۆ کوردی پێ بکڕێ، کە دەبوو لەکاتێک شەڕەکە هەڵگیرسابایەوە، فەندەکە خرابایە بەردەست و بەکارهێنرابا. بۆیە «کۆلبی» داوای لە کیسنجەر کرد بە ڕۆڵی خۆی لەگەڵ OMB هەڵبستێ و فەندەکە بکاتەوە. کێشەیەکی دیکەش ئەوە بوو، لەو کاتەی ئەمریکا دەستیان لەگەڵ کورد تێکەڵکردبوو، نرخی کڕین بە پارەی ئەوکاتی عێراقی (دینار) بەرزببووەوە، بەجۆرێ ئەو سێ ملیۆن دۆلارەی کۆشکی سپی بۆ بارزانی تەرخانکردبوو چیدی ئەو کاریگەرییەی جارانی وەک باربوو نەمابوو. بۆیە «کۆلبی» داوای لە کیسنجەر کرد، فەندە هەمەلایەنە بەردەستەکان زیاتر بکا تا نرخی ئۆپەراسیۆنەکەی پێ بەڕێوەببرێ و لە ئاستەکەی خۆیدا بمێنێتەوە و دانەبەزێ.[٧١]

لە ١٦ی ئابدا کیسنجەر شیکاریەکەی سی ئای ئەی بۆ «هێلمز» نارد، کە تازە لە تورکیا گەڕابووەوە. کیسنجەر لە برووسکەکەیدا ئاماژەی بەوە دابوو، کە کۆشکی سپی مەیلی لەسەر ئەوەیە، باری باربووەکە وەک ئاستی ئێستا بهێڵێتەوە، لەکاتێکدا چەکەکان لە جبەخانە دابنرێن تا ئەوکاتەی شەڕ هەڵدەگیرسێتەوە، بەڵام ڕوانینی «هێلمز» و «شا»شی سەبارەت بە بابەتەکە بەلاوە سەرنجڕاکێش بوو. کاتێکیش بۆ ڕۆژی پاشتر «هێلمز» ڕاپۆرتی خۆی دایەوە، ڕاسپاردەی ئەوە بوو، بڕی باربووەکە بەڕێژەی ٥٠٪ زیادبکرێ و سی ئای ئەیش خەریکی ئەوە بوو چەکە بەراداندراوەکان لە جبەخانەی بەردەست دابنێ. بەم کارە، ئەو هەستیکرد، "پترکردنی باربوومان لە وەڵامی ڕاسپاردەکانی



هەواڵنامەی کتێب

شادا هێمایەکە بۆ پشتگیری شا و هەروەها وەک دڵنیاکردنەوەیەکیش دەردەکەوێ." کیسنجەریش بەمە قایلبوو.[٧٢] هەر لەهەمان کاتیشدا، دووەمین پەیام لە لایەن «هێلمز»ەوە لە ٢٥ ئابدا نێردرا، ئاماژەی بەوە دابوو، کە شا باربووی مانگانەی خۆی "کەمێک پتر" لە ڕێژەی ٥٠٪ی زیادکردووە و دەشیەوێ چەک و تفاقی زیاتر بداتە کورد.[٧٣]

بە درەنگانێکی مانگی ئاب، سەرۆک نیکسن بە کیسنجەری گوت، کە بەنیازە ئەو لە جێی «ولیام ڕۆگەرس»دا بکاتە بەربژێری وەزیری کاروباری دەرەوە، لەکاتێکدا هەر بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانیشی بهێڵێتەوە. ڕوانینی کاربەدەستە پلەباڵاکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ بەربژارکردنی کیسنجەر تێکەڵەیەک بوو، هەندێکیان دڵنیانەبوون لەوەی ئاخۆ کیسنجەر دەتوانێ لە نێو وەزارەتێکی پڕ لە کاری بیرۆکراسییدا هەڵبکا، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە بیرۆکەکەیان پێباش بوو، چونکە بەم جۆرە کابرا دێتە نێو چەقی بازنەی بڕیاردارشتن، هەڵبەتە ئەمەش دوای ساڵانێک لەوەی ئەو لە لاوە بڕیاردارێژ بوو.[٧٤] ئەو دەستنیشانکردنە دووانەیەی کیسنجەر وەک وەزیری کاروباری دەرەوە و وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی، وای لێکرد بە شێوەیەی ناتەریبانە دەستی بەسەر دامەزراوەی سیاسەتی دەرەکییدا بڕوا. ئەمەش سەلمێنەری گرنگی فشاری شەرمەزاریەکەی واتەرگێیت Watergate بوو، کە تازە قورسایی خۆی لەسەر سەرۆک نیکسندا دانابوو.

لە شەشی ئەیلوولدا کیسنجەر دەرهاوێشتەکانی ڕوانینی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی سەبارەت بە بژاردە و ڕاسپاردەکان لەمەڕ دەستتێکەڵەکردن لەگەڵ کورد، بە سەرۆک نیکسنی ڕاگەیاند. یاداشتەکە جەختی لەسەر بایەخی ئۆپەراسیۆنەکە لەبن هەلومەرجی جەنگی سارددا کردەوە، بە وێناکردنەکەی خۆشی، ڕژێمی عێراق وەک "بریکرتەیەکی[53] کارگێڕی سۆڤیەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا." ئەو کێشەی OMB یشی هێنایە گۆڕێ، کە فەندەکانی بۆ

---

[53] بریگرتە: مەعمیل.


هەواڵنامەی کتێب

ئۆپەراسیۆنەکە نەکردۆتەوە، هەروەها باسی کۆکردنەوەی چەک و فیشەکیشی کرد، کە سی ئای ئەی چەک و فیشەکی دەستکردی بێگانەی لە جبەخانەیەک بۆ مەبەستی ئۆپەراسیۆنەکە داناوە، ئەمەش کاتێکی بەرچاوی دەوێ بۆ ئەوەی زیاتر بە پیر داخوازییەکانی دیکەوە بچن. ڕاسپاردەی کیسنجەر وەها بوو، کە دەرمان بە OMB بکرێ و بڕی پارەکان هەر ئێستا والابکا بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانی پێدابینبکرێ و بۆ کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ ئامادەبکرێ و پشتگیری ڕوانینی هێلمزیشی کرد، بەوەی بڕی باربووەکە زیاتر بکرێ تا ببێتەوە وەڵامێک بۆ پێویستییەکانی بارزانی و هەمووشی بە یەکجار بدرێ. شایانی باسە، کیسنجەر بۆ نیکسن پێی لەسەر بایەخی هێشتنەوەی کورد لە حاڵەتی بەرگریدا گرت:

> **ئێمە حەزمان لێیە... لە سەرنجی بایەخی درێژخایەن بە تاوسەندنی پابەندییەکانمان دووربکەوینەوە، بەوەی بە بارزانی بڵێین، کە ئێمە ئامادەین فەندی زێدەباری دیکە بۆ ئەم ساڵ دابین بکەین، ئەمەش لەسەر بنەمای مانگانە بێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئێمە پێ لەسەر ڕوانینی شادا دەگرین، بەوەی خەسڵەتی بەرگریکارانەی کورد وەک خۆی بمێنێتەوە.**[٧٥]

لە کۆتاییشدا، ڕاسپاردەی ئەو وەها بوو، کە سەرۆک زیادکردنی بڕی باربووی هەنووکەیی پەسەندبکا تا دەرەقەتی زیادبوونی نرخی شتەکان بێتەوە، کە بە دیناری عێراقی بوو، سەرباری ئەمەش زیادکردنی بڕێ باربووی ئەمریکی بە ڕێژەی ٥٠٪ بۆ ٣٧٥,٠٠٠ دۆلار مانگانە بۆ ساڵی دارایی ١٩٧٤. بە قایلنامەی نیکسن و بۆ ڕۆژی دوایی «ڕاتلیف Ratliff» واژۆی بە بەڕێوبەرانی کۆمیتەی چل کرد.[٧٦]



هەواڵنامەی کتێب

## ئاماژە تێکەڵەکان

لەو کاتەی ئەمریکا لە کردەی دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد بە جۆشەوە دەچووەپێش، نووسینگەی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوە لە ٢٣ی ئابدا ڕاپۆرتێکی خۆی دەستاودەستپێکرد، مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا "گرژیی و ئاستەنگی تێکەوتووە." پەیوەندییەکانی سۆڤیەت – عێراقیش هەمیشە لە ڕاکێش ڕاکێشاندا بووە، بەڵام لەو کاتەی لە مانگی شوباتدا چارەی کێشەی کۆمپانیای نەوتی عێراق کراوە، پەیوەندییەکانیان بە خێرایی "ئاڵۆزوبڵۆز و بێئومێدتر" بووە. کێشەکەش ئەوە بوو، کە هەردوو لایان "جیاوازیی بنگەییان" سەبارەت بە "ئامانج و ڕوانگەی" هەر یەکەیان لە ناوچەکەدا هەبوو. زۆر جاران سۆڤیەتییەکان گرەوییان لەسەر ڕەوشی ناسەقامگیریی ناوخۆ کردوە و بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکە ڕێکخستووە. لە هەمان کاتیشدا، عێراقییەکانیش هەر لە ماکەوە لە نیازەکانی سۆڤیەت بەگومان بوونە، نەخاسمە فشارەکەیان بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و کورد، هەروەها دڵنیاش نەبوون سەبارەت بە سوود و کەڵکی پشتگیریکردنی نیاز و مجێزی هەرێمایەتیی عێراق.[٧٧] ڕاپۆرتی نووسینگەی ناوبراو ئەوەی پشتڕاستکردبووەوە، کە پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا گرژی تێکەوتووە، هەروەک چۆن کۆشکی سپی زیاتربوونی پشتگیری خۆی بۆ کوردان بەهەندهەڵگرتبوو.

لە دووی ئەیلوولدا، «لۆوری» نامەیەکی تایبەتی خۆی بۆ «ئاتێرتۆن Atherton»ی یاریدەدەری وەزیر نارد تا هەمان باوەڕی خۆی دووبارە بکاتەوە، بەوەی ئەمریکا پێویستی بە گرتنەبەری سیاسەتێکە یەخەی خۆی لە هی کوردان بکاتەوە. «لۆوری» مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، "ئەگەر هاتوو پێشبینی سوودەکانی سیاسەتی یەخەبەردان لە کورد بەرجەستەنەبوو" ئەوا "نزیکبوونەوە لە بژاردەی کورد" کردەیەک نییە دەستی لێهەڵنەگیرێ و نەتوانرێ نوێبکرێتەوە." ئەو دانی بەوە دانابوو، کە کورد بۆ لاوازکردنی ڕژێمی بەعس


هەواڵنامەی کتێب

چالاکن، بەڵام سەبارەت بە پەیوەندییە گرژبووەکانی لەگەڵ مۆسکۆ، ئەو بڕوای وانەبوو، کە ئەم ڕەوشەیان داردەستێکی کارابێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی سۆڤیەتی، لەڕاستیدا کاریگەریەکە پێچەوانەبوو. ئیدی بە گوێرەی ڕای «لۆوری»، "ڕەفتاری ڕژێم لەو کاتەی چارەسەری پرسی کۆمپانیای نەوتی عێراق کراوە، بەتایبەتیش لە دوای کودەتا لەبارچووەکەی ٣٠ حوزیرانەوە، ئەو ئاماژەیە بە تیژی دەبینرێ، کە ئاراستەی سەربەخۆبوونی سیاسەتی عێراق دەکرێ بێتەپێشەوە، ئەگەر هاتوو توانی کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەربکرێن." بە دەستەواژەیەکی دیکە، تاکەشتێک وا لە عێراق بکا خۆی لە سۆڤیەتییەکان بەدوور بگرێ کورد و پاڵپشتەکانیان بوون لە ئێران و ئیسرائیل، ئەوەی لە «لۆوری»یش زانراو نەبوو، ئەمریکاش بوو.[٧٨]

لەم بەرڕەوتەشدا، سی ئای ئەی لێکدانەوەیەکی نادڵنیایی سەبارەت بە سیاسەتەکانی ناوخۆی عێراق دەرکرد، کە هۆشداری لەبارەی ئەوەدا بوو، ئەمریکا لە عێراق نیزیکتر نەبێتەوە. لە شەشی ئەیلولیشدا، سی ئای ئەی لێکدانەوەکەی خۆی بۆ کۆشکی سپی بەرزکردەوە، ناردنەکەش بە هاوپێچی کورتەیاداشتێکی «سام هۆسکینسن Sam Hoskinson»ی یاریدەدەرە تایبەتەکەی «کۆلبی» بوو کە تایبەت بوو بە ستافی ئەنجوومەی ئاسایشی نیشتمانی. لێکۆڵینەوەکە گەیشتبووە سەر سێ دەرهاوێشتەی سەرەکی:

١ - ئاستی توندوتیژی سیاسیی لەم کاتە و لەنێو عێراقدا لە پلەیەکی زۆر هەڵکشاو دایە.

٢ - ڕژێمی بەعس لە دەرەوەی بازنەی لایەنگەرەکانی خۆیدا پێگەیەکی بەرچاوی نییە.

٣ - بەدەر لە سەدام حوسێن و «سەعدون حەمادی» ڕژێم بەهرەی بەڕێوبەرایەتی سنوورداری هەیە. مایەی سەرنجە، سی ئای ئەی بە هەوڵی کودەتاکەی حوزەیران سەرسام بوو:


هەواڵنامەی کتێب

**ئێمە هەستێکی بە هێزمان هەیە، کە ئەگەر هاتوو ئێمە ئەوە دەستنیشان بکەین، کە کێ و چۆن و بۆچی هەوڵی کودەتاکە دراوە، ئەوا کلیلێکی باشمان سەبارەت بە دینامیکیەتی سیاسەتی هەنووکەیی دەست دەکەوێ. ئێمە هێشتا هەر بە گومانین، کە سەدام بە جۆرێک لە جۆرەکان لە پشت شتەکەوە بووبێ یان بەلای کەمییەوە پێیزانیبێ؛ ئاخر ئەو لەسێدارەدانانەی بەدوای کودەتاکەوە هاتن هەموو بەشداربووەکانی دیکەشی بێدەنگ کردن، کە زۆر شتیان دەزانی.**

یاداشتەکە ئاکامەکەی وەها هەڵدەهێنجێ:

**کەواتە ئێمە بەجێی دیڵین، ئاخر ئەو ڕەوشە بە جۆرێک سەقامگیربووە، کە هەموو ڕکابەرە ناحەزەکانی بەدەر لە کورد تیرۆرکران یان لاشەڕ کران، کەواتە بونیادێک کە بەمجۆرە ڕۆنرابێ، لەسەر توندوتیژی جێگیربێ تا سەرکردەکانی پێگەی خۆیان لە بەرانبەر خەڵکی ڕەشۆک و دەرەوەی بونیادەکە بپارێزن، ئیدی ئەمە ڕەوشێکی وەها دڵخۆش نییە کە حکوومەتێکی وەک هی ئەمریکا سەروسەودای لەگەڵ بکا.**[٧٩]

ئەوە ڕوون بوو، کە کاربەدەستانی سی ئای ئەی بە پێشنیازی «لۆوری» بەوەی ئەمریکا بەرەو نزیکبوونە لە ڕژێمی عێراق هەنگاو دەنێ، ناڕەحەت بوون.

لە ماوەی بەشێکی زۆری مانگی ئەیلوولدا، گرژییەکانی نێو حیزبی بەعس بەردەوام بون لەسەر ئەوەی ببنە بەڵگە. هەر بۆ نموونە، لە ناوەڕاستی ئەیلوولدا، ژمارەیەک لە کوشتنی دڵڕەقانە لەنێو گەڕەکەکانی چینی مام ناوەندا پەیدابوون، ئەمەش سەرباری دیمەنی سەختی دەرکردن، پاککردنەوەی ڕیزەکانی بەعس، توندتربوون بەرانبەر بە کورد، کە هەمووشیان دوابەدوای



هەواڵنامەی کتێب

کودەتاکەی حوزەیرانەوە بوونە ڕۆژەڤ. ئینجا لە دوایین هەفتەی ئەیلوولدا، ڕژێم "ڕێکاری زۆر توندی ئاسایشپارێزییانەی لە بەغدا" گرتنەبەر، بە سەپاندنی قانوونی قەدەغەکردنی هاتوچۆ، داخستنی فرۆکەخانە و سنوورەکان و گەڕان و پشکنینی ماڵەکان خانوو بە خانوو. سی ئای ئەی لەو باوەڕەدابوو، کە ئەم حاڵەتەیان دەربڕی ململانی دەسەڵاتە لەنێو خودی ڕژێمدا. ئەوەی مایەی سەرنجیش بوو، لەو کارە چاوەڕواننەکراوانەی سیاسەتەکانی بەعس لەو دەمدا سەریکێشا بۆ "پەنجەرەکردنەوەیەکی کەم لەسەر ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش لە پرسە بازرگانیەکاندا."[٨٠] بۆ نموونە، لە ٢٢ی ئەیلولدا، عێراق پاداشتی کۆمپانیایەکی ئەمریکی «براون و ڕووت Brown and Root (کە لقێکی هالیبورتۆن Haliburton)» بوو بە گرێبەستێکی ١٢٢ ملیۆن دۆلاری کرد بەوەی کەناراو، تەرمینالی قووڵ لەنێو زەریادا بۆ کارگوزاری ڕۆیشتنی نەوت لێبدا. ئەمەش نیشانەی تاکە گەورەترین گرێبەستی بزنس بوو کە عێراق واژۆی کردبێ.[٨١] لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا سی ئای ئەی بڕوای نەهات، کەوا کرانەوەی عێراق دەبێتە مایەی "کوتەکشکاندنێکی گەورە لە پەیوەندییەکانی عێراق - ئەمریکا" یان "بادانەوەیەک لە هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا."[٨٢]

بە هەموو ئەمانەوە، لێکدانەوەی نووسینگەی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوە INR لەسەر پەیوەندییەکانی سۆڤیەت - عێراق و بڕوای سی ئای ئەی بەوەی، کە ئەمریکا دەبێ بە وریایەوە لە عێراق نزیکببێتەوە، لە ئێوارەی[54] شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ ـەوە، هەمووی تەشەنەسەندنی دابەشبوونەکانی نێو حکوومەتی ئەمریکا بوو سەبارەت بە هەوڵەکانی نزیکبونەوەی عێراق بۆ چاککردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا. لە سەرێکەوە، «هێلمز» و سی ئای ئەی وەک خۆیان مانەوە، بەوەی بڕوایان بە ڕاستگۆیەتی هەوڵ و تەقەللای

---

[54] لە ئێوارەی ...: مەبەستم دەق وشەی eveی ئینگلیزیەکە نووسەر لێرەدا بەکاری هێناوە، کە دەق واتای ئێوارەی پێش سەری ساڵ دەگەیەنێ، بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا، ئەو ماوە کورتەی بەر لەڕوودانی شتێک، یان هاتنی پێشهاتێک دەگەیەنێ. پێموابێ لە بەیت و بەشەکانی دیکەی فۆلکلۆریشماندا بەهەمان مەبەست بەکار هاتووە. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

عێراق نەبوو بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا، لە کاتێکدا «لۆوری» و وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕوانینیان وەها بوو، کە ئەمە دەرفەتێکە دەبێ بە وریاییەوە بقۆزرێتەوە. هەرچۆنێک بێ، پاداشتی عێراق بۆ دروستکردنی تەرمینالی قووڵایی زەریا بۆ کۆمپانیایەکی ئەمریکایی نیشانەیەک بوو بەوەی کە بەکردەوە دەرگەیەک لەسەر کرانەوەیە.

### شەڕی ئۆکتۆبەر

**کاتێک هێزەکانی میسر و سووریا لە شەشی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا پەلاماری مۆڵگە سەربازییەکانی ئیسرائیل لە نۆکەندی سوێس و بەرزاییەکانی جۆلان دا، هەردوولایان، چ عێراق و چ وەڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا نائاگا بوون.** میسریی، سووریی و سۆڤیەتییەکان پێشوەختە نەخشەکانیان سەبارەت بە هێرشەکان بە عێراقییەکان ڕانەگەیاندبوو.[٨٣] هەرچەندە سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر شەڕی ئۆکتۆبەردا لە شوێنێکی دیکە تاقیکرایەوە،[٨٤] بەڵام زانیاریی لەسەر وەڵامی عێراق بۆ جەنگ سنووردارە.[٨٥] بە جیاواز لەکاتی دوای شەڕی شەش ڕۆژەدا، کە عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا پچڕاند، کەچی بە شێوەیەکی کردەیی شەڕی ئۆکتۆبەر دەرفەتی بۆ ئەمریکا و عێراق هێنایەپێشەوە تا پەیوەندییەکانیان بەرەو پێشەوە ببەن. ڕژێمی بەعس کاربەدەستانی ئەمریکای بەوە هێدمەگرتی کرد، کە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی لەگەڵ ئێران، ئاڵمانی ڕۆژئاوا و بەریتانیا نوێکردەوە؛ ئەوەشی ڕەتکردەوە هاوکاری گەمارۆی سەر ناردنی نەفت بێ، کە عەرەبستانی سعوودی سەرکردایەتی دەکرد؛ هەروەها کۆمپانیایەکی ئەمریکاشی بە گرێبەستێکی سەرەکی پاداشتکرد. ئەمەش دیسان ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی بەهێزی باڵی "پراگماتییەکان"ی حیزبی بەعس بوو بەسەر باڵی "توندڕۆ"دا.


هەواڵنامەی کتێب

دوو هەفتە دوای شەڕەکە، «لۆوری» بەوەی زانی کە سۆڤیەتییەکان ٢٠٠ هێلیکۆپتەر و ١٤ فڕۆکەی بۆمبهاوێژی دەنگتێپەڕێنەری بلیندەری جۆری TU - 22ی بۆ عێراق نارد.[٨٦] فڕۆکەکان بۆ ڕۆژی پاشتر گەیشتنە جێ.[٨٧] نزیکەی هەفتەیەکیش دوای ئەوە، شا پرسی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمریکا کردەوە و داوای "پابەندبوونی مسۆگەرییانە"ی لە ئەمریکا سەبارەت بە کڕینی F - 14/15 کرد بۆ ئەوەی هاوسەنگی لەگەڵ چەکە نوێیەکانی عێراق ڕابگرێ.[٨٨] هەرچەندە تەنیا چەند ڕۆژێک بەر لە هەڵگیرسانی شەڕێ ئۆکتۆبەر، کاربەدەستێکی پلەباڵای وەزارەتی بەرگریی دژەی بەوردەکاری ڕەچەتەی عێراق بۆ بۆمهاوێژەکان کرد،[٨٩] بەمەش هانی «هێلمز»ی دا تا فشار بخاتە سەر کیسنجەر تا ئەو مافە نەریتییانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بەدەستبهێنێتەوە، بۆ ئەوەی ڕوون و ئاشکرا بێ کە پێشوەختە هەموو گوتەکانی (لێدوانەکانی) پێنتاگۆن (وەزارەتی بەرگری ئەمریکا) بپاڵێوێ، ئەوانەی ناواخنی کاروباری دەرەوەیان هەیە.[٩٠] کیسنجەریش پەسەندیکرد و ڕەشنووسی مەرسوومێکی سەرۆکایەتی بۆ هەموو وەزارەتەکان داواکرد کە دەبێ لێدوانی سیاسەتی دەرەکییان لەگەڵ کۆشکی سپییدا تاوتوێ بکەن بەر لە ڕاگەیاندندیان.[٩١] لە چواری ئۆکتۆبەردا وەزارەتی کاروباری دەرەوە برووسکەیەکی بۆ «هێلمز» نارد و ئامۆژگاریکرد، کە بە شا ڕابگەیەنێ کە فڕۆکەی 22 – TUـەکان ڕادەستکراون. ئەمەش نموونەی یەکەم بوو، کە یەکێتیی سۆڤیەت ئەم جۆرە فڕۆکانە بداتە هێزێکی غەیرەسۆڤیەتی. هەر لەسایەی گەیاندنی زانیارییەکان بۆ شا، وەزارەتی دەرەوە «هێلمز»ی ڕاسپارد تا ئاماژە بۆ شا بکا، بەوەی ئەمریکا دان بەوەدا دەنێ، کە سیاسەتی عێراق لەو مانگانەی دواییدا ناڕێکوپێک بووە و ڕادەستکردنی فڕۆکەکانی جۆری TU - 22ش توانستی سەربازییانەی زیاتردەکا، ئیدی ئەمریکاش ڕەوشەکە لە بن "پێداچوونەوەیەکی مشوورخۆرانەدا" دادەنێ.[٩٢]



هەواڵنامەی کتێب

کاتێکیش لە شەشی ئۆکتۆبەردا شەڕی ئۆکتۆبەر هەڵگیرسا، حیزبی بەعس شەڕەکەی بۆ ئەوە قۆستەوە، کە ژمارەیەک ئامانجی گرنگی دەرەکی و ناوەکی بەدەستبهێنێ، ئەمەش لە کاتێکدا بوو لە هەندێک ڕێکاری تۆڵەکردنەوە لە دژی ئەمریکادا خۆی گیرساند. هەر بۆ نموونە، کاتێک ڕژێم خۆماڵیکردنی پشکی ئەمریکای لە کۆمپانیای نەوتی بەسرەدا ڕاگەیاند، کەچی لە هەمان کاتیشدا هەندێ سازانی خستە بەردەم ماخۆکانی کۆمپانیاکە. هەروەها عێراق ئەوەشی ڕاگەیاند کە نەوت بۆ ئەمریکا هەناردە ناکا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەگوێرەی «لۆوری» بێ، هیچ کام لەو کردەوانە "کاریگەرییەکی ڕاستەقینەی لە ئایندەیەکی نزیکدا" نەبوو هەروەها کردەوەکانیش سەرسامکەرانە نەبوون. وەک «لۆوری» چاودێریکرد: "پەراوێزخستنی عێراق لەلایەن عەرەبەکانی دیکە و لە مەیدانی جەنگدا، ئەوا پێویستی بە کردەوەیەکی دراماتیکییانە دەکرد تا بەردەوامێتی ڕۆڵی شۆڕگێڕانەی خۆی بسەلمێنێ."[٩٣] لەوەش سەرسامانەتر، ئەوە بوو لە ناوەڕاستی شەڕەکەدا، کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق INOC کاربەدەستانی ئەمریکای بەوە هێدمەگرتی کرد، کە عێراق پاداشتی کۆمپانیای پۆڵای ئەمریکی بە گرێبەستێکی ١٥ ملیۆن دۆلاری کرد بۆ کڕینی چوار دەزگای زەبەللاحی هەڵکۆڵێنی بیری نەوت.[٩٤] هەر لەو کاتەشدا و لە ٧ی ئۆکتۆبەر عێراق داوای لە ئێران کرد بەڵکو پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانیان دابمەزرێننەوە،[٩٥] ئەمەش واتای لاشەڕکردنی سنووری ڕۆژهەڵاتی دەگەیاند بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووی خۆی بسوورێنتەوە سەر ئیسرائیل. تەنانەت بە پەسەندکردنی ئێرانیش، عێراق تەنیا توانی یەک تاکە فەوجێکی زرێپۆش وەک هێمایەک بنێرێتە سووریا.[٩٦] لە کۆتاییدا، عێراقییەکان ئەوەیان ڕەتکردەوە کە ڕەگەڵ سعوودییەکان بکەون بەوەی بەشداربن لە گەمارۆی سەر هەناردەکردنی نەوت، مشتومڕەکەشیان ئەوە بوو بە بڕینی نەوت، تەنیا ئەوروپا زیانی زیاتری لە ئەمریکا پێدەگا.[٩٧] هەمووشی بەسەریەکەوە، خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی بەسرە، بڕیاردان بۆ ئەوەی نەوت بە ئەمریکا نەفرۆشێ، پاداشتکردنی فێرمای پۆڵای ئەمریکی بە گرێبەستێکی چەور، دووبارە کردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان لە گەڵ



هەواڵنامەی کتێب

ئێران، ناردنی فەوجێکی زرێپۆش وەک هێمایەک بۆ سووریا و ڕەتکردنەوەی گەمارۆی نەوت ڕاستەوخۆ بۆ ئەوروپا، هەموو ئەمانە ئاماژەبوون، کە کاردانەوەی ڕژێمی عێراق بۆ شەڕەکە مەبەست لێی بەرەوپێشەوەبردنی بەرژەوەندییەکانی بوو، هەڵبەتە ئەمەش بە چاوپۆشین لە ڕوانینی باقی جیهانی عەرەب بوو.

لە ١٥ی ئۆکتۆبەر و لە نۆیەمین ڕۆژی شەڕەکەدا، بارزانی پەیامێکی بە پەلەی بۆ کیسنجەر نارد و داوای ئامۆژگاری ئەوەی سەبارەت بە پێشنیازێکی ئیسرائیلییەکان لێکرد، ئاخۆ هێرشی خۆی لە دژی بەغدا دەستپێبکاتەوە. پەیامەکەش وەها دەخوێندرایەوە:

> **پێشنیازی [ئیسرائیلییەکان] ئەوەیە، ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە خاکی کوردستان بەدەستبهێنینەوە، ئەمە و لە کاتێکدا دەوڵەتەکە سەرقاڵی جەنگە. ئەوان بەڵێنیانداوە لە لێکۆڵینەوە دابن تا لەگەڵ ئێراندا بە چەک یارمەتیمان بدەن. هیچ هێزێکیش لە ناوچەکانی ئێمەدا نەکشاونەتەوە و ئێمەش ئەو جۆرە چەکە هێرشبەرەمان نییە. ئێمە حەزمان لێیە لەم بارەیەوە بۆچوونی ئێوە بزانین.**[٩٨]

کیسنجەریش لە یادەوەریەکانی خۆیدا باسیکردووە، کە بنەمای پڕۆژە پێشنیازەکە لە ئەفسەرێکی پاشکۆی ئیسرائیلییەوە هاتبوو، "تا خۆی لە ماڵی خۆی خۆشەویست بکا"[55] هەرچەندە لە ڕووخسارەوە نەخشەی ئیسرائیلییەکە کورتهێن بوو، چونکە کوردەکان لە چەکی هێرشبەرانەی وەک تۆپخانە، دژەفڕۆکە و موشەکی دژەتانکییان کەم بوو. کیسنجەر لەوە نیگەران بوو، ئەگەر هاتوو کورد لە شاخەکانەوە هێرشی بۆ سەر پێدەشتەکان برد ئەوا "خۆیان لەبەر کەرەستە تفاقی جەنگیی سوپای عێراقدا ناگرن، کە چەکی پێشکەوتووی

[55] لە کتێبەکەدا دەق وەها هاتووە (پەرۆشبوو کە قەواڵەکە (نامە متمانەدارەکەی)ی خۆی لە نیشتمان بریقەدار بکا) واتە ئەو پاشکۆی وەڵاتەکەیەتی لە شوێنێکی دیکە، کارێک بکا بە قازانجی وەڵاتەکەی بشکێتەوە و زیاتر خۆی بباتە پێش. منیش ئەو ئیدیۆمە کوردیە ناوبراوەم پێ لەجێی خۆی بوو. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

سۆڤیەتی قورس و بەسەدان تانکیان هەیە... هێرشێکی لەم جۆرە بە مسۆگەرییەوە دەبێتە مایەی تێکشکاندنی هێزی بەرگری کورد." لە دەرهاویێشتەشدا، کیسنجەر داوای لە «هێلمز» کرد، کە ڕاوێژ بە شا بکا.[٩٩] «هێلمز»یش لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا قسەی لەگەڵ شادا کرد و بە کەناڵێکی ژێربەژێرەوە پەیامەکەی بۆ کیسنجەر گەڕاندەوە کە سەرنجی هەردوولای سەبارەت بە بابەتەکە تێدا بوو. «هێلمز» گوتی، کە «شا»ش سەبارەت بە پەلاماری کورد بۆ سەر هێزە عێراقییەکان لەگەڵ نیگەرانییەکەی کیسنجەر هاوڕایە، ئاماژەشی بەوە دابوو، کە هەموو ئەو چەکانەی دراونەتە کورد بە مەبەستی بەرگری لەخۆکردن بوونە و ئەوە نەبووە "کە چەک و تفاقێک بێ شەڕەکەی لە نێو شاخەکاندا پێبگوازرێتەوە پێدەشتەکان و لەوێوە هێرش بەرن." خۆ ئەگەر لەوێ لە ڕووی سەربازییەوە بهاڕدرێن، ئەوا شا "کارتی کوردی" لەدەست دەردەچێ و ئەویش نایەوێ ئەو شتە ببینێ.[١٠٠] دیسان لێرەدا ئەو پێداگرتنی هەمەلایەن بوو لەسەر ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە کورد دەستوپێی هێزی سەربازی عێراقی ببەستنەوە. لە کۆتاییشدا، هەموو بەشدارە سەرەکییەکانی دەستوەردان لە کاروباری کورددا کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە هێرشبردنی کورد بۆسەر سوپای عێراق کردەیەکی خۆکوژییانە بوو. وەک ئاکامێکیش، کیسنجەر بە «هێلمز»ی گوت بە شا ڕابگەیەنێ کە "هێرشێکی سەربازی وەک ئیسرائیلییەکان پێشنیازیان کردووە، هی ئەوە نییە ئامۆژگاری بە کردنی بکرێ." بارزانیش لە ١٩ی ئۆکتۆبەردا پەیامەکەی وەرگرتەوە.[١٠١]

شەڕی عەرەب - ئیسرائیلی ١٩٧٣ خاڵێکی هەڕەتپێدانی کارنامەی کیسنجەر بوو. لە ڕۆڵە دووسەرەکەی خۆی وەک وەزیری کاروباری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانییدا، ئەو پیاوە هەرە بەهێزەکەی واشنتن بوو، تەنانەت نیکسنیشی تێپەڕاندبوو، ئاخر ئەو بە تەواوی بە پەردەهەڵدانەوەکە لەسەر واتەرگەیت دەورەدرابوو، پێگەی باری ناوخۆیی داشۆرابوو، تا دەهاتیش بانگەوازی لادانی زیاتر دەبوو. لەکاتێکدا نیکسن کە دەبوو بۆ نزیکەی ساڵێکی


هەواڵنامەی کتێب

دیکە دەست بە نووسینگەی خۆیەوە بگرێ، کەچی فشاری واتەرگێت پەکیخستبوو. لە شەڕی ١٩٧٣وە بە دواوە، کیسنجەر جڵەوی کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکای گرتەدەست بەتایبەتیش لەبەرانبەر عێراقدا.[١٠٢]

## ئەنجام

لەو ساڵەی نێوان پەسەندکردنی نیکسن بۆ دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد لە ١٩٧٢ شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا، پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق هێوربوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. گۆڕانەکەش لە چاوی سەرهەڵدانی سەدام حوسێن وەک هێزێکی باڵکێش لەنێو ڕژێمدا بوو. ئەو بەدوای چاککردنەوەی پێگەی نێودەوڵەتی عێراقدا گەڕا، ئەمەش لە ڕێی چارەسەرکردنی کێشەی کۆمپانیای نەوتی عیراق، لە ڕێی سەقامگیرکردنی سیاسەتی ناوخۆ بە پێکهێنانی حکوومەتێکی بەرەی نیشتمانیی و پاداشتکردنی کۆمپانیایەکی ئەمریکی بوو بەوەی گرێبەستێکی گرنگی لەگەڵدا مۆربکا، ئەمە و لە کاتێکدا ڕژێم لە یەکێتیی سۆڤیەتیش دووردەکەوتەوە. بۆ بەدبەختیش، سروشتی دژبەیەکییەکەی سیاسەتی ئەمریکا ڕێگەی لە ئیدارەی کەنەدی گرت تا دەرفەتەکە بقۆزیتەوە. ئاخر لە بەغدا «لۆوری» بە پێداگرتنەوە داوای ئەوەی دەکرد ئەمریکا ئەو عێراقە کردەییە، نەرمڕۆوە، تەکنۆکراتەی "دیکە" لەباوەش بگرێ، لە کاتێکدا شا و کۆشکی سپی لە هەوڵی ئەوەدا بوون تا ترسی بارزانی بڕەوێننەوە ئەویش بە زیادکردنی ئاستی پشتگیرییەکان بوو.

لە هەمان کاتیشدا، ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکاش بەسەر خۆی دابەش بوو، ئاخۆ چۆن دەستیان بگاتە ململانێی دەسەڵات لەنێو حیزبی بەعس کە باڵی مەدەنی "پراگماتی" چاڵیان بۆ باڵی سەربازی "توندڕۆ" لێدا، ئەمەش لە کودەتای حوزەیرانی ١٩٧٣دا بەرجەستەبوو. هەرچەندە، تا شەڕی ئۆکتۆبەر هەڵنەگیرسا، ئەوە ڕوون نەبوو کە باڵی "پراگماتییەکان" سەرکەوتووانە بەدەرکەوتن. ئەمەش


هەواڵنامەی کتێب

بەڵگەیەک بوو لەسەر کردەی عێراقییەکان لە ماوەی شەڕەکەدا، کە پشکی ئەمریکییەکان لە کۆمپانیای نەوتی بەسرەدا خۆماڵیکرا، پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان لەگەڵ بەریتانیا، ئێران و ئاڵمانی ڕۆژئاوا دەستیانپێکردەوە، هەر لەناوەڕاستی شەڕیشدا گرێبەستێکی چەور پاداشتی کۆمپانیایەکی ئەمریکی کرا و بەشداریشییان نەکرد لەو گەمارۆ نەوتییەی بە سەرۆکایەتی عەرەبستانی سعوودیدا بەسەر ئەوروپادا سەپێنرا، هەرچەندە لەو حاڵەتەشدا ڕەتیکردەوە کە ڕاستەوخۆ نەوت بە ئەمریکا بفرۆشێ. دوابەدوای ئەو ڕەوتە "میانڕەوانەی" عێراق کە هەڕمێنی پەیداکرد، بەتایبەتیش کاتێک ڕژێم لە قازانجی فەرەنسییەکاندا خۆی لە سۆڤیەت کشاندەوە. وێڕای ئەو هەموو ئاماژە ڕوونانەش، هێشتا کۆشکی سپی هەر سەرقاڵی لێکەوتەکانی شەڕ یان پشگوێخستنی ئەوان بوو. کیسنجەر بە تەواوی بە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد پابەندبوو، زۆریشی پێنەچوو پشتگیریی ئەمریکای بۆ کورد بەشێوەیەکی تیژ زیاترکرد. ئەمەش باندۆری خۆی لەسەر ساڵەکانی دواتر دانا، ئەو کاتەی ڕژێمی عێراق شەڕی دژی کورد هەڵگیرساندەوە، کە هەردوو لا، چ ئەمریکا و چ سۆڤیەتی دەمڕاستی عێراق بە قووڵی کەوتنە نێو کێشەی کوردەوە.



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

**بەندی: ٨**

## کیسنجەر و شەڕی کورد:

### ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ – ئازاری ١٩٧٥

لە ماوەی نێوان شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ و ڕێککەوتنی جەزائیر لە ئازاری ١٩٧٥دا، کیسنجەری وەزیر، کە لە هەمان کاتیشدا ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی، لەگەڵ جێگرەکەی «برێنت سکۆرکرۆفت Brent Scowrcroft»دا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورداندا هەبوو، زۆر جاریش لە دەرەوەی کەناڵە ئاساییە دیپلۆماتەکان دەجووڵانەوە. لەو ماوەیەدا کیسنجەر بەردەوامبوو لە نیشاندانی پابەندبوونێکی بەهێز بۆ دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد، زۆر جاریش زۆر لە هۆشدارییەکانی سی ئای ئەی سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنەکە پشتگوێخستبوو، بەوەی فەرمانی بە پشتگیری زیاتری ئەمریکا کرد بە دۆزینەوەی ڕێگەی گواستنەوەی ئەو چەکە دەستکردەی سۆڤیەتی کە ئیسرائیل لە میانەی شەڕی ئۆکتۆبەردا گرتبووی. دوای دەستلەکارکیشانەوەی سەرۆک نیکسنیش لە ئابی ١٩٧٤دا، هێشتا کیسنجەر لە ڕۆڵی دوانەیی خۆییدا مابووەوە و سەرۆکە نوێیەکەی ئەمریکای «جیرالد فۆرد Gerald Ford»ی لەسەر بنەمای "ئەوەی پێویستە بزانرێ" سەبارەت بە دەستوەردان لە کاروباری کوردانی ئاگادارکردەوە.[١] لەهەمان کاتیشدا، کیسنجەر وردەکاری دەستوەردانەکەی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەد دەشاردەوە، کە وەزارەت هیوای وەها بوو عێراق لە ماوەی ساڵی ١٩٧٣دا ڕووخسارێکی ئەرێیانە نیشانی ئەمریکا بدا.[٢] ئەمەش واتای ئەوەی دەدا، کە گرووپێکی بچکۆلانەی دەستەبژێر لە کاربەدەستانی ئەمریکا، کیسنجەر، «هێلمز»، بەرپرسی وێستگەی سی ئای ئەی لە تاران (ئارسەر کالاهان) و جێگرەکەی کاروباری دەستتێکەڵکردنیان لەگەڵ کورد هەڵدەسووڕاند. کاتێکیش



هەواڵنامەی کتێب

شەڕی کورد لە ئازاری ١٩٧٤دا هەڵگیرسایەوە، سێ داینامیکی لەیەک جیاواز - کێشەی عەرەب - ئیسرائیل، کێبەرکێی ئێران - عێراق و سیاسەتی دەستوەردانی جەنگی سارد - هەر هەموویان ئەویان دڵنیاکردەوە، کە هەردەبێ دەرهاوێشتەیەکی توندوتیژیانەی لێبکەوێتەوە. ئیدی بەم جۆرە، سیاسەتی هزر و بیری جەنگی سارد ئیدارەی فۆردی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دژی ڕژێمی عێراق کە سۆڤیەت پشتیگیری دەکرد، لە شەڕەکەدا پشتی کوردانی گرت. هەروەک ١٩٦٣، جارێکی دیکە شەڕی کود ڕەهەندەکانی جەنگی ساردی وەرگرتەوە؛ لێ تەنیا ئەمجارەیان زلهێزەکان بەسەر لایەنەکاندا دابەشببون.

هەروەک بڕیارەکەی نیکسن بۆ پشتگیریی کورد، ئەو کۆتاییە دژبەیەک و کێفەڕاتییە بەسەر شەڕی کورد لە ئازاری ١٩٧٥دا داهات، بووە مایەی بەرپاکردنی زۆر مقۆمقۆ و تاوتوێکردن لەنێو توێژەراندا. ئەمەش لەبەرئەوەی شا بڕیاری خۆی سەبارەت بە ڕاگرتنی پاڵپشتکردنی کورد دا، ئیدی لە پڕێکەوە ئۆپەراسیۆنی پشتگیریی ئەمریکا و ئیسرائیلیش بۆ کورد وەستا. بەڵگەوبەندە باڵکیشەکە ئەوە بوو، گوایە ئەمریکا بەبێ ئاگادارکردنەوە پشتی لە کورد کرد، داوانامە جەرگبڕەکەی بارزانی پشتگوێخست و لەوەشدا شکستیهێنا، کە دوای ئەنجامەکە یارمەتی مرۆییان بۆ بنێرێ. لایەنگرانی ئەم ڕوانینە «ئۆپتیس پایک Optis Pike»ی ئەندامی ئەنجوومەنی پیران، کە سەرپەرشتی کۆمیتەی لێبژێردراوی هەواڵگریی کرد، بەرپرس بوو لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی لایەنی دارایی کردە ژێربەژێرەکە. «پایک» و کۆمیتەکەی سووربوون لەسەر ئەوەی، کە بەسەر کۆمیتەی چلەوە بازیاندابوو.[٣] لە کاتێکدا *ڕاپۆرتی پایک* سەبارەت بە دەستوەردان لە کاروباری کورددا زانیاری سەنگینی تێدابوو، بەڵام بەڵگەنامەی ئاشکراکراو پەردەیان لەسەر ئەوە هەڵدایەوە کەوا ڕاپۆرتەکە کەسەکی بووە (بابەتەکی نەبووە). بە گوێرەی قسەی «جیرالد هاینز Gerald Hains» بێ، جارێکیان «پایک» بە شێوەیەکی کەسەکی و تایبەتەکی دانی



هەواڵنامەی کتێب

بەوەدا نا، کە ئەو ویستوویەتی ڕاپۆرتەکەی وەها بەکاربهێنێ، گوایە سی ئای ئەی "فیلە سەرکێشەکە" لە کۆنترۆڵ دەرچووە.[٥] کیسنجەریش خاکەڕاییانە بڕوای وەها بوو، کە «پایک» ویستوویەتی، " ئەوە نیشانبدا کە خۆی شەیتانێکی بلیمەتە".[٤] تا ڕاددەیەکیش ئەو لەسەر ئەم قسەی ڕاست بوو. لە یانیری ١٩٧٦دا، کاتێک کۆنگرێس دەنگی بۆ ئەوەدا، *ڕاپۆرتەکەی پایک* بە نهێنی بمێنێتەوە، کەچی ئەندامانی کۆمیتەکە دزەیان بەڕاپۆرتەکە بۆ نێو ڕۆژنامەکان کرد.[٦] لە چواری شوباتیشدا، «ویلیەم سافایر William Safire» گوتارێکی لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا بڵاوکردوە، تێیدا ئیدارەی فۆردی بە فرۆشتنی کورد تاوانبارکرد. تاوانبارکردنەکەی گوتارەکە، "**بە نهێنی مستەر فۆرد، کوردی فرۆشت،**" بە ڕوونی دەرهاوێشتەکانی *ڕاپۆرتەکەی پایکی* پێوەدیاربوو.[٧] تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا، وەزارەتی کاروباری دەرەوە وتارەکەی «سافایر»ی وەک "کۆکردنەوەیەکی سەرلێشێواو و ناڕاست، کە هیچ بەڵگەنامە یان تۆمارنامەیەکی پاڵپشت نییە" بەلاوە نا.[٨] تەواوی کۆپی *ڕاپۆرتەکەی پایکیش* لە ١٦ی شوباتدا لە «ڤیلیج ڤۆیس Village Voice»دا بڵاوکرایەوە، کە کارێکی شێواوانەی کردە سەر باری لێتێگەیشتنمان لە کردەی ڕاستەقینەی ئەمریکا لەسەر کۆتایهاتنی شەڕی کورد. ئەم کرۆنۆلۆژیەی خوارەوەی زانیارییەکان و پیادەکردنی سیاسەتی ئەمریکا لە ماوەی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ی شەڕی کورددا و ئەو مشتومڕەی لەسەر ئەوە بوو، کە کردەوەی ئیدارەی فۆرد ڕەنگدانەوەی شیکردنەوەی واقیعی توانا ئاشکرا و ژێربەژێرەکانی بوون.

### دەستوپێ بەستنەوەی عێراق

لە ماوەی پێنج مانگی نێوان شەڕی ئۆکتۆبەر و هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد لە ئازاری ١٩٧٤دا، ئەمریکا ڕووبەڕووی ژمارەیەک کێشە بووەوە، هەر لە بەرزبوونەوەی تیژ و خێرای نرخی نەوت تا دانوستانەکانی، تا لەیەککردنەوەی



هەواڵنامەی کتێب

ئیسرائیل و کشانەوەیان لەسەر خاکی میسر و سووریادا. لەو نێوەشدا عێراق بەردەوام بوو لەسەر نیشاندانی مەیل و بەرژەوەندی خۆی بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا (نەخاسمە فەرەنسا)،[٩] لەکاتێکدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت تێکدەچوو، ئەمەش لەبەرئەوەی مۆسکۆ شکستی هێنا تا بەر لە شەڕی ئۆکتۆبەر ڕاوێژی پێبکا.[١٠] تەنانەت لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکانی ئەمریکاش لە عێراق باش بوون، هەروەک چۆن ڕژێم بەردەوامبوو لەسەر پاداشتکردنی کۆمپانیا ئەمریکایەکان بە گرێبەستی گرنگ گرنگ. هەرچەندە لەو کاتەی عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا باشکرد، کەچی کیسنجەر لەسەر حیسابی عێراق نەخشەیەکی لێهاتووانەی بۆ لەیەککردنەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسر وسووریا دانا.

لەماوەی شەڕەکەشدا، عەرەبستانی سعودی سەرکردایەتی وەڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت (ئۆپیک)ی کرد لەوەی گەمارۆیەکی نەوتی بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا بسەپێنن، کە لە ماوەی شەڕی ئۆکتۆبەردا پشتگیریی ئیسرائیلیان کردبوو، کەچی لەهەمان کاتیشدا بەرهەمێنانی نەوتییان بڕی. بە جیاواز لەوەی لە ١٩٦٧دا ڕوویدا، ئەوکات ئەمریکا تازە نەوتی هەناردە دەکرد، هەوڵی ئۆپیکیش بۆ ئەوەی نەوت وەک چەکێک لە دژی ئەمریکا بەکاربهێنێ، هەر بە تەنیا کاریگەرییەکی سنووورداری لەسەر ئابووری ئەمریکاوە دانا. کەچی لە ١٩٧٣دا ئەمریکا تازە ببووە یەکێک لە نەوت هاوردەکان، ئەو نەوتەی لە دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرهەمدەهێنرا کاریگەرییەکی بەرچاوی کردە سەر ئەمریکا، ئەوروپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن. گەمارۆیەکە و بڕینی بەرهەمەکانی نەوت، واتای ئەوەی گەیاند، کە ئەمریکا و و جیهانیش بەرزبوونەوەیەکی تیژی نرخی نەوت لە ٣,٠١ دۆلارەوە بۆ یەک بەرمیلی نەوت بۆ ٥,١١ دۆلار بە خۆیەوە ببینێ، ئینجا لە یەکی ینایری ١٩٧٤دا نرخەکە دووهێندەی دیکە بووەوە، ئەو کات ڕێکخراوی ئۆپیک نرخەکەی بۆ ١١,٦٥ دۆلاری ئەمریکی بەرزکردەوە.[١١] بەرزبوونەوەی چوارقاتی نرخی نەوت تەنیا لە ماوەی چوار مانگدا، ئابووری



هەواڵنامەی کتێب

ئەمریکای تووشی هێدمەکرد و وایلێکرد بەرەو بندین شۆڕبێتەوە. ڕادەی گەشەکردنی بەرهەمی خۆماڵی ئەمریکی (GDP) لە ڕێژەی ٧,٢ لە ساڵی ١٩٧٢دا بۆ ڕێژەی ٤ لە ساڵی ١٩٧٣دا دابەزی، ئینجا لە ١٩٧٤ زیاتریش بۆ ڕێژەی ٢,١ دابەزی.[١٢] باجی ئەو سەختانگەی نەوتە کەوتەسەر ئابووری ئەمریکا، ئەوەی مایەی لێتێگەیشتن بوو، بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو ئەم بابەتە باڵی بەسەر سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئیدارەی فۆرددا بکێشێ.

لە ٤ی تشرینی دووەمدا «لۆوری» هەڵسەنگاندنامەی خۆی بۆ کاریگەریی شەڕی ئۆکتۆبەر لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە نارد. دیاربوو ڕێککەوتننامەی ئاگربەستەکە سەرکردایەتی عێراقی شێتوهار کردبوو، لە کاردانەوەشدا هێزەکانی خۆیان لە سووریا کشاندەوە. ئەم جووڵەیەش سوپای عێراقی پەستکرد، چونکە بەبێ ئامادەکاری گونجاو خرابوونە نێو شەڕەکە، هەروەها بەبێ ڕاوێژیش پاشەکشەیان پێکرابوو. لەوەش خراپتر، تا ئەو کاتەی نەچوونە نێو سووریا، گوللە و تەقەمەنیان پێنەدرابوو، ئەمەش بە نۆرەی خۆی هەر ئەو ئاماژەیەی دەگەیاند، کە ڕژێم متمانەی پێیان نەبوو. ئەوەی زۆر گرنگ بێ، «لۆوری» لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی کردبوو، کە عێراق بڕیاری داوە لە بەڵێنە پێشوەختەکەی خۆی بکشێتەوە، بەوەی گەمارۆی نەوت بخاتەسەر ئەمریکا یان نەوتی لەسەربگرێتەوە، ئەمەش وای لێکرد بەشێوەیەکی خۆپارێزانە بە دەرفەتی باشبوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق گەشبین بێ. دوای هەموو ئەو شتانەش، هەر لە کاتی شەڕەکەوە، عێراق پاداشتی کۆمپانیا ئەمریکییەکانی بە ژمارەیەک گرێبەستی چەور کردبوو، بە ڕێککەوتنی کڕینی فڕۆکەی بۆینگی نەفەرهەڵگر بە بڕی ٦٠ ملیۆن دۆلاریشەوە. ئەمەش وای لە «لۆوری» کرد بگاتە ئەو ئەنجامە، کە "وێڕای خۆماڵیکردنی [پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی بەسرە]ی ئیکسۆن ومۆبیل Exxon and Mobil و پڕوپاگەندەی توندوتیژ دژ بە ئەمریکا، کەچی ئاماژەی



هەواڵنامەی کتێب

تازە سەبارەت بە حەزی ڕژێم هەن بەوەی بیەوێ هێڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا بەکراوەیی بهێڵێتەوە."[١٣]

لەگەڵ ئەو کۆششەی مۆسکۆ بۆ باشکردنی پەیوەندییەکان دەیدا، کەچی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ سۆڤیەتییەکان بەردەوام لە گیانەڵڵادا بوو. هەر بۆ نمونە، لە سێی تشرینی دووەمدا، سۆڤیەتییەکان قەرزێکیان بە نزیکی ١١٥ ملیۆن دۆلار بۆ عێراق پەسەندکرد.[١٤] لەگەڵ ئەوەش، کاتێ مۆسکۆ نێردەیەکی پلەباڵای لە ٢٧ی تشرینی دووەمدا ڕەوانەی بەغدا کرد، بۆ ئەوەی کاریگەریی "جیاوازییە سیاسییەکان" نەرم بکا،[١٥] عێراقییەکان پێشوازییەکی ساردییان لێکردن و ئەوەشیان بڵاوکردەوە، کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەریتانیا چاککردووەتەوە، ئەو جووڵەیەی کە کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە بەغدا هێدمەگرتی کرد.[١٦] ئیدی ڕوون بوو، عێراق خۆی لە یەکێتیی سۆڤیەت دووردەکردەوە و هەنگاوی بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاواوە دەنا.

هاوکات لە گەڵ کرانەوەی عێراق بەسەر ڕۆژئاوادا، کیسنجەریش دەربارەی کشانەوەی ئیسرائیل لە میسر و سووریادا هەر لە گەڕان و سووڕانی دیپلۆماتییانەی خۆیدا بوو.[١٧] لە بەرەی میسرەوە، کیسنجەر سەرکەوتنی بەدەستەهێنا، توانی لە کانوونی دووەم ١٩٧٤دا بگاتە ڕێککەوتنێکی لەیەککردنەوەی هێزە شەڕکەرەکانی هەردوولا. کەچی لە بەرەی سووریاوە، ئەوە سەلمێنرا کە پڕ دارِسانانەترە، بەشێکی کێشەکەش ئەوە بووە، لە بەرایی مانگی تشرینی دووەمدا، جەزائیر و لیبیا نێردەی خۆیان ڕەوانەی عێراق کرد تا قەناعەت بە ڕژێمەکە بهێن، بەڵکو هێزی سەربازی خۆی جارێکی دیکە بنێرێتەوە بەرەی سووریا.[١٨] ئەمەش بۆ کیسنجەر بە کێشمەکێش بوو، ئاخر ئەو ڕژێمی عێراقی بە نەیارێکی سەرسەختی بۆ ئاگربەست و بەربەستێک بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی لەیەککردنەوەی هێزە شەڕکەرەکان دەبینی. لە ٢٧ی تشرینی دووەمدا، «سیسکۆ» لیستێک لە خاڵە گوشارەکانی ئەمریکا بۆ کیسنجەر نارد، بەڵکو لە دژی عێراق بەکاریانبهێنێ، بەڵام هەر بژاردەیەکیش لەو خاڵانە کێشەی



هەواڵنامەی کتێب

خۆیان هەبوو. خاڵی یەکەمیش ئەوە بوو ئەمریکا فەرمان بە عێراقییەکان بکا هۆبەی هەڵسووڕاندنی بەرژەوەندییەکانیان لە واشنتن کەم بکەنەوە، بەڵام پێدەچوو عێراقیش لە تۆڵەدا هۆبەی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ئەمریکا لە بەغدا دابخا، ئاخر «سیسکۆ» هەستیکرد هۆبەکە "پێگەیەکی بەهاداری گوێ قوڵاغکردنە." بژارەی دوەمیش لەبەردەم ئەمریکا هاندانی بزنسەکانی ئەمریکایە لە عێراق وەک «براون و ڕووت»، پۆڵای ئەمریکا و بۆینگ بەوەی چیدی سەروسەودا لەگەڵ عێراقدا نەکەن، بەڵام خۆ ئەمەشیان هەر بە زیانی بزنسی ئەمریکا دەشکایەوە و ڕۆڵێکی باشیشی لەگەڵ جەماوەری ئەمریکی نەدەگێڕا. دوایین بژارەش بۆ ئەمریکا ئەوە بوو، هانی کورد بدا تا کردەی سەربازی لە دژی بەغدا بکەن. ئەم پێشنیازەش هەم سەرنجڕاکێش و هەم هی ئەوەش بوو بکرێ، بەڵام خۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە نائاگابوو لە بەردەوامی دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد. وەک ئاکامێکیش، هۆشداری ئەوەشی دا، کە پشتگیریی ئەمریکا بۆ کورد دەکرێ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئێران و تورکیاشدا بخاتە بەر مەترسی. ئەم بژارانە ئەوەیان نیشاندا، کە ئەمریکا کاریگەری کەمی بەسەر عێراقەوە هەبوو.[١٩]

لەگەڵ ئەوەشدا، کیسنجەر بە درەنگانێکی ساڵی ١٩٧٣ خشتەیەکی لێزانانەی لەگەڵ سەرۆکی میسر «ئەنوەر ئەلسادات»دا کردەوە، بەوەی ئێران لەسەر سنووری خۆی لەگەڵ عێراق کێشە دروستبکا، تا عێراق ناچاربکا هێزەکانی خۆی لە سووریا بکێشێتەوە، بە گوێرەی قسەی «هێنری پرێچ Henry Precht» بێ، کە ئەوکات دیپلۆماتێکی ئەمریکی بوو لە ئێران، "کیسنجەر دەیەویست لەو کاتەی سەرقاڵی دانووستان بوو لەگەڵ میسر و سووریا، سەرنجی عێراق لەسەر کێشەی عەرەب - ئیسرائیل بۆ شتێکی دیکە وەربگەڕێ" و پێیوابوو ئاسانترین ڕێگەش بۆ ئەمە ئێران ڕادەی کێشەکە لە کوردستان ئاڵۆزتربکا.[٢٠] هەر یەک دوو مانگ دوای ئەوە، کیسنجەر بە «گۆلدا مایەر»ی سەروەزیری ئیسرائیلی گوت، "میسرییەکان پێیانگوتووە، کە بە شا بڵێ فشار



هەواڵنامەی کتێب

بخاتەسەر عێراق بەڵکو هەموو هێزەکەی لە سووریا بکێشێتەوە... هەر لەبەر ئەوەش بوو، کە لە مانگی شوباتدا کێشە لەنێوان عێراق و ئێراندا دروستبوو"[٢١]

شەڕ لە نێوان ئێران و عێراق لە ٢٤ی دسێمبەردا ڕوویدا، ئەمەش دوای ئەوەی "پەلاماردانی لە ناکاوی ئێران" بۆ سەر عێراق ڕوویدا. دوابەدوای ئەمە سەرئێشەیەکی دیکە هات، ئەویش لە چواری شوباتی ١٩٧٤دا بوو، ئەوکاتەی لە دەی شوباتدا بە ئاگری تۆپ و زرێپۆشەکان ڕووبەڕووی یەکبوونەوە.[٢٢] لە کۆتاییشدا عێراق کێشەکەی گەیاندە ئەنجومەنی ئاسایش، داوای سەرزەنشتکردنی دەستدرێژیەکەی ئێرانی کرد،[٢٣] ئەمەش سەریکێشا بۆ دەمەقاڵێیەکی زمانلووسانەی نێوان ئێران و عێراق لە ماوەی مانگی فێبرایەردا،[٢٤] بەوەی عێراق داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایش کرد، کە بڕیارێک سەبارەت بەو دۆخە تێپەڕێنی یان بە شێوەیەکی گشتی لێدوانێک سەبارەت بە شەرمەزارکرن (ئیدانەکردن)ی کردەوەکەی ئێران بدا. ئەمەش ئەمریکای خستە بەر دۆخێکی سەخت. سەبارەت بەوەی ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان سەرکۆنە بکرێ، ئەوا کۆشکی سپی لەوە دەترسا نەوەک ئێرانییەکان داوای ئەوەیان لێبکا بڕیارێک لە ڕێی ڤیتۆکەیان پەکبخەن. هەرچۆنێک بێ، خۆ ئەوە کیسنجەر بوو، داوای لە شا کردبوو، ئەو هەموو گۆبەندە بنێتەوە.[٢٥] ئەوەش پێشچاوبوو کە ئەم کارە پەسەندنەکراو بوو؛ کەواتە کیسنجەر فشاری خستە سەر شا بەوەی بە لێدوانێکی گشتیی خاوکردنەوەی گرژییەکان پەسەند بکا، ئەمەش لە ٢٨ی شوباتدا هاتەدی.[٢٦] شایانی ئاماژەپێکردنە، ئەنجوومەنی ئاسایش بانگی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد بۆ ئەوەی نێردەیەکی تایبەت دەستنیشان بکا تا لە ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و ڕاپۆرتێکیش ئامادەبکەن.[٢٧] بە بێ گوێدانە ئەم شتە، ئێرانییەکان ئەنجوومەنی ئاساییشیان پشتگوێخست و تا ئازاریش لەسەر کشتکردنی گرژییەکانیان ڕۆیشتن.[٢٨]

سەختانگەکە نیشاندەری ئەوە بوو، کە دوابەدوای شەڕی ئۆکتۆبەریش، ئەمریکا ڕۆڵگێڕی سەرەکی بوو لە کشتکردنی گرژییەکانی نێوان عێراق و ئێران و



هەواڵنامەی کتێب

سەریشیکێشا بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد لە بەهاری ١٩٧٤دا. ڕاستییەکەی، ئەوە ڕوون بوو، کە کیسنجەر لەگەڵ «سادات» و «شا»دا پیلانیان گێڕا تا عێراق ناچاربکەن لە سۆنگەی بەلاڕێدابردنێک لەسەر سنووری ئێراندا هێزەکانی خۆی لە سووریادا بکشێتەوە. لەکاتێکدا ئەم خشتەیە سەرکەوتوو بوو، یارمەتی کیسنجەریشی دا کە ئیسرائیلییەکان بە ئاسایشپارێزانە لە مانگی ئایاری ١٩٧٤دا لە سووریا بکشێنەوە، کەچی توندی گرژییەکانی نێوان ئێران و عێراق داردەستێکی گرنگ بوو بۆ نوێبوونەوە و تاوسەندنی دراماتیکیانەی شەڕی کورد لە ئازاری ١٩٧٤دا.

**ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی؟**

وێڕای ئەوەی دوابەدوای شەڕی ئۆکتۆبەر، عێراق هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا باشبکا، کەچی پابەندبوونی کەسەکی کیسنجەر بۆ ئێران و بۆ کورد باڵی بەسەر هەر خواستێک بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکاندا کێشابوو. لە کاتێکدا کاربەدەستانی ئەمریکا لە بەغدا و واشنتن دەیانەویست هێزێک بدەنەوەبەر ئاراستەی باشکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق، کەچی کۆشکی سپی ڕاوێژەکانی ئەوانی سەبارەت بەو ڕەوشە پشتگوێخست و پشتگیری دارایی سەربازییانەی بۆ کورد زێدەترکرد. لەو لێکەوتەشدا، دەرفەتە کلیلئاساکان بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق لەدەستدرا، ئەمەش لەبەر ڕوانگەی کیسنجەر بۆ پابەندییەکانی بە شای ئێران - کە ئەو لە ستراتیژیی جەنگی سارد لە ناوچەکەدا زۆر خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای کردبوو - لەو ڕوانینەیدا ئەوە زۆر گرنگتربوو لە بەرجەستەکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ عێراق. ئەمەش تەواو دژبەری هەموو لەیەکنزیکبوونەوەیەکی هاوسەنگانەی ئیدارەکانی پێشووتری ئەمریکا بوو.


هەواڵنامەی کتێب

ئەم ڕەوشە گرژەش لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا تەقییەوە، ئەمەش لەو کاتەدا بوو، کە ڕژێمی عێراق قانوونێکی بۆ ئۆتۆنۆمی تێپەڕاند و پانزە ڕۆژیشی وەک مۆڵەت دایە بارزانی تا پێی قایلبێ.[٢٩] قانوونە نوێیەکە لە بەرانبەر ئەو بەڵێنانەی لەساڵی ١٩٧٠ بە کورد دران، زۆر کورتهێن بوو؛ بە داوا هەمیشەییەکانی وەک دابەشکردنێکی ڕێژەیی بۆ داهاتی نەوت و خستنە نێوبازنەی ناوچە دەوڵەمەندەکان بە نەوت و شارە سەرنجڕاکێشە کەلتورییەکەی کەرکووک بۆ نێو بازنەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. لەوەش پتر، قانوونەکە دەسەڵاتی دابووە ڕژێم بۆ ڤیتۆکردنی هەر قانوونێکی کوردی، ئیدی ئەمە وای لێکردبوو بێبەها بێ. لەژێر تیشکی ئەم مەرجانەدا، پێنەدەچوو بارزانی بەبێ ئەوەی هەموارکردنەوەیەکی بنەڕەتی بەسەر قانوونەکەدا نەیەت، پەسەندی بکا.[٣٠] مایەی سەرسوڕمانیش نەبوو، حکوومەتی عێراقی یەکە سەربازییەکانی لە باکوور بەهێزکردنەوە و ڕاپۆرتی ئەوەش گەیشتن کە بەیەکدادان لەنێویاندا سەریانهەڵداوەتەوە، ئەمە و لە کاتێکدا ئەو دەنگۆیانە لەبەغدا پەیدابوون بەوەی پێشمەرگەش داوای لێکراوە دەست بداتەوە چەک.[٣١]

لە ماوەی دوو هەفتەی بەر لە تێپەڕینی ماوەی مۆڵەتەکە، بارزانی بەدوای دڵنیابوونەوە لە پشتگریی هاوپەیمانەکانیدا گەڕا. لە ١٦ی ئازاردا، بارزانی، «دکتۆر مەحموود» و ئەفسەری پەیوەندیی ساواک لەگەڵ بەرپرسی وێستگەی سی ئای ئەی «ئارسەر کالاهان» لە تاران یەکدیان بینی بۆ ئەوەی وەڵام بۆ مۆڵەتنامەکەی عێراق تاوتوێبکەن. بارزانی چەندین خاڵی دەروازەیی هێنانەپێشەوە: (١) ورەی کورد زۆر بەرز بوو. (٢) حکوومەت هێزەکانی خۆی لە سەنگەرەکانی باکوور کشاندووەتەوە. (٣) گەمارۆیەکی ئابووری سەپێنراوە. (٤) بەلای کەمییەوە ٢٥,٠٠٠ کەس بەرەو باکوور هەڵاتوون. (٥) ئەو هەر پێویستی بە چەکی زێتری وەک بنکەی مووشەکی دژە ئاسمانی، دژەتانک، ڕەشاشی دژەفڕۆکە تفەنگ نییە، بەڵکو پێویستی بە پارە و دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵکیش هەیە وەک خۆراک، چادر، پۆشاک و داودەرمان.



هەواڵنامەی کتێب

«کالاهان»یش گوتی، ئەو ئەم خاڵانە لەگەڵ ئێرانییەکان تاوتوێدەکا و ئینجا دەیگەیەنێتە بارەگای سەرەکی خۆی، لە کاتێکدا ئەوەی بە بارزانی ڕاگەیاند، کە تەنانەت ئێرانییەکانیش بنکەی موشەکی دژەئاسمانیان نییە، فەندەکانی سی ئای ئەیش بۆ ئۆپەراسیۆنەکە سنووردار بوون و بەرزکردنەوەی ئاستی پشتگیرییەکەش ئەو مەترسییەی زیاددەکرد، کە ئۆپەراسیۆنەکە بتەقێنێتەوە، بەوەی "بۆ بەردەوامبوونی پشتگیری ئەمریکا دژواربێ." مایەی ئاماژەپێکردنە، بارزانی بە «کالاهان»ی گوت، کە خوازیارە حکوومەتێکی عێراقی عەرەب و کورد لە باکوور دابمەزرێنێ، کە بەهۆیەوە داوای ئەوە بکا، کە ئەو تاکە حکوومەتی ڕەوای عێراقە و دەشیەوێ بزانێ ئاخۆ ئەمریکا پشتگیریی دەکا. «کالاهان» گوتی، ئەو هەستیکرد ئەمە "ئامادەکاری ڕێخۆشکردنی" دەوێ و داواشی لە بارزانی کرد، ئەو سەرکردە عێراقییانە پێناسەبکا، کە بۆ حکوومەتێکی وەها پشتگیری دەکەن. کاتێکیش بارزانی لەبەر "هۆکاری ئاسایشپارێزی" ڕەتیکردەوە بچێتە نێو وردەکاریی زانیارییەکان، «کالاهان» گەیشتە ئەو دەرەنجامە، کە "هیچ گرووپێکی وەها گەورە سەرکردەی عەرەبی دژەبەعسی نین" لەم خاڵە و لەو کاتەدا ئامادەی هاوکاریکردنی ئەو بن.[٣٢]

بۆ ڕۆژی پاشتر بارزانی «ژەنەڕاڵ ناسری»ی بینی تا پێویستییەکانی خۆی بۆ زیادکردنی پشتگیریی ئێرانی لێ دووبارە بکاتەوە. پاشان، «ناسری»یش چاوی بە «کالاهان» کەوت تا لە ڕەوتی گفتوگۆکان ئاگاداری بکاتەوە. «کالاهان»یش بە ناسری گوت، کە جبەخانەیەکی پڕ لە چەک و تفاقی بۆ نوێبوونەوەی شەڕ ئامادەکردووە و ئینجا ئەویش لە لای خۆیەوە ڕەوشی گفتوگۆکانی بە بارەگای سەرەکی خۆی ڕاگەیاندووە. لە کاتێکدا «ناسری» هەستیکرد بارزانی پێدەچێ مەترسی سوپای عێراق لەسەر پێگەی خۆی پف بدا[56]، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بڕوای بەوە هەبوو، کە شتێکی جەوهەرییە ئاستی پشتگیرییەکان بۆ کورد

[56] پفدان: شتێک زیاتر لە قەوارەی خۆی گەورە بکرێ.



هەواڵنامەی کتێب

بەرزبکرێتەوە، چونکە ئەو هەموو ئامرازێکی پشتگیریی لەسەر بڕاوە و دەشبێ مشووری یەک ملیۆن و نیو خەڵکیش بخوا.[٣٣]

دەستبەجێش دوای ئەو دانیشتنانە، بارزانی چاوی بە شا کەوت تا داوای زیاترکردنی پشتگیری ئابووری، دارایی و چەکی لێبکا و هەروەها تا لە لای حکوومەتی تورکیاش کارێکی بۆ بکا بەڵکو سنوورەکانیان دووبارە بکەنەوە، چونکە لەو ڕۆژەی عێراق قانوونی ئۆتۆنۆمییەکەی جاڕداوە سنوورەکانی داخستبوو. هەروەها ئەو لەگەڵ شا پرسی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی یەکلایەنەی لە بەغداوە تاوتوێکرد، پڕۆژە پێشنیازی بودجەیەکی ١٨٠ ملیۆن دۆلاری خستە بەردەمی شا، کە بە هۆیەوە کاروباری کارگێڕیی، بەرگریی، خوێندن و پەروەردە و تەندروستی گشتی پێڕاییبکا؛ هەروەها داوای لە ئێرانییەکانیش کرد دانیپێدابنێن و لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش پشتگیری دیپلۆماسییانەی بکەن. شاش پێیگوتەوە، کە ئەو باربووە داراییەکە زیاتردەکا و خەمی ئەوەش دەخوا چەکی باشتریان بداتە دەست، بەڵام لەو نێوەدا، سەبارەت بە پرسی ئۆتۆنۆمی، ئەویش پێویستی بە پرسوڕای ڕاوێژکارەکانی هەیە. بۆ ڕۆژی پاشتر، دووبارە بارزانی لە میوانخانەیەکی ساواک لە تاران چاوی بە «کالاهان» کەوتەوە. دوای دانیشتنەکە، «هێلمز» برووسکەیەکی بۆ جێگرە نوێیەکەی کیسنجەر «برێنت سکۆوکرۆفت Brent Scowcroft» لێدا و پێشنیازی ئەوەی کرد، **کە ئێران لە پێگەیەکی باشتردایە تا لەگەڵ تورکدا ببێتە ناوبژیوان،** هەرچی سەبارەت بە ئاستی پشتگیریی دیپلۆماسیی ئەمریکاشە بۆ کورد لە سەر سەکۆی نێودەوڵەتیی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوا "بەنددەبێ بەوەی ئاخۆ عێراق بە کردەوە چووەتە نێو دۆخی شەڕێکی جینۆسایدانە لەگەڵ کورد."[٣٤] لەو نێوەشدا و لە ٢٠ی ئازاردا، شا گرژییەکانی لەگەڵ عێراق لەسەر سنووری ئێران – عێراق کشتترکرد، ئەمەش نیشانەیەکی ڕوون بوو بەوەی پشتگیری کورد دەکا.[٣٥]

داوای بارزانی بۆ جاڕدانی ئۆتۆنۆمی "بووە مایەی لێشاوێک لە پەیوەندی و پەیوەندکاری."[٣٦] وتووێژەکان لەسەر دوو توخم چڕببوونەوە: (١) تۆبڵێی



هەواڵنامەی کتێب

ئەمریکا پشتگیریی جاڕنامەی یەکلایەنەی ئۆتۆنۆمی بکا. (٢) ئەو ئاستە لە پشتگیریی کە ئەمریکا خوازیارە بیدا، چەند بێ. **داوای بارزانی بۆ ١٥٠ ملیۆن دۆلار لەوە زیاتر بوو، کە ئەمریکا دابینی بکا**، ئەمە و لەکاتێکدا هێشتاش لەسەر نکۆلیکردنێکی مەعقوولانە مابوونەوە. لە ٢١ی ئازاردا، «کۆلبی» نامەیەکی بۆ کیسنجەر نووسی، هۆشداری ئەوەی دا، کە دوژمنکاریی نێوان کورد و ڕژێمی عێراق لەسەر ئانوساتدایە و لە هەوڵ و کۆششی بارزانی لە تاران بۆ مسۆگەرکردنی زیاترکردنی کۆمەک و یارمەتی ئاگادارکردەوە.[٣٧] کیسنجەریش لە یادەوەرییەکانی خۆی لە بنەوە باسی ئەوە دەکا، کە یاداشتەکەی «کۆلبی» هۆشداری سەبارەت بە زیادکردنی ئاستی یارمەتی بۆ کورد داوەتێ و بەم جۆرەش کۆمێنتی لەسەر نووسیوە؛ "دوودڵی «کۆلبی» هەروەک جۆشوخرۆشی بارزانی شتێکی ناواقیعییانە بوو." لە جیاتی ئەمە، ئەو پاڵەپەستۆی خستە سەر ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی تا پێشنیازێک بخاتەڕوو، کە بووە مایەی مشتومڕێکی زۆر لەنێو ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی، سی ئای ئەی و «هێلمزی»یش لە تارانەوە.[٣٨]

لە ٢٢ی ئازاردا، سی ئای ئەی یاداشتێکی بۆ کۆشکی سپی نارد، تێیدا بە پێداگیرییەوە دژی زیادکردنی فەندەکان بوو، ئاماژەی بەوەدا کە **ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە بە بنبەستکردنی کێشەکەیە نەوەک پشتگیریی حکوومەتێکی ئۆتۆنۆمیداری کوردی**.[٣٩] ستافەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانییش نیگەرانبوو، کە پرۆژەی بارزانی "لەو دیو" تواناکانی کردەی ژێربەژێری سی ئای ئەیە و خۆ ئەگەر هاتوو ئەمریکاش ئەو پرۆژە پێشنیازە پەسەندبکا، ئەوا ئۆپەراسیۆنەکە مەترسیدار دەبێ، کێشە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، تورکیا هەر بە دڵنیاییشەوە لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکانیش دروستدەکا. "هەموو ئەو شتانە... هەر لە سەرەتای پەیوەندییەکانمان ئاماژە بە مەلا مستەفا دراوە." سەرباری ئەوەش، ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی گومانی لەبارەی سوود و کەڵکی دامەزراندنی "جۆرە حکوومەتێکی خوردە" لە کوردستان هەبوو، پرسیشی


هەواڵنامەی کتێب

"ئایا ئەو شتە... تەنانەت ئەگەر لەبەرژەوەندی مەلا مستەفاش بێ... ئایا شەقڵ و هێمای ئۆتۆنۆمییەکەی ئەو وەردەگرێ؟" ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی لەو بڕوایەدا بوو، کە جاڕدانی ئۆتۆنۆمی "هیچ بژارەیەک لەبەردەم عێراقدا ناهێڵێتەوە بەدەر لە شاڵاوێکی سەرەکی هێرشکردن نەبێ بۆ سەر کوردستان، ئەگەر ئەم کارەش بۆ سەلامەتی یەکگرتووی خاکەکەی پێویست بێ." لە کۆتاییشدا، ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی پێی سەیر بوو ئەگەر بارزانی بتوانێ تەنانەت حکوومەتێکیش پێکبهێنێ، خۆ ئەگەر وەهاشی کرد، "تۆ بڵێی شا دامەزراندنی شەقڵی حکوومەتێکی ئۆتۆنۆمیداری پێباش بێ؟" لە بری ئەوە، ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی بەردەوامبوونی سەختکردنی ڕەوشەکەی پێباشتر بوو تا ڕژێمی عێراقی پێ لاوازتر بکرێ. شتەکەش بەو دەرەنجامە گەیشت:

> **تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نە شا و نە ئەمریکا حەزیان لێ نییە کێشەکە بەو ڕێگەیە یان بە شێوەیەکی دیکە چارەسەر ببێ... هەرچی کۆششی مەلا مستەفاشە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێک لە ماڵە ئارامەکەی خۆیدا، ئەوا ئەو بژارەیەشی لەسەر تەسکدەبێتەوە و دەگاتە خاڵێکی مەترسیدار، کە بە شێوەیەکی هاروهاجانە عێراق (بە پشتگیریی بەهێزی سۆڤیەت و لەوانەشە تەنانەت بە پاڵپشتی تورکیاش) [بیگەیەننە ڕاددەی جەنگ].**

بە داننان بەو گرێکوێرەی تووشی کورد بوو، ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی پێشنیازی ئەوەی کرد "بە زیادەیەکی هێمایی" لە ٥٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکییەوە بۆ ٧٥٠,٠٠٠ دۆلار بۆ کۆمەکی ئاوارەکان زیادبکرێ و ٩٠٠,٠٠٠ پۆند (پاوەند) لە چەکی بچووک و فیشەکی دەستکردی ناخۆماڵی کە لە جبەخانەکانی سی ئای ئەی عەمبارکرابوو دابینبکرێ. ئیدی وەک ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بڕوای کردبوو، ئەم ڕووخسارە دەبێتە ئاماژەیەک بۆ بارزانی، کە وەڵاتە یەکگرتووەکان ویستوویەتی هەر بە


هەواڵنامەی کتێب

هاوسۆزی و دۆستی ڕۆژی تەنگانە لەگەڵیدا بمێنێتەوە، هەروەها ئامادەش بوو لەسەر ئەو یارمەتیانەی، کە دەکرێ هەر بەژێربەژێری بمێنێتەوە و بەردەوامبێ، بەڵام ناکرێ "ڕۆڵی سەرەکی لە گەمەیەکی نوێدا بگێڕێ."[٤٠] ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە ٢٦ی ئازاردا ئەم یاداشتەی بۆ «هێلمز» نارد و داوای ڕامانی ئەویشی لەسەر کرد.[٤٠] بە گوێرەی یادەوەریی کیسنجەر بێ، کاتێک «سکۆوکرۆفت» ئەو شتەی لەگەڵ پێشنیازی ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی سەبارەت بە کورد لە کاتی گەڕانەوەی لە گەشتێکی لە ئەوروپاوە بۆ ئەمریکا لە ٢٨ی ئازاردا خستەبەردەم، ئەوە ڕوون بوو کە "بەرنامە هەبووەکە تەنانەت بۆ حاڵەتی بەرگریکردنیش دروست نەبوو."[٤٢]

لە ماوەی کۆتایی مانگی ئازار و هەموو نیسانیشدا، بارزانی لە باکوور پێگەی خۆی بەهێزکرد و ئامادەی هێرشی عێراقییەکان بوو.[٤٣] لە ٢٨ی ئازاردا، بارزانی لێگەڕا مۆڵەتەکەی سەدام تێپەڕێ و هەردوولاش بۆ شەڕ خۆیان ئامادەکردبوو.[٤٤] ڕژێم لە شەشی نیساندا هاتەدەنگ، بەوەی داوای هێزی یەدەگی سەربازیی خۆی کردەوە، گەمارۆیەکی ئابووریشی خستە سەر ناوچەکە، فڕۆکەکانیشی ناردە سەر پێگەکانی کورد و چەند کردەیەکی دوژمنکارانەشی کرد، لەکاتێکدا هێشتا دەستی بە هێرشە سەرەکییەکە نەکردبوو.[٤٥] دوو ڕۆژ پاشتر، بە گوێرەی «لۆوری» بێ، سەدام لە دیدارێکیدا، "کە تێیدا چەندین ئاماژەی بەوەدا، گوایە کورد بە چەکی ئەمریکی چەکدارکراون." لە ڕاپۆرتی خۆشیی بۆ واشنتن، «لۆوری» ئەو کۆمێنتەی نووسیبوو؛ "ئەگەر ڕەوشەکە تێکبچێ ئێمە ڕەچاوی ئەوە دەکەین [حکوومەتی عێراق] تێبینییەکانی ئەم دواییەی سەدام بەلاوە بنێ و ڕاستەوخۆ و توندوتیژانە پەلاماری ئەمریکا بدا."[٤٦] دوای ئەوەی ڕێنماییەکانی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە وەرگرتەوە، «لۆوری» لە ١١ی نیساندا سەردانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراقی کرد، لەوێ حاشای لە هەموو ئەو ڕاپۆرتانە کرد، گوایە ئەمریکا یارمەتی کوردی دابێ.[٤٧] لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا ڕژێم دوودڵ بوو لەوەی دەست بە هێرشە



هەواڵنامەی کتێب

سەرتاسەرییەکەی خۆی بکا، بڕوای وا بوو، کە کردەیەکی سەربازیی دەبێتە مایەی شکستێک سەبارەت بە سیاسەتی کوردی. لەبری ئەوەدا، هەر لە سەر ڕووی گشتی خۆی مایەوە بەوەی لە ڕێی پەیڕەوکردنی قانوونی ئۆتۆنۆمی فشاری زیاتر بنێتەوە.٤٨

لەو نێوەشدا و لە ١١ی نیساندا، پرسی ئەوەی ئاخۆ پێویستە ئەمریکا چ هەنگاوێک بۆ پشتگیریی کورد بگرێتەبەر لەگەڵ سەرۆک نیکسنی هێنایەگۆڕێ. دوای ئەوەی ماکی بەرنامەکەی و پێداچوونەوە گفتوگۆکانی پێشووی وەبیر سەرۆک هێنابووەوە، کیسنجەر داوای ئەوەی لە سەرۆک کرد، بەڵکو بڕی یەک ملیۆن دۆلار بەیەک جار بۆ یارمەتی ئاوارەکان پەسەندبکا، کە لە فەندەکانی پێشووتر دابینکرابوو لەگەڵ بارێکی هەوایی بە قورسایی ٩٠٠,٠٠٠[57] پۆند لە چەک لە جبەخانەکانی سی ئای ئەیەوە بۆ ئێران باربکرێ و لەوێشەوە بۆ دەستی کوردان بگوازرێتەوە. لە کۆپی یاداشتەکەی کیسنجەر بۆ نیکسن، ئەو بازنەیەکی بە دەوری یارمەتی ئاوارە و لە پەراوێزیشدا نووسیبووی؛ "ئەگەر بە کارایی بەکاربهێندرێ." بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەرە سنووردارانە، کیسنجەر هەستیکرد، کە ئەمە شتێکی دروستە تا نیشانی کورد بدرێ، کەوا هێشتا ئەمریکا هەر لە خەمی کوێرەوەرییەکەیاندایە و دەیەوێ لەسەر پشتگیرییەکەشی بەردەوامبێ، ئەمە و لە کاتێکدا نیشانیدا، کە ئەمریکا ناتوانێ پشتگیریی جموجۆڵی کورد بە ئاراستەی ئۆتۆنۆمی بکا. هەروەها کیسنجەر ئەوەشی بە نیکسن ڕاگەیاند، کە «شا»ش بەرنامەی یارمەتییەکەی بۆ کورد زیادکردووە، هەروەها ئەویش ناخوازێ حکوومەتێکی کوردی ئۆتۆنۆمیدار لەسەر بنەمایەکی درێژخایەن پەسەندبکا. **بە کورتی، ئەمریکا دەیەویست پشتی کورد لە شەڕەکەیان لەدژی بەغدا بگرێ، بەڵام نەیدەویست لە پرسی سەربەخۆییدا یارمەتییان بدا. نیکسنیش داخوازی کیسنجەری پەسەندکرد.**٤٠

---

[57] ڕێک دەکاتە ٤٠٨,٢٢٣ کیلۆگرام. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

هەرچەندە بەرلەوەی فەرمانەکانی نیکسن بنێردرێنە تاران، شا لە ١٦ی نیساندا ژەنەڕاڵ «ناسری» ڕەوانەی باڵوێزخانەی ئەمریکا کرد تا ڕەشنووسی پڕۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی بارزانی نیشانی «هێلمز» بدا، کە کوردەکان بەنیازبوون لە هەمان ئەنگۆرەدا لە ڕادیۆکەیاندا بڵاویبکەنەوە. دوای خوێندنەوی پڕۆژە پێشنیازەکە، «هێلمز» دەستبەجێ بەرەو کۆشک ڕۆیشت و چاوی بە شا کەوت. ئەوەش ڕوون بوو، کە شا زۆری بیر لێنەکردبووەوە، هەر بۆیە ویستبووی بزانێ بۆچوونی «هێلمز» لەو بارەیەوە چییە. لە وەڵامیشدا «هێلمز» زۆر خۆپارێزبوو، بە شای گوت، ئەگەر جارێک ئەم لێدوانە لە ڕادیۆ بڵاوبکرێتەوە، ئەوا ناتوانرێ بگەڕێنرێتەوە. ئاماژەی بەوە دا، کە جاڕنامەکە بەو سروشتەی هەیەتی "دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکا،"[58] دەبێتە مایەی داخستنی دەرگەی هەر دانووستانێکی ئایندە و ئەو بەهانەیەش دەداتەدەست ڕژێمی عێراق "کە کردەیەکی سەرەکی زۆرەملێی سەربازیی" بکاتە سەر کورد. بە گوێرەی گێڕانەوەی «هێلمز» بۆ سەربردەی گفتوگۆکان، ئینجا شا دەستی دایە تەلەفۆن و زەنگی بۆ ساواک لێدا تا فەرمانیان پێبکا جاڕنامەی ئۆتۆنۆمییەکەی بارزانی تا ٢٠ی نیسان ڕابگرن و بڵاوینەکەنەوە.[٢٠] یەک دوو ڕۆژیش دواتر، لە ١٩ی نیساندا، کیسنجەر فەرمانەکانی نیکسنی بە «هێلمز» ڕاگەیاند، فەرمانەکان ئاماژەیان بەوە دا دابوو، کە ئەمریکا ئامادەبوو بۆ بەهاناوەچوونی ئاوارەکان بڕی یەک ملیۆن دۆلار، سەرباری بەردەوامبوونی ئاستی باربووی مانگانە ٣٧٥,٠٠٠ دۆلار و بڕی ٩٠٠,٠٠٠ پۆند لە چەکی بچووک و تەقەمەنی دەستکردی ناخۆماڵی بداتە کوردان. هەروەها کیسنجەر بە «هێلمز»ی ڕاگەیاند کە بۆ شا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە هەر ڕاگەیاندنێکی سەر لەزووی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هیچ کەسێک ناکا، کە لەم قۆناغە وەرچەرخانەدا ئەمانەن:

[58] دەق ئیدیۆمە ئینگلیزییەکە بەم جۆرە نووسراوە "a public burning of bridges"



هەواڵنامەی کتێب

**(ئا) بۆ ئەوەی توانستێک بە کوردان بدرێ کە بنکەیەکی مەعقوولی دانووستاندنیان لەگەڵ بەغدا هەبێ بۆ ئەوەی دان بە مافەکانیان بنرێ. (ب) تا ئەو حکوومەتە هەنووکەییەی عێراق دەستوپێی ببەسترێتەوە، بەڵام (پ) نەوەک عێراق بەیەکجاری دابەشببێ، چونکە ناوچەیەکی سەربەخۆی کوردی لەڕووی ئابوورییەوە دەربەستی مانەوە نییە و ئەمریکا و ئێرانییش حەزناکەن دەرگەیان لەسەر پەیوەندییەکی باش لەگەڵ عێراق لەژێر سەرکردایەتییەکی میانڕەودا دابخەن.**

دووەم شتیش لەسەر «هێلمز» بوو ئەوە بگەیەنێتە بارزانی، کە پشتگیریی ئەمریکا بۆ حکوومەتێکی کوردی لەسەر بنکەیەکی ماوەدرێژدا هی ئەوە نییە بکرێ، چونکە ئەو کات نابێ ئۆپەراسیۆنەکە ژێربەژێر بێ. ئەم بڕیارانەش سەرەتا دەبوایە بە شا بگوترابان پاشان بگەیەنرابانە کورد.[٥١]

کاتێکیش «هێلمز» لە ٢٠ی نیساندا ئەم فەرمانانەی نیکسنی بە شا ڕاگەیاندن، شا گوتی کەوا ئەو بەتەواوی لەگەڵ هەڵوێستی ئەمریکا هاوڕایە بەوەی ئاخۆ کورد جارێ ئۆتۆنۆمی بدەن و داوای لە «هێلمز» کرد کە لە ڕێی «کالاهان»ـەوە بارزانی لەو خاڵانە ئاگاداربکاتەوە. شا پێشوازی لە زیادکردنی بڕی یارمەتی ئەمریکا بۆ کورد کرد، بەتایبەتیش کۆمەکی ئاوارەکان و باری چەکەکان و ئاماژەشی بەوەدا، کە ئەویش لەلای خۆیەوە بڕی باربووەکەی لە ٣٠ ملیۆن دۆلاری ساڵانەوە زیادکردووە و گەیاندوویەتییە ٧٥ ملیۆن دۆلار، ئەمەش زیادکردنێکی جەوهەری بوو. بە گوێرەی کۆبوونەوەکەی «هێلمز» لەگەڵ شا بێ، «کالاهان» لە ماڵێکی پارێزراوی ساواک چاوی بە بارزانی و «دکتۆر مەحموود» کەوت، لەوێوە ئاستی یارمەتی و پشتگیریی ئەمریکای پێڕاگەیاندن کە ئامادەبوو دابینیانبکا. بە گوێرەی قسەی «هێلمز» بێ، کاردانەوەکەی بارزانی وەک شتێکی لە ناکاو و سەرسام بوو. ئاخر لە بری ئەوەی هەناسەسارد (هیوابڕاو) بێ، بارزانی گوتی کە ئەو لێتێدەگا و



هەواڵنامەی کتێب

"بەگەرمیش سوپاسگوزاری" خۆی بۆ ئەو یارمەتییەی ئەمریکا دابینی کردوەوە، دەربڕی. ئینجا ئەو داوای لە «کالاهان» کرد، کە سوپاسگوزاریی خۆی بۆ بگەیەنێتە سەرۆک، نیکسن، کیسنجەر و ئەوانەی لەنێو سی ئای ئەی دان، ئەوانەی "لە هەوڵ و کۆشەکانی گەیشتن و پشتگیریشیان کرد تا بەرگری لە مافەکانی گەلەکەی پێبکا." وێرای ئەمەش، بارزانی گوتی، کە ئەو دەیەوێ نێردەیەک بنێرێتە شاری نیویۆرک تا لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لۆبی بۆ پشگیریی دۆزی کورد بکا، بەڵکو لەوێ دەستیان بگاتە ڕۆژنامەکان. لە کۆتاییشدا، «هێلمز» زۆر بەو ئاڵوگۆڕەی خۆی لەگەڵ شا و کورددا دڵشاد بوو.[٥٢]

لە کۆتاییدا و لە ٢٢ی نیساندا بەیەکدادان لە باکووری عێراقدا قەوما، ئەوەش لەو کاتەدا بوو، کە سوپای عێراق هەوڵیدا لە دهۆک بە نێو قەڵایەکی سەختی گەمارۆدراودا بڕوا و تێکیبشکێنێ و هێزی ئاسمانی عێراقیش بە شێوەیەکی بەربڵاو شاڵاوی بۆمبەکانی خۆی بەسەر باکوور داباراند[٥٣] لە ئاخروئۆخری نیسانیشدا، کاتێک لە کۆتاییدا ڕژێم شاڵاوە سەرەکییەکەی هێرشی خۆی بۆ سەر پێگەی کوردان دەستپێکرد، هەر دەستبەجێ ئەوە دەرکەوت، کە ئەم شاڵاوە لەبەر گۆڕینی گرنگ لە تاکتیکی عێراقییەکاندا لە هی ئەوانەی پێش خۆی جیاوازترە.[٥٤] دوای چوار ساڵ لە توندبوونی گرژییەکان، دیسان جەنگی کورد هەڵگیرسایەوە.

لەبەر ژمارەیەک هۆکار، ئەم سەربردەیە بەوەی چۆن ئەمریکا پێگەی خۆی وەها ڕێکخست تا پشتگیری نەخشەی بارزانی بۆ جاڕدانی ئۆتۆنۆمی بکا لەگەڵ ئەوەی *ڕاپۆرتەکەی پایک* گوتوویەتی، ناکۆکە، کە ئەمریکا بە پێداگرتنەوە داوای لە کورد کردبێ، خستنەڕووەکەی بەعس ڕەتبکەنەوە. یەکەم شت، لێرەدا هیچ ئاماژەیەک لە ئارادا نییە، کە ئەمریکا "دنە"ی بارزانی دابێ بۆ ئەوەی خستنەڕووەکەی عێراق ڕەتبکاتەوە، ڕاستییەکەشی، ئەوە ڕوون بوو، کە ئەمریکا هۆشداری لەبارەی جاڕدانی ئۆتۆنۆمی دابوو، چونکە دڵنیابوو کە حکوومەتی


هەواڵنامەی کتێب

عێراق دەوروژێنێ و ختووکەی دەدا تا هێرشبکا. دووەم شتیش، **راپۆرتەکەی پایک** ژمارەیەک ڕاستی هەراسانی بەلاوەناوە، هەروەک ئەوەی بە گوتەی خۆی ئەمریکا "ڕەتیکردۆتەوە کۆمەکی مرۆیی دابینبکا"، کە بە ڕوونی ئەم شتە ڕاست نەبوو.[٥٥] لەوەش زیاتر، *ڕاپۆرتەکەی پایک* گەمەی بە وشەی هەندێ ڕستە کردووە تا لەگەڵ ئەجێنداکەی خۆی بگونجێ. هەر بۆ نموونە، پرسیاری ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بە لاڕێدابردووە "ئایا شا بەباشی لە دامەزراندنی حکوومەتێکی ئۆتۆنۆمیدار دەڕوانێ؟" کە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: "ئێمە پێمان وایە، کە [هاوپەیمانەکەمان] بە چاوێکی باش لە دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمیدار ناڕوانێ."[٥٦] ئەم دوو بڕگەیە ناوەڕۆکی زۆر جیاوازییان هەیە. ئیدی هەمووی بەسەر یەکەوە، ئەو چەواشەکردنە پرسیاری گرنگ سەبارەت بە لایەنی بابەتیانەی *ڕاپۆرتەکەی پایک* دەوروژێنێ.

### دووەمین کەناڵی نهێنیی عێراقی

هەڵگیرسانەوەی گەڕی دووەمی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ کورددا، سەریکێشا بۆ هەوڵی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ئەوەی چەک و تفاقی پێشکەوتوو بۆ کورد دەستەبەربکەن. بنەمای پلانەکەش لە بەرایی مانگی ئایاری ١٩٧٤ـەوە هات. کیسنجەر وەک بەشێک لە دیپلۆماسییە مەکووکییەکەی بەڵکو بگاتە لەیەککردنەوەی هێزە ئیسرائیلی - سووورییەکان (لە ٣١ی ئایاردا واژۆکرا)، چاوی بە «گۆڵدا مایەر»ی سەرۆکوەزیری ئیسرائیل کەوت. لە میانەی گفتوگۆکاندا «مایەر» ڕاپۆرتێکی ئیسرائیلی دایە دەستی کیسنجەر، کە تێیدا ڕاسپاردەی ئەوەی تێدابوو، کە چەکی دژەفڕۆکە و دژەتانک بدرێتە کورد. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو:


هەواڵنامەی کتێب

> **ئەگەر هاتوو شەڕەکە بۆ ماوەیەکی درێژ [بەردەوامبوو]، ئەوا بۆ کورد زەحمەت دەبێ لەبەرانبەر چەکی عێراقی کە لە سۆڤیەتەوە بۆی دابیندەکرێ، خۆی بگرێ... ئیدی بۆ ئەوەی بەرگری لە سەنگەرە نەریتییەکانی خۆیان لەنێو جەرگەی کوردستاندا بکەن، لەگەڵ ئەوەی کورد دەرفەتێکی باشیشی هەیە دەست بە ناوچە شاخاوییەکانی خۆیانەوە بگرن ئەگەر هاتوو تۆپخانەیەکی کاریگەر و بڕێکی باش لە تەقەمەنی دژەفڕۆکە و دژەتانکییان لەبەردەستدا بێ.**

کیسنجەریش لەسەر ئەوە کۆک بوو، کە دۆخەکە لە شەڕەکانی پێشتر خراپترە و بەڵێنیشیدا لا لە پرسەکە بکاتەوە.[٥٧] ئەمەش لە کۆتاییدا سەریکێشا بۆ ئەوەی بڕێکی زۆر لە چەکی ڕووسی بۆ کورد دابینبکەن، ئەو چەکانەی لە شەڕی ئۆکتۆبەر لە میسری و سوورییەکان گیرابوون.

لە ١٥ی ئایاردا، کاربەدەستانی کورد چاویان بە جێگری بەرپرسی وێستگەی سی ئای ئەی، جێگری «کالاهان» لە تاران کەوت، کاربەدەستەکان داوای ئەوەیان لە بەرانبەرەکەیان کرد، ئاخۆ دەکرێ بارزانی خۆی چاوی بە کیسنجەر بکەوێ تا "دەرفەتە سیاسییەکان بەهۆی کێشە نوێیەکەوە خراونەتەبەردەست" ڕوونبکاتەوە. هۆکاری ئەم داوایەش، بەگوێرەی ئەو یاداشتەی «کۆلبی» بۆ لە ٢٣ی ئایاردا بۆ کیسنجەری ناردبوو، ئەوە بوو، کە بارزانی ویستبووی خۆی "داوایەکی کەسەکی بۆ زیادکردنی یارمەتی ماددیانە لە حکوومەتی ئەمریکا بکا، هەم لە ڕووی چەندایەتی و هەم لەڕووی توانستی هێرشبەرانەش دەربەستبێ." «کۆلبی» لە یاداشتەکەی خۆیدا ئەوە دەردەبڕێ، کە نهێنی ئۆپەراسیۆنەکە پارێزراوە: "ئاژانسەکە لە لێدوانی گشتی کە لەلایەن کاربەدەستانی عێراقییەوە دەرچووە هەروەها لە ڕاپۆرتی هەواڵگریماندا هاتووە، گەیشتۆتە ئەو بەرەنجامە، کە عێراقییەکان بەڵگەی دابڕیان لەسەر ئەوە نییە کە حکوومەتی ئەمریکا یارمەتی کەرەستە یان داراییان دابێتە کورد." هەرچی دەربارەی ئەو چەکانەشە،



هەواڵنامەی کتێب

که بارزانی داوایکردووە، تا خۆی لەبەرانبەر هێرشی عێراقی ڕابگرێ، «کۆلبی» ئاماژەی بەوە کرد، کە سی ئای ئەی بە نیازە دەست بۆ شتێکی دیکە بەرێ، کە بەدەرە لە چەکی بچووک و تەقەمەنی و ئەوە دەگرێتەوە، چەکی قورستری دیکە و تەقەمەنی لە ڕێی ئێرانییەکانەوە بۆیان دابینبکرێ." لەگەڵ ئەوەشدا «کۆلبی» سەبارەت بە ڕاسپاردەی دیداری ڕاستەوخۆی نێوان بارزانی و کیسنجەر دوودڵ بوو، بەڵام بۆ کیسنجەریشی نووسی: "دیدارێکی کەسەکی لە نێوان تۆ و بارزانی یان نوێنەرەکەی دەبێتە مایەی مەترسییەکی ئاسایشپارێزی زیاتر بەوەی ئاستی پەیوەندییەکان لەگەڵ بارزانی بەرزبکرێتەوە" و ڕێنماییشی وەهابوو کە «کالاهان» بە بارزانی ڕابگەیەنێ، جارێ لەم کاتەدا ئەو جۆرە دیدارە شتێکی کردەنی نییە.[٥٨]

لەو نێوەشدا و لە پاشخانی شەڕی کورددا، لە ٢٠ی ئایاردا، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتێکی نابڕیاردەرانەی سەبارەت بە پێکدادان و شەڕە دەندووکی شوباتی نێوان ئێران و عێراق دەرکرد. تاکە دەرچەیەکی ئەرێنی لەو ڕاپۆرتەدا ئەوە بوو، کە هەردولایان قایلبوون شەڕ ڕاگرن، لەسەر سنوورەکانیش بکشێنەوە و کەشوهەوایەکی وەها بخولقێنن، لە ئەنجامدا بگەنە باری ئاشتی. وێڕای ئەمەش، ئەوان ڕەزامەندبوون لەسەر ئەوەی گفتوگۆی دووقۆڵی نێوانیان بۆ گەیشتن بە "چارەسەرییە هەمەلایەنە"ی کێشە هەڵواسراوەکان دەستپێبکەنەوە.[٥٩] ئەم خاڵانەش لە دەقی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی ژمارە ٣٤٨ لە ٢٨ی ئایاردا دەقنووسکران.[٦٠] شایانی باسیشە، بڕیارەکە ڕێگەی خۆشکرد بۆ پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق و لە کۆتاییشدا سەریکێشا بۆ ڕێککەوتنی جەزائیر لە ئازاری ١٩٧٥دا.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئاخروئۆخری مانگی ئایاری ١٩٧٤دا ڕژێمی عێراق سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکای بە شتێک سەرسامکرد، ئەویش ئەو کاتەی ئاماژەی وەها لە ڕژێمەوە دەرچوون، کە حەزی لەوەبێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا باشبکا. لە زنجیرەیەک لەو کۆبوونەوانەی کاروباری لە ڕۆژانی ٢٦ –


هەواڵنامەی کتێب

٢٨ی ئایاردا کران، کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئاماژەیان بەوەدا، کە ژنی سەدام حوسێن پێویستی بەوەیە لەبەر چارەسەری پزیشکی بچێتە واشنتن و لە سەنتەری پزیشکی «جۆن هۆپکینز John Hopkins» خۆی چارەسەربکا و دەیەوێ پەسەندنامەی ئەمریکا بۆ گەشتەکەی وەربگرێ. عێراقییەکانیش بەوە دڵخۆش بوون، کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕەتیکردەوە چاوی بە نوێنەرانی کورد بکەوێ، ئەوانەی سەردانی ئەمریکایان کردبوو. هەر یەکسەریش داوای پەسەندنامەی چوونە ئەمریکا سەرنجی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕاکێشا و بۆ کۆشکی سپیی بەرزکردەوە.[٦١]

لەو نێوەشدا و لە هاوینی ١٩٧٤دا، دەرفەتێک هاتەپێشەوە، کە بە هۆیەوە ئەمریکا کەناڵێکی ژێربەژێری پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی بەعس دابمەزرێنێ. ئەوە بوو لە ناوەڕاستی نیساندا، کیسنجەر لەسەر نیوەڕۆخاونێکدا، کە لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان «کورت ڤالداهایم Kurt Waldheim» ڕێکخرابوو، ئامادەبوو. لەو کاتیشدا باڵوێزی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان «تالب ئەلشەبیب»، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو بۆ مانگی نیسان. لەوێ وەها ڕێککەوت، «شبیب»، کە بەعسییەکی دەرچووی زانکۆیەکی بەریتانیا و دیپلۆمات بوو، لەسەر مێزی خوانەکە لە تەنیشت کیسنجەر دابنیشێ، ئەمەش وای کرد لەگەڵ یەک بکەونە گفتوگۆ سەبارەت بە پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و پشێوانی ئێران بۆ کورد. لە کاتێکدا کیسنجەر حاشای لە هەر دەستهەبوونێکی ئەمریکا کرد لەگەڵ کورددا، بەشێوەیەک لە شێوەکان تۆوی ئەوەی چاند، کە بۆنەکە ببێتە دروستکردنی کەناڵێکی ژێربەژێر بۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی عێراق.[٦٢]

لە پێنجی حوزەیراندا، «جۆن سکالی John Skali» باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە دەرگەی پشتەوەڕا پەیامێکی بۆ کیسنجەر نارد، ئاماژەی ئەوەی تێدا بوو کە «شبیب»ی باڵوێزی عێراق سەبارەت بە دامەزراندنی وتووێژێکی ئاستباڵای نهێنی لەگەڵ ئەمریکا لێنزیکبووەتەوە. بە گوێرەی پەیامی


هەواڵنامەی کتێب

«سکالی» بێ، «شبیب» گوتویەتی، کە ڕژێمی بەعس خواستی لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندیی ئابووریی پراگماتییانەی وەک بزنس لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەمریکادا هەیە و زۆریش حەز بە چارەی گەمارۆ یان پیلانگێڕی دژی جووڵەی ئاشتی میسری - سوورییەکان نییە، هەرچەندە لە پێگە و ڕەفتاری توندی ئاشکرای خۆیان و پڕوپاگەندەکانیان دژی پرۆسەی ئاشتیین. لەو دیدارەی «شبیب» لەگەڵ «سکالی»دا، ئەو داوای لە ئەمریکا کرد، بەڵکو هانی ئێران بدا گرژییەکانی لەسەر سنوور خاوبکاتەوە، پشتگیرییەکەشیان بۆ کورد بوەستێنێ و بگەنە چارەسەرەییەکی سوودمەندی دوولایەنە لەسەر کێشەی سنوور. «شبیب» ئاماژەی بەوەش کرد، کە حکوومەتەکەی ئەو پێ لەوە دەنێ، زۆر جیاوازی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، بەڵام "زۆر حەزدەکا" وتووێژێک لەنێوانیاندا بێتەدی تا یارمەتی کارکردن بدا و بەنێو ئەو داڕسانەدا بڕوا. ئەوەی مایەی باس بێ، «شبیب» ئاگاداری ئەمریکای کردەوە، کە گوتارە زمانلووسییە لەبلەنابیەکانیان وەک لە ڕووخساردا دەردەکەوێ، وەک خۆی لێوەرنەگرن، ڕوونیشیکردەوە هەڵوێستی حکوومەتەکەی "وەک لە پڕوپاگەندەکاندا دەردەکەوێ نەرێنی نییە." لە وەڵامی کۆمێنتەکەی «شبیب»یشدا، «سکالی» سنووری دەستڕۆیشتنی ئەمریکای بەسەر شا دا ڕوونکردەوە، ئاماژەی بەوە دابوو، کە زۆر جار هەڵوێستی وەهای گرتووەتەبەر، کە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوونە، هەروەک دەنگدان لەنێو ڕێکخراوی ئۆپیک بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت کە لە کانوونی دووەمدا گەیشتە ١١,٦٥ دۆلاری ئەمریکی. ئیدی لەبەر ئەم هۆیانە، «سکالی» هۆشداری ئەوەی دایە «شبیب»، ئەوە ڕەچاونەکا، کە ئێران هەموو دەمێ بەڕێزەوە گوێ لە ڕاوێژی ئەمریکا بگرێ بەتایبەتیش سەبارەت بە ئاراستەی کردەوەکان. هەرچۆنێک بێ، پێگەی ئەمریکا ئەوە بوو، کە هەر نزیکبوونەوەیەکی عێراق لەگەڵ ئێران لە بەرژەوەندی ئەمریکا دابووە و داواشی لە شا کردووە، جیاوازییەکانیان لەگەڵ عێراق بە ڕێگەی دیپلۆماسییانە چارەسەربکا. لە کۆتاییشدا، «سکالی» ئاماژەی بەوە دا، کە ئەو هەر بەڕاستی ئەو بۆچوونانەی بەرانبەرەکەی دەگەیەنێتە کیسنجەر،


هەواڵنامەی کتێب

ئەویش لەبەر "ئەوپەڕی متمانەی ڕاستگۆیی، لەبەر نەرمەکاری و بۆ ئەوەی ئەنجامەکان بەدڵی هەردوولایان بن" ئەوا ئەو وتووێژە هەر لەنێوان خۆی، سەرۆک و سکالییدا دەهێڵێتەوە. **هەرچۆنێک بێ، «سکالی» هۆشداری دایە «شبیب»، کە هەر دزەکردنێکی ئەو وتووێژە بۆ هەر حکوومەتێکی دیکە یان بۆ میدیا ئەوا دەکرێ وەها لێکبدرێتەوە، کە ئەمە نیشانەیەکە لەسەر ئەوەی بەغدا هەر بەڕاستی حەزی بە وتووێژ نییە.**[٦٣]

لە هەشتی حوزەیراندا، کیسنجەر وەڵامی هەردوو خواستی عێراقی دایەوە، هەم بۆ سەردانی ژنەکەی «سەدام حوسێن» بۆ واشنتن و هەم بۆ پێشنیازی عێراق سەبارەت بە کردنەوەی دەرگەیەکی پشتخانی نهێنی لە نەتەوە یەکگرتووەکان. سەبارەت بە داوای یەکەم، کیسنجەر گوتی، کە ئەمە "پێشهاتێکی سەرنجڕاکێش و هاندەرانەیە،" ئاخر لە ١٩٦٧ـەوە ئەوە یەکەمین جارە - لەسەر ئاستێکی فەرمییەوە - لە دەرگەی بابەتی باشکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا بدرێ. کارەکەی کرد، هەرچەندە هۆشداریشی دایە هەڵسوێنەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق «جۆن کاتچ John Gatch»، لەوکاتەی «لۆوری» لەوێ نەمابوو، ببووە بەرپرسی ئەوێ، کە "بە وریاییەوە کارەکە جێبەجێبکەن" و دەستپێشخەریش بۆ عێراق جێبهێڵن، بەڵام ئەگەر شتێکی دیکەش هاتەپێشەوە، ئەوا بە عێراقییەکان بڵێ، کە پرسەکە "سەرنجی وەزارەتی دەرەوەی لەسەر ئاستێکی باڵادا ڕاکێشاوە." «کاتچ»یش سیاسەتی واشنتنی سەبارەت بە دەستوەرنەدان، بەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە دووبارەکردە و هیواشی خواست، بەڵکو پرسەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەربکرێ.[٦٤] کاتێکیش «کاتچ» لە ٢٢ی حوزەیراندا پەیامەکەی کیسنجەری گەیاندە عێراقییەکان، وەزارەتی کاروباری دەرەوە گوتی، کە پەیامەکەی بۆ وەزیرە نوێیەکەی عێراق «شازل تاقە - شاذل طاقة» دەنێری، ئەویش گوتبووی؛ "پێویستی بە ئارامی هەیە تا بەربەستەکانی سەر ڕێگەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق تەخت دەبن."[٦٥] ویڕای ئەمەش، لە دووی ئاب، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق



هەواڵنامەی کتێب

کەناڵێکی نوێی لەگەڵ هۆبەی هەڵسوڕێنەری کاروباری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کردەوە، بەم کارەش «لۆوری» ڕاستەوخۆ دەستی بە کاربەدەستانی باڵاترین ئاستی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق ڕاگەیشت.[٦٦]

لەو کەناڵە پشتپەردەییەدا، کیسنجەر بە «سکالی» گوت، بە «شبیب» ڕابگەیێ، کەوا ئەو تەواوی ڕاپۆرتی گفتوگۆکانی داوەتە بەرزترین ئاستی حکوومەتی ئەمریکا، هەروەها ئەو پێشوازی لەو "حاڵەتی ئامادەبوونی دەکا بۆ بەردەوامبوون لەسەر وتووێژ لەگەڵ یەکدی، کە بە هۆیەوە ئەو هەستدەکا ئەم کارە بۆ بەرژەوەندی هەردوو وەڵات بەسوودە." لەوەش گرنگتر، کیسنجەر گوتی، کە ئەو مەیلی لەسەر ئەوە بوو، لە کاتێک لە مانگی تەممووزدا بانگهێشتی «شبیب» بۆ واشنتن بکا تا زۆر جەوهەریانەتر باس لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا – عێراق بکەن.[٦٧] کاتێکیش «سکالی» لە ١٠ی حوزەیراندا پەیامەکەی کیسنجەری گەیاندە «شبیب»، باڵوێزەکەی عێراق گوتی، کە ئەو "دڵنیایە لەوەی حکوومەتەکەی بە بایەخەوە لە بەردەوامیی وتووێژی متمانەداری ئاستباڵا دەڕوانێ،" بەڵام خزمەتەکانی ئەو دەگوازرێنەوە بۆ ئاڵمانیای ڕۆژئاوا. هەرچۆنێک بێ، ئەو ئاماژەی بەو مەیل و بایەخە دا ، ئەگەر هاتوو حکوومەتەکەی بخوازێ ئەوا وەک نێردەیەکی نهێنێ دەکرێ سەر لە واشنتن بداتەوە.[٦٨] هەمووی بەسەریەکەوە، ئەو دوو گۆڕانکارییە، بە ڕوونی نیشانەی ئەوەی پێوەبوو، کە لە حوزەیرانی ١٩٧٤دا، ئەمریکا و عێراق جووڵەیەکی یەکلانەبووەوەیان بە ئاراستەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان هەڵهێنا.

هەروەها لە هەمان مانگیشدا، ئەمریکا بەوەی زانی، کە ڕژێمی عێراق پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیا هەڵبەستۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، کە پێویستیی بە مۆسکۆ بوو تا چەک و تفاقی جەنگی بۆ دابینبکا. لە ١٩ی حوزەیراندا، گرووپێک لە کوردان چاویان بە کاربەدەستانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان کەوت، لەوێدا وتووێژیان لەسەر کۆششی کورد کرد بەوەی جارێکی دی پرسی "جینۆسایدی" عێراق بخرێتە نێو ئەجێندای کۆمەڵەی گشتیی



هەواڵنامەی کتێب

نەتەوە یەکگرتووەکان. لە میانەی گفتوگۆکاندا، کوردەکان ئەوەیان گوت گوایە «ئەلیکساندەر ڤاسیلیڤLt. Col. Alexander Vasilev » ئەفسەری سۆڤیەتی بەرپرس بوو لە ئۆپەراسیۆنەکانی بۆمبارانکردنی هێزی ئاسمانی عێراق.[٦٩] لەو نێوەشدا شا بە «کالاهان»ی ڕاگەیاند، کە ساواک زانیویەتی، سۆڤیەتییەکان ئامادەن مووشەکی سکود SCUD بدەنە عێراق، لەکاتێکدا تێبینی ئەوەی کرد، "خاوکردنەوەی هەندێ گرژی" لەگەڵ عێراق " زیاتر ئارایشتکردنە لەوەی ڕاستەقینە بێ." ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ پەسەندکردنی بڕیاڕی ژمارە ٣٣٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە داوای لە هەردوو دەوڵەت، لە ئێران و عێراق کرد بەوەی هێزی چەکدارییان لەسەر سنوور بکێشنەوە و دەست بە دانوستانەکانیان بکەنەوە. بە قایلبوونەوە، «کالاهان» بە کیسنجەری ڕاگەیاند، کە پاڵپشتی بەردەوامانەی شا بۆ کورد باشترین ئاماژەی بووە بۆ هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەو لە بەرانبەر دامەزراندنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و ڕاگرتنی ڕاستەوخۆی ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکان لەگەڵ عێراق و هێزەکانی ئێرانی لەسەر سنوور." لەبەر ئەوە، ئەو قەناعەتی هاتبوو بەوەی سەرەڕای خاوبوونەوەی گرژییەکان، هێشتا هەردوولایان یەکدییان بە دوژمن دەبینی.[٧٠]

لە ٢٤ی حوزەیراندا، کیسنجەر بۆ سەرۆک نیکسنی نووسی، داوای لێکرد دەسەڵاتی ئەوەی پێبدا تا لە ساڵی دارایی ١٩٧٥دا خەرجی کردەی دەستتێکەڵکردنیان لەگەڵ کورددا جێبکاتەوە. لە هەمووڵایەکیشەوە کیسنجەر ئۆپەراسیۆنەکەی بە سەرکەوتوو وێناکرد. هەرچەندە کوردەکان تووشی باری ئابڵووقەی ئابووری بوون و گیریان خواردبوو، ناوە بەناویش هێرشی هێزی ئاسمانی عێراقییان لەسەر بوو، بە گوللەی تۆپی قورسیش تۆپباران دەکران، سوپاش لە پەلاماردانەکانی خۆی نەکەوتبوو، کەچی کیسنجەر بڕوای وەها بوو، دەستتێکەڵکردنەکە کە یاوەربوو لەگەڵ زیادکردنی بڕی پشتگیریی ئێرانییەکان، ئیدی ئەمە "یارمەتی کوردی داوە تا بەرگەی ئەو هەوڵ و تەقەللایانەی بۆ


هەواڵنامەی کتێب

سەرکوتکردنیان دراوە، بگرن." هەر بۆیە، کیسنجەر داوای لە نیکسن کرد، بڕی ٨,٠٦ ملیۆن دۆلار بۆ هێشتنەوەی بڕی ئەو باربووە هەنووکەییەی ٣٧٥,٠٠٠ دۆلاری مانگانە و بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی زیادەبار بۆ کورد پەسەندبکا. نیکسنیش بەمە ڕازی بوو و بۆ ڕۆژی پاشتر بەڕێوبەرانی کۆمیتەی چلیش واژۆییان لەسەر ئەو سووکە زیادەیەی فەندەکە کرد.[٧١]

بە درەنگانێکی مانگی حوزەیران، هێزی ئاسمانی عێراقیی دڵڕەقانە ئامانجە مەدەنییەکانیان کردبووە نیشانەی بۆمبەکانیان و هەر زووش قوربانی لێکەوتەوە و لە ئەنجامدا ژن و منداڵ بەرەو ئێران ڕایانکرد بە دوای ئەنوایەکی ئارامدا گەڕان. لە ٢٦ی حوزەیرانیشدا، کاربەدەستانی ساواک لە تەورێز بە «ڕۆنالد نییومان Ronald Neuman»ی کونسولی ئەمریکایان گوت، ساواک چەندین ئۆردوگای لەسەر سنوور بۆ ئاوارەکان کردۆتەوە کە ژمارەیان٢٥,٠٠٠ کەسێک دەبێ و ئاگاداریشیانکردنەوە لەوەی ژمارەکە بەرەو زیادبوونە.[٧٢] یەک دوو ڕۆژیش دواتر، شا دامەزراندنی ئۆردوگاکانی پشتڕاستکردەوە، بەڵام گوتیشی، کە ئاوارەکان زیادیان کردووە و گەیشتوونەتە ٤٢,٠٠٠ کەس و ئەگەر هاتوو فڕۆکەکانی عێراقی و تۆپخانەیان لەسەر بۆمبارانکردنی گوندەکان بەردەوامبن، ئەوا ژمارەکە زیاتر هەڵدەکشێ. «هیلمز»یش بە ڕەوانەکردنی ئەو وردەکارییانە بۆ کیسنجەر، تێبینی ئەوەی کرد، شەڕەکە لە کردەیەکی جینۆساید دەچێ:

> **شەڕی جینۆسایدانە، کە ڕژێمی بەعس دژ بە کورد دەیکا، بۆتە مایەی ئەوەی، مەدەنییە لاشەڕەکان نرخەکەی بدەن. بە حوکمی ناتوانایی لەوەی پێشمەرگە بخەنە داوی خۆیان، بۆیە بە شەو و ڕۆژ بە فڕۆکە لە بەرزاییەکی زۆرەوە بە فڕۆکەی TU – 16 و TU – 22 و بە بۆمبی قورس و ناپالم دادەبارێننە سەر گوند و شارەکان.**



هەواڵنامەی کتێب

«هێلمز» گوتی، کە کوردەکان بە کردەوە بێبەرگریی بوون، ئاخر "چەکی دژەفڕۆکەیان نەبوو تا بگەنە فڕۆکەکانی عێراق" و ڕەوشەکەش تا دەهات پۆلکتر دەبوو، چونکە ٢٥٠,٠٠٠ کورد لە باشووری عەرەبی و بەغداوە بەرەو باکوور هەڵاتبوون. لەبەر ئەو ژمارە لەڕادەبەدەرەش، سی ئای ئەی هەستیکرد، کە هاوکارییە دارایییەکەی بۆ داودەرمان هەردەبێ لە ١٠,٠٠٠ دۆلارەوە بۆ بڕی ٣٠,٠٠٠ دۆلاری مانگانە بەرزبکرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەو بڕە یەک ملیۆن دۆلارەی کە پێشتر لەسەرەتای هاوینەوە بۆ یارمەتی ئاوارەکان دابینکرابوو. «شا»ش دەستی بە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی ئاگادارکردنەوە لە "شەڕی جینۆسایدی" عێراقی کرد، لەگەڵ «هێلمز» دا ئەوەیان بۆ زیادکرد، کە وێستگەی سی ئای ئەی "لە بواری میدیاییەوە یارمەتی ڕاستەوخۆی" کوردەکانیان داوە. لە کۆتاییشدا، شا ڕوانینی بۆ کردەوەکە گەیاندە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام «هێلمز» ڕەشبین بوو بەوەی ئەم کارە لەوێ سەربگرێ. ئەو مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە سەلامەتترین بژاردە بەردەوامبوونە لەسەر دابینکردنی شتەکان بۆ کورد، بەتایبەتیش لە کاتێکدا ئەمریکا گەیشتبووە "ڕادەی هەرە زۆری هاریکاری ژێربەژێر" بۆ ئاوارەکان. ئیدی ئەگەر هاتوو سی ئای ئەی لەوە زیاتر پێشکەش بکا، ئەوا وەک «هێلمز» تێبینیکردبوو، ئەوسا دەبێ "لە ڕێی ئاژانسی خۆبەخشەوە بێ یان لەڕێی بەرنامەی دانپێدانراوی یارمەتیدانی حکوومەتەوە بێ." ئەو ڕاوێژی بۆ کیسنجەر ئەوە بوو، یەکێ لە ستافەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە دەستنیشانبکا "چونکە پێشبینیدەکرا بە ماوەیەکی کەم کێشەکە سەرهەڵبدا."[٧٣] «هێلمز»یش لەو بارەیەوە ڕاست بوو. لە ٢٤ی تەممووزدا، شا داوانامەیەکی بە پەلەی بۆ زیادکردنی یارمەتیەکان کرد. لەکاتێکدا وردەکاری داخوازی بارزانی هەر بە نهێنی مابووەوە، کیسنجەر ئاماژەی بە هاوپێچییەکی شا دا، بەوەی "کە هەر بەخۆی هۆشداری لێکەوتەی دژواری - بۆ ئێران و بۆ تەواوی ناوچەی کەنداو تێدایە - ئەگەر هاتوو بەرگریی کورد هەرەس بهێنێ."[٧٤]



هەواڵنامەی کتێب

لە کۆتایی تەممووزدا، «ئەسەدوڵڵا عەلەم» وەزیری شا بۆ داد، «جاک میکلۆس Jack Miklos»ی جێگری «هێلمز» بۆ کۆشک بانگکرد تا سەبارەت بە پرسی لەدەستدانی پەیوەندییەکانی عێراق بە سۆڤیەت و هەوڵەکانی باشتربوونی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە و ڕۆژئاوای لەگەڵدا باسبکا. «عەلەم» گوتی کە هەردوو لایان، هەم شای ئێران و هەم مەلیک حوسێن دەیانەوێ ڕوانینی کیسنجەر سەبارەت بەو ئاراستەیە بزانن.[٧٥] هەروەها بە بەدەستگەیشتنی پەیام لە بەغداوە، «لۆوری» لە ٢ی ئابدا ئەوەی پشتڕاستکردەوە، کە هەوڵی باشکردنی پەیوەندییەکانی عێراق بە دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە ڕووداوێکی لەیەکدابراو نییە، ئاماژەی بە دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان لەگەڵ ئێران، ئاڵمانیای ڕۆژئاوا و بەریتانیا و بەرەوپێشوەچوونی گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیا ڕۆژئاوایی و ئەمریکاییەکان کرد. ئەو گوتی، کە یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی وەڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان "هەراسانن" و سەبارەت بە سیاسەتی هەنووکەی عێراق "داخ لەدڵن"، دەرهاوێشتەکەشی ئەوەیە؛ "لەو کاتەی هۆیەک بۆ بەدگومانی ئێرانی و ئوردنییەکان لەو ڕژێمە هەیە، ناواخنی ئەم سیاسەتە بە ئاراستەی بێلایەنیی، پراگماتیزم و چڕبوونەوە لەسەر گەشەی ئابوورییدا وەک شتێکی حاشاهەڵنەگر ڕوون بوو."[٧٦]

وەزارەتیش لەگەڵ تێبینییەکانی «لۆوری» کۆک بوو، باسی ئەوە کرا، لەکاتێک تێگەیشتنی بۆ بەدگومانیی ئێران لەسەر عێراق هەیە، کەچی لەیەکجیاوازیی لە هەڵسەنگاندنی ئێرانی و ئوردنییەکان سەبارەت بە ڕەوشەکە و بارودۆخی تایبەتی خۆیان هەیە. دەرەنجامەکەشی بەوە شکایەوە، کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە گوتی، پێدەچێ عێراق "هەر بەڕاستی مەیلی لەسەر ئەوە بێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان و لەگەڵ ڕۆژئاواش باش بکا." ئیدی بەم کۆتاییە، هەستیکرد، کە عێراق سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەرەو حاڵەتی بێلایەنی هەنگاودەنێ، هەرچەندە "کاتی بەردەستی ئەو



هەواڵنامەی کتێب

پەرەسەندنانەش ئەوەندە کورتە هی ئەوە نییە ئاکامی یەکلابووەوەی لەسەر هەڵبهێنجێ."[77] ئەم وەڵامە بۆ «هێلمز» شتێکی لەناکاو بوو، ئیدی ئەوە بوو لە ٧ی ئابدا لە «سیسکۆ»ی یاریدەری وەزیری پرسی ئاخۆ ئەم وەڵامەی وەزارەت ڕوانینی ڕاستەقینەی کیسنجەرە و ئاخۆ دەیەوێ بیگەیەنێتە «عەلەم». کاتێکیش «سیسکۆ» بۆ ڕۆژی پاشتر وەڵامیدایەوە، «هیلمز»ی ڕاسپارد تا وەڵامەکە بە بەڵگەوبەندەوە بگەیەنێتە «عەلەم»، مەگەر ئەو هەستبکا، هۆیەکی دیکە هەیە وای لێبکا، کە ڕاسپاردەکە نەگەیەنێ. هەروەها ئامۆژگاری «هێلمز»ی کرد ئەوە دەستنیشانبکا، کە ئەمە تاکە هەڵسەنگاندنێکی بەراییە و ئەمریکاش پێ لەوە دەنێ، کە ئەم لێکدانەوەیان لە هی شا جیاوازە.[78]

لە نۆی ئابدا، «گۆبەندەکەی واتەرگێیت»، کە سەرۆکایەتی نیکسنی تێکووپێکدا و کۆتاییەکەشی بە دەستلەکارکێشانەوەیەکی شەرمەزارانە کۆتایی پێهێنا. ئەوەی جێگەی نیکسنیشی گرتەوە «جێرالد فۆرد Gerald Ford» بوو، ئەو کەسەی لە ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣دا وەک جێگری سەرۆک دەستنیشانکرابوو، ئەمەش دوای ئەوەی کە «سپایرۆ ئاگنیو Spiro Agnew»ی جێگری سەرۆک لە تشرینی یەکەمی لە هەمان ساڵدا، لەبەر تۆمەتبارکردن بە گەندەڵییەکی تاوانکارانە ناچارکرا دەستلەکاربکێشێتەوە. لەکاتێکدا دەستلەکارکێشانەوەی نیکسن زەبرێکی کوشندە بوو بەر نمایشی جیهانییانەی ئەمریکا کەوت، کەچی هێشتنەوەی کیسنجەر لە ڕۆڵە دوو سەرەییەکە، هەم وەک وەزیری کاروباری دەرەوە و هەم وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی، ئەوەی دڵنیاکردەوە کە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد بەردەوامدەبێ. شایانی باسە، هەر لە بەراییەوە ئەوە ڕوون بوو، کە کیسنجەر بۆ ئەوە تێکۆشا «فۆرد»یش هەر وەک نیکسن تەنیا لە پێویستییە بنەماییەکان ئاگاداربکاتەوە، هەر لەو کاتانەی کە بڕیاری سەرەکی دەدرێن ئەوانەی پێویستیان بە پەسەندنامەی سەرۆکایەتیە ڕاوێژی پێبکا.[79] لەبەرئەوە، دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد بەردەوام هەر لەدەستی کیسنجەردا مایەوە.



هەواڵنامەی کتێب

له ماوەی نێوان هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد لە ئازار و دەستلەکارکێشانەوەی نیکسن لە مانگی ئابدا، کۆشکی سپی بەوە وەڵامدەر بوو، کە پشتگیری بۆ بارزانی زیاتر بکا و خۆپارێزیش بێ سەبارەت بە جاڕدانی ئۆتۆنۆمی. کاتێ شەڕوکوشتاریش گەرم بوو و تاویسەند، کیسنجەر فەرمانی بە سی ئای ئەی کرد یارمەتییەکانی زیاتربکا، بە گەیاندنی یارمەتی مرۆیی بۆ ئاوارەکان لەنێو ئێرانیشەوە. لەکاتێکدا شەڕەکە عێراقی ناچارکرد لەبەر دابیینکردنەوەی چەک پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەتییەکاندا چاکبکاتەوە، کەچی ڕژێم لەسەر ئەوە بەردەوامبوو، خۆی وەها نیشانبدا، کە حەزی لێیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوادا باشبکا. ئەمەش بەڵگە بوو لەسەر دامەزراندنی کەناڵێکی پشتپەردەی ڕژێمی بەعس بە ڕاڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکان. تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا، کیسنجەر کردنەوەی ئەو کەناڵەی پێ سوودبەخش بوو، کەچی ڕوون بوو، کە پێشنورەیی ئەو کورد بوو. دوای هەموو شتێکیش، دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد بەشدارییەکی ستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمریکا بوو بۆ چاودێریکردنی هەژموونی سۆڤیەت لە ناوچەکە و بۆ بەستنەوەی دەستوپێی سوپای عێراقیش بوو. ئیسرائیلییەکانیش سوودی بەرچاوییان لەو دەستتێکەڵکردنە لەگەڵ کورددا هەبوو، ئاخر بەم کارە ئەوانیش لەیەککردنەوەی سوپاکەیان لە سووریا دەستەبەرکرد. بۆ بەدبەختی خواستی لەمێژینەی شا بۆ ئەوەی جڵەوی ڕێڕەوی ئاوی شەتولعەرەبی بکەوێتەدەست، دیاربوو نەهاتەدی. لاسەنگبوونی دەستکەوت لە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد لە کۆتاییدا سەریکێشا **بۆ ئەوەی شا لە پایزی ١٩٧٤دا بە شێوەیەکی بێ پێشینە ئاگری شەڕەکە خۆشتربکا تا فشاری توندتر بخاتە سەر ڕژێمی عێراق بەڵکو سازشی بۆ بکا.**



هەواڵنامەی کتێب

**سەروسەودای چەکی ئیسرائیلی**

ماوەی نێوان دەستلەکارکێشانەوەی نیکسن لە ئابی ١٩٧٤ تا کۆتایی ساڵەکە، شەڕی کورد گەرموگوڕی و تاوسەندنێکی زۆرتری بەخۆیەوە بینی. کە هێزی سەربازیی عێراقی بە هێواشی بەرەو شاخەکان جووڵان، پشتگیریی ئێرانیش بۆ کورد ئاشکرا بوو، ئەمەش لەوەدا بەرجەستەبوو، کە لە کانوونی یەکەمدا ئێرانییەکان تەقەیان لە فڕۆکەیەکی جەنگاوەری عێراقی کرد و خستیانە خوارەوە. لەو نێوەشدا کیسنجەر بە توندوبەندی و لە نزیکەوە لەگەڵ ئیسرائیلی و ئێرانییەکان لە پێناو ڕێکخستنی باری گەورەی چەک بۆ کوردان کەوتەگەڕ، بە چەکی دژەئاسمانی و مووشەکی دژەتانکیشەوە. گەیشتنی ئەم چەکانە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕەوتی ڕووداوی شەڕەکان هەبوو. لەبەرئەوەی عێراقیش تەکتیکەکانی شەڕی خۆی باشترکردبوو، - ئەمەش لە چاوی ڕاوێژکارە سەربازییەکانی سۆڤیەتەوە - ئیدی سەرکەوتنەکانی کورد کەم و کەمتر دەبوونەوە و بە کۆتاییهاتنی ساڵیش ڕەوشەکەیان سەخت وەرگەڕا. لەو میانەشدا و لەبەرانبەر پاشخانی تاوسەندنی جەنگەکەدا، ئێران و عێراقیش بەردەوام ناوبەناو کۆدەبوونەوە —بەپێی دڵخوازیش لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو - بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەری ئەو ناکۆکییەی نێوان وەڵاتەکانیان بگەڕێن. ئەمەش بە نۆرەی خۆی و لە کۆتاییشدا دەروویەکی لەسەر لەیەکتنزیکبوونەوەی ئایندەیان و بەلاوەنانی کورد کردەوە.

جەنگەکە لە شەشی ئابدا بە تیژی تاویسەند، ئەوکات عێراق هێرشێکی سەرەکی کردە سەر کورد.[80] ئەمەش دەمودەست بۆ کاربەدەستانی ئەمریکا ڕوون بوو، کە عێراق تاکتیکەکانی جەنگی گۆڕیوە. لە جیاتی ئەوەی هێرشی سەرتاسەری بکەن، عێراقییەکان بە خۆپارێزییەوە جووڵان، سەنگەری پارێزراوی خۆیان دروستکرد، کوردیش هەر وەخراندنی کردەوەکانیان بەکارهێنا. ئەوان ئومێدی خۆیان لەسەرئەوە بنیادنابوو، "ئەگەر هاتوو بەلای کەمییەوە ڕۆژانە ٣٠ کەس لە سەربازانی ڕژێم بکوژن،" ئەوا حاڵەتێک دروستدەبێ، کە چیدی بەرگەی نەگیرێ


هەواڵنامەی کتێب

و حکوومەت ناچاربکا سیاسەتی بگۆڕێ یان هەر حکوومەتەکە خۆی بگۆڕێ. بە درەنگانێکی مانگی ئاب، عێراقییەکان توانیان ڕێگەی سەرەکی دابینکردنی ئازووقە، کە لە ئێرانەوە دەهات ببڕن و ژمارەیەک لە سەنگەر و چەپەرە سەرەکییەکانی کورد بگرن، بە گەرووی ڕواندزیشەوە کە ڕێگەکە بەرەو بارەگای سەرەکی بارزانی دەڕۆیشت.[٨١] لە ترسی ئەوەی نەبادا کورد بشکێ، ئێرانییەکان بەوە وەڵامی هێرشەکەی عێراقییان دایەوە، کە لەسەر سنوورەکان بەیەکهەڵبشاخێن و هێزی سەربازی خۆشی دەستواڵاکرد لەوەی "بە نیازی کوشتن تەقە لە بەرانبەرەکەیان بکەن لەبری ئەوەی تەقەی هۆشداربوونەوەیان بەسەردا بکا، ئەمەش بەتایبەتی کاتێ لەسەر سنوورەکان پێکدادان ڕوویدا.[٨٢] لە ماوەی هەفتەی دواتردا، گرژییەکان زیاتر تاویانسەند، چونکە عێراقییەکان دوو منداڵی ئێرانییان لەمیانی بۆمباراندا کوشت، ئینجا یەکدییان دایە بەر شێلکەی تۆپ و لە کۆتاییشدا شەڕێکی هەرە گەرمی پێنج سەعاتییان لەنێواندا قەوما.[٨٣] ئیدی بەڕوونی پەیوەندییەکان تێکچوون.

لە بەررەوتی ئەو ڕووداوانەدا، بارزانی داوای زیاترکردنی پشتگیریی لە ئەمریکا کرد. دوای پێداچوونەوە بەو داخوازیانەدا، «سکۆورکۆفت» لە ٢٢ی ئابدا بۆ «هێلمز»ی نووسی، هۆشداری ئەوەی پێدا، کە دەتوانرێ بەبێ ئاشکراکردنی ئۆپەراسیۆنی ئەمریکا شتی کەم بۆ پشتوانی کورد بکرێ. "لەسەر بنەمای برووسکەکان و لەسەر داوای بارزانی، ئێمە بەسەر وێنەی تەواوی ڕەوشەکەدا چووینەوە و گەیشتینە هەر هەمان ئەنجام. ئێمە خەریکە دەگەینە سنووری خۆمان و ناتوانی چیدیکە لێیتێپەڕین، ئەگەر وەها بکەین لەوانەیە هەموو ئەوەی کردوومانە لەدەستی بدەین." لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئاماژەی بەوەدا، کە ئەمریکا ئەوەی ڕێکخستبوو چەکی AK – 47 یان ڕادەستبکا و یەک ملیۆن دۆلاریشی بۆ دابینکردنی چەکی دژەتانک دانابوو، کە سی ئای ئەی یارمەتی ئێرانییەکانی دابوو تا ئەو چەکانە لە ئەوروپاوە بکڕن. کێشەکەش چەکی دژەفڕۆکە بوو، کە بارزانی پێویستی پێبوو "تا پێی ڕووبەڕووی مەترسی ئەو فڕۆکە بەرزەفڕانە



هەواڵنامەی کتێب

ببێتەوە کە لە بەرزاییەکی زۆرەوە بۆمبەکانیان بەردەدەنەوە و هەر بەڕاستیش مەترسییەکی کوشندەن...، ئاخر ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆز و تێچوونییەکی زۆریشیان هەیە." پێدەچوو کە ئەوەی سەرتاپای ئیدارەی فۆرد پێیدەکرا داواکردن بوو لە گرووپەکانی یاریدەرەی مرۆیی تا یارمەتی ئێران بدەن بۆ ئەوەی بە پیر کێشەی ئاوارەکانەوە بچن و بەشێوەیەکیش کاربکەن، کە بایەخی ڕۆژنامەوانان بۆ سەر کوێرەوەریی کورد ڕابکێشن.[٨٤] کاتێکیش ئەمریکا نەیدەتوانی فەندی ڕاستەوخۆی پشتگیریی بۆ کورد زیادبکا، بەڕوونی هەوڵیدەدا لە جەنگەکەدا پشتی کورد بگرێ.

پاش دوو ڕۆژ، شا پەیامێکی بۆ کیسنجەر نارد و داوایلێکرد ئاخۆ پێویست دەکا هێزی سەربازی ئێرانی بۆ یارمەتی کورد بەکاربێنێ.[٨٥] ڕاستییەکەشی ئەوە بوو، **یەکە سەربازییە ئێرانییەکان بە جلی کوردییەوە هەر لەسەرەتای مانگی تەممووزەوە لەنێو عێراقدا لە چالاکی و ئۆپەراسیۆندا بوون.**[٨٦] هەرچەندە سی ئای ئەی دژی ئەم کارە بوو، بەڵام کیسنجەر کردەی بژاردەکەی پێپەسەند بوو، بەڵام خۆپارێز بوو سەبارەت بەوەی "لە تۆماردا" ئەوە بڵێ، چونکە "هەموو شتێک دزەی دەکرد."[٨٧] وەک ئاکامیش، کیسنجەر برووسکەی بۆ شا کردەوە و پێیگوت؛ ""ئەم کارە لە ڕووی بنەماییەوە بڕیارێکی ئێرانییەکانە [و ئەمریکاش] تێگەیشتنیان بۆ هەر [بڕیار]ێکی ئەوان هەیە." شاش ئەمەی وەک نیشانەی پەسەندنامەی کیسنجەر وەرگرت و بۆ ڕۆژی پاشتر فەرمانی بە هێزی سەربازیی خۆی کرد یەکەی هاوانهاوێژی بنێرن و ئەرکی ٤٨ سەعاتی بۆ یارمەتی کورد ڕاییبکەن. هەروەها فەرمانی بە بەتالیۆنی تۆپهاوێژی ١٧ ملم کرد کە ئەمریکا دابینیکردبوو لەسەر سنوور، لە نێو ئێران مۆڵگەی خۆیان لێبدەن، بەم جۆرە پێگەکانی عێراقییەکانی لە دەوروبەری «قەڵادزێ و ڕانیە»دا تۆپبارانکرد.[٨٩] بەڕوونی ئێران دەستهەبوونی خۆی لە جەنگی کوردا گەرموگوڕتر کرد.



هەواڵنامەی کتێب

برووسکەکەی کیسنجەر بۆ شا لە ٢٤ی ئابدا بۆ بایەخپێدانی ئیسرائیلییەکانیش گرنگ بوو بەڵکو مووشەکی دژەتانک بۆ کورد دابینبکەن.[٩٠] ئیسرائیلییەکان پێشنیازی ئەوەیان کردبوو، جبەخانەیەکی گەورەی مووشەکی دژەتانکی دەستکردی سۆڤیەت بۆ کورد بگوازنەوە، ئەو چەکانەی کاتی خۆی لە میانەی شەڕی ئۆکتۆبەردا لە میسر و سووریایان گرتبوو خوازیارییش بوون لە بەرانبەردا ئەمریکا مووشەکی دژەتانکی دەستکردی خۆیان بۆ قەرەبووبکاتەوە. لە ٢٥ی ئابدا، «هێلمز» بە کیسنجەری ڕاگەیاند، کە ئەو بابەتەکەی لەگەڵ «ژەنەڕاڵ ناسری» بەرپرسی ساواک هێناوەتەپێش، ئەویش قایلبووە، کە ئەمە باشترین بژاردەیە. هەرچۆنێک بێ، «هێلمز» هۆشداری سەبارەت بە دەستهەبوونی ئەمریکا لە پرسەکەدا دابوو، بەوەی ئەو گوتبووی، کە کارەکە شتێکی پێویست نییە، چونکە دەمێکە ئیسرائیلییەکان هێڵی لوولەکی گواستنەوەیان بۆ کورد ڕاچاندووە و پرۆسەکەش نزیکەی ٣٠٠ تۆن لە شتە بەڕاداندراوەکانی ڕادەستی کورد کردووە.[٩١]

سەرباری هۆشدارییەکەی «هێلمز»، کەچی کیسنجەر دەیەویست لەسەر ڕاگواستنی چەکەکان بەردەوامبێ و بابەتەکەشی لەگەڵ سەرۆک فۆرددا باسکرد. بەگوێرەی یادەوەری کیسنجەر بێ، لەو کاتەی لە ٢٦ی ئابدا کیسنجەر چاوی بە فۆرد کەوت، ئەو کارتی ڕێپێدانی وەهای پێدابوو، کە هەرچی لەو بارەیەوە بە پێویستی دەزانی، ئەنجامی بدا.[٩٢] بەگوێرەی دەستنووسی گفتوگۆکانیش بێ، کیسنجەر بە گشتی دەستتێکەڵکردنی ئەمریکای لە سەرەتاوە تا ئەم خاڵەی ئێستا پێیگەیشتبوون بۆ فۆرد ڕوونکردبووەوە، ئەوەی بۆ ڕوونکردبووەوە، کە کورد ئامرازێکن بۆ لادانی سەرنجی عێراق لەسەر بەرەی پێشەوەی سووریا. "ئەگەر عێراق [بە هۆی کوردەوە] دەستوپێی نەبەسترێتەوە، ئەوا دەتوانێ هێزی سەربازیی زیاتر لە سووریا دابنێ" و پرۆسەی ئاشتییەکەش لەبارببا. هەرچۆنێک بێ، بەگەیشتن بەو پنتە، کوردەکان لەپێناوی مانەوەی خۆیان جەنگان و بەبێ یارمەتی زیاتریش لە مەترسی ئەوەدا بوون بڕووخێن.



هەواڵنامەی کتێب

دوای بڕیارێکی کورت سەبارەت بەوەی ئاخۆ ئەمە کاریگەری بەسەر یەکە کاراکانەوە هەیە، فۆرد بە کیسنجەری گوت لەسەر سەروسەودای چەکی ئیسرائیلی بەردەوامبێ.[٩٣] دواتر لە هەمان ڕۆژدا، کیسنجەر برووسکەی بۆ «هێلمز» لێدا و لە پەسەندنامەی فۆرد بۆ پێشنیازەکەی ئیسرائیلییەکانی ئاگادارکردەوە.[٩٤]

لەو نێوەدا و لە ٢٦ی ئابدا، «لۆوری» سەرێکی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق دا، لەوێدا چاوی بە «شازلی تاقە» کەوت تا ڕەوشی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراقی لەگەڵ تاوتوێ بکا و کەناڵێکی نهێنی پشتپەردەش لەسەر پەیوەندییەکانیان بکەنەوە. هەر لە سەرەتاوە، ئەوە ڕوون بوو، کە «شازلی تاقە» بە بیرۆکەی کەناڵی نهێنی پشتپەردە خۆشحاڵ نەبوو، کۆبوونەوەی «شبیب»یشی لەگەڵ کیسنجەر لە نیسان لەنێو بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕووداوێک وەسفکرد. کێشەکەش ئەوە بوو، ئەمریکا و عێراق "جیاوازییەکی قووڵیان" سەبارەت بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبوو، نەخاسمە سەبارەت بە ئیسرائیل و "پێویستیشە ئەم شتانە بەرتەسکبکرێنەوە بەرلەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان باش ببنەوە." کێشەیەکی دیکەش پشتگیری ئەمریکا بوو بۆ ئێران، کە یارمەتییکی بێ ڕووپۆشی بۆ شەڕی یاخیبووە (شۆڕشگێڕە) کوردەکان لە دژی هێزەکانی عێراقی لە باکوور کردووە. لەسەر ئاستێکی کەسەکییدا، «شازلی تاقە» هەستیکرد، کە دیداری ڕاستەوخۆ لەگەڵ کیسنجەردا کارێکی هەندێک "پێشوەختانەیە"، چونکە پێدەچێ کۆبوونەوەکە "پڕبێ لە تاڵوتفتی و گۆڕینەوەی نیگای تیژ لەگەڵ یەکدییدا." هەرچۆنێک بێ سەبارەت بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی ئەمریکا - عێراق، ڕژێم کۆمپانیاکانی ئەمریکای بە گرێبەستەکان پاداشت کردبوو یان داوای سەردانکردنی ژنەکەی سەدام بۆ واشنتن بۆ چارەسەری نیشانەی پەیوەندیی دووقۆڵی بوو، کە دەمێک بوو باش ببوون. لە هەڵسەنگاندنێکی گفتوگۆکەدا، «لۆوری» ئەوەی دەرخست، کە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا بابەتێکی کارلێککەری ناکۆکی حزبییانەیە و ئەو


هەواڵنامەی کتێب

بڕوای وەها بوو، کە هەستیاریی «شازلی تاقە» زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەو نیگەرانییە بوو، کە ئەوانی دیکە لە نێو ڕژێمدا بە "لایەنداری" ئەمریکا تۆمەتباری بکەن لەبری ئەوەی کە ڕوانینی تایبەتی خۆی لەسەر بابەتەکە داوە. هەرچۆنێک بێ، ئەم گفتوگۆیە پەرەسەندنێکی سەرەکی بوو کە «لۆوری» تازە ڕایەڵەی ڕاستەوخۆی پەیوەندی لەگەڵ یەکێ لە باڵاترین کاربەدەستی حکوومەتی عێراقدا ڕاچاندبوو.[٩٥]

زۆر جار لە مانگی ئابدا، دیپلۆماتەکانی ئێرانی و عێراقی هەروەک لە ئەستەنبول یەکدییان بینی، ئیدی بۆ ئەوەی هەر وەک چۆن لە نەتەوە یەکگرتووەکان داخواز بوو تا کێشە هەڵواسراوە دووقۆڵییەکانیان چارەسەربکەن. لە ٣١ی ئابدا، ئێران و عێراق بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، تێیدا هاتبوو، کە ئەوان لەسەر ئاستی وەزیری کاروباری دەرەوەیاندا لە میانەی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تشرینی یەکەمدا درێژە بە گفتوگۆکانیان دەدەن. بە گوێرەی «لۆوری»یش بێ، لە ماوەی ئەو گفتوگۆیانەدا، عێراقییەکان هەندێک "لە شانازی بەخۆبوونیان قوتدایەوە" و ئامادەی بڕیاردانبوون بگەنە ڕێککەوتنێک، بەڵام ئێرانییەکان هەر لەسەر شەڕانگێزیی خۆیان مانەوە.[٩٦] لە ٦ی ئەیلوولیشدا، ئێران سکاڵای خۆی گەیاندە لای ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەوەی کەوا چوار فڕۆکەی عێراقی سنووری ئێرانییان بەزاندووە، ئیدی لەڕێی چەکی دژە فڕۆکە ناچارکراون بەڕێی خۆیاندا بگەڕێنەوە. بەگوێرەی سکاڵای ئێرانییەکان بێ، دوو لە فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بۆمبیان بەسەر گوندێکی ئێرانی بەرداوەتەوە و لە ئەنجامدا ١٥ گوندنشین کوژراون (کە نۆ کەسیان ژن و منداڵ بوون). ئێرانییەکان گوتیان، ئەوان "پارچەی بۆمبەکانیان لەلا هەیە" کە نیشاندەرەری دەستکردی بێگانەیە.[٩٧] لەبەرئەوە کە هەر تازەش ڕێگەی سیاسیی کرابووەوە، شەڕی کوردیش لەسەر تێکدانی پەیوەندییەکانی ئێران – عێراق بەردەوامبوو.



هەواڵنامەی کتێب

هەرچۆنێک بێ، دانووستانەکانی ئێران - عێراق لە پاشخانی تاوسەندنی گرژییەکانی شەڕەکەشدا هاتەئارا. لە چواری ئەیلوولدا، «نێومان Neumann» لە تەورێزەوە برووسکەی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە لێدا، تا هۆشداری ئەوە بدا بەوەی شاڵاوی "دووبارەبووەوە" هی سوپای عێراقی لەدژی کوردان دەستپێکردۆتەوە. بۆ دەستگرتن بەسەر کورددا، عێراقییەکان شەش فیرقەی سەربازیی نیزامی لەدژیان خستنەگەڕ، کە دوو لەو فیرقانە تایبەت بوون (یەکیان مەشقی لەسەر شەڕی شاخەکانیش کردبوو)، لەگەڵ چەندین بەتالیۆنی سەربەخۆی دیکە، ئەمانە هەر هەمووی خرانە خزمەتی شاڵاوەکە. شایانی باسە، «نێومان» تێبینیکردبوو، کە هێزی سەربازیی عێراقی لەچاو شەڕەکانی پێشتر بە چەک و تفاقی باشتر ڕێکخرابوو، "بەتەواویش فڕۆکە ڕووسییەکانی بەکارهێنا، بەزۆریش میگە کۆنەکان و فڕۆکەی بۆمبهاوێژی T - 22 و تانکە نوێیەکانی جۆری T - 55". ستراتیژیە دیارەکەی عێراقیشی ڕوونکردبووەوە، ئیدی «نێومان» چاودێری ئەوەی کردبوو:

> **ستراتیژی عێراق ئەوەیە، کە لە پاڵ پێدەشتەکانەوە و پێبەپێ ڕێگە سەختەکان هاوتەریب لەسەر سنووری ئێران پاڵەپەستۆ بخاتە سەر هێزە کوردییەکان تا دەگەنە سەر سنووری تورکیا، ئینجا جێشوێنی خۆیان قاییمبکەن بۆئەوەی هێڵی دابینکردنی یارمەتییەکانی ئێران و هەڵاتنی کوردە مەدەنییەکان ببڕن.**[٩٨]

تا هاتەسەر ئەم پنتە، ستراتیژییەکانی عێراق بۆ بەزاندنی کوردەکان بەشێوەیەکی بەرفرەوان شکشتیهێنا. هەر لە ئازارەوە تا تەمموز، عێراق گەمارۆیەکی ئابووری خستبووە سەر ناوچە کوردییەکان، هیوای وا بوو بەم ڕێکارە پشێوییەک بخاتە نێو دانیشتوانە مەدەنییەکان و بەڵکو بەڕووی بارزانیدا هەڵبگەڕێنەوە. ڕاستییەکەشی، پێچەوانەکەی ڕوویدا؛ گەلی کورد لە پشت بارزانی کۆبووەوە و کێشە ناوخۆکانیش نەمان. هەر لە ناوەڕاستی تەممووزەوە تا کۆتایی ئاب، عێراقییەکان توانیان ئەو هێڵە تەنگەبەرەی چیاکان بۆ قەڵادزە بگرن



هەواڵنامەی کتێب

و هێڵی دابینکردنی یارمەتییەکان بەرەو «سەردەشت»ی سنووری ئێران ببڕن، ئەمە و لە کاتێکدا دوو زنجیرە چیا سەرەکییەکەیان گرت ئەوانەی ڕێگەی گەلی عەلی بەگی دژوار، سەلامەت دەکەن و دەستیان بەسەر ڕواندزیشدا گرت، ئەو شارەی لە نزیک چیای هەندرێن هەڵکەوتبوو، کە شەڕە بەناوبانگەکەی ساڵی ١٩٦٦ی تێدا کرا. ئەمەش وای لە هێزەکانی عێراقی کرد لە بارەگای سەرەکی بارزانی لە حاجی ئۆمەران بۆ ٧٠ کیلۆمەتر نزیکبکەونەوە.[٩٩] هەروەها ئەمە بەڵگەیەکیش بوو لەسەر ئەوەی، کە عێراقییەکان تەکتیکی نوێیان پەیڕەوکردبوو. بەگوێرەی «نیومان» بێ، سوپای عێراق تەنیا بە بەکارهێنانی یەکەی گەورە گەورەوە هێرشیاندەکرد، دەگمەن بوو هەر هێرشێک ڕووبەڕووی ئاگری تەقەیەکی قورس ببێتەوە، تەنانەت لەوکاتەی ژمارەشیان زۆر لە هی کوردان زیاتر بوو، ئیدی زیاتر بەلای ئەوەدا شکانەوە کە پشت بە هێزی ئاسمانی و تۆپخانە ببەستن بەرلەوەی هەر هێرشێک بکەنە سەر بەرانبەرەکەیان. هەرچی لەدیوی کوردیشەوە بوو، کێشەکە ئەوە بوو، ئەوان لە بارەی چەکی دژەتانک و دژەفڕۆکە کورتهێن بوون، وێڕای ئەمەش تا کار گەیشتە سەر ئەم پنتە، ستراتیژی کورد ئەوە بوو "خۆیان لە هێرشی سەرەکی دوورخەنەوە و بەڵکو لە پشتەوە پەلاماری دوژمن بدەن و بەو هیوایەی خوێنی زۆریان لەبەر بڕوا و ئەمەش بگاتە حاڵەتێکی پەسەندنەکراو و دواجاریش سیاسەتەکە یان خودی ڕژێمەکە بگۆڕێ."[١٠٠] حیساباتەکەی «نیومان» ئەوەی نیشاندا، کە بە کۆتاییهاتنی هاوینی ١٩٧٤دا، هێرشی عێراق بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەرکەوتووانە بوو، ئامانجەکانی خۆیشی بەدەستهێنا، لەکاتێکدا کوردەکان بە هەناسەساردی پێویستیان بە چەکی پێشکەوتوو هەبوو.

لە کۆتایی ئاب و سەرەتای ئەیلوولدا شەڕ تەشەنەیسەند، سی ئای ئەیش پەیامێکی «شا»ی بۆ کیسنجەر نارد، تێیدا داوای ڕاوێژی لەبارەی ئەوە کردبوو، ئاخۆ کوردەکان پەلاماری دامودەزگەی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە نزیک شاری کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت لە باکووری عێراق بدەن. ئاخر بارزانی


هەواڵنامەی کتێب

داوایکردبوو، کە ڕێگەی پێبدرێ مووشەکی کاتیۆشای ١٤٠ بۆ بۆمبارانکردنی دامەزراوە نەوتییەکان بەکاربهێنێ، چونکە لەو بڕوایەدا بوو بەو ڕێگەیە ڕژێم لە داهاتی نەوتەکە بێبەشدەکا، کە زۆری پێویست پێبوو، ئیدی کردەوەکە دەبێتە فشار و لەوانەیە ئەوکات بەدوای نەرمکردنەوەیەکدا بگەڕێ. کاتێکیش کیسنجەر لە ١٨ی ئەیلوولدا وەڵامی پرسیارەکەی شای دایەوە، گوتبووی، "بە توندی لەو بڕوایەدایە، کە پەلاماری کورد بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووک هەڵەیەکی ڕاستەقینەیە." کۆشکی سپی بەدگومان بوو لەوەی هێرشێکی لەو جۆرە قەناعەت بە ڕژێمی عێراق بهێنێ بەوەی پەلاماردانەکانی خۆی بۆسەر پێگە کوردەکان سووک بکا؛ ڕاستییەکەشی پێچەوانەکەی ڕوویدا. پەلاماری کورد "دەکرا ببێتە مایەی ئەوەی ڕژێم هێرشی بەهێزتر و درێژمەوداتر بکاتە سەر کورد بۆ ئەوەی بەیەکجار و تا بشکرێ بە خێرایی توانای بەرگرییان نەهێڵێ." هەر لە هەمان کاتیشدا، دەکرێ ئەو پشتگیرییە زانراوەی ئێران بۆ کورد ببێتە مایەی ختووکەدانی تۆڵەکردنەوە لە دامەزراوە نەوتییە سەرەکییەکانی ئێران لە عەبادان، کە بەتەواوی لەبەردەم ڕێرەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەبدا کراوەیە. ئیدی لە ڕوانگەی ئەم هۆکارانەدا، کیسنجەر نەیدەتوانی دنەی ئەم جۆرە کردەوانە بدا.[١٠١] کیسنجەر لە یادەوەرەی خۆییدا دوو هۆکاری دیکەی بۆ ڕەتکردنەوەی پێشنیازەکەی بارزانی زێدەبارکردبوون: (١) ئەو نیگەرانبوو لەوەی هەر هێرشێکی کورد بۆسەر دامەزراوەی نەوتی عێراقی دەکرێ بێتە مایەی "زیاتر قووڵبوونەوەی ئەو سەختانگەی وزە، بەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەست لە دامەزراوە نەوتییەکان بوەشێنرێ." (٢) ئەو دەترسا بەم کارانە دەستی ناحەزانی دەستوەردان لە کاروباری کورد لەنێو حکوومەتی ئەمریکادا بەهێز ببێ، بەوەی ڕێگەیان پێبدرێ بڵێن، کە پێویستە کورد سەرچاوەی ئەوەیان لەبەردەستابێ کە پێگەکانی خۆیان پێ بپارێزن، بەڵام ئەگەر چەکی زێدەتریان بکەوێتە دەست ئەوا دەست بە هێرشی سەرەکی دەکەن."[١٠٢]


هەواڵنامەی کتێب

لە بەرایی مانگی تشرینی یەکەمدا، وەزیرەکانی ئێران و عێراق، هەر یەک لە «عەباس عەلی خەلعەتبەری» و «شازلی تاقە» لەسەر بنەمای گفتوگۆکانی ئیستەنبوول یەک لەدوای یەک لە نیویۆرک یەکدییان بینی. بە گوێرەی قسەی «خەلعەتبەری» بێت، گفتوگۆکان سەخت بوون، هەڵبەتە ئاسان نەبوون،" چونکە " هیچ کامێکیان نەدەکرا سازشبکا." لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕەوتی پەیوەندییەکان چووەپێش.[١٠٣] بۆ بەدبەختیش حاڵەتێکی تراژیدی لە «شازلی تاقە» ڕوویدا، ئەوەش ئەو کاتەی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە «ڕیبات»ی پایتەختی مەغریبدا لەمیانەی وێستگەی گەڕانەوەی بۆ نیشتمان فشاری دڵ لێیدا و و کوشتی. مەرگی «شازلی تاقە» کاریگەریی نەرێنی خستەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق، چونکە ئەو ڕێگەی هەڵسووڕاندنی کاروباری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای خۆشکردبوو بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ دەستیان بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕابگا و ڕۆڵی خۆشی لە دامەزراندنی کەناڵی پشتپەردەی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا گێڕابوو. «لۆوری» گەیشتبووە ئەو بەرەنجامە، کە بە مەرگی ئەو "ئەو ڕایەڵەی پەیوەندی پچڕا."[١٠٤]

## شەڕەکەی زستان

لە زستانی ١٩٧٤ - ٧٥ دا، شەڕی کورد بە ئاستێکی بێپێشینە تاویسەند. لە ٣١ی تشرینی یەکەمدا، «سکۆوکرۆفت» یاداشتێکی بۆ کیسنجەر نارد، تێیدا باسوخواسی داوانامەی تازەی کوردی بۆ شا بەیانکردبوو، کە نامەیەکی سەروسەودای چەکەکەشی تێدا بوو. بە گوێرەی یاداشتەکە بێ، بارزانی لە نزیکبوونەوەی زستان و ژیانی ٤٠٠,٠٠٠ ئاوارە لە باکووری عێراق و ١٠٠,٠٠٠ ئاوارەی دیکە لە ئێران نیگەران بوو، خوازیار بوو ئەمریکا ببێتە ناوەندگیرێک لە لای حکوومەتی تورکیا، تا ڕێگەی ئاوارە کوردە بێچەکەکان بکا، کە لەسنووری تورکیا بپەڕنەوە، بۆ ئەوەی خاکی تورکیا وەک ڕێڕەوێک بۆ گەیشتنە ئێران


هەواڵنامەی کتێب

بەکاربهێنن. سەرباری ئەمەش، هەردووکیان، چ بارزانی و چ شا دەیانەویست ئەمریکا هەژموونی خۆی بۆ سەر ڕێکخراوە مرۆییەکانی ئەمریکی و نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان بەکاربهێنێ تا کۆمەکی ئێران بکەن بۆ ئەوەی مشووری کوردەکان لەدەستی "شاڵاوی جینۆسایدانەی عێراق"ـەوە بخۆن. بۆ بەدبەختیش، «سکۆورکۆفت» ئاماژەی بەوەدابوو، کە سیاسەتێکی بەردرێژی ئەمریکا هەبوو بەوەی دەستوەرنەداتە نێو کاروباری ڕێکخراوە سەربەخۆکانی بەهاناوەهاتن و کۆمەککردن.[١٠٥]

ئیدی لەو نێوەدا، لە درەنگانێکی مانگی تشرینی یەکەمدا، ئیسرائیلییەکان گەیشتنە دەرهاوێشتەی ئەو لێکۆڵینەوەیە، هەستیانکرد کوردەکان پێویستییان بە چ جۆرە چەکێک هەیە تا خۆیانی پێ لە دەستدرێژیی عێراقییەکان بپارێزن. لیستەکە جەختی لەسەر پێویستی چەکی دژەتانک و دژەفڕۆکە کردبووەوە، بەڵام خۆ پێویستیشیان بە ملیۆنان کلاشینکۆفی AK - 47 و تفەنگی برنۆ، ڕەشاش و تۆپخانەی قورس هەبوو. بۆ دابینکردنی ئەو چەکانەش، ئیسرائیلییەکان پێویستیان بە بڕی ٢٤ ملیۆن دۆلار هەبوو تا ئەو سەروسەودایەی پێڕێکبخەن.[١٠٦] سی ئای ئەیش بە پێشنیازی سەروسەودای ئەو چەکانەی ئیسرائیلی ناڕەحەت بوو. ئەوە بوو لە دووی تشرینی دووەمدا، «کۆلبی» یاداشتێکی بۆ کیسنجەر نارد، تێیدا هۆشداری "لە دژی پترکردنی ئاستی پشتگیریی [وەڵاتە یەکگرتووەکان] بۆ بارزانی دابوو، چونکە زێدەکردنی دیکەی یارمەتی بۆ کورد دەکرێ ئۆپەراسیۆنە هەستیارەکە مەترسیدار بکا." ئاخر هەر لە ١٩٧٢ـەوە، ئەمریکا بە نزیکی ٢٠ ملیۆن دۆلار پشتی کوردەکانی گرتبوو، بە ١,٢٥٠ تۆن لە چەکی بەڕاداندراویشەوە. لەبەر هەموو ئەم شتانە، ئەو وەها هەستیکرد، کە ئێران زۆر لەبارە بۆ پێدانی هەر پێداویستییەک کورد بیخوازێ. یاداشتەکە ئاماژەشی بەوە دابوو، کە دەستدێژییەکانی عێراق بارزانی ناچارکردبوو، **هێزەکانی لە نزیک سنووری ئێران چڕبکاتەوە تا بارەگای سەرەکی خۆی پێ بپارێزێ. «کۆلبی» هۆشداریدا، ئەگەر هاتوو بارزانی ئەو**



هەواڵنامەی کتێب


**ناوچەیە لەدەستبدا، ئەوا زۆر لە لایەنگرەکانی لەکۆتاییدا دەستبەرداری دەبن و ئینجا ئەو ناچاردەبێ دەست بە تاکتیکەکانی شەڕی گەریلایی بکاتەوە.**[١٠٧]

هەرچۆنێک بێ، کیسنجەر لە یادەوەری خۆییدا، بەڵگەوبەندەکانی «کۆلبی» ڕەتکردۆتەوە، "بەوەی لەوێدا نهێنیپارێزی زۆر گرنگترە لە پابەندبوون بە کورد،" و **پرسیارێکی لۆژیکیش دەکا سەبارەت بەوەی ئاخۆ چۆن پشتگیرییەکە بۆ شا جێبهێڵرێ. ئەو لەوەش ترسا، ئێران زیاد لەپێویست خۆی لە پرسەکە هەڵبقورتێنێ ئەگەر هاتوو چەکو تفاقی زیاتر بۆ کوردەکان دابینبکا،** مشتومڕیشی لەسەر ئەوە بوو، "مەگەر [وڵاتە یەکگرتووەکان] چەکی جێگرەوە دابینناکا، دەنا [شا] دەکرێ هێزی سەربازیی خۆی پێ لاوازبکا. بەڵام ئەگەر ئێمە ئەوەمان کرد، ئەوا خۆمان لە کۆنگرێسدا تووشی شەڕێکی هەناسەساردانە دەکەین."[١٠٨] هەر بۆیە کیسنجەر لێبڕاوانە بوو، کە بەشێوەیەک یارمەتی کورد بدا تا نە ئێران و نە بەرگریی ئیسرائیلیشی پێ لاوازببێ. ئەو بە ئیسرائیلییەکانی گوتبوو، دەیەوێ پرسەکە لەگەڵ شا باس بکا ئینجا خەبەریان لێدەگێڕێتەوە.[١٠٩]

لە بەرایی مانگی تشرینی دووەمدا، کیسنجەر گەشتێکی بۆ تاران کرد، لەوێدا جارێکی دیکە چاوی بە شا کەوتەوە. لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکی دیدارەکەی دۆزینەوەی ڕێگەیەک بوو، ئاخۆ چۆن ئێران یارمەتی ئیدارەی فۆرد بدا و چۆن باری پڕ لە فشاری سەختانگی نەوت لەسەر ئابووری ئەمریکا سووکبکا، کەچی پرسی عێراق و کوردیش باسکرا. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی کیسنجەر بۆ فۆرد سەبارەت بە گفتوگۆیەکان بێ، شا گوتبووی، کە تەنانەت ئەگەر عێراقی کوردیش تێکبشکێنێ، ئەوا هێزی سەربازیی ئێرانی دەستوپێی عێراق لەسەر سنوورەکانی خۆی دەبەستێتەوە، کە ئەو پێی وا بوو عێراقییەکان پێیان باشتر دەبێ لەبەرەی سووریاوە بەرەنگاری ئیسرائیلییەکان ببنەوە. هەرچۆنێک بێ، شا لە ١٠٠,٠٠٠ ئاوارەی کورد نیگەران بوو، کە بەلێشاو پەڕیبوونەوە سنووری باکووری ڕۆژئاوا، هەروەها دیاربوو سەبارەت بە دابینکردنی ئاسایش بۆ ڕێکخراوە کۆمەکبەخشە نێودەوڵەتییەکانیش خەمخۆر بوو. لە کۆتاییشدا،


هەواڵنامەی کتێب

کیسنجەر و شا ڕێککەوتن کە "تیشکی سەوز" بۆ گواستنەوەی چەکی ئیسرائیلی هەڵبکەن.[١١١]




MAP 8.1 Kurdish War: 1974-75.[110]



هەواڵنامەی کتێب

هەر یەک دوو ڕۆژ دوای سەردانەکەی کیسنجەر بۆ تاران، ئەو چاوی بە سەرۆکوەزیرە نوێیەکەی ئیسرائیل «ئیسحاق ڕابین» کەوت، ئەویش گوتی، کە کوردەکان "چەندین تانکی عێراقییان تێکشکاندوون"، ئەمەش لە سایەی مووشەکەکانی «ساگەر Sagger (AT – 3)» و «ستریێلا Strella ( SA – 17)»ـەوە بوو، کە بەم دواییانە بەدەستیان گەیشتبوو.[112] هەرچۆنێک بێ، ئیسرائیلییەکان سەبارەت بە وەخراندنی پارەدانی ئەو مووشەکانە نامراد بوون. کاتێکیش پرسەکە لە ١٦ی تشرینی دووەمدا لەگەڵ کیسنجەر باسکرا، ئەو بە «سمیخا دینیز Smicha Dnitz» باڵوێزی ئیسرائیل لە ئەمریکا و «مۆردەخای شالێڤ Mordechai Shalev»ی جێگری گوت، کە شا سەروسەودای چەکەکانی پەسەندکردووە، بەڵام هەندێک شت لە ئەوروپا و پارەدانی ئەو شتانەش بووەتە کێشە. هەر بۆ نموونە، ئیسڕائیییەکان گوتیان، ئەوان بۆ کڕینی ئەو چەکانە پێویستیان بە پارەی کاش هەیە، هەرچی کیسنجەر بوو پێیباشتر بوو کەرەستەی جێگرەوەیان لەجیاتی بدرێتێ. بۆ کیسنجەر کێشەکە ئەوە بوو، پارەدانی بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلار بۆ سەروسەودایەکی نهێنی چەک، دەکرێ سەرنجێکی نەخوازراو بۆخۆی ڕابکێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا کیسنجەر ئەوانی دڵنیاکردنەوە، کە ڕێگایەک بۆ پارەدانەکە دەدۆزێتەوە و داوای لە ئیسرائیلییەکانیش کرد دەست بە گواستنەوەی چەکەکان بۆ دەستی کورد بکەن.[113]

لەگەڵ ئەوەی مانگی تشرینی دووەم گەیشتە نیوە، پشتگیریی ئێرانییەکان بۆ کورد گەیشتە ئاستێکی بێ پێشینە. بەگوێرەی لێکدانەوەی نووسینگەی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوە INR بێ، لەبەر پشتگیری ئێران بۆ کورد، گرژییەکان لەگەڵ عێراقدا گەیشتنە خاڵێک کە "هەر بە ڕاستی ئەگەری بەیەکدادانی گەورەی لێدەکرا." ئیدی لەم پنتەدا، ئێران چەندان یەکەی سەربازیی خۆی لە نێو خاکی عێراقدا خستەگەڕ، بە دوو بەتالیۆنی تۆپخانە (یەکێکیان بە تۆپی ١٣٠ملمی دەستکردی سۆڤیەتی و ئەوی دیکەشیان بە تۆپی ١٥٥ملم و ٨ ئینجی


هەواڵنامەی کتێب

دەستکردی ئەمریکا)، چەندین دەستەی هاوانهاوێژ، چەندین بنکەی بەرگری هەوایی لەگەڵ دوو یەکەی مووشەکهاوێژی زەوی بۆ ئاسمان لە جۆری ڕاپیرRapierی بەریتانی بەشداری شەڕەکەی کرد. لەوەش زیاتر، هەر لە ٢٥ی تشرینی یەکەمەوە، یەکە سەربازییە ئێرانییەکان ڕێگەیان پێدرابوو لەنێو خاکی عێراق و هەر جارەی بۆ ماوەی دە ڕۆژ لەسەر یەک بجەنگن. ئیدی بەو ڕەوشە تێکچڕژاوەوە لە ١٢ی تشرینی دووەمدا بنکەیەکی بەرگری هەوایی ٢٣ ملیمی کە لەنێو خاکی عێراقدا دامەزرێنرابوو، فڕۆکەیەکی شەڕکەری بۆمبهاوێژی سیخۆی جۆری SU - 7ی خستەخوارەوە.[١١٤] هەر لەهەمان ڕۆژیشدا، شا بە «کالاهان»ی گوت، کە پشتگیری تۆپخانەی ئێرانی "زۆر کاریگەر" بووە و "کوردەکانیش چیدی ناکشێنەوە بەڵکو بەچڕی لە شوێنەکانی خۆیاندا دەجەنگن." ئەو گوتیشی، پشتگیرییەکەی ئەو بەردەوام دەبێ، بەڵام سوپای عێراق تاکتیکەکانی خۆی گۆڕیوە و پێدەچێ بڕیاریدابێ تا زستانی داهاتوو دەست بە خاکەوە بگرێ. بە ئاماژەدان بە داوانامەیەکی ئەم دواییەی بارزانی، «کالاهان» بە شای گوت؛ کیسنجەر نامەیەکی پێگەیشتووە و بەدواداچوونی بۆ دەکا، بەڵام ئەوەشی بۆ زیادکرد، کە سی ئای ئەی "بودجەکەی بۆ ئەم ساڵەی ئۆپەراسیۆنەکە داچۆڕاوە." کاتێکیش ڕاپۆرتی گفتوگۆی لەگەڵ شا بۆ کیسنجەر بەرزکردەوە، ئەوەی خستەسەر، "بە دڵنیاییەوە عێراقی و سۆڤیەتییەکان دەزانن، کە ئێرانییەکان ئەو چەکانەیان دابینکردووە بەڵام هێشتا هیچ کامێکیان هیچیان نەگوتووە." بە ڕوونی، بڕیاری عێراقییەکان بۆ ئەوەی لە میانەی زستاندا پێیان لەسەر خاکدا بچەقێنن، بێئومێدبوونی زیاتری شا لە توانای بەرگری کورد و بەرزبوونەوەی ناڕەزایی سی ئای ئەی لێکەوتەوە، هەموو ئەمانە پرسیاریان سەبارەت بە کردەنیبوونی ئۆپەراسیۆنەکە هێنایەگۆڕێ.[١١٥]

لەو نێوەشدا، لە ١١ی تشرینی دووەمدا، حیزبی بەعس گۆڕانکارییەکی گەورەی کابینەی وەزارەتی ڕاگەیاند، چوار وەزیری لادا و هەشت وەزیری نوێشی دامەزراندن. بەگوێرەی «لۆوری» بێ، "سەدام حوسێن جڵەوی دەسەڵاتی


هەواڵنامەی کتێب

دامەزراوەی حکوومەتی گرتبووە دەست و بەرەی ناوخۆی ڕژێمی لە ڕێی هێنانە پێشی بەعسییە دڵسۆزەکان بەخۆی لە پۆستی گرنگ و سەرەکی دانان و غەیرە بەعسییەکانیشی وەدەرنان یان کەمیکردنەوە." ئەمەش ئاماژەبوو، کە سەدام هیچ نیازی نەبوو دەسەڵات لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی دیکەدا بەشبکا و تەواوی جڵەوی دەسەڵاتی لە دەستی خۆیدا هێشتەوە. هەروەها «لۆوری» هەستیکرد، گۆڕانکاری بەرچاوی کابینەی حکوومەتەکە بووەتە مایەی باشکردنی هەمەلایەنەی نمایشی ڕژێم، بەتایبەتیش بە دانانی «سەعدون حەمادی» بە وەزیری کاروباری دەرەوە. «لۆوری» گەیشتە ئەو ئەنجامە، کە دیاربوو گۆڕانکارییەکە "لەڕووی هاوسەنگییەوە، بۆ سەقامگیری سیاسیی و بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئاراستەی بێلایەنی و سیاسەتی واقیعیانە بەسوودە."[١١٦] لەوەش زۆر گرنگتر، ڕکێفگرتنی دەسەڵات لە لایەن سەدامەوە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٤دا لەکاتێکدا هات، کە شەڕی کورد دۆخەکەی شڕکردبوو. ئیدی بە گۆڕینی کابینە و لەجێدانانی دڵسۆزەکانی، سەددام بووە ئەو کەسەی بتوانێ ئەمجارەیان بە دیدێکی تەواو گونجاوانەوە لە شەڕی کورد بڕوانێ.

بە هاتنی مانگی کانوونی یەکەم، هێرشی عێراقی بۆ سەر کورد "هەژا، گەرمبوو و لە دواییدا" بە هاتنی پایز "وەستا" ئەمە و لەکاتێکدا بوو بارەگای سەرەکی بارزانی لە حاجی ئۆمەران و بەشی هەرەزۆری هێڵی دابینکردنی پشتگیریی ئێرانیەکان بە سەلامەتی مایەوە، ئاخر ئێرانییەکان ڕێگەی نوێی گەیاندنی هاوکارییەکانیان بۆ سەر سنووری عێراق لێدابوو، هێڵی دووەمی دابینکردنی یارمەتییەکانیان بۆ هێزە جەنگاوەرە کوردییەکان لە نزیک قەڵادزێ دامەزراندبوو. لە سایەی سەری ئاگری تۆپخانەی ئێرانی و هاتنی زستان، کوردەکانیش یەکەکانی سوپای عێراقیان ناچارکرد بەرەو دۆڵەکان بکشێنەوە. هەرچۆنێک بێ، زستانی ١٩٧٤ – ٧٥ زۆر نەرم بوو، بەجۆرێک فڕۆکەکانی عێراق توانیان لەسەر بۆمبارانکردنی پێگەی کوردەکان بەردەوام بن. بەگوێرەی «نیومان» زۆرترین شەڕی ڕاستەقینە لە چیاکانی نزیک ڕواندز ڕوویدا، ئەو


هەواڵنامەی کتێب

شوێنەی " تەکنیکارانی ڕاداری بەریتانی... چاودێرییان کردبوو، کە چالاکی هێزی ئاسمانی عێراقی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک بەردەوام و کارا بووە." بۆ خۆشبەختیش یارمەتی ئێرانییەکان و دەستکەوتنی ئەم دواییانەی چەکی دژەفڕۆکە و دژەتانک بۆ بارزانی ڕێگەی لە هاتنەپێشەوەی زیاتری عێراقییەکان گرت.[١١٧]

لەو نێوەدا، هەروەک چۆن پشتگیریی ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکییەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر شەڕەکەوە هەبوو، کەچی هۆشداری درایە «هێلمز» بەوەی، کە شا بە هاوکاریی خۆی بۆ دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد دەچێتەوە. هەر بۆ نموونە، لە کۆبوونەوەیەک لە چواری کانوونی یەکەمدا، شا بە دەنگێکی گەورەوە هزرەکەی هێنایە گۆ، "پێم سەیرە بۆچی عیراقییەکان بە سادەیی لەگەڵ ئێمە لەسەر شەتولعەرەب پێکنایەن؟ خۆ دوای هەموو شتێک کێشەکان لەوە کەمترن کە پێیەوە نیگەرانن." پاشان، «هێلمز» زانی، «مەلیک حوسێن»یش وەک نێوەندگیرێکی نهێنی لەنێوان ئێرانی و عێراقییەکان دێت و دەچێ. کاتێکیش «هێلمز» پرسەکەی لە ١٠ی کانوونی یەکەمدا لەگەڵ «عەلەم» خستەڕوو، ئەویش ڕوونیکردەوە، کە شا پەیامێکی سەبارەت بە نزیکبوونەوەی عێراق لە مەلیک حوسێنەوە پێگەیشتووە، بەڵام نەچووە نێو وردەکاری زیاتر. کاتێکیش «هێلمز» نیگەرانییەکەی خۆی بە ڕاپۆرتێک بۆ کیسنجەر بەرزکردەوە، ئەو خەمی ئەوەی بوو، کە کورتهێنییەک سەبارەت بە ڕێککەوتن لەسەر شەتولعەرەب لەگەڵ ئێران بە هیچ کوێ ناگا. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، شا بڕوای وا بوو، پێویستە ڕژێمی دیکە دەسەڵاتی عێراقی بگرێتەدەست، ئاخر خۆ هەر لەبەر ئەوەش بوو، پشتی کوردانی گرتبوو. هەرچۆنێک بێ، ئەگەر عێراق بیویستبا کێشەی ڕێڕەوە ئاوییەکە چارەسەربکا، ئەوا مجێزی شا بۆ ئەوە دەچوو ڕێکبکەوێ، چونکە شەڕەکە تادەهات بە نرخی زیاتر و هەراسانتری لەسەر دەکەوت.[١١٨]



هەواڵنامەی کتێب

دوای هەوڵە نێوەندگیرییەکەی مەلیک حوسێن زۆری نەخایاند، کە شا دیاربوو ویستی چارەسەری عێراق و خواستیان بۆ سازان لە ڕێی تاودانێکی بە گوڕ لە شەڕی کورددا تاقیبکاتەوە. لەماوەی هەردوو ڕۆژی ١٤ و ١٥ی تشرینی یەکەمدا، هێزەکانی ئێرانی جێگیربووی نێو خاکی عێراق دوو فڕۆکەی باجەری عێراقی جۆری TU – 16یان لە ئاسمانی کوردستانی عێراقدا خستەخوارەوە. کاتێکیش عێراق ئێرانی بە خستنەخوارەوەی فڕۆکەکان خەتابارکرد، ئێرانییەکان هیچ هەوڵێکیان نەدا تا بەرپرسیاریی خۆیان بشارنەوە، بەڵکو گوتیان ئەو فڕۆکانە لەسەر ئاسمانی ئێران لێیاندراوە و "گەڕێنراونەتەوە عێراق" و لەوێ تێکشکاون.[١١٩] عێراقیش بە دەهریبوونەوە ویستی ئەمەریکا ڕاکێشێتە نێو ئەم بگرەوبەردەیە، چونکە گوتی ئەو فڕۆکانەی خراونەتە خوارەوە بە مووشەکی هۆک Hawkی ئەمریکی لێیاندراوە[59]، ئەمە و لە کاتێکدا هۆشدارییان دایە ئێران و پاڵپشتەکانیان، بەوەی دەبێ ئەوان "ئۆباڵەکەی لە ئەستۆبگرن."[١٢٠] دوای ئەوەی «هێلمز» بە خەتابارکردنەکەی عێراقی زانی، برووسکەیەکی بۆ واشنتن لێدا تا ئەوە دەستنیشانبکا، کە هێشتا مووشەکەکانی هۆک نەگەیشتوونەتە ئێران.[١٢١] بە گوێرەی ڕاپۆرتی نووسینگەی هەواڵیگری و لێکۆڵینەوە INR بێ، لەوکاتەی کە ئێران هەردوو فڕۆکەکەی عێراقی خستنەخوارەوە، لەوێدا "هیچ بەڵگەیەک نەبوو بەوەی ئێرانییەکان مووشەکی هۆکییان لە نێو عێراق یان لە نزیک عێراق دامەزراندبێ،" هەرچەندە بەڵگەی زۆر هەبوون کە مووشەکەکان جۆری ڕاپیر Rapierی دەستکردی بەریتانی بووبن.[١٢٢] هەر دوای خستنەخوارەی فڕۆکە

---

[59] ئێمە ئەوکات ماڵمان لە گوند بوو، (گرتک و ڕوست)ی دەڤەری باڵەکایەتی، من منداڵ بووم، ناوی «هۆک»م بەبیر دێ، دیارە زیاتر لە دەوروبەرم بیستبوو کەوا چەکی هۆک هاتووە و بەدوای فڕۆکەکاندا دەڕوا تا نەیانخاتە خوارەوە وازیان لێناهێنێ. بەڵام شتێکی دیکەم لەیادە، لە ئاخروئۆخری تێکچوونی شۆڕشەکە، بۆ بەدبەختی پێشتریش گوندەکەمان وەک زۆر شوێنی دیکە بەر ناپاڵمی فڕۆکەی باجەرەکانی ڕژێمی عێراق کەوتبوو، بەڵام ئەمجارەیان لەبەرەبەرەی بەهاردا، وەک خەڵکی گوند گوتیان، دوا ناپاڵم بەر ناوەڕاستی گوندەکەمان و لە گوندەکەشمان بەر ماڵی باپیر و مامم کەوت، ئەو کات ئێمە هەڵاتبووین خۆمان لە ئەشکەوتان حەشاردابوو، بەڵام نەنکی بابم و مامۆژنی بابم لەبەر تەمەن و پەککەوتەیی هەر لە خانووی گوند مابوونەوە، ئیدی ئەوان بە ناپاڵم بوونە قەرەبروت و زیانێکی زۆریش بەر خانووەکانی گوند کەوت، یەک دوو ڕۆژ دوای ئەو گوترا شەڕ وەستا! (وەرگێڕ)



هەواڵنامەی کتێب

عێراقییەکان، «عەلەم» بانگی «سێر ئەنتۆنی پارسۆن Sir Antony Parson»ی باڵوێزی بەریتانیای کرد، تا پرسەکەی لەگەڵدا باسبکا، "باڵوێزیش ئەو کەسە بوو، لە خۆشی سەرکەوتنی مووشەکەکانی «ڕاپیر» شاگەشکە ببوو."[١٢٣] هەرچۆنێک بێ لە میانەی ئەو کردەوە ختووکەدەرەدا، شا پەیامێکی ڕوونی بۆ عێراق نارد، کە ئێران هێزی باڵکێشی ناوچەکەیە و تاکە ڕێگەش بۆ ئەوەی لە تاوسەندنی گرژییەکان دووربکەونەوە ئەوەیە، سازش لەسەر شەتولعەرەب بکەن.

ئەم کردەوەیەی ئێران وای لە «لۆوری» کرد لە ٢٣ی کانوونی یەکەمدا پێشنووسی گەڵاڵەنامەیەکی هەڵوێست بنووسێ، کە تێدا داوا لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا بکا، "هەوڵێکی نێوەندگیری مەحکەم بدا" تا شا کۆتایی بە کڵپەسەندنی کێشەی ئێران – عێراق بهێنێ. «لۆوری» بە پێداگیرییەوە داوایکرد، کە ئەمە نەوەک هەر تەنیا لە بەرژەوەندی ئێرانییەکانە بەڵکو لە بەرژەوەندی تەواوی ناوچەکەشدایە. بەو ڕوانینەی لە بەغداوە هەبوو، «هێلمز» هەستیکرد، **کە کورد "شەڕێکی هیوابڕاوانە دەکا"** و "هیچ لایەنێکیش نایەوێ ئەوان سەرکەوتوو بن." هەر بەڕاستیش، "تەنانەت ئێرانییەکانیش [گوتیان] ، ئەوان نایانەوێ پشتگیرییەکی وەهایان بکەین تا بچنە حاڵەتی هێرشبردن. تاکە هیوای ئەوان... [دیاربوو] ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا بوو." لەوەش خراپتر، «لۆوری» ئاماژەی بەوە دا، کە باڵوێزی بەریتانیا لە عێراق «سێر جۆن گراهام Sir John Graham» بە «هێلمز»ی گوتبوو، کە شا لە بەهاردا پلانی هەیە ڕەوشەکە زیاتر بتەقێنێتەوە، بەوەی پشتیوانی سەربازییانەی خۆی بۆ بارزانی زیاتربکا. هەروەها «لۆوری» هۆشداری دا؛ "خۆ ئەگەر ئەمە دەربڕی بیرکردنەوەی شا بێ، کەواتە ئێمە خەریکە بە دڵنیاییەوە بەرەو ئاراستەیەکی بەربڵاوی تاوسەندنی کێشەکە بڕۆین." ئیدی لەژێر تیشکی ئەم هەموو شتانەدا، «لۆوری» بە پێداگیرییەوە داوای لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کرد، کە لە شا نزیکببنەوە و داوای لێبکەن بەڵکو "جدییەتی ئارەزووی عێراق بۆ لەیەکنزیکبوونەوە


هەواڵنامەی کتێب

تاوتوێبکاتەوە لەوەی نەسەلمێنانە لەسەر ئەو هەڵوێستە بمێنێتەوە، گوایە ڕژێمی بەعس دوژمنێکی سەرسەختە."[١٢٤]

کاربەدەستانی ئەمریکا لە تاران بە ناحەزییەکی کراوە لە ڕاسپاردەکانی «لۆوری»یان ڕوانی. لە ٣٠ کانوونی یەکەمدا، «جاک میکلۆس Jack Miklos»ی جێگری «هێلمز»، برووسکەیەکی بۆ واشنتن لێدا و تێیدا مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە شا ڕژێمی عێراق وەها دەبینێ "تاقمێکن لە چەتە و بکوژ، بەتوندیش دژی [ئێران]ن." بڕواشی نییە ڕژێمی عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا باشبکا هەروەها وەهاش بیرناکاتەوە، کە کورد "بۆ شەڕێکی هیوابڕاو" بجەنگێ." هەروەها «میکلۆ» پێشنیازەکەی «لۆوری»یشی بەلاوە نا، گوایە کێشەی ئێران – عێراق بەرەو جەنگێکی هەرێمی ملدەنێ، ئیدی ئەو گەیشتە ئەو ئەنجامە:

> **دەبێ بەغدا پەی بەوە ببا، کە ئەگەر هاتوو ڕاستەوخۆ هێرشبکاتە سەر ئێران، ئەوا سۆڤیەتییەکانیش، کە پشکی زۆریان هەروەک چۆن لە عێراقدا هەیە لە ئێرانیش هەیانە، لە پاڵ ئێران دەوەستن و ئەوسا بە خراپ بۆسەر عێراق دەشکێتەوە. تا ئەو ڕاددەیەی شتەکە بە خەمخواردنی ئێرانەوە بەندبێ، ئەوە سەلمێنراوە، کە ئێران هیچ ئارەزوویەکی دیکەی بەدەر لە دڵنیابوونەوەی مانەوەی کورد و بێئومێدکردنی هەوڵەکانی بەغدا بۆ سەرکوتکردنی یەکجارەکی کورددا نییە.**

ڕاستییەکەشی ئەوە بوو، «میکلۆس» بەهایەکی مەزنی بۆ پشتگیریی ئێران بۆ کورد دانابوو، ئاماژەی بەوەدا بوو کە بە ڕێژەی ٨٠٪ی هێزی سەربازی عێراقی پێوەندکردووە، بەشێوەیەک کە ناتوانێ لە دژی ئیسرائیل، کوێت یان کەنداو بەکاری بهێنێ. هەر بۆیە «میکلۆس» بە پێداگیرییەوە داوایکرد، کە پێشنیازی «لۆوری» بۆ داواکردن لە شا تا پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد ببڕێ "شایستە نییە چونکە نەخوازراوە ئاخر ئەو گریمانەیەی پێشنیازەکەی لەسەر هەڵنراوە


هەواڵنامەی کتێب

نەگونجاوە (بەلای کەمییەوە هی ئەوەی نییە مرۆ قەناعەتی پێبێ)، هەروەها ئەو ڕاستییەش هەیە، کە پێشنیازەکە خزمەت بە بەرژەوەندییە هەمەلایەنەکانی ئەمریکا ناکا." جارێکی دیکە، جیاوازیی لە نێوان کاربەدەستانی ئەمریکا لە تاران و لە بەغدا نەدەکرا لەیەک جیابکرێنەوە.[١٢٥]

دیسان لە کۆتایی کانوونی یەکەم و سەرەتای کانوونی دووەمدا، ئیسرائیلییەکان پرسی گواستنەوەی چەکەکانیان بۆ کورد هێنایەپێشەوە. لە ٢٣ی کانوونی یەکەمدا، «دینتز»ی باڵوێز بە کیسنجەری گوت، کە زەحمەتە "بەرنامە لەسەر ڕێککەوتووەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە." ئەو گوتی، تێچوونی مووشەکەکان گەیشتووەتە سەرووی ٢٨ ملیۆن دۆلار و ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیش هێشتا ڕێگەی دارایی سەودایەکەی نەدۆزیوەتەوە.«دینتز»یش نیگەرانبوو لەوەی ئەگەر هاتوو چەکەکان بەر لە وەرزی توانەوەی بەفر لە بەهار نەگەن، ئەوا کوردەکان زۆر بۆیان سەخت دەبێ بەرگەی هێرشی عێراقییەکان بگرن. بە داننان بەم شتە، کیسنجەر بەڵێنی بە «دێنتز» دا ، کە ئەو "ڕێگەیەک دەبینێتەوە" بۆ ئەوەی چەکەکان بگەنە دەستی کورد.[١٢٦] هەرچۆنێک بێ، دوای یەک دوو هەفتەی دیکە، ئیسرائیلییەکان دیسان پرسەکەیان ورووژاندەوە. لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥دا، «ییگال ئاللۆن Yigal Allon» جێگری سەرۆوەزیری ئیسرائیل و وەزیری کاروباری دەرەوە، بۆ پرسی پێویستبوونی خێرای گەیاندنی چەکەکان، جەختی لە کیسنجەر کردەوە. ئەوە بۆ یەکەمین جاریش بوو، کە عێراقییەکان بتوانن ئەمجارەیان سەنگەرەکانیان لە چیاکان لێبدەن و لەماوەی زستانەکەشدا خۆیان بگرن و ئامادەشبوون هێرشێکی سەرەکی بکەنە سەر کورد. کیسنجەریش گوتی، "هیچ ناکۆکییەک لەو بارەیەوە لە ئارادا نییە. ئێمە چەکەکانتان دەدەینێ." گرفتەکەش بریتی بوو لە بەربەستە بیرۆکراتییە سەختگیرەکان. بۆ زاڵبوونیش بەسەر ئەو کێشەیەدا، کیسنجەر پێشنیازی ئەوەی کرد، ئەمریکا "بڕی ٢٨ ملیۆن دۆلار" بخاتەسەر بەشە کڕینی چەکی داهاتووی ئیسرائیل. شایانی باسە، «ئاللۆن» نیگەرانی سەبارەت بە نیازەکانی شا هێنایەپێشەوە، کۆمێنتی ئەوە بوو، لەو



هەواڵنامەی کتێب

کاتەی ئەو "زیاتر لە پشکی خۆی کردوویەتی،" کەچی پێدەچێ شا "یاری خۆی" بکا. لە کۆتاییدا، «ئاللۆن» **هۆشدارییەکی شوومی دایە کیسنجەر، "بەوەی دەستبەرداربوون لە کورد [دەبێتە] تاوان**."[١٢٧]

بە دەستپێکی ساڵی ١٩٧٥، ئەوە ڕوون بوو، کە ئەمریکی، ئیسرائیلی و ئێرانییەکان بەرەو ئەو جووڵەیە دەڕۆن بگەنە سەروسەودایەکی گەورەی چەک بۆ کورد. لە ڕابردوودا، هەمیشە کورد خۆی وەها ڕێکخستبوو زستان بۆ پاشەکشێپێکردنی هێزەکانی عێراقی بەکاربهێنن و لە دەستکەوتەکانیان کەمبکەنەوە، بەڵام ئەم گەڕەیان، ڕەوشەکە سەرلەبەری جیاواز بوو. هەژموونی سۆڤیەتی کاریگەری بەهێزی خۆی لەسەر تاکتیکەکانی عێراقی دانا، بەوەی توانستی سوپاکەی بۆ خۆگرتن لە سەنگەرەکانی باشتر ببێ، کە ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەوەی ئێرانییەکان ڕۆڵێکی کراوەتر (ئاشکراتر) لە کێشەکەدا ببینن. هەرچۆنێک بێ جڵەوتوندکردنی دەسەڵات لە دەستی سەدام حوسێن و ڕۆڵی چاوەڕواننەکراوی مەلیک حوسێن وەک نێوەندگیرێک لە نێوان ئێران و عێراقدا، ئەگەری لەیەکنزیکبوونەوەی هەردوولای هێنایەپێشەوە. بە مەبەستی تاقیکردنەوەی چارەسەریی عێراق، شا فەرمانی بە هیزەکانی خۆی کرد لە مانگی کانوونی یەکەمدا دوو فڕۆکەی جەنگاوەری عێراقی بخەنەخوارەوە. وێرای ئەمەش، لەوێدا ئاماژەی ئەوە سەریانهەڵدا، کە شا بە پێگەی خۆی لەهەمبەر کورداندا دەچێتەوە، ئەمەش بەڵگەیەک بوو بۆ سەرنجەکەی «هێلمز» و ئەو هۆشدارییە شوومەی «ییگال ئاللۆن» دایە کیسنجەر. لەم حاڵەتەی کە جەنگەکە گەیشتە ترۆپکی کوڵانی خۆی، هەردوولایان چ شای ئێران و چ ڕژێمی عێراق ڕووبەڕووی بڕیارێک بوونەوە: تۆبڵێی ئەوان شەڕەکە زیاتر تاوبدەن یاخود بڕیاری دانووستان لەگەڵ یەک بدەن. بۆ چەندین ساڵ بوو، شا ئەوەی بۆ بەغدا ئاشکرا کردبوو، کە پشتیوانیی خۆی بۆ کورد بەمە نەخشەکێشرابوو تا عێراق ناچاربکا دەست لە بەشێکی سەروەریی شەتولعەرەب هەڵبگرێ، بەڵام هەمیشە عێراقییەکان ئەمەیان ڕەتکردبووەوە. بە کورتی شا بۆیە تیختیخەی شەڕی کوردی دا و گەرمی کرد و گەیاندییە ئەو ئاستە، تا عێراق بخاتە بەردەم



هەواڵنامەی کتێب

دوورڕیانێک، بەوەی واز لە بەشێکی ڕێڕەوە ئاوییەکەی باشوور بهێنێ، یان بەشی باکووری لەدەست دەربچێ. تەنانەت بەم ڕەوشەش، پابەندیی کیسنجەر بە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد ئەوەی ڕوونکردەوە، کە بەهەندهەڵگرتنەکانی جەنگی سارد هێشتا هەر بەسەر بیرکردنەوەی ئەمریکادا باڵکێش بوو.

**فرۆشتنەکە**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا، دانووستانی نهێنی لە نێوان ئێران و عێراق کرا، کە لە بەرایی مانگی ئازار بە ڕێککەوتنی جەزائیر بەرجەستە بوو، ڕێککەوتنەکە بووە مایەی بڕینی هەموو پشتگیرییەکی ئەمریکاش بۆ کورد. ئەوەش ڕوون بوو کیسنجەر دژی بڕیارەکە بوو، بڕوای وەهابوو، کە ڕژێمی بەعس لە عێراق هی متمانەپێکردن نەبوو، هەروەها ئەو دەستکەوتەی لە سازانی بەرفرەوانی سنوورەکە هاتە ئارا، لەچاو بەهای ستراتیژی ئەوەی لە پشتگیریی کوردەوە بەدەستدەکەوت، کەم بوو. کیسنجەر دەیزانی، کە بەرەوپێشوەچوونی ئێران لە بەندەرەکانی کەنداودا، بەتایبەتیش تەرمینالی هەناردەکردنی نەوت لە دوورگەی «خەرج»، واتای ئەوەی دەگەیاند ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەب بۆ هەناردەکردنی نەوتی ئێران چارەنووسساز نەبوو. هەروەها ئەو هەستیکرد، کە ڕێککەوتنەکە دەبێتە هێزپێدانەوە بە ڕژێمێک کە پەیوەندی نزیکی بە سۆڤیەتییەکانەوە هەیە و یارمەتی کۆمۆنیستەکانی عێراقیش دەدا بەرەو دەسەڵات بێنەوە. بە کورتی، ئەو لەو بڕوایەدا بوو، کە لە ماوەیەکی کورتدا ڕێککەوتنەکە سەلامەتیی ڕێڕەوە ئاوییەکە بە شێوەیەکی بەرچاو دابیندەکا، ناشایستەیە و دەبێتە بنکۆڵکردنی ستراتیژییەتی ئەمریکای جەنگی سارد لە هەردوو لاوە، چ لە کەنداوەوە و هەروەها بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە.


هەواڵنامەی کتێب

به هاتنی نیوەی مانگی کانوونی دووەم، کاربەدەستانی ئەمریکا لەوە تێگەیشتن، کە سیاسەتی عێراق بایداوەتەوە. بە نزیکبوونەوەی ڕێککەوتنێک، «حەمادی» لە ١١ تا ١٣ی کانوونی دووەمدا گەشتێکی بە ناوچەکەدا کرد و شێلگیرانە داوای لە دەوڵەتە عەرەبییەکان کرد، کە بە سەروسەوداکە قایل بن.[١٢٨] هەر یەک دوو ڕۆژیش دواتر و لە ١٥ی هەمان مانگدا، «لۆوری» بەوەی زانی، کە سەرۆک «ئەلبەکر» و سەدام حوسێن بانگهێشتنامەیەکی مەلیک حوسێنییان قبووڵکردووە بەوەی سەردانی «عەممان» بکەن.[١٢٩] بۆ ڕۆژی پاشتریش، کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوەی هەر یەک لە ئێران و عێراق لە ئیستەنبول بۆ گفتوگۆی زیاتر یەکدییان بینی، سکاڵای عێراق ئەوە بوو، ئەوان دەتوانن کوردەکان ببەزێنن ئەگەر هاتوو ئێرانیان لەپشت نەبێ.[١٣٠] هەرچەندە جارێکی دیکە گفتوگۆکەی ئیستەنبول بێ بەرهەم بوو، کەچی هەردوو لایەنەکە لە ڕووی بنەماییەوە لەسەر هێڵە پانەکانی ڕێککەوتنامەیەک قایلبوون.[١٣١] هەرچۆنێک بێ، مەرجەکانیان جیاواز بوون. ئێران ویستی عێراق بە خواستەکانی سەبارەت بە شەتولعەرەب قایل بێ، ئەمەش بەر لەوەی پرسی کورد تاوتوێبکەن، لە کاتێکدا عێراقییەکان ڕێک پێچەوانەیان دەویست. بە کورتی، هەموو ئەوەی پێویست بوو لەو قۆناغەدا ڕوویدابا، ئەوە بوو یەکێک لە لایەنەکان شلی کردبا.[١٣٢]

لە ٢٢ی کانوونی دووەمیشدا، بارزانی نامەیەکی درێژی بۆ کیسنجەر نارد و تێیدا دۆخی سیاسی و سەربازیی لە کوردستانی بۆ شیکردبووەوە، داوای زیادکردنی پشتگیریی سەربازیی و ئەوەی لێکرد ئاخۆ دەتوانێ نوێنەرێک بۆ واشنتن بنێرێ "تا وردەکاری زیاتری" پرسەکان بخاتەڕوو، کە خۆی دەستنیشانی کردبوون. هەرچەندە ئەم دوابڕگەیەی نامەکە هەندێک تەمومژاوی بوو، کەچی سی ئای ئەی و ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بڕوایان وا بوو، کە بارزانی ویستوویەتی بە خۆی سەردانی واشنتن بکا.[١٣٣] ئیدی ئەوە بوو لە پێنجی شوباتدا، یاریدەدەری تایبەتی کیسنجەر «پیتەر ڕۆدمان Peter Rodman» نامەکەی لەگەڵ یاداشتێک کە تێدا سەرەداوەکانی نیگەرانییەکانی


هەواڵنامەی کتێب

سی ئای ئەی سەبارەت بە جێبەجێکردنی داوای کورد بۆ ناردنی نێردەیەک بۆ واشنتن بەیان کردبوو، تێیدا هاتبوو:

> **«کۆلبی» دژی سەردانەکەیە (ئا) لەبەرئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە بە مکوڕبوونەوە داوای پشتگیریی زیاترت لێبکا، ئێمەش پێمان ناکرێ دابینی بکەین، و (ب) چونکە مەترسی ئاسایشپارێزانەی لێدەکرێ. ئاخر سەردانێکی بارزانی ڕێیتێناچێ بە سەلامەتی بەڕێوەبچێ؛ «کۆلبی» هەستدەکا، لەسەرێکی دیکەوە دەکرێ سەردانەکە لە ڕێی نوێنەرێک بە نهێنی بمێنێتەوە، هەرهیچ نەبێ تا ئەم کۆتاییە.**

تەنانەت بەم حاڵەش، لەو کاتەی «ڕۆدمان» هەستیکرد، کە ئەم جۆرە سەردانە "بەدەر لە پشتگیریی کەڵکی هیچی دیکەی نییە،" پێویستە لەبەرانبەر کاری "تێکۆشانی ئازا و گرنگی" بارزانییدا وەڵامێکی ئەرێنی بدرێتەوە، وەک ئەوەی سەروسەودای چەکی نهێنی ئیسرائیلی پێڕابگەیەنرێ.[١٣٤] دیسان جارێکی دیکە، لە ڕووی بەرهەڵستی «کۆلبی»یەوە، کۆشکی سپی لەسەر ئەو ڕوانینە بەردەوامبوو، بەوەی کورد وەک بەهایەکی گرنگ ببینرێ.

هەرچەندە لە یەکی شوباتدا، «لۆوری» برووسکەیەکی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە لێدا تا ئاگادارییانبکاتەوە لەوەی پێدەچێ لەیەکنزیکبوونەوەی نێوان ئێران و عێراق پەرەیسەندووە. بە تایبەتیش، «لۆوری» تێبینی ئەوەی دابوو، کە هەوڵ و کۆششی میسری، ئوردنی و فەرەنسی لەئارادابوو تا قەناعەت بە شا بکەن لەوەی ڕژێمی عێراق "پراگمات، ناسیونالیست و سووورە لەسەر ئەوەی بێلایەن بێ و ئەو ڕادیکالییە لەبلەبانییەشی بووەتە دارشتەیەکی بی جەوهەر." لە برووسکەکەیدا «لۆوری» هەواڵی وتووێژێکی لەگەڵ باڵوێزی میسر لە عێراق «عەبدولموئمن ئەلنەجار» بە وەزارەت ڕاگەیاندبوو، ئەو کەسەی گوتبووی، کە ئەو لە لەیەکنزیکبوونەوەی ئێران - عێراق گەشبینە. ئەو ئاماژەی ئەوەشی دابوو، کە لە میانەی سەردانە نهێنیەکەی شا بۆ قاهیرە لە ٨ بۆ ١٢ی



هەواڵنامەی کتێب

شوباتدا،[١٣٥] سادات "لێکدانەوەیەکی بابەتییانەی"سەبارەت بە ڕژێمی بەعس دابووە شا، کە «ئەلنەجار» بڕوای نەدەکرد پێشتر شا گوێی لە شتێکی وەها بووبێ، چونکە هەموو "ئەوانەی لەدەوروبەری ئەوبوون... لە دەربڕینی ڕوانینی خۆیان دەترسان کە دژبەری ئەوەی پێشتریان بێ." بەگوێرەی قسەکەی «ئەلنەجار» بێ، شا پێیخۆش بوو، بەڵام هێشتا مەراقبوو ئاخۆ ڕژێمی عێراق هەر بەڕاستی ناسیونالیست بوو یاخود "داردەستێکی سۆڤیەتەکان" بوو. بۆ ئەمەش، سادات گوتبووی، کە ئەو قەناعەتی هاتووە، کە ڕژێمی عێراق ناسیونالیستییە. ئەو ئاماژەشی بۆ ئەوە کردبوو، مەیلیشی لێبوو کە وەک "نێوەندگیرێک" لە سازدانی دانیشتنێکی ڕاستەوخۆی نێوان شا و سەرکردایەتی عێراق یارمەتی بدا. لە کۆمێنتێک لەسەر ئەم گفتوگۆیانەدا، «لۆوری» کۆکبوونی خۆی سەبارەت بە لێکدانەوەی میسرییەکان دەربڕیبوو. ئەو ئاماژەی بەوە کردبوو، کە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، عێراقییەکان ڕادەیەکی فرەوانیان لە کردەوە گرتۆبەر، دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان لەگەڵ ئێران، فەرانسە، و شانشینی یەکگرتووی بەریتانی؛ نزیکبوونەوەی ئاشکرا لە سەرکردە نەرێتپارێزە عەرەبەکان؛ فرەوانکردنی سەروسەودای ئابووری لەگەڵ ئەمریکا، ئەورووپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن؛ واژۆکردنی گرێبەستی ئەم دواییە بۆ دروستکردنی هوتێلەکانی شیراتۆن لە بەغدا؛ لەگەڵ کڕینی هەشت فڕۆکەی بۆینگی دیکە، هەموو ئەمانە نیشانە بوون بۆ ئەوەی عێراق لە گۆشەگیرییەکەی دێتەدەر و خۆشی لە سۆڤیەتییەکان بەدووردەگرێ.[١٣٦]

لەو نێوەدا و بە هاتنی مانگی شوباتیش، ئەوە ڕوون بوو کە پێشبینیکردنی دژەهێرشی کورد لە زستاندا شکستیهێنا. کێشەکەش ئەوە بوو، زستانی پار بەشێوەیەکی نائاسایی زستانێکی نەرم بوو، ئەمەش ڕێگەی بە سوپای عێراق دا، بەردەوام پێگەی کوردەکان هەراسانبکا.[١٣٧] شکستهێنانی کورد لەوەی سوپای عێراق لە ماوەی زستانی ١٩٧٤ – ٧٥ لە پێگەکانیان دەربکەن، سەلمێنەری هۆکارێکی یەکلاکەرەوەی دەرەنجامی شەڕەکە بوو. بە گوێرەی «نیومان» بێ:



هەواڵنامەی کتێب

**کورد بەو هەموو لێهاتوویەی وەک جەنگاوەری بەرگریکار، هیچ مجێزێکی وەهای نیشان نەدا بۆ جۆرە پەلاماردانێکی پێویست بەوەی لە ڕێی تێلدڕ و ئاگری ڕەشاش بەسەریان دابدەن و سەنگەرەکانی ئەوان بگرن، تەنانەت ئەگەر هەوریش ڕێگەی لە فڕۆکەکانی عێراقی گرتبێ کە بتوانن جموجۆڵبکەن. ئەنجامەکەش ئەوە بوو، کە زستانەکە تادەهات بەرەو کۆتایی دەچوو، کەچی کوردەکان شوێنی کەمیان گرتبووەوە، ئیدی دەبووایە شەڕ لەو شوێنانە دەستپێبکەنەوە، کە لە پایزی پێشتر پاشەکشەیان لێکردبوو.[١٣٨]**

ئەمە واتای ئەوەی دەگەیاند، کە کورد تا دەهات زیاتر بە هێزی سەربازیی ئێرانییەکان پشتبەستووبوون و کاریگەری زۆریشی لەسەر هەڵسەنگاندنی شا بۆ جەنگەکە هەبوو.[١٣٩]

لە ١٨ی شوباتیشدا، شا لە میانەی کۆبوونەوەکەی جنێڤدا کیسنجەری بەوە هێدمەگرتی کرد، کە پێیگوت خەریکە لەبەرانبەر سەروسەودایەک لەگەڵ عیراقییەکان، بۆ سازشکردن لەسەر شەتولعەرەبدا دەست لە کورد بەربدا. شا بە کیسنجەری گوت، کورد "ئازایەتی تێدا نەماوە" و ئەو نیگەرانیش بوو لەوەی شکستی کورد سەردەکێشێ بۆ "حوکمڕانییەکی کوردی ئۆتۆنۆمیدار کە دەکرێ بکەوێتە بن هەژموونی حکوومەتێکی ناوەندی کۆمۆنیستی عێراقی." هەروەها لەوەش نیگەران بوو، کە عێراق دەکرێ هانی ڕووداوگەلێک لەسەر سنووری ئێران – عێراق بدا، کە دەکرێ ببێتە مایەی بە نێودەوڵەتیکردنی جەنگی کورد و ببرێتە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش، کە ئەمیش ئەمەی ناوێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتی کیسنجەر کە بۆ دانیشتن لەگەڵ شای نووسیبوو، پێدەچوو شا " مەیلی بۆ ئەو هەوڵە بەو ئاراستەیە هەندێک لەیەکتێگەیشتنی عێراق سەبارەت بە کورد چووبێ، بەڵام مایەی لێتێگەیشتنیشە گومان لەوە بکرێ، کە [سەروسەودایەکە هی ئەوەیە بکرێ]." هەر بۆیە، شا دیداری لەگەڵ سەدام حوسێن لە



هەواڵنامەی کتێب

کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئۆپیک لە ئازاری داهاتوو لە جەزائیر بەهەندهەڵدەگرێ بۆئەوەی هەڵوێستی عێراقی بۆ دەربکەوێ.[١٤٠] بە گوێرەی یاداشتی کیسنجەر بێ، ئەو بە نەرێنی وەڵامی پێشنیازەکەی داوەتەوە، "هۆشدارییە دووبارەبووەکەی هەر خۆی سەبارەت بە ڕووخانی کورد وەبیر شا هێناوەتەوە، کە دەبێتە مایەی ناسەقامگیربوونی سەرتاپای ناوچەکە." هەروەها ئەو گوتی:

> **دڵنیاکردنەوەیەک لە لایەن سەدامەوە سەبارەت بە حکوومەتێک لە ناوچە کوردنشینەکاندا... دەبێ بێنرخ بێ. لەو کاتەی کە ڕوانگەی سۆڤیەتییەکان سەبارەت بە پاشەکشەی ئێرانییەکان وەک لاوازتربوونی ڕۆژئاوا دەزانن، ئیدی پێدەچێ سەرچڵییەتی ئەوان لە بەرەکەدا زیاتر ببێ.**

کیسنجەر بە ڕوونی هەستیکرد، کە ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا "بیرۆکەیەکی بەد بێ - بەتایبەتیش بیرۆکەیەک کە ئەو بڕوای وا بوو دڵنیاکردنەوەی [ڕژێمی عێراق] بەوەی کە هیچ کۆمۆنیستێک پێی ناخاتە ناو [بەرپرسیاریی ناوچەی کوردی ئۆتۆنۆمیدار]". کاتێکیش گفتوگۆکە کۆتاییپێهات، شا ئەو مسۆگەرییەی دایە کیسنجەر، کە ئەو جارێ لەسەر پشتگیریی کوردان بەردەوامدەبێ. یەک دوو ڕۆژیش دواتر، کیسنجەر هۆشداریدایە ئیسرائیلییەکان، کە شا "**دەترسێ کاری کورد تەواو بووبێ**". دەکرێ ئەو دەست بەدانووستان لە گەڵ عێراقییەکاندا بکا ئەگەر هاتوو لە کۆنگرەی ئۆپیک بیانبینێ، ئەمەش لە بەرانبەر مافی ڤیتۆ کە دایانناوە ئەگەر بارزانی لە بازنەکە بخاتەدەرەوە." ئەوەش ڕوون بوو کە کیسنجەر بە لە لەدەستدانی "کارتی کورد"ی نیگەران بوو.[١٤١]

بەو دڵنیاکردنەوانەی شا، لە ٢٠ی شوباتدا، وەڵامی پەیامەکەی مانگی کانوونی دووەمی بارزانی دایەوە. لە نامەیەکی کەسەکی نائاساییدا، نیگەرانیی کیسنجەر بۆ کورد بە ڕوونی دیاربوو:



هەواڵنامەی کتێب

**من دەمەوێ تۆ بە سەرسامی ئێمە بە خۆت و گەلەکەت و ئەو هەوڵ و تیکۆشانە بوێرانەتان بزانن. ئەو سەختییانەی ئێوە ڕووبەڕووی بوونەتەوە سامناکە. پێزانینی زۆرم بۆ خوێندنەوەی هەڵسەنگاندنی تۆ بۆ بارودۆخی سەربازی و سیاسیی هەیە. تۆ دەبێ خاترجەمبی لەوەی، کە پەیامەکانی تۆ لەسەر ئاستی باڵای حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخی ڕاستەقینەی زۆریان پێدەدرێ، چونکە ئێمە گرنگی پێدەدەین.**

لەبری سەردانە پێشنیازکراوەکەش، کیسنجەر پێشنیازی ئەوەی کردبوو یەکێ لە نوێنەرەکانی خۆی بەدزییەوە بنێرێتە واشنتن:

**من بڕوام وایە کە نهێنی لایەنی هەرە گرنگی مانەوەی ئەو توانایە، کە تا ئێستا کردوومانە؛ ئەمەش تەنیا لەبەر ئەم هۆیە - سەرباری نیگەرانی ئێمە لە سەلامەتی کەسەکی خۆت - کە بۆیە من دوودڵم بەوەی بە شێوەیەکی تایبەتی لەگەڵتدا کۆببمەوە.**

ڕاستییەکەش کە کیسنجەر ئەرێیانە وەڵامی داوانامەی بارزانی دایەوە بەوەی نوێنەرێک بنێرێ، نیشانە بوو لەسەر بڕوای ئەو، کە شا خەریکی تاوتوێکردنی پرسی پشتکردن لە کورد بووە. ئەم پەیامەش لە ٢٢ شوباتدا گەیەنرایە بارزانی.[١٤٢]

هەروەها ئەوەش ڕوون بوو، کە بارزانی ئاگای لە نیازەکانی شا نەبوو. بە درەنگانێکی مانگی شوبات، ئەو پەیامێکی بۆ شا نارد، داوای چەکوتفاقی پێشکەوتوو و زیاترکردنی پشتگیریی سەربازی ئێرانیی لێکردبوو. بە گوێرەی قسەی «شا»ش بێ، بارزانی ئاماژەی ئەوەی بۆ شا کردبوو، لە کاتێکدا پێشمەرگە لە توانایدا هەیە چەندین پێگەی دوژمن وەربگرێتەوە، کەچی ئەمە



هەواڵنامەی کتێب

قوربانییەکی گەورەی لێدەکەوێتەوە. هەروەها ئەو هۆشداری ئەوەشی دابوو، کە بۆ کورد ئەستەمە دەست بە پێگەکانیانەوە بگرن، چونکە ئەم کارە وایان لێدەکا ڕووبەڕووی ئاگری تۆپە قورسەکانی عێراقی و پەلاماری فڕۆکەکانیان ببنەوە، ئەمەش بە ناچاریش بۆ دواوە بگەڕێنەوە.[١٤٣] هەروەها ئەو سکاڵای لەوەش هەبوو، کە "شتەکە تا دێ ئەستەم دەبێ... لەژێر ئەم بارودۆخەی کە هەیە، بجەنگی" و داوای ئەوەی کرد وەک چۆن «قوبرس» بەم دواییە کردی، سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێ. لەبەر پەرەسەندنی نادڵنیای (گومانەکان)ی شا، بارزانی نەیویست سەرچڵییەک بە هێزی خۆی بکا و بیانخاتە نێو هێرشێکی سەرەکی، ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە لەگەڵ داوای زیادکردنی یارمەتییەکان، داوای ئەوەشی کرد ڕێگەی پێبدرێ سەربەخۆییش ڕابگەیەنێ، ئەمەش وای لە شا کرد بپرسێ ئاخۆ چۆن پابەندبوونی پشتگیریی سەربازیانەی خۆی بۆ کورد زیادبکا بەبێ ئەوەی کێشەکە ببێتە شەڕێکی هەرێمییانە لەگەڵ عێراقدا.[١٤٤]

دیاربوو داواکەی بارزانی پاڵی بە شا وەنا تا بەرەو خاڵی لەیەکترازان بڕوا. هەرچۆنێک بێ، لە دووی ئازاردا دیدارێکی شا لە گەڵ «ئەشرەف مەروان[60]» ڕاوێژکاری سەرەکی سەرۆک «ئەنوەر سادات» و زاوای جەمال عەبدولناسر بوو کە مۆری لە بەختی کورد دا. بە گوێرەی کاربەدەستانی ئەمریکا لە تاران، لەماوەی دیدارەکەدا:

> **«ئەشرەف مەروان» ئەو پەیامەی بۆ دووبارەکردەوە، کە لەوانی دیکەشی پێگەیشتبوو، واتە سەدام حوسێن ئامادەیە عێراق لە تەوەرەی سۆڤیەتی بکێشێتەوە، ئەگەر هاتوو ئێران فشارە سەربازییەکەی خۆی لەسەر عێراق لابرد کە ناچاری**

[60] «ئەشرەف مەروان» زاوای سەرک جەمال عەبدولناسر بووە، دواتر بووەتە ڕاوێژکاری خودی سەرۆک ئەنوەر سادات، لە هەمان کاتیشدا دەستی لەگەڵ مۆساددا تێکەڵکردبوو، زۆر زانیاری گرنگی دابوونێ بە هەواڵی پێشوەختەی شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣شەوە. لە کۆتاییشدا هەر دەزگەی هەواڵگریی میسری لەناویانبرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی (کردە هەرە گرنگەکانی مۆساد)، نووسینی: میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشال، وەرگێڕانی : شەفیقی حاجی خدر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ٢٠١٨.



هەواڵنامەی کتێب

**کردوه بچێته باوەشی سۆڤیەتییەکان. «مەروان» ئەو بۆچوونەی دەربڕی، کە تاڕاددەیەک دڵنیایە بەوەی سەدام وەک بەڵێنیدابوو، خەریکە خۆی لەدەست سۆڤیەتییەکان ڕابپسکێنێ.**

شکستی کورد لە ئەنجامدانی دژەهێرشێکی زستانە، داوای بارزانیش بۆ چەک و ئارەزووی بۆ سەربەخۆیی، کاتێک ئەمانە هاوکات بوون لەگەڵ دڵنیاکردنەوە لەسەر ئاستی باڵا بەوەی سەدام حەزی لێیە سازش بۆ ئێران بکا، هەموو ئەمانە وەهای لە شا کرد بەوەی بڕیاری ڕێککەوتن لەگەڵ عێراق بدا و دەستبەرداری کوردیش ببێ.[١٤٥]

بۆ ڕۆژی پاشتر، شا بەرەو جەزائیر فڕی، ئاخر لە جەزائیر کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئۆپیک هەبوو. لە ماوەی دوو ڕۆژی دانووستانی چڕوپڕ لەگەڵ سەدام حوسێندا، ئەو دەبوو بڕیار لەسەر چارەنووسی کورد بدا. شا لە ١٠ی ئازار و لە پەیامێکدا بۆ کیسنجەر ئاوەها وێنای دانووستانەکانی کرد:

**هەرچی سەبارەت بە کوردانە، من دوو بەڵێنم لە سەدام وەرگرتن: یەکەمیان، بارزانی و خەڵکەکەی یەک هەفتەیان لەبەردەمدایە تا بڕیاربدەن ئاخۆ لە عێراق دەمێننەوە یان بەبێ خوێنڕشتن بارگەوبنەیان بۆ ئێران دەگوازنەوە، کە لەوێ بە ژیانێکی ئارام و بەڕێوجێ دەبەنەسەر. ئەوان تا کۆتایی مانگ مۆڵەتی [بەگوێرەی ڕۆژژمێری ئێرانی ٢٠ی ئازار کۆتایی مانگەکەیە] کشانەوەیان پێدەدرێ... بەڵێنی دووەمیشیان ئەوە بوو ، کە هێزەکانی ئاسایشی هەردوو دەوڵەت دەبێ بەیەکەوە کاربکەن، ئاگاداری یەکدی بکەنەوە بەوەی کامە کورد باش و کامەشیان بەد بوو (کۆمۆنیستی سوور). بەم جۆرە هیوام وایە ببێتە مایەی ڕێگرتن لەوەی لە خاکی بارزانیدا کۆمەڵگەیەکی کوردی کۆمۆنیست دروستببێ.**[١٤٦]



هەواڵنامەی کتێب

وەک نمایشێکی نیازپاکییش لە ٥ی ئازاردا، شا پەیوەندی بە «ژەنەڕاڵ ناسری» کرد و فەرمانیپێکرد بە بارزانی ڕابگەیەنێ، کە ئێران دەستبەجێ پشتگیریی خۆی لەسەریان دەبڕێ. کاتێکیش «ناسری» سەردانی بارزانی کرد، کە لەو کاتدا ئەویش لە تاران بوو، ئەو "بە ڕووقایمترین دەستەواژە کە بەمێشکدا بێ" گوتی:

***(ئا) سنوورەکە لەسەر هەموو...جموجۆڵێک داخرا.***

***(ب) کورد نابێ چاوەڕوانی هیچ پشتگیرییەکی دیکە لە ئێران بکا.***

***(پ) دەبێ بارزانی هەر مەرجێکی بۆ دابنرێ لەگەڵ عێراق پێکبێ.***

***(ج) یەکەکانی پێشمەرگە ڕێگەیان پێدەدەرێ وەک پەنابەر لە ئێران وەربگیرێن، بەڵام تەنیا بە گرووپی بچووک بچووک و تەنیا لەو حاڵەتەشدا، کە چەکەکانیان ڕادەستی سوپای ئێرانی بکەنەوە.***

بە گوێرەی قسەی «ناسری» بێ، کاتێ بارزانی خەونی ژیانی خۆی بۆ دابینکردنی ئۆتۆنۆمییەکی کوردی لە عێراق بە زەبر وردوخاش بوو "دانبەخۆداگرتووانە جووڵایەوە".١٤٧ بۆ ڕۆژی پاشتر، شا و سەدام کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییان بەست. لەوێدا خەندەیان بۆ یەک کرد و یەکدیان لە ئامێز گرت و ئینجا مەرجەکانی ڕێککەوتنەکەیان هێنایە گۆ:

**١ - نەخشەکێشانی سنووری بەرەی پێشەوەی ڕووبارەکە بە گوێرەی هێڵی «تالوک thalweg»[61] یان هێڵی ناوەڕاست بێ.**

[61] خۆی لە بنەڕەتدا «تال وێگ»ە، واتە قووڵترین (نزمترین) هێڵ کە گەلییەک دەکاتە دوو لەت، وشەکەش ئەڵمانییە لە thal واتە گەلی و weg وێگ واتە ڕێگە-وە هاتووە. مێژووی بەکارهێنانی



هەواڵنامەی کتێب

**٢ – دووباره کێشانەوەی نەخشەی سنوورەکانی وەڵات لەسەر بنەمای پرۆتۆکۆلی ١٩١٣ی کوستەنتینەپول و کۆنووسی کۆمسیۆنی ١٩١٤ بۆ سنوورکێشان بێ.**

**٣ – چاودێرییەکی توند بە درێژایی سنوورەکان و کۆتاییهێنان بەهەر دزەکردنێک لە هەردوو دیوی سنوورەکانەوە.**

**٤ – کارپاییەکانی هەر سێ خاڵە ڕێکخستنەکانی سەروو توخمی لەیەکدانەبڕاوی پێکهاتنە سەرتاسەرییەکەن.**

سەرباری ئەمەش، هەردوو لایەن ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لە پەیوەندی بەردەوامدا بن لەگەڵ سەرکردەی جەزائیری «هەواری بۆمدیەن» لەو کاتەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێدەکرێ و وەزیرانی کاروباری دەرەوەشیان لەگەڵ یەک کۆدەبنەوە بۆ دانانی کۆمسیۆنێک بۆ پەیڕەوکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە.[١٤٨]

بە گوێرەی «داڤید کۆرن»، بەرپرسی دۆسیەی عیراقی ئەوسا لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا، «هێلمز» لە ٧ی ئازار ئەو کاتەی شا لە جەزائیر گەڕایەوە لە تاران بوو. "ئەو یاریدەدەرەکانی شای وەها بینی کە ئاگاداری ڕێککەوتنەکە نەبوون و ئەویش هەروەک مەتەڵێک وا بوو." ئینجا شا بە هێلمزی ڕاگەیاند، "کە بڕینی یارمەتییەکانی ئێران لەسەر بارزانی هەموو پشتگیری و کۆمەکی ئەمریکییەکانیش دەگرێتەوە."[١٤٩] بۆ دوای نیوەڕۆی پاشتر، «ژەنەڕاڵ ناسری» پەیامێکی شای دایە «هێلمز» کە هەندێک پاشخانی زانیاریی سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر تێدابوو، ئەمەش بۆ خۆئامادەکردن بوو بۆ دیدارەکەی لە کۆشک. تێبینییەکە گوتبووی کە بەر لە گەشتەکەی شا بۆ جەزائیر، شا چەندین دڵنیاکردنەوەی لەیەکجیای لەهەریەک لە «هەواری

وشەکەش بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. بەڵام کاتێ وشەکە هاتووەتە نێو زمانەکانی عەرەبی و فارسی هەر بە تالوک ناسراوە، لەبەر ئەوەی ئەو وشەیە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووشدا بە گوێی ئێمە هەر بەو ناوە ئاشنا بووە، بۆیە منیش هەر بە بەتالوک، واتە گۆکردنە باوەکە نووسیمەوە. وەرگێڕ



هەواڵنامەی کتێب

بۆمدیەن»، «ئەنوەر سادات» و «مەلیک حوسێن» بۆ هاتبوو **بەوەی عێراق "ئامادەی پێکهاتنە لەسەر هەموو... ناکۆکییەک لەگەڵ [ئێران] بە مەرجێک یارمەتییەکانی خۆی لەسەر کورد ببڕێ"**[150] کاتێکیش «هێلمز» چاوی بە شا کەوت، داوایلێکرد، پەیامەکە بە وردەکاری گفتوگۆکانی جەزائیر و هۆکارەکانی دەستبەردان لە کورد بە کیسنجەر ڕابگەیەنێ. شا گوتبووی «هەواری بۆمدیەن» زۆر فشاری توندی خستبووە سەر تا سەدام حوسێن ببینێ و ئەویش بەم جۆرە پێیەوە پابەند بوو. وێڕای ئەوەی کۆنترۆڵی شەتولعەرەبی کەوتە دەست، شا هەستیکردبوو، کە بارزانی ئیرادەی شەڕکردنی لەدەستدابوو و هەروەها عێراقییەکانیش دەیانەویست خۆیان لە سۆڤیەتییەکان بەدووربگرن. لەبەر ئەمە، ئەو هەستیکردووە، کشانەوەی عێراق لە تەوەری سۆڤیەتییەکان زۆر گرنگتر بوو لە پشتگیریی کورد.[151] بە واتایەکی دیکە، شا سەروسەوداکەی لە ڕوانگەی ستراتیژی جەنگی ساردا بینی.

کاردانەوەکان لە نێو کاربەدەستانی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتنەکە تێکەڵە بوو. لەنێو ئەواندا کەسانی وەک «هێلمز» و «لۆوری» هەبوون، کە ڕێککەوتنەکەیان بە هەنگاوێکی سەرەکی بۆ سەقامگیربوونی هەرێمەکە دەبینی.[152] هەرچی کیسنجەریش بوو بەشداری ئەو شادمانییەی ئەوان نەبوو. دوای ئەوەی بە سەروسەودای ڕێککەوتنەکەی زانی، کیسنجەر بەوە لە شا تووڕە بوو، کە ڕاوێژەکەی ئەوی پشتگوێخستبوو و وای لێکردبوو بێتە سەر ئەو باوەڕەی، کە سەروسەودایەکە هەڵواسراوە. لەوەش زیاتر، ئەو ئەوەی نەدەهاتە بەرچاو، کە ڕێککەوتنەکە سەروسەودایەکی باش بێ. باشە ئەرێ بۆچی شا وەها بێباکانە جووڵایەوە و سازشێکی سادەییانە لەسەر شەتولعەرەب، بەشە ئێرانییەکەی سەر کەنداو کە هەر هیچ نەبوو لەچاو دەستکەوتێکی گرانبەهای وەک کورد کرد؟ لە وەڵامیشدا، کیسنجەر "تێلگرامێکی ساردوسڕی" بۆ شا نارد، تێیدا گومانی لەسەر هەردوو لایەنی سوودوکەڵکی ڕێککەوتنەکە و ڕاستگۆیەتی عێراق دەربڕیبوو. تێلگرامەکە وەها بوو:



هەواڵنامەی کتێب

**سەبارەت بە پرسی کورد، لێرەدا شتی کەم هەیە بیخەمە سەر ئەوەی کە پێشتر لە دوادیدارمدا گوتبووم. دیارە ڕوونە کە بابەتەکە بۆ خاوەنشکۆیە تا بڕیار لەسەر باشترین بەرژەوەندی نەتەوەکەی (دەوڵەتەکەی) بدا. سیاسەتی ئێمە وەک هەمیشە دەمێنێتەوە بەوەی پشتگیریی ئێران وەک دۆستێکی سەرسەختی ئەمریکا بکەین. هەڵبەتە من بە بایەخێکی زۆرەوە بە دوای پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی عێراق - ئێران و سیاسەتی عێراق بە گشتی لە ناوچەکەی ئێوەوە و بەگشتی و بەتایبەتیش سەبارەت بە ئاراستەی یەکێتی سۆڤیەتدا دەچم.**[153]

بێهوابوونی کیسنجەر شتێکی ڕەوا بوو. ئاخر ئەو هەم کاتێکی زۆر، پارە و هەوڵ و کۆششی لەماوەی ئەو سێ ساڵانەی ڕابردوو بۆ یارمەتیدانی کورد خەرجکردبوو تا ڕژێمی عێراق شلۆقبکەن و لێشنەگەڕێن سۆڤیەتییەکان هاوپەیمانێکی هەرێمیی لەوێدا دروستبکەن. بۆ کیسنجەر دەستبەرداربوونی کورد لەلایەن شاوە هەڵەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو.

ئیسرائیلییەکانیش بە هەمان ئەندازە بە بڕیارەکەی شا حەپەسان. هەروەک «تریتا پارسی» سەرنجی داوە، "ڕێککەوتنەکە بۆ ئیسرائیلییەکانیش... بە تەواوی شتێکی لەناکاو بوو. شا سەبارەت بە دانووستانەکان لەگەڵ عێراق نە پرس و نە زانیاریشی دابووە ئیسرائیل و ئەمریکییە هاوپەیمانەکانی، هەروەها نە ئاماژەشی بەوە دابوو کە هاوکاریکردنی لەگەڵ کورددا لە حاڵەتی مەترسیدایە.[154] بە گوێرەی «ڕاندال»یش بێ، ڕێککەوتنەکەی جەزائیر، وەک هێدمەیەک وا بوو بۆ ئەو ئەفسەرە ئیسرائیلییانەی لە کوردستان جێگیرکرابوون بە «زوری ساگی»یشەوە. "ئاخر دوو بەتالیۆنی نوێی تۆپخانەی ئێرانی و دۆشکەی دژەفڕۆکە و سەربازەکانیان، کە لە عێراق جێگیرکرابوون، کە لە پڕەوە فەرمانیان پێکرا لە سنوور بپەڕنەوە و بێنەوە ناو خاکی ئێران،" لەکاتێکدا بۆ کورد و هاوپەیمانە ئێرانیەکان وەهایان ڕوونکردەوە، کە ئەمە جموجۆڵێکی



هەواڵنامەی کتێب

کتوپڕی "گۆڕینی ڕۆتینی هێزەکانیانە". بەڵام تیمەکەی مۆساد دەستبەجێ لەوە گەیشتبوون، کە چی ڕویداوە و ئیدی ئەوانیش بەخێرایی هەڵاتن و ئاودیوی سنووری ئێران بوونەوە نەوەک عێراقییەکان بیانگرن.[١٥٥] دوای دەساڵ لە پشتگیری بێپچڕانی دۆزی کورددا، ئەمە ڕێگەیەکی پڕ کوێرەوەرییانە بوو بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکی بەرهەمدار.

وەک بەشێک لە ڕێککەوتننامەکە، عێراق بەڵێنی بە شا دابوو، تا ٢٠ی ئازار مۆڵەت بە بارزانی بدا، وەک پەنابەر لە ئێران وەربگیرێ یان ڕووبەڕووی کردەی سەربازی ببێتەوە، بەڵام ڕژێم لە بەڵێنەکەی پاشگەزبووەوە. هەر یەکسەر ڕۆژی پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە، عێراق قورسایی سوپای خۆی دژی کورد بەکارهێنا، ئەوانەی هێشتا بە ناپاکییەکە سەرگێژببوون. بە گوێرەی «هێلمز» بێ، هێرشەکەی عێراق سەرتاپای ڕێککەوتنەکەی جەزائیری وێرانکرد و شاشی تووشی هێدمەگرتن کرد، ئاخر سەدام "دەستبەجێ بە فەرمانی هێرشکردنە سەر کورد لە سەرتاپای بەرەکانەوە دەق و گیانی ڕێککەوتننامەکەی پێشێلکرد."[١٥٦] لە حاڵەتێک کە هی ئیرەییپێبردن نەبوو، بارزانی نامەیەکی دڵسوتاوانەی لە ١٠ی ئازاردا بۆ کیسنجەر نارد، تێیدا وێنای ئەو تراژیدیایەی کردبوو کە بەسەر باکووری عێراقدا هات:

> ***کاتێ کە دەبینی دەستبەجێ دوای ڕێککەوتنەکەی [ئێران و عێراق] چۆن گەلە بێدیفاعەکەمان بە شێوازێکی بێپێشینە تێکوپێکدەشکێنرێ و خوێنی لێدەتکێ، ئەمەش کاتێ ئێران سنوورەکانی لەسەرمان داخستووە و هەموو یارمەتییەکەی لەسەر ئێمە بڕیوە و ئەمەش لەوکاتەی کە عێراق گەورەترین هێرشی بۆ سەر ئێمە دەستپێکرد، هێرشێک تا هەنووکە وێنەی نەبووە و تا ئێستاشی لەگەڵدابێ بەردەوامە. جووڵانەوەکە و گەلەکەمان بە ڕێگەیەکی باوەڕپێنەکراو تێکدەشکێنرێن کە هەموو لایەکیش لە ئاستیدا بێدەنگە.***


هەواڵنامەی کتێب

به دنەدانی لایەنی ڕەوشتی و بەرپرسیاریی سیاسی، بارزانی لە کیسنجەر پاڕایەوە بەڵکو بۆ ڕاگرتنی هێرشی عێراقییەکان "تەکانێک بدا"، ڕێگەیەک بکاتەوە بۆ ئەوەی لەپێناو پاراستنی ئابڕوودا لەگەڵ ڕژێم بکەونە گفتوگۆیەک بۆ دانووستاندن و بەڵکو هەژموونی کەسەکی خۆی لەگەڵ شادا بەکاربهێنێ "تا لەو کێفەراتە مێژووییە و ئەو ساتە خەمناکانەدا یارمەتی [کوردەکان] بدا." بارزانی گەیشتبوە ئەنجامێک، کە ئەو "بە پەرۆشەوە چاوەڕێی وەڵامێکی خێرا و کردەوەیەکی [کیسنجەر]ە و دڵنیاشە لەوەی [وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەها] بێباکانە لەو دژوارییە و ساتە سەختانەدا نامێننەوە." کاتێکیش «هێلمز» نامەکەی بارزانی گەیاندە کیسنجەر، ئەو ئەوەشی لێزیادکرد:

> **لەو کاتەی ئێرانییەکان دەستیان بە خوێن بووە و ئێمەش هەندێک لە ئەوان کەمتر، پێشچاویشە کە بارزانی لە ڕەوشێکی غەمناک و کەساس دایە، ئیدی لەوانەیە حاڵەتەکە وەها بخوازێ، کە ئێوە پەیامێکی دڵنەواییانەی بۆ بنێرن، دەنا لەوانەیە بە هەر شێوەیەک بێ هەندێک ڕاگەیاندننامەی ناخۆشمان بۆ بێ کە دەکرێ ئێمە پێشوەختە خۆی لێ لابدەین.**

بۆ خۆ دوورگرتن لەو جۆرە ڕاگەیاندننامانە (پڕوپاگەندانە)، «هنلمز» ڕاسپاردەی وەها بوو، کە لەسەر باروبووی بەو ڕێژەی ئەوکات لەئارابوو بەردەوام بن، ئەمەش لەبەرانبەر ئەوەی کوردەکان لەسەر پێدانی زانیاری هەواڵگریی "لەسەر ڕەوشی هەم کورد و هەم عێراقییەکان " بەردەوامبن.[١٥٧]

هەر زوو سی ئای ئەی خۆی لەو کێفەڕاتەی بەسەر کورددا هات بێبەری کرد بەوەی «کۆلبی» دەستی بە نامەکەی بارزانییەوە گرت و کردییە بەهانەی ڕەوایەتیدان بە بڕینی پشتگیریی خۆیان بۆ کورد. لە ١٣ی ئازاردا، «کۆلبی» دوو پەیامی سەبارەت بە کاریگەریی ڕەوشەکە بۆ کیسنجەر نارد. پەیامی یەکەمیان ئاماژە بوو بە بڕوای ئەو، کە ڕێککەوتنی شا لەگەڵ سەدامدا "پێگەی ئەمریکای بە پەردەلەسەرهەڵدراوی" هێشتۆتەوە." ئیدی لەژێر تیشکی ئەم



هەواڵنامەی کتێب

"بارودۆخە ئاڵۆزە" و "بەردەوامی تاریکی"ی ئەوەی بەسەر کوردستاندا هات، وەک «کۆلبی» نووسی، ئەو دەبوایە " بە توندی مشتومڕ لەسەر ئەوە بکا، کە ئەو بڕیارانەی شێوەی پەیوەندی سی ئای ئەی بە کوردەوە دیاریدەکەن دوابخرێن[62]، بە باروبووی مانگانەشەوە تا ئەوکاتەی ...لە دەرهاوێشتەی [ڕێککەوتنەکە] ... وێنەکە ڕوون دەبێتەوە و ئەو دەرفەتە دێتەپێشەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل بکرێ و بڕیاربدرێ." لە پەیامی دووهەمیشیان، «کۆلبی» داوای لە کیسنجەر کرد، کۆشکی سپی لە کورد دووربخاتەوە. "گریمانەی بنەڕەتی پێشووی پابەندییەکانمان لەسەر ئەوە بوو کە هەموو پشتگیرییەکانمان بۆ کورد پێویست بوو ناڕاستەوخۆ لە ڕێی ئێرانییەکانەوە بوایە و لەگەڵ ڕەوشی نوێشدا ئێمە بڕوامان وایە کۆمەکی ڕاستەوخۆ... کەمتر مایەی بەرگریلێکردنە لەوەی ڕابردوو." هەروەها ئەو گومانی لەوەش هەبوو، کە شا ڕێگە بدا ئێران وەک بنکەیەکی یارمەتی ئەمریکی و ئیسرائیلییەکان بەکاربهێنرێ، تەنانەت خۆئەگەر ڕێگەشی دا، "ئەوا پرسیارێکی زۆر جددی هەیە، ئاخۆ ڕەوایەتی بۆ ... بەردەوامبوون لەسەر کارەکەدا هەیە." هەروەها «کۆلبی» هۆشداری ئەوەشی دا، کە "هەستوسۆزی هەنووکەی" کورد دوای وازلێهێنیان "ئەگەری هەڕەشەیەکی نەخوازراوی" وەک پەردەهەڵدانەوە لەسەر ئۆپەراسیۆنەکەی سی ئای ئەی خولقاندووە. ئیدی بۆ خۆبەدوورگرتن لەمە، «کۆلبی» پێشنیازی ئەوەی کرد جارێ بەلای کەمەوە باروبووەکە بۆ ئەوان بەردەوام بێ.[١٥٨] کیسنجەریش لە یاداشتەکەی خۆیدا ڕقە شاراوەکەی خۆی بۆ کاردانەوەی «کۆلبی» سەبارەت بە وازهێنان لە کورد دەربڕیوە، ئاماژەی بەوەدا، پێشنیازەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشەکە بۆ ئەوە بوو تا کات بەدەستبێنێ، بەڵام دەبێ بشزانرێ ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەکە تەواودەبێ، "ئەوا کات زۆر درەنگ دەبێ، کار لەکار دەترازێ."[١٥٩]

[62] مەبەست لێرەدا ئەوەیە، ئەو بڕیارانە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێککەوتنەکەی ئێران- عێراق کارپێنەکرێ و نەوەستێنرێن (وەرگێڕ)


هەواڵنامەی کتێب

له ١٣ی ئازار، شا توانی قەناعەت بە بەغدا بهێنێ بەوەی هێرشەکانی بوەستێنێ هەندێ کات بە بارزانی بدا. بە گوێرەی قسەی «کۆرن» بێ، کاتێک ئەو دووانە یەکدییان بینی، شا نیگەرانییەکەی خۆی ڕوونکردەوە سەبارەت بەوەی تا دەهات شەڕی لەگەڵ عێراق قووڵتر دەبووەوە و هیچ بژارەیەکی لەدەست نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ، کە لەگەڵ عێراق بگاتە ئەنجامی ڕێککەوتن، شا گوتی ئەو ڕێککەوتنە وەک شتێکی "کاتی"ی دەبینێ و بڕواشی وەها نییە، کە عێراق ڕێز لە ڕێککەوتنەکە بگرێ. لەو نێوەشدا، هەموو یارمەتییەکان کۆتاییان پێدێ بەڵام سنوورەکە بۆ (٣٠) ڕۆژی دیکە کراوە دەبێ، ئیدی لەو ماوەیەدا هەر کوردێک بیەوێ بێتە ئەودیوی سنوور بەخێرهاتنی لێدەکرێ. **کاتێکیش «دکتۆر مەحموود عوسمان» ویستی مشتومڕ لە دژی بڕیارەکە بکا، شا یەکسەر قسەکەی پێبڕی: "من بڕیارەکەمت پێڕادەگەیەنم. هیچ شتێک بۆ تاوتوێکردن نەماوەتەوە." کار لەکار ترازاوە.**[١٦٠]

یەک شتی دژبەر سەبارەت بە کۆتاییهاتنی شەڕی کورد ئەوە بوو ئاخۆ کیسنجەر هەرگیز وەڵامی پاڕانەوە سۆزدارییەکەی بارزانی بۆ پشتیوانیی داوەتەوە. کیسنجەر لە یادەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ، ئەو "وەڵامی پاڕانەوە بێچارەییەکەی [بارزانی] بۆ کۆمەک نەداوەتەوە، چونکە هیچ شتێک بۆ گوتن نەمابووەوە."[١٦١] بە هەمان شێوەش، *ڕاپۆرتەکەی پایک* بڕگەی برووسکەی سی ئای ئەی دەهێنێتەوە، تێیدا هاتبوو؛ "هیچ وەڵامێکی لە وەزیری کاروباری دەرەوە، هینری کیسنجەر بۆ پەیامەکەی بارزانی پێنەگەیشتبوو." ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەدا، کە بارزانی دوو پەیامی دووپاتکردنەوەی دیکەی لەسەر "دژواریی ڕەوشی کورد، نیگەرانی دەستوبردی لە سەرکردەکانی و پاڕانەوەی سۆزداریانەیان بەوەی حکوومەتی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەژموونی خۆی لەگەڵ ئێران بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ئاگربڕەکە بەکاربهێنێ، ناردبوو[١٦٢]. لەبەرئەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەوە دیاربوو، کە کەمتەرخەمی کیسنجەر لە وەڵامدانەوەدا هەردوولای هەبوو، هەم بێباک و هەم دڵڕەقانەش بوو.[١٦٣]



هەواڵنامەی کتێب

هەرچۆنێک بێ ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لەڕاستیدا کیسنجەر وەڵامی بارزانی دابووەوە، ئەوە بوو لە ١٥ی ئازاردا پەیامێکی بۆ «هێلمز» ناردبوو کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

**ئێمە پێزانینمان بۆ ئەو نیگەرانییە قووڵە هەیە، کە بووەتە مایەی پەیامی بارزانی بۆ کیسنجەری وەزیری کاروباری دەرەوە. ئێمە لەو بڕیارە قورسانە تێدەگەین کە ڕووبەڕووی گەلی کورد بووەتەوە، کە تووشی ترسوبیمێکی زۆری کردوون. ئێمە بە سەرسامییەکی گەورەوە لە ئازایەتی و شکۆمەندی ئەو گەلە دەڕوانین کە بۆ چەندین ساڵە ڕووبەڕووی بووەتەوە، نوێژەکانیشمان لەگەڵ ئەواندایە. ئێمە قسە لەگەڵ دۆستە ئێرانییەکانمان دەکەین و دواتریش لەگەڵ ژەنەڕاڵدا لە پەیوەندیدا دەبین.**[١٦٤]

ئەم پەیامە لە ١٧ی ئازاردا گەیەنرایە دەستی ئەو بەرپرسەی سی ئای ئەی، کە لەگەڵ بارزانی لەخەتدا بوو.[١٦٥] هەرچەندە نامەکە دوور بوو لە بەڵێنی یارمەتی زیاتر، کەچی ڕێنمایی کیسنجەر بۆ «هێلمز» ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکی گەورەی بوو سەبارەت بە سەوداکردن لەگەڵ هەرەسەکە، بەتایبەتیش گەر بارزانی بیکردبایە ناپاکییەکی گشتیی. ڕێنماییەکە دەڵێ:

**لەسەرێکەوە... دیارە هەندێک لە بەرپرسیاریی ئەوەیە کە یارمەتییەکان لە پڕ و بە یەکجاری نەبڕدرێ. تۆ دەبێ ڕێگەیەکی شایستە بۆ کێشەی هەردوو حکوومەتی ئێرانی و ئەمریکی بدۆزیتەوە، کە چ لە ئەمریکا یان لەهەر شوێنێکی دیکە ڕووبەڕوی ببێتەوە بەوەی ئەگەر قەتڵوعامێک و خەتابارییەک لەلایەن بارزانیەوە هەبێ بەوەی لێیگەڕاون بڕووخێ. ئەو کوێرەوەییەی کورد دەکرێ ببێتە مایەی وروژاندنی نیگەرانییەکی مرۆیی قووڵ. لەسەرێکی دیکەشەوە، حاڵەتێکی**



هەواڵنامەی کتێب

**نەکردە دەخولقێنێ ئەگەر هاتوو ئێمە بە ئامانجێکی دژبەری ئێران کاربکەین.**[١٦٦]

هەروەها کیسنجەر فەرمانی بە «هێلمز» کرد تا ئەوە یەکلاییبکاتەوە ئاخۆ ڕەفتاری ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ کورددا چۆن دەبێ. لە کۆتاییشدا، ئەو بەردەوامبوونی باربووی مانگانەی بارزانی پەسەندکرد؛ "ئەمەش یارمەتییەکی فریاگوزارییانەی بە بەزەییە بۆ ئەو تراژیدیایەی بەسەر کورددا هاتووە."[١٦٧]

بەوەی کە دەستبەرداری کورد بوو، ئەمریکاش ئاماژەی بەوەدا، کە ناتوانێ لەسەر ئۆپەراسیۆنەکە بەردەوامبێ، ئەوە بوو لە ١٨ی ئازاردا بارزانی گەڕایەوە کوردستان و فەرماندە باڵاکانی هێزەکەی لەوە ئاگادارکردەوە کە چیدیکە ناتوانن بجەنگن:

**ڕەوشەکە ڕەوشێکی بێئومێدانە بوو، بەڵام ئەگەر هەر یەکێک بیەوێ لەجێگەی ئەو بجەنگێ، بارزانی ئەوهای پێگوتن، ئەوا ئەو تەواوی پشتگیرییە مۆڕاڵەکەی دەداتێ. هەرچەندە خستنەڕووەکە زیاتر شکڵیانە بوو لەوەی ڕاستیی بێ. بۆ ئەوانەش گوێیان لە قسەکانی بوو، ئەوە ڕوون بوو، کە بارزانی گوتبووی "ئەمە کۆتاییەکەیە، ئێمە دەبێ هەر ئێستا بوەستین." بەم جۆرە کاتێک چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا، فەرماندەکانیش هاوڕابوون ، ئاخر بەبێ سنوورێکی کراوە کە چەک و ئازوقەی لێوە بێ، ئەوا کارێکی نەکردەیە لەسەر شەڕەکە بەردەوامبێ.**[١٦٨]

لەو نێوەدا و لەهەمان ئەنگۆرەدا، «کالاهان» چاوی بە شا کەوت تا ئایندەی پرسی دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد تاوتوێبکەن. شاش گوتی، کە ئەو " هیچ جێگرەوەیەکی دیکە نابینێ... یان دەبێ لێبگەڕێی کوردەکان لە ڕێی هێرشی عێراق لەبەهاردا تێکیانبشکێنێ، یاخود بەکراوەیی بۆ پارێزگاریکردن لەگەڵیان بکەویە جەنگ [لەگەڵ عێراق]." **«کالاهان»یش پرسی ئەوەی وروژاند ئاخۆ**



هەواڵنامەی کتێب

**ئەمریکا لەسەر باربووی مانگانە بۆ بارزانی بەردەوامبێ، ئاماژەشی بەوەدا کە بڕی مانگی ئازار دەکرێ دوا بڕی پارەدانەکە بێ. شاش هیچ دژی پرسەکە نەبوو.**[١٦٩] لە ٤ی حوزەیراندایشدا، «کۆلبی» یاداشتێکی بۆ کیسنجەر نارد تێیدا سەلماندبووی کە ئاژانسەکە کۆتایی بەدەستوەردان لەگەڵ کورد هێناوە.[١٧٠]

دوابەدوای هەرەسهێنانی کتوپڕی دەستوەردانی کورد، بارزانی و ماڵباتەکەی بۆ ئێران هەڵاتن، لەوێ بۆ ماوەی چوار ساڵی دواتر بە شێوەیەکی بەخێرنەهێنراو ڕەفتاریان لەگەڵدا کرا. تراژیدائاسا، لە تەمموزی ١٩٧٥دا، بارزانی داوای چارەسەری پزیشکی لە ئەمریکا کرد. لە ٢٥ی تەممووزیشدا، «ڕاتلیف» یاداشتێکی بۆ کیسنجەر نارد، تێیدا سەرەداوەکانی سی ئای ئەی بەیانکردبوو، کە ئاخۆ بۆچی دەبێ ڕێگە بە بارزانی بدرێ بێتە ئەمریکا و نەشتەرگەری لیمفی خوێنی بۆ بکرێ. «ڕاتلیف» ئاماژەی بەوە دابوو، کە سی ئای ئەی هەستی کردووە لەوێدا "مەترسییەکی گەورە هەیە بەوەی لەسەردانەکە بێمراد بکرێ،" کە ئەمەش بەتەنیا دەبێتە مایەی "تاڵاونۆشینی بارزانی و ئەگەری ئەوەی یارمەتییەکانمان بۆ کورد ئاشکرابکرێن. هەرچۆنێک بێ سی ئای ئەی دانی بەوەدا نا، ئەگەر بۆ چارەسەری پزیشکی ڕێگە بە بارزانی بدرێ بێتە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، "ئەوا هەندێک چاکەی دەرهەق دەکرێ و دەتوانین جەخت لەوە بکەینەوە کە یارمەتییەکەمان بە نهێنی بمێنێتەوە، هەروەها حاشاش لەوە بکەین کە زانیاریمان دەربارەی بڕیارەکەی شا هەبووبێ سەبارەت بە پێکهاتن لەگەڵ عێراق." کیسنجەریش داواکەی پەسەندکرد.[١٧١] دوای ئەوەش لە ئەیلوولی ١٩٧٥دا گەیشتە ئەمریکا، نەخۆشییەکەی بارزانی بە شێرپەنجە دەرچوو.[١٧٢] لە یەکی ئازاری ١٩٧٩ش لە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.[١٧٣]

لێ گەلۆ، چیرۆکی تراژیدیای کوردان لەگەڵ پیاوێک نە ژیا و نە مرد. بەڵی لە ٢٣ی ئازاری ١٩٧٥دا زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ جەنگاوەری کورد و و خاوخێزانیان ئاودیوی سنووری ئێران بوون، گەیشتنە ئەو هەزاران ئاوارەی پێشتر لە


هەواڵنامەی کتێب

ئۆردوگای ئاوارەکان بوون، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە بەو "پارەدانە دەستکراوەییە" بۆ تەسلیمکردنەوەی چەکەکانیان قایلبوون و مانەوە. دوای شەڕەکە تاڵترین ماوەی ژیان بوو بۆ ئەوانەی لە شوێنەکانی خۆیان مانەوە، کە ڕژێمی عێراق بە دەستێکی ئاسنین حوکمی کوردستانی کرد، ناوچەیەکی سەرسنووری بە درێژایی ٣٠ کیلۆمەتر کردە ناوچەیەکی ئاسایشپارێزراو. بە گوێرەی «ماک دۆول»بێ، ئەم سیاسەتە وای کرد تا ساڵی ١٩٧٨ زیاتر لە ١٤٠٠ گوند ڕابگوازرێ[63]، کە نزیکەی ٦٠٠,٠٠٠ کورد خرایە نێو ئۆردوگاکان.[١٧٤] بەڵام چارەنووسە هەرە بەدەکە بەر گوندەکانی دەڤەری بارزان کەوت. دوای هەرەسەکەی ١٩٧٥، گوندنشینیان ڕاگوێزرانەوە ئۆردوگا زۆرەملێکان. لە تەمموزی ١٩٨٣شدا، کاتێک یاخیبووە کوردەکان لە گرتنەوەی حاجی ئۆمەراندا پشتی ئێرانییەکانیان لە جەنگی ئێران - عێراقدا گرت، ئەوە بوو هێزە چەکدارەکانی عیراقی نزیکەی ٨٠٠٠ نێرینەیانە بە گەنج و پیرەوە گرت و بەرەو بەغدا بردیانن. هەرچۆنێک بێ ئەمە دوا کات بوو کە بینرابن. سەدامیش بە نۆرەی خۆی بەڕاشکاوی دانی بە کوشتارگەکە دانا: "ئەوان ناپاکییان لە وەڵات کرد... ئێمەش بە توندی سزامان دان و بەرەو دۆزەخمان ڕەوانەکردن."[١٧٥]

### ئەنجام

لە ماوەی نێوان شەڕی عەرەب - ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ و کۆتایی شەڕی کورد لە ئازاری ١٩٧٥دا، ئەوە ڕوون بوو، کە هینری کیسنجەر هێزی بزوێنەری پشت دەستوەردانی ئەمریکا بوو لە عێراق.[١٧٦] جڵەوبەدەستبوونی ئەو بەسەر بڕیاردارڕشتندا واتای ئەوەی گەیاند، کە زۆر جار ڕوانینی کەسەکی خۆی

[63] لەمیانەی ئەو ڕاگواستنانەدا، ئەوکات مێردمنداڵ بووم، باشم لە بیرە کە گوندەکەی ئێمە «گرتک» لەگەڵ ٢٦ گوندی دیکەیان لە «دۆڵی ڕوستێ»ی باڵەکایەتی لە ٢٢ی تەمموزی ١٩٧٨ گواستەوە و بەسەر چەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێ دابەشیانکردین، ئێمە بەشێکمان، (ماڵباتەکەی ئێمە) بەر ئۆردوگای دیانا کەوت، ئەوانی دیکەش بەسەر ئۆردوگاکانی هەریر، مەلائۆمەر و قوشتەپە دابەشکران.



هەواڵنامەی کتێب

باڵی بەسەر لێکدانەوەی زانراو ئەوانەی لەسەر بنەمای فرەبۆچوونی ڕۆنرابوو، کێشابوو. ئیدی لەو هەلومەرجانەدا، زۆر جاران سیاسەتی کەسەکی کیسنجەر لەگەڵ هی وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا تێکگیر دەبوو، دەبووە مایەی لەدەستدانی هەندێ دەرفەت. هەر بۆ نموونە، دوابەدوای جەنگی ئۆکتۆبەر، ئەو کاتەی عێراق لە ڕێی دروستکردنەوەی پەیوەندی دیپلۆماسییانە لەگەڵ بەریتانیا، فەرانسە، ئێران و ئاڵمانی ڕۆژئاوا دیاربوو لەگەڵ ڕۆژئاوا بایدایەوە و نیشانەی کراوەشی بۆ چاکبوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا خستەڕوو، کەچی کیسنجەر هەموو ئەو هێمایانەی پشتگوێخست و بە پێداگیرییەوە داوای لە شا کرد پەلاماری عێراق بدا بۆ ئەوەی کشانەوەی ئیسرائیل لە سووریا بە سەلامەتی مەیسەربکا. بە دڵنیاییەوە ئەم حاڵەتە لەبن هەلومەرجی کێشەی عەرەب - ئیسرائیلدا تاکتیکی بەجێ بوو، بەڵام بە ڕوونی ئەو دەرفەتەی لەدەستدا کە پەیوەندی لەگەڵ عێراق چاکبکاتەوە و لە سۆڤیەتیش بە دووری بخاتەوە. کردەکانی کیسنجەر بەشداربوو لە نۆژەنبوونەوەی شەڕی کورد لە ئازاری ١٩٧٤دا، ئەمەش ڕژێمی عێراقی ناچارکرد بۆ کڕینی چەکوتفاق بەرەو سۆڤیەت بایداتەوە. هەرچۆنێک بێ، ڕیالیزمی کیسنجەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ەوە هات، ئەو کاتەی توانستی دامەزراندنی کەناڵێکی پشتپەردەی لەگەڵ عێراق وروژێنرا. هەموو ئەوە ئەمەی نیشاندا، لەکاتێک پابەندییەکانی ئەو بە کورد سەلمێنراو بوو، کەچی ئەو حەزیشی لێبوو ئەو دەرفەتانە بقۆزێتەوە تا پەیوەندی لەگەڵ عێراق باشبکاتەوە.

شتێکی سەرسام و کتوپڕ نەبوو، ئەو کاتەی شەڕی کورد لە ئازاری ١٩٧٤دا هەڵگیرسایەوە، کیسنجەر ئاستی پشتگیریی ئەمریکای بۆ کورد زیاترکرد، یارمەتی مرۆیی بۆ پرسی ئاوارەکانی کورد پەسەندکرد و لەگەڵ ئیسرائیلییەکان هاوکار بوو تا بایی ئەوەندە چەک بۆ کورد بگوازنەوە، بتوانێ بەرگری پێ لەخۆی بکا و نەهێڵێ سوپای عێراق لە سەربازگەکانی خۆیان پیشڕەوی بکەن. هەروەها هەر خۆشی هۆشداری دایە بارزانی تا یەکلایەنە ئۆتۆنۆمی



هەواڵنامەی کتێب

ڕانەگەیەنێ، چونکە بڕوای وەها بوو ئەم کارە کێشە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دروست دەکا و تیختیخەی عێراقیش بۆ هێرشێکی سەرتاسەری دەدا. لە هەمان کاتیشدا، لەبەرئەوەی قانوونی عێراقی لەبارەی دەستەبەرکردنی داوا ستاندەردەکانی کورد زۆر کورتهێن بوو، ئیدی دەرفەتێکی کەم هەبوو تا بارزانی بچێتە ژێرباری داواکانی عێراق. هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە، بە توندی دژی شیمانەکەی *ڕاپۆرتی پایک* دەوەستنەوە بەوەی، کە ئەمریکا هانی بارزانیدا بێ تا خستنەڕووەکەی ڕژێم بۆ ئۆتۆنۆمی ڕەتبکاتەوە.[١٧٧]

کاردانەوەی کیسنجەر دەرهەق بەو ڕێگە تراژیدیایەی، کە کۆتایی بە شەڕی کورد پێهات، هێڵ بەژێر ئەوەدا دەکێشێ، کە چۆن دەستی ئەو لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکەدا تێکەڵبووە. ئەوەش ڕوونە، کە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ کورد وا دەبینێ وەک ئەوەی ئامرازێکی بەهاداربێ بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دوای هەموو شتێکیش، کوردەکان توانیان بە ڕێژەی ٨٠٪ لە ماوەی شەڕی ئۆکتۆبەردا سوپای عێراق لەپەلوپۆ بخەن، ئەمەش وای کرد عێراق نەتوانێ حکوومەتێکی بەهێز پێکبهێنێ و سەلمێنەری بەنرخیش بوو بۆ ئەوەی عێراق لەبەرەی ئیسرائیل - سووریا دووربخاتەوە، کە بووە هۆی ئەوەی ڕێکەوتنی لەیەککردنەوەی ئایاری ١٩٧٤ نێوان هەردوولای شەڕکەر. هەرچۆنێک بێ، کردەکانی کیسنجەر ئاماژەیان بەوەش دا، کە ئەو هەستی بە پابەندبوونێکی ڕاستەقینە کردبوو تا یارمەتی کورد بدا بەڵکو بەرگری لەخۆیان بکەن. ئەو بەردەوام هۆشدارییەکانی سی ئای ئەی سەبارەت بە تاوسەندنی دەستوەردانەکە پشتگوێدەخست، بڕێکی زۆری لە یارمەتی مرۆیی پەسەند کرد و بەو ڕێگەیەشدا ڕۆیشت، کە کورد دەستی بە چەکی پێشکەوتوو ڕابگا. هەمووی بەسەریەکەوە، کوردەکانیش سەلماندیان کە هاوپەیمانێکی بەنرخن بۆ بەرەوپێشوەبردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. لەبەر هەندێک هۆ، بێمرادبوونی کیسنجەر و تووڕەبوونەکەشی دوای ئەوەی زانی، کە شا ڕاوێژەکەی پشتگوێخستووە و لەگەڵ سەدامیشدا گەیشتووەتە ڕێککەوتنێک،


هەواڵنامەی کتێب

مایەی لێتێگەیشتن بوو. کاتێکیش شا بڕیاڕی بڕینی پشتگیریی کوردی دا، ئەو شتەکەی وەها خستە بەردەم ئەمریکا کە کار لەکار ترازاوە. بەوەی کەوا نە ئێران و نە تورکیاش لە ڕێگەی خاکی خۆیانەوە نەیاندەویست ڕێگە بە ئەمریکا بدەن پشتگیریی کورد بکا، ئیدی ئەمریکیی و ئیسرائیلییەکان هیچ بژاردەیان لەبەردەستدا نەما بەدەر لەوەی کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکانیان بهێنن.

لە کۆتاییشدا، سیاسەتی ئەمریکا لە ماوەی شەڕی کورد لە بەرانبەر عێراقدا دەکرێ بە باشترین شێوە لە ڕێی بەهەندهەڵگرتنی جەنگی سارد ڕوونبکرێتەوە. هەردوو ئیدارەی نیکسن و فۆرد دەستتێوەردانەکەیان وەک ئامرازێکی شایستە بۆ ناسەقامگیرکردنی عێراق دەبینی، کە دیار بوو هاوپەیمانی سۆڤیەت بوو. لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٥یشدا، کیسنجەر لەسەر هەوڵەکانی پێشتری ڕۆیشت، بەوەی کەناڵێکی پەیوەندی پشتپەردە پەیدابکا، ئەمەش لە ڕێی سەردانێکی بۆ بەغدا، کە لەوێدا لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق «سەعدون حەمادی» کۆبووەوە. کاتێکیش «حەمادی» ئەوەی دەرخست کە ڕاپۆرتی پەیامنێرانی ئەمریکی ئاماژەیان بەوە دابوو، کە ئەمریکا ژێربەژێر لە ماوەی شەڕەکەی لەگەڵ عێراقدا یارمەتی کوردەکانی داوە،[١٧٨] کیسنجەر ڕوونیکردەوە، کە ئەو دەستوەردانی لەگەڵ کورد پەسەند کردبوو، چونکە ئەو "بڕوای وەها بوو، [عیراق] دەوڵەتە پاشکۆیەکی سۆڤیەتە." ئەو لەسەر قسەکردن بەردەوامبوو بەوەی، ڕێککەوتنەکەی جەزائیر هەموو نیگەرانییەکی سەبارەت بە پەیوەندی عێراق بە سۆڤیەتەوە ڕەواندۆتەوە و ئەویش عێراقی دڵنیاکردووەتەوە، چیدیکە پشتگیریی کورد ناکا. بە دووبارەکردنەوەی سەدای تێبینینامەکەی «جۆن فۆستەر دەلەس»ی بەر لە ١٥ ساڵ پێشتر، کیسنجەر بە «حەمادی» گوت؛ "ئێمە ئێستا تێگەیشتنێکی پێشکەوتووانەترمان بۆ [عێراق] هەیە".[١٧٩] ئیدی ئەم دەمەتەقێیە هیچ جێگەی گومانی بۆ ئەوە نەهێشتەوە، کە شەڕی کورد لە ١٩٧٤ – ٧٥دا کێشەیەکی جەنگی سارد بووە؛ وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەک و یارمەتی داوەتە کورد، لە کاتێکدا یەکێتیی سۆڤیەتیش هەمان شتی بۆ


هەواڵنامەی کتێب

عێراقییەکان کردووە. بۆ بەدبەختیش وەک «برێنت سکۆرکۆفت» لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی ٢٠١١دا ی بەبیریهاتەوە، "هەروەک ئەوەی ماوەیەکی درێژە هەر وەهان... کورد داشی دامەی سیاسەتەکانی زلهێزن،" وەک هەر داشی دامەیەکیش ئەوان سوا بوون.[١٨٠]

**ئەنجام**

لە ماوەی نێوان شۆڕشی عێراق لە ١٩٥٨ و کۆتایی جەنگی کورد لە ١٩٧٥دا، هێزی پاڵنەری پشت سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق، ستراتیژیی جەنگی ساردی ئەمریکا بوو. شۆڕشی عێراق بە یەکجار ستراتیژیی لەخۆگرتنی ئەمریکای وەرچەرخاند و دەرگەی وەڵاتەکەی بۆ کێبڕکێ و دەستوەردانی زلهێزەکان خستە سەر گازەرای پشت. لە ماوەی نێوان ١٩٥٨ - ١٩٧٥دا هەردوو زلهێز بۆیە دەستیان خستە نێوکاروباری ناوخۆی عێراق تا کاریگەریی خۆیان بەسەر ئاراستەی ڕژێمەکەی بەغدا بسەپێنن. بەردەوامیش کردەوە و بڕیارەکانی ئەمریکا لەسەر ڕەتکردنەوەی هەژموونی سۆڤیەتی بەسەر عێراق و ناوچەکەدا ڕۆنرابوو. نموونەش بە هاوکارییە وریایانەکەی ئیدارەی ئایزنهاوەر لەگەڵ ناسر دەستی پێکرد، بۆ ئەوەی لە ماوەی ١٩٥٨ - ١٩٥٩دا ڕێبگرێ لەوەی کۆمۆنیستەکان لە عێراق دەسەڵات بگرنەدەست؛ پشتگیریی ئیدارەی کەنەدەیش بۆ ڕژێمی بەعس لە ماوەی شەڕە دڕندانەکەی دژ بە کورد لە١٩٦٣دا کە بە پشتگیری سۆڤیەتەوە بوو؛ پەیوەندییە دۆستایەتییەکەی ئیدارەی جۆنسۆنیش لە بەرانبەر برا عارفە ناسیونالیستە دژە کۆمۆنیستەکان بوو؛ ئینجا پشتگرتنی ئیدارەی نیکسن - فۆرد لە پێناو لاوازکردنی ڕژێمی بەعس، ئەمەش دیاربوو دوای ئەوە بوو کە ڕژێم لە بەغدا بەرەو کەمەرەی سۆڤیەت کشابوو. بابەتەکەش هەر لەبەر ئەوە هاتەکایە، هەر کاتێک ڕژێم لە بەغدا ڕەفتاری لایەنگرانەی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان نمایشکردبێ، ئەوا ئەمریکا دەستی لە



هەواڵنامەی کتێب

کاروبارەکانی ناوخۆ وەرداوە تا دژی مەترسییەکە ببێتەوە، زۆر جارانیش لە ڕێی کردەی ژێربەژێرەوە بووە. بە هەمان شێوەش، ئەگەر هاتبێ ڕژێمی عێراق خۆی بە دژەکۆمۆنیست نیشاندابێ، ئەوا ئەمریکا سیاسەتی خۆ لەگەڵ ڕێکخستن، بەرجەستەکردنی پەیوەندی دۆستانە بووە و بە دوای ئەوەدا گەڕاوە، کۆمۆنیستەکان یان هێزە لایەنگرەکانی سۆڤیەت دەستیان نەڕوا. لە هەر یەک لەم حاڵەتانەش، مەبەستی دنەدانی سەرەکی دەستوەردانی ئەمریکا لە عێراق لەبەرچاوگرتنی پێگەکەی بووە لە جیۆپۆلیتیکی جەنگی ساردا. بەداخەوەش، کێبڕکێی ئەمریکا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت لەسەر عێراق و بەرفرەوانتریش لەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بووەتە مایەی ئەوەی سەدام بگاتەسەر دەسەڵات و لە دواییشدا ببێتە مایەی ناسەقامگیرکردنی سیاسەتەکانی ئەمڕۆی عێراق.

ئەوەی مایەی سەرسامی نەبوو، شۆڕشی عێراق دنەی کاردانەوەی ئیدارەی ئایزنهاوەری دا، ئاخر خەمی ئەوەیان بوو، نەبادا حیزبی شیوعی عێراقی جڵەوی وەڵاتەکە بگرێتەدەست. ئەم کتێبە ئەوەی نیشاندا، کە ئیدارەی ئایزنهاوەر ڕووداوەکانی عێراق لە ماوەی ١٩٥٨ - ٥٩دا وەهای دەبینی، کە پڕیشکی کێبڕکێی جەنگی ساردە لەگەڵ مۆسکۆ، پێشەنگی گریمانەیەکی بڕیارەکانی بوو بەوەی پێویستە بەر بە پێشڕەوی سۆڤیەت بگیرێ. ئیدارەی ئایزنهاوەر لەگەڵ ناسر هاوکارییەکی وەهای کرد بەڵکو سنوورێک بۆ هەر کشانێکی کۆمۆنیستەکان دابنێ، بەڵام کردەوەکانی ئەمریکا هۆکاری بڕیاردەر نەبوون بۆ ڕێگرتن لەوەی کۆمۆنیستەکان لە عێراق دەسەڵات بگرنەدەست و لەڕاستیدا لەوانەشە زیانیشی لە ئامانجەکانی دابێ. بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی لەبن لەگەڵ ناسر و کارکردن لەگەڵیدا، ئەمریکا بە شێوەیەکی نەخوازراو قاسمی ناچارکرد، کە بۆ پشتگیریی سیاسییانە زیاتر پشت بە کۆمۆنیستەکان ببەستێ. هەرچۆنێک بێ، کاتێکیش کۆمۆنیستەکان لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٥٩ی کەرکووکدا شووڵیان لێهەڵکێشا، قاسم ناچار بوو بابداتەوە سەر هێزی سوپا، بەوەی وەک بنەمایەکی پاڵپشتی پاڵیلێبداتەوە. ئیدی لەم پنتەدا، ئەوە ڕوون بوو، کە ئەمریکا و


هەواڵنامەی کتێب

بەریتانیا وەک «بلاکوێل» گوتی هەمان "ڕوانینی هاوبەشیان" سەبارەت بە هەڕەشەی کۆمۆنیست نەبوو. ئەمریکا وەهای دەبینی، کە هەڕەشەکە ڕوونە و مەترسیشە لەسەر بەرژەوەندییە ستتراتیژییەکان لە ناوچەکەدا، لە کاتێکدا بەریتانیا دەیبینی، کە قاسم ئەگەری بیچمێکی جێگرەوەی ناسرە لە ناوچەکەدا و هەوڵیشیدا یارمەتی بدا. ئەمەش دابەشبوونە کلاسیکی و ڕێسای ستراتیژی بوو، دواتریش بووە بەڵگە، ئەوکات بەریتانییەکان هۆشدارییان دایە قاسم، کە «ڕەشید عالی گەیلانی» لە ١٩٥٨دا بە تەمای پلانی کودەتایە. لەکاتی خۆیدا، ئەو دڵدارییەی بەریتانییەکان لەگەڵ قاسمدا تێهەڵدرا، ئاخر شتێکی حاشاهەڵنەگر بوو، کە لە ١٩٦١دا ڕژێم هەڕەشەی داگیرکردنی کوێت بکا. لە کۆتاییشدا، مێژوو ئەوەی نیشاندا، کە بەڵگەی سەرەکی بەردەستی ئەمڕۆ ناتوانێ ئەو خۆنمایشەی ئەمریکا بسەلمێنێ بەوەی دەستی لەگەڵ حیزبی بەعسدا هەبووبێ کاتێ لە ١٩٥٩دا هەوڵیاندا قاسم لەناوبەرن.

کاتێکیش کەنەدی هاتەسەر کورسی سەرۆکایەتی، هەستینەکرد، کە عێراق شایستەی ئەو ئاستە بایەخپێدانەیە وەک ئیدارەی ئایزنهاوەر بۆی چووبوو، ئیدی ئەوە بوو کۆمیتەی تایبەتی بە عیراق هەڵوەشاندەوە. ئەمەش هەڵەیەک بوو کردی، چونکە وای لە کۆشکی سپی کرد لە بەرانبەر زنجیرەیەک تەنگژە، وەک سەختانگی کوێت، هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد و خۆماڵیکردنی زێدەمافەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق و ئینجا دابەزینی ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان لەگەڵ ئەمریکا لە میانەی ١٩٦١ - ٦٢ بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان ئامادە نەبێ.

ئاشکرابوونی بەڵگەنامەی نوێ بەڕوونی یارمەتی ئەو فرەگوتنە نمایشانە سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنەکانی سی ئای ئەی لە نێو عێراق لە ماوەی نێوان ١٩٦١ - ٦٢دا دەدا. هەر بۆنموونە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ، کە سی ئای ئەی بە پێداگرییەوە داوای لە شۆڕشگێڕە کوردەکان کردبێ لەو ماوەیەدا دژی بەغدا بوەستنەوە؛ هەرچەندە بەڵگەنامەکان ئەوە دەردەخەن، کە دیپلۆماتە ئەمریکییەکان و ئەفسەرانی هەواڵگریی سەر مەیدان هۆشدارییان دابووە واشنتن


هەواڵنامەی کتێب

بەوەی جەنگێک لەگوینە، کەچی ئەم شتانەیان پشتگوێخست. لەوەش زیاتر، بەڵگەی وەها لە ئەرشیفی سۆڤیەت هەن، ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەفسەرە هەواڵگرییەکانی سۆڤیەت داوایان لە بارزانی کردووە تا لە ١٩٦١دا شەڕ بکا. هەروەها ئەوەش گوتراوە، کە سی ئای ئەی هەوڵیداوە لە ١٩٦١ - ٦٢دا قاسم لە ڕێی ناردنی دەستەسڕی ژەهراویکراوەوە "لە پەلوپۆ بخا"، بەڵام دیسان بەڵگەنامە ئاماژە بەوە دەکەن، کە «مەهداوی» ئەو لایەنگرە کۆمۆنیستەی سەرۆکی دادگای گەل، دیاربوو زیاتر ئامانجی هەوڵی فتکردنەکە بوو نەوەک قاسم. لە کۆتاییشدا، بە شێوەکی بەرفرەوان بڕوادەکرا، کە سی ئای ئەی لە پشی کودەتاکەی بەعسەوە بووبێ بۆ ڕوخاندنی قاسم لە ساڵی ١٩٦٣دا. بەڵێ هەر بە ڕاستیش سی ئای ئەی لە ١٩٦٢-٦٣دا پیلانی لە دژی قاسمدا گێڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا، پەردە لەسەر ئەوەش هەڵدرایەوە، کە سی ئای ئەییش دەستی لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تێکەڵکردبوو، کە بەشێوەیەکی سەرەکیش مەبەست لێی بەدەستخستنی زۆرترین زانیاریی بوو سەبارەت بە چەکی دژەئاسمانی سۆڤیەتی. ڕاستییەکەی، دەستگەیشتن "بەو زانیارییە هەرە گرنگانە"ش، ئیدارەی کەنەدی بێباکی زۆری سەبارەت بە شەڕانگێزیی قاسم نواند. ئاخر جمووجوڵێکی وەها ڕووقایمانە، وەک ڕووخاندنی حکومەتی عێراق، ئەوکات دیار بوو سەرچڵییەکی زۆر گەورە بوو. لەوەش پتر لەسەر ئاستی فەرمی سی ئای ئەیدا، ئەوەی گوت گوایە لە دژی قاسمدا کۆمەکی پیلانگێڕیی کردووە، پەردەی لەسەر ئەوە هەڵدایەوە، کە نەخشەی سی ئای ئەی بۆ ڕووخاندنی قاسم هێشتا لەو کاتەی کە حیزبی بەعس دەستەڵاتی گرتەدەست، شەقڵی کۆتایی وەرنەگرتبوو. بە کورتی، بەدەر لە ئاشکرابوونی زانیاری نوێ، بەشی هەرە زۆری بەڵگە جەوهەرییەکان بەو دەرەنجامە گەیشتون، کە سی ئای ئەی لە پشت کودەتاکەی ١٩٦٣ی بەعسەوە نەبووە.

دوای ساڵێک لە بێمرادبوون لەگەڵ ژێمی قاسم، ئیدارەی کەنەدی کودەتاکەی بەعسی وەک بەخێرهێنانێکی سەرسامانە بینی. هەرچۆنێک بێ، هەندێک



هەواڵنامەی کتێب

مشتومڕیان لەسەر ئەوە بوو، گوایە سی ئای ئەی لیستێکی بە ناوی کۆمۆنیستەکان، ئەوانەی دواتر گیران و زۆریشیان لێ کوژران، دابێتە دەستی بەعسییەکان. کاتێکیش بوونی ئەو لیستانە بەڵگەدار کران، کاربەدەستانی ئەمریکای ئەوکات ئاماژەیان بەوە دا، کە حیزبی بەعس پێشتر بڕیاری لەسەر ناسنامەی ئەندامانی حیزبی شیوعی و لایەنگرەکانی دابوو. لەبەرئەمە، ئەگەری ئەو دەرهاوێشتە هەیە، کە بگوترێ حیزبی بەعس پێویستی بە لیستێکی وەها نەبوو، کە سی ئای ئەی بیداتێ، ئاخر ئەو هەر پێشتر ئامانجەکانی خۆی دەناسی. بە چاوپۆشین لەوەی، بە دەستوەردانی هەردوو زلهێزەکان لەجیاتی بریگرتەکانیان[64]، عێراق لەو کاتەی ڕژێمی بەعس دەسەڵاتی وەرگرت، بە تەواوی ببووە گۆڕەپانی جەنگی سارد. لە بەرتەکی شاڵاوی بەعسیەکانیش دژ بە حیزبی شیوعی عێراقی، سۆڤیەتیش بە پاڵپشتیکردنی ئاشکرای بۆ کورد تۆڵەی خۆی کردەوە، لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا حیزبی بەعسی بە پێشێلکاری تاوانی جینۆساید تاوانبارکرد و تەنانەت پاڵپشتی ماددیانەی هەوڵێکی سەرنەکەوتووی کودەتاشی کرد. لە بەرانبەریشدا، ئیدارەی کەنەدی بە پێداگیرییەوە داوای لە عەرەبە هاوپەیمانەکانی کرد بەڵکو تاوانبارکردنەکەی سۆڤیەتی بۆ عێراق لە نێو نەتەوە یەکگرتوەکاندا بنکۆڵبکەن، ئەوە بوو لە ئابی ١٩٦٣دا سەودایەکی چەککڕینی بە بڕی ٥٥ ملیۆن دۆلار لەگەڵ عێراق پەسەندکرد و هەوڵێکی دەستپێشخەری نوێشی بۆ ئاگربەست دا. کەچی هەوڵ و تەقەللای ئەمریکا بە شێوەیەکی بەرفرەوان بەفیڕۆچوو، هەرچەندە کێشەکانی ناوخۆی ڕژێم سەبارەت بە پرسەکانی تایبەتمەند بە یەکگرتنەوە لەگەڵ سووریا و کێفەڕاتی تاوسەندنی شەڕ کە ئەو توندوتیژیەی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ی لێکەوتەوە، سەریکێشا بۆ ئەوەی سوپا تەنیا هەر چەند ڕۆژێک بەرلەوەی سەرۆک کەنەدی لە «دالاس، تەکساس» بە گوللە بپێکرێ، دەسەڵاتی گرتەدەست. لەبەر تیشکی ئەو ڕووداوانەدا، ناسینەوەی عێراق وەک گۆڕەپانێکی

---

[64] بریگرتە: مەعمیل، موەکیل.



هەواڵنامەی کتێب

جەنگی سارد و دەستوەردانی زلهێزەکان لە ١٩٦٣دا، لەبەرچاوی مێژوونووسان جەنگی ساردda نادیاربوو، هەرچەندە توێژەرەکان خەریکن لەم ساڵانەی دواییدا بەسەر ڕەوشی ئەو ساڵانەدا بچنەوە و بە دیدێکی دیکە بیبیننەوە.

لە ساڵەکانی جۆنسنیشدا، سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق دیسان لەگەڵ نزیکترین هاوپەیمانە هەرێمییەکانی خۆی وەک بەریتانیا، ئیسرائیل و ئێران ناجۆر بوو. هۆیەکانیشی بۆ ڕوانینی هەریەکێک لەوان بۆ ئەو پێگەیە دەگەڕایەوە کە عێراق هەیبوو. لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، تا ئەو کاتەی ڕژێمی نوێ لە بەغدا دژەکۆمۆنیست بووایە، ئەوا ڕێگەی بە پلەیەکی باڵای دەستڕۆیشتنی ناسر دەدا، تەنانەت بگاتە ڕادەی یەکگرتنیش لەگەڵ میسر. تیشکۆی بەریتانیانش لە نێوان ١٩٥٨ – ٥٩ لەسەر جەنگی سارد نەبوو، بەڵکو لەسەر ڕکابەرایەتی بوو لەگەڵ ناسر، ئیدی لە ماوەی شەستەکاندا، تەنگوچەڵەمەی بەریتانیا لەلایەن ناسیونالیستە خۆجێییەکان بوو لە هەمبەر ئیمپراتۆرە جیهانییەکە، بەتایبەتیش لە ناوچەی کەنداو، لەسەر ئەم پرسە زۆر لە کاربەدەستان لە لەندەن لۆمەی ناسریان کرد. بە هاتنەسەردەسەڵاتی ڕژێمێکی لایەنگری ناسریش لە بەغدا و بەرپابوونی باسوخواسی یەکگرتن، بەریتانییەکان ئەگەری هەڕەشەیان بە سەر پێگەی ستراتیژی خۆیان لە کەنداودا بینی. هەرچی ئیسرائیلی و ئێرانییەکانیش بوون، هەمان ڕوانینی ناڕەحەتانەیان سەبارەت بە پەرەسەندنی دەستڕۆیشتنی ناسر بەسەر بەغداوە هەبوو، هەرچەندە هۆکارەکەشیان لەیەک جیابوو. ئیسرائیلییەکان نیگەرانی ئەوە بوون، عێراق ڕۆڵی لە سەر کێشەی عەرەب – ئیسرائیل هەبێ، بۆیە بەدوای ئەوەدا گەڕان دەستوپێی سوپای عێراقی لەنێو چوارچێوەی وڵاتەکەی خۆیدا ببەستنەوە. هەروەها ئەوان نەیاندەویست ناسر دەستی بە دەوڵەمەندییە بەهەندهەڵگیراوەکەی نەوتی عێراق ڕابگا. بەهەمان شێوەش، شا ناسری دەبێزراند و متمانەی بە نیازەکانی ئەو نەبوو بەوەی خۆی لەسەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران بچەسپێنێ. لەبەر ئەم هۆیانە، بەریتانیا، ئیسرائیل و ئێران پرسێکی هاوبەشیان هەبوو، لە ڕێی پشگیرییکردنی کوردیشدا


هەواڵنامەی کتێب

بەدوای لاوازکردنی ڕژێمە نوێیەکەی عێراق گەڕان. لەکاتێکدا هەوڵ و تەقەللای بەریتانییەکان لەو ماوەیەدا لە سەرچاوە لاوەکییەکاندا بەڵگەدار نەکرابوو، کەچی هی ئێرانی و ئیسرائیلییەکان بۆ پاڵپشتکردنی کورد بەڵگەدارە. وێڕای ئەو گوتنانە، کە سی ئای ئەی هانی ئێران و ئیسرائیلی دابێ تا پشتیوانی کورد بکەن، لەوێدا هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەم دەرهاوێشتە لە گۆڕێدا نین. لە جیاتی ئەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە بە ڕوونی دەردەخا، کە ئیدارەی جۆنسن توانیبووی لە ماوەی نێوان ١٩٦٦ و ١٩٦٧دا بگاتە پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ عێراق، کە لە کانوونی دوەمی ١٩٦٧دا بە سەردانی ژەنەڕاڵە عێراقییەکان بۆ کۆشکی سپی و دیداری تایبەتی سەرۆک جۆنسن و وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق هەر چەند ڕۆژێک بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی ئۆکتۆبەردا بەرجەستە بوو.

شەڕی ئۆکتۆبەر هەموو ئەو بەرەوپێشچوونانەی ئیدارەی جۆنسن لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی عێراق بەدیهێنابوو، تێکوپێکدا، کە بووە هۆکای ئەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ واشنتن بپچڕێنرێ. لەپاش شەڕەکەش، ئەوە مایەی ئێش و ئازار بوو، کە ئەمریکا نەیتوانی سیاسەتەکەی خۆی لەبەرانبەر عێراق ڕاستبکاتەوە، بەڵکو لە بری ئەوە لە سەختانگێکەوە بەرەو سەختانگێک بازیدا، هەر بەڕاستیش هیچ ستراتیژییەکی دابڕی نەبوو. ئیدی تا دەهات پرسەکان ئاڵۆزتر دەبوو، ئەوە بوو بەریتانیا لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨دا ڕایگەیاند، کە نەخشەی بۆ کیشانەوەی هێزەکانی لە کەنداو هەیە و ئەمەش دەستبەجێ هاوسەنگی هێزی لە ناوچەکەدا شێواند، بووە مایەی پەرەسەندنی هەڕەشەی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا. دوای پرسوڕای چڕوپڕ لەگەڵ بەریتانیا، ئیدارەی جۆنسن سیاسەتێکی وەهای گرتەبەر، کە ئێران و عەرەبستانی سعوودی بکاتە "جووت دینگەی جمک"ی هێز، بەڵکو کەلێنە بەجێماوەکە پڕبکەنەوە و ببنە بەربەستێکیش بە ڕووی هەڵکشانی دەستڕۆیشتنی سۆڤیەت. کاتێکیش حیزبی بەعس جارێکی دیکە لە تەمموزی ١٩٦٨دا دەسەڵاتی گرتەدەست، ئیدی لەچاو جاری یەکەمی ڕژێمی بەعس، ئەمجارەیان بووە مایەی



هەواڵنامەی کتێب

داڕسانێکی جیاوازی دیکە بۆ وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. وێڕای گوتنەکانی «هان» سەبارەت بەوەی، کە لە سەرەتادا ئەمریکا دووەمین ڕژێمی بەعسی بە شتێکی باش و پەسەندکراو دەبینی، کەچی ڕووخاندنی ڕژێمی دژە کۆمۆنیستی میانڕەوی عارف، لەدەستدانێکی ڕوونی ستراتیژی ئەمریکای جەنگی سارد بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەڕەشە بوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی لە عێراق، لە کەنداو و لە جەنگی ساردیشدا. سیاسەتە ڕادیکاڵەکانی حیزبی بەعس لە بەرانبەر ئیسرائیل، ئارەزووی خۆی بۆ نوێکردنەوەی شەڕی کورد و بادانەوەی بۆ لای یەکێتیی سۆڤیەت بە مەبەستی پشتگیریی سەربازی و ئابووری، قەناعەتی بە ئیدارەی جۆنسن هێنا، کە بەعس بۆتە باربەرێکی سۆڤیەتی لەسەر حیسابی پێشێلکردنی سەروەری عێراق. دیسان جارێکی دیکە، جەنگی سارد هۆکارێکی باڵکیش بوو بەسەر بڕیاری ئەمریکای دەرهەق بە عێراق.

لە ماوەی ئیدارەی نیکسنیشدا، سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق بادانەوەیەکی سەرەکی بەخۆیەوە بینی. لەسەرەتای گەڕی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، نیکسن خۆی لەوە بەدوور گرت، کە کۆشکی سپی لە سیاسەتە هەرێمییەکان بگلێنێ، لە بری ئەوە پێیباشتر بوو فشاری زیاتر بکا یان ڕووی خۆی بسوورێنێتە سەر پرسی دیکە، وەک قوتارکردنی ئەمریکا لە ڤێتنام، کرانەوە بەسەر چین و ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت. ئەوکات کەنداو لە پێشنۆرەییەکانی نیکسن نەبوو تا کۆتایی گەڕی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی. لەبری ئەوە بە شێوەیەکی فرەوان ئیدارەی نیکسن لە ڕێی وەزارەتی کاروباری دەرەوەیان و لە ڕێی هاوپەیمانە هەرێمیەکانی وەک ئێران خەریکی ڕێکخستنی کاروبارەکانی کەنداو بوو. ئەمەش ڕووداوێک بوو دوابەدوای ئەوە هات، کە عێراق لە کانوونی دوەمی ١٩٦٩دا نۆ کەسی جوولەکەی لە عێراق لە سێدارەدا، ئەو کاتەی شا تەنگژەی شەتولعەرەبی لە ١٩٦٩دا وروژاند، بە پێداگریەوە داوای لە کورد کرد شەڕەکەیان لەگەڵ ڕژێم هەڵگیرسێننەوە و لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠شدا هەوڵیدا لە ڕێی کودەتایەک


هەواڵنامەی کتێب

ڕژێمی بەعس بڕووخێنێ. هەروەک «ئەلوەندی» سەرنجیدابوو، ئیدارەی نیکسن بە هاندانی شا بۆ کردەی شەڕانگێزیانە دژ بەعێراق کەیفخۆش بوو. هێشتاش، شا لە ئازاری ۱۹۷۰دا لەوە زۆر دەهریبوو، کاتێ هاوپەیمانی کوردی بە ڕێککەوتنی ئاگربەستی ساڵی ۱۹۷۰ لەگەڵ حیزبی بەعس قایلبوو. پاش ئەمە، ئێران و ئیسرائیل تێکۆشان قەناعەت بە ئەمریکا بکەن، کە ڕێککەوتنی ئازار ڕاستییەکەی پیلانی سۆڤیەتی بوو بۆ ئەوەی جێپەنجەی لە عێراقدا دیاربێ، بەڵام ئیدارەی نیکسن نیشانەی بەوە دا، کە شاڵاوی سەرکوتکەرانەی عێراق دژی کۆمۆنیستەکان لە نێوان ماوەی ئازاری ۱۹۷۰ و ئەیلوولی ۱۹۷۱دا، ئەو کاتەی پەنابۆبردنەکەیانی وەک ئاینوئۆینێک ڕەتکردەوە. ڕوانینی ئیدارەی نیکسن بۆ عێراق و کەنداو لەگەڵ کشانەوەی بەریتانییەکان لە کانوونی یەکەمی ۱۹۷۱دا گۆڕا. هەر زوو دوای ئەوە ئەمریکا زانی، کە عێراق بە نهێنی ڕێککەوتنی چەککڕینی لە تشرینی دووەمی ۱۹۷۱دا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا مۆرکردووە و سەرکوتکردنی شیوعیەکانیشی وەستاندووە. لێرەدا خاڵی وەرچەرخانی سەرەکی لە نیسانی ۱۹۷۲دا ڕوویدا، ئەو کاتەی کە حیزبی بەعس ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی لەگەڵ سۆڤیەتدا مۆرکرد، لە ڕێی ئەمەوە عێراق لە جەنگی ساردا بووە هاوپەیمانی یەکێتیی سۆڤیەت و دەستوەردانی ئەمریکاشی بەدوای خۆیدا هێنا.

لێرەدا ناکۆکییەکی زۆر لەنێوان توێژەراندا سەبارەت بەوە هەیە، کە ئاخۆ بۆچی نیکسن لە میانەی سەردانەکەی بۆ ئێران لە ئایاری ۱۹۷۲دا پشتگیرییکردنی کوردی پەسەندکرد، زۆرینەی توێژەران مشتومڕیان لەسەر ئەوە بوو، کە ئەم ڕەفتارە وەڵامێکی ڕێککەوتنی سۆڤیەت - عێراق بوو، لە کاتێکدا کەمایەتییەک لەوان بڕوایان وایە شا پرسی هەڕەشەی سۆڤیەتی پفدا و بە دەوری ئەمریکادا سووڕایەوە وای لێکردن ئێران وەک پۆلیسێکی هەرێمەکە ڕۆبنێن. ئیدی لە ژێر تیشکی باسوخواسی ئەو توێژینەوانەدا و ئەوەی لێرەدا تایبەتمەند بێ ئەوەیە، کە هیچ تۆمارێکی قایلبوونی نیکسن لەماوەی سەردانەکەی بۆ تاران بۆ


هەواڵنامەی کتێب

**دەکرێ ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە دووربکەوینەوە لە پێدانی پابەندبوونێکی درێژخایەن، بەوەی بە بارزانی بڵێین ئیمە ئەو کۆمەکە زێدەییانەمان بۆ ئەم ساڵەیە و لەسەر بنەمای مانگانەشە، بەڵام هەرچۆنێک بێ دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئێمە هاوبۆچوونی (شا)ین سەبارەت بە مانەوەی ئەو ڕەوشە بەرگرییەی ئێستای کورد."**

لە ساڵی یەکەمدا پێدەچوو هەوڵوتەقەللای ئۆپەراسیۆنی ژێربەژێر ئامانجەکانی بێنێتەدی. لە پێنجی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢دا ڕاپۆرتێکی بەڕێوبەری سی ئای ئەی ڕیچارد هێلمسRichard Helms م، کە دوایی بووە باڵوێزمان لە ئێران، گەیاندە نیکسن؛ تیایدا پێماندەڵێ؛ کوردەکان دەستوپێی دوو سێیەکی سوپای بەعسیان بەستووە:

**" شتەکان لەگەڵ ڕژێمی بەعس باش ناڕوا... مانەوەی بارزانیش لە پاراستنی سەنگەرەکانی بەردەوامە و بۆئەوەی بازنەی ئابڵوقەی لەسەر دوو لەسەر سێی سوپای عێراق قایمتر بکا و بەعسیش لە بنکەکانی بێبەش بکا، کە لێیەوە تەکانی تێکدان و تیپی لەناوبردنی دژی ئێرانییەکان بەکاردەهێنا."**

کاتێکیش لە ١٩٧٣دا جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرپابوو، کۆمەڵێک سەرئێشەی نوێی بۆ پەیداکردین. خەمی ئەوەمان خوارد ئاخۆ پێویستە ئێمە ئەو بۆنەیە بقۆزینەوە و هانی کورد بدەین بۆ پەلاماردان لەنێو عێراقدا تا سەددام


هەواڵنامەی کتێب

حوسێن بڕووخێنن. ئێمە سەبارەت بە هەوڵێکی وا پشتمان لە پێشنیازی ئەفسەرە پەیوەندیکارەکانی ئیسرائیل کرد - ئەوەش بڕیارێک بوو، لە ساڵەکانی دواییدا ناکۆکی هەڵگربوو.

ڕەخنەگرتنەکە نموونەیەکی کلاسیکییانەی گەڕانەوە بوو بۆ پاڵەوانێتی. کاتێک جەنگی عەرەب -ئیسرائیل هەڵگیرسا، بەرنامەی ژێربەژێرەکە کەمێک لە ساڵێک پتر بوو هەبوو. کورد هەر بڕێکی کەمیان لە چەکی قورس هەبوو؛ ئەو تۆپخانەیەی کە تاقمی ئێرانی لەسەری بوون هەرگیز سەرچڵیەکی وایان نەنواند، کە لەسنوورەکانی خۆیان دووربکەونەوە. کورد توانای هەبوو نیشتمانە شاخاوییەکەی خۆی بپارێزێ، کە تانک و فڕۆکەکانی عێراق بە زەحمەت دەیانتوانی جموجۆڵی تیادابکەن. بەڵام چەکە سووکەکانیان بەرگەی ئەوەی نەدەگرت لە دەشتاییەکانی پشت نیشتمانەکەیان[71] ڕووبەڕووی سوپای عێراقی پڕ چەک و کەرەسەی سەربازی ببنەوە کە چەکی قورس و بەسەدان تانکی سۆڤێتییان هەبوو. جێگەی گومانیشی تێدا نەبوو کە هێرشی کورد دوور لە سەنگەرەکانیان دەبووە مایەی تێکشکاندنێکی سەرتاسەری بۆیان.

ئەمەش ڕەوشەکە بوو بەتایبەتی، چونکە بەپێچەوانەی گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕی میللی، عێراقییەکان هێزێکی سەرەکیان بۆ پاڵپشتی عەرەب نەناردە جەنگەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین[72]. هەروەک «هێلمز» ساڵی پێشتر پێیڕاگەیاندین، کوردەکان بەردەوامبوون لە دەستوپێ بەستنەوەی دوو لەسەر سێی سوپای عێراق. بۆیە مایەی سەرسوڕمان نەبوو، لەوبارە گرژەی نێوان دەوڵەتی عێراق لەگەڵ سووریادا – تاکە بەرەی عێراقی بەوو، کە لەبەر باری جیۆگرافیایی دەکرا کاریگەر بێ- کەچی تەنیا یەک لیوای سوپای عێراقی نێردرایە بەرەی شەڕی

[71] لێرەدا سەیرە کە کیسنجەر بەهەڵەدا چووە، بەقسەی ئەو هەر بستێک لە چیاکان دوورکەوتیتەوە، ئەوا بە نیشتمانی کوردان دانانرێ! وەرگێڕ

[72] مەبەستی کیسنجەر شەڕی عەرەب ئیسرائیل، شەڕی ئۆکتۆبەرە (تشرینی یەکەمی ١٩٧٣) وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

ئیسرائیل. "شەڕکردن" وشەیەکی ناسکە، بۆ لیوا سەربازییەکەی عێراق پێویست نەبوو ڕیکۆردی خێرایی بشکێنێ تا بگاتە بەرەی جەنگ. دە ڕۆژی پێدەویست تا لیواکە بەشێوەیەکی گشتی بگاتە شوێنێکی نزیکی بازنەی شەڕەکە و تەنانەت لەو کاتەش کە گەیشت دەبوایە لە هێڵەکانی بەرەی پێشەوە بکشابایەوە دواوە. تاکە ڕووداویش کە لێیان قەومابێ و زیانی لێکەوتبێتەوە ئەو بەهەڵە تەقە لەیەککردنە بوو لەگەڵ لیوایەکی عەرەبستانی سعودی، کە ئەوانیش دە ڕۆژ بوو بەبێ هیچ تەقە و مەترسی و دژواریەک لە ڕێگەدا بوون. جەنگاوەرە دڕدۆنگەکان لە دوا ڕۆژەکانی جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوین یەخەی یەکدییان گرت. بێئاگایی لە هەبوونی ئەوی دیکە، هەردوو یەکە سەربازیە عەرەبییەکە، هەر وەهایان زانی لە پڕ گەیشتوونەتە سەر هێزەکانی ئیسرائیلی و تەقەیان دامەزراند.

بیرۆکەی هەڵمەتی هێرشێکی گەریلاییانە بەدرەنگانێکی کاتی جەنگەکە هات، کە شەڕی نێوان میسرییەکان و ئیسرائیل لەبەرەکانی پێشەوەدا گەرم ببوو. لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا و لە ڕۆژی نۆهەمی جەنگەکەدا، لەو ڕۆژەی کە ئیسرائیل لێبڕاوانە تەکانێکی میسرییەکانی بۆ سینا بەرپەچدایەوە، ئێمە پەیامێکی بە پەلەی بارزانیمان پێگەیشت، داوای ڕاوبۆچوونمانی کرد ئاخۆ بەگوێی ئەفسەرە پەیوەندکارەکانی ئیسرائیلی بکەن، بۆئەوەی هێرشبکەنە سەر پێدەشتە تەختەکانی عێراق. ئەوەش جۆرە پێشنیازێکی بە پەرۆشی ئەفسەرە پەیوەندکارە ئیسرائیلیەکان بوو تا بڕوایەک بۆ نیشتمانەکەیان بگەڕێننەوە. هەرگیز جۆرە داوایەکی وەهامان لە تەلئەبیبەوە پێنەگەیشت.

پەیامەکە ئاساییانە بە کەنالەکانی سی ئای ئەیدا هات، «ویلیەم کۆلبی William Colby» بەڕێوبەرە نوێیەکەی سی ئای ئەی هیچ کاتی لەدەستنەدا بەوەی دژی بەرفرەوانکردنی شەڕەکە بێ. کاتێکیش ڕاوێژمان بە شا کرد، کە ئەو زۆرینەی


هەواڵنامەی کتێب

تفاق و ڕاوێژکارەکانی بۆ کوردەکان دابیندەکرد، ئەویش پشتگیری بۆچوونی «کۆلبی» کرد. ئەو بە پێداگیریەوە گوتی کورد چەکی ئۆپەراسیۆنێکی پەلاماردەرانەیان نییە، نەخاسمە لە پێدەشتەکاندا. پێشنیازی ئیسرائیلییەکان بە تەواوی "کارتی کوردی" دەخستە بەردەم مەترسی دۆڕاندن.

منیش قایلبووم. سەرباری ئەوەش وام مەزندەکرد کە مایەی ژیری نییە بەوەی کورد لەسەر تاکتیکێکی ئیسرائیلی نمایش بکەن و ئیدی ناوچە کوردییە گەمارۆدراوەکەیان بخەنە بەر ڕق و تووڕەیی دەوڵەتە عەرەبییەکان. بە پەسەندنامەی نیکسنەوە، پەیامێکم لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا بەو شێوەیەی خوارەوە بۆ بارزانی نارد:

> **ئێمە لەگەڵدا نین - دووبارە، وەهای نابینین کە کردەی پەلاماردانێکی سەربازییانە وەک ئیسرائیلییەکان پێشنیازیان بۆ کردووی، بۆ تۆ باش بێ.**

هەر بڕیارێکی دیکە، تێکشکانی کوردەکان بەبێ هیچ یارمەتییەکی ئیسرائیل دەخاتە بەردەم مەترسییەوە. بارزانی لە هەمان ئەو ڕۆژەی کە ژەنەڕال «ئاریێل شارۆن Ariel Sharon» بە هێزە زرێپۆشەکەی لە کەنالی سوێس پەڕیەوە، پەیامەکەی منی پێگەیشتبوو. شەش ڕۆژ دواتر جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕاوەستا.

**کۆتاییەکەی ئۆتۆنۆمی کورد**

هەروەک «ئەنوەر سادات» دوابەدوای جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە جاران زۆر ڕاشەکاوانەتر بەرەو وەڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هات، بە هەمان پێوانەش


هەواڵنامەی کتێب

بایەخپێدانی یەکێتیی سۆڤیەت بەعێراق تادەهات زێدەتردەبوو. بۆ یەکەم جار بوو مۆسکۆ تۆپخانەی قورس بداتە سەددام حوسێن، بەمە ستراتیژی عێراقییەکانی لە دژی کورد بە بارێکی ڕادیکاڵانە وەرچەرخاند. تا ساڵی ١٩٧٣ پەلاماردانەکانی سوپای عێراق بەهاوینان بۆ چیاکان دەستپێدەکرد و بە زستانانیش بۆ پێدەشتەکان دەکشانەوە. لە زستانی ١٩٧٣-٧٤دا بۆ یەکەمین جار بوو، سوپای عێراق لەو شوێنەی خۆی مایەوە، کە بەهاوین پەلاماریدا بوو، قایمیشی کردن. ئەوەش ئەوەی دەگەیاند، کە هاوینی دوای ئەوە ئۆپەراسیۆنەکە بەرەو قوڵایی زیاتری ناوچە کوردییەکان دەڕوا؛ ئەوە ڕوونبوو کە عێراق بەدوای ئەوەدا دەگەڕا سەنگەری کوردەکان بە سیاسەتی داهێزراندن بەسەریەکدا برووخێنێ. ئەو ستراتیژیەش زیاتر دەبووە مایەی نیگەرانی، چونکە تۆپە قورسە سۆڤیەتییەکان توانای ئەوەیان دایەبەر سوپای عێراق کە گەمارۆی خاڵە بەهێز و قایمەکانی کوردان بدا.

لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا، ڕێک چوارساڵ دوای جاڕنامە بنەڕەتییەکەی ئۆتۆنۆمی، عێراقییەکان نەخشەیەکی نوێیان بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردەکان ڕاگەیاند. لەو کاتەی بەسەرزارەکی بەردەوام باسی ئۆتۆنۆمی دەکرا، لەڕاستیدا پێشنیازی توندکردنی کۆنترۆڵی سیاسییانەی عێراقی دەکرا. لەوەتەی ڕەتکردنەوەکەی بارزانی بڕاندبووەوە، پێشنیازەکەی بەغدا ماوەیەکی ئاگادارینامەی بۆ داندرابوو. هەرکە چالاکی سەربازییانە دەستیپێکردەوە، هەموو مشتومڕەکانی پێشوویش سەبارەت بە سیاسەتی کوردان لە واشنتن سەریانهەڵدایەوە:

- شا هۆشداری ئەوەی دا ئەگەر کوردەکان بشکێن ئەوا یەکێ لە تایە هاوسەنگەکانی ناوخۆی عێراق لەبەین دەچێ و ڕادیکاڵیزم و دەستڕۆیشتنی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا زیاددەبێ، ئەوەش هەڕەشەی سەر کەنداو و ئێران قەبەتردەکا.



هەواڵنامەی کتێب

- ئیسرائیلیش هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ زیاتر کۆمەکردنی کوردەکان هەبوو؛ «گۆلدا مایر» بەتایبەتی ئەو پرسەی لەگەڵ مندا هێنایەپێش، ئەوەش لە چەند بۆنەیەکی ماوەی ئەو هاتن و چوونە زۆرانەم لەکاتی ڕێکەوتنی لەیەکجیاکردنەوەی هێزەکان لە بەرزاییەکانی جۆلان لە ئایاری ١٩٧٤دا بوو.

- بارزانیش بۆ شەڕ ساز و ئامادە بوو. ئەو وەهای لێکدەدایەوە، کە پچڕانی گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدادا دەرفەتێکە بۆ شلکردنەوەی کۆتوپێوەندەکانی هاوپەیمانەکانی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بە شێوەیەک بچەسپێنی، کە هەر بە ئۆتۆنۆمی وێنا بکرێ بەڵام لە جەوهەردا جیاوازییەکی وای لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆدا نەبێ. بارزانی لە ١٦ی ئایاری ١٩٧٤دا، دوو ئەگەری بۆ پێشنیازە ستراتیژیەکەی خۆی خستە بەردەممان: ١٨٠ملیۆن دۆلار بۆ ئۆتۆنۆمییەکی تەواوپڕ؛ ٣٦٠ ملیۆن دۆلاریش بۆ دامەزراندنی ئەوەی ئەو ناوی لێنابوو پاشخانێکی "گونجاو" بۆ سەربەخۆیی.

بیرکردنەوەیەکی تاکڕەهەندیانە دنەی بارزانی دەدا، بەبێ ئەوەی هیچ کەمە خەباتێکی سەربەخۆخوازانەش گیرابێتەبەر. لەبەراییدا و هەمیشەش ڕەفتاری دژی هێزی دەسەڵاتدار گرتۆتەبەر، ململانێیەکەش بەهۆی باوەڕێکی زێدەڕۆییانە و جۆرێک لەفەرامۆشکردنی لێکدانەوە ئاساییەکەی هاوسەنگی هێزەکان هاندراوە. هەرچەندە زۆر جاران خواستی بەرز توانیویەتی جێگەی دەرامەدە ماددیەکان بگرێتەوە، بەڵام شتێکی سنووردار هەیە، کە هیچ دڵسۆزیەکیش جێگەی ناگرێتەوە. بۆچوونی بارزانی بۆ ئۆتۆنۆمی کورد هەرگیز لەلایەن شاوە (یان تورکیا بۆ ئەو مەبەستە) پشتگیری لێنەدەکرا. وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە دۆخێکی وەهادا نەبوو خۆی ببێتە پاڵپشتی ئەو داخوازییە. تەنانەت بڕی هەرە کەمی داخوازینامەی بارزانیش لەسەرجەم ئەو بودجەیەی


هەواڵنامەی کتێب

ئۆپەراسیۆنی ژێربەژێر تێیدەپەڕاندبوو، کە وەڵاتە یەکگرتووەکان لەئەستۆی خۆی گرتبوو. بەڵام کۆنگریس لە ١٩٧٤دا سیستماتیکیانە لە ئەوپەڕی تۆپکەی گۆبەندەکەی واتەرگێتدا دادەدادی بوو لە دەست ئامادەکارییەکانی هیندۆچینیدا، بۆیە بە دڵنیاییەوە داخوازی فەندکردنی جەنگێکی پارتیزانیانەی بەربڵاو لە چیاکانی عێراقی نزیک یەکێتیی سۆڤیەت، ڕەت دەکردەوە. سەرکێشییش بوو شا بۆ ئەم شتە هانبدرێ، کە وەڵاتەکەی سنوورێکی دوورودرێژی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو، کە بۆ کارێکی وا دەستوەردان لە کاروباری سەرخاکی هاوپەیمانێکی نزیکی سۆڤیەت هانبدرێ.

داخوازینامەی بارزانی لێشاوی پەیوەندییەکانی «کۆلبی»ورووژاند، کە دژی هەر زیادکردنێکی کۆمەکی ئەمریکییەکان بوو. دوودڵی کۆلبی هەروەک تاسەمەندیی بارزانی ناواقیعیانە بوو. هەموو چاودێرەکان ئەوەیان پەسەند بوو، کە لە چاوی ستراتیژی عێراقێکی نوێدا، ئەو بەرنامەی هەبوو[73] تەنانەت لەگەڵ باری بەرگرییشدا هاوسەنگ نەبوو. ئەوەی کە لە دەسەڵاتی مندا هەبوو وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانیی، گوشاری من بەو ئاراستەیە بوو، کۆمەکی کورد زیادبکرێ و داوام لە «دیک هێلمس Dick Hels» و «برێنت سکاوکرۆفBrent Scowroft» کرد، پێشنیازێکی وەها پێشکەش بکەن.

لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٤دا هێلمز و سکاوکرۆفت دەرەنجامەکانی خۆیان پێشکەشکرد. ئەوەش نزیکەی دووقاتی ئەوەی هەبوو زیادکرا؛ بەشداریی ئەمریکای ژێربەژێر لە پێنج ملیۆنەوە بۆ هەشت ملیۆن بەرزکرایەوە. سەرچاوە ئاشکراکانیشمان یەک ملیۆن دۆلاریان بۆ سوککردنی باری پەنابەران تەرخانکرد. (شا)ش قایلبوو پشکی خۆی لە بەرنامەکەدا لە ٣٠ ملیۆن دۆلارەوە

[73] مەبەسەت بەرنامەی کۆمەکە ژێربەژێرەکە بوو. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

بۆ ٧٥ ملیۆن دۆلاری ساڵانە بەرزبکاتەوە؛ کۆمەکی بەریتانیا و ئیسرائیلیش لەسەر ئاستی باوی خۆیان مایەوە.

بۆ یارمەتیدانی دارشتنی ستراتیژییێکی هاوبەش، خۆئەگەر ئامانجی هاوبەشیش نەبێ، من ڕێنماییم دایە هێلمز، بە هەردووکیان، بە شا و بە بارزانی ڕابگەیەنێ کە:

**"وەک ئێمە دەبینین، بەرژەوەندی وەڵاتە یەکگرتووەکان لەوەدایە (ئا) کورد توانای ئەوەیان پێبدرێ پارێزگاری لە بنکە مەعقولەکانی دانوستاندن بۆ داننان بە مافەکانیان لە لایەن حکوومەتی بەغداوە بکەن؛ (ب) دەستوپێ بەستنەوەی حکوومەتە هەنوکەییەکەی عێراق، بەڵام (ج) نەوەک دابەشکردنێکی هەمیشەیی عێراق چونکە لە ڕووی ئابوورییەوە ناوچەیەکی سەربەخۆی کورد ناژییێ و وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێرانیش هیچ بەرژەوەندییەکیان لەداخستنی دەرگەکان بە ڕووی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ عێراقێکدا نییە، کە لەبن سەرکردایەتییەکی نەرمڕەودابێ.**

ڕێنمایی هاوشێوەش بۆ کۆلبی نێردرا.

وەها دانرا هەمووان بە مەبەستەکان قایلبن، کەچی هێشتا لە میانەی ساڵی١٩٧٤دا لێکدانەوەکانی گەمەکارە هەمەجۆرەکان لەیەک جودابوو. سی ئای ئەی ڕاسپێردرا، کە لایەنی ئەمریکایی جێبەجێبکا و بەرنامەیەکی نوێش پەیڕەوبکا؛ شا مەبەستی بەرگریەکی گیرخواردووبوو[74]؛ بازرانیش هەوڵی

[74] مەبەست ئەو جۆرە بەرگرییە کە هیچ دەرەتانی دیکەی بۆ بردنەوە و تێکشکان نەبێ و نەگاتە ڕادەی ئەوەی دۆخەکەی لە بەرگریکردنەوە بۆ پەلاماردان بگۆڕێ. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی دەدا بەو سەرچاوانەی لەبەردەستیدا بوو، کە بە ئاستەم دەرەقەتی بەرگریکردنی سەنگەرەکانی پێدەهات، بەدوای سەرکەوتندا بگەڕێ.

کێشە لەگەڵ ستراتیژییەکەی کۆلبی ئەوەبوو، کە زیاتر بەرەو خۆدوورخستنەوە لە هەراسانییەکان بەهۆی کۆمسیۆنەکانی کۆنگرێسەوە دەڕۆیشت لەوەی کە ڕەوشەکە لەسەر زەمیندا هەبوو؛ کێشەش لەگەڵ ستراتیژیەکەی بارزانی ئەوەبوو، دەستکەوتەکە تەنها بە جەنگێکی نیزامی نەوەک بە گەریلایی بەدەستدەهات، کێشەش لەگەڵ ستراتیژیی کۆشکی سپی و ئێرانییەکان ئەوەبوو، ئۆتۆنۆمی کوردەکان لە خواستی بنبەستێکی هەمیشەیی نزیک دەبووەوە و سەختانگە بنبەستەکانیش دژی ناحەزییەکی لێبڕاو و سەرسەخت، کە زەحمەت بوو بەو شێوازە دانپێدانەنراوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ژێربەژێر پشتگیری بکرێ.

بە درێژایی ڕەوتەکە، ڕەفتاری کورد ئەوەی سەختکردبوو، کە پێداویستییە کردەییەکانیان هەڵبسەنگێندرێ. هەندێک جار بێهیوا بوون، جارەکانی دیکەش شادمان. هەر بۆ نموونە لە ٢٧ی تەموزی ١٩٧٤دا شا داوانامەیەکی بە پەلەی بارزانی گەیاند، کە هاوپێچبوو بە ئاگادارییەکی خۆی سەبارەت بە ئاکامە پڕ مەترسییەکانی - بۆ سەر ئێران و تەواوی کەنداو- بەوەی ئەگەر بێ بەرگریی کورد هەرەسبێنێ.

کەچی هەر چەند هەفتەیەکی کەم دوای ئەوە، لە سەرەتای ئەیلوولدا بارزانی پێشنیازی ئۆپەراسیۆنێکی هێرشبەرانەی بۆسەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک کرد. ئێمە لە ١٨ی ئەیلولدا ئەو پێشنیازەمان ڕەتکردەوە، چونکە نەماندەویست سەختانگە مەترسیدارەکەی نەوت قوڵتربکەینەوە بە دنەدانی زنجیرەیەک توندوتیژی دژی دامودەزگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. بەڵام تەکانە ناوبەناوەکانی بارزانی بۆ هێرشکردن بەڵگەوبەندی دژبەرەکانی بۆ داواکردنی کۆمەکی زیاتر بەهێزترکرد، بەوەی بۆیان هەبوو بڵێن کەوا کورد دەبێ


هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەی پێشچاویان بۆ بەرگریکردن لە سەنگەرەکانیان لەبەردەستدا بێ؛ ئەگەر ئەوان داوای چەکی زێدەبارتر بکەن بەڵکو بتوانن هێرشێکی سەرەکی ئەنجامبدەن.

بەشێوەیەکی پوخت و ڕووت، هاوینی ١٩٧٤ کاتێکی نموونەیی بوو بۆ پێداچوونەوەی ڕەوشەکە. هەرچەندە لەوێدا دوو ئاستەنگیش هەبوون. تەنها بێگانەکان لە دۆخێکی وادابوون بەبێ کۆتوبەندی کات کاردانەوەیان لەبەرانبەر ڕووداوەکاندا هەبێ. هاوینی ١٩٧٤ بە تەنگژە زگپڕبوو، زۆریان سەرنجی ئێمەیان بەلای خۆیاندا برد: لە ئایاردا گەشتە مەکووکییەکان بۆ سووریا[75] لە حوزەیران گەشتی سەرۆکایەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و یەکێتیی سۆڤیەت؛ لە تەممووزدا سەختانگی قوبرس؛ لە ئابیشدا هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی نیکسن؛ پاشانیش قۆناخی گواستنەوە، قوبرس، ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکان، ڕووخانی پرۆژە قانوونی بازرگانی، پەرەسەندنی چەقبەستنی دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا و لە کۆتاییشدا بە تۆپکە گەیشتنی تراژیدیای هیندۆچینی. ئیدی کاتێکی زۆر لەبەردەستدا نەبوو بۆ پێداچوونەوەیەکی سیستماتیکییانە بە مژاری ناوچە دوورەدەستە کوردییەکان.

خۆ ئەگەر تەنانەت سیاسەتدارێژەران ڕووبەڕووی هیچ داڕسانێکیش نەبووبانەوە، ئەوا گومانم هەبوو لەوەی گەر هاتبا و شتێکی دیکەی باشتریان لەبەردەوامبوون لەسەر بەرنامەکە، بدۆزیبایەوە. ئەگەر هاتبا و ئێمە لە ١٩٧٢دا هەرگیز دەستمان بە بەرنامە ژێربەژێرەکە نەکردبا، ئەوا هەر بە خێرایی کورد تێکدەشکا. خۆتێهەڵقورتاندنی دوو دەیەمان ئەو دەرفەتەی دابوینێ، کە ئاشنابین بە شێوازی سەددام حوسێن، کە هیچ گومان لەوەدا نەبوو کورد چارەنووسێکی

[75] مەبەست هەوڵی ناوبژی کردنی ئاگربەست و لەیەکجیاکردنەوەی هێزەکان بەهۆی شەڕی عەرەب-ئیسرائیل. وەرگێڕ.


هەواڵنامەی کتێب

ئاسانیان نەدەبوو ئەگەر خۆیان بەدەستەوە دابا. لە هاوینی ١٩٧٤دا ئەو هەڵبژاردنەی ئێمە هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینی. خۆ ئەگەر ڕاویژەکەی سی ئای ئەیمان پەژراندبا و هیچ سەرچاوەیەکی زیادەمان پێنەدابان، بە دڵنیاییەوە کوردەکان دەڕووخان. ئێمە ئەو بژارەیەمان لەبەردەستدا نەبوو بە ئاشکرا پشتگیری لە جەنگێک بکەین کە لە ڕووی لۆجستییەوە سەخت، دوورەدەست و مایەی لێتێگەیشتنیش نەبوو بۆ جەماوەری ئەمریکا. بۆ سەرکەوتن بارزانی بە دوای دەستوەردانێکی ڕاشەکاوانەی ئێرانییەکانی بە پشتیوانی ئەمریکاوە دەکرد. بەڵام کردنەوەی دەرگەی بەرەیەکی دیکەی لەگەڵ ڤێتنامێکی شلۆق، ڕۆژهەڵاتی ناوینێکی ناجێگیر و هێوربوونەوەیەکی بەردەم هەڕەشە، ئەوا بێباکانە قومارکردنبوو بە چارەنووسی هاوپەیمانێکی دیکە و بەدڵنیاییشەوە لەلایەن کۆنگرێسەوە ڕەتدەکرایەوە.

کاتێکیش لە ٢٦ی ئابی ١٩٧٤دا پوختەیەکم بۆ سەرۆکی نوێ سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی کوردەکان باسکرد، پێمڕاگەیاند کە شا ئەوەی بەهەندهەڵگرتووە هێزی نیزامی بنێرێ (ئەو هەمیشە یارمەتیدەری لەوێ هەبوون، جلی کوردانیان لەبەرکردبوو). بەڵام من لەو بارەیەوە هۆشداریم دا، کە ئەم کردەوەیە کۆتاییەکی زۆر کراوە و زۆر مەترسیدار دەبێ. مەگەر من بە پێچەوانەوە لەلایەن فۆرد ڕێنمایی نەکرابام، مەیلی من ئەوە بوو، بابەتەکە بەلاوەبنرێ. سەرۆکیش بەدوایدا نەچوو.

لە کەوتنە نێوان ئەو تەوژمە یەکتربڕانەدا، من گەیشتمە دوو جێگرەوەی کاتی گونجاو. ئێمە بە ئاشکرا و بەردەوام فەندێکیمان بۆ سوککردنی باری پەنابەرە کوردەکان تەرخانکرد. لە ٢٦ی ئابیشدا، سەرەک فۆردیش ئەو خشتەیەی کە سیمچا دینتز Simcha Dinitzی باڵوێزی ئیسرائیل لە واشنتن و من لەماوەی چەندان هەفتە پەرەپێدابوو، پەسەندکرد. نەخشەکەش گواستنەوەی ئەو چەک و



هەواڵنامەی کتێب

تفاقە جەنگیەی سۆڤێتی بوو کە ئیسرائیل لە جەنگی ١٩٧٣دا کەوتبووە بندەستی، بۆ کوردەکان بنێردرێ. ئێمەش لەجیاتی چەکە سۆڤێتیەکە ئیسرائیلمان بە چەکی ئەمریکایی قەرەبوودەکردەوە. (ئەوەش بووە ملۆزمە بیرۆکراسییەکی زۆر لەنێوان ئاژانسەکاندا و چەندان مانگی پێدەچوو.) لە کۆتاییشدا، بڕی 28 ملیۆن دۆلار کەرەسەی جەنگی گوازرایەوە تا چەکی سۆڤێتی لە ئیسرائیل تەواوبوو، کە بۆ جەنگی ناوچە کوردییەکان دەستیدەدا.

لە پایزی ١٩٧٤دا هێرشی عێراقییەکان بۆ سەر کوردەکان گەیشتە لوتکە، ئێمە تا دەهات زیاتر داوای بە پەلەی کوردەکانمان بۆ کۆمەکی زیاتر پێدەگەیشت، زۆرجارانیش لە لایەن شاوە پشتڕاستدەکرایەوە. هەموو ئەو داوایانەش لە لایەن سی ئای ئەیەوە بەرپەرچ دەدرانەوە. هەر بۆ نمونە لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤دا، «کۆلبی» ڕاپۆرتێکی دا کەوا ڕێگە کاریگەرەکەی کۆمەک ناردن بۆ بارزانی و بارەگای سەرەکی خۆی کەوتۆتە بەرهەڕەشە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاسپاردەکەی "دژی زیادکردنی ئاستی کۆمەکەکان بوو" چونکە نهێنی کردەوەکەی دەخستە مەترسیەوە، وەک ئەوەی نهێنیبوونەکە زۆر لە دۆخە دژوارەکەی کورد گرنگتربێ: "پشتگیرییەکەی ئێمە بۆ بارزانی لە ساڵە داراییەکانی ١٩٧٣، ١٩٧٤ و ١٩٧٥دا سەرجەمەکەی نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆلار و ١،٢٥٠ تەن کەرەسەی جەنگیشی لەخۆگرتبوو... ئێرانییەکانیش لە توانایاندا هەبوو هەموو کۆمەکێکی پێویست بگەیەننە دەستی کورد، ڕاسپاردەی ئاژانسەکە[76] ئەوە بوو، کۆمەکی زیاتری کوردەکان بۆ ئێرانییەکان بەجێبهێڵدرێ." بەڵام ئەگەر شا لەودیو ٧٥ ملیۆن دۆلار کۆمەکی کورد بکا، کە کردبووشی، ئەوا گیرۆدەی هەمان کێشەی ئیسرائیل دەبێ. مەگەر ئێمە چەکی

[76] مەبەست ئاژانسی سی ئەی ئەی ـە. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

جێگرەوەی بدەینێ، دەنا هێزە چەکدارەکانی خۆی لاواز دەکا. بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو کارە بکەین، ئەوا خۆمان لە شەڕێکی بێهودە لەگەڵ کۆنگرێسدا دەبینینەوە.

### هەرەسهێنانی بەرگریی کورد

ئەوەبوو لەو خاڵەدا، کە ڕەوشەکە لەگەڵ عێراق بەرەوپێشەوە دەچوو بەڵام بە هێواشی، بەوەی کە شا بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک دەستی لە پرسەکە شوشت. ئەو گەواهیدەری سەر ئەوە بوو، کە دوو ساڵ بەسەریەکەوە دەسەڵاتی جێبەجێکار لە وەڵاتە یەکگرتووەکان خۆیان لە پرسەکە دەکێشایەوە. ئەو هەرگیز لاری لە بڕیارە هەمەجۆرەکانی ئێمە سەبارەت بە کۆمەکی کورد نەبوو، لەوانەیە لەبەرئەوەبووبێ، لەوە ترسابێ ئەگەر هەر گومانێکی دەربارەی خۆگریی ئێمە دەرببڕیبایە، ئەوا پەیوەندییەکانی کە لەسەر بنەمای پاراستنی ئاسایشی وەڵاتەکەی بوو، تێکدابا. بەڵام بە دەقاودەقی لەو ساتەوەختەدا و فەندبڕین لە هیندۆچیندا بە ئەستەم شای هاندەدا، سەرەڕۆییەک بە وەڵاتەکەی بکا، بۆ کردنەوەی بەرەی جەنگ لەگەڵ عێراقدا، ئەوەش تاکە ئەگەری بوو مابووەوە یان سنوورە بەردرێژەکەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا بەبێ مسۆگەریەکی پتەو لە لایەن وەڵاتە یەکگرتووەکان لەبەرچاونەگرێ، کە ئێمە لەو دۆخەدا نەبووین ئەوەی پێببەخشین.


هەواڵنامەی کتێب





هەواڵنامەی کتێب

لەبەرئەوە شا بڕیاری دا جلی خۆکشانەوە لەبن پاڵتۆی دەوڵەتمەداریدا لەبەربکا. لەو کۆبوونەوەی لەگەڵ مندا کە لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٥ لە زیوریخ کردی، ئەوەش لە کۆتایی "گەڕان و پشکنینەکان" بە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بوو، بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشکات پێیڕاگەیاندم، کەوا بەدوای دانووستاندن لەگەڵ سەدام حوسێندا گەڕاوە. منیش ڕاپۆرتێکم بۆ فۆرد نارد:

**"لەوەڵامی پێشنیازێکی گفتوگۆی عێراقییەکاندا، ئەو بەتەمایە لەگەڵ پیاوە بەهێزەکەیدا، لەگەڵ سەددام حوسێندا کۆببێتەوە. شا گوتی؛ ئۆتۆنۆمییەکی دەوڵەتی کوردی پێ قبووڵناکرێ، کە بکەوێتە بن ڕکێفی حکوومەتێکی ناوەندی کۆمۆنیستی عێراقی. ئەو گومانی ئەوەی هەیە عێراقییەکان چەند ڕووداوێکی سەر سنووری عێراق - ئێران بهورووژێنن، ڕەنگبێ سەربکێشی بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد و بگەیەنرێتە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە ئەو کات و بە مەزندەی ئەو هیچی دەرهەق ناکرێ. بە کورتی، پێدەچێ مرخی لەوە خۆشکردبێ لەگەڵ عێراقییەکان لەیەکتێگەیشتنێک سەبارەت بە کوردەکان هەبێ، بەڵام مایەی لێتێگەیشتنە، کە گومانێکی زۆریش لە پێش ئەو ئەگەرەدا هەیە. لەو نێوەشدا بە تەمایە لە کۆمەککردنی کوردەکان بەردەوام بێ."**

من هۆشدارییە دووبارەبووەکەی خۆیم بەبیر شا هێنایەوە، بەوەی هەرەسهێنانی کورد تەواوی ناوچەکە دەشێوێنێ. من لە هەر دڵنیاکردنەوەیەکی سەددامم سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکە وریاکردەوە، چونکە مایەپووچ دەردەچێ. لەوەتەی سۆڤیەتییەکان خۆکشانەوەی ئێرانییەکان بە نیشانەیەکی لاوازتربوونی ڕۆژئاوا دەبینن، ئەوا سەرچڵیەکانیان لەو بەرەیە دەشێ زیادبکا.



هەواڵنامەی کتێب

ڕەخنەکانم سەلمێنەری ئاکادیمیانە بوون. لەوەتەی نەتوانرا چیدیکە لە ڕێی بەرنامەیەکی ژێربەژێرەوە پشتگیریی کورد بکرێ، بەردەوامبوونی ململانێیەکە ئەوەی دەخواست ئێرانییەکان بە پشتیوانی ئەمریکا ڕاشەکاوانە پشتگیری کورد بکەن. مەزندەی پرۆژەیەکی وەهاش دوو هێزی (فیرقە) سەربازی ئێرانی و بودجەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاریش بودجەی ساڵانەی دەویست. ئێرانیەکانیش هەرئەوەندەیان پێویست بوو چاوێک بە میدیاکانمان لەسەر هیندۆچین بخشێنن تا بۆیان دەربکەوێ، بەهیچ شێوەیەک پشتگیرییەکی خۆجێیی بۆ ئەو سیاسەتە لەگۆڕێدا نەبوو.

لە ٢٢ی شوبات، کەمێک دوای دیدارەکەم لەگەڵ شادا، بە «دینتز»م ڕاگەیاند:

> **ئەو دەترسێ کە کاری کورد تەواو بووبێ. لەوانەیە ئەگەر لە کۆبوونەوەی ئۆپێک OPECدا بەیەک بگەن، دانووستان لەگەڵ عێراقییەکاندا بکا، لە ئاڵوگۆڕی ئەوەی ڤیتۆیەکەی لەسەر هەڵبگرن ئەویش دەست لە بارزانی هەڵبگرێ. منیش لەو بارەیەوە بە توندی ئاگادارم کردەوە."**

من لە ٩ی ئازاردا دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی نێوان شا و سەددام حسێندا، بۆ «ڕابین»م (مەبەست ئیسحاق ڕابینی سەروەزیری ئەوسای ئیسرائیل بوو. وەرگێڕ) ڕوونکردەوە:

> **"لە زیوریخ ئەو بەشێوەیەکی گریماناوی لەو بارەیەوە پێیگوتم. ئەو گوتی، "ئەگەر لە جەزائیر {لە کۆبوونەوەی ئۆپێکدا} سەددام ببینم....." ئەو بیرۆکەیەکی لە کەللەدایە، کە دەبێتە مایەی ڕێککەوتن. منیش بە توندی پێمگوت، کە بیرۆکەیەکی بەدە- بەتایبەتیش ئەو بیرۆکەیەی کە**



هەواڵنامەی کتێب

**بڕوای به دڵنیاکرنەوەکانی [عێراقییەکان] کردبوو، کەوا هیچ کۆمۆنستێک له [ناوچه ئۆتۆنۆمییەکەی کوردان] دانادریّ."**

شا ئەوەی باسنەکرد، کەوا به شتێک خەریکه یان کەوا ئەو قایله که ناوچه کوردییەکه بکەوێته بن ڕکێفی ڕەهای عێراقییەکانەوە. وەک دەرەنجامێکیش، هێشتا هەر هانی بارزانیم دەدا. له ٢٠ی شوباتدا وەڵامی نامەیەکی ئەوم دایەوە، که پێشنیازی دیدارێکی خۆی لەگەڵ مندا کردبوو:

**"من زۆرخۆشحاڵ بووم به پەیامەکەی ٢٢ی شوباتت. من دەمەویّ تۆ ئەوە بزانی، کەوا ئێمە سەرسامین به خۆت و گەلەکەت و کۆششی مەردانەتان. ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەرووت بوونەتەوە زۆر قەبەن. پێزانینێکی زۆرم بۆ خوێندنەوەی خەمڵاندنه سەربازیی و بارودۆخه سیاسییانەکەت هەیه. لەوە دڵنیابە، پەیامەکەت بەوپەڕی ئاستبەرزی سەرنجدانەوە له لایەن حکوومەتی وەڵاته یەکگرتووەکان تەماشادەکریّ، چونکه ئێمه بەبایەخەوە پێیەوە پەیوەستین.**

**ئەگەر بتەویّ نوێنەرێکی متمانەدارتان بۆ واشنتن بنێرن، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لەبارەی ڕەوشەکه بدەنه حکوومەتی وەڵاته یەکگرتووەکان، ئێمه شەرەفمەند دەبین و پێخۆشحاڵدەبین پێشوازی لێبکەین."**

تەنها دوو هەفته دوای ئەوە، له ٦ی ئازاردا، خەریکی گەشته مەکوکیەکەی خۆم بووم بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین که به بنبەست گەیشتبوو، ئەوسا شا ئێمەی به ڕاگەیاندنێک سەرسامکرد، بەوەی لەگەڵ سەددام حوسێندا گەیشتۆته ڕێککەوتننامەیەک که کاریگەرییەکەشی ئەوە بوو دەستبەرداری کورد بوو. شا سنوورەکانی خۆی داخست و هەموو پشتگیریەکیشی لەسەر کورد وەستاند، له


هەواڵنامەی کتێب

بەرانبەریشدا عێراقییەکان سازشیان لەسەر ڕووباری شەتولعەرەب، ئەو ڕێڕەوە ئاوییەی کە سنووری ئێران - ئێراق لەیەک جیادەکاتەوە، کرد.

لەسەر ئاستی مرۆییدا ڕەفتارەکەی شا دڵڕەقانە و مایەی بەرگریلێکردن نەبوو. بەڵام بەگوێرەی مەزندەی خوێنساردیەوە بۆ ئاسایشی ئێران، بڕیارەکەی شا بەقەد ئازاربەخشییەکەی، مایەی لێتێگەیشتن بوو. ئاخر تەنیا خۆتێهەڵقورتاندنێکی ڕاشکاوانە ئێرانییەکان دەیتوانی کورد ڕزگاربکا، بە دڵنیاییشەوە نرخەکەشی وەک بارزانی لە ١٩٧٤دا داوایکردبوو لە بڕی ٣٦٠ ملیۆن دۆلاری تێیدەپەڕاند. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە تاڵاوی دەستبەرداربوونی هیندۆچینی قوتدەدا، نەیدەتوانی بەرەیەکی دیکەی لەسەر خۆی بکاتەوە و هەڵوێستی کۆنگرێس و تەنانەت پشتگیری سیاسیانەشی بۆی جێی گومان بوو.

منیش گوێم نەدایە کردەکەی شا و تەنانەت کەمترین باکم بە شێوازە گومڕاییەکەی بوو. لە ١٠ی ئازاردا بروسکەیەکی ساردوسڕم نارد، کەمتر لەسەر پەسەندکردنی کردەوەکەی وەستام و ناڕاستەوخۆ (لە بنەوە، بە شاراوەیی) گومانەکانی خۆم سەبارەت بەو بەرژەوەندییەی کە شا پێدەچوو بۆخۆی لەسەر ئەو کارەی هەڵهێنجابێ، دەربڕی:

> **سەبارەت بە پرسی کورد، شتێکی کەم هەیە بۆئەوەی بیکەمە سەربار چونکە پێشتر بەخۆم لەمیانەی چاوپێکەوتنەکانماندا پێمگوتی. ئەوەش شتێکی ئاشکرایە و بۆ خاوەنشکۆیە بڕیار لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتەکەی خۆی بدا. وەک هەمیشە سیاسەتەکەمان لە پشتگیریکردنی ئێران وەک دۆستێکی نزیک و پشتپێبەستووی وەڵاتە یەکگرتووەکان دەمێنێتەوە. هەڵبەتە بە پەرۆشیەکی زۆرەوە بەدوای بەرەوپێشوەچوونی پەیوەندییەکانی عێراقی - ئێرانییەکان و بەگشتی**


هەواڵنامەی کتێب

**سیاسەتی عێراقییەکان لە ناوچەکەی تۆدا و بەتایبەتیش یەکێتیی سۆڤیەتیدا دەچم."**

کاتێکیش هەموو شتێک تەواو بوو، پاڵەوانەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابردوو، بە توندی پەلاماری ئیدارەی فۆرد - منیش بەتایبەتی- یاندا بەوەی "دەستبەرداری" کورد بووین. بەڵام خۆ شا بڕیارەکەی دابوو، ئێمەش نە بەڵگەوبەندێکی شایستە و نە ستراتیژییێکیشمان هەبوو تا لە بڕیارەکەی پاشگەزبکەینەوە. چارەسەرییەک کە لەلایەن هەندێ لە ڕەخنەگرەکانمان پێشنیازکرابوو- دەبوایە هەڕەشەی یارمەتیبڕینمان لە شا بکردابایە- ئەوەش واتای نەدەگەیاند. ئایا چۆن دەکرا داوا لە هاوپەیمانی سەرەکییمان بکردبایە، کە ئۆپەراسیۆنی سەربازییانەی خۆی دەستپێکردبایە- ئەوەش تاکە بژارە بوو- لەکاتێکدا کۆنگرێس حاشای لە هاوپەیمانەکان دەکرد، کە چەقۆیان لەسەر مل بوو!

بەڵگەکانی کاتی ڕووخانی شاش، ڕاستودروستی بڕیاری ئێمەیان سەلماند، لەبەر خاتری هاوسەنگی جیهان و ناوچەکە ئێرانێکی دۆست هی ئەوە نەبوو دەستی لێهەڵبگیرێ. شتێکی پووچ و نامەعقولانە دەبوو کە هاوپەیمانێکی سەرەکیی دیکە بە دەستدرێژییەکی سیاسییانە و بۆ سەر شا یان بڕینی یارمەتیەکان لەسەر ئێران لەخۆبکەی. پابەندبوونمان بە بەرگری لە ئێران هی ئەوە نەبوون لێیبکشێینەوە کە ئێمە لێیپەستبووین، بەڵکو دەربڕی خودی بەرژەوەندی جیۆسیاسییمان بوو. ئیدی دەبوایە من بەرگەی گەواهیدانی بەکۆیلەکردنی گەلێکی دۆست بگرم، لەوەش ئاگاداربووم کە هەرچەندە ڕەفتارەکەی شا وەک بیانوو بەکاردەهات، بەڵام سەختانگە ئیفلیجیەکی نێوخۆمان پشکی لەو کێشەیەدا هەبوو.



هەواڵنامەی کتێب

کاتێ بەرگری کورد تێکشکا، ئیدی شێوازی مانۆڕی واشنتن دەستیپێکرد، کە چۆن خەتابارییەکە دابەشبکرێ. «کۆلبی»ش یەکەمین کەس بوو کە گوێی لێبگیرێ. لە ١٣ی ئازاردا ئەو دەرفەتی داخوازینامەی بەپەلەپروزێی بارزانی بۆ کۆمەکی ڕاستەوخۆی ئەمریکا قۆستەوە، تا پێشنیازی خۆجیاکردنەوەی سی ئای ئەی لە تەواوی پڕۆژەکە بکا. «کۆلبی» نووسی، لەبەرئەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە کەناڵی ئێرانەوە یارمەتییەکانی دەگەیاند، بۆیە کۆمەکی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ کورد، کە ئێستا بەرگریکردنەکەیان لەبەریەکترازاوە، کەمتر لە جاران مایەی ئەوەی لەسەری هەڵبدرێتێ. ئەو گومانی هەبوو شا - کە یارمەتیەکانی خۆی لەسەر بارزانی بڕی - بیەوێ وەک کەناڵێکی باربوو گەیاندنی ئەمریکا بۆ کوردەکان بەردەوام بێ. بۆئەوەی کات بەدەستبێنێ، «کۆلبی» لەسەر ئەوە سووربوو کە داخوازینامەی کورد پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، ئەوەش دوای گەڕانەوەی من لە گەشتە مەکوکیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، تا ئەوکاتیش ئەو لەسەرچاوە هەواڵگریەکانی خۆی باش دەزانی کە ئەوکات درەنگ دەبوو، کار لە کار دەترازا. ئیدی لەو نێوەدا «کۆلبی» ڕاسپاردەی وابوو، لەوەتەی کورد وا هەستبزوێن و هەڵەشەن، ئەوا باربووەکەی سی ئای ئەی - ئەو فریاگوزارییە لەچاو ئەو تراژیدیایەی بەسەر کورد هاتبوو مایەی بەزەیی بوو، ئەوا بڕەی کۆمەکەکەیان بۆ مانگی ئازاریش پێبدرێ - ئەو باروبووە فریاگوزارییە سەرەتاییەی لەچاو تراژیدیای کورددا مایەی بەزەیی بوو.

وەک کە ڕوویدا، نوێنەرانی «کۆلبی» لەسەر گۆڕەپانەکەدا نەیانتوانی هەڵوێستی بێ باکانە بنوێنن. ئا ئەم خاڵەش، ئەوان بەبێ هیچ هەڵاوێردنێک، دژی هەر کۆمەکێکی زێدەباربوون بۆ کورد- هەر هیچ نەبێ بەلای کەمییەوە ئەوە ڕەفتاری «کۆلبی» بوو لەگەڵ کۆشکی سپیدا.



هەواڵنامەی کتێب

بەڵام سەددام حوسێن هێرشێکی سەرتاپایی کرد، نوێنەرە خۆجێیەکانی سی ئای ئەی لەپڕێکەوە قەبارەی تراژیدیای دەوربەریان بۆ دەرکەوت. لەوکاتەی من لە گەشتە مەکووکیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بووم، ئەوان تکانامەی نائومێدییانەی سەرکردە کوردەکانیان گەیاند و بەدوایدا چەندان تێبینی سەرزەنشتیانەیان هەبوو کاتێک داواکانیان بێوەڵام مانەوە. هەروەک هیندۆچین، لەخۆدوورخستنەوەی بەرپرسیارێتییەکە، شانەکە لەسەری من شکێنرا[77]، نووسینگەکەی منیش ئەو شوێنە بوو کە کاتی خەتاباریيەکەی لێفڕێبدرێ. بۆ ساڵێک، ئەو کۆمەکە زیادەیەی کە بۆ کوردەکان ڕۆیشت، لە ئەنجامی زاڵبوونی گوشارەکانی من بوو بەسەر نەیاربوونی سی ئای ئەی دا. هۆی ئەوەش کە ئیدی من وەڵامی یارمەتیدەرانەم بۆ ئەو داوا بێهودەییانەی کورد نەبوو، ئەوەبوو کە هیچ شتێک نەمابووەوە کە من بیڵێم، نووسەرەکانیش ئەوەیان باش دەزانی، بە داخستنی سنووری ئێران بەسەرماندا، هیچ کۆمەکێکی بە پەلە نەدەکرا بگەیەنرێتە ئەوێ.

سەختانگی کوردەکان خەمگینییانە کۆتاییهات، هەروەک دوای بیست ساڵ[78] لەبەر هۆی کەمتر نارەوا دووبارەبووەوە: جیۆگرافیایەکی قەدەخە، دوودڵی مرازە هاندەرەکانی وڵاتە دراوسێکان و خواستی لەگەڵ یەک نەگونجاو لەنێو خودی کۆمەڵگەی کورددا. ئەوانەی لە دواییدا ڕێکوڕەوان دەربارەی "تەوس" و "ناپاکیی" قسەیاندەکرد، بەبێدەنگی مانەوە یاخود لەوەش خراپتر سەبارەت بە تراژیدیای بەرفراوانتریش کە لە هیندۆچینندا ڕوویدا، هەرگیز جێگرەوەیەکیان نەهێنایە پێشەوە کە لەڕاستیدا لەسەری برۆین.

---

[77] لێرەدا کیسنجەر ئیدیۆمێکی ئینگلیزی بەکارهێناوە، کە لە یاری کارتی گەمەکردندا (کۆنکاندا) هەیە، منیش ئەم ئیدیۆمە کوردییەم پێ هاوشان بوو.

[78] نووسەر کتێبەکەی لە ١٩٩٩دا چاپکردووە. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

وەک پرسێکی لێکۆڵینەوە، تراژیدیای کورد کەرەسەیەکە بۆ دەرەنجامی هەمەجۆر: پێویستی ئامانجڕوونی هەر لە سەرەتاوە؛ پێوستی ناوبەناو پێداچوونەوە بە ئۆپەراسیۆنەکان و گرنگیشە کە یەکانگیریی لەنێوان هاوپەیمانەکاندا هەبێ. لەڕاستیدا هەموو ئەو شتە زۆر گرنگانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی بەدیدەکران، بەڵام بە پێی پێویست وەک داخواز نەبوون. پەیڕەوکردنیشیان لەسەر ڕەوشەکە دەستگیرنەبوو.

لەبەر هۆکاری جۆربەجۆر، ئێمە نەمانتوانی سەرچاوەی بردنەوە دابینکەین و تا ئێستاشی لەگەڵدابێ نامانەوێ ڕووبەڕووی دەرەنجامەکانی دەستبەرداربوونەکە ببینەوە. لەبەرئەوە ئێمە بۆ تێگیرانێکی سەربازییانە و داهێزرانێکی بەرەبەرەی نەیارەکەمان تێدەکۆشاین. ئەوەی ئێمە نەمانزانی، ئەوەبوو کاتێ بەرنامەی کورد جاڕدرا، ئەو پلە پشێویەی نێوەخۆمان مانەوەی هێزمانی لەبەینبرد. تەنانەت لە گۆشەنیگای ئەو دوو دەیەشدا، حەزمدەکرد بژارەکانی ئەو ئاراستەیەی گرتبومانەبەر تەنانەت کەمتریش بووبان. گەر هاتبا و لە ١٩٧٢دا ئۆپەراسیۆنی کوردەکانمان لەخۆنەگرتبا و لێگەڕابان عێراقییەکان ئازادانە هەوڵەکانیان لە کەنداودا چڕکردبایەوە، ئەوا دەرەنجامی ئاراستەی دیپلۆماتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا جیاوازدەبوو، بەتایبەتیش لەمیانە و لە دوای جەنگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ی ڕۆژهەڵاتی ناوین. بۆ گەلی کورد، قوربانییە هەمیشەییەکەی مێژوو، بێگومان ئەمە دڵنەواییکردن نییە.


هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوە:**

Henry Kissinger,

Years of Renewal, the concluding volume of his memoirs,

First Published in 1999 by Simon and Schuster, USA

First published in Great Britain in 1999 by Weidenfeld and Nicolson

بابەتەکە لە کۆتایی بەشی پێنجەم و لەژێر ژمارەبەندی ١٩م لە لاپەڕە ٥٧٦ تا ٥٩٦ دایە.



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

**پاشکۆی دووەم:**

**لە کتێبەکەی «تریتا پارسی»یدا:**

**ئیسرائیل، ئێران و کوردی عێراق**

هەروەک ئەفسانە لەسەری دەڕوا، کورد نەوەی میدییە (میدیا) دێرینەکانن، بۆ چەندین هەزارەیە لە چیاکانی عێراق، تورکیا و ئێراندا دەژین. لەبەرئەوەی ئەوان لە پێکهاتەی ئێرانییەکانن، بۆیە ڕەگەز (ئەتن)، کلتوور و زمانسازیان بە توندی بە ئێرانەوە گرێدراوە. کەچی هێشتاش زۆر لە کورد بە دوای سەربەخۆیی- یان هەر بەلای کەمییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی- ـدا گەڕاون تا لە حکوومەتەکانی عێراق، تورکیا و ئێران ببنەوە، بەپێداگیرییەوە داوای ئەوەیان کردووە، لەبەر ئەوەی ناتوانن ئازادانە ناسنامەی کلتوور خۆیان لەو وەڵاتانەی غەیرە کورد زاڵن، بەکاربهێنن، بۆیە شایستەی ئەوەن وەڵاتی خۆیان هەبێ.[٩] پرسی کورد بۆ ئەم حکوومەتانە هەر کێشە بووە، بەڵام ئەو دەرفەتەشی پێداون لە ڕێی ئەو پرسەوە یەکدی لاوازبکەن. بە گوێرەی مێژووش، ناقایلیی کورد لە تورکیا و عێراق – لەو شوێنانەی کە بۆ ماوەی چەند دەیەیەک هەر حاشایی لە بوونی کورد دەکرا – زۆر گەورەترە لە هی ئێران. هەر لەبەر ئەوەشە ئێران توانیویەتی باشتر پرسی کورد بۆ لاوازکردنی دراوسێکانی بەکاربهێنێ.

لە سەرەتای شەستەکاندا «مەلا مستەفا بارزانی»، سەرکردەیەکی گەریلایی کورد لە عێراق بە دوای پشتگیریی سەربازییانەی ئیسرائیلدا گەڕا تا لە بەرانبەر سوپای عێراقدا بجەنگێ. بە ڕوونیش ئیسرائیل هاوبەشی هەمان مەیل و بایەخ بوو بۆ لاوازکردنی بەغدا، بەتایبەتیش بەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ گەلانی غەیرەعەرەبدا پەیدابکا. هەر زوو مۆساد (دەزگەی هەواڵگریی ئیسرائیل) بەو ئەنجامە گەیشت، کە پشتگیریکردنی کوردی عێراق هیچ واتایەک ناگەیەنێ ئەگەر هاتوو هاوکاریی ئێرانی لەگەڵدا نەبێ. لەکاتێکدا تاران سوودمەندبوو لە



هەواڵنامەی کتێب

سەرقاڵیی حکوومەتی عێراق بە شۆڕشگێڕە کوردەکان، کەچی شا متمانەی قووڵی بە بارزانی نەبوو، ئاخر ئەو گومانی ئەوەی لێدەکرد، کە کۆمۆنیست بێ. بەگوێرەی قسەی «ئێلیازەر تسافریر» سەرۆکی ئۆپەراسیۆنی مۆساد لە کورستانی عێراق، ئێرانییەکان "مەلا مستەفا بارزانییان خۆشنەدەویست، چونکە بڕوایان وەهابوو، کە ئەو "مەلایەکی سوور" بێ... ئاخر ئەو وەک پەنابەرێکی سیاسیی دوازدە ساڵی لە ڕووسیا بەسەربردبوو."[١٠]

لەبەراییدا شا ئەو ئاماژەیەی ڕەتکردەوە، کە پەیوەندی گرێدانەوەی بارزانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و لە ئەگەری سەرکەوتنی کورد لە عێراق کاربکاتە سەر کوردە کەمینەکەی خۆشی لە ئێران. هەروەها شا سەبارەت بە نیازەکانی ئیسرائیلیش دوودڵ بوو، دەیزانی کە پشتگیریی تەواوی ئیسرائیل بۆ سەروەری کوردی، شتێکە لەپشت بیرۆکەی لاوازکردنی بەغداوەیە.[١١] هەروەک شا گومانی هەبوو، ئیسرائیل بە بارزانی گوتبوو، دەکرێ ئەو بەبێ سنوور پشت بە دەوڵەتی جوو ببەستێ. خۆ دوای هەموو شتێکیش، هاتنەکایەی دەوڵەتێکی غەیرەعەرەب لە ناوجەرگەی نیشتمانی عەرەبدا بیرۆکەیەک نەبوو تا ئیسرائیل لێیبترسێ. "ئێمە بە کوردمان گوت... ئەوان هەرچییەک بکەن، ئێمە پشتیان دەگرین - جا چ لەجەنگدا بێ یان لە ئاشتی،" ئەمە ڕوونکردنەوەی «تسافریر» بوو، ئەو کەسەی بەرپرسی مۆساد بوو بۆ مەشقکردن بە جەنگاوەرانی کورد. "هەر بەو بۆنەیەشەوە، بەرژەوەندی هاوبەشمان لەگەڵ کورد زۆر لە بەرژەوەندی ئێرانییەکان لەگەڵ کورد ئاڵۆزتر بوو."[١٢] وێڕای دوودڵییەکەی شایش، ئیسرائیل توانی هەردوو لا، چ ئێرانییەکان و چ بارزانی - ئەو کەسەی مەترسی خۆی لە نیازەکانی شا هەبوو- دوای چەندین مانگ لە لۆبیکردن بگەیەنێتە یەک. وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە هاوکارییکردنەکە ئاگادارکرایەوە و قایلبوو بەوەی لەو بارەیەوە کەمە پشتیوانیەکی ژێربەژێر پێشکەش بکا. ئێرانیش ویستی ڕۆڵی لە هاوکاریکردنەکەدا نادیار بێ.


هەواڵنامەی کتێب

**یەکەمین ڕێککەوتنیش لە ئایاری ١٩٦٥دا لە بارەگای سەرەکی بارزانی لە کوردستانی عێراقدا مۆرکرا.[١٣] کاربەدەستانی ساواک، دەزگەی نهێنی شا و کاربەدەستانی مۆساد لەبن شالوشەپکی کوردییەوە لە سنووری ئێران بە پێ پەڕینەوە تا گەیشتنە لای بەرەگای گەریلاکان. ئیسرائیل مەشقپێکردن، فەندکردن و چەکدارکردنی هێزەکانی بارزانی لە ئەستۆگرت، ئەمەش بۆ ئەوەی هێزەکە بتوانێ بە شێوەیەکی بەربڵاو هێرش بکاتە سەر سوپای عیراقی.**[١٤] فەندکردن و باری چەکەکانیش دەبوایە لە ڕێی ساواکەوە بوایە، ئەوانیش ڕێڕەوێکیان بۆ ئیسرائیلییەکان کردەوە تا بگەنە کوردستانی عێراق. هاوکارییکردنی ئێرانییەکان کارئاسانییەک بوو، وایکرد چەک و تفاق، پزیشک، داودەرمان و ڕێنماییکارانی ئیسرائیلی لە ئیسرائیلەوە لە ڕێی ئێرانەوە بگەنە کوردستانی عێراق.[١٥]

لە ماوەی سەردانیکردنی سەرۆک نیکسن و هێنری کیسنجەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی بۆ تاران لە ئایاری ١٩٧٢دا، شا قەناعەتی بە وەڵاتە یەکگرتووەکان هێنا، ڕۆڵێکی گەورەتر لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بگێڕێ، کە تا ئەوکات بە شێوەیەکی بەرفرەوان هەر لەسەر شانی ئیسرائیلی – ئێرانییەکان بوو. ڕاوێژی سی ئای ئەی و وەزارەتی کاروباری دەرەوەش دژی بەشدارکردنی ئەمریکا بوون لە ئۆپەراسیۆنەکەدا، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە بوو، کە حەتمەن تاران ناپاکی لە کورد دەکا، بەڵام کیسنجەر بڕیارێکی دیکەی دا و مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە ئەمەیان ڕێگەیەکی قیرتاوکراوە بۆ وەڵاتە یەکگرتووەکان تا پشتگیریی خۆی بۆ ئێران نمایشبکا.[١٦] هەرچۆنێک بێ ئۆپەراسیۆنەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، ئەمەش لەبارەی ئەوەی پەیوەندی بە پەکخستنی بەغداوە هەبوو تا نەبێتە لەمپەر لە بەرانبەر هەژموونی باڵکێشی شا بەسەر کەنداوی فارسییدا و ڕووی سوپای عێراقیشی لە پرسی فەلەستین وەرگێڕا، کەچی هێشتا هێزی عێراق هەر لە گەشەسەندندا بوو، واشنتن، تاران و تەلئەبیبیش بە نیگەرانییەکی زۆرەوە بەغدایان بە کلکی سۆڤیەت، بە دژەئێرانی و ئاراستەی پان عەرەبایەتی (عروبە) دەبینی.[١٧] لە ڕوانگەی ئیسرائیلیشەوە، ئۆپەراسیۆنەکە



هەواڵنامەی کتێب

دەرفەتێکی بە تەلئەبیب دا تا دەستی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکە جووەکەی عێراق ڕابگا و بتوانێ بیانگەڕێنێتەوە ئیسرائیل. پێکهاتەی دیمۆگرافی سیاسەتی دەرەکی ئیسرائیلی لە پەیوەندی لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانیدا، بەتایبەتیش وای لێکرد پەرۆش بێ بۆ هاندانی کۆچی جووەکان لە دیاسپۆراوە بۆ ئیسرائیل. ساواکیش لە ڕێی کوردستانی عێراقەوە یارمەتی ئاودیوکردنی جووەکانی عێراقی دا تا بیانگەیەنێتە شاری ورمێ لە باکووری ئێران، لەوێشەوە ڕادەستی ڕێکخراوە جووەکان دەکران تا بیانگەڕێننەوە ئیسرائیل و ئیدی لەوێ بنگرتییان بکەن.[18]

هەر زووش لە پاش سەردانەکەی نیکسن و کیسنجەر بۆ تاران، سەرەتای کۆمەکی دارایی ژێربەژێری ئەمریکا بۆ گەریلا کوردەکان یان بۆ پێشمەرگە (ئەوانەی ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە) وەک وەها ناویان لەخۆیان ناوە، هەڵڕژا.[19] بە گوێرەی قسەی «یاکۆڤ نیمرودی Yaacov Nimrodi»، کەسێکی جوو، کە وەک یەکەمین پاشکۆی سەربازی سوپای ئیسرائیلی لە ئێران دەستبەکار بوو، ئیسرائیل یەک دوو دەستەی لە کوردستانی عێراق دانان. ئەوان مەشقیان بە پێشمەرگەی عێراقی کرد و لە جەنگیشدا فەرماندەییان کردن، بەڵام بەدەگمەن خۆیان لە شەڕە ڕاستەقینەکان هەڵدەقورتاند.[20] هەبوونی هێزی سەربازی ئێرانیش لەوێ گەورە بوو، ئاخر بەتالیۆنێکی دژەفڕۆکە، بەتالیۆنێکی تۆپهاوێژ و چەند چالاکوانێکی ساواکیش. هەروەها ئێرانیەکانیش خۆیان لەوە بە دوورگرت لە هێڵەکانی پێشەوەدا دژی سوپای عێراقی بجەنگن.[21]

هەرچۆنێک بێ، لە ئازاری ١٩٧٥دا لە پڕ ئۆپەراسیۆنی کوردی کۆتایی هات، ئەمەش لەو کاتەی ئێران بەڕەی لەبن پێی ئیسرائیل ڕاکێشا و لەو شتەی بێبەش کرد، کە بتوانێ عێراقی پێ جڵەوبکا. سەرۆکی جەزائیر «هەواری بۆمدیەن» بە شای ڕاگەیاندبوو، کە فەرمانڕەوای داکەوتی عێراق سەددام حوسێن لە نەخشەیدایە لە کۆبوونەوەی لوتکەیی «ئۆپیک» لە جەزائیر ئامادەبێ بۆئەوەی دانوستان لەسەر کۆتاییهێنان بە دوژمنکاری عێراق – ئێران بهێنێ، بە سنوورە


هەواڵنامەی کتێب

کێشەلەسەرەکەی ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەب / ئەرو(ڤ)ەندیشەوە. لە سێی ئازاری ١٩٧٥دا، شا تارانی بەرەو جەزائیر بەجێهێشت، لەوێش دوای سێ ڕۆژ، «هەواری بۆمدیەن» ڕایگەیاند، کە کێشەی نێوان ئێران و عێراق کۆتایی پێهات.[٢٢] هەردوو دەوڵەتەکە گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەسەر سنوور، کە هەر لایەکیان داوای ئەوەی کرد، لایەکەی دیکە خۆی لەدەستوەردان لە کاروباری ناوخۆ بپارێزێ و گەیشتنە چارەسەرییەکیش بۆ دابەشکردنی ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەب/ ئەروەند، ئەو خاکەی، کە هەمیشە ئامانجی ئێران بووە.[٢٣] لە سۆنگەی ئەم ڕێککەوتنەی جەزائیرەدا، کێشەی ڕێڕەوە ئاوییەکە زۆر بە ڕوونی لە بەرژەوەندی ئێرانییەکان چارەسەرکرا و لە لایەن زۆر کەسیشەوە بەسەرکەوتنێکی بەرچاوی شا لەقەڵەمدرا، بەوەی پێگەی ئێرانی وەک هێزێکی زاڵ بەسەر کەنداوی فارسییدا نیشان دا. شا کاتێک گەڕایەوە تاران، ئەم قسەیەی خوارەوەی بە سەرکەوتنێکەوە بە «ئەسەدوڵلا عەلەم»ی حاکمە عەسکەرییەکەی خۆی گوت: "ئێستا دوای ماوەیەکی دوورودرێژ دەتوانم ڕێککەوتننامەی شەتولعەرەب بدڕێنم،"[٢٤]

ڕێککەوتنەکە بۆ ئیسرائیل و وەڵاتە یەکگرتووەکان تەواو لەناکاو بوو. ئاخر شا سەبارەت بە دانووستانەکان لەگەڵ عێراقدا نە پرسی بە هاوپەیمانە ئیسرائیلی و ئەمریکییەکان کردبوو نە پێشیراگەیاندبوون و نە ئاماژەشی بەوە دابوو، کە هاوکارییکردن لەگەڵ کورددا لە مەترسیدایە.[٢٥] بە گوێرەی قسەی «گاری سیک Gary Sick» بێ، ئەو کەسەی لە سەردەمی ئیدارەی کارتەر و ڕێگندا وەک شارەزایەکی بواری ئێران لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیدا کاریکردبوو، "[سەودایەکە] بەرلەوەی هیچ یەکێک تێبینی بکا، کرا، ئەمەش خۆی کلیلی شتەکە بوو. [شا] خستەڕوویەک (ئۆفەرێک)ی بۆهات، ئەویش قۆستیەوە، تەواویکرد، گەڕایەوە، فەرمانەکانی دەرکردن و ئینجا لێگەڕا وەڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بزانن کە کار لەکار ترازاوە."[٢٦] «چارلس ناس Charles Naas» بەرپرسی دۆسیەی ئێران لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا، لە ڕێی


هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژنامەکانەوە بە ڕێککەوتنەکەی زانی. "دۆڵ دڕا تەقی بڕا[79]، ئەمە بوو. ئەو وەها بەبیر خۆی هێنایەوە، "سپێدەیەکیان چوومە سەرکار، ئیدی ڕێککەوتنەکە کرابوو."[٢٧]

هەرچۆنێک بێ بە گوێرەی قسەی کاربەدەستە ئێرانییەکان بێ، شکستهێنان لەوەی ڕاوێژ بکرێ شتێکی کتوپڕی نەبوو. "ئاخر خۆ دیکتاتۆرەکان تاکدەسەڵاتن (ئاوتۆکراتن)... شا خۆی بە هاوشانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانابوو؛ هەستینەکرد پێویستی بەوە هەیە تا لەگەڵ ئەمریکییەکان ڕاوێژبکا."[٢٨] زۆر ئاماژە بۆ ئەوە دەڕۆن، کە بڕیاری شا بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەی جەزائیر لەوێ دەستبەجێ بووە. تەنانەت بۆ کاربەستە پلەباڵاکانی ساواکیش شتێکی کتوپڕانە بوو. لاپەڕەکانی ڕۆژژمێری «ئەسەدوللا عەلەم» ئەم تیۆرە پشتڕاست دەکەنەوە. ئیدی ئەوە بوو، شا لە بەرەبەیانی حەوتی ئازاری ١٩٧٥دا گەڕایەوە تاران، لەگەڵ گەڕانەوەیدا بانگی ژەنەڕاڵ «نیعمەتوللا ناسری» بەرپرسی ساواکی کرد و فەرمانی پێکرد، کە دەستبەجێ کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکانی کوردستانی عێراق بهێنێ و ئەوەش بخەنە بەردەستی گەریلا کوردەکان، دەکرێ وەک پەنابەر ڕوو لە ئێران بکەن.[٢٩] لە شێوازی تاکدەسەڵاتییانەی خەسڵەتی شادا، ڕێککەوتنەکەش بۆ پەسەندکردنی نەدەبوو هەرگیز بچێتە بەردەم پەرلەمانی ئێرانی، مەودایەکی کەمی بۆ هەڵسەنگاندنی هەستیارانەی هەندێ لە خۆپارێزییەکانی هێشتەوە، بە گواستنەوەی ئەو برە نەوتە کەمەی خاکی ئێرانیش بۆ دەوڵەتی عێراق.[٣٠]

ئیسرائیلی و کوردیش پێیان سەیر بوو، کەوا لە پڕ هاوپەیمانە ئێرانییەکەیان خۆیان کۆدەکەنەوە و ئەوێ بەجێدێڵێن. ئەمە و لەکاتێکدا خەیاڵی تەلئەبیب بۆ ئەوە نەچوو، زوو یان درەنگ ئێران کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکانی کوردی بهێنێ، ئەوان هەروەک «ئیلیازەر تسافریر» دەریخست، هەرگیز ڕەچاوی ئەوەیان

---

[79] نووسەر ئیدیۆمێکی وەهای بەکارهێناوە، کە دەڵێ "بوم، تەقییەوە و کۆتایی هات". منیش ئیدیۆمە کوردییەکەم پڕ بەپێست زانی.



هەواڵنامەی کتێب

نەکردبوو، کە بەم "شێوە دراماتیکی و خەمگینیە" کۆتایی پێبێ.[٣١] سەرەتا ساواک شەرمیکرد بە چالاکوانەکانی مۆساد بڵێ، کەوا هاوکاریی ئەوان بۆ ئۆپەراسیۆنەکەی عێراق کۆتایی پێهات. لەبری ئەوە ڕوونکردنەوەی ئەوەیان دا، گوایە ئەم کارەیان هەر ڕۆتینێکی ئاڵوگۆڕپێکرنی هێزەکانیانە. بۆ ڕۆژی پاشتر، واتە لە نۆی ئازاردا، کاربەدەستێکی باڵای ئێرانی بانگی «ئوری لوبرانی» کرد و وردەکاری ڕێککەوتنەکەی پێڕاگەیاند.[٣٢] لەو کاتەشدا بەر لەیەک دوو ڕۆژ واشنتن بە نیازی ئێرانەکانی زانیبوو، بەڵام بێ ئەوەی ئەم زانیارییانە بداتە دەوڵەتی جوو، ئەمەش خۆی سووکایەتییەک بوو تەلئەبیبی بریندار کرد.[٣٣]

بۆ ئیسرائیل، ئەم کارە وەنەبێ هەر جووڵەیەکی هێماداری شا بێ، کە لە بەرژەوەندی عەرەبەکان شکابێتەوە، بەڵکو ئەم پرسە بۆ ئەوان پرسی مان و نەمان بوو. ئەو بەخێشکەیی و بە پەلە کشانەوەی شا {لە کوردستانی عێراق} سەربازە ئیسرائیلییەکانی لەبارێکی دژواردا بەجێهێشت. ئاخر «تسافریر» هەر تەنیا دوو سەعاتی لەبەردەمدا بوون تا لە بارەگای سەرەکی بارزانی لە کوردستانی عێراق هەڵبێ و خۆی بگەیەنێتە ئێران (ئەو شوێنەی کە خێزانەکەی تێدا جێگیر بوو)، ئەمەش لە بەرانبەر پێشڕەوی سوپای عێراقیدا بوو. «تسافریر» بە منی گوت: "لە ڕێگەم بۆ تاران هەر نەفرەتم لە ئێران دەکرد. ئاخر بە شێوەیەکی زۆر ناخۆش سەبارەت بەو شتە لەگەڵیان ناکۆک بووم."[٣٤]

تارانیش هەر سووکە لێتێگەیشتنێکی نیشانی ناڕەزایەتی ئیسرائیلییەکان دا. شا بە شێوەیەکی سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکەی بە ئۆپەراسیۆنێکی ئێرانی دەزانی و ئیدی وەک دەرهاوێشتەیەکی ڕێککەوتنەکە یان بە بۆچوونی ئەو ڕوانینی ئیسرائیلیەکان ئەوەندە گرنگ نەبوو. "دەکرێ خۆم لە جێی شادا بنێم"، ئەوە قسەی یەکێ لە ئەندامە پێشووەکانی کابینەی حکوومەتەکەی شا بووە پێیگوتم؛ " لێرەدا من وەڵاتێکی بچکۆلە نیم، ئاخر دانیشتوانی وڵاتەکەم سی و پێنج ملیۆنە، نەوتیشم لە پشتە، من خەڵکێکی زۆری خوێندەوارم هەیە. کەواتە بۆ خاتری چ جەهەننەمێک خەمی دەستەیەک لە جووە نەفرەتییەکان بخۆم؟"[٣٥] بۆ ئێرانییەکان


هەواڵنامەی کتێب

ئەمە ڕێسا بوو، لەوە زیاتر چاوەڕوانیان نەدەکرد، هەر سووک و ئاسان هەرگیز ئەوە خووخدەی شا نەبوو، لە پرسگەلێکی وەها، پرس بە ئیسرائیلییەکان بکا، کە وای دادەنا ئەم پرسانە پەیوەستن بە بەرژەوەندییەکانی ئێران.[٣٦] لە ڕوانگەی باڵوێزی پێشووی ئێران بۆ باشووری ئەفریقا، "پێشەمی ئێمە شەتولعەرەب بوو... لەگەڵ چاککردنی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ عێراق... بەرژەوەندی نیشتمانییمان پێشقەڕەوڵ بوو."[٣٧] ئەوکات پێگەی ئێرانییەکان بۆ ڕاوێژکردن بە واشنتن و تەلئەبیب لەئارادا نەبوو. دانووستانەکانیش لە ماوەی دوو ڕۆژدا لەچەند سەعاتێکی تێپەڕنەکرد، شتەکە لە ٥-٦ی مانگی ئازاری ١٩٧٥دا بوو، ئێمە زۆر بەکەفوکوڵ بووین.[٣٨] لەو کاتەی شا لە جەزائیر بوو، هەر پێی کرا چەند سەعاتێکی کەم لە شەودا بخەوێ، ئاخر دانووستانی ڕێکخراوی ئۆپێکیشی لەپێش بوو، ئیدی کە گەڕایەوە شەنگی لێبڕابوو.[٣٩]

کاربەدەستە ئێرانییەکان باسوخواسی ئەوەیان کرد، گوایە وەڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ـەوە بەوەیان زانیوە، کە ئێران و عێراق لە ئیستەنبول لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکە لە دانووستان دان. ئەو گفتوگۆیانەش لەلایەن باڵوێز «عەبدوڵلا ڕەحمان سەدریە» کە یەکێ بوو لە دیپلۆماتە هەرە ناودارەکانی وەزارەتی کاروباری ئێران، لەگەڵ هاوتایەکەی «تالب شبیب»ی باڵوێزی عێراق بەڕێوەچوون. گفتوگۆکانیش بە نهێنی نەمانەوە، هەردوو لایان ، چ واشنتن و چ تەلئەبیب بە دوای ڕەوتی پەرەسەندووی وتوێژەکاندا چوون. خۆ درەنگ یان زوو ڕێککەوتنی هەر بەدوادا دەهات، ئەمە مشتومڕی ئێرانییەکان بوو، بەوەی شتێکی زۆر سافیلکانە بوو بەوەی واشنتن و تەلئەبیب بڕوایان وەها بێ، کە ئێران و عێراق سەبارەت بە کێشەی ڕێڕەوە ئاوییەکە ناگەنە بڕیاری یەکلاکەرەوە و کۆتایهێنان بە دەستوەردانی ئێرانییەکان لە باکووری عێراق.[٤٠] تاران بە شێوەیەکی نەرێیانە وەڵامی ئەو هەرا نێودەوڵەتییەی دژ بە چارەسەرکردنەی کێشەی کورد دایەوە، ئاماژەی بە دانپێدانانی خودی سەددام حوسێن دا، بەوەی ئەگەر هاتبا دەستوەردانی ئێران


هەواڵنامەی کتێب

نەبوایە، دەمێک بوو سوپای عێراقی کوردی لەناوبردبوو. " ئەوان [کورد] لەبن داوی شکشت لەدوای شکستدا دەیاننالاند،" بەم جۆرە شا دەردەدڵی لای «عەلەم» کردبوو. "بەبێ پشتگیریی ئێمە ئەوان تەنیا دە ڕۆژیش خۆیان لەبەر عێراقییەکان نەدەگرت." هێشتاش شا بە دوودڵییەوە قایلبوو، کە لە ١١ی ئازاردا بارزانی لە تاران ببینێ، بەگوێرەی قسەی «عەلەم» بێ، "هەراسان بوو بەوەی ڕووبەڕوو چاوی بە کابرا بکەوێ."[٤١]

خۆ ئەگەر دەرفەتی ڕاوێژکردن هەبووبێ یان نا، ئەوا بڕیاردارێژەران لە هەردوو پایتەخدا، لە واشنتن و تەلئەبیب بە بڕیارەکەی شا تووڕەبوون. کیسنجەر، ئەو پشتیوانە سەرەکییەی دەستتێکەڵکردنی وەڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی کورددا، نوێنەرێکی بۆ سویسرا نارد، ئەوە بوو دوای ڕێککەوتنەکەی جەزائیر، شا ڕۆژە پشووەکانی لەوێ بەسەردەبرد، ناردنی نوێنەرەکەشی بۆ ئەوە بوو تا باشتر لە مەبەستەکانی شا تێبگا. نوێنەرەکە نامەیەکی توندی بۆ شا برد، کە تێیدا پێگەی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی کورد تێدا بوو، بەوەی دەبێ بەردەوامبێ. بە شێوەیەک کە لەگەڵ خەسڵەتی کیسنجەریش نەدەهاتەوە، هیچ سەرنجێکی پیرۆزبایلێکردنی دیپلۆماتییانەی سەرکەوتووی بۆ شا تێدا نەبوو.[٤٢] بۆ واشنتن، ڕێککەوتنی جەزائیر زەنگی بێدارکردنەوە بوو، چونکە پەی بەوە برد، کەوا لێرەوە بەدواوە بەرژەوەندییەکانی ئێران لە هی واشنتن جیادەبێتەوە. «ناس» گوتی: "ئەمەش یەکەمین لەڕێدەرچوونی سەرەکی [بەرژەوەندییەکان] بوو. ئەم شتە بۆ ئێمە شتێکی لەناکاو بوو."[٤٣] وێڕای ئەم ڕوانینە، ئەمریکا خۆپارێز بوو لەوەی بە توندی دژی سیاسەتی هەڵگەڕاوەی شا بجوڵێتەوە، بەشێکیشی لەبەر ڕیزپەڕیەتی ئێرانییەکان بوو لە نێو سیاسەتی دەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. واشنتن بۆ ماوەیەک چاوی لەو ئاکارە هەڵگەڕاوەییەی شا پۆشی. «هێنری پرێت Henry Precht» ئەفسەری دۆسیەی ئێران لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە ئاخروئۆخری نەوەدەکاندا ئەوەی بیرخستەوە


هەواڵنامەی کتێب

که "بەلای کەمییەوە ئێمە لە باڵوێزخانەکەدا بەوچاوە سەیری ئێرانمان نەدەکرد کە دەوڵەتێکی ملکەچ بێ".[٤٤]

هەرچۆنێک بێ، ئیسرائیلییەکان لە ڕەخنەگرتن لە شا قسووریيان نەکرد. ئاخر لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا پێکهاتەیەکی سەرەکی لە سیاسەتی ستراتیژی ئیسرائیل لە لایەن ئێرانەوە هەڵوەشێنرایەوە. «لوبرانی» بە توندی دژی بڕیارەکەی تاران وەستایەوە، بەڵام لە لایەن کاربەدەستێکی پلەباڵای ئێرانییەوە سەرزەنشت کرا، ئەو کاربەدەستە ڕوونیکردەوە، کە لاوازییەکانی ئیسرائیل "لەوە دابوو، ڕێگەیدا هەستوسۆز تێکەڵ بە سیاسەت بکا."[٤٥] بڕیارپداڕێژەرانی سیاسەتی ئیسرائیلیش هەستیانکرد بە شێوەیەکی کەسەکی[80] لەلایەن بنەماڵەی پاشایەتی ئێرانەوە ناپاکییان لێکراوە. «تسافریر» بە تاڵاونۆشینەوە ئەو کۆمێنتەی دا؛ "[شا]ش هەروەک «نیڤیل چەمبەرلین Neville Chamberlain»ی سەروەزیری بەریتانیای کرد، کە بۆ هیتلەر دەستبەرداری چیکۆسلۆڤاکیا بوو."[٤٦] داستانەکەی کورد وای لە ئیسرائیل کرد بە ناسۆرەوە دەرک بەوە بکا، لە بەرانبەر ئێراندا چ پێگەیەکی ناسکی هەیە و بڕوا و متمانەی تەلئەبیبیش بە شا لەقبوو. کۆمێنتی «نمورودی»یش بە پەستییەوە بوو: "ئەوە هەڵەیەکی گەورەی [شا] بوو. ئێمە هەموو متمانەیەکمان بە ئەو لەدەستدا. ئەو شێت بوو. ئەو دەبەنگ بوو."[٤٧]

هەرچەندە دەکرا ئیسرائیل لە یارییەکانی شا و دڵدارییکردن لەگەڵ لایەنی عەرەبی خۆشببێ، کەچی تەلئەبیب وەهای بینی، کە هەر ئاماژەیەک بۆ گۆڕانی ستراتیژی شا زۆر بە دژواری دەکەوێتەوە. بەوەی کە شا سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە ئۆپەراسیۆنەکەی کورد هیچی بە ئیسرائیلییەکان نە گوتبوو، تەلئەبیب بە کاریگەرییەوە هەستیکرد، کە "پەیوەندیی ئێران بە دەوڵەتی جوو وایلێهاتووە زیاتر بەڕێکردن (ڕاگوزەر) بێ لەوەی پێویستیی بێ." «ئیسحاق ڕابین» کە ئەوکات سەروەزیر بوو، بەرەو تاران فڕی، تا ڕوونکردنەوە لە شا وەربگرێ. بەو ئاگاییەی کە هیوای ئیسرائیل لەسەر ئەوە بوو، ئێران و ئیسرائیل

---

[80] کەسەکی: شەخسی



هەواڵنامەی کتێب

ڕووبەڕووی توانستی ئەگەرەکانی ناوچەکە ببنەوە، (شا)ش گوتی کەوا لەو بڕوایەدایە، شەڕ لەگەڵ عێراق شتێکی حەتمی بوو و ئیدی بەو ڕێککەوتنە لەگەڵ عێراق کاتی پێدەکڕێ.[48] بۆ دڵنیاکردنەوەی تەلئەبیب، بۆ ئەوەی بنەمای هاوپەیمانیان - وێنەی هەڕەشە هاوبەشەکانی سەر هەردوولا - شا بە «لوبرانی» گوت کە "ڕێککەوتنی جەزائیر بەهای ئەو کاغەزە ناهێنی کە لەسەری نووسراوە."[48] کەچی لەسەر زەمینی ڕاستییدا، ڕوانینی ئێران و ئیسرائیل سەبارەت بە هەڕەشەکان لەیەک جیابوو.

**دەست و پێ کردنەوەی عێراق**

ئێران بە تەواوی سوودی لەو سەروسەودایەی نیکسن بینی، کە بتوانێ بە نزیکەیی هەموو چەکێکی غەیرە ناوەکیی ئەمریکی بکڕێ. کاتێکیش ئێران سەروسەودای کڕینی چەکی قەبە کرد، بڕی کڕینەکە زیادی کرد لە ٢٢٥,٠٠٠ لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ بڕی ٣٨٥,٠٠٠ لە ساڵی ١٩٧٥دا.[50] ئەو زیادەڕەوییەی شا لە کڕینی چەکدا یارمەتی ئەوەی دا باری ئابووری ئەمریکا لە سەختانگی نەوتی سەرەتای هەفتاکان ڕزگاربکا، ئاخر ئەو بڕە پارە زۆرەی ئەمریکا لە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی خەرجکرد، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سەروسەودای شا بۆ چەککڕین گەڕایەوە واشنتن. لە ١٩٧٢ تا ١٩٧٧ ئێران لە کۆی فرۆشتنی چەکی ئەمریکییدا سێیەکەی بەرکەوتبوو.[51] ئیدی تا دەهات سەربەخۆیی بڕیاردان لە ئێراندا پەرەیدەسەند - هەندێ جاریش تاکلایەنە بڕیاری دەدا- ئەم سیاسەتانەش بوونە مایەی ئەوەی لە واشنتن و تەلئەبیبدا گومان لە مجێزی بەرزەفڕی شا بکەن.[52]

بەوەی شا لە عێراق بەرەی لەبن پێی ئیسرائیل دەرهێنا، ئیدی کارێکی وەهای کرد، بەرەی ڕۆژهەڵات زیاتر ببێتە مایەی گەف و هەڕەشە بەسەر ئیسرائیل. نیازی دوژمنکارییانەی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە بەرانبەر ئیسرائیلدا هەر بەوە



هەواڵنامەی کتێب

دانەمرکایەوە، کە باڵاتربوونی دەسەڵاتی تەختی شا و باشبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانییدا. ئەو پەرەسەندنە ناهاوشانەی نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕێگەی بۆ جیاوازی هەڵسەنگاندنامەی ئێرانی و ئیسرائیلییەکان دەرهەق بە هەڕەشەکانی عەرەب خۆشکرد. بە گوێرەی قسەی «ئالیناغی عەلیناخی» وەزیری پێشووی دارایی ئێران بێ، "وێنەی هەڕەشە هاوبەشەکەی [نێوان ئێران و ئیسرائیل] لەیەکجیابوو،" تەنانەت هێشتا زۆر دوژمنی هاوبەشیشیان مابوون.[٥٣]

بەڵام وەک زۆر جاری دیکەش ڕوویدابوو، کردەوەکانی ئێران کە بووە مایەی ئەوەی ئێران لەبەردەم عەرەبەکاندا ناسکتر دەرکەوێ، لەهەمان کاتیشدا ئەو پێویستییەی بۆ ئیسرائیل زیادکرد، کە لە ڕووی ئاسایشیەوە زیاتر هاوکاری ئێران بێ. هەرچەندە کردەوەکانی ئێران بە زیانی ئیسرائیل تەواو بوون، کەچی ئیسرائیل لە توانایدا نەبوو تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە. بەڵکو ڕەوتەکە وەها ڕۆیشت، کە ئیسرائیل زیاتر بە ئێرانەوە پەیوەست بێ، چونکە لەدەستدانی ئێران لەو کاتەی قاهیرە بەرەو ئەمریکا و عێراق نزیکدەبووەوە، هێزی کارەساتبارییەکەی بەسەر دەوڵەتی جوو زیاتر بوو.

لەو کاتەی تا دەهات ئێران لە ڕووی دەوڵەمەندی و هێزەوە هەڵدەکشا، کەچی شتێکی کەمی لەو بارەیەوە کرد، کە هەڕەشەی عەرەبەکان لەسەر ئیسرائیل سووک بکا؛ ئاخر گومان و بێباوەڕی عەرەبەکان بە ئێران هەروەک خۆی مایەوە. هەروەک شایش بەخۆی پەنجەی بۆ ڕاکێشا، بە تایبەتیش عێراق هەر بە هەڕەشە مایەوە، ئەمەش لە نێوچاوانی خۆپڕچەککردنی، لەڕێی پشتگیرییکردنی دۆزەکانی عەرەب و لە ڕێی پشتگیریی بۆ توخمە ئێرانییە ئۆپۆزسیۆنەکان بە خودی ئایەتوڵڵا خومەینیشەوە، ئەو کەسەی ئەوکات لە تاراوگە لە عێراق دەژیا، ئەو کەسەی بە شێوەیەکی تایبەت پێگەی لەنێو ئۆپۆزسیۆنی ئێران زۆرتر و دەستڕۆیشتووتر دەبوو. بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر، ئێران گێچی خۆی


هەواڵنامەی کتێب

لە دژی بەغدا سفرکردەوە، ئەمەش خۆی بوو، پشتگیریی یاخیبوونی کورد و ئاسایشی ئیسرائیلیی لاوازکرد.

شا لەوە بە ئاگا بوو، کە ئەوە پشتگیریی ئێران بوو بۆ یاخیبوونی کورد کارێکی وەهای کرد، رێگربێ لەوەی ئێران لە رێی کردەی سەربازیانە دژی ئێران بوەستێتەوە، ئیدی بە کۆتاییهێنان بە پرسی پشتگیریی بۆ کورد، بایەخێکی کەم مابووەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر هاتباو شا بیری لە هاوسەنگی هەرێمی کردبایەوە. دەستبەرداربوونی ئیسرائیل و شۆڕگێڕانی کورد ئاماژەیەکی ڕوونبوو بەوەی شا دەستبەرداری لۆژیکی هاوسەنگی هێز بووە. شا وەک لە لێدوانێکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی عەرەب «محەمەد حەسەنێن هەیکەل» لە نیسانی ١٩٧٥دا گوتی، تەنیا هەر یەک مانگ دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر: "ئێمە بە دوای ئەو سەرەتایەدا ڕۆیشتین کە دەڵێ؛ دوژمنی دوژمنم دۆستمە و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئیسرائیلدا خەریک بوو بەرەو پێشەوە دەچوو. بەڵام ئێستا ڕەوشەکە گۆڕاوە... ناوبەناو بیر لە هاوکێشەیەکی نوێ لە ناوچەکەدا دەکەمەوە... بەڵکو ئەمەیان خۆی لە نێو بۆتەیەکی ئیسلامییدا ببینێتەوە."[٥٤]

هەروەک زۆر لە بڕیارە ستراتیژییەکانی پێشتر، شا مرخی لەوە خۆشکردبوو، کە دانپێدانانی عەرەبەکانی بە دەسەڵاتی سەرکردایەتیانەی ئەو بۆ ناوچەکە دەستبکەوێ. لەو کاتەی سەرکەوتنی ئێران بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی عەرەب بۆ کوێخایەتی شا بەسەر کەنداوی فارسدا سنووردارتر دەبوو، ئیدی لەناوبردنی هەڕەشەی عێراق - ئەو تاکە دەوڵەتەی کە لە ناوچەکەدا مابووەوە بەوەی مەترسی بێ لەسەر کوێخایەتی ناوچەی کەنداو - وایلێهات تا دەهات بایەخەکەی زیاتر دەبوو. هەر ئەوە بوو شا هیوای وابوو لە پەسەندکردنی لەبنی بەغدا بۆ دەستڕۆیشتنی ئێران لە دووتوێ ڕێککەوتنی جەزائیر، کارێکی وەها بکا دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکەش بە هەمان ئاقاردا بڕۆن، بەتایبەتیش لەو کاتەی دەوڵەتە هەرێمییەکان پێیانوابوو، کە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە بە ڕوونی لە


هەواڵنامەی کتێب

بەرژەوەندی ئێراندایە. هەروەک شا ڕەچاویکردبوو، لە ڕوانگەی عەرەبەوە و بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە، ئێران دەکاتە دەوڵەتی پێگەی پلە یەک لە کەنداوی فارسی و دەشبێتە مایەی ئەوەی ئێران لە کاروباری ناوچەکەدا باڵادەستبێ.[55] لەوەش پتر، بادانەوەی ئێران و بڕیارە تاکلایەنییەکەی بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتنەکە - بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ وەڵاتە یەکگرتووەکان- زیاتر سەلمێنەری سەربەخۆیەتی و کوێخایەتی تاران بوو. شتێکی جەوهەری بوو، خۆگری (خۆدزینەوە) شا لەوەی پرسوڕاکردن بە واشنتن و تەلئەبیب لەبەرئەوە بوو وەک یەکێ لە ڕاوێژکارەکانی باسیکرد؛ ئەو "وای بیرکردەوە، کە کاتی ئەوەی هاتووە چەندین ڕێکاری دیاریکراو بگرێتەبەر، بەبێ ئەوەی پێویستبێ [ڕاوێژ] بە هیچ کەسێکی دیکە بکا، چونکە لێدوان سەبارەت بەوە هەیە، کە ئێران بە کوێ گەیشتووە."[56]

لە سەرەتاشەوە وەها پێدەچوو ئەو کودەتا دیپلۆماتییەی شا سەربکەوێ. ئاخر بە شێوەیەکی کاتیی ڕکابەری ناحەزیانەی ئێران - عێراقی هێورکردەوە. هەر بۆ نموونە لە کۆنفرانسی ئاسایشی کەنداوی فارسی لە «مەسقەت»ی پایتەختی سوڵتاننشینی «عومان»دا کە لە ١٩٧٨دا بەسترا، لەوێدا نە کێشەیەکی ئێران - عێراقی و هەروەها نە بەیەکدادانێکی عەرەب - ئێرانی هەبوو. کەچی لە بری ئەوەدا، کۆنفرانسکە لەبەر ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان عێراق و عەرەبستانی سعوودی شکستیهێنا، ئەمەش بە شێوەیەکی جەوهەری پرسی ژمارە دووی ناوچەکە بوو. عێراق بڕوای وەها بوو، کە دەوڵەتە عەرەبییەکان دەبێ لە ڕەوشی ڕووبەڕووبوونەوە لەبەرانبەر ئێراندا لەنێو ڕێکخستنی ئاسایشی هاوبەشدا کەمایەتی بن و عێراقیش دەبێ لەنێو ئەو کەمایەتییەدا دەنگی زاڵی هەبێ. کۆنفرانسەکەش لە گەیشتن بە ئاسایشی هەرێمەکە شکستی هێنا، چونکە عەرەبستانی سعوودی ئەو پێگەیەی ڕەتکردەوە.[57]

بەڵام هەر زوو ئەوە ڕوون بووەوە، کە ڕێککەوتنی جەزائیر هەنگاوێکی ستراتیژی سەرەکی هەڵەبوو، کە شا هەڵیهێنا، وەک ئەوەی ئیسرائیل لە کاتی


هەواڵنامەی کتێب

خۆیدا مشتومڕی لەسەرکرد. ئیدی لە بری ئەوەی کات بۆ ئێران بەدەست بێ، بەپێچەوانەوە سەدام لە ڕێی ڕێککەوتنەکەوە کاتی بۆخۆی کڕی. سەرباری ئەوەی شا لە لایەن هێزە ڕکابەرە سەرەکییەکە بە شێوەیەکی هێماییەوە دانیپێدانرا کە هێزی زاڵە بەسەر هەرێمەکەدا، کەچی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کورد دەستوپێی بەغدای کردنەوە، کە پێشتر بە هۆی کوردەوە بەسترابوون. ئیدی سەرچاوەی دەرامەدی عێراق ئازاد بوون و ئەوسا تیشکی خستە سەر خۆپڕچەککردن و کوێخایەتی. ئەمە وایکرد عێراق بەهێز ببێتەوە و بەشێوەیەکی بەرچاویش خەرجی چەک و تفاقی سۆڤیەتی زۆر زیادی کرد - لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٠ عێراق بڕی بودجەی سەربازی دووهێندە کرد - لەکاتێکدا ئێران کەوتە نێو قۆناغێک، کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەر دەهاتە خوارەوە. بەم جۆرە گۆڕانی هاوسەنگی بە قازانجی بەغدا وای لە عێراق کرد بگاتە ئەوەی بڵێ، کە مەرجەکانی ڕێککەوتنی جەزائیر ناڕەوا بوون و مجێزی سەددامی بۆ تۆڵەکردنەوە خۆشکرد.[٥٨]

بە هاتنی ساڵی ١٩٧٨ بەرە بەرە کاربەدەستانی ساواک بۆ هاوشانەکانیان لە کاربەدەستانی ئیسرائیلیدا دانیان بەوەدا دانا، کە ڕێککەوتنی جەزائیر بارێکی قورسی لەسەر شانی عێراق لابرد، وای لە بەغدا کرد توانستی پەلاماردانی بێتەوەبەر و بەهێزببێ. «تسافریر» هەر مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە بڵێ: "ئاخر سەدام خواخوای بوو دەرفەتێکی بۆ هەڵبکەوێ تا پەلاماری ئێران بدا". ئەوەش دەرکەوت، کە دوای پێنج ساڵ لەسەر مۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر، بە ماوەیەکی کەم دوای کەوتنی شا، دەرفەتەکەی سەددام هات.[٥٩] سەرباری ئەمەش، تاکڕەوایەتی شا توانستی ئێرانی وەک هاوپەیمانێکی واشنتن و تەلئەبیب و لە نێو کوردیشدا لاوازکرد. بە ڕوانین بۆ دواوە، مۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر لە لایەن شا، ئێرانی زلهێزی ڕاستەقینە بەڵام دانپێدانەنراو بە ماوەیەکی کورتخایەنی باڵادەستیی دانپێدانراو گۆڕیەوە. شا لەو پەڕی سەرکەوتنی


هەواڵنامەی کتێب

باڵادەستی خۆیدا داری لە بەختی خۆی دا[81]. یەکێ لە ئەدمیراڵە پێشووەکانی هێزی دەریای ئێرانیش دانی بەوەدا نا: کە "ڕێککەوتنەکە بۆ ئێمە کێفەراتێک بوو بۆ خۆی."[٦٠]

[81] نووسەر دەق وەها دەڵێ: مۆری لە کۆتایی (مەرگی) خۆی دا. بەڵام من ئیدیۆمە کوردییەکەم پڕبەپێست زانی. وەگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوە: ئەم گوتارە لە لاپەڕەکانی ٥٢ تا ٦٠ ی ئەم کتێبەی خوارەوە وەرگیراوە:**

Trita Parsi

Treacherous Alliance, the secret dealings of Israel. Iran, and the U.S. Yale university/ New haen and London, 2007.

پەراوێز و سەرچاوەکانی نووسەر


1. 9 The Kurds are indigenous to a contiguous geocultural region that includes adjacent parts of Iran, Iraq, Syria, and Turkey. Smaller communities can also be found in

2. NOTES TO PAGES 53–55 294 Lebanon,Armenia,and Azerbaijan.The ancient Greek historian Xenophon referred to the Kurds in Anabasis as “Kardukhi ...a fierce and protective mountain-dwelling people”who attacked Greek armies in 400 B.C.

3. 10 Interview with Eliezer Tsafrir,Tel Aviv,October 16,2004.

4. 11 Interview with Iran’s former Deputy UN Ambassador Mehdi Ehsassi,Tehran,August 3,2004.

5. 12 Interview with Tsafrir,October 16,2004.

6. 13 David Kimche,The Last Option(New York:Maxwell MacMillan International,1991), 189.

7. 14 Nader Entessar,“Israel and Iran’s National Security,”Journal ofSouth Asian and Middle Eastern Studies4 (2004):2–4.

8. 15.Sohrab Sobhani,The Pragmatic Entente: Israeli-Iranian Relations, 1948–1988 (New York: Praeger Publishers,1989),46– 47. Interview with Alinaghi Alikhani, former minister of finance under the Shah, Washington,D.C.,April 7,2004.Kimche,Last Option,194

9. . 16 Kenneth Pollack,The Persian Puzzle(New York:Random House,2004),105.

10. 17 Shahram Chubin and Mohammad Fard-Saidi,“Recent Trends in Middle East Politics and Iran’s Foreign Policy Options,” The Institute for International Political and Economic Studies(August 1975):87.

11. 18 Sobhani,Pragmatic Entente,86.

12. 19 Kimche,Last Option,194.

13. 20 Interview with Yaacov Nimrodi,Savion (Tel Aviv),October 19,2004.




هەواڵنامەی کتێب

14. 21 Interview with Tsafrir,October 16,2004.

15. 22 Asadollah Alam,The Shah and I,ed.Alinaghi Alikhani (New York:St.Martin's,1991), 415–417.

16. 23 Gary Sick,October Surprise(New York:Random House,1991

17. 24 Alam,The Shah and I,417,409,418.

18. 25 Interview with Tsafrir,October 16,2004.

19. 26 Interview with Gary Sick,New York,February 25,2004.

20. NOTES TO PAGES 55–57 295 27 Interview with Charles Naas,Washington,D.C.,March 8,2004.

21. 28 Interview with a former deputy commander in chief of the Iranian navy, March 16, 2004. See Mohammad Reza Pahlavi,Mission for My Country(London:Hutchinson of London,1960),130.

22. 29 Alam, The Shah and I, 417. Kimche, Last Option, 195. Interview with former Iranian diplomat stationed in Israel,Tehran,August 12,2004.

23. 30 Interview with former Iranian diplomat under the Shah, Washington D.C., April 2, 2004. 31 Interview with Tsafrir,2004.

24. 32 Kimche,The Last Option,195.

25. 33 John A.Conway,"The Kurds and Israel,"Newsweek,April 7,1975,17.

26. 34 Interview with Tsafrir, October 16, 2004. Kimche,Last Option,195–196.

27. 35 Interview with former Iranian cabinet minister,Potomac,February 2004.The identity of the minister is withheld for his protection.

28. 36 Interview with a former deputy commander in chief of the Iranian navy, March 16, 2004.
29. 37 Interview with former Iranian ambassador to South Africa, New York, February 26, 2004.
30. 38 Interview with Mehdi Ehsassi,August 3,2004.
31. 39 Alam,The Shah and I,418.
32. 40 Interview with Alikhani,April 7,2004.Some Iranian officials have also insisted that the United States was supporting the negotiations behind the scenes and was fully aware of the details. (Interview with former Iranian ambassador to Denmark and Greece, Washington,D.C.,April 2,2004.)
33. 41 Alam,The Shah and I,417–419.
34. 42 Interview with Alikhani,April 7,2004.
35. 43 Interview with Naas,March 8,2004.
36. 44 Interview with Henry Precht,former Iran desk officer at the U.S.Department of State, Washington, D.C., March 3, 2004. Iranian diplomats, however, have argued that the United States also expressed satisfaction with the accord since it gave



هەواڵنامەی کتێب

Iran,a U.S.ally, the upper hand against the Soviet-backed Iraqi government.(Interview with Ehsassi, August 3,2004.)

37. 45 Kimche,Last Option,195.
38. 46 Interview with Tsafrir,October 16,2004.
39. 47 Interview with Yaacov Nimrodi,Savion (Tel Aviv),October 19,2004.
40. 48 Sobhani,Pragmatic Entente,108.
41. 49 Interview with former Iranian ambassador to South Africa, New York, February 26, 2004.
42. 50 Tehran's military expenditures tripled between 1973 and 1975,going from $6.1 billion to $15.6 billion.
43. 51 Pollack,Persian Puzzle,108.
44. 52 Interview with former Iranian diplomat serving the government of the Shah,Washington,D.C.,April 2,2004.
45. 53 Interview with Alikhani,April 7, 2004. In addition, the Shah was concerned that the United States would sell Israel Pershing missiles capable ofcarrying nuclear warheads. Classified Department ofState telegram,September 1970.Available at the National Security Archives.
46. 54 Joseph Alpher,"Israel and the Iraq-Iran War,"in The Iraq-Iran War: Impact and Implications,ed.Efraim Karsh (New York:St.Martin's,1989),157.
47. 55 Andrew Parasiliti,"Iraq's War Decisions,"Ph.D.diss.,Johns Hopkins University,1998, 36,85–86.
48. 56 Interview with Gholam-Reza Afkhami, former adviser to Mohammad Reza Shah, Washington,D.C.,March 5,2004.
49. 57 Interview with Davoud Hermidas-Bavand, professor at Shahid Beheshti University and former Iranian diplomat,Tehran,August 8,2004.
50. 58 Parasiliti,"Iraq's War Decisions,"36.
51. 59 Interview with Tsafrir,October 16,2004. 60 Interview with a former deputy commander in chief of the Iranian navy, March 16, 2004.



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی سێیەم، مەلا مستەفا بارزانی لە ئەمریکا ١٩٧٥-١٩٧٩

نووسینی: هاکان ئۆزۆگلو Hakan Ozoglu

زانکۆی مەڵبەندیی فلۆریدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**دەرهەست**[82]

ئەم گوتارە بەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی دواساڵەکانی مەلا مستەفا بارزانی لەسەر بنەمای ڕاپۆرتە هەواڵگرییە ئەمریکیەکان، کە مێژووەکەیان بۆ درەنگانێکی حەفتاکان دەگەڕێتەوە و ڕاپۆرتەکانیش لە ٢٠٠٦ دا مۆری نهێنییان لەسەر هەڵگیراوە، ئەمەش هەروەک یادەوەری و ئەو گوتارانەی لە لایەن ئەفسەرانی کاروباری بیانی ئەمریکاوە نووسراون. نووسەر لەم گوتارەدا تیشک دەخاتەسەر ئەو بەڵگەنامانەی لە لایەن سی ئای ئەی ـەوە ئامادەکراون، کە پەیوەندییان بە «سەفەری بارزانی بۆ ئەمریکا بۆ چارەسەری نەخۆشی» ـیەوە هەیە. بەڵگەنامەکان تایبەتن بەو باسانەی وەک: پشتگیریی ئەمریکا بۆ دواڕاپەڕینی کورد کە بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، هەروەها ئەو داوایەی کە بارزانی لە دوای ڕێککەوتنی جەزائیری ١٩٧٥ کراوە، ئەو دانوستانەی پشت پەردە سەبارەت بە سەفەری بارزانی بۆ ئەمریکا و ئەو کۆتوبەندە توندەی لەسەری دانرابوو لەو ماوەیی لە ئەمریکا بوو. هەروەها نووسەر ئەگەری ئەو بڕگەیەی بەڵگەنامەکە بەهەند دەگرێ کە دەڵێ "داوای مافی پەنابەری کراوە" ، چونکە ئەم دەستەواژەیە بۆ داوانامەی بارزانی بۆ سەفەرکردن بۆ ئەمریکا بەکاردەهێنێ، ئاخر هەر ئەم دەستەواژەیە دەبێتە مایەی بەدحاڵیبوونێک لە

[82] Abstract ئەبستراکت، دەرهەست، مجاز. دەرهەستاندن. Abstraction. پێچەوانەکەی «بەرهەست»ـە.



هەواڵنامەی کتێب

زانیارییەکان بێتە گۆڕێ، چونکە لەو بڕگەیەی ڕاپۆرتی ئەفسەری سی ئای ئەی ـدا، بەکردەوە داوای مافی پەنابەریی سیاسی دەکرێ، ئەمەش بە مەبەستی سیاسییەوە دەخرێتە نێو لیستی پشتگیریی دۆزی کورد. نووسەر هانی خوێنەران دەدا تا خۆیان بیروبۆچوونیان لەسەر ئەو مادە پێشکەشکراوە هەڵبهێنجن. هەرچەندە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەمریکا هەمیشە زۆر بایەخی بە ناسیونالیزمی کوردی داوە و کوردیش بەشێوەیەکی بەرچاو بابەتێکی ساڵانی جەنگی سارد بووە.

**وشە دەروازەییەکان**

مەلا مستەفا بارزانی، ڕۆژهەڵاتی ناوین، سیاسەتی وەڵاتە یەکگرتووەکان، هەواڵگریی، ڕاپەڕینی کورد

بەر لەو پەیوەندییە هەنووکەیانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کوردی عێراق ئاستێک لە پەیوەندی لەگەڵ وەڵاتە یەکگرتووەکانی دامەزراندبوو، ئەو پەیوەندییانەش زۆر بەباشی لەلایەن ڕای گشتی ڕۆژئاوایەوە ناسراوە. لەم دواییانەدا بەڵگەنامەی بەردەستخراو هەندێ تیشکیان خستەسەر سروشتی ئەو پەیوەندییە. لەم بەرڕەوتەدا ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک دەخاتەسەر دواساڵەکانی مەلا مستەفا بارزانی، ئەمەش بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە هەواڵگریانەی ئەمریکی نێوان ساڵەکانی ١٩٧٥ - ١٩٧٩. دەقاودەقتریش، لێرەدا من چەند بەڵگەنامەیەکی دەخەمەڕوو، کە لە لایەن سی ئای ئەی ـەوە ئامادەکراون، بەڵگەنامەکان لەبارەی سەفەرەکەی بارزانیەوەیە بۆ ئەمریکا تا چارەسەری پزیشکی وەربگرێ. خستنەڕووەکە زیاتر وێناکردنە لەوەی


هەواڵنامەی کتێب

بەڵگەوبەندی بێت، ئاخر مەبەست لێی ئەوەیە تا خوێنەر زانیاری سەبارەت بە ڕوانینی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بارزانی لە کۆتایی حەفتاکانەوە هەبێ.

دەکرێ بەڵگەنامەکان وەڵامی هەندێ پرسیاری دیاریکراو سەبارەت بە دانوسانی نێودەوڵەتی لەبارەی چارەنووسی مەلا مستەفاوە بدەنەوە. ئەمانەی خوارەوەش هەندێ لەو پرسانەن: ئەرێ وەڵاتە یەکگرتووەکان پشتگیریی دواڕاپەڕینی[83] کوردیان کرد، کە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانییەوە بوو؟ ئایا سروشتی ئەو پشتیوانییە چی بوو؟ لە دوای ڕێککەوتنی جەزائیری ١٩٧٥ داوای بارزانی لە وەڵاتە یەکگرتوەکان چی بوو؟ ئایا چی لەو پشت دانوستانە ژێربەژێرییەکان سەبارەت بە سەفەری مستەفا بارزانی بۆ ئەمریکا هەبوو؟ ئایا چ کۆتوبەندێک لەسەر مانەوەی بارزانی سەپێنرا لەوکاتەی بۆ چارەسەرەی پزیشکی لە ئەمریکا بوو؟

ژێدەری سەرەکی من بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە لەو بەڵگەنامە بەردەستانەی کە بۆ هەموو تۆژەرێک لە دووتوێی قانوونی بەردەستخستنی زانیارییەکان و چەندین یاداشت و گوتار کە لەلایەن ئەفسەرانی کاروباری دەرەوەی ئەمەریکاوە نووسراون بەردەستن. کاتێکیش ئەمانە لە حەفتاکان خرانەڕوو، زۆر لەو ڕاپۆرتانە هەر بە سیفەتی "نهێنی" مانەوە؛ هەرچۆنێک بێ زۆرینەیان لەساڵی ٢٠٠٦دا ئاشکراکران و سیفەتی "نهێنیبوونەکەیان" لەسەر هەڵگیرا.

بونیادی ئەم نووسینە بە شێوازێکە، کە خوێنەر دەرهاوێشەتەی خۆی لێهەڵبهێنجێ. لەگەڵ ئەوەشدا یەک بەرەنجام بۆ خوێنەر شتێکی حەتمییە، ئەویش ئەوەیە، وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیشە زۆر بایەخی بە ناسیونالیزمی کوردی داوە و کوردیش ببووە بابەتێکی پێشچاوی ساڵەکانی جەنگی سارد.

---

[83] لێرەدا نووسەر وشەی ڕاپەڕینی لە بری وشەی شۆڕش بەکارهێناوە. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

ئێمە دەزانیین، کە لە بەرایی حەفتاکاندا، مستەفا بارزانی بۆ شۆڕشەکەی لە دژی بەعسییەکان بەدوای پشتیوانی هێزی دەرەکییدا دەگەڕا. ئەرشیفی وەڵاتە یەکگرتووەکانیش تەژییە لە بەڵگەنامەی وردەکاریەکانی داوای بارزانی بۆ کۆمەکی پارە و چەک لە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. تەنانەت نامەی نووسراوی دەستی بارزانیش هەن کە ڕاستەوخۆ لە ١٩٦٣ بۆ سەرۆک کەنەدی[١] و لە ١٩٦٧یش بۆ سەرۆک جۆنسن نێردراون[٢].

هەروەها ئێمە ئەوەش دەزانین، کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ژێرەوە بە چەکی کلاشینکۆف و ڕەشاشی دەستکردی سۆڤیەتی و ...هتد یارمەتی بارزانی داوە. یاداشتێک کە لەلایەن هێنری کیسنجەرەوە بۆ سەرۆک نیکسن نووسراوە، وردەکاری سروشتی پشتگیری ئەمریکا[٣]، ئێرانی و ئیسرائیلییەکان بۆ جوڵانەوەکەی بارزانی بەیانکردووە و بەڵگەداریش کراوە[٤].

ئەم جۆرە کۆمەکە *ڕاپۆرتەکەی پایک*یش: ڕاپۆرتی بژاردەی کۆمیتەی هەواڵگیری ئەنجوومەنی نوێنەران لە ١٩٧٦دا پشتڕاستیکردووەتەوە.[٥] ئەم ڕاپۆرتە لە ١٩٧٦دا بۆ ڕۆژنامەگەری دزەی پێکرا و هەراوزەنای زۆی نایەوە. فیلیپ ئاگێی Phillip Agee لە پێشەکی ڕاپۆرتەکەدا ئەو بەشەی تایبەت بە کوردی بەم جۆرە پوخت دەکاتەوە:

> ***پشتگیری نیمچەسەربازیی سی ئای ئەی بۆ شۆڕشی کورد لە دژی حکوومەتی عێراق لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٢-١٩٧٥دا، کە ١٦ ملیۆن دۆلاری تێچوو، لەسەر داخوازی شای ئێران بوو، ئەوسا کێشەی سەرسنووری لەگەڵ عێراقدا هەبوو. کاتێکیش عێراقییەکان ملیاندا کێشەکە لەگەڵ ئێران چارەسەربکەن، ئیدی شا پشگیرییەکی لەسەر کورد بڕی. شۆڕشەکە هەرەسیهێنا، زیاتر لە ٢٠٠,٠٠٠ کورد ئاوارە بوون، ئەوە بوو نە ئێران و نە وەڵاتە یەکگرتووەکانیش کۆمەکێکی***



هەواڵنامەی کتێب

***شایستەیان پێشکەش بە ئاوارەکان کرد. وەک ئەوەی کە کەسانی پلەباڵا بەڵام شاهیدگەلێک کە ناسنامەی ئاشکرانەکرا بە کۆمیتەکەیان ڕاگەیاند، "خۆ نابێ کردەی ژێربەژێر لەگەڵ کاری مژدەدرانە (مسیۆنەری) تێکەڵاو بکرێ.***[٦]

هەر چۆنێک بێ، بەگوێرەی قسەی «داڤید کۆرن»ی بەڕێوبەری کاروباری لوبنان، ئوردن، سووریا و عێراق لە وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی دوور لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٢-١٩٧٥ دواتر بوو بە باڵوێز، ئەوا: "ئەمریکا ڕاستەوخۆ پارەی دایە گرووپەکەی بارزانی، هەرچەندە پارەکە زۆر کەمتربوو لەهی ئێرانییەکان؛ هەروەها پارەی ئەو چەکانەشیان دا کە لەڕێی ئێرانییەکانەوە گەیەنرانە دەستی کورد. هەرچی بۆ بارزانیش بوو، بەشداری ئەمریکا لە یارمەتییەکە وەک هێمایەک، زۆر گرنگتر بوو لە بڕی ئەوەی پێشکەشیانکرد."[٧]

کێشەکەش لە مۆرکردنی عێراق و ئێران لەسەر ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر لە ١٩٧٥دا سەریهەڵدا. ئاخر ئەم ڕێککەوتنە مەرجێکی بۆ شا دانابوو، کە دەستبەجێ سەرجەم پشتگیریی مادی و کۆمەکی دیکە لەسەر بارزانی و کوردی عێراق بگرێتەوە. لە بەرانبەریشدا، عێراق بە چەندین خاڵی هەموارکردنەوە بە نەخشەکێشانەوەی سنوور قایلبێ، بەتایبەتیش لە ناوچەی شەتولعەرەبدا. (داڤید کۆرن) وەک لە خوارەوە باسی دێ، وێنەی جموجۆڵی شا بۆ وەستاندنی پشتگیریی ئێران بۆ بارزانی دەکا.

ڕێکەوتنەکە "تەنانەت بۆ خودی وەزیرەکانی «شا»ش شتێکی کتوپڕ بوو، هەروەها بۆ «ڕیچارد هێلمز»ی باڵوێزی ئەمریکا لە ئێران، کە پێشتر بەڕێوبەری دەزگەی سی ئای ئەی بوو. «هێلمز» ئەوکات لە ٦ی مانگی ئازاردا لە فڕۆکەخانەی تاران بوو، ئەو کاتەی کاربەدەستە هەرەباڵاکانی ئێران هاتبوونەوە پێشوازی گەڕانەوەی شا لە جەزائیر. ئەو بۆی دەرکەوت کە



هەواڵنامەی کتێب

یاریدەرانی «شا»ش لە ڕێکەوتنەکە ئاگادارنەکرابوونەوە، ئیدی وەک بۆ ئەویش وابوو، شتەکە وەک مەتەڵێک بوو. «هێلمز» زۆری پێ سەیربوو، کە شا هەر لە فڕۆکەخانەکەوە، تەنانەت چاوەڕێشی نەکرد تا دەگاتەوە کۆشکەکەی و کۆبوونەوەیان پێبکا، هەمووانی لە پڕەوە بە ڕێنماییەکانی سەرسامکرد. فەرمانی دەرکرد، دەبێ دەستبەجێ هەموو پشتگیرییەکی سەربازی هاوکات لەگەڵ کۆمەکی دارایی و هی دیکە بۆ کورد ڕابگیرێ، هەروەها دوای کەمێک وەخران سنووری نێوان ئێران و عێراقیش دابخرێ.[٨]

ئەم جووڵەیە هەروەک شا بە «ریچارد هێلمز»ی ڕاگەیاندبوو واتای هەرەسهێنانی شۆڕشەکەی بارزانی لە دژی بەغدا دەگەیاند، هەروەها "فەرمانەکەی بڕینی کۆمەکی ئێرانیکان لەسەر کورد هەموو پشتگیریەکی ئەمریکاشی گرتەوە."[٩] مستەفا بارزانیش بە لێکەوتەکانی ڕێککەوتنەکەی جەزائیر بەڵەدبوو؛ دوای بەدواداگەڕانێکی دوورودرێژ، بە نابەدڵی زۆر لە کوردی عێراق بڕیاریدا کۆتایی بە شۆڕشەکە بهێنێ. بارزانی لە حوکمدانەکەدا دروست بوو، ئاخر پێشوەختە دەیزانی، کە بەردەوامبوون بەبێ یارمەتی نێودەوڵەتی کارێکی نەزۆکانە بوو خۆ ئەگەر کردەیەکی خۆکوژیش نەبێ.

بەو دەرهاوێشتەی شۆڕشەکەی کورد لە ١٩٧٥دا هەیبوو، مەلا مستەفا بارزانی بووە "میوان"ی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی، ئەو پیاوەی کە هەر خۆی ناپاکی لە بارزانی کرد. ئەوە بوو بارزانی بە خۆی و خانەوادەکەی بەرەو ماڵێک لە تاران باریکرد، ئەو ماڵەی لە لایەن پۆلیسی نهێنی ئێران، لەلایەن ساواکەوە چاودێری دەکرا. هەر لەو کاتەشدا بوو، تەندروستی بارزانی تێکچوو، ئازاری لە سەرووی لای ڕاستی سینگییەوە پەیدابوو. ئەوسا «ئیدریس»ی کوڕی بانگی «د. نەجمەدین کەریم»ی کرد. د. نەجمەدینیش پزیشکێکی گەنجی کوردی خەڵکی کەرکووک بوو. پزیشکەکە گومانی بۆ شێرپەنجەی سییەکان چوو. دوای



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی بەم شتەی زانی، بارزانی ئارەزووی خۆی بۆ چوونە ئەمریکا نیشاندا تا زیاتر تاقیکردنەوە بکا و چارەسەری نەخۆشییەکەی بکا. بە گوێرەی قسەی «کۆرن»؛ "نەخۆشیەیەکە بووە دەرەتانێک تا لەدەست دەستبەسەری ئێرانییەکان ڕزگاری ببێت و بگاتە ئەمریکا."[١٠] خۆ ئەگەر هۆکارێک بۆ چوونە ئەمریکای هەبووبێ، ئەوا چارەسەرکردنی پزیشکی بووە، هۆکارەکەی دیکەشی ئەوەبوو دەنگی بگاتە هینری کیسنجەر تا سەبارەت بە دۆزی کورد بەشێوەیەکی کەسەکی تکای لێبکا.

لەم بەردەقەدا، من دوو بەڵگەنامەی ماک پێشکەش دەکەم، کە پەیوەستن بە داوای بارزانی بۆ ڤیزا لەگەڵ ڕوانینی ئاژانەکەی سی ئای ئەی سەبارەت بە داوانامەکە.[١١]

**٢٤ی ئازاری ١٩٧٥**

**بابەت: داوانامەی بارزانی**

**١- من بەتوندی دژی ڕێپێدانی بارزانیی و داوای مافی پەنابەرییەکەیم لە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە کۆتاییدا دەکرێ سەرانی حکوومەتی عێراق قەناعەتیان بە حکوومەتی وەڵاتە یەکگرتووەکان هێنابێ کە پشتی کورد نەگرێ، کە لەسەر ئەوە عێراقییەکان ڕەخنەیان لە ئێمە گرتووە، هەرچەندە شتێکی نادادپەروەرانەش بوو وا لە شا بکرێ کۆتایی بەشەڕەکە بهێنێ. ئێستاش بەربەستە سەرەکییەکەی دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکان نەماوە. ئینجا ئەگەر ئێمە مافی پەنابەری بۆ ئەو دەستەبەر بکەین، ئەوا ئەم دەستکەوتەمان لەدەست دەردەچێ و پێدەچێ ئامادەبوونی سەرکردەکانی کورد لە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام ببێتە مایەی پەستی بۆ**



هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندیە دووقۆڵییەکان. بارزانی بە دنەدانی شا، گەلەکەی تووشی شەڕێکی بێهوا کرد و منیش هیچ هۆکارێک بۆ حکوومەتی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابینم ،کە دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکا، هەرچەندە ڕۆژنامەوانە ڕۆمانسییەکانی وەڵاتە یەکگرتووەکان ململانێکەی ئەو بەهەندهەڵدەگرن.

٢- من باوەڕناکەم حکوومەتی عێراق نیازی سزادانی گەلی کوردی هەبێ. سیاسەتی ساڵی ڕابردوو ئەوە بوو لە ڕێی پێبەخشینی داراییەوە بۆ خۆیان ڕابکیشێ. هەرچەندە سوپاش بۆ سەرکەوتنەکەی باجی زۆری دا و کەوتە بن باری ڕووداوگەلی تۆڵەکردنەوە لەوانەی بە پێشمەرگە ناسراون و لەگەڵ هەندێک لە کوردە بێ خەتایەکان... ڕێنمایی وەزارەت. هاندانی ژمارەیەکی زۆر لە هەواڵنێرانی دا لەڕێی بەغداوە سەردانی کوردستان بکەن. پێناچێ ڕێگە بە هیچ چاودێری دیکە لەوێ بدرێ.

٣- درێژکردنەوەی ئاگربەست بۆ پاراستنی ژیانی بێخەتایەکان شتێکی پێویستە ئەگەر هاتوو کورد لەسەر شەڕی خۆی بەردەوام بوو. دەکرێ حکوومەتی وەڵاتە یەکگرتووەکان بە پێداگیرییەوە داوا لە شا بکا ئاگربەستەکە درێژبکرێتەوە، بەڵام ڕاسپاردەی من دژی داواکردنێکی ڕاستەوخۆی وەهام کە حکوومەتی وەڵاتەیەکگرتووەکان ڕوو لە حکوومەتی عێراق بکا، چونکە ئەمە شتێکی هەڵەشە و نەزۆکە.

گومانی تێدا نییە پشتگیریی مرۆیی پێویستە. لە ڕابردوودا حکوومەتی عێراق ئەو خستنەڕووەی بۆ کۆمەکی مرۆی ڕەتکردووەتەوە و دژی ئەوانەش وەستایەوە، کە لە ڕێی ئێرانەوە کۆمەکی مرۆییان پێشکەشی ئاوارەکان کردووە، تەنانەت ئەگەر پەتۆ و بەتانیش بووبێ. بەگوێرەی ئەوەی من لەوبارەیەوە باش ئاشنام، حکوومەتی عێراق سەبارەت بەو


هەواڵنامەی کتێب

**پرسە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نزیک نەبووەتەوە. بۆ عێراق کێشەکە لە فەندکردن (پارەدان)دا نییە، بەڵکو لە گەیاندن و دابەشکردندایە. من وەهای دادەنێم، کە زۆر لە گوینە حکوومەتی عێراق لێنەگەڕێ هیچ کۆمەکێکی مرۆیی بێگانە بگەیەنرێ، نەخاسمە کۆمەکی تایبەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، حەزم لێیە وەزارەت بە ڕێکخراوی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە ڕابگەیەنێ، ئێمە ئامادەی بەشداری هەر بەرنامەیەکین، کە کار لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا بکا.**

**گراهام (GRAHAM)**

ڕون و ئاشکرایە، ئەم ڕاپۆرتەی «گراهام»ی ئاژان لەگەڵ بارزانی زۆر هاوسۆز نییە. هێشتاش ئەوەی لەم ڕاپۆرتەدا سەرنجی ڕاکێشاوم زمانە بەکارهێنراوەکەیەتی. تەنانەت لێکدەرەوەیەکی خێرای دەقیش لەوەدا شکست ناهێنی، کە ئاژانەکە وشەکانی "پەنابەر" و "مافی پەنابەری[84]" بەکارهێناوە. "ڕاسپاردەی توندی من دژی ڕێگەپێدانی بارزانی و پەنابەریێتی لە ئەمریکا. (...) ئەگەر هاتوو ئێمە مافی پەنابەریمان پێدا ئەوا دەستکەوتەکە لەدەستدەدەین(..)." تا ئێستاشی لەگەڵدابێ ئێمە نازانین ئاخۆ بارزانی داوای مافی "پەنابەری" لە وەڵاتە یەکگرتووەکان کردووە یان نا. ئێمە ئەوە دەزانین، کە بۆ چارەسەری پزیشکی ڤیزەی هاتنەنێو ئەمریکای دراوەتێ. تۆبڵێی مستەفا بارزانی داوا مای پەنابەریی کردبێ؟ یان ئاژانەکە بە هەڵە وشەی "مافی پەنابەری" بەکارهێناوە؟ ئێمە بە دڵنیاییەوە ئەوە نازانین و تاکە بەڵگەی لێدەرهێنراویش هەر دەبێ داوانامەی بارزانی بێ، ئەگەر هەبێ. «داڤید کرۆن»یش هەروەک بەردەقەکە

[84] مەبەستی نووسەر وشەی ئینگلیزی asylum ـە، کە لە کوردیدا دەکرێ ببێتە داڵدەدان، پەنادان، بەڵام لایەنە قانوونیەکەی مافی پەنابەریم پێ دروستتر بوو. وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

خۆی بە هانامانەوە نایەت. بەڵێ ئێمە ئەوە دەزانین، کە ئاژان (گراهام) بڕوای وەها بووە کە داوایەکی مافی پەنابەری لە ئارادا هەبووە.

بەڵگەنامەکەی دیکە لە ئاماژەکردن بەو مەرجگەلێک ڕێگە بە بارزانی دراوە سەردانیی ئەمریکا بکا، سەرنجڕاکێشە. لەو بەڵگەنامەیەدا ناوی وشەی "مافی پەنابەری" نەکراوە، بەڵکو ناوی وشەی "سەفەرکردن" بۆ ئەمریکا هێنراوە.


هەواڵنامەی کتێب

١٨ی تەمموزی ١٩٧٥

نهێنی، تاران ٦٩٤٣

بابەت: حکوومەتی ئێران سنوور بۆ چالاکیەکانی بارزانی دادەنێ لە ماوە گەشتەکەی بۆ وەڵاتە یەکگرتووەکان

١- لە ١٦ی تەموزدا باڵوێزخانە نامەیەکی واژۆنەکراوی پێگەیشتووە کە بۆ «نیومان Neumann»ی کونسول لە تەورێز نێردراوە (بڕوا دەکرێ نامەکە هی نووسینگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هی پەیوەندی بارزانی بێ لێرە لە ورمێ[85])، تێیدا هاتووە، کە حکوومەتی ئێران ڕێگەی بە بارزانی داوە سەفەری ئەمریکا بکا، بەڵام بە ئیدریسی کوڕی گوتووە کە مەرجیان هەن.

مەرجەکان: (١) هەموو کاتێک ئەفسەرێکی ساواک یاوەری بێ، (٢) ئەو دەبێ بەڵێن بدا پەیوەندی بە کوردانی وەڵاتە یەکگرتووەکانەوە نەکا، و (٣) ئەو نابێ هیچ کۆمێنت لەسەر هیچ پەیامنێری ڕۆژنامەکانی ئەوێ بدا، نامەی سکاڵا سەبارەت بەو مەرجانە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئێمە نییە خۆی تێهەڵبقورتێنین و بیگۆڕین. نامەکە ئەوەشی خستووەتەسەر، کە بارزانی بەرەو کەرەج (٢٥ میل لەڕۆژئاوای تاران) ڕۆیشتووە داوای لە «نیومان» کردووە بەڵکو ئیدریس بیەوێ تا پەیوەندیان بە کورد هەر بمێنێ، "دەنا هەندێ تراژیدیا دەقەومێ."

٢- نامەکە تێبینی ئەوەی تێدایە، کە نووسینگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تاران لەم هەفتەی دوایدا لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە

---

[85] بەڵگەنامەکە نووسیویەتی ڕەزاییە Rezaieh وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

**داخراوە، ئەمەش لەلایەن «فەرەیدون ئەحمەدی (شەفیق قەزاز)» کاربەدەستی نووسینگەکە پشتڕاست کراوەتەوە.**

**٣- باڵوێزخانە هیچ شتێکی دیکە بۆ پاڵپشتکردنی داوای بەڵگەنامەی سەفەرەکەی بارزانی بە گوێرەی ١٢١٦٥٦ ناکا، هەروەک دیارە حکوومەتی ئێران بەو زوانە بەڵگەنامەیەکی وەها دەردەکا. هەروەها ئێمە هیچ سەرنجێکی فەرمی لەسەر مەرجەکانی حکوومەتی ئێرانی سەبارەت بەسەفەرەکە نادەین مەگەر ئەوان دواتر لە ڕێی کەناڵی فەرمیەوە بینێرن.**

**٤- هەرچەندە «نیومان» ناوبەناو پەیوەندی بە خانەوادەی بارزانیەوە هەیە، بەڵام ئەو ئێستا چاوەڕێی ئەوە دەکا، بەڵگەنامەی سەفەرەکە بۆ ڤیزا وەرگرتن پێشکەشبکرێ. هەرچۆنێک بێ، ئەو[86] ئێستا بۆ چارەسەری پزیشکی لە تارانە و تا یەک دوو ڕۆژی دیکەش ناگەڕێتەوە.**

میلکۆس (MILKOS)

**نهێنی**

ئەم بەڵگەنامەیە دەریدەخا، لە حەفتاکاندا ئێران فاکتەری بڕیاردەربووە لە سیاسەتی ئەمریکا بە ئاراستەی کوردی عێراق. شا لە توانایدا بوو مەرج بۆ سەردانی بارزانی بۆ ئەمریکا دابنێ. هەر بەڕاستیش سەفەری سەرکردەی ئەفسانەیی کورد بۆ وەڵاتە یەکگرتووەکان داوایەک نەبووە لەلایەن ئێران و ئەمریکا پێشوازی لێبکرێ، هەرچەندە تەوژمی فشاری سیاسیی لەلای هەندێ لۆبیکاری بەهێزی ئەمریکییەوە کارێکی وەهای کرد، پێویست بکا داواکەی بارزانی پەسەند بکرێ. سەبارەت بەو پرسیارەی ئاخۆ وەڵاتە یەکگرتووەکانی

[86] دیارە لێرەدا مەبەست لە ئەو، بارزانییە. وەگێڕ



هەواڵنامەی کتێب

ئەمریکا بە خواستی خۆی میوانداری لە بارزانی کردووە، ئەوا «داڤید کۆرن» لە گوتارێکی خۆیدا ڕوونیکردۆتەوە:

نە شا و نە کیسنجەر نەیاندەویست بارزانی نمایشی خۆی لە ئەمریکا بکا و کارێکی وەها بکا ببێتە مایەی بێزارکردنیان و هێشتا چیرۆکی کۆمەکی ئەمریکا بۆ کوردی عێراق و لەپڕ دەستبەرادبوون لێیان هەر بە نهێنی بمێنێتەوە. کەچی ڕاستییەک هەبوو، مەلا مستەفا دۆستی بە هێزی وەک «هێنری جاکسن»ی سیناتۆر و «مینی» سەرۆکی نەقابەکانی کار و پیشەسازی لە کۆنگرێس هەبوو، ئەوانیش چەند دۆستێک بوون دەیانتوانی پەردە لەسەر چیرۆکەکەی هەڵبدەنەوە ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە ڕەتیان کردەوە چارەسەری پزیشکی لە وەڵاتە یەکگرتووەکان وەربگرێ. بە دوودڵی شا و کیسنجەر بڕیاریاندا سەلامەترتین ئاراستە ئەوەیە، ڕێگە بە بارزانی بدەن بۆ پشکنینی پزیشکی و چارەسەر سەفەربکا، بەڵام بە وریاییەوە جووڵە و پەیوەندییەکانی کۆتوبەند بکەن. سی ئای ئەی دەبوو هەموو کارەکان ڕێکبخا و پارەی خەرجییەکانیش بدا، ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە ئەفسەرانی سی ئای ئەی و ساواک هەمیشە هەر یاوەری بارزانی و ئەندامانەی حیزبەکەی بکەن. بەم شێوەیە و لە کۆتاییدا بارزانی ڕێگەی پێدرا بێتە وەڵاتە یەکگرتووەکان، ئەوە بوو لە دوای نیوەڕۆیەکی شێداری ئابی ١٩٧٥ گەیشت.

ئێمە دەزانین بارزانی لە مانگی ئاب تا تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ لە وەڵاتە یەکگرتووەکان مایەوە، لەو ماوەیەدا چاودێرییەکی چڕووپڕی لەسەر بوو. بە گوێرەی قسەی «کۆرن» بێ، سی ئای ئەی بارازنی ناچارکرد بگەڕێتەوە ئێران بەبێ ئەوەی کیسنجەریش ببینێ، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەو سیاسەتە شلەژاویەی دەرهەق کورد، کە گوترا؛ "کردەی ژێربەژێر نابێ لەگەڵ کاری مژدەدرانە (مسیۆنیرانە، تەبشیرییانە) تێکەڵبکرێ."[١٢] هەرچۆنێک بێ ئەم کارە بۆ


هەواڵنامەی کتێب

زۆر لە کوردان و هەندێک لە ئەمریکییەکان ناپاکییەکەی هەرەگەورەی ئەمریکا بوو لە دۆزی کورد کردی.[١٣]

گەڕانەوە بۆ ئێران، بارزانی دیسان بووەوە "میوانی" شا. لە ماوەی مانگەکانی بەدوایدا هاتن، سەرکردەکەی کورد زۆر هەوڵیدا بگەڕێتەوە ئەمریکا. بەگوێرەی قسەی «داڤید کرۆن» بێ، نە وەڵاتە یەکگرتووەکان و نە ئێرانیش حەزیان لێنەبوو ڕێگە بدەن بارزانی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئەمریکا؛ هەر بۆیە «محەمەد دۆسکی» کە کوردێکی خەڵکی عێراق بوو. لە واشنتن دەژیا، یاریدەدرێکی بارزانیش بوو، "خرایە گەڕ."[١٤] کارو چالاکی لۆبیکردنەکەی «دۆسکی» لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا بەریگرت و ئەوە بوو مستەفا بارزانی ئەمجارەیان بۆ دواجار لە فڕۆکەخانەی «جۆن ئێف کەنەدی» دابەزی. لەماوەی چارەسەری نەخۆشییەکەی، جارێکی دیکە فشاری سی ئای ئەی و ساواکی کەوتەوە سەر بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ئێران، بەڵام ئەمجارەیان بارزانی ڕەتیکردەوە بگەڕێتەوە ئێران. لە کاردانەوەی ڕەتکردنەوەکەشدا، سی ئای ئەی پارەوپوولی (فەندەکەی) لەسەر بڕی.[١٥] ئەوەش هەر پێویست بە باسکردن ناکا، لەو کاتەی بارزانی لە ئەمریکا بوو لێدوانی سیاسی لێ قەدەغەکرابوو، هەوڵەکانی لۆبیکردنەکەی لە ڕێی هەندێ بیچمی سیاسی دەستڕۆیشتووش لە واشنتن بەفەرمی سەرکەوتووبوون. هەر بۆ نموونە ژمارەی هەزار کەسێک لە کوردەکانی عێراق ڕێگەیان پێدرا و لە وەڵاتە یەکگرتووەکان وەک پەنابەر وەرگیران. لەوە زیاتر شتی دیکەی بەدوادا نەهات. بەدڵنیاییەوە هەستی بارزانی ڕەوابوو بەوەی بە قوڵی هەست بەوە بکا، کە نەوەک هەر لەلایەن ئێران بەڵکو لەلایەن وەڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە ناپاکی لێکراوە. دیاربوو تا لە ژیاندا بوو. لەوە پەست بوو، کە متمانەی بەو زلهێزە کردبوو. بارزانی لە یەکی ئازاری ١٩٧٩ لە مەڵبەندی چارەسەری زانکۆی جۆرج واشنتن کۆچی دواییکرد.[١٦]


هەواڵنامەی کتێب

تەرمەکەشیان هێنایەوە ئێران و لە ١٩٩٤یشدا ڕوفاتەکەیان گەیاندەوە زێدەکەی، لە بارزان لە عێراق بە خاک سپێردرا.

ئەوەی مایەی تەوسە ئەوەیە، «محەمەد رەزا شا پەهلەوی»ش، کە خۆی بڕیاردەر بوو لەسەر چارەنووسی بارزانی، بە ماوەیەکی کەم بەر لە مەرگی سەرکردەکەی کورد تەخت و تاجەکەی لەدەستدا. سەیر لەوەدا بوو شا بەدەر لە ماوەیەکی کەمی چارەسەری پزیشکی نەیتوانی لە ئەمریکا وەک پەنابەر بمێنێتەوە. لە کۆتا لێکدانەوەی چارەنووسی پەهلەویدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هی مەلا مستەفا بارزانیدا نەبوو.


هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە: The Copernicus Journal of Political Studies 2013, No. 2 (4) ISSN 2299-4335

پەراوێز و سەرچاوەکانی نووسەر:

1Department of State, Central Files, PoL 13–3 irAQ.

2 national Archives and records Administration, rG 59, Central Files 1967–69, PoL 23–9 irAQ.

3 national Archives, nixon Presidential Materials, nSC Files, Box 138, Kissinger office Files, Kissinger Country Files, Middle East, Kurdish Problem vol. i, June '72–october '73. Secret; Sensitive; Exclusively Eyes only.

4 national Archives, nixon Presidential Materials, nSC Files, Box 601, Country Files, Middle East, iran and iraq, TDCS DC-315/01044-70. This document is an intelligence information cable with the subject line "israeli Aid to Kurdish rebels".

5 Prepared for publication by Gregory Andrade Diamond, new york 1992.

6 it is believed that this high-ranking officer was Henry Kissinger, ibidem, p. xiii.

7 D.A. Korn, The Last Years of Mustafa Barzani, "Middle East Quarterly" 1994, June, as published on www.meforum.org/220/the-last-years-of-mustafa-barzani.

8 ibidem.

9 ibidem. Korn's description of events throughout his article is quite vivid and detail oriented. Clearly, he writes with authority as the iraq Affairs Director of the United States.

10 ibidem.

11 i found these documents on the www.foia.cia.gov in 2006. Last time i checked i could not find them there. regardless, i already made the copies of the digital copies and added to this paper as appendixes.

12 D.A. Korn, op.cit. Also The Unexpurgated Pike Report, p. xiii.



هەواڵنامەی کتێب

13 Surely the second betrayal came after the Frist Gulf War in 1991.

14 D.A. Korn, op.cit.

15 ibidem. David Korn describes this period very vividly as he probably was privy to the information, as a high level State Department employee and the Director of iraq Affairs, on Barzani's stay in the US. Therefore, i confidently rely on this information. Unless otherwise indicated, my source for this period is David Korn's above mentioned article.

16 Korn claims the date for Barzani's death to be March 3, 1979.



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی چوارەم، دوو ڕاگواستە لە کتێبی «گەشتی ژیانم»ی مامۆستا مەسعوود محەمەد

## ڕاگواستەی یەکەم[87]

... سێ مانگێک بوو ئاشتینامەی شوباتی ١٩٦٤ ئیمزا کرابوو، لە سەفەرێکی بەغدامدا کاتێک بە کتێبخانانددا دەگەڕام بۆ پەیداکردنی نوسخەیەکی کتێبی «هەڵستان و کەوتنی ڕایخی سێیەم» هەتا بیکەمە دیاری بۆ «سەلیم فەخری» کە ئەوسا لە قەڵادزە و ڕانیە بەسەری دەبرد، لە یەکێک لەو کتێبخانانەدا کابرایەکی شکڵ بێگانە، بە نامەی تەماشاکردنی کتێبان هاتە تەنیشتمەوە، بێ ئەوەی ڕووم تێبکات، بە ئینگلیزییەکی شکستە دەنگی هەڵبڕی بایی ئەوەی هەر من بیبیسم گوتی، لایەنێک هەیە دەیەوێ لە بابەت مەسەلەی کوردەوە بتدوێنێ، ئەگەر ئامادەبیت بە دواتدا دەنێرێت... گوتم ئامادەم.

بە شەو منیان بردە شوێنێک و ماڵێک کە نەمدەزانی کۆییە. بابایەک بە ئینگلیزییەکی ڕەسەن قسەی دەکرد، گوتی من نوێنەری هێزێکی زلم و ئاگاداری پەناوپەسێوی سیاسەت هەم. حکوومەتی عەبدولسەلام هیچ مافێک بۆ کورد ناسەلمێنێ، ئەگەر ئەو بڕوات حکوومەتێک دێت لەگەڵ کورد ڕێک دەکەوێت، ئێوەش دەتوانن لە ڕێی شەڕەوە بێهێزی بکەن. هەرچی یارمەتییەکی بتانەوێ لە چەک و پارە و بژێو بێحیساب بۆتان دێت.

بۆ من پێشنیازەکە هێند کوتوپڕ بوو، ئەرکی زۆر و تەمای گەورەشی تێدا بوو، هەڵوەستێکی پێ کردم هەتا ئەم پرسیارە خۆی ڕەپێش کرد، لێم پرسی، ئێوە وەیا ئەو هێزەی تۆ وەکیلیانی چ سوود دەبینن لەو مەسرەفە قورسەی بە ملەوە دەگرن؟ گوتم پێشنیازەکە بۆ ئێوە does not seem like business واتە «لە مامڵەتی سوودبەخش ناچێت». گوتی، بۆ ئێمە دامەزرانی کورد، ئاسایش و هێمنی پێوەیە سوودی لێ دەبینین. وەڵامەکەی متمانەبەخش بوو، ڕەنگە زووتر

---

[87] سەرچاوە: کتێبی «گەشتی ژیانم» لاپەڕە 606. www,mamosta.net



هەواڵنامەی کتێب

خەیاڵی لێ کردبێتەوە. گوتم دەمەوێ بزانم، بە وردی یارمەتییەکە چەندە؟! گوتی بێسنوورە.

من کابرایەکی حوقەباز و دنیادۆست نیم مەبەستم خۆ تەسەل کردن بێت و بەس چونکە ئەگەر ئەمەم مەبەست بوایە هەلی باشم بۆ ڕێککەوتبوو بەر لە شۆڕشی تەمموز و لە دەورانی عەبدولکەریم-یشدا خورجینەم پڕ بکەن. لەم حاڵەتەدا جگە لەوەی کە من هاندەری سوودی شەخسی پاڵی پێوە نەدەنام، چارەنووسی ئەو ڕەشوڕووتەی لە هاتنەوەی شەڕدا ماڵکاول دەبن، ئا ئەویش لغاوێکی قورس بوو دەخرایە زاری هەر تەمایەکی بیژۆکی کە وەکوو وەسوەسەی شەیتان لە گوێی حەز و مجێزی نەفسی خوازۆکی بچرپاندبایە.

پێی ناوێ بیلزووم بەرگی دەروێشایەتی لەبەر ئەوسای خۆم بکەم و بڵێم دڵم لێی نەدا بۆ گەشەگەشەی تێکەڵ بوون بە کاروباری گرنگەوە کە دەوڵەتانی تێدا لایەن بن، چونکە ڕاست نییە، بەڵام بێ دوودڵی و بێ گومان لەخۆ کردن و بێ خۆگنخاندن، ئامادە بووم خەزێنەی قاروون ڕەت بکەمەوە بەرانبەر بەشداری کردن لە نانەوەی هەرایەک سوودی میللەتی تێدا مسۆگەر نەبێ. من چ باوەڕم نەبوو بە عەبدولسەلام کە لە پیاوچاکیی خۆیەوە و لە عیشقی چاوی کاڵی کوردەوە دەستی بۆ ئاشتی درێژ کرد وەیا بە تەمایە دان بنێ بە کورد و مافی کورد بەڵام دڵم نەیدەهێنا من یارمەتیی گەڕانەوەی شەڕ بدەم بێ ئەوەی توانیبێتم کوتەکی لەسەر خۆکردنەوە بخەمە ناو دەستی کوردەوە وەیا چ ئومێدم هەبێت بە پاداشتێک کورد پێی بگات لە بری ئەو کارەساتەی بەسەری دێت.

بەڵێ، دەزانم و دەشم زانی بە خۆگێڕانەوەم لە یاریدەدانی گەڕانەوەی شەڕ دنیا بۆ کورد تەباوڕەبا نابێ و ئەو لایەنەی یەخەی منی گرت واز لە نیازی خۆی ناهێنێ و هەموو کابرایەکیش وەکوو من نییە چارەنووسی میللەتی بێ پەنا و دەرەتان پێش هەموو حیسابێک بیەخێتەوە، بەڵام خۆ دەمتوانی من نەبمە پۆستەچی ئاگربازی و پەندیاری کوشتار و سووتار. هەر بۆیەش بوو بە بەڵێنی بێسنوور کەوا ڕەنگە دەریایەک بێت و ڕەنگیشە کاسەیەک پڕ نەکات دڵم تێراو نەدەبوو. لەو دەمەدا کە مێشک و دڵم لە ئاست ئەو بەڵێنە بێسنوورەی کابرا


هەواڵنامەی کتێب

تێکیان دەهاویشت تەنها یەک ڕێگەی قسانم هاتە بەر هەست کە پێیدا بڕۆم و زەرەری لێ چاوەڕوان نەکرێت، گوتم، چەند کاتت پێویستە بۆ ئەوەی پرس بەو لایەنە بکەیت کە خۆت نوێنەری ئەویت لە بارەی ڕاستینەی یارمەتییەکی بە کوردی دەدەن، من هەتا وەڵامت بۆ دێتەوە لە ئاست ئەو پرسیارەدا بەغدا بەجێ ناهێڵم. کە ئەمەم دەربڕی کابرا بێوەخران، یەکسەر گوتی ignore every thing واتە، چی گوتوومە لە بیر خۆتی ببەرەوە.

ئاوێک بە ئاگردا کرا و کوژایەوە. یەک وشەی دیکەی لە زار دەرنەچوو بە لای شەڕ و ئاشتی و کورد و حکوومەتدا بچێتەوە. لەوەش بەولاوە ببڕای ببڕای جارێکی دیکە کەس لە بەرەی ئەو هێزە زلەوە سەری لێ خوار نەکردمەوە. دوای پشوویەکی کورت دانیشتنمان کۆتایی هات بە دەست گوشینێکی ساردوسڕ.

لەم تەجرەبەمەوە دوو شتی بنەڕەتیم لێ ڕوون بۆوە، یەکیان ئەوەیە لایەنی وەها بەهێز لە باری وەهادا بەڵێنێک نادات بۆ هەڵخەڵەتاندنی کاتەکی، چی بیڵێ بەتەمایە تێیدا ڕاستگۆ بێ، دەنا کابرا دەیتوانی دوای چەند ڕۆژێک لیستەیەکی ساختەم بداتێ کە جێی ڕەزامەندی گومانکارێکی وەکوو من بێت و پێشەکیش یەک دوو لوقمەی چەور بهاوێتە سەرخوانەوە هەر کاتێکیش تێوە گلاینەوە و دەستمان لە پنچکان بڕا، ئەو دانەش بخاتە نێوان بەرداشی شەڕەوە کە خۆی بە چاکی دەزانێت بۆ سوودی خۆی. دووەمیان ئەوەیە، کە لە بەرنامەی لایەنی بەهێزی ئەوتۆدا نییە خۆی بردەباری بەڵێنێک بکات لە ئاست بێدەسەڵاتی وەکوو کورد کە بە عادەت لە ئاست دەوڵەتێکدا دەیکات، ڕەنگە دەوڵەتی بێدەسەڵاتیش لە تەرازووی ئەودا فەرقی هەبێت لەگەڵ هی مەیلەو بە دەسەڵات.

لەمەوە دەتوانم، بڵێم چ کوردێک لە باری وەک ئەو بارەی منی تێدا بووم هێندەی ڕوەت و گرنگی بە خۆیەوە نەدیتووە توانیبێتی بەرانبەرەکەی ناچار بکات نوختە لەسەر پیت دابنێت. هەر ڕێکەوتنێکی ئەوتۆیی لەگەڵ دەسەڵاتداریی بێگانەدا بووبێت لە شێوەی سەلماندن و مل نانی بێ پەیمان و پرسینەوە بووە. ئەم دیدەنییە بێئەنجام و تام ناخۆشە ناچارم دەکات باز بهاوێژم بە قەڵەمم بۆ


هەواڵنامەی کتێب

ساڵی ١٩٦٥ کە بە باوەڕی من لەو ساڵەدا شتێک ڕووی دا بەرهەمی هەوڵی ئەو هێزە بوو کە بێسوود و ئەنجام بوو لەگەڵ مندا.

لە دەمی ئاشتیدا بووین، جارێکیان لە نزیک دەربەندی بازیان قافڵەی جەیش لێی درا بێ ئەوەی هۆیەکی بەرچاو هەبێت. من چوومە سەفەرێکی لای ڕانیە. لە دانیشتنێکی دوو قۆڵی، مەلا مستەفا گوتی، کە چوویتەوە بەغدا سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام دەبینیت لە زاری منەوە پێی بڵێ فلان سەلامی هەیە و دەڵێ ئەوانەی لە قافڵەی جەیشیان دا خائینی میللەتی کوردن... ئەگەر بمزانیبایە سوودی دەبێت هەمووم دەگرتن و دەمناردن بۆی هەتا لە «باب الشرقي» بە سێدارەیانەوە بکات. بەڵام نە ئەوان بەڵکوو خۆیشم بە پەتەوە بکرێم فەرقێک ناکات چونکە لایەنی لەوە گەورەتر ئەمری بەسەرەوەیە کە دەبێ شەڕ لەگەڵ کوردان دەست پێ بکاتەوە ئنجا هەر ئەوە لە بۆ من دەمێنێتەوە کە بگوترێ پێشمەرگەی کوردی بە کوشتن دا. ئەم هەرایەش کە بەرپا دەبێتەوە لە ئاکامدا خۆی، واتە عەبدولسەلام، تێدەچێت.

کە گەڕامەوە بۆ بەغدا دەبوو هەر بچم بۆ قەسری جمهوری چونکە لەو سەفەرەمدا وەزارەت هەڵوەشابۆوە و پێک هاتبۆوە منی تێدا مابوومەوە، دەبوو بچم سوێند بخۆم لای سەرۆک کۆمار کە ئەوسا ناساغ کەوتبوو لە چەند ڕۆژێکیشدا، وەک لە بیرمە، ئاڵووی دەرهێنا، کە چوومە لای لە نوێندا بوو. دوای سوێند پێم گوت ڕاسپاردەی قسەم هەیە دەبێ پێی بگەیەنم، چەندێکی لە توانامدا بوو دڕی و تیژایی قسەکانم لە مەخمەل و ئاوریشمی تەعبیری نەرم و نۆڵدا سەرپۆش کرد بێ ئەوەی هیچ شتێک لە مەبەستەکە بشارمەوە. چەند ترووکە و چرکەیەک، ڕوو لە سەقف، ڕاما ئنجا گوتی، «دمايات العالم برقبة هذا الظالم».

تۆ سەیری! وەڵامی سەرۆک کۆمارێک لە بەرانبەر قسەی وەها ترسناک و ئاکام بەخش ئەو دوو وشە ساردوسڕە بێت کە بەعادەت خەڵق بە دەوری یاری دامە و تاوڵەیەوە دەڵێ. ئەو بەشەی قسەکان کە گەڕانەوەی شەڕی دەگەیاند بە تەواوی هاتە جێ. تێچوونی عەبدولسەلامیش هەر گەیشتە جێ ئەگەر چی دەشێ کاری ڕێککەوت بێت.



هەواڵنامەی کتێب

## ڕاگواستەی دوەم[88]

... لە بەرەو کۆتایی بەهار ئێوارەیەک لە خەوی عەسرانە هەڵستام دیتم کۆمەڵەی شێخ حسێنی حاجی سەید و مەحموودی حاجی ڕەسووڵاغای پژدەر وا بە دەوری عەقیدێک (یاخود موقەدمێک) ەوە لە تارمەکە دانیشتوون. منیش چوومە لایان، زانیم عەقیدەکە مرافقی نووری پاشایە. لە قساندا دەرکەوت کە من بە گفتوگۆ لەگەڵ نووری پاشادا شناسیم نەبووە. گوترا بۆچی سەردانێکی نەکەم؟ گوتم کێ دەڵێ وەرم دەگرێت؟ عەقیدەکە (لە جەنابییەکان بوو) گوتی «فخامة الپاشا یرحب بک». گوتم ڕاستییەکەی حەز دەکەم بچمە لای، کێ بێ حەز بەوە نەکات؟

سبەینێ دوای نان خواردن عەقیدەکە بە تەلەفۆن پێی گوتم هەر ئێستا نووری پاشا چاوەنۆڕێت دەکات... کە چووم گەیشتمە لای نووری پاشا. زۆری بەخێر هێنام... دەوری سەعاتێک و پەنجاوپێنج دەقیقە قسەمان کرد... بەشێکی هەرە گرنگی وتووێژەکە هی ئەوە نییە لە بارودۆخی ئێستاکەدا باسی بکرێت[89].

---

[88] سەرچاوە: کتێبی «گەشتی ژیانم» لاپەڕە 422.

[89] لە دەمی نووسینی «گەشتی ژیانم» و بڵاو کردنەوەی دەرفەت نەبوو هەموو قسەکانی نووری پاشا دەور و تەسلیم بکەمەوە بۆ خوێنەر. لێرەدا جێی خۆیەتی بۆیان بچمەوە و لە پەڕێکی کتێبی مێژووی چەسپ بکەم. هەڵبەت چی دەینووسم کاکڵی قسەکانە چونکە وتووێژمان لەو بابەتانەی هی بڵاوکردنەوە نەبوون بەلای کەمەوە سەعات و نیوێکی خایاند.

نووری پاشا دوای بەخێرهێنان و چایە و قاوە، کەوتە قسانەوە، لە وەزعی نیابەت و دووانەکانی نائیبە موعاریزەکانەوە بۆ بابەتی کە مەبەستی بوو ڕۆیی. کورتە و پاڵاوتەی قسەکەی ئەمە بوو کە گوتی: ئەم عێراقە کە پێک هات مەلیک فەیسەلی یەکەم زۆری پێوە خەریک بوو، ڕەنگە منیش دەستێکم هەبووبێت لە پێک هاتنی و هی دیکەش هەوڵیان دابێت بەڵام ئەوەی هۆی بنجیی دروستبوونی



هەواڵنامەی کتێب

عێراق بوو بەرژەوەند و خواز و دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بوو. بێ ئەوان و دژی ئارەزۆی ئەوان مومکین نەبوو عێراق بەسەر پێیانەوە ڕاوەستێت. سیاسەتێکی کە بۆ عێراق ڕەنگڕێژ کرا تا ڕادەیەک لەنگەری بەرژەوەندی تیرە و تایەفە و ڕەگەزەکانی گەلی عێراقی ڕاگرتووە. وابزانم ئەو سیاسەت و لەنگەر ڕاگرتنە بە نیسبەت کوردی عێراقەوە لەبارتر و سوودبەخشترە لەوەی کوردی ئێران وەیا تورکیا تێیدا دەژین. بەلای منەوە پاراستنی یەکیەتیی خاکی عیراق لە بەرژەوندی کورددایە. بەو پێیە و بەو تێڕوانینە ئارامی و خۆڕاگریی عێراق شتێکە لەگەڵ چاکەی کورددایە. ئنجا تۆ بەتایبەتی لە نێوان نائیبەکانی مەجلیس کە «جاي بذراعک - بە هەوڵی بازووی خۆت هاتوویت» و کەس ڕێی نییە ڕێنموونیت بکات و لە ئازادیی تەعبیرت مافی ئیعتیرازی هەبێت، هەتا قسەت لە بارەی سیاسەت ناوخۆیی عێراقەوە بێت هەرچی بیڵێیت و بەهەر ڕاوێژێک بدوێیت زەرەری بۆ کورد و بۆ عێراقیش نییە و مافێکی ڕەوای خۆتە. کە بێینە سەر باری دووان لە بارەی سیاسەتی دەرەوە کەوا دیسان دەڵێم کەس ناتوانێ ڕێت لێ بگرێ چونکە «جاي بذراعک» بەڵام تێبینییەک دێتە پێش لە نوختەنیگای چاکەی کورد خۆیەوە: چەندێکی بدوێیت و بە هەر ڕاوێژێکەوە بێت زەرەری نییە بە مەرجێک نەگاتە پلەیەک کە دەسەڵاتەکانی ڕۆژاوا لێتان بێئومێد بن کە دابینبوونتان لە چارچێوەی عیراق مومکینە، چونکە دوور مەبینە بتاندەنەوە بە تورکیا. مەسەلەی ولایەتی مووسڵ تا ئێستاکەش «قضية ساخنة» و تورک چاوی لێیەتی و لێی بێدەنگ نییە. عەرەبەکان پێتان دەڵێن «مانعيش بلياكم - بێ ئێوە ناژین» ڕاست ناکەن «عندهم من المحيط الى الخليج... عندهم تمر البصرة ونفط الزبير» - بە پێکەنینەوە ئەم ڕستەیەی دەربڕی.

ئەمە پاڵاوتەی قسەکانیەتی، ناوناوەش دووپاتی دەکردەوە کە مەبەستی بەیانی بەرژەوەندە بەپێی باوەڕی خۆی و لەلایەن مەسڵەحەتی کورد و عێراقەوە ئەگینا کەس ڕێی نییە قسە لە قسەتدا بکات.

لە وەرامدا، دوای سپاس بۆ ئەو سەڕاحەتە و بەهەند هەڵگرتنی نیابەتەکەی من لەلایەن ئەوەوە گوتم: فخامة الپاشا، پێم باوەڕ بفەرموو ئەگەر وەک قوتابییەکی



هەواڵنامەی کتێب

زیرەکیشم حیساب بکەیت و ئەو ڕاستییانەم لەبەر چاوە. هەر لەبەر گرنگیی ئەو تێبینییانەی فەرمووتن و بە مەبەستی ڕاکێشانی نیگای حکوومەت بۆ لای حاڵوباری کورد من بە ڕاوێژێکی تیژ و بڕندە لە مەجلیس دەدوێم بەڵکوو حکوومەت گوێ بداتە بەرژەوەند و شعووری برینداری کورد (ڕەنگە تەعبیرەکەم بەو وشانە نەبووبێت بەڵام بەو مەعنایە بوو) فەخامەتت باش دەزانێت پەند و نەسیحەتی ساردوسڕ تیماری دەرد ناکات، خاوەن بیروڕای ئەوتۆیی لە ناو کورددا هەن بەڵام ناتوانن دیفاع لەو بیروباوەڕە بکەن ئەگەر حکوومەت گوێ نەداتە دەرد و ئازاری خەڵقەکە. پێشم سەیرە حکوومەت هێندە بێپەروا بێت لە ئاست میللەتێکی برینداری وەک کورد کە وڵاتەکەی شاخاوییە و دوراسێیە لەگەڵ هەڵگرانی بیروباوەڕی ڕادیکاڵ و باشترین هەل بەدەستەوە دەدەن بۆ کەسانێک کە مەسڵەحەت لە پەرگیریدا دەبینن و نەرمونیانی بە خیانەت دادەنێن. کلیلی قفڵەکە لە دەست حکوومەتدایە.

ئەمانە کورتە و پاڵاوتەی وتووێژێکی سەعات و نیوی بوون. نووری پاشا دەیزانی من نوێنەری پارتیم لەو ڕوانگەوە کە پارتی هەڵگری دروشمەکانی کوردایەتی بوو (دەرکەوت) منی بە نوێنەری کورد حیساب دەکرد، وەک سەرەک وەزیرانێکی مێوانی عێراق بووبێت وەهای بەخێرهێنام، تەنانەت پاش سەعاتێک لە وتووێژمان مرافقەکەی هاتە ژوورەکە و گوتی فڵانە سەفیر لە مەوعیددا هاتووە چاوەنۆڕی دیدەنی فەخامەتتانە. من هەڵستام بۆ دوعاخوازی، داینیشاندمەوە، دەوری چل دەقیقەیەک چاوەڕوانی بە سەفیرەکە کرد تا لەگەڵ من قسە بە کۆتایی گەییشت.

لە بارەی مەسەلەی ڕێی کۆیێ و ڕانیەوە گوتم: فخامة الپاشا لە فایەلەکانی «مدیریەتی حەرەکات - مدیریة الحرکات»-ی وەزارەتی دیفاع تەقریرێک هەیە لەبارەی ئەو ڕێگەیەوە دەڵێ کردنەوەی ڕێگەی کۆیە و ڕانیە خەتەر پەیدا دەکا بۆ نەوتی کەرکووک. گوتی تۆ بڵێی شتی ئەوتۆیی هەبێت؟ گوتم بپرسە!! ئنجا گوتم پاشا چەند مخابنە بۆ ستراتیجێتی سپای عێراق کە نەزانێ ئەگەر ڕووس هجوومی هێنا باسکێکی «کماشة» کەی دەڕوات بۆ کەنداوی ئەسکەنەدەروونە



هەواڵنامەی کتێب

دوای ئەو بەشە کە پتر لە سەعاتێک و نیوی خایاند هاتینە سەر شتی عادەتی کە مامڵەتی ڕۆژانەی سیاسەتە. بە زەردەیەکەوە گوتی، بابزانم چیت خواییشتە «گل لي هسه شتريد؟» - ئەو یێەی «تريد» ەکەی درێژ کردەوە، مەبەستی تەگەرە نەهێشتن بوو. با بە خوێنەر بڵێم من لەو دیدەنییەدا هەرگیز پاڵەوانپفیم نەکرد، نەچوومە چاوییەوە، بەوپەڕی ئارامی و ڕێز لێنانەوە دەمدواند تەنانەت لە ئاست «شتريد» دا گوتم «فخامة الپاشا» لەلایەن باری شەخسییەوە هیچ تەکلیفم نییە چونکە ئابووریم تێروتەسەلە، ئەگەر پێویستم هەبایە دەمگوت... سێ تەکلیفم لێ کرد. لە پێشەوە داوام لێ کرد ڕێگەی نێوان کۆیە و ڕانیەمان بۆ بکرێتەوە. بێوەخران تەلەفۆنی هەڵگرت لەگەڵ نەدیم پاچەچی وەزیری «اعمار» قسەی کرد گوتی فلانە کەسم لایە دێتە لات بۆ مەسەلەی ڕێی ڕانیە، هەر لەمڕۆکەوە دەست بکەنە کردنەوەی... خواییشتی دوەمم هی تووتن بوو... تەلەفۆنی هەڵگرت لەگەڵ «ضياء جعفر» قسە بکات کە وەزیری «مواصلات» و وەکیل وەزیری «اقتصاد» یش بوو، تووتن ئەوسا سەربە «اقتصاد» بوو. د. ضیاء لە مواصلات دەرچوو بوو. لەگەڵ تەلەفۆنی وەزارەتی (اقتصاد) قسەی کرد، دەرکەوت جارێ نەگەیشتۆتە جێ. پێی گوتم هەتا تۆ لەگەڵ نەدیم قسەت تەواو دەکەیت من «ضياء»م دیتوە و هەموو شتێکم تێگەیاندووە. مەبەستی سێیەمم چارەسەرکردنی مەسەلەی عەشرەتەکە و گرتووەکان بوو کە بەر

---

و باسکێکیشی بۆ کەنداوی عەرەب (یان فارس) ئەو چل کیلۆمەترەی نێوان کۆیە و ڕانیە، کە دوو بەشی بێ هەموار کردن گەڕۆکی تێڕا دەڕوات، نابێتە لەمپەڕێکی نیو سەعاتیش بۆ سپای سەردەمی «نەوەوی». لەمەش بترازێین: ڕێی حاجی ئۆمەران و ڕێی قەڵادزە و سلێمانی و ڕێی کرماشان - بەغدا، هەمووی دژی ئەو بینینەیە کە بۆتە مانیعی کردنەوەی ڕێی کۆیێ و ڕانیە کە بە ئەسڵ ڕانیە و قەڵادزەش دوای چۆڵبوونییان لە نوێ کۆیی ئاوەدانیان کردەوە و لە قەدیمەوە ئەو دوو هەرێمە لەگەڵ کۆیێ «وحدة» یەکی ئابووریان پێک دەهێنا و ڕێگایەکی ترانزێتی کۆن لە کۆیەوە بەرەو دیوی سەردەشتی کوردستانی ئێران بە ڕانیە و قەڵادزەدا تێپەڕ دەبوو...



هەواڵنامەی کتێب

لەچەند ڕۆژێک لە مەجلیس داوام کردبوو. گوتی من سبەینێ سەفەر دەکەم بۆ ئەورووپا حەز دەکەی بە ماجد، مەبەستی ماجد مستەفا وەزیری (شؤون اجتماعية) بوو، دەڵێم لەگەڵت خەریک بێت بۆ خێرایی کردن لەو مەسەلەیە، گوتم پاشا ماجد بەگ دۆستمە بەڵام بەینی لەگەڵ عەشرەتەکە ساز نییە. گوتی بە جەمیل دەڵێم لەگەڵت خەریک بێت، مەبەستی جەمیل مەدفەعی سەرەک وەزیران بوو، گوتم پاشا ڕاستییەکەی لە خۆت بەولاوە کێشەکە بە کەس چار ناکرێ. دەستی ڕاستەی هەڵگرت خستییە سەر شانی چەپەی و گوتی ئەم مەسەلەیە لەسەر منی حیساب بکە... ئیتر بەڵین لەوە گەورەتر نابێت. بەوەدا دەیدەنییەکە کۆتایی هات. پێی ناوێ بڵێم چوومە لای نەدیم پاچەچی چۆنی بەخێر هێناوم... بەرەو وەزارەتی اقتصادەوە چووم، گەیشتمە ژووری سکرتێرەکەی وەزیر دیتم نووری پاشا خۆی هاتۆتە لای... د. ضیاء یش وەک نەدیم لەڕادەبەدەر بەخێری هێنام...

دوای دە ڕۆژێک بوو بە ڕەمەزان، ئێوارەی یەکەم یان دوەم بوو مەلیک فەیسەڵی دوەم داوەتێکی نایب و ئەعیانانی کرد بۆ بەربانگی ڕەمەزان. کە لە «بلاط» ـەکەی کۆن بە ڕاستەی حەوشەی پێشەوەی بەرەو باغچەکەی بام دایەوە و چوومە ژوورێ ڕەحمەتی ئەحمەد مختار بابان لە دوورەوە بە باوەشی کرایەوە بۆم هات و دەستەملانم بوو گوتی موبارەک بێت, مەشرووعی قانوونی عەفوی جەماعەتەکە ئەمڕۆکە ئیمزا کرا! وەی کە تەزووی شادیم بە بەدەندا هات تا ئەوەی ئەگەر خۆم نەگرتایە فرمێسکم دەهات. شەش وەزیری دیکە و نایبی سەرەک وەزیران عەلی جەودەت ئەیوبی، وەهام لە بیرە هاتن بۆ موبارەکبادیم و وێنەگریان هێنا چەند وێنەیەکی بیرەوەریمان گرت. لە داوەتەکە خۆم خەبەری هەندێک لە ناسیاوەکانم دا کە قانوونی عەفوو دەرچووە، جارێ نەیانبیستبوو...

دوای گەڕانەوەم بۆ کۆیێ لە پشووی هاوینەی پەرلەماندا شێخ ئەحمەدی بارزانی کە خۆی و چەند کەسێکی دیکە لە بەندیخانە مابوونەوە کاغەزێکی بۆ ناردم (کاغەزەکە ماوە) بە «ئەحمەداغای زێباری»دا وێڕای سپاسنامە، داوای یارمەتیی دەکرد بۆ بەردانی خۆی و ئەو چەند کەسە. داخوازییەکەی لە


هەواڵنامەی کتێب

کاغەزەکە نەنووسیبوو، هەر ئەوەندەی نووسیبوو کە هەڵگری نامە وەکیلی ئەوە لە هەموو قسەییێکدا، بەداخەوە دوای بەسەرچوونی پشووی هاوینە من خۆم دەرفەتم نەما هەوڵی شتی گەورە بدەم. ئەو کۆمەڵە مانەوە بە حەبسی هەتا 14ی تەمموزی 1958.


هەواڵنامەی کتێب

**چەند سەردێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ**

- ❖ لە ١٩٦٨ لە گوندی «گرتک» لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لە دایکبووە.
- ❖ لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانوون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- ❖ لە ١٩٩٧ـەوە تا ٢٠١٢ ئاوارەی ئەورووپا (هۆڵەندا و بەریتانیا) بووە.
- ❖ لە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ.
- ❖ لە ١٩٨٦ـەوە هەوڵی نووسینی داوە. تا ئێستا ١٦ کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاون. دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی قانوونی و سیاسیشی بڵاوکردوونەتەوە.


هەواڵنامەی کتێب

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١- نهێنییەکانی مۆساد، نووسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە زمانی هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپکراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات ٢٠١٦.

٢- مادلین ئۆلبرایت، سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.

٣- داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نووسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر. چاپی دووەم ناوەندی ئاوێر ٢٠١٦ هەولێر.

٤- کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، نووسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.

٥- وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣.

٦- ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢٠١٤.

٧- ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٨- شەڕەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٩- یاخیبوون، مناحیم بێگن، یادەوەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١٠ خانووەکەی مزگەوتێ، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.



هەواڵنامەی کتێب

١١- كۆدەکەی داڤینشی، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر ٢٠١٦.

١٢- خەتی بزماری، ڕۆمان، قادر عەبدوڵلا، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧.

١٣- کردە هەرە گرنگەکانی مۆساد، میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشال، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.

١٤ - لە مەککە، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.

١٥- ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟! سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، عێراق و کورد و جەنگی سارد، بریان ڕۆبەرت گیبسن، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، ٢٠١٩.

**ئەم دوو بەرهەمەی دیکەش ئامادەی چاپن.**

١٦- شەوانی سپی، مێناحیم بێگن، یادەوەری، لە ئینگلیزییەوە، ئامادەیە بۆ چاپ.

١٧- زۆربای ئێرانی، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، ئامادەیە بۆ چاپ.



هەواڵنامەی کتێب